# هەزار خۆری پرشنگدار

خالید حوسێنی

# هەزار خۆری پرشنگدار

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

چرا نەوزاد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

خالید حوسێنی
هەزار خۆری پرشنگدار
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: چرا نەوزاد
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٨٨
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٣٠٥ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

# بەشی یەکەم

١

مریەم تەمەنی پێنج ساڵان بوو کاتێک بۆ یەکەم جار گوێی لە وشەی "حرامي" زۆڵ بوو.

لە پێنجشەمەیەکدا ڕووی دا. دەبوو هەر لەم ڕۆژەدا بێت، چونکە مریەم ئەوەی بیر کەوتەوە هەموو پێنجشەمەیەک، لەو ڕۆژانەدا کاتێک جەلیل سەردانی دەکرد بۆ کوخەکە و کاتەکانیان بەیەکەوە بەسەر دەبرد، دەبوو بەکەسێکی بێ سرەوت و داڵغاوی. چەند ساتێکی خۆش بوون بۆ ئەو. هەموو جارێک لە دوای تەواوبوونی دیدارەکە و ڕۆیشتنەوەی جەلیل، مریەم دەوەستا و سەیری دەکرد کە چۆن بەسەر زەوییەکەی بەردەم کوخەکەدا، بەناو گیاکەدا کە هەتا سەر ئەژنۆکانی دەهات دەرۆشت بۆی دەروانی هەتا دواجار بەدەستەکانی ماڵئاواییی نیشان دەدا و لە چاوی ون دەبوو. مریەم بەسەر کورسییەکدا هەڵدەزنا بۆ ئەوەی تاقمە قۆری و پیاڵە چینییەکە بۆ دایکی دابگرێ، ئەو تاقمەی کە دایکی مریەم، نانا، لە دایکییەوە یادگارییەکی پڕ بەها بوو بۆی بەجێ مابوو. نانا تەمەنی دوو ساڵان بووە کاتێک دایکی مردووە، ئەوە تاکە میراتییەک بوو بۆی مابووەوە و هەتا ئەو کاتە هەڵی گرتبوو. ڕۆژانە وەک موفەرکێک لە نەهامەتییەکانیدا پشتی پێ دەبەست. هەتا ئەم ساتە ئەو پۆرسەلانە شین و سپییانەی پاراستبوو، کەوانە جوان و ناسکەکەی لوولەی قۆرییەکە، وێنەی چۆلەکە و گوڵە داودییە دەستکردەکان، هەژدیهای سەر قوتووی شەکرەکە، کە هێما بوو بۆ خۆپاراستن لە بەدبەختی.

ئەم پارچەیە بوو لە پەنجەکانی مریەمەوە خلیسکا و کەوتە خوارەوە بۆ سەر ئەرزە دارینەکەی ژووری کوخەکە و شکا.

کاتێک نانا قوتووەکەی بینی، دەموچاوی سوور هەڵگەڕا و لێوەکانی لێک توند کرد و هەردوو چاوی، بەهێزەکە و کزەکەش لەسەر مریەم وەستاند بەبێ ترووکان. نانا ئەوەندە تووڕە بوو مریەم زۆر دەترسا لەوەی جارێکی تر جنۆکەکان بچنەوە

جەستەی دایکی. بەڵام جنۆکەکان نەهاتن، ئەوجارە نەهاتن. لە جیاتیی ئەوە، نانا دەستی مریەمی ڕاکێشا و لە خۆی نزیک کردەوە، بەدەم ددان جیڕکردنەوەوە وتی "تۆ زۆڵێکی بچووکی گێلیت، پاداشتی ئەم هەموو نارەحەتییەی کە من لە ژیانمدا بەرگەم گرتووە، میراتییەکی پیرۆز کە تا ئێستا بۆم مابووەوە شکاندت، زۆڵی بچووکی گێل."

لەو کاتەدا مریەم تێ نەدەگەیشت. نەدەیزانی وشەی زۆڵ چ مانایەک دەبەخشێت و نە تەمەنیشی هێند دەبوو هەست بەو نارەوایی و ستەمە بکا، تا بزانێت دروستکەری زۆڵەکان تاوانبارن نەک زۆڵەکە، کە تەنیا گوناهی لەدایکبوونە.

بەو شێوەیەی نانا وشەکەی وت مریەم وا بەخەیاڵیدا هات زۆڵبوون شتێکی زۆر ناشیرین و قێزەونە، وەک مێروویەک یان ئەو قالۆنچانەی ڕۆژانە جرت و فرتیان بوو لەناو کوخەکەدا و نانا نەفرەتی لێ دەکردن و بەگسکەکەی فڕێی دەدانە دەرەوە.

ئەو کاتە زیاتر شێوەی تووڕەیی و فڕێدانی وشەکە بوو لەلایەن ناناوە مریەمی گریاند، نەک ماناکەی، دواتر مریەم گەورەتر بوو و بەتەواوی لە بۆگەنیی وشەکە تێ گەیشت، ئیتر بۆی دەرکەوت زۆڵ وشەیەکی نەویستراوە و خۆی کەسێکی ناکەسبەچە و حەرامە، هەرگیز شایستەی ئەو شتانە نییە کە بەمرۆڤەکانی تر ڕەوا دەبینرێ وەک: خۆشەویستی، خێزان، ماڵ، پەسندبوون لەلایەن کەسانی ترەوە.

جەلیل هەرگیز مریەمی بەناوی خۆی بانگ نەدەکرد، دەیوت مریەم گوڵە بچکۆلەکەی منە. دەیکردە باوەشی و چیرۆکی بۆ دەگێڕایەوە، چیرۆکی "هەرەت" ئەو شارەی مریەمی تێدا لەدایک بووبوو ساڵی ١٩٥٩، زەمانێک لانکە بوو بۆ کولتووری فارسەکان، ماڵێک بوو بۆ نووسەران و نیگارکێشان و سۆفییەکان.

جەلیل بەپێکەنینەوە وتی "هەرچۆنێک قاچت درێژ بکردایە بەر قنی شاعیرێک دەکەوت."

چیرۆکی شازادە "گەوهەرشاد"ی بۆ گێڕایەوە ئەو کەسەی منارە بەناوبانگەکانی هەرەتی دروست کردبوو بۆ دەربڕینی خۆشەویستیی خۆی بۆ هەرەت، لە سەدەی پازدەمدا. وەسفی سەوزاییی کێڵگەی گەنمەکان، باخەکان و دارمێوەکانیان کە دووگیان بوون بەدەستە هێشووە ترێکان، قەڵەباڵغیی شارەکە، بازاڕە بنمیچ

بەرزەکانی بۆ دەکرد.

ڕۆژێکی تر جەلیل ئەمەی بۆ مریەم گێڕایەوە "مریەم گیان، دارێکی بستەی لێیە، لەژێر ئەو دارەدا هیچ نەڕواوە جگە لە هۆنراوە مەزنەکانی جامی. " پاڵێکی دایەوە و چرپاندی "جامی پێش پێنجسەد ساڵ لەمەوبەر ژیاوە، جارێک تۆم برد بۆ لای ئەو درەختە، تۆ بچووک بوویت، لە بیرت نایەت."

ڕاستی دەکرد. مریەم لە بیری نەمابوو. سەرەڕای ئەوەی مریەم یەکەم پازدە ساڵی تەمەنی پیاسەکردن بوو بەناو دوورییەکانی هەرەتدا، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئەو درەختە چیرۆکییە نابینێت، هەرگیز منارە بەناوبانگەکان لە نزیکەوە نابینێ، هەرگیز میوە لە باخەکان ناچنێت و پیاسە ناکا بەناو کێڵگە گەنمەکاندا. بەڵام هەر کاتێک جەلیل بەم شێوەیە دەدوا، مریەم زۆر بەتاسەوە گوێی بۆ دەگرت و تەزوو بەگیانیدا دەهات. شانازیی دەکرد بەهەبوونی باوکێک کە پڕە لەو هەموو زانیارییە بەسوودە و ڕێزی لێ دەگرت بۆ لێهاتوویی و شارەزاییەکەی.

دوای ئەوەی جەلیل ڕۆیشت، نانا وتی "چ درۆیەکی دەوڵەمەند! پیاوی دەوڵەمەند درۆی دەوڵەمەند دەکا. قەت نەیبردوویت بۆ لای هیچ درەختێک ڕێگەی مەدە پەلکێشت بکا بۆ ناو نیازەکانی خۆی. خیانەتی لێ کردین باوکە خۆشەویستەکەت. فڕێی داینە دەرەوە، فڕێی داینە دەرەوەی ماڵە گەورە و پڕ فەنتازیاکەی. وەک ئەوەی ئێمە هیچی نەبین بەبێباکی دەری کردین."

مریەم بەگومانەوە گوێی بۆ ئەم قسانە دەگرت. نەیدەوێرا بەنانا بڵێت چەندە ڕقی لێیەتی کە بەم شێوەیە لەبارەی جەلیلەوە دەدوێت. لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا هەر کاتێک مریەم لە باوەشی جەلیلدا دەبوو هەستی بەزۆڵبوونی خۆی نەدەکرد. ئەو دیاری و زەردەخەنە و خۆشەویستییەی جەلیل یەک دوو سەعات لە پێنجشەماندا بۆی دەهێنا جێگەی هەموو ئەو جوانی و بەخشندەییەی دەگرتەوە کە لە ڕاستیدا دەبوو ژیان پێی ببەخشێ، بۆیە مریەم جەلیلی خۆش دەویست. سەرەڕای ئەوەی دەبوو لەگەڵ ئەندامەکانی تری خێزانەکەی جەلیلدا جەلیل بەش بکات.

جەلیل سێ ژن و نۆ منداڵی هەبوو، نۆ منداڵی ڕەسەن، کە هەموویان نامۆ بوون بەمریەم. یەکێک بوو لە دەوڵەمەندترین پیاوەکانی هەرەت. خاوەنی سینەمایەک بوو کە مریەم هەرگیز نەیبینیبوو، بەڵام بەزۆر لێکردنی مریەم، باوکی وێنای بۆ کردبوو

کـە ڕووکـەشی بیناکـەی بەخـشـتـی شین و قـاوەیی داپۆشـرابوو، باڵکۆنەکـەی بەکورسـیی نایاب و کەپری دەسـتکرد ڕازێنرابووەوە، دوو دەرگەی خـولاوەی تێدا بوو دەچووە سـەر داڵانێکی کاشی، لە داڵانەکـەدا تاقی بەشـووشـە دروسـتکراوی تێـدا بوو کـە پۆسـتـەر و وێنەی فـیلمـە هیندییـەکـانی تێـدا هەڵواسـرابوو، ڕۆژانی سێشەم منداڵان ئایسکریمی خۆڕاییان وەردەگرت.

نانا زەردەخەنەیەکی سەلارانەی کرد کاتێک جەلیل ئەمەی بۆ مریەم دەگێڕایەوە، چاوەڕێی کرد هەتا جەلیل کوخەکەی بەجێ هێشت. پاشـان ڕووی لە مریـەم کرد و بەتـەوسـەوە پێی وت "منداڵانی بێگانە ئایسکریم وەردەگـرن، ئەی تۆ چی وەردەگریت؟ چیرۆکی ئایسکریمەکە؟"

جـەلیل خـاوەنی مـوڵکێک بوو لە "کـارۆخ" کێـڵگەیەک لە "فـەرەح" سێ دووکـانی فەرش، دووکانێکی جل وە ئۆتۆمۆبێلێکی بیوکی ڕۆودماستری مۆدێل ١٩٥٦ یەکێک بوو لە بەناوبانگترین پیاوەکانی هەرەت، هاوڕێی سەرۆکی شـارەوانی و پارێزگاری ئەو شـارە بوو. چێشت لێنەرێک و شۆفـێرێک و سێ کارەکەری هەبوو. نانا یەکێک بووبوو لە کارەکەرەکانی، هەتا ئەو کاتەی دەرکەوت دووگیانە.

نانا وتی کاتێک ئەمە ڕووی دا، ترس باڵی کێشابوو بەسەر خێزانەکانی جەلیلدا و هەراسـان بووبوون، کـەسـوکاری ژنەکـانی دەیانـوت ئەم کـێشـەیە خـوێنی تێـدا دەڕژێت، ژنەکـانیـشـی داوایان لە جـەلیل دەکـرد دەری بکاتە دەرەوە. باوکی نـانا پیـاوێکی بێ پلە و پایە و هەژار بـوو لە لادێیـەکی نـزیکی هـەرەت دەژیا نـاوی "گـوڵدەمـان" بوو، دەمێک بوو حـاشـای لە نـانا کردبوو. کـاتێک ئەم بەسـەرهـاتەی بیست زۆر شـەرمـەزار بوو، لە تاواندا پاسێکی بەکرێ گرت و سەری خۆی هەڵگرت بەرەو ئێران، ئیتر هەرگیز کەس هیچی لەبارەوە نەبیست.

بەیانییـەک زوو کـاتێک نـانا دانی دەدا بەمریشکـەکـان بەمـریەمی وت، "خـۆزگـە باوکم نـەترسـایە و غـیـرەتی ئەوەی بکردایـە یەکـێک لە چەقـۆکـانی تـیـژ بکردایە و ڕووسپێتیی خۆی پیشـان بدایە، لەوانە بوو باشتر بێت بۆ من." مسـتێک دانی تری بۆ مـریشکـەکـان فڕێدا و وتی "لەوانە بوو بۆ تۆش باشـتر بێت، تۆش نەدەگەشـتیت بەم غەمە گەورەیە و بەزۆڵێتی نەدەهاتیتە دنیاوە. بەڵام باوکم ترسنۆک بوو ئەوەندە جەربەزە نەبوو."

جەلیلیش غیرەتی ئەوەی نەبوو ڕووسپێتیی خۆی بسەلمێنێ و پیشانی خێزان و خزم و ژنەکانی و خەڵکی بدا، کە دەتوانێت ئەو هەڵەیەی کردبووی ڕاستی بکاتەوە. لە جیاتیی ئەمە لەبەر خاتری ئابڕووی خۆیان لە پشتی دەرگە داخراوەکانەوە گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە دەبێت نانا ئەم ماڵە جێ بهێڵێ. ڕۆژی دواتر زۆری لە نانا کرد شتەکانی بپێچێتەوە و بڕۆن.

"دەزانیت چی بەژنەکانی وت بۆ خۆپەڕاندنەوە لە ڕووداوەکە؟ وتبووی کە من زۆرم لێ کردووە و گوایە خەتای من بووە، تێگەشتیت؟ ئەوە تاکە مانای بەئافرەتبوونە لەم دنیایەدا."

نانا قاپی دانی مریشکەکانی دانا، چەناگەی مریەمی بەپەنجەیەک بەرز کردەوە و وتی "سەیرمکە مریەم." مریەم بەنابەدڵییەوە سەیری کرد "ئەمەی پێت دەڵێم ئێستا فێری بە و بەباشی هەڵی بگرە، کچەکەم: وەک چۆن دەرزی قیبلەنما هەموو کاتێک ڕووی لە باکورە، پەنجە ڕاکێشانی پیاو بۆ تۆمەتبارکردنی ئافرەت هەردەم ئامادەیە، هەردەم. ئەمە لە بیر نەکەیت مریەم." ٢

لای جەلیل و ژنەکانی من وەک مرۆر وا بووم، تۆش بەهەمان شێوە. سەرەڕای ئەوەی هێشتا لەدایک نەبووبوویت."

مریەم وتی "مرۆر چییە؟"

نانا وتی "گژوگیای زیانبەخش و خۆڕسک، شتێکە لەناو کێڵگەی دانەوێڵەکاندا بژار دەکرێن و فڕێ دەدرێنە دەرەوە."

مریەم ناوچەوانی گرژ کرد، بیری کردەوە کە جەلیل هەرگیز ئەمی وەک مرۆر سەیر نەکردووە، هەوڵی دا ژیرانە ئەم تووڕەبوونەی نانا دامرکێنێتەوە.

"بەپێچەوانەوە، من دەبووایە جارێکی تر بڕوێنرامایەتەوە و ئاو و خۆراکم پێ ببەخشرایە بەهۆی تۆوە. ئەمە بوو بڕیاری جەلیل لەگەڵ خێزانەکەیدا."

نانا ڕەتی کردبووەوە لە هەرەتدا ژیان بەسەربەرێت.

"بۆچی؟ بۆ ئەوەی لە بەرچاوی مندا ڕۆژ هەتا ئێوارە ژنەکانی بەناو شاردا بگێڕێت؟"

نانا وتی نەیویستووە لەخانووە چۆڵەکەی باوکیدا لە گوڵدەمان ژیان بەسەر ببا،

کە لەسەر گردێکی بچووکی دووریی دوو کیلۆمەتر لە باکوری هەرەت. دەیویست لە شوێنێکی دابڕاو لە دنیا بژی، شوێنێک دراوسێکانی ڕانەمێنن بەدیار سکیەوە و لەژێر لێویانەوە پێ بکەنن، یان لەوانەش خراپتر، ناپاک و دووڕووانە ڕەفتاری لەگەڵ بکەن.

نانا دەیوت، "ئاسوودەیییەکی گەورە بوو بۆ باوکت من لە بەرچاویدا نەمێنم، دیارنەمانی منیش پڕ بەخواستەکانی ئەو بوو."

موحسین، کوڕی یەکەم ژنی جەلیل، خەدیجە، بوو، پێشنیازی چۆڵەوانییەکەی پشتی گوڵدەمانی کرد. ڕێگەی گەیشتن بەم زەوییە توولەڕێیەکی درێژی پێچاوپێچ بوو، لە بەردەم گردێکی تەپوتۆزاویی بێ ڕەنگدا لە ڕێگەی سەرەکیی نێوان هەرەت و گوڵدەمان جیا دەبووەوە، ئەملا و لای بەگژوگیایەکی چڕی تا سەر ئەژنۆهاتوو بەزەنوێری زەرد و سپی تەنرابوو. دواتر کە ڕێگەکە بەرەو خوار شۆڕ دەبووەوە، بەناو دارچنار و دەوەن و ڕووەکە کێوییەکاندا تێپەڕ دەبوو. لەوێوە، بەگوڕتر هەست دەکرا بەتوندی ئەو بایەی لە هەموو لایەکەوە هوروژمی دەهێنا، پاشان دەگەیشت بەچەمێکی پڕ لە ئاو کە وردە ماسیی ڕەنگاوڕەنگی تێدا بوو، ئەم ڕووبارە بچووکە بەناو چیاکانی "سەفید کوە"دا تێ دەپەڕی، کە دەوری گوڵدەمانیان دابوو. ڕێگەکە بەکەناری جۆگەکەدا دەڕۆیشت. دواتر لە دووریی دووسەد یارد لەناو شاخەکاندا دارستانێکی بچووک لە شۆڕەبیی هەبوو، لەژێر سێبەری شۆڕەبییەکاندا زەوییەکی چۆڵ هەبوو.

نانا وتی جەلیل چوو سەیرێکی ئەو جێگەیە بکا، کە گەڕایەوە دەنگی لە دەنگی زیندانەوانێک دەچوو بەشان و باڵی دیواری سپی و ئەرزی بریقەداری زیندانەکەیدا هەڵبدات.

"دواتر، باوکت ئەم کونە مشکەی بۆ دروست کردین."

نانا لە تەمەنی پازدە ساڵیدا خەریک بووە شوو بکا. خوازبێنیکەرەکەی کوڕێکی خەڵکی، شیندانند، بوو، تووتیفرۆشێکی گەنج بوو. مریەم چیرۆکەکەی لە ناناوە بیستبوو، سەرەڕای ئەوەی نانا چیرۆکەکەی بەتەواوی بۆ نەگێڕابووەوە، بەڵام مریەم هەستی پێ دەکرد کە دڵی خۆش بووە، لە چاوەکانیدا ئەو ئومێد و ڕۆشناییی‌یەی دەبینی. ڕەنگە دڵخۆشییەکەی بۆ تاکە جارێک بووبێت لە ژیانیدا،

ڕۆژانی پێش ئاهەنگەکە و کاتەکانی خۆئامادەکردن ئەو ساتانەی بەڕاستی لە ناخەوە هەستی بەئاسوودەیی و شادی دەکرد.

کە نانا چیرۆکەکەی گێڕایەوە، مریەم لە باوەشیدا دانیشت، وێنەیەکی ئەو کاتەی دایکی هاتە بەرچاو، بەجلی بووکێنییەوە، لەسەر پشتی ئەسپێک، بەزەردەخەنەیەکی شەرمن و تارایەکی سەوزەوە، دەستی لە خەنە گیراو، قژی کرابێت بەدوو بەشەوە و پرچەکانی لە دواوە بەیەکەوە بەستراو، موزیکارەکان لە دەوری دەهۆڵ و زوڕنا بژەنن، منداڵانی سەرشەقامەکەش بە هەراوهوریاکێشان بەدوایدا.

دواتر، هەفتەیەک پێش ئاهەنگەکە، جنۆکەیەک چووبووە جەستەی ناناوە، ئەمە پێویستی بەڕوونکردنەوە نەدەکرد بۆ مریەم، هێندە نانای بەچاوەکانی خۆی بینیبوو دەکەوتە سەر زەوی و جەستەی گرژ و ڕەق دەبوو، توانای جووڵە لە لەشیدا و ڕەشایی لە چاوەکانیدا نەدەما، قۆڵ و قاچەکانی دەلەرزین بەشێوەیەک کەسێک لە ناوەوە هەوڵی خنکاندنی بدا، کەفێکی سپی لەملا و لای دەمیەوە دەهاتە دەرەوە هەندێ جار پەمەیی بەخوێن. دواتر گێژییەکەی، سەر لێ تێکچوونە ترسناکەکەی، مینجەمینجە پچڕپچڕەکەی.

کاتێک هەواڵەکە گەیشتە شیندانـد، خێزانی تووتیفرۆشەکە زۆر ترسان و داوایان کرد ئاهەنگەکە نەکرێ.

جلی بووکێنی خرایە لاوە. دوای ئەوە نانا خوازبێنیکەری نەما.

لە زەوییەکەدا جەلیل و دوو کوڕی، فەرهاد و موحسین، کوخە بچووکەکەیان دروست کرد. بەخشتی سوور هەڵیان چنی و بەقوڕ و پوش سواخیان دا. ئەو جێگەیە بوو بەماڵێک بۆ یەکەم پازدە ساڵی تەمەنی مریەم. دوو چەرپای بچووک و دوو کورسی و مێزێکی تەختە، پەنجەرەیەک و یەک دوو ڕەفەی داکوتراو بەدیوارەکەدا، لەوێدا نانا قۆرییەکی قوڕینە و تاقمە قۆری و پیاڵە چینییەکەی دانابوو. جەلیل زۆپایەکی داری تێدا دانا بۆ زستان و کەڵەکێکی لە داری وشککراو هەڵچنی لە پشتی کوخەکەوە، هەروەها تەندوورێکی بۆ نانکردن دایە دەم کوخەکە و کولانەیەکی مریشک و پەرژینێک بەدەوریدا، یەک دوو مەڕی بۆ هێنا و گەوڕێکی بچووکی بۆ دروست کردن، پاشان بەفەرهاد و موحسینی وت لە دووریی سەد یارد

له شۆڕەبییەکان چاڵێکی قووڵ هەڵکەنن و تواڵێتێکی لەسەر دروست بکەن. جەلیل دەیتوانی کرێکار بگرێ بۆ دروستکردنی کوخەکە بەڵام نەیکرد.

"سەرەڕای تۆبەکردنی، ئەگەر کەسێک بزانێ هەر بەسزای خۆی دەگا".

وەک نانا دەیگێڕایەوە ئەو ڕۆژەی مریەم لەدایک بووە، کەس نەهاتووە بۆ یارمەتیدانی. ڕۆژێکی هەور و هاڵاوی و شێداری بەهاری ساڵی ١٩٥٩دا، بیست و شەشەمین ساڵی زاهیر شا، لەو چل ساڵەی شانشینی، کە کەمترین ڕووداوی گرینگی تێدا ڕوودا.

نانا دەیگوت، جەلیل هیچ غەمی لەوە نەخوارد هەوڵ بدات دوکتۆرێک یان مامانێک بهێنێ بۆ ئەو ڕۆژە، هەرچەندە دەیزانی دوور نەبوو لەو کاتەدا جنۆکەکان بێنەوە گیانی. نانا بەتەنیا ڕاکشاوە لەسەر زەویی کوخەکە، چەقۆیەکی لای خۆیەوە داناوە، هەموو گیانی لە ئارەق هەڵکشاوە.

"کاتێک ژان گرتمی گازم لە سەرینەکەی ژێر سەرم گرت هەتا دەنگم نووسا، بەڵام کەسێک نەهات کەمێک دەموچاوم بۆ بسڕێ و تۆزێک ئاوم بداتێ. تۆش، مریەم گیان، تۆش هیچ پەلەت نەبوو. نزیکەی دوو ڕۆژ منت لەو جێگە ڕەقەدا خست، نە خەوتم و نە هیچم خوارد، دوعام دەکرد و هێزم لە خۆم دەکرد بۆ ئەوەی تۆ بێیتە دەرەوە."

"ببوورە، نانا."

"بەچەقۆکە بەدەستی خۆم ناوکتم بڕی."

"ببوورە."

نانا لەم کاتەدا زەردەخەنەیەکی کرد و دواتر کردی بەپێکەنینێکی هێواش، کە مانا بوو بۆ تاوانبارکردنی خۆی یان بەنابەدڵ بەخشینی مریەم. مریەم قەت جیای نەدەکردەوە و تێ نەدەگەیشت پێکەنینەکەی دایکی چ مانایەکی هەبووە، وەهەرگیز بەخەیاڵی مریەمێکی منداڵدا نەدەهات کە ناکرێ داوای بەخشینکردن لە هەقی لەدایکبوونیدا ڕەوابێت.

مریەم دواتر بڕوای بەم چیرۆکەی لەدایکبوونی نەما، لەو کاتەدا کە بەخەیاڵیدا هات تەمەنی دە ساڵان بوو، مریەم بڕوای بەگێڕانەوەکانی جەلیل هەبوو، سەرەڕای ئەوەی جەلیل دوور بووە، نانای ئامادە کردووە ببرێت بۆ نەخۆشخانەیەک لە هەرەت

لەژێر چاودێریی پزیشکدا بێت، لەوێ لەسەر جێگەیەکی پاک و ڕێکوپێک لە ژوورێکی ڕووناک و خۆشدا بووە. کاتێک مریەم باسی چەقۆکەی بۆ کرد جەلیل بەغەمبارییەوە سەری ڕاوەشاند، پاشان مریەم گومانی هەبوو لەوەی بووەتە هۆی ئازاردانی دایکی و لەو دوو ڕۆژەی ژانی بە لەدایکبوونیەوە گرتووە.

جەلیل وتی "وتیان لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێکدا هەموو شتێک تەواو بووە. تۆ کچێکی ژیر بوویت، مریەم گیان، هەتا لە کاتی لەدایکبوونتدا تۆ کچێکی زۆر ژیر بوویت"

نانا بەتوورەییەوە وتی "ئەو هەر لەوێ نەبوو، لە تەختی سەفەر بوو، لەئەسپسواری لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانی."

نانا وتی "ئەو کاتەی بەجەلیلیان وتووە کچێکی تازەی بووە، شانی هەڵتەکاندووە و وازی لە شانەکردنی قژی ئەسپەکەی نەهێناوە، دواتر دوو هەفتەی تری پێ چوو ئینجا گەڕایەوە."

نانا وتی "لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە تەمەنت یەک مانگ بوو کە بۆ یەکەم جار باوەشی گرتیت، دواتر دایتییەوە بەمن و دەموچاوە باریکەکەتی بەدڵ نەبوو، وەک خۆی وتی."

مریەم باوەڕی بەم بەشەی چیرۆکەکە نەهێنا. جەلیل دانی بەوەدا نا کە لە ئەسپسواری بووە، بەڵام کاتێک هەواڵەکەی پێ گەشتووە بە سواری ئەسپەکەوە هیوای خواستووە بگەڕێتەوە بۆ هەرەت و کچەکەی لە باوەشیدا هەڵپەڕێنێ، دەست بهێنێ بە سەر برۆ نەرمەکانیدا و لایلایەی بۆ بکا هەتا خەوی لێ دەکەوێ.

مریەم باوەڕی نەدەکرد جەلیل وتبێتی دەموچاوە باریکەکەی بەدڵ نییە، بەڵام مریەم خۆی دەیزانی دەموچاوی باریکە و بەو شێوەیە.

نانا وتی خۆم ناوی مریەمم هەڵبژاردووە چونکە دایکم ناوی مریەم بووە. جەلیلیش وتی من ئەو ناوەم هەڵبژاردووە چونکە مریەم، ڕووەکێکی مەکسیکییە، گوڵێکی زۆر جوانە.

مریەم بەجەلیلی وت "جوانترین ناوە لای تۆ ؟"

جەلیل پێ کەنی "بەڵێ، یەکێکە لە جوانترین ناوەکان."

٣

یەکێک لە بیرەوەریەکانی مریەم جیکەجیکی تایە ئاسنینەکانی ئەو عەرەبانەیە بوو کە مانگی جارێک دەهات، پڕ بوو لە برنج، ئارد، ڕۆن، شەکر و چا، سابوون و دەرمانی ددان شتن. دووان لە زربراکانی مریەم پاڵیان پێوەدەنا، بەزۆری موحسین و ڕامین وە هەندێ جار ڕامین و فەرهاد. لە سەرووی ڕێگە خۆڵاوییەکەوە بەسەر چەو و بەردەکاندا لە دەوری دار و دەوەنەکان. کورەکان بەسەرە پاڵیان دەنا بەعەرەبانەکەوە، هەتا دەگەیشتنە چەمەکە. لەوێ دەبوو عەرەبانەکە بەتاڵ بکرایە و زەخیرەکان بهێنرانایە ئەمبەر ئاوەکەوە، دواتر عەرەبانەکەیان هەڵدەگەڕاند بەگردەکەدا و دووسەد یاردی تر پاڵیان پێوە دەنا بەناو گژوگیای چڕوپڕی جۆراوجۆردا، جارجارە بۆقەکان قونەقونیان دەکرد لەبەر پێیاندا، براکان دەستیان ڕادەوەشان هەتا مێشوولەکان لە دەموچاوە عارەقاوییەکانیان دەرکەن.

مریەم وتی "خۆ خزمەتکاری هەیە، دەتوانێ خزمەتکارەکانی بنێرێ."

نانا وتی "سەرەڕای تۆبەکردنی، ئەگەر کەسێک بزانێ هەر بەسزای خۆی دەگا."

دەنگی تایەی عەرەبانەکە هەستی نانا و مریەمی ڕادەکێشا و دەهاتنە دەرەوە. مریەم هەردەم شێوەی نانای بیرە لەو ڕۆژانەدا کە خواردنیان بۆ دەهات: ژنێکی باڵابەرزی لاوازی پێپەتی، لەناو دەرگەکەدا پاڵی دەدایەوە، چاوە بێ هێزەکەی کز دەکرد و قۆڵەکانی لەسەر سنگی لێک هەڵدەکێشا، بەشێوەیەک خۆی بۆ دەمەقرێ ئامادە بکا ڕادەوەستا، قژە کورت و شانەنەکراوەکەی دانەپۆشراو، بلووزێکی ڕەساسیی بچووک قۆپچەکانی هەتا بن ملی داخستبوو، گیرفانەکانی پڕ بوون لە بەردی بەئەندازەی گوێز گەورە.

کوڕەکان دادەنیشتن لەلای جۆگاکەوە چاوەڕێی نانا و مریەمیان دەکرد تا هەموو شتەکان بگوێزنەوە بۆ کوخەکە، دەیانزانی دەبێت لە دووریی سی یاردەوە دابنیشن، سەرەڕای ئەوەی نیازی نانا هێندە خراپ نەبوو و بەردەکانی پێش

ئەوەی بگەن بەنیشانەکەی دەکەوتنە سەر زەوی. نانا بەسەر کوڕەکاندا دەیقیژاند و چەندان جنێوی ناشیرینی پێ دەدان کاتێک خواردنەکانی دەبردە ژوورەوە، مریەمیش هیچ لەو جنێوانە نەدەگەیشت. نانا نەفرەتی لە دایکیان دەکرد و ڕقی خۆی دەردەبڕی بەرامبەریان. کوڕەکان هەرگیز وەڵامی ئەو هەموو سووکایەتی پێکردنەیان نەدەدایەوە.

مریەم غەمبار دەبوو بۆ کوڕەکان، لە کاتی پاڵنان بەعارەبانەکەوە هەستی بەماندوویێتیی دەست و بازوو و قاچیان دەکرد. خۆزگەی دەخواست بۆی هەبێت هەندێک ئاوی پێ بدانایە. بەڵام تەنانەت یەک وشەشی نەدەوت، وە ئەگەر سڵاویشیان بکردایە، وەڵامی نەدەدانەوە. جارێک، بۆ دڵخۆشکردنی نانا بەسەر موحسیندا قیژاندی و وتی دەمت ئەڵێی قنی مارمێلکەیە. دواتر ئەمە بووە هۆی هەستکردن بەخەتا و ترس و شەرم لەوەی کوڕەکان بەجەلیل بڵێن. ناناش ئەوەندە بەبەرزی پێ دەکەنی مریەم ترسا وای زانی تووشی پەرکەمەکە بووەتەوە. کاتێک چوونە ژوورەوە نانا سەیری مریەمی کرد و وتی "کچێکی دڵسۆزیت ".

دوای ئەوەی عەرەبانەکەیان بەتاڵ کرد کوڕەکان پاڵیان پێوە نا و ڕۆیشتن. مریەم سەیری دەکردن هەتا دیار نەمان لەناو گژوگیا و دەوەنە چڕوپڕەکاندا.

"هاتیت؟"

"بەڵێ، نانا."

"پێت پێ دەکەنن، گوێم لێیانە."

"هاتم."

"باوەڕم پێ ناکەیت؟"

"ئەمەتام."

"دەزانی خۆش مدەوێیت مریەم گیان!"

لە بەیانییاندا، لە دەنگی باعەباعی مەڕەکان و تۆنی بەرزی شمشاڵی شوانەکانی گوڵدەمان لە کاتی لەوەڕاندنی پەزەکان لەسەر گردەکە، خەبەریان دەبووەوە. مریەم و نانا بزنەکانیان دەدۆشی، دانیان دەدا بەمریشکەکان، هێلکەکانیان کۆ دەکردەوە، بەیەکەوە نانیان دروست دەکرد. نانا پیشانی دەدا چۆن هەویرەکە بشێلێ و تەندوورەکە گەرم بکا، چۆن نانەکە پێوە بدا. نانا مریەمی

فێری چنین کردبوو. برنج لێنان و چێشتەکانی تری فێر کردبوو وەک، شلەی شێلم، سپێناخ، قەرنابیت، زەنجەفیل.

ئاشکرا بوو نانا حەزی بەمیوانداری نەدەکرد، لە ڕاستیدا نەیدەویست کەس ببینێ جگە لە یەک دوو کەس. یەکێک لەوانە موختاری گوڵدەمان، ناوی حەبیب خان بوو، پیاوێکی سەربچووکی ڕیشنی قەڵەو بوو یەکێک لە خزمەتکارەکانی بەدواوە بوو، مانگی جارێک یان زیاتر دەهاتن، مریشکێکی دەهێنا یان قابلەمەیەک برنجی خۆماڵی یان سەبەتەیەک هێلکەی ڕەنگاوڕەنگ بۆ مریەم.

کەسی دووەم، ژنێکی پیری خرپن بوو، نانا پێی دەگوت: بیبی گیان. مێردەکەی کە مردبوو جاران هاوڕێی باوکی نانا بووبوو. بیبی گیان هەموو کات لەلایەن یەکێک لە شەش بووکەکەی یان کوڕەزاکانیەوە بەبێ جیاوازی هاودەمی دەکرا. کە دەهات بۆ کوخەکە لە دوورەوە دیار بوو شەلەشەل و هەناسەسوار، هەندێک جار لاسمتەکانی دەخوراند و دەهات لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشت کە نانا بۆی دەهێنا. بیبی گیان هەردەم شتێکی بۆ مریەم دەهێنا: سندووقێک نوقڵی ترش و شیرین یان سەبەتەیەک بەهێ. بۆ ناناش گلەیی دڵی هەڵدەڕشت لەبارەی خراپبوونی باری تەندروستیی خۆی، دواتر زەم و زەمکارییەکانی هەرەتی بەدوور و درێژی بۆ نانا دەگێڕایەوە.

بەڵام ئەو کەسەی مریەم دڵی پێی خۆش بوو، بێجگە لە جەلیل، بێگومان، مەلا فەیزوڵڵا بوو، مەلای تایبەتی قورئان بوو لە گوندەکەدا. هەفتەی جارێک یان دووجار دەهات لە گوڵدەمانەوە، بۆ ئەوەی مریەم فێری پێنج فەرزەکەی نوێژ و لەبەرکردنی قورئان بکا، وەک چۆن نانای فێر کردبوو کاتێک ئەو کچێکی بچووک بووبوو. مەلا فەیزوڵڵا بوو کە مریەمیشی فێری خوێندنەوە کردبوو، بەئارامی پەنجەی مریەمی لەژێر پیتەکاندا دادەنا و ناوی پیتەکانی فێر دەکرد، مریەمی فێر کردبوو بۆ هەر پیتێک هێمایەک دابنێ بۆ ئەوەی لە بیری نەچنەوە. مەلا فەیزوڵڵا قەڵەمی دابووە دەست و دەستی گرتبوو لە کاتی بەرزکردنەوەی بۆ هەر ئەلفێک یان بۆ چەمانەوەی هەر بێیەک یان سێ خاڵی هەموو شینێک یان خاڵی ئەو پیتانەی خاڵیان تێدایە.

مەلا فەیزوڵڵا پیاوێکی پیری پشتکوڕ بوو، دەمێکی بێ ددان و ڕیشێکی سپیی درێژی هەتا سەر ناوکی هەبوو. بەزۆری بەتەنیا دەهات بۆ کوخەکە، هەندێک

جاریش لەگەڵ کوڕێکی قژ سووری خۆی کە یەک دوو ساڵ گەورەتر بوو لە مریەم دەهات. کە مەلا دەهات مریەم دەستەکانی ماچ دەکرد، وەک ئەوە بوو مشتێک چیلکە و چەوێڵ بەپێستێکی تەنک داپۆشراو ماچ بکا، پێش ئەوەی لەناو کوخەکە دابنیشن بۆ وانەی ڕۆژەکە. دواتر هەردووکیان لە دەرەوەی کوخەکە دادەنیشتن، چەرەسیان دەخوارد و چایان دەخواردەوە. سەیری باڵەفڕەی چۆلەکەکانیان دەکرد لە کاتی فڕینیان لە درەختێکەوە بۆ درەختێکی تر. هەندێک جار دەچوون بۆ پیاسەکردن بەناو گەڵا زەردە هەڵوەریوەکاندا، بەدەوری دەوەنەکاندا، بەدرێژاییی جۆگەکە، ڕووەو کێوەکە. مەلا دەنکی تەسبیحەکەی دەسووڕاند کاتێک پیاسەیان دەکرد، بەدەنگە لەرزیوەکەی چیرۆکی ئەو بەسەرهاتانەی لە گەنجێتیدا بەسەری هاتبوون بۆ دەگێڕایەوە، وەک مارە دووسەرەکەی لە ئێران دۆزیبوویەوە لە ئەسفەهان لەسەر پردێک، یان ئەو شووتییەی لە مزگەوتێک لە مازار دۆزیبوویەوە کە ناوکەکانی لەلایەک وشەی ئەڵڵایان دروست کردبوو وە لەلایەکەی تر ئەکبەر.

مەلا فەیزوڵا بەمریەمی وت زەمانێک هەبووە لە مانای هیچ وشەیەک لە وشەکانی قورئان نەگەیشتووە، بەڵام ئەو دەنگانەی کە پیتە عەرەبییەکان هەیانە زۆر دڵفڕێن و خۆش بووە بەلایەوە و زۆر دڵی ڕەواندوونەتەوە.

"دڵی تۆش ئاسوودە دەکا، مریەم گیان، دەتوانیت لە کاتی پێویستییەکاندا بانگیان بکەیت، ئەوانیش فەرامۆشت ناکەن، وشەکانی خوا هەرگیز ناترەنجێنن، کچەکەم. "

مەلا فەیزوڵاش گوێی لە چیرۆکەکانی مریەم دەگرت. کە مریەم قسەی دەکرد مەلا هەموو بیری لای قسەکانی ئەو بوو، بەهێواشی سەری دەلەقاند و زەردەخەنەیەکی سوپاسگوزاریانە لە ڕوخساریدا دەبینرا، وەک ئەوەی حەز و ئاواتەکانی پێ بەخشرابێت یان هاتبنە دی. گێڕانەوەی هەندێک ڕووداو ئاسان بوو بۆ مەلا فەیزوڵای بگێڕێتەوە کە نەیدەوێرا بۆ نانایان باس بکا.

ڕۆژێک لە کاتی پیاسەکردندا، مریەم بەمەلای وت "خۆزگە ڕێگەی ئەوەم هەبووایە بچوومایە بۆ قوتابخانە. مەبەستم قوتابخانەی ڕاستییە، ئەوەی پۆلی تێدایە. وەک منداڵەکانی تری باوکم. "

مەلا فەیزوڵا وەستا.

هەفتەیەک پێشتر بیبی گیان هەواڵی ئەوەی هێنابوو کچەکانی جەلیل، سەعدیە و ناهی، چوونەتە قوتابخانەی میللیی کچان لە هەرەت. لەو کاتەوە، خەیاڵکردنەوە لە پۆل و وانەوتنەوەی مامۆستا، وێنەی دەفتەری خەتدار و ریزە ژمارە و ماجیکی ڕەنگ تۆخ و نمرەی بەرز لە دەوری سەری مریەم دەستی پێ کرد. بیری لە خۆی دەکردەوە لەناو پۆلێکدا بێت لەگەڵ کچە هاوتەمەنەکانی خۆیدا. مریەم بەتاسەوە بوو بەڕاستە خەت بەژێر شتە گرینگەکاندا بهێنێ.

مەلا فەیزوڵا سەیری مریەمی کرد بە دوو چاوی پڕ لە ئاو و دەموچاوێکی نەرمەوە، دەستەکانی لەسەر پشتە چەماوەکەی بوو سێبەری مێزەرەکەشی بەسەر گوڵە کێوییەکانەوە وەستابوو، وتی "ئەوەی کە لە ڕاستیدادەتەوێت قوتابخانەیە؟"

"بەڵێ."

"وە دەتەوێت بەدایکت بڵێم ڕێگەت بدات؟"

مریەم پێ کەنی. بێجگە لە جەلیل مریەم لای وابوو لە مامۆستاکەی زیاتر کەسێکی تر نییە لە دنیادا لێی تێ بگا.

بەپەنجەی شایەتومان لە ڕوومەتە چرچەکەی خۆی دەدا "ئێستا من چی بکەم؟ خوای گەورە، بەداناییی خۆی بێ هێزیی زۆری تێدا چاندووین، بێ هێزییەکەی منیش ئەوەیە ناتوانم داواکەت جێبەجێ نەکەم، مریەم گیان"

بەڵام کاتێک لەلای نانا درکاندی، چەقۆکەی لێ کەوتە خوارەوە کە پیازی پێ دەجنی "بۆ چ شتێک؟"

مەلا وتی "ئەگەر کچەکە دەخوازێت فێر ببێت، ڕێگە بەکچەکە بدە پەروەردە فێر ببێت ئەزیزم"

نانا بەتووڕەیییەوە "فێربوون؟ فێری چی بێت مەلا فەیزوڵا؟"

نانا ڕووی دەمی کردە مریەم و چاوەکانی زەق کردەوە "چی تێدایە بۆ فێربوون؟"

مریەم سەری داخست و سەیری دەستی خۆی دەکرد کە بەستبوونی بەیەکەوە.

"مەبەست لە پەروەردەکردنی کچێکی وەکو تۆ دەبێت چی بێت؟ وەک ئەوە وایە جوانکاری لە دەفرێکی تف تێکردندا بکەیت، هیچ شتێکی بەنرخ فێر نابیت لە قوتابخانەوە. تەنیا یەک شت هەیە یەک شت کە ئافرەتی وەک من و تۆ پێویستییان

پێیەتی لە ژیاندا، لەو خوێندنگایانەدا فێری نابین، گوێ بگرە."

"باش نییە بەو جۆرە قسەی لەگەڵدا بکەی، ڕۆڵەکەم."

"گوێ بگرە."

مریەم سەیری کرد.

"تەنیا یەک شت هەیە، ئەویش بەرگەگرتنە."

"بەرگەی چی، نانا؟"

"ئاخ! تۆ هەر بیر لە هیچ شتێک مەکەوە غەمت نەبێت هەموو شتەکان وەک خۆیان دەبن"

ئینجا نانا بەردەوام بوو و باسی ئەوەی دەکرد چۆن ژنەکانی جەلیل پێیان وتووە ناشیرین و کچی پیاوی ترسنۆک، چۆن بەزۆر لەبەر سەرمای زستاندا جلیان پێ شۆردووە تا دەموچاوی لە گۆ کەوتووە و پەنجەکانی سڕ بوون.

"ئەوەبەختی ئێمەیە لە ژیاندا، مریەم. ژنانی وەک ئێمە. ئێمە بەرگە دەگرین. تێ دەگەیت؟ پاشان گەر بچیتە قوتابخانە پێت پێ دەکەنن. بەڕاستمە. پێت دەڵێن زۆڵ، خراپترین و ناخۆشترین قسەت پێ دەڵێن. ئەگەر تۆش وەک من بزانیت چۆنە، هەرگیز ناچیت."

مریەم سەری لەقاند.

"ئیتر قسەکردن لەبارەی مەکتەبەوە تەواو، هەموو ئەوەی هەمە تۆیت تۆیان پێ نادۆڕێنم. گوێ بگرە، قسەکردن لەبارەی مەکتەبەوە تەواو."

مەلا فەیزوڵا ویستی قسە بکا "بەڵام باش بیری لێ بکەوە، ئەگەر کچەکەت دەیەوێت..."

"تۆش مەلا لەگەڵ ڕێزم بۆ جەنابتان دەبێت تۆ باشتر بزانیت و تێ بگەیت، لە جیاتیی ئەوەی گوێ لەم بیرە هیچ و پووچانەی مریەم بگریت. ئەگەر دڵت بۆی دەسووتێت تێی بگەیەنە کەسەر بەئەم شوێنەیە لەگەڵ دایکیدا. دەرەوەی ئێرە هیچی تێدا نییە بۆ ئەو. هیچ، بێجگە لە نەویستن و خەم و خەفەت. دەزانم، مەلا. من چاکتر دەزانم."

## ٤

مریەم زۆر دڵخۆش دەبوو بەهاتنی میوان بۆ لایان. کوێخای دێیەکە و دیارییەکانی، بیبی گیان و لارەلارەکەی و زەم و زەمکارییەکانی، لەگەڵ، بێگومان، مەلا فەیزوڵا. بەڵام هیچ کەسێک نەبوو، مریەم لە جەلیل زیاتر خۆزگە بۆ بینینی خواستبێت.

دڵەڕاوکێ و بێ ئارامیی لە شەوانی سێشەمەوە دەستی پێ دەکرد. مریەم چاوی نەدەچووە خەو، دەترسا جارێک جەلیل بەهۆی سەرقاڵی زیاتریەوە لە پلە و پایەکەیدا ئەوە ڕوو بدات ڕێگەی لێ بگیرێ و نەیەت بۆ لای و ئەو پێنجشەمەیە نەیبینێ، دواتر دەبوو بەدرێژاییی هەفتەیەکی تر چاوەڕێی بکردایە. لە چوارشەماندا مریەم دەچووە دەرەوە بۆ دەوری کوخەکە، بەسەرێکی پڕ لە خەیاڵەوە دانی دەپرژانده دەوری کولانەی مریشکەکان. بەدەم پیاسەکردنەوە دەترسا و جارجارە بێ هیوا دەبوو، لەوەی ئەگەر بێتو جەلیل نەیەت. پەڕەی گوڵەکانی لێ دەکردەوە، دەستی دەکێشا بەمێشوولەکانی سەر قۆڵیدا. دواجار، لە پێنجشەماندا، دانیشتن لەبن دیوارەکەدا و چاوبڕینە ناو جۆگەلەکە و چاوەڕێکردن، تاکە شت بوون مریەم ئەنجامی دەدان. ئەگەر جەلیل دوابکەوتایە ترسێکی یەکجار قووڵ وردە وردە مریەمی داگیر دەکرد. ئەژنۆکانی بێ هێز دەبوون بەجۆرێک دەبوو بچێت لە شوێنێکدا ڕابکشێت.

دواتر نانا هاواری دەکرد "ئیتر، ئەوەتا هات، باوکت بەهەموو سەربەرزییەکیەوە."

مریەم بەیەک باز هەڵدەستایە سەرپێیەکانی کاتێک دەیبینی جەلیل بەسەر بەردەکاندا باز هەڵدەدات بەزەردەخەنە و دەست بەرزکردنەوە پڕ لە سۆزەکانیەوە. مریەم دەیزانی نانا سەیری دەکا، ئاسان نەبوو بۆ مریەم لەناو دەرگەکەدا بوەستێ و ڕانەکا بەرەو پیری جەلیل کاتێک بەهێواشی بەرەو ڕووی دەهات. مریەم خۆی دەگرت و بەهێمنی سەیری دەکرد بەناو گیاکەدا ڕێی دەکرد و شنەباکە بەهێواشی بۆینباخەکەی دەجووڵاندەوە.

کاتێک جەلیل دەگەیشتە نزیک کوخەکە، چاکەتەکەی دادەکەند و فڕێی دەدایە سەر تەندوورەکە و هەردوو باڵی دەکردەوە. مریەم بەهێواشی ڕای دەکرد بۆ لای و ئەویش دەستی دەخستە ژێر باڵەکانی و بەرزی دەکردەوە بۆ ئاسمان. مریەمیش دەیقیژاند.

مریەم لە ئاسمانەوە، دەموچاوی جەلیلی دەبینی ڕوو لە خۆی، لەگەڵ زەردەخەنەکراوەکەی، چەناگە چاڵەکەی و ددانە سپییەکانی. مریەم زۆر حەزی لە سمێڵە ڕێک بڕراوەکەی باوکی بوو، حەزی لەوەی بوو کەشوهەوا هەر چۆنێک بوایە ئەو بەچاکەت و پانتۆڵە قاوەییەکەیەوە دەهات، ئەو ڕەنگەی کە جەلیل زۆر حەزی لێ بوو. هەروەها دەسرێکی سپی سێگۆشە لە گیرفانەکەی سەرسنگیدا بوو، ئەڵقەکانی سەردەستی کراسەکەی لەگەڵ بۆینباخێکی زۆر جار سوور کە بەشلی دەیبەست، مریەم ڕەنگدانەوەی خۆی دەبینییەوە لە چاوە قاوەییەکانی جەلیلدا: قژەبژەکەی بەملا و لادا بڵاو دەبووەوە، دەموچاوە پڕ لە خۆشییەکەی، ئاسمانەکەی پشتەوەی خۆی.

نانا وتی ڕۆژێک دێت مریەم پشتگوێ دەخات و لە پەنجەکانی دەترازێت و دەکەوێتە خوارەوە و شوێنێکی دەشکێت، بەڵام مریەم باوەڕی نەدەکرد جەلیل بیخاتە خوارەوە. بەیەقینەوە دڵنیا بوو هەموو جارێک بەسەلامەتی دەکەوێتەوە ناو دەستەکانی باوکی.

دادەنیشتن لە دەرەوەی کوخەکە لە سێبەرێکدا، نانا چای بۆ دەهێنان. نانا و جەلیل زەردەخەنەیەکی بێ مەیلییان ئاراستەی یەک دەکرد. جەلیل هەرگیز باسی بەردهاویشتن و نەفرەت و جنێوەکانی نەدەکرد.

سەرەڕای هەموو ئەو بەزمانەی نانا دەیگێڕان لەو کاتانەدا کە جەلیلی لێ نەدەبوو، لە کاتی هاتنی جەلیلدا توورەییەکانی دەڕەوینەوە و زۆر ئارام ڕەفتاری دەکرد. هەموو کات قژی دەشۆرد، لەسەر کورسییەک بەرامبەر جەلیل دادەنیشت، دەستەکانی لە باوەشیدا و هەرگیز بەڕاستەوخۆ سەیری جەلیلی نەدەکرد، قەت بەزمانێکی بێ نەزاکەت قسەی نەدەکرد لە ئاستی جەلیلدا. کە پێ دەکەنی بەدەستێک دەمی دادەپۆشی بۆ شاردنەوەی ددانە خراپەکەی.

نانا پرسیاری لێ دەکرد لەبارەی ئیش و کارەکەی و ژنەکانی. کاتێک نانا وتی

له بیبی گیانی بیستووه که، نێرگز، ژنه بچووکەکەی جەلیل چاوەڕێی منداڵی سێیەمی دەکا، جەلیل سەرێکی لەقاند و بەدڵخۆشییەوە پێ کەنی.

نانا وتی "کەواتە، زۆر دڵت خۆشە، ئەمە دەبێت بەچەندەم منداڵت؟ دە، وا نییە؟ ماشەڵڵا. دە!"

جەلیل وتی، بەڵێ دەیەم. پاشان وتی "یانزەهەم، ئەگەر مریەم بژمێریت، بێگومان."

دواتر دوای ئەوەی جەلیل ڕۆیشتەوە مریەم و نانا شەڕێکی بچووکیان بوو. مریەم بەنانای وت ویستت جەلیل هەڵبخەڵەتێنیت.

هەردەم دوای چاخواردنەوە، مریەم و نانا لەگەڵ جەلیل دەچوون بۆ ماسی گرتن لە جۆگەلەکەدا. فێری مریەمی دەکرد چۆن قولاپەکە بهاوێژێتە ناو ئاوەکەوە، کە ماسییەکەی گرت چۆن قولاپەکەی هەڵبکاتەوە. شێوەیەکی باشی پاککردنی ماسییەکانیشی فێر کردبوو چۆن بە یەکجار هەموو دڕکەکان لە ماسییەکە دەربهێنێ. کاتێک چاوەڕێی زرمە لێ هەستانی قولاپەکە بوون جەلیل وێنەی بۆ دەکێشا. پیشانیدەدا چۆن فیلێک وێنە بکات بەبێ دەست هەڵگرتن لەسەر لاپەڕەکە. فێری گۆرانی وتنی دەکرد و بەیەکەوە ئەم گۆرانییە منداڵانەیان دەوتەوە:

چۆلەکە بچکۆلەکە
یاری لەگەڵ ئاو دەکا
تەشتە ئاوێکی بینی
لەسەر ڕێی جۆگەلەکە
لەسەر لێوارێ هەڵنیشت
بەهێمنی دانەنیشت
قاچی لێی هەڵخلیسکا
بەختی هەبوو نەخنکا
ئیتر کردی بەمەلە
دڵی مریەم خۆش دەکا...

هەندێک جار جەلیل بابەتێکی ڕۆژنامەی "ئیتیفاقی ئیسلام"ی لەگەڵ خۆی

دەهێنا، دەیخوێندەوە بۆ مریەم. جەلیل پێوەندیی نێوان مریەم و جیهانە فراوانەکەی ئەودیو کوخەکە بوو، لەودیو گوڵدەمان و هەرەتەوە، جیهانی سەرکردەکان و کەسە نەناسراوەکان، قیتار و مۆزەخانە و فوتبۆڵ و ئەو مووشەکانەی هەڵدەدرێن بۆ بۆشاییی ئاسمان و لەسەر ئەستێرەکانی تر دەنیشتنەوە، لەگەڵ، هەموو پێنجشەمەیەک جەلیل پارچەیەک لە جیهانی لەگەڵ خۆی دەهێنا بۆ کوخەکە.

هاوینی ساڵی ۱۹۷۳، کاتێک مریەم چواردە ساڵ بوو، جەلیل بەمریەمی وت، زاهیر شای پاشای کابول لە دوای چل ساڵ لە حوکمڕانی ڕووخێنراوە و بەخراپی تێک شکێنراوە.

"کاتێک شا لە ئیتاڵیا بووە بۆ بینینی دوکتۆرێک بۆ نەخۆشییەکەی، ئامۆزاکەی خۆی کە ناوی "داودخان"ە کارەکەی ئەنجام داوە. تۆ داود خانت بیرە، وا نییە؟ باسیم بۆ کردوویت، سەرۆک وەزیران بوو کە تۆ لەدایک بوویت. بەهەرحاڵ، لەمەودوا ئەفغانستان ڕژێمی پاشایەتی نییە، مریەم. دەزانیت؟ ئێستا ڕژێمی کۆمارییە و داودخان سەرۆکی ئەفغانستانە، مقۆمقۆی ئەوە هەیە کە سۆسیالیستەکان یارمەتییان داوە دەسەڵات بگرێتە دەست. لەبەر ئەوە نییە خۆی سۆسیالست بێت، تەنیا یارمەتییان داوە."

مریەم پرسیاری کرد سۆسیالست چییە؟ جەلیل دەستی کرد بەڕوونکردنەوەی، بەڵام مریەم زۆر بەکەمی لێی تێ گەیشت.

"گوێت لێمە؟"

"بەڵێ."

جەلیل مریەمی بینی سەیری موروویەکی دەکرد لەناو گیرفانی چاکەتەکەیدا بوو.

"ئاه، بێگومان. هانێ."

جەلیل پاکەتێکی بچووکی لە گیرفانی دەرهێنا و دای بەمریەم. جار بۆ جار جەلیل ئەمەی دووبارە دەکردەوە و هەموو جارێک دیاریی لەگەڵ خۆیدا بۆ دەهێنا. جارێک بازنگێکی گەوهەری سوور، جارێکی تر ملوانکەیەکی مورووی لاجی وەرد، ئەم جارە مریەم پاکەتەکەی کردەوە و ملوانکەیەکی تێدا بوو کە گەڵایەکی لەسەر بوو، زنجیرەکەی نیو لیرە و مانگ و ئەستێرەی نەخشکراوی پێدا هەڵواسرابوو.

"تاقی بکەوە، مریەم گیان."

ملوانکەکەی کردە ملی "چۆنە بەلاتەوە؟"

جەلیل کە بەو شێوەیە بینی، دەموچاوی گەش بووەوە و پێ کەنی "بەلای منەوە دەڵێی شازادەیت."

دوای ئەوەی جەلیل ڕۆیشت، نانا ملوانکەکەی بینی لە ملی مریەمدا، وتی "خشڵی قەرەجەکانە، بینیومە کە دروستی دەکەن. ئەو شتانەی خەڵک تێیان دەگرێت دەیتوێننەوە و دەیکەن بەخشڵ. با ئەمجارە ئاڵتوونت بۆ بهێنێ، باوکە بەنرخەکەت. بابزانین."

کە کاتی ئەوە دەهات جەلیل بڕوات، هەردەم مریەم لەناو دەرگەکەدا ڕادەوەستا، سەیری دەکرد هەتا دیار نەدەما. هێز لێبڕاو دەبوو بەبیرکردنەوە لە چاوەڕوانکردنی هەتا هەفتەیەکی تر، خۆی وەکو ئامێرێکی زلی نەجووڵاو دەبینی لە نێوان ئەمڕۆ و سەردانی داهاتووی جەلیلدا. هەناسەی خۆی ڕادەگرت وە لە مێشکیدا چرکەکانی دەژمارد، وای لێک دەدایەوە چەند چرکە بتوانێ هەناسە نەدا، خوا ئەوەندە جاری تر جەلیلی پیشان دەداتەوە.

شەوانە مریەم لەسەر چرپاکەی ڕادەکشا و بیری دەکردەوە ماڵی جەلیل لە هەرەت چۆن بێت. ژیان بەسەربردن لەگەڵ جەلیل، بینینی جەلیل هەموو ڕۆژێک. دەیهێنایە پێش چاوی خۆی خاولی بداتە دەستی دوای ڕیشتاشین. کاتێک دەموچاوی خۆی بریندار دەکات ئاگەداری بکاتەوە، چای بۆ لێ بنێ و قۆپچە کەوتووەکانی بۆ بدوورێتەوە. بیری دەکردەوە لە هەرەت پێکەوە پیاسە بکەن بەناو گوزەرە گەورەکاندا، ئەو شوێنانەی جەلیل دەڵێت هەر چیت بوێت لێیەتی. بەئۆتۆمۆبێلەکەی جەلیل بڕۆن و خەڵکی تەماشایان بکا و بڵێن ئەوە جەلیل خانە لەگەڵ کچەکەیدا. جەلیل ئەو درەختە بەناوبانگەی پیشان بدا کە شاعیرێکی لەژێردا نێژراوە.

مریەم بڕیاری دا ڕۆژێک ئەم خەون و خۆزگانە بۆ جەلیل باس بکا. هەتا هەست بکا ئەو کاتانەی ئەو لێرە نییە مریەم چەندە بیری دەکا، بەدڵنیاییەوە مریەم لەگەڵ خۆی دەبا. مریەم دەبا بۆ هەرەت، لە ماڵەکەیدا بژی، هەر وەک منداڵەکانی تری.

٥

مریەم بەجەلیلی وت "دەزانم چیم دەوێت."

بەهاری ١٩٧٤ بوو، ئەو ساڵەی مریەم بوو بەپازدە ساڵ. هەرسێکیان لە دەرەوەی کوخەکە لەسەر سێ کورسی لە سێبەری دارەبییەکاندا دانیشتبوون.

"بۆ یادی لەدایکبوونەکەم... دەزانم چیم دەوێت."

جەلیل بەپێکەنینێکەوە کە بۆ ژیری و زیرەکیی منداڵێکی بکات وتی "دەزانیت؟"

دوو هەفتە پێشتر، جەلیل بۆ مریەمی باس کردبوو کە فیلمێکی ئەمەریکایی لە سینەماکەی کار دەکا. فیلمەکەلە شێوەی کارتۆندایە، پێی وتبوو هەموو فیلمەکە زنجیرەیەک وێنەی کێشراوە، بەهەزاران وێنە، بەشێوەیەک فیلمەکەی لێ دروست کراوە ئەوەت لا دروست دەبێت کە ئەو وێنە کێشراوانەن دەجووڵێنەوە. چیرۆکەکە باسی کابرایەکی پیری دەکرد، کاری دروستکردنی یاریی منداڵان بووە. لە ژیانیدا خۆزگەی خواستووە کوڕێکی هەبێت، ئیتر کاتێک ناتوانێ کوڕی ببێت، بووکەڵەیەک دروست دەکا دواتر بەئەفسوون دەبێتە مرۆڤێکی ڕاستی. مریەم داوای لە جەلیل کردبوو زیاتر بۆی باس بکا، جەلیلیش باسی کردبوو. پیاوە پیرەکە و بووکەڵەکە ژیانێکی زۆر سەیروسەمەرەیان دەبێت و چەرمەسەریی زۆریان تووش دەبێت. ڕۆژێکیان لە شوێنێک دەبن ناوی "پلێژەر ئایسلاند" دەبێت هەر کەسێک خراپەیەکی کردبێت بووە بەگوێدرێژ، ئەوانیش وایان لێ هاتووە، دواتر دۆلفینەکان بووکەڵەکە و باوکی دەخۆن. مریەم باسی ئەو فیلمەی بۆ مەلا فەیزوڵا کردبوو.

مریەم وتی "دەمەوێت بمبەیت بۆ سینەماکەت. دەمەوێت کارتۆنەکە ببینم. دەمەوێت کوڕە بووکەڵەکە ببینم."

لەم کاتەدا مریەم هەستی بەگۆڕانکارییەک کرد لە دەوروبەریدا، دایک و باوکی چاویان لێک بڕی، مریەم هەستی بەسەیرکردنەکەیان کرد.

نانا بەدەنگێکی ئارام و پڕ لە ڕێزەوە کە لە دەوری جەلیل بەکاری دەهێنا "ئەوە

بیرێکی باش نییە."

مـریـەم هـەسـتی بەخـێـسـە توند و تـووڕەکـەی نانـا کـرد. جـەلـیل شـێـوەی دانیشـتنەکەی گۆڕی، کەمێک کۆکی و قورگی پاک کردەوە و وتی "وێنەکان ئەوەندە جوان نین، دەنگەکەشی ئەوەندە باش نییە، پاشان پرۆژێکتەرەکە هێندە باش کار ناکات لەم کاتەدا. دایکیشت ڕاست دەکات. لەوانەیە بتوانیت داوای دیارییەکی تر بکەیت، مریەم گیان."

"ئێستا تێ دەگەیت؟ باوکیشت ڕازییە."

بەڵام دواتر لە جۆگەلەکە مریەم وتی "بمبە."

جـەلیل وتی "دەزانـی چی، کـەسـێک دەنێـرم بەدواتا بتـهـێنێ. شـوێنێکی زۆر باشیشت بۆ دیاری دەکەم، چەندە نقوڵیشت بوێت دەڵێم بۆت بهێنن."

"نا، دەمەوێت خۆت بمبەیت"

"مریەم گیان..."

"دەشـمـەوێت هـەمـوو خـوشـک و براکـانی ترم بانگ بکەیت، دەمـەوێ بیـانـبـینم. دەمەوێ هـەموومـان بەیەکەوە بچین، ئەوەی من دەمەوێ ئەمە بوو."

جەلیل هـەناسـەیەکی هەڵکێشا. بۆ دوور دەیڕوانی بەرەو کێوەکان. مـریەم ئەوەی بیری هێنایەوە کە پێی وتووە لەسـەر شـاشـەی سـینەمـاکە دەموچاوی مرۆڤ بەقـەد خـانوویەکی لێ دێت. وە ئـەگـەر ئۆتـۆمـۆبێلێک وەربگەڕێت وا هـەست دەکـرێت ئاسنەکان دەچنە ناو ئێسکی مرۆڤەکانەوە. مـریەم لە خـەیاڵیدا لەناو سـینەماکەدا لەسـەر کورسـییەکی تـایبەت دانیشـتوە و ئایسکریم دەخوات بەتەنیشت خـوشک و براکانیەوە لەگەڵ جەلیلدا.

مریەم وتی "ئەوەم دەوێت"

جەلیل بەدەموچاوێکی خەمبارەوە سەیری کرد.

"سبەینێ نیوەڕۆ لەم جێگەیەدا دەتبینمەوە. باشە؟ سبەینێ."

جەلیل وتی "وەرە" بـاوەشی کـرد بەمـریەمدا و بۆ مـاوەیەکی دوور و درێژ گوشی بەخۆیەوە.

لە سـەرەتادا، نانا هـەنگاوی نایە دەرەوەی کوخـەکە، مسـتـەکانی توند دەنوقـاند و دەیکردنەوە.

"له هەموو ئەو وەچانەی کە دەکرا هەمبێ، بۆچی خوا بێ مانایەکی وەکو تۆی پێ بەخشیم؟ بەرگەی هەموو شتێک دەگرم لەبەر تۆ، چۆن دەتوانیت بەم شێوەیە دەستم لێ هەڵبگریت! ناپاک و زۆڵ."

دواتر گاڵتەی پێ دەکرد.

"چەند کچێکی بێ مێشکیت! لەو باوەڕەدایت ئەوەندە تۆی بۆ گرینگە لە ماڵەکەیدا جێگەت ببێتەوە؟ با شتێکت پێ بڵێم، دڵی پیاو زۆر زۆر پیس و بێ نرخە، مریەم. وەک سکی دایک نییە، خوێنی لێ نایەت، ناکشێت بۆ ئەوەی جێگەی زیاترت بۆ بکاتەوە. من تەنیا کەسێکم تۆم خۆش دەوێت. من هەموو ئەوەم کە تۆ هەتە لەم دنیایەدا، مریەم، کاتێک من ون دەبم، تۆ هیچت نامێنێ، هیچت نامێنێ. هیچ نیت!"

دواتر تاوانباری کرد.

"من دەمرم ئەگەر تۆ بڕۆیت. جنۆکەکان دێنەوە و پەرکەمەکە لێم دەداتەوە. دەبینیت زمانی خۆم قوت دەدەم و دەمرم. جێم مەهێڵە، مریەم گیان. تکایە مەڕۆ. من دەمرم ئەگەر بڕۆیت"

مریەم هیچی نەوت.

"دەزانیت خۆشم دەوێیت، مریەم گیان؟"

مریەم وتی "من دەچم بۆ پیاسەیەک."

مریەم دەترسا قسەی ناخۆش بە نانا بڵێت بۆیە نەیدەویست بمێنێتەوە. وەک ئەوەی: باسی جنۆکەکان هەمووی درۆیە، جەلیل پێی وتووە ئەوەی نانا هەیەتی نەخۆشییە و ناوی هەیە، ئەگەر دەرمان بخوات باشتر دەبێت. یان لەوانە بوو مریەم لە نانای بپرسیایە بۆچی نەیویستووە سەردانی دوکتۆرەکان بکا. جەلیل دڵنیا بوو لەوەی نانا تووشی نەخۆشی بووە، یان بۆچی ئەو دەرمانانەی نەخواردووە کە جەلیل بۆی هێناوە. ئەگەر مریەم بیتوانیایە بە ڕوونی پێی بڵێ، پێی دەوت ئیتر تاقەتی ئەوەی نەماوە وەک ئامێرێک بەکار بهێنرێ و درۆی لەگەڵ بکرێ، وە بێزار بوو لەوەی نانا هەموو چیرۆکەکانی بەپێچەوانەوە بۆ دەگێڕایەوە و مریەم بووە بەو ئازارەی لە دنیای دەرەوەی کوخەکەی دابڕیوە.

دەیتوانی بڵێت: نانا تۆ ترسنۆکیت، دەترسیت من ئەو دڵخۆشییە بدۆزمەوە کە تۆ هەرگیز نەتبینیوە، ناتەوێ من دڵخۆش بم. ژیانێکی باشت بۆ من ناوێ. تۆیت

ئەو کەسەی دڵێکی پیس و بێ نرخت هەیە.

جێگەیەکی تەخت هەبوو لە قەراغی زەوییەکەدا، مریەم حەزی دەکرد بچێت. لەوێ لەسەر گیایەکی گەرمی وشک دانیشتبوو، هەرەت لەوێوە دیار بوو لە خوار مریەمەوە بەرفراوان بووبووەوە و وەک یارییەکی منداڵان دەبینی: لە باکوری شارەکەوە باخێکی گەورە هەبوو، بازاڕی چارسوق. قەڵا ڕووخاوەکانی ئەسکەندەری مەزن لە باشووری شارەکەوە دیار بوون، لە مەوداکانی نێوانیاندا منارەکانی دەبینی کە وەک پەنجەی خۆڵاویی دێوێک دەردەکەوتن. شەقامەکانی جمەیان دەهات بەخەڵک و ئەسپ و عارەبانە و عارەبانەکان. پەرەسێلکەکانی دەبینی چۆن هێرشیان بۆ هەرەت دەهێنا و چۆن گەمارۆی شارەکەیان دەدا لە هەموو لایەکەوە. مریەم ئیرەییی بەباڵندەکان دەبرد. ئەوان پێش ئێستا لەناو هەرەتدا بوون، لەسەر مزگەوتەکان و بازاڕەکان نیشتوونەتەوە، لەوانەیە تەنانەت لەسەر دیواری ماڵی جەلیلیش نیشتبێتنەوە، یان بەدیواری پێشەوەی سینەماکەدا خۆیان هەڵواسیبێ.

مریەم دە بەردی هەڵگرت و بە سێ ڕیز ڕێکی خستن. ئەمە ئەو یارییە بوو کە لەگەڵ خۆی دەیکرد جارجار ئەو کاتانەی نانا چاوی لێی نەدەبوو. لە ریزی یەکەم چوار بەردی دانا، بۆ منداڵەکانی خەدیجە، سێ بۆ منداڵەکانی ئەفسوون، سێ لە ڕیزی سێیەم بۆ منداڵەکانی نێرگز. دواتر ڕیزێکی تری بۆ زیاد کرد. بەردێکی گۆشەگیر و دوورەپەرێز، یازدەم.

بەیانیی دواتر، مریەم عەزیەکی شەکەریی هەتا سەر ئەژنۆکانی درێژ لەبەر کرد، پانتۆڵێکی خوری، سەرپۆشێکی سەوزیشی دا بەسەریدا. مریەم بەڕەنگی سەرپۆشەکە زۆر بێ تاقەت بوو، چونکە لەگەڵ ڕەنگی عەزیەکەی نەدەگونجا، بەڵام هەر دەبوو بگونجێ چونکە مۆرانەکان سەرپۆشە سپییەکەیان کون کون کردبوو.

سەیری سەعاتەکەی کرد. سەعاتێکی دەستیی کۆن بوو ناوەکەی سەوز بوو ژمارەکانی ڕەش بوون، کاتی خۆی مەلا فەیزوڵا بەدیاری بۆی هێنابوو. سەعات نۆ بوو. نەیدەزانی نانا لە کوێیە، بیری لەوە دەکردەوە بچێتە دەرەوە بۆی بگەڕێ، بەڵام دەترسا لە ڕووبەڕووبوونەوە و تووڕەبوونی نانا. دەترسا نانا گاڵتەی پێ بکا بۆ خۆزگە و خەیاڵە هەڵەکانی و جارێکی تر پێی بڵێت ناپاکی زۆڵ.

مریەم دانیشت. هەوڵی دا بۆ بەسەربردنی کات وێنەی فیلێک بکێشێت بەیەکجار بەو شێوەیەی جەلیل فێری کردبوو. جەستەی دەقی گرتبوو بەو هەموو دانیشتنە، بەڵام دەترسا لەوەی ڕابکشێت و جلەکانی چرچ بن.

دواجار کە سەعاتەکە یازدە و نیوی نیشان دا. مریەم یازدە بەردەکەی کۆ کردەوە و چووە دەرەوە. لە ڕێگەکەیدا بۆ جۆگەلەکە نانای بینی لە سێبەری دارێکدا کە سەرووەکەی وەک گومەزێک وابوو لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، مریەم دڵنیا نەبوو نانا بینیویەتی یان نا.

لەسەر جۆگەلەکە، مریەم چاوەڕێی دەکرد لەو جێگەیەی جەلیل ڕۆژی پێشوو بەڵێنی پێ دابوو. لە ئاسماندا یەک دوو پەڵە هەوری تاریک تەوژمیان هێنا و ڕۆیشتن. جەلیل فێری کردبوو هەوری ڕەساسی ڕەنگەکەیان لە چڕییەکەیانەوە وەردەگرن، ڕووی سەرەوەیان تیشکی خۆر هەڵدەمژن و سێبەرەکەیان لە ڕووی ژێرەوەیاندا دەردەکەوێ، ئیتر ئەو تاریکییەی لەژێر سکیاندایە بەم شێوەیە دەیبینی، مریەم گیان.

هەندێک کات تێ پەڕی.

مریەم چووەوە بۆ کوخەکە. ئەمجارە بەدەوری زەوییەکەدا لەلایەکی ترەوە ڕۆیشت بۆ ئەوەی دووبارە بەبەردەمی نانادا نەڕواتەوە. سەیری سەعاتەکەی کرد. خەریک بوو دەبوو بەسەعات یەک.

ئەو پیاوێکی بازرگانە کارێکی بۆ پێش هاتووە.

گەڕایەوە بۆ لای جۆگەلەکە و ماوەیەکی زیاتر چاوەڕوانی کرد. قەلەڕەشەکان بەسەر سەریەوە دەیانقیراند و جارجار خۆیان دەهاویشتە ناو گیایەکە. مریەم سەیری کرمۆکەی پەپوولەیەکی دەکرد کاتێک لە قۆزاخەکەی دەهاتە دەرەوە.

چاوەڕێی کرد هەتا قاچەکانی سڕ بوون. ئەمجارە، نەگەڕایەوە بۆ کوخەکە. قاچی پانتۆڵەکەی هەڵکرد تا سەر ئەژنۆکانی، لە جۆگەلەکە پەڕییەوە. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا بەگردەکەدا چووە خوارەوە بۆ هەرەت.

نانا لەبارەی هەرەتیشەوە هەڵە بوو، کەس پەنجەی بۆ ڕانەدەکێشا. کەس پێ نەدەکەنی پێی. مریەم بەناو شەقامێکی پان و جەنجاڵ و پڕ لە دەنگەدەنگدا ڕێگەی دەکرد، ئەملا و لای شەقامەکە بەدرەختی سنەوبەر ڕازێنرابوونەوە، پیادە و

پاسکیلسوار و ئەسپسوارەکان تەواوی ڕێگەکانیان تەنی بوو، کەسیان بەردێکیان نەگرتە مریەم. کەس پێی نەوت زۆڵ. ئەو خەڵکە زۆر بەکەمی سەیریشیان دەکرد. ئەو بەچاوەڕواننەکراوی و سەرسوڕهێنەرییەوە کەسێکی زۆر سادە بوو لێرە.

مریەم بۆ ماوەیەک لای حەوزێکی شێوە هێلکەیی لە پارکێکدا، کە هەموو ڕێچکەکانی بەبەردی مەرمەڕ دروست کرابوون، وەستا. بەدوودڵییەوە دەستێکی هێنا بەقژی ئەو ئەسپەی بەجووتێک چاوی تاریکەوە لای حەوزەکەوە سەری دانەواندبووەوە بۆ ئاوخواردنەوە. مریەم لە کۆمەڵێک کوڕ ورد بووەوە بەکاغەز بەلەمی بچکۆلەیان دروست دەکرد. گوڵی لە هەموو جێگەیەک دەبینی: گوڵاڵەسوورە، شلێر، پاتۆنیا، پەڕەکانیان نقوم بووبوون لە تیشکی خۆردا. خەڵک بەڕێچکەکاندا پیاسەیان دەکرد، لەسەر کورسییە تەختەکان دادەنیشتن چایان دەخواردەوە.

مریەم نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بهێنێ کە ئەو لێرەیە. پارچەیەک بوو لە خۆشی و شادی. خۆزگەی دەخواست مەلا فەیزوڵا چاوی لێی بووایە لەم کاتەدا دواتر مریەمی بەلاوە زۆر ئازا دەبوو. زۆر نەترس! ئەم ڕێگەیەی بۆ خۆی دۆزییەوە بۆ پەیداکردنی ئەو ژیانەی لەم شارەدا چاوەڕوانی ئەوی دەکرد، ژیانێک لەگەڵ باوک، لەگەڵ خوشک و برا، ژیانێک تێیدا خۆشەویستی بکا و کاردانەوەکەی ببینێ، ژیانێک بەسەربەستی و بەبێ فەرمان بەسەردادان، هەروەها بەبێ شەرمەزاری و ئابڕووچوون.

مریەم زۆر بەخێرایی ڕای کرد بەرەو شەقامە گەورەکەی بەردەم پارکەکە، تێپەڕ بوو بەلای کۆمەڵێک فرۆشیاری دەموچاو سووتاودا کە لەژێر درەختەکاندا دانیشتبوون و سەیری مریەمیان دەکرد. بەبێدەنگ لە پشت دارمێو و دارگێلاسەکانەوە تێ دەپەڕی. کوڕەپێپەتییەکان دوای ئۆتۆمۆبێل و پاس دەکەوتن و عەلاگە بەهێکانیان بەرز دەکردەوە و ڕایان دەوەشاندن. مریەم وەستا لەسەر سووچی شەقامەکە و سەیری ئەو کەسانەی دەکرد بەلایدا تێ دەپەڕین. نەیدەتوانی تێ بگات لەو خەڵکە ناجیاواز و سادەیەی کە لەناو ئەو دنیا سەرسوڕهێنەرەدا دەژیان.

دوای ماوەیەک زۆری لە خۆی کرد پرسیار لە ئەسپسوارێکی بەساڵاچوو بکا، ئاخۆ ماڵی خاوەنی سینەماکە، جەلیل، دەزانێ. پیاوەکە دەموچاوێکی سوور و سپیی هەبوو کەمێک سەر کوڵمەکانی سوور بووبوونەوە، هێلەکێکی خەت خەتی

ڕەنگاوڕەنگی لەبەردا بوو "تۆ خـەڵکی هەرەت نیت، وایە؟ "بەدەنگێکی نـەرم وتی "هەموو کەس دەزانێت جەلیل خان لە کوێ دەژی."

"دەتوانیت بمبەیت؟"

پاکەتێکی بچووکی کردەوە کە شیرینیی تێدا بوو، وتی "بەتەنیاییت؟"

"بەڵێ."

"سەرکەوە، من دەتگەیەنم."

"ناتوانم پارەت بدەمێ، هیچ پارەم پێ نییە."

شیرینییەکەی دا بەمریەم. وتی کە دوو سەعات دەبێت کەسی سەرنەخستبوو، خۆی بەتەما بوو بڕواتەوە بۆ ماڵەوە، ماڵی جەلیل لە ڕێگەکەیدایە.

مریەم سەرکەوتە سەر عەرەبانەکە، بەتەنیشت یەکەوە کاتەکەیان بەبێدەنگی بەسەربرد. لە ڕێگە، مریەم دووکانی سەوزە و کۆشکی بچووکی دەبینی کە خەڵک پرتەقاڵ و هەرمێ و کتێب و دەسماڵیان لێ دەکڕی. منداڵان یاریی هەڵماتێنیان دەکرد، لەناو تەپوتۆزدا ون بووبوون. لە دەرەوەی چایخانەکان پیاوان لەسەر سەکۆی بەکومبار و مقەبا داپۆشراو چایان دەخواردەوە و جگەرە و نێرگەلەیان دەکێشا.

پیاوە پیرەکە پێچی کردەوە بۆ کۆڵانێکی فراوانی پڕ لە دارسنەوبەر، ئەسپەکەی هێنایە لای خاڵێکی وەستان "ئەوەتا، لە کەسێکی خۆشبەخت دەچیت ڕۆڵەکەم، ئەوە ئۆتۆمۆبێلەکەیەتی."

مریەم بازیدایە خوارەوە. پیاوەکە پێ کەنی و ڕۆیشت.

مریەم پێشتر هەرگیز دەستی بەر ئۆتۆمۆبێل نەکەوتبوو. دەستێکی هێنا بەسەر سندووقی ئۆتۆمۆبێلەکەی جەلیلدا، ئۆتۆمۆبێلێکی ڕەش بوو لەبەر خۆرەکەدا بریقەی دەدایەوە، تایەکانی بریسکەیان دەهات لە تازەییدا. مریەم شێوەیەکی پانبووەوەی خۆی بینی لەناو شووشەکەیدا. کوشنەکانی بەچەرمی سپی داپۆشرابوون، لە پشتی سووکانەکەوە هەندێک شووشەی جوانکاری دانرابوون.

بۆ ساتێک مریەم گوێی لە دەنگی نانا بوو لە مێشکیدا، خۆزگە ئاگراوییەکانی لەناو هەڵدەکێشا. مریەم بەدەست و قاچی لەرزیوەوە خۆی گەیاندە دەرگەی دەرەوەی ماڵی جەلیل. دەستی لە دیوارەکان دەدا، دیوارەکان زۆر بەرز بوون، دووەم شتی جەلیل کە بینی دیوارەکان بوون. دەبوو ملی زۆر هەڵبڕێت هەتا

سەرچڵی درەختەکانی حەوشەکە ببینێ، سەرچڵی درەختەکان لەنجەولاریان دەکرد لەناو شنەباکەدا، مریەم وای دادەنا بۆ بەخێرهاتنی ئەو کەوتوونەتە سەما. مریەم خۆڕاگر بوو بەرامبەر بەو ترسەی جارجار لە دەرگەی دڵی دەدا.

ژنێکی گەنجی پێپەتی دەرگەکەی کردەوە. خاڵێکی کوتراو لەسەر چەناگەی بوو.

"من هاتووم جەلیل خان ببینم، من مریەمم. کچەکەی." ژنەکە ڕەنگێکی هێنا و برد، دواتر ڕووناکاییەکی پڕ لە ڕێز کەوتە دەموچاویەوە، لەگەڵ زەردەخەنەیەکی مردوو لەسەر لێوەکانی، بەدەنگێکی پڕ گومانەوە وتی "لێرە چاوەڕێ بکە." دەرگەکەی داخست.

چەند خولەکێک تێ پەڕی. دوایی پیاوێک دەرگەکەی کردەوە، پیاوێکی چوارشانە بەدەموچاوێکی خەواڵوو و هێمنەوە.

بەکەمێک دڵڕەقییەوە وتی "من شۆفێری جەلیل خانم."

"تۆ چیت دەوێت؟"

"ئۆتۆمۆبێلەکەی بۆ لێ دەخورم. جەلیل خان لێرە نییە."

"ئەوە ئۆتۆمۆبێلەکەیەتی."

"کارێکی بەپەلەی هەبوو، ڕۆیشت."

"کەی دەگەڕێتەوە؟"

"نەیوت."

مریەم وتی چاوەڕێی دەکەم.

پیاوەکە دەروازەکەی داخست. مریەم دانیشت، ئەژنۆکانی نوشتانەوە بۆ لای سنگی. کات دەمەوئێوارە بوو، خەریک بوو برسیی دەبوو. شیرینیی ئەسپسوارەکەی خوارد. ماوەیەک دواتر شۆفێرەکە دیسان هاتەوە دەرەوە.

"دەبێت ئێستا بڕۆیتەوە، لە سەعاتێک کەمتردا دنیا تاریک دەبێت."

"من ڕاهاتووم بەتاریکی."

"سەرماش دەکا. بۆچی نەتبەمەوە بۆماڵەوە؟ بەجەلیل دەڵێم تۆ لێرە بوویت."

مریەم تەنیا سەیری کرد.

"ئوتێلێکت بۆ دەگرم بەئاسوودەیی بخەوە لەوێ."

"بابێمه ژوورەوه."

"پێم وتراوه ناتوانم ڕێگەت بکەم. سەیرکە، کەس نازانێ ئەو کەی دێتەوه لەوانەیە چەند ڕۆژێکی پێ بچێت."

مریەم قۆڵەکانی لەسەر سنگی گرێ دا.

شۆفێرەکه هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەشەرمەزارییەوه سەیری کرد.

دوای ئەوه، له ماوەی چەند ساڵێکدا مریەم دەرفەتی تەواوی بۆ دەرەخسێ بۆ بیرکردنەوه لەوەی دنیا چی لێدەهات ئەگەر ڕێگەی بدایەشۆفێرەکه بیباتەوه بۆ کوخەکه. بەلام نەیهێشت. ئەو شەوەی له دەرەوەی ماڵەکەی جەلیل بەسەر برد. سەیری ئاسمانی کرد کاتێک بەرەو تاریکی دەچوو. سەیری سێبەری خانووەکانی گەڕەکەکەی دەکرد، دەیبینی له ڕووی پێشەوه خەریکه کۆڵانەکه تاریک دەکەن. کچه خالاوییەکه هەندێک نان و قاپێک برنجی بۆ هێنا، مریەمیش وتی نامەوێ. کچەکه خواردنەکەی بەجێ هێشت له تەنیشتییەوه. جارجاره مریەم گوێی له تەپەی پێی خەڵک دەبوو له سەرەوه و خوارەوه دەهاتن و دەچوون، دواتر هەموو دەنگەکان خەفه کران. پەنجەرەکان داخران و گڵۆپەکان بەکزی لەودیو پەردەکانەوه دەبینران، سەگەکان دەوەڕین. کاتێک نەیدەتوانی خۆی بەبرسێتی بگرێت مریەم قاپه برنج و پارچه نانەکەی خوارد. دواتر گوێی له زیکەزیکی سیسرکەکانی ناو باخەکان بوو. بەسەر سەریەوه، پۆلێک هەور دەخلیسکان بەرەو مانگێکی ڕەنگ پەڕیو.

بۆ بەیانی مریەمیان بەڕاوەشان خەبەر کردەوه. بەتانییەکی پێوه بوو، له نیوەشەودا کەسێک هاتبوو و بەتانییەکەی پێدا دابوو. شۆفێرەکه بوو که شانی مریەمی ڕاوەشاند.

"ئیتر بەسە، ماوەیەکی زۆرت بەسەربرد، کاتی ئەوه هاتووه بڕۆیت."

مریەم هەستایه سەرپێ و چاوەکانی هەڵگڵۆفی و ئازارێکی زۆر هەبوو له پشتەملیدا "چاوەڕێی دەکەم هەتا دەگەڕێتەوه."

"سەیرم کە، جەلیل خان دەڵێت پێویستدەکات ئێستا بتبەمەوه. هەر ئێستا. تێ دەگەیت؟ جەلیل خان وا دەڵێت."

بەهێواشی دەرگەی دواوەی سەیارەکەی کردەوه وتی "وەره."

"دەمەوێت جەلیل ببینم." فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاته خوارەوه.

پیاوەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. "وەرە با بتبەمەوە بۆماڵەوە کچەکەم."

مریەم بەرەو پیاوەکە هەنگاوی نا. بەڵام دواتر، لە دوا ساتدا مریەم ئاراستەی خۆی گۆڕی و ڕای کرد بەرەو ڕێگەی پشتەوەی خانووەکە. هێندەی نەمابوو پەنجەکانی پیاوەکە لە شانی گیر ببێ مریەم خێرا خۆی کرد بەناو ڕێگەکەدا.

لە چاوترووکانێکدا مریەم لە باخەکەی جەلیلدا بوو، لە باخەکەدا ساباتێکی گەورە هەبوو پەلی دارمێوەکانی پێدا هەڵگەڕابوو. لەولاتر ئەستێڵێکی بچووکی پڕ لە ماسی بەبەردی ڕەنگاوڕەنگ ناوەکەی هەڵچنرابوو، درەختی میوە و ئینجانەی پڕ لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ لە هەموو جێگەکانی تردا هەبوون. ڕوخساری بەسەر هەموو ئەم شتانەدا گێڕا پێش ئەوەی ڕوخسارێک لەوبەری باخەکەوە ببینێ، لەناو پەنجەرەیەکی قاتی سەرەوەدا. دەموچاوەکە بۆ هەناسەیەک و سەیرکردنێکی خێرا هاتبووە ئەو شوێنە، بەڵام بەس بوو بۆ ئەوەی مریەم بتوانێ بیناسێتەوە. دواتر ڕوخسارەکە دیار نەما. دەستێکی شپرزە دەرکەوت و پەتێکی ڕاکیشا و پەردەکان داخران.

دواتر جووتێک دەست بنباڵی مریەمیان گرت و ئەویش هیچی پێ نەکرا و لەسەر زەوییەکە وەستا. مریەم قاچەکانی بەملا و لادا ڕادەوەشاند. پەردەکان کەوتنە خوارەوە لە گیرفانی. قاچی ڕادەوەشاند و دەگریا کاتێک پیاوەکە بەرەو ئۆتۆمۆبێلەکەی دەبرد و لەسەر بەرگە ساردەکەی کوشنەکان داینا.

لە کاتی لێخوڕیندا شوفێرەکە بەدەنگێکی کپ و پڕ لە دڵنەواییەوە قسەی دەکرد. بەدرێژاییی ڕۆیشتنی ئۆتۆمۆبێلەکە مریەم لەسەر کوشنەکە هەڵدەبەزییەوە و دەگریا. فرمێسکی مەراق یان خەفەت و دڵساردبوونەوە بوو دەیڕشتن. یان زیاتر لەوە، فرمێسکی شەرمەزاری و خۆ بەگێل زانین کە چۆن بەو هەموو ساویلکەیییەوە خۆی دابووە دەست جەلیل، چەند خەمی لەبەرکردنی عەزیەکەی بوو یان ئەو سەرپۆشەی کە نەدەگونجا لەگەڵیدا، هاتنی بە پێ لەو ڕێگە دوورەوە، پەسندنەکردن و نەبینینەکەی جەلیل، خەوتنی لە کۆڵانەکەدا وەک سەگێکی تەرە و ونبوو. شەرمی دەکرد کە چۆن گوێی نەدا بەشێوە کەفتەکارییەکەی نانا، چاوە ئاوساوەکانی، نانا ئەو کەسەی تکای لێ دەکرد و ئەو کەسەی بەدرێژاییی ئەو ڕۆژگارە بەسەرچووانە ڕاستی کردووە.

مریەم بیری لە دەموچاوی دەکردەوە چۆن لە پەنجەرەکەی سەرەوە دەرکەوت. ئەو

ڕێگەی دابوو مریەم لە کۆڵان بخەوێت. لە کۆڵان. مریەم ڕاکشا و دەستی کردەوە بەگریان. هەڵنەدەستا، نەیدەویست کەس بیبینێ. بیری لەوە دەکردەوە کە زۆربەی خەڵکی هەرەت ئاگایان لێ بووە کە چۆن ئابڕووی خۆی برد. خۆزگەی دەخواست مەلا فەیزوڵای لابووایە بۆ ئەوەی سەر بکاتە سەر کۆشی و هەست بەئاسوودەیی بکا.

دواتر ڕێگەکە تاسەی تێ دەکەوت و دەنگی ئۆتۆمۆبێلەکە بەرزتر دەبووەوە، لەسەر ڕێگەی سەرگردەکەی نێوان هەرەت و گوڵدەمان.

چی بە نانا بڵێ؟ مریەم بیری دەکردەوە و غەمی بوو. چۆن داوای لێخۆشبوون لە نانا بکا؟ یان چۆن بتوانێ ڕووی تێ بکات یان سەیری بکا؟

ئۆتۆمۆبێلەکە وەستا و شۆفێرەکە یارمەتیی مریەمی دەدا بێتە دەرەوە "بە پێ دەتگەیەنم."

پیاوەکە لە بەردەمیەوە دەڕۆیشت بەناو ڕێچکەکەدا بەرەو ئەوبەر. دەنگی گیزەی هەنگ لە دەوری گوڵە کێوییەکان ڕێگەکەیان پڕ کردبوو. دەستی مریەمی گرت و یارمەتیی دا بپەڕێتەوە لە چەمەکە. دواتر وازی لێ هێنا خۆی بڕوات، دەستی کرد بەباسکردنی ئەو ڕەشەبا بەناوبانگەی هەرەت کە لە ماوەیەکی کەمدا دەست پێ دەکات و بۆ ماوەی سەد و بیست ڕۆژ بەردەوام دەبێت، هەموو ڕۆژێک لە بەیانییەوە تا خۆر ئاوابوون. باسی لم و خۆڵی ئەو ناوەی دەکرد کە چۆن بەئاسماندا شێتگیر دەبن. لە پڕ بەخێرایی هاتە بەردەمی مریەم و ویستی چاوەکانی دابپۆشێت، پاڵی پێوە نا بۆ دواوە و بۆ ئەو ڕێگەیەی لە دوورەوە بڕیبوویان، وتی "بگەڕێوە! نا. سەیر مەکە. ڕووت بکە بەو دیودا! بگەڕێوە!"

بەڵام هەڵپەکەی ئەو لە شوێنی خۆیدا نەبوو. مریەم بینی. بایەکی خێرا لقی شۆڕی داربییەکانی وەک پەردەیەک لەسەر چاویان وەستاند. یەکەم دیمەن لە بەردەم چاوەکانی مریەمدا، کورسییەکی پاشەوپێش و سەرەوخوار، گوریسێک لە پەلێکی بەرزەوە هاتبووە خوارەوە. نانا بەکۆتاییەکەیەوە بەر بووبووەوە و دەجووڵایەوە.

## ٦

له سووچێکی گۆڕستانەکەی گوڵدەماندا نانایان ناشت. مریەم لە تەنیشتی بیبی گیانەوە وەستا، لەگەڵ ژنەکان. مەلا فەیزوڵا دوعا و قورئانی دەخوێند لەلای گۆڕەکەوەو پیاوەکان لاشەی کفنکراوی نانایان نزم کردەوە بۆ ناو گۆڕەکە.

لە پاشدا، جەلیل دەستی مریەمی گرت و بەرەو کوخەکە بەڕێ کەوتن. لەوێ لە بەردەمی خەڵکی گوندەکەدا کە هاودەمیان بوون، جەلیل گرینگییەکی زۆری دەدا بەمریەم. هەندێک لە شتەکانی مریەمی کۆ کردەوە و کردییە ناو باوەڵێک. مریەم لەسەر چەرپاکەی ڕاکشا و جەلیل لە تەنیشتییەوە دانیشت و باوەشێنی دەکرد. نێوچەوانی بۆ دەشێلا و دەستی بەڕوومەتەکانیدا دەهێنا، بەڕوخسارێکی خەمبارەوە لێی دەپرسی پێویستیت بەچییە، هەر شتێک بێت. دووجار لێی دووبارە کردەوە بەدڵ لێی دەپرسی: پێویستت بەچییە؟

مریەم وتی "مەلا فەیزوڵام دەوێت."

"بێگومان. لە دەرەوەیە. ئێستا بانگی دەکەم بۆت."

ئەو کاتەی پەیکەرە لاواز و چەماوەکەی مەلا فەیزوڵا دەرکەوت لەناو دەرگەی کوخەکەدا، ئەو ڕۆژە مریەم بۆ یەکەم جار دەستی کرد بەگریان.

"ئای، مریەم گیان"

لە تەنیشتی مریەمەوە دانیشت و فرمێسکەکانی بۆ دەسڕی.

"بەردەوام بە و بگری، مریەم گیان. بەردەوام بە. شوورەیی نییە. بەڵام لە بیرت بێت، کچەکەم، کە قورئان چی دەفەرمووێت، بەپیرۆزیی خۆی بەو هێزەی لە دەستەکانیدایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ، ژیان و مەرگی دروست کردووە بۆ ئەوەی تاقیت بکاتەوە. قورئان ڕاستییەکان دەڵێت، کچەکەم. لە پشتی هەموو مەینەتی و خەفەتێکەوە، خوای گەورە هۆیەکی داناوە."

بەڵام ئەو ڕۆژە مریەم گوێی لە ئاسوودەیی نەدەبوو لە وشەکانی خوادا. دواتریش

هەر ئاسـووده نەدەبوو بەگوێ لێبـوون لەو وشـانە. هەمـوو ئەوەی گوێی لێ بوو نانا بوو دەیوت، من دەمرم ئەگەر تۆ بڕۆیت. من دەمرم!.

تاکە شـتێک کە مـریەم دەیتـوانی بیکا لەو کاتەدا گریان و گریان و هـەر گریان بوو، تەنیـا دەیتـوانی فـرمـێسکە گـەشـەکـانی بڕژێنێتـە سـەر پێسـتـە تەنک و پەڵەپەڵاوییەکەی مەلا فەیزوڵا.

لە ڕێگە بۆ مـاڵەکـەی، جـەلیل لە کـورسـیـی دواوە لەلای مـریەمـەوە دانیـشت و دەسـتی کـردبـووە ملی. "دەتوانیت لـەگـەڵ من بمێنیـتـەوە مـریەم گـیـان، پێم وتوون ژوورێکت بۆ پاک بکەنەوە. لە قـاتی سـەرەوە. بیـبـینیت حـەزت لێی دەبێت، لەو باوەڕەدام. پەنجەرەی ژوورەکەت بەسەر باخەکەدا دەڕوانێت."

بۆ یەکەم جار مـریەم بەگوێیەکانی نانا گوێی لە جەلیل بوو، زۆر بەڕوونی گوێی لەو دووڕوویی و نـاپاکـیـیـە بوو کـە هـەردەم لەژێرەوە خـۆی مـەڵاس دەدا، خـاڵی لە دڵسـۆزی و نادڵنیـایی لـە دەربڕینە چەوتەکـانیدا. نەیدەتوانی توانای سـەیرکـردنی جەلیل لە خۆیدا دەستەبەر بکا.

کاتێک ئۆتۆمۆبێلەکە وەستا لە بەردەمی ماڵی جەلیلدا، شۆفێرەکە دەرگەکەی بۆ کردنەوە و باوەڵەکەی مریەمی داگرت. جەلیل دەسـتی لەسـەر شـانی مریەم دانا و مـــاڵەکـــەی پـیـــشـــان دا، بـەناو ئـەو ڕێچکانەی مـــریـەم دوو ڕۆژ پێـــشـــتـــر، لە چاوەڕوانیکردنی جەلیلدا لە دەرەوەیان خەوتبوو. دوو ڕۆژ پێشتر.. کاتێک مریەم بیری لـە هیچی تر نەدەکردەوە جگە لە پیاسـەکردن لەگەڵ جەلیل لەناو باخـەکەیدا، ئەو کـاتە وەک ژیـانێکی تر و تەمـەنێکی تر وابوو. مـریەم لە خـۆی دەپرسی، چۆن توانرا ژیان بەم شـێوەیە پێچەوانە بێتـەوە. مریەم بەردەوام چاوی لەسـەر زەوییەکە بوو، لەسـەر قـاچەکـانی، کـاتێک هـەنگاوی دەنا بەسـەر بـەردە ڕەسـاسـیـیـەکـانی ڕێگەکەدا. هەسـتی بەبوونی خەڵک دەکرد لەناو باخەکەدا و گوێی لە غەڵبەغەڵبیان بوو، هـەنگاونانیـان بۆ دواوە لە کـاتێکدا مـریەم و جـەلیل بـەلایاندا تێ دەپەڕین. هەسـتی بەکێشی هەمـوو ئەو چاوانە دەکرد کە لە پەنجـەرەکانی قاتی سـەرەوەوە لەسەری بوون.

لە ناوەوەی خانووەکەشدا، مریەم بەردەوام سـەری داخستبوو. دەڕۆیشت بەسەر قاڵییـەکی سووردا کـە لە هـەموو لاوە نەخشی هـەشت لای ڕەنگ زەرد و شینی تێدا

بوو، ئەو دەرۆیشت و ئەو هەشت لا ڕەنگاوڕەنگانە هەر دووبارە دەبوونەوە لە چاویدا، بەلایەکی چاوی لەلایەکی ژوورەکەوە ئەو ڕەفە مەڕمەڕانەی دەبینی کە گۆزە و ئینجانەکانی لەسەر دانرابوون لەگەڵ فەرشی پڕ لە نەخش و نیگاری هەڵواسراو بەدیوارەکاندا. ئەو قادرمانەی لەگەڵ جەلیل پێیدا سەرکەوتن بەهەمان جۆرە قاڵی داپۆشرابوون. لە سەرەوەی قادرمەکان جەلیل ڕەوانەی لای چەپی کرد، بەرێگەیەکی دوور و درێژی قاڵیکراوی تردا بردی. لەلای یەکێک لە دەرگەکانەوە وەستا و دەرگەکەی بۆ کردەوە، مریەم چووە ژوورەوە.

"خوشکەکانت نیلوفەر و ئاتیە هەندێک جار لێرە یاری دەکەن. بەزۆری ئەم ژوورە بۆ میوان بەکار دەهێنین. تۆ ئاسوودە دەبیت لێرەدا، لەو باوەڕەدام. ژوورێکی دڵگیرە، وا نییە؟"

ژوورەکە چرپایەکی تێدا بوو لەگەڵ بەتانییەکی وردچنراوی ڕەنگ سەوز. پەردەکان ئاوەڵا کرابوون بۆ دەرکەوتنی باخەکەی خوارەوە کە لەگەڵ ڕەنگی بەتانییەکەدا دەگونجا. لە تەنیشت چەرپاکەوە سندووقێکی سێ چەکمەجەییی لێ بوو لەگەڵ گوڵدانێک لەسەری. کۆمەڵێک تاق هەبوون بەدیوارەکانەوە وێنەی کەسانێکی لەسەر دانرابوون مریەم نەیدەناسین، لەسەر یەکێک لە تاقەکان مریەم کۆمەڵێک بووکەڵەی داری بینی بەڕیز لە گەورەوە بۆ بچووک دانرابوون.

جەلیل مریەمی بینی سەیریان دەکا "بووکی مەتریشۆکە، لە مۆسکۆوە هێناومن، دەتوانیت یارییان پێ بکەی گەر بتەوێ. کەس پێی ناخۆش نابێت"

مریەم لەسەر چەرپاکە دانیشت.

جەلیل وتی "شتێک هەیە دڵت بیخوازێ؟"

مریەم ڕاکشا. چاوەکانی داخست. پاش ماوەیەک، گوێی لە جەلیل بوو بەهێمنی دەرگەکەی داخست.

بێجگە لەو کاتانەی کە دەبوو توالێتەکە بەکار بهێنێ لە خوارووی هۆڵەکە، مریەم نەدەچووە دەرەوەی ژوورەکە. ئەو ژنەی خاڵەکەی پێوە بوو، ئەوەی ڕێگەکانی نیشان دابوو، ژەمێکی لەسەر سینییەک بۆ هێنا، کەبابی بەرخ و سەوزە و شۆربا. زۆربەی وەک خۆی مایەوەو بۆی نەخورا. جەلیل لە ڕۆژێکدا چەند جارێک سەری لێ دەدا، لە تەنیشتییەوە دادەنیشت و لێی دەپرسی باشە یان نا.

"دەتوانیت لە خوارەوە لەگەڵ ئێمەدا نان بخۆیت." بەڵام بەبێ زۆر لێکردن پێی وت. زۆر خێرا لە مریەم تێ گەیشت کە پێی خۆشترە بەتەنیا نان بخوات.

لە پەنجەرەکەوە، مریەم بەبێدەنگی سەیری بیرکردنەوەکان و تامەزرۆییەکانی بۆ ژیان، ئەوانەی کە ڕۆیشتن و ئەوانەی کە دێن، دەکرد لە ژیانی جەلیلدا. خزمەتکارەکان هاتوچۆیان بوو بەناو ڕێگەکاندا، باخەوانێک هەردەم پەرژینەکانی ڕێک دەکرد و ئاوی ڕووەکەکانی ناو باخە شووشەکەی دەدا. پیاوان بەقاتی چاکەت و پانتۆڵ و ژنان بەسەرپۆش و منداڵان بەقژی داهێنراوەوە بەئۆتۆمۆبێلی بریقەدار دەهاتن بۆ ماڵی جەلیل. کە مریەم جەلیلی دەبینی تەوقەی لەگەڵ بێگانەکان دەکرد و دەستی دەخستە سەر سنگی و سەری ڕادەوەشاند لە بەردەم ژنەکانیاندا، مریەم زانی نانا ڕاستی کردووە کە ئەو سەر بەم شوێنە نەبووە.

بەڵام ئەی من سەر بەکوێم؟ من چی دەکەم لێرە؟

من هەموو ئەوەم کە تۆ هەتە لەم دنیایەدا، مریەم، کاتێک من ون دەبم، تۆ هیچت نامێنێ، هیچت نامێنێ. هیچ نیت!.

وەک ئەو بایەی بەناو شۆڕەبییەکاندا دەهات و دەچوو لە دەوری کوخەکە، بیرێکی لێڵ و نادیار بەدەوری مریەمدا دەسووڕایەوە.

لە دووەم ڕۆژی مریەم لە ماڵی جەلیلدا، کچێکی بچووک هات بۆ ژوورەکە.

وتی " هاتووم شتێک ببەم."

مریەم هەستا و دانیشت لەسەر چەرپاکە قاچی خستە سەر قاچی و بەتانییەکەی دا بەکۆشیدا.

کچەکە بەخێرایی چوو دەرگەی کەنتۆرەکەی کردەوە. سندووقێکی ڕەساسیی چوارگۆشەی دەرهێنا.

"دەزانیت ئەمە چییە؟" سندووقەکەی کردەوە. " پێی دەوترێت گرامۆفۆن. سندووقی شریت لێدانە ڕیکۆردی پێ لێ دەدرێ. دەزانیت، موزیک. گرامۆفۆن."

"تۆ نیلوفەریت، هەشتساڵیت."

کچە بچووکەکە زەردەخەنەیەکی کرد لە زەردەخەنەی جەلیل دەچوو وەک ئەویش چەناگەی چاڵ بوو "چۆن زانیت؟"

مریەم شانی هەڵتەکاند. بەکچەکەی نەوت کە جاران بەبەردی یاریکردنەکەی ناوی هێناوە.

"دەتەوێت گوێت لە گۆرانییەک بێت؟"

مریەم دیسان شانی هەڵتەکاند.

نیلوفەر گرامۆفۆنەکەی کرد بەپلاکەوە و شریتێکی بچووکی لەژێر سەری سندووقەکەدا دەرهێنا کردییە ناو گرامۆفۆنەکە، دەستی نا بەدوگمەکەدا و گۆرانی دەستی پێ کرد.

پەڕەی گوڵێک دەخەمە ژێر

نووکی ئەم پێنووسەی دەستم

تا جوانترین نامەیەکت بۆ بنووسم

پڕ بەهەستم

ئەی سوڵتانی خەونەکانم

ئەی شازادەی ئەم دڵەی من...

"گوێت لێی بووە؟"

"نەء."

"لە فیلمێکی ئێرانیدایە، لە سینەماکەی باوکم بینیومە. هێی دەتەوێت شتێک ببینیت؟"

پێش ئەوەی مریەم بتوانێ وەڵام بداتەوە، نیلوفەر هەردوو لەپی دەستی و ناوچەوانی خستبووە سەر زەوییەکە، پاڵی نا بەپێیەکانییەوە هەتا بە سەرەوخواری و لەسەر سەری و هەردوو دەستی وەستا.

زۆر بەقورسی وتی "تۆ دەتوانی وا بکەیت؟"

"نەء"

نیلوفەر قاچەکانی داگرت و بلوزەکەی دادایەوە بۆ خوارەوە "دەتوانم فێرت بکەم" مووی برۆکانی ڕادەکێشا و وتی " چەندێک لێرە دەمێنیتەوە؟"

"نازانم."

"دایکم دەڵێت تۆ لە ڕاستیدا بەو شێوەیە نیت کە خۆت دەڵێیت وە خوشکی من نیت."

مریەم بەدرۆوە" من قەت وام نەوتووە."

"دایکم دەڵێت وات وتووە. من هەقم نییە. من پێم ناخۆش نییە ئەگەر وات وتبێ، یان ئەگەر خوشکیشم بیت. پێم ناخۆش نییە."

مریەم ڕاکشا "من ماندووم."

"دایکم دەڵێت جنۆکەیەک وای لە دایکت کردووە خۆی هەڵبواسێت."

"دەتوانیت ئێستا بیوەستێنیت" مریەم ڕووی کرد بەودیودا " مەبەستم موزیکەکەیە."

بیبی گیانیش هەر ئەو ڕۆژە سەردانی کرد. کە هات باران دەباری. بەدەموچاوێکی مۆن و خەمبارەوە هات لەسەر کورسییەکی تەنیشت چەرپاکە دانیشت.

"مریەم گیان ئەم بارانە دەڵێی بارێکی زۆر قورسە بەسەر شانمەوە، بارێکی ئێجگار قورسە باوەڕ بکە. هیوادارم... ئاخ، وەرە ئێرە ڕۆڵەکەم. وەرە بۆ لای بیبی گیان. مەگری. دەوەرە لای من کچە بەدبەختەکەم."

مریەم ئەو شەوە هەتا درەنگ نەیتوانی بخەوێ. لەسەر چەرپاکە ڕاکشابوو سەیری ئاسمانی دەکرد، گوێی لە تەپەی پێیەکان گرتبوو کە لە قاتی خوارەوە دەهاتن، بەقایمی دیوارەکان دەنگەکان کپتر دەکەوتنە بەرگوێی، پەنجەرەکانیش سزا دەدران لەلایەن دڵۆپە بارانەکانەوە. دوای ئەوەی سەرخەوێکی شکاند بەدەنگی قیژەقیژێک ڕاچڵەکی. دەنگێکی تیژ و تووڕە بوو لە قاتی خوارەوە دەهات، مریەم بەباشی تێ نەدەگەیشت باسەکە چییە. دەرگەیەک بەقایمی پێوە درا.

بەیانیی داهاتوو، مەلا فەیزوڵڵا هات سەردانی بکا. بەبینینی ئەو هاوڕێ خۆشەویستەی لەناو دەرگەکەدا، بەڕیشێکی سپی و دەمێکی بێ ددان و زەردەخەنەیەکی ڕووخۆشەوە، مریەم هەستی بەکرانەوەی پێڵوەکانی دەکرد لەگەڵ پڕبوونیان بەفرمێسک دیسان. بەپەلە قاچەکانی کۆ کردەوە بۆ لایەکی چەرپاکە. دەستەکانی ماچ کرد، وەک هەر کات ئەویش ناوچەوانی. مریەم کورسییەکی بۆ هێنایە پێشەوە.

ئەو قورئانەی کە بۆی هێنابوو، کردییەوە و پێشانی دا "دروست نییە ئەگەر ڕۆتینەکەی خۆمان پشتگوێ بخەین، باش؟"

" ئیتر دەرسم ناوێت مەلا فەیزوڵڵا، هەموو ئایەت و سوورەتەکانی قورئانت فێر کردووم ساڵانێک لەمەوبەر."

زەردەخەنەیەکی کرد و دەستەکانی بەرز کردەوە بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی.

"کەواتە، دەبێت ددانی پێدا بنێم چونکە خۆت هەستت پێ کرد. ئەوە تەنیا بەهانەیەک بوو کە بتوانم بەهۆیەوە سەردانت بکەم."

"تۆ پێویستت بەبەهانە نییە. تۆ پێویستت پێی نییە."

"لە میهرەبانیی خۆت وا دەڵێیت، مریەم گیان."

مریەم قورئانەکەی دایە دەستی. وەک فێر کرابوو مریەم سێ جار قورئانەکەی ماچ کرد و لە نێوان ماچەکاندا قورئانەکەی دەبرد بۆ نێوچەوانی، دواتر دایەوە دەستی.

"ئێستا چۆنی کچەکەم؟"

"بەردەوام..." مریەم دەستی پێ کرد. دەبوو بوەستێ، وەک ئەوە بوو بەردێک لە قوڕگیدا وەستابێت "بەردەوام بیر لەو قسانە دەکەمەوە کە پێی وتم پێش ئەوەی بەجێی بهێڵم. وتی..."

"نا، نا، نا." مەلا فەیزوڵڵا دەستی خستە سەر ئەژنۆکانی "دایکت، خوا لێی خۆشبێت، ژنێکی پڕ لە کێشە و دڵتەنگ بوو، مریەم گیان. کارێکی زۆر خراپی لەگەڵ خۆی کردبوو. لەگەڵ خۆی، لەگەڵ تۆ وە هەروەها لەگەڵ خواش. خوا دەیبەخشێ، چونکە زۆر بەخشندەیە، بەڵام خوا پێی ناخۆشە لەوەی ئەو کردوویەتی بەلایەوە ڕەوا نییە، ژیانی کەسێک هی ئەوە و ئەو خاوەنیەتی، لەبەرئەوەیە ژیان پڕ مەترسییە. تێ دەگەیت...؟" کورسییەکەی نزیک کردەوە و هەردوو دەستی مریەمی خستە ناو دەستی خۆیەوە "تێ دەگەیت؟ دایکتم دەناسی پێش ئەوەی تۆ لەدایک ببیت، کە هێشتا کچێکی بچووک بوو، با پێت بڵێم ئەو کاتەش ئەو کچێکی خەمۆک بوو. تۆوی ئەو کارەی کە کردی لەمێژ بوو لە بیرەکانیدا ڕوا بوو. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە خەتای تۆی تێدا نەبوو. خەتای تۆ نەبوو، کچەکەم."

" نەدەبووایە بەجێی بهێڵم، نەدەبووایە..."

" بۆستە، ئەم بیرکردنەوانە باش نین، مریەم گیان. گوێت لێمە ڕۆڵەکەم باش نین. دەتڕووخێنن. خەتای تۆ نەبوو. خەتای تۆ نەبوو، نە. "

مریەم سەری لەقاند بەڵام زۆر بەبێزارییەوە بوو چونکە نەیدەتوانی باوەڕی پێ بکا.

هەفتەیەک دواتر دوانیوەڕۆیەک لە دەرگەکە درا، ژنێکی باڵابەرز هاتە ژوورەوە، بەقژێکی سووری تۆخ و پێستێکی سپی و دەست و پەنجەیەکی باریک و درێژەوە.

"من ئەفسوونم، دایکی نیلوفەر. بۆچی خۆت ناشۆیت و بێیتە خوارەوە؟ مریەم!"

مریەم وتی، پێی خۆشە لە ژوورەکەی خۆی بمێنێتەوە.

"نا، تێ نەگەشتیت، تۆ تێ ناگەیت. پێویست دەکات بێیتە خوارەوە دەبێت قسەت لەگەڵ بکەین. گرینگە."

## ٧

جەلیل و ژنەکانی دانیشتن بەرامبەر مریەم لەسەر مێزێکی درێژی قاوەییی تۆخ. لە نێوانیاندا لە ناوەڕاستی مێزەکەدا، گوڵدانێکی کریستاڵی پڕ لە گوڵی قەیفە و سوراحییەک ئاو دانرابوو. ژنە قژ سوورەکە ئەوەی وەک دایکی نیلوفەر خۆی ناساندبوو، ئەفسوون، لەلای ڕاستی جەلیلەوە دانیشتبوو. دووانەکەی تر لەلای چەپیەوە. هەریەکەیان سەرپۆشێکی تەنکی ڕەشیان پۆشیبوو، نەیاندابوو بەسەریاندا، بەشلی لە ملیان پێچابوو. مریەم کە باوەڕی نەدەکرد جلی ڕەش بۆ نانا بپۆشن، هێنایە بەرچاوی خۆی چۆن ئەو سەرپۆشانەیان پۆشیوە پێش ئەوەی مریەم بانگ بکەن بۆ خوارەوە.

ئەفسوون هەندێک ئاوی لە سوراحییەکە کردە ناو پەرداخێک و لەسەر دەسرێکی بچووک لە بەردەمی مریەمدا داینا " هێشتا بەهارە کەچی دنیا زۆر گەرمە." بەدەستێکی باوەشێنی خۆی دەکرد.

نێرگز کە چەناگەیەکی بچووک و قژێکی لوولی ڕەشی هەبوو وتی "ئاسوودە بوویت لە ژوورەکەتدا؟ هیوادارین ئاسوودە بووبێتیت. ئەم... کارەساتە.... لەوانەیە زۆر سەخت بێت بۆت. زۆر ناڕەحەت."

دووانەکەی تر سەریان لەقاند. مریەم سەیری برۆ ڕێککراو و زەردەخەنە پڕ لە هاندانەکەیانی دەکرد، دەنگەدەنگێکی ناخۆش لە مێشکی مریەمدا دەزرنگایەوە. قوڕگی هێند وشک بووبووەوە، دەکزایەوە. هەندێک لە ئاوەکەی خواردەوە.

لە پەنجەرە فراوانەکەی پشتی جەلیلەوە مریەم چاوی لە ڕیزێک درەختی سێو بوو. بەدیوارەکەی تەنیشتییەوە کابینەیەکی تەختەی ڕەنگ تۆخ دانرابوو لەناویدا سەعاتێکی تێدا بوو لەگەڵ ڕەسمێکی لە چوارچێوەگیراوی جەلیل لەگەڵ سێ کوڕی گەنجدا ماسییەکیان هەڵگرتبوو. تیشکی خۆرەکە لە پوولەکەی ماسییەکەدا شەوقی دابووەوە. جەلیل و کوڕەکان پێ دەکەنین.

"باشە" ئەفسوون دەستی پێ کرد بەپەشۆکاوییەوە " من.. ئەوەی ئێمە... تۆمان هێناوە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی هەواڵێکی خۆشت پێ بڵێین."

مریەم سەری بەرز کردەوە.

مریەم بەخێرایی چاوێکی گێڕا بەسەر ژنەکاندا لە نێوانیاندا جەلیل لەسەر کورسییەکەی شانی دادابوو، سەیری سوراحیی سەر مێزەکەی دەکرد. خەدیجە لە هەردووکیان بەتەمەنتر دیار بوو، سەیرێکی دەموچاوی مریەمی کرد، مریەم بۆی دەرکەوت کە ئەم مەسەلەیە لەوەو پێش قسەی لەسەر کراوە و ئەوان لەسەری رێک کەوتوون پێش ئەوەی مریەم بانگ بکرێ.

خەدیجە وتی " داواکارت هەیە،"

دڵی مریەم کەوتە خوارەوە و لەژێر دوو لێوی لە گۆ کەوتووەوە وتی " چیم هەیە؟"

خەدیجە بەردەوام بوو "خوازبێنی، داواکار. ناوی ڕەشیدە، هاوڕێی بازرگانێکی ناسیاوی باوکتە. لە خێڵی پەشتوونە، بەڵام بەڕەچەڵەک خەڵکی قەندەهارە. لە کابول دەژی لە گەڕەکی، دێمەزەنگ، لە خانوویەکی دوو قاتی خۆیدا."

ئەفسوون سەری لەقاند، "بەفارسیش قسە دەکات، وەک ئێمە، وەک تۆ. ئیتر پێویست ناکا پەشتوو فێربێت."

هەناسەی مریەم توندتر دەبوو، ژوورەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەملا و لادا لار دەبووەوە، ئەرزەکە لەژێر پێیەکانیدا دەجووڵایەوە.

خەدیجە وتی "پینەچییە، بەڵام لەوانەی سەر جادەکان نییە، نا. دووکانی خۆی هەیە و یەکێکە لە بازاڕ گەرمترین پینەچییەکانی کابول، پێڵاو بۆ دیپلۆمات و خێزانی سەرۆکەکان دروست دەکا، ئیتر بزانە هیچ کێشەیەکت نابێت لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیاندا."

مریەم چاوەکانی چەسپاند لەسەر جەلیل، دڵی لەناو سنگیدا هەڵبەز و دابەزی دەکرد " ئەمە ڕاستە؟ ئەوەی خەدیجە دەیڵێت، ڕاست دەکا؟"

بەڵام جەلیل نەیدەویست سەیری بکا. بەردەوام لێوی خوارەوەی دەگەست و لە سوراحییەکەی دەڕوانی.

ئەفسوون دەستی پێ کردەوە " بەس کەمێک لە تۆ گەورەترە، بەڵام لە چل ساڵ

زیاتر نییه... ئەوپەڕی چل و پێنج ساڵ. لەلای تۆش وا نییه نێرگز؟"

"بەڵێ. بەڵام من کچی نۆ ساڵانم بینیوه دراوه بەپیاوێک بیست ساڵ له داواکارەکەی تۆ بەتەمەنتر بووه، مریەم. هەمووومان بینیومانه، تۆ تەمەنت چەنده پازده؟ ئێ باشه. تەمەنێکی زۆر باشه بۆ شووکردن." زۆر بەجۆش و خرۆشەوه ئەم قسانەی کرد. بەڵام مریەمی له دڵتەنگی ڕزگار نەکرد کاتێک کەس باسی زرخوشکەکانی ناکا، سەعدیه و ناهید، هەردووکیان له تەمەنی ئەودان، هەردووکیان خوێندکاری قوتابخانەی میهرین له هەرەت، هەردووکیان بەرنامەیانه بچنه زانکۆ. پازده ساڵ ئاشکرایه که تەمەنێکی پوختی شووکردن نییه بۆ ئەوان.

نێرگز وتی "لەوەش زیاتر، ئەویش کارەساتی گەورە له ژیانیدا ڕووی داوه. دەڵێن ده ساڵ لەمەوبەر ژنەکەی مردووه له کاتی منداڵبووندا. پاشان، سێ ساڵ پێش ئێستا کوڕەکەی له دەریاچەیەکدا نقوم بووه."

" زۆر ناخۆشه، بەڵێ. ماوەی چەند ساڵێکه بۆ ژنێک دەگەڕێ، بەڵام کەسی شیاوی نەدۆزیوەتەوه."

مریەم سەیری جەلیلی کرد و وتی "نامەوێ، ئەمەم ناوێ زۆرم لێ مەکە." هەرچەنده ڕقی لەو دەنگه زەلیل و پڕ پاڕانەوەیەی خۆی بوو بەڵام هیچ یارمەتیدەر نەبوو.

یەکێک له ژنەکان وتی "باش بیر بکەوه، مریەم." مریەم هێنده ئاگای له دەوروبەر نەمابوو هەتا بزانێت کێ چی دەڵێت، بەردەوام چاوی لەسەر جەلیل بوو چاوەڕێی دەکرد قسه بکا، بەڵکو بڵێت هیچ لەمانه ڕاست نین.

پاشان ژنەکان دەستیان پێ کرد:

"ناتوانیت باقییەکەی تەمەنت لێره بەسەربەریت."

"ئەی خێزانی خۆتت ناوێت؟"

"بەڵێ، ماڵ و منداڵی خۆت؟"

"دەبێت بجووڵێیت"

"له ڕاستیدا باشتره شوو بکەیت بەپیاوێکی ناوخۆیی و تاجیک. ڕەشید کەسێکی تەندروسته و بۆ تۆ پێی خۆشه، خانوو و کاری خۆی هەیه، ئیتر هەر

ئەوەندە گرینگە، وا نییە؟ کابولیش شارێکی جوان و خۆشە، لەوانە نییە هەلێکی تری وا باشت بۆ بڕەخسێ."

مریەم ڕووی بەلای ژنەکاندا وەرگێڕایەوە.

"دەچم لەگەڵ مەلا فەیزوڵادا دەژیم، ئەو قبووڵم دەکا، دەزانم دەیکا."

خەدیجە وتی " ئەو باش نییە، ئەو پیرە و زۆریش..." دەگەڕا بۆ وشە گونجاوەکە، مریەم هەستی بە ئەوە کرد دەیەوێت بڵێت زۆر لێمان نزیکە. تێ گەشت کە دەیانەوێ چی بکەن. لەوانە نییە هەلێکی تری وا باشت بۆ بڕەخسێت. هەلە باشەکە جارێکی تر بۆ ئەوان نارەخسێ. بەلەدایکبوونەکەی ئابڕوویان چووبوو وە ئەمە هەلێک بوو بۆ سڕینەوەکەی ڕەخسابوو، بەیەکجار بۆ هەمووی. بۆ کارە چەوتە ئابڕووبەرەکەی مێردەکەیان. دەیاننارد بۆ شوێنێکی دوور چونکە جەستەی مریەم جەستەیەکی هەناسە بەبەرداکراوی شەرمەزارییەکەیان بوو.

دواجار خەدیجە قسەکەی خۆی تەواوکرد و وتی "ئەو زۆر پیرە و زۆر بێ هێزە، تۆ چی دەکەیت کە ئەو نەما؟ هەر دەبیت بەکۆڵ و بار بۆ خێزانەکەی."

وەک چۆن کۆڵ و بارێکی سەختی لەم کاتەدا بەسەر ئێمەوە. مریەم ئەم وشە نەوتراوانەی بینی لە دەمی خەدیجەوە وەک هەناسەیەکی تەماوی لە ڕۆژێکی سەرمادا دەهاتنە دەرەوە. مریەم هێنایە بەرچاوی خۆی لە کابول، شارێکی قەرەباڵغ و نامۆ و گەورە. جارێک جەلیل پێی وتبوو شەشسەد و پەنجا کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای هەرەتەوە دوورە. شەشسەد و پەنجا کیلۆمەتر. دوورترین شوێن کە هەتا ئێستا بۆی ڕۆیشتبوو ئەو دوو کیلۆمەتر بە پێ ڕۆیشتنە بوو کە لە کوخەکەوە هاتبوو بۆ ماڵی جەلیل. بیری دەکردەوە لە کۆتاییەکەی تری ئەو مەودا باوەڕ پێنەکراوەدا، لە کابولدا بژی، ژیان لە ماڵی کەسێکی نەناسراو کە دەبێت بەپێی هەست و بۆچوون و داواکارییەکانی ئەو بجووڵێتەوە. دەبێت ماڵ بۆ مێردەکەی پاک بکاتەوە، ڕەشید، چێشتی بۆ لێ بنێت، جلی بۆ بشوات. وە کاری بێزارکەری تر، نانا پێی وتبوو کە مێرد چی لە ژنەکانیان دەکەن. ناخۆشترینی لای مریەم ئەو جۆرە نزیکبوونەوانە بوو کە مریەم بەجۆرێک لە پیسی و بەدخوویی دای دەنان، کە پڕیان کردبوو لە ترس و نقوم لە عارەقدا.

ڕووی کردە جەلیل و وتی "پێیان بڵێ، ڕێگە نادەیت ئەمە لەگەڵ مندا بکەن."

ئەفسوون وتی "لە ڕاستیدا باوکت پێشتر وەڵامەکەی داوە بەڕەشید، ڕەشید لێرەیە، لە هەرەت. لەو ڕێگە دوورەوە لە کابولەوە هاتووە. مارەبڕین سبەینێ بەیانی دەبێت، دواتر پاسێک لە نیوەڕۆدا دەچێت بۆ کابول."

مریەم گریا "پێیان بڵێ!"

ژنەکان بێدەنگ بوون لەم کاتەدا.

مریەم هەستی کرد ئەوانیش سەیری جەلیلیان دەکرد، چاوەڕێ بوون. بێدەنگی ژوورەکەی پڕ کرد، جەلیلیش ئەڵقەکەی پەنجەی بادەدا، لەگەڵ دیمەنێکی زەبوون و ئازاردەر لەسەر دەموچاوی، لە ناوەوەی کابینەکەوە سەعاتەکە لە چرکەچرک بەردەوام بوو.

دواجار یەکێک لە ژنەکان وتی "جەلیل گیان؟"

چاوەکانی جەلیل بەهێواشی جووڵان، وەستان لەسەر چاوەکانی مریەم، بۆساتێک مانەوە، دواتر لاچوون. جەلیل دەمی کردەوە و تەنیا شتێک کە هاتە دەرەوە لە دەمی، ئاهێکی ئازاردەر بوو.

مریەم وتی" شتێک بڵێ."

پاشان جەلیل بەدەنگێکی لاواز و پەرتبووەوە وتی "نەفرەتی لێ بکە، مریەم، ئەمەم لەگەڵ مەکە." بەشێوەیەک قسەکەی کرد، کە ئەو کەسەی خراپەکەی لەگەڵدا دەکرێت ئەوە.

دواتر تووڕەیی و دەمارگرژی لە ژوورەکەدا سەرنگوم بوون.

کاتێک ژنەکانی جەلیل سەرلەنوێ دەستیان کردەوە بەدڵنیایی و دڵخۆشی، مریەم سەری داخست و چاوی خستەوە سەر مێزەکە. سەیری ڕەونەقە جوانەکەی مێزەکە و قاچەکانی و سووچە قۆقزەکانی و ڕەنگە قاوەییە تێرەکەی دەکرد. سەرنجی ئەوەی دا هەر جارێک هەناسەی دەدا، سەر مێزەکە دەبوو بەتەم، شێوەی ئەو دیار نەدەما لەسەر مێزەکەی باوکی.

ئەفسوون مریەمی بردەوە بۆ ژوورەکەی سەرەوە. کە ئەفسوون دەرگەکەی داخست، مریەم گوێی لە تەقەی سووڕاندنی کلیلێک بوو لەناو کێلونی دەرگەکەدا.

٨

بۆ سبەینێ بەیانی عەزیەکی سەوزی تۆخ و پانتۆڵێکی خورییان دا بەمریەم. ئەفسوون سەرپۆشێک و جووتێک نەعلی دایە لە هەمان ڕەنگ.

مریەم برابووە ژوورەکەی مێزە قاوەییەکەی لێ بوو. جیاوازیی ئێستا تەنیا قاپێک بادەمی وشکی شەکرکراو، قورئانێک، تارایەکی سەوز، ئاوێنەیەک بوون کە لەسەر مێزەکە دانرابوون. دوو پیاو کە مریەم هەرگیز نەیبینیبوون لای وابوو شاهیدن لەگەڵ مەلایەک کە نەیدەناسی لەسەر مێزەکە دانیشتبوون.

جەلیل دەستی بۆ کورسییەک ڕاکێشا بۆ مریەم. جەلیل قاتێکی قاوەییی کاڵ لەگەڵ بۆینباخێکی سووری پۆشی بوو، خۆی شتبوو، کاتێک کورسییەکەی ڕاکێشایە دەرەوە، هەوڵی دا زەردەخەنەیەکی هاندەر و ڕازیکەر بکا. ئەمجارە خەدیجە و ئەفسوون لەلای مریەمەوە دانیشتن.

مەلاکە دەستێکی بۆ تاراکە ڕاکێشا و نێرگز پێش ئەوەی دابنیشێت دای بەسەری مریەمدا.

مریەم سەری داخست.

جەلیل بەکەسێکی وت "دەتوانن ئێستا ئەویش بانگ بکەن."

مریەم پێش ئەوەی بیبینێت بۆنی کرد. بۆنی دووکەڵی جگەرە و قۆڵۆنیایەکی قورسی لێ دەهات بەپێچەوانەی بۆنەکەی جەلیلەوە. بۆنەکە لووتی مریەمی پڕ کرد. لەژێر تاراکەیەوە بەلایەکی چاو پیاوێکی ورگ زلی چوارشانەی بینی. لە گەورەیی قەبارەکەی، مریەم کەوتە هەناسەبڕکێ و دڵی کەوتە تەپەتەپ، لەبەر ئەوە دەبوو خێرا چاوەکانی لاببات لەسەری. بۆ ماوەیەک لەناو دەرگەکەدا مایەوە، دواتر بەڕۆیشتنێکی تەپۆ و هێواش هاتە ژوورەوە. قاپە بادەمەکەی سەر مێزەکە کەوتە زرەزر بەدەنگی ڕۆیشتنەکەی. بەمرخەمرخ و هەناسەدانێکی خێرا هات لە تەنیشت مریەمەوە دانیشت.

مەلاکە بەخێرهاتنی کردن. وتی ئەم مارەکردنە مارەکردنێکی دەستووری نابێت.

"ئاگەداری ئەوەم کاک ڕەشید دەچێتەوە بۆ کابول لە ماوەیەکی کەمدا. بەپێی دەرفەت هەندێک لە هەنگاوەکان جێبەجێ دەکەین."

مەلاکە هەندێک لە خوا پاڕایەوە، یەک دوو دێڕی لەبارەی هاوسەرکارییەی وت. لە جەلیلی پرسی ئەگەر هەر ناڕەزاییەکی هەبێت بەرامبەر ئەم مارەبڕینە، جەلیل سەری ڕاوەشاند. دوایی مەلاکە لە ڕەشیدی پرسی، دەتەوێت بەڕاستی ببیتە هاوسەری مریەم. ڕەشید وتی "بەڵێ." دەنگە ناساز و نووساوەکەی، دەنگی وردوخاشبوونی گەڵاکانی بیر دەهێنایەوە کە پایزان لەژێر پێیەکانیدا دەشکان.

"وەتۆش، مریەم گیان، ئەم کابرایەت پەسندە وەک مێردی خۆت؟"

مریەم بەبێدەنگی مایەوە. هەموو قورگیان پاکردەوە.

دەنگێکی مێینە لە خوارووی مێزەکەوە بەرز بووەوە "پەسندی دەکات."

مەلاکە وتی لە ڕاستیدا، خۆی دەبێت وەڵام بداتەوە. دەبێت چاوەڕێ بکا سێ جار دووبارەی بکەمەوە. مەسەلەکە داخوازییە، پیاوەکە دەیخوازێت نەک بەپێچەوانەوە."

پرسیارەکەی دووجاری تر وتەوە. کاتێک مریەم وەڵامی نەدایەوە، مەلاکە جارێکی تر پرسییەوە، ئەمجارە توندتر وتی. مریەم هەستی بەبوونی جەلیل کرد لە تەنیشتییەوە لەسەر کورسییەکەی دەجوولا، لەژێر مێزەکەوە قاچەکانی دەخستنە سەریەک و لایدەبردن. دیسان قورگیان پاک کردەوە دەستێکی بچووک هات بەرەو مێزەکە و هەنژێک لە تۆزی سەر مێزەکەی پاک کردەوە.

جەلیل چرپاندی "مریەم."

مریەم بەدەنگێکی لەرزیووەوە وتی "بەڵێ" ئاوێنەیەک خرایە ژێر تاراکەی مریەم. لەناویدا، مریەم یەکەم جار دەموچاوی خۆی بینی، دوو برۆی گەورە و ڕێکنەکراو، قژێکی تەخت، جووتێک چاوی غەمگینی پەست، زۆر لەیەکەوە نزیک بوون، کەسێک نەیزانیایە دەیوت خێلە. پێستی دەموچاوی زبر و تەڵخ و پەڵەپەڵاوی. مریەم وای هەست دەکرد برۆکانی زۆر پان و چەناگەی زۆر باریک و لێوەکانیشی زۆر ئەستوورن. هەموو بەیەکەوە دەموچاوێکی باریک و درێژیان دروست کردبوو، شێوەیەکی لاکێشەیی هەبوو، کەمێک لە شێوەی تانجیدا. بەڵام مریەم هێشتا

دەموچاوی خۆی بینیبوو، تەواو سەیر و نائاسا بوو. هەموو ئەم بەشەی شایانی لە بیرچوونەوە بوو شێوەیەکی سەیری دەموچاوی خۆی تێدا بینیبوو، دەموچاوێکی قەشەنگ نەبوو، بێزارکەریش نەبوو لە هەمان کاتدا.

لە ئاوێنەکەدا مریەم یەکەم سەرنجی ڕەشیدی دا: دەموچاوێکی گەورەی چوارگۆشەی سوورهەڵگەڕاو، لووتێکی چەماوە، ڕوومەتە سوورەکانی هێما بوون بۆ نائارامی و بێزاری، چاوە سوور و پڕ لە ئاوەکانی، دەم و ددانە قەرەباڵغەکەی، دوو ددانەکەی پێشەوەی وەک سێگۆشەی سەربانی کۆشکە بچووکەکان پاڵیان دابوو بەیەکەوە. خەتی قژی سەر ناوچەوانی دوو پەنجە دوور بوو لە برۆکانیەوە، دیوارێکی ئەستووری قژێکی ماش و برنجی بەسەر ناوچەوانیەوە بوو.

سەرنجێکی یەکتریان دا لەناو ئاوێنەکەدا و چاویان لابرد. مریەم بیری کردەوە، ئەمە دەموچاوی مێردەکەمە.

ڕەشید دەستی کرد بەگیرفانیدا و دوو ئەڵقەی ئاڵتوونی دەرهێنا و کردیانە دەستی یەک. نینۆکەکانی زەردێکی مەیلەو قاوەیی بوون وەک ناوەوەی سێوێکی گەنیو. قەراغی نینۆکەکانی هەڵگەڕابوون بۆ دەرەوە. دەستی مریەم دەلەرزی کە دەیویست ئەڵقەکە بکاتە دەستی ڕەشید، ئیتر ڕەشید یارمەتیی دا.

ئەڵقەکەی مریەم کەمێک بچووک بوو بەڵام بێ گوێ پێدان ڕەشید پاڵی پێوە نا بەسەر جومگەکەی پەنجەیدا.

ڕەشید وتی "ئا ئاوا."

یەکێک لەژنەکان وتی "ئەڵقەیەکی زۆر جوانە، زۆر ناسکە، مریەم."

مەلا وتی "ئەوەی کە ماوە ئیمزاکردنی مارەبڕینەکەیە."

مریەم ئیمزای ناوەکەی کرد (میم ڕاء یاء میم) هۆشی لای ئەوانی تر بوو کە بەجارێک سەیریان دەکرد. جاری داهاتوو، کاتێک مریەم ئیمزای بەڵگەنامەیەکی تر دەکا، بیست و حەوت ساڵی ترە. لەو کاتەشدا مەلایەک ئامادە دەبێت.

مەلا وتی "ئێستا ئێوە هاوسەری یەکترن، پیرۆز بێت."

ڕەشید لە پاسێکی ڕەنگاوڕەنگدا چاوەڕێی دەکرد، مریەم لەو جێگەیەوە کە وەستابوو لەگەڵ جەلیل، چاوی لێی نەبوو، لەلای دەعامییەکەی دواوە تەنیا دووکەڵی جگەرەکەی لە پەنجەرەکەوە لوولی دەخوارد بۆ دەرەوە. لە دەوریان تەوقە

کرا و خواحافیزی وترا و قورئان ماچ کرا و بەناویاندا گێڕدرا. کوڕی پێپەتی ڕاوڕاوێنیان بوو بەناو گەشتیارەکاندا، دەموچاویان شاردرابوونەوە لەژێر سینییە بنێشت و جگەرەکاندا.

جەلیل لەبەر سەرقاڵی بیری ئەوەی نەبوو بەمریەم بڵێت کابول شارێکی قەشەنگە، ئیمپراتۆری مەگۆل "بابور" داوای کردووە کاتێک مرد لەوێ بنێژرێ. دوای ئەوە، مریەم زانی جەلیل لەبارەی باخ و باخات و بازاڕ و درەخت و کەشوهەواوە قسەی بۆ دەکا، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم مریەم دەبوو بچێتە پاسەکەوە، جەلیل زۆر بەبێباکی و دڵخۆشییەوە وەڵامی سڵاوی خەڵکەکەی دەدایەوە.

مریەم نەیدەتوانی بێدەنگ ببێ "من تۆم دەپەرست." لە ناوەڕاستی قسەکەیدا جەلیل وەستا و قۆڵەکانی خستە سەر سنگی و داینانەوە. ژن و پیاوێکی هیندی، کە ژنەکە منداڵێکی ساوای بەباوەشەوە بوو و پیاوەکەش جانتایەکی گەورەی ڕادەکێشا، بە نێوانیاندا ڕۆیشتن، جەلیل ئەو بەربەستە کاتییەی پێ خۆش بوو. ئەوان داوای لێبووردنیان کرد و جەلیلیش بەڕێزەوە بۆیان پێ کەنی.

"پێنجشەمان چەندان سەعات دادەنیشتم چاوەڕێی تۆم دەکرد، نەخۆش و دوودڵی تۆ بووم کە نەتوانی بێیت."

جەلیل وتی "با هەندێک نان و پەنیری بزنت بۆ بکڕم، ڕێگەکە دوورە نەوەک برسیت بێت."

"هەموو کات بیرم لە تۆ دەکردەوە، هەموو کات لە خوا دەپاڕامەوە تەمەنت سەد ساڵ بێت. نەمدەزانی. نەمدەزانی بەبوونی من تۆ هەستت بەشەرمەزاری دەکرد."

جەلیل سەری داخست، وەک منداڵێکی بەجەستە گەورە، خەریکی هەڵکەندنی بەردێکی بچووک بوو بەنووکی پێڵاوەکەی.

"تۆ شەرمەزار بوویت بەبوونی من."

جەلیل لەژێر لێوەوە وتی "سەرت لێ دەدەم، دێم بۆ کابول دەتبینم، ئینجا..."

مریەم وتی "نا، نا، مەیە. ناتبینم. نەیەیت. نامەوێت هیچت لێ ببیستم. بۆ هەتاهەتایە."

بەنیگایەکی بریندارەوە سەیرێکی مریەمی کرد.

"من و تۆ لێرەدا کۆتاییمان پێ دێت.ماڵئاواییەکانت بکە."

بەدەنگێکی بێ هێز وتی "بەم جۆرە مەڕۆ."

مریەم وتی "چاکەی ئەوەت تێدا نەبوو دەرفەت بدەیت خواحافیزی لە مەلا فەیزوڵا بکەم."

ڕووی کرد بەودیودا و ڕۆیشت بەرەو پاسەکە، گوێی لێ بوو جەلیل دوای کەوت. کە گەیشتە دەرگەکە گوێی لێ بوو وتی "مریەم گیان."

مریەم بەقادرمەکاندا هەڵگەڕا، جەلیلیش تەریب بەڕۆیشتنەکەی مریەم ڕۆشت بەڵام مریەم سەیری پەنجەرەکەی نەکرد. بەناو ڕاڕەوەکەدا ڕۆیشت بۆ دواوە، بۆ ئەو شوێنەی ڕەشید دانیشتبوو و جانتاکەی لەژێر قاچیدا دانابوو. جەلیل بەری دەستەکانی بەپەنجەرەکەوە بوو پەنجەکانی دەکێشا بەشووشەکەدا، مریەم ئاوڕی نەدایەوە. پاسەکە تەکانی دا بەرەو پێش، مریەم هەر سەیری نەکرد کە جەلیل بەو هەموو خێراییەوە لە تەنیشتی پاسەکەوە ڕای دەکرد، کە پاسەکە بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن سەیرێکی دواوەشی نەکرد کاتێک جەلیل کشایەوە بۆ دواوە. سەیری نەکرد دیارنەمانی ببینێت یان سەیری دیارنەمانی بکات لە کاتی نقومبوونی لەناو تەپوتۆزدا.

ڕەشید کورسیی ناوەڕاست و لای پەنجەرەکەی داگیر کردبوو دەستە ئەستوورەکانی خستە سەر دەستی مریەم.

ڕەشید سەیری دەرەوەی دەکرد، لەوە دەچوو شتێکی سەرنجڕاکێشی بینیبێ.

"سەیرکە کچێ، سەیری کە ئەها."

## ٩

ڕۆژی دواتر، ئێوارەیەکی زوو بوو کاتێک گەیشتنە ماڵی ڕەشید. ڕەشید وتی "ئێستا لە دیمەزەنگین، لە باشووری ڕۆئاوای شارەکە، زانکۆکە و باخچەی ئاژەڵان نزیکن لێرەوە." لە دەرەوە بوون لەسەر شۆستەکە بەدەستێکی جانتاکەی مریەم و بەدەستەکەی تری دەرگەکەی دەکردەوە.

مریەم سەری لەقاند وە پێشتر ئەوەی دەزانی. لەوەی ڕەشید تێگەشتبوو کە دەبوو زیاتر لێی نزیک بێتەوە لە کاتی قسەکردندا، چونکە مریەم ڕانەهاتبوو بەدیالێکتە فارسییەکەی کابول وە هەروەها بەزمانە پەشتووەکەی کە زمانی زکماگی خۆیەتی. لەگەڵ ئەمانەشدا ڕەشید کێشەی لەگەڵ فارسییە هەرەتییەکەی مریەمدا نەبوو.

مریەم بەخێرایی سەرنجێکی ڕێگە تەسک و قیرنەکراوەکەی دا کە بەرەو ماڵی ڕەشید دەچوو. خانووەکانی ئەم ڕێگەیە زۆر قەرەباڵغ بوون هەموویان یەک دیواریان هەبوو، دیوارێکی بچووکتر لە دەرەوە وەک بەربەستێک دروست کرابوو، بۆ جیاکردنەوەی لە شەقامەکە. سەربانی زۆربەی ماڵەکان تەخت بوون، لە خشتی سوور دروست کرابوون، وە هەندێکیان لە قوڕ، لە ڕەنگی ئەو شاخانە دەچوون کە دەوری شارەکەیان دابوو. زەلکاوێکی بچووک کە ئاوەڕۆی ماڵەکان بوو شۆستەکە و شەقامەکەی لێک جیا کردبووەوە. تەپۆڵکەی بچووکی زبڵ و پاشەڕۆ لێرە و لەوێ لە کۆڵانەکەدا بەسەر یەکدا کەوتبوون. خانووەکەی ڕەشید دوو قات بوو، وا دیار بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕەنگەکەی شین بووبێت.

کاتێک ڕەشید دەرگەکەی کردەوە، مریەم خۆی لە حەوشەیەکی بچووکی پیس و پۆخڵدا بینییەوە، پەڵەپەڵەی گیای زەرد گەورە بووبوون لەناو باخەکەدا، لەلای ڕاستەوە توالێتێک و لەلای چەپەوە بیرێک، لەلایەکی تریشەوە ڕیزێک نەمامی مردوو، لە نزیکی توالێتەکەوە حەسارێک و لەولاترەوە پایسکیلێک هەڵپەسێردرابوو بەدیوارەکەوە.

لە ڕۆیشـتنیـاندا بـەناو حـەوشـەکەدا بـەرەو ژوورەوە ڕەشـید وتی "باوکت پێی وتم حـەزت لە ڕاوەمـاسـییـە. "مـریەم سـەیری کرد مـاڵەکە حـەوشـەی دواوەی نییـە." لە سـەروو ئێـرەوە هـەندێک دەربـەند و دۆڵ و ڕووباری گـەورەی پڕ لە مـاسـی هـەیە، لەوانەیە ڕۆژێک بتبەم."

دەرگەی پێشەوەی کردەوە و مریەم چووە ژوورەوە.

مـاڵەکەی ڕەشـید زۆر بچووکتر بـوو لە ماڵی جـەلیل، بەڵام ئەگـەر بەراورد بکرێت لەگەڵ کوخەکەی نانا و مریەم، کۆشکێک بوو بۆ خۆی. لە قاتی خوارەوە ناوداڵانێک و ژوورێکی دانیشتن لەگەڵ چێشتخانەیەک کە تێیدا ڕەشـید قابلەمە و تاوە و قۆری و پیاڵە و مـەنجەڵی بوخار و تەباخی نەوتی هـەبوو. ژووری دانیشتنەکە قەنەفەیەکی چەرمی سـەوزی فـسـتـقیی تێـدا بوو، لەلای خـوارەوەی دراوییـەکی پێـوە بوو کـە بەشـێوەیەکی نارێک و تەمبـەڵانە بەیەکەوە دوورابوونەوە. دیوارەکان هیـچیان پێدا هەڵنەواسـرا بوون. مـێزێکی لێ بوو دوو کورسیی لـە شووڵ چنراو و دوو کورسـیی قەدکراوی لەگەڵ بوو، زۆپایەکی ڕەشیش لەولاتر.

مـریەم لەناو ژوورەکەدا وەسـتا و سـەیری دەوروبـەری خـۆی دەکرد. لە کـوخـەکـەدا سـەری پەنجـەکـانی دەگـەیشـتنـە بنمـیـچـەکە. کـاتێک لەسـەر چەرپاکـەی ڕادەکشـا بەگـۆشـەی ئەو هـەتاوەی لە پەنجـەرەکـەیەوە دەهـاتە ژوورەوە، دەیزانی کـات لە چ سـاتێکی ڕۆژدایە. هـەمـوو درزێک و تەڵەزمـێکی هەریەک لە سـی پارچە تەختـەکەی ئەرزی کوخـەکەی لێ دروست کرابوو، لەبـەربوو. ئێستا هەموو ئەم شتـە ناسراوانە نەمـاون. نانا مردووە، مـریەم لێرەیە، لە شـارێکی نامۆ و جیاکراوە لەو ژیانەی پێی ئاشنا بـوو، ژیانی نزیک دۆڵەکـان و زنجیـرە چیا بـەبەفـر داپۆشـراوەکان و گـشت چۆڵوهـۆڵیـیـەکـان. لە مـاڵی کـەسـێکی نەنـاسـراودا بـوو، مـاڵێک بەم هـەمـوو ژوورە جیـاواز و پڕ لە بۆنی دووکەڵی جگەرە و کـارتۆنی سەیری پڕ لە کـەوچک و چەتاڵی نەبینراو، پـەردە قـورسـە سـەوزە تۆخـەکانی، لەگەڵ بنمـیـچێک کە مـریـەم دەیزانی دەسـتـی نایگاتێ. ئازاری توندوتیـژ و کـتـوپڕی پڕ لـە تامـەزرۆیی و پـەرۆشـی کوناودەری دەکرد بۆ نانا، بۆ مەلا فەیزوڵا، بۆ ژیانە کۆنەکەی.

دواتر گریا.

ڕەشـید بەدڵتـەنگیـیەوە وتی" ئەم گریانە بـۆ چییـە؟" دەسـتـی کرد بـەگـیـرفـانی پانتـۆڵەکـەیدا و پەنجـەکـانی مـریەمی کـردەوە و دەسـڕێکی کـردە دەسـتـیـیـەوە،

جگەرەیەکیشی بۆ خۆی داگیرساند و پاڵی دا بەدیوارەکەوە و سەیری مریەمی دەکرد کاتێک دەسرەکەی برد بۆ چاوەکانی.

"تەواو؟"

مریەم سەری لەقاند.

"بەڕاست؟"

" بەڵێ."

مەچەکی گرت و بردییە لای پەنجەرەی هۆڵەکەوە.

بەنینۆکە چەماوەکەی پەنجەی دۆشاومژەی دەیکێشا بەپەنجەرەی ژوورەکەدا و وتی "ئەم پەنجەرەیە بەسەر باکوردا دەڕوانێ، ئەوە چیاکانی، (ئاسمای)ن راستەوخۆ لە بەردەمماندا، دەیبینیت؟ وە لەلای چەپەوە چیاکانی، ئەلی (ئاباد)ن زانکۆکە لە دامێنیدایە. لە پشتمانەوە رۆهەڵات، لێرەوە دیار نییە، چیاکانی (شیردەروازە)ن. هەموو رۆژێک لە نیوەڕۆدا تۆپێکی لێوە دەتەقێنن. مەگری تکایە. بەڕاستیمە."

مریەم پەیتاپەیتا دەسرەکەی دەهێنا بەدەموچاویدا.

ڕەشید بەمۆنییەوە وتی "دەنگی گریانی ئافرەت شتێکە من بەرگەی ناگرم، بمبوورە، ئارامم لێ هەڵدەگیرێت."

مریەم وتی " دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە."

ڕەشید بەپەستییەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا، فوویەک لە هەناسە دووکەڵاوییەکەی بەر دەموچاوی مریەم کەوت "ئەو قسەیە ئاسایی وەردەگرم، ئەمجارە."

دیسان مەچەکی مریەمی گرت و بردی بۆ قاتی سەرەوە. ڕاڕەوێکی تار و دوو ژووری نووستنی لێ بوو. دەرگەی ژوورە گەورەکە کەمێک لەسەر پشت بوو، لێیەوە مریەم بینی کە وەک بەشەکانی تری ماڵەکە ژوورێکی پەرشوبڵاو بوو: چەرپایەک لە سووچەکەدا لەگەڵ سەرین و بەتانییەکی قاوەیی لەسەری، کەنتۆرێک، دۆڵابێک. دیوارەکان ڕووت بوون، جگە لەوەی ئاوێنەیەکی بچووک هەڵواسرابوو. ڕەشید دەرگەکەی داخست.

"ئەمە ژوورەکەمە."

به مریەمی وت ئەو دەتوانێت بچێتە ژووری میوانەکە "هیوادارم دڵگران نەبیت، چونکە من بە بەتەنیا خەوتن ڕاهاتووم."

مریەم پێی نەوت، چەندە بەم قسەیەی ئاسوودە بووە.

ئەو ژوورەی دەبوو بەژووری مریەم زۆر بچووکتر بوو لەو ژوورەی لە ماڵی جەلیل تێیدا مایەوە. چەرپایەکی لێ بوو، دۆلابێکی کۆنی قاوەییی مەیلەو ڕەساسی، لەگەڵ کەنتۆرێک. پەنجەرەکە دەیڕوانییە سەر حەوشەکەوە لەودیو ئەوەوە شەقامەکە بوو.

ڕەشید جانتاکەی خستە سووچێکەوە.

مریەم لەسەر چەرپاکە دانیشت.

ڕەشید لەناو دەرگەکەدا کەمێک خۆی نوشتانەوە و وەستا. وتی " دیقەتت نەدا، سەیری سەر پەنجەرەکە بکە، دەزانیت چ جۆرێکن؟ خستوومنەتە ئەوێ پێش ئەوەی بەڕێ بکەوم بۆ هەرەت."

مریەم چاوی کەوت بەسەبەتەیەک لەسەر پەنجەرە کە کەنێرگز و گوڵە بەیبوون لەملا و لاکانیەوە هاتبوونە دەرەوە.

"حەزت لێیانە؟ دڵخۆشت دەکەن؟"

"بەڵێ."

"کەواتە دەتوانیت سوپاسم بکەیت."

"سوپاس، ببوورە، مەمنوون..."

"دەلەرزیت، لەوانەیە من بتترسێنم، من دەتترسێنم؟ سام لە من دەکەیت؟"

مریەم سەیری نەدەکرد، بەڵام لەم پرسیارانەیدا گوێی لە ساویلکەیی دەبوو، خێرا سەری ڕاوەشاند و ئەم جۆرە هەڵوێستەی وەک یەکەم درۆی ژیانی هاوسەرییانی لە قەڵەم دا.

"نەء؟ دە زۆر باشە، ئافەرین. ئێستا ئێرە ماڵی تۆیە، لەگەڵ ئێرە ڕادێیت، ماوەیەکی تر هەستی پێ دەکەیت و حەزیشت لێی دەبێت. پێم وتی کارەبامان هەیە؟ زۆربەی ڕۆژ لەگەڵ هەموو شەوێک؟"

ڕەشید ویستی بڕوات، لەناو دەرگەکەدا گەڕایەوە چاوەکانی کز کرد لەناو دووکەڵەکەدا، مریەم وای زانی دەیەوێت شتێک بڵێت، بەڵام هیچی نەوت. دەرگەکەی داخست و مریەمی لەگەڵ جانتاکەی و گوڵەکان بەجێ هێشت.

## ١٠

یەک دوو ڕۆژی سەرەتا مریەم زۆر کەم ژوورەکەی بەجێ دەهێشت. هەموو بەرەبەیانێک لە بانگی بەیانی خەبەری دەبووەوە، نوێژی دەکرد و دەچووەوە جێگەکەی. کە گوێی لە ڕەشید دەبوو خۆی دەشۆرد لە حەمامەکە، کە دەهات بۆ ژوورەکەی و سەیرێکی بکات پێش ئەوەی بچێت بۆ کار، مریەم بەخەبەر بوو. لە پەنجەرەکەیەوە سەیری دەکرد لە حەوشەکەدا خواردنە پێچراوەکەی قایم دەکرد بەدوای پایسکیلەکەیەوە. لە حەوشەکەوە هەتا سەرشەقامەکە پایدەری لێ دەدا، سەیری ناوشانە گەورە و فراوانەکەی دەکرد، هەتا لە کۆتاییی شەقامەکە پێچی دەکردەوە و دیار نەدەما.

زۆربەی ڕۆژەکان لەناو جێگەکەیدا دەمایەوە، هەستی بەکلۆڵی و بێ هیواییی خۆی دەکرد. هەندێ جار دەچووە خوارەوە بۆ چێشتخانەکە، دەستی دەهێنا بەسەر کەوانتەرە چەور و تۆزگرتووەکەدا، چەرچەفی سەر مێزەکە، پەردە گوڵ گوڵەکە کە بۆنی چێشتی سووتاوی لێ دەهات. سەیری چەکمەجە لەق و لۆقەکانی دەکرد، سەیری کەوچک و چەقۆ و چاپاڵێو و کەوگیرە لێکنەچووەکانی دەکرد، ئەمانە ئەو ئامێرانە بوون کە لە ژیانە تازەکەیدا بەکاری دەهێنێ، هەموو ئەمانەش ئەو وێرانکارییە بۆ مریەم دەهێنن کەزرمە لە ژیانی هەڵدەستێنێ، وای لێ دەکا هەست بەوە بکا کە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهاتووە، سەرگەردانە، کەسێکە دەیەوێت خۆی بەسەر کەسێکی تردا بسەپێنێ لە ماڵەکەیدا.

لە کوخەکەدا، خواردنی کەمتر بوو زۆربەی ژەمەکانی وەک یەک بوون. لێرە، زۆر بەکەمی هەستی بەبرسێتی دەکرد، هەندێ جار کەمێک بەرماوەی برنجی لە قاپێکدا لەگەڵ لەتێک ناندا دەبرد بۆ ژوورەکەی، بۆ لای پەنجەرەکە. لەوێوە، چاوی لە سەربانی خانووە یەک نهۆمییەکانی گەڕەکەکە بوو. حەوشەکانیشی دەبینی، ژنان جلیان هەڵدەخست و منداڵەکانیان دەردەکرد لە دەوریان. مریشک دەنووکیان

لەناو خاشاکدا، بێڵ و خاکەناز، مانگای بەستراوە بەدرەختەکانەوە.

بەتاسەوە بیری لەو شەوانەی هاوین دەکردەوە کە لەگەڵ نانا لە سەربانی کوخەکە دەخەوتن، سەیری مانگیان دەکرد دەدرەوشایەوە بەسەر گوڵدەماندا، شەوەکانی زۆر گەرم بوون کراسەکانیان دەلکا بەسنگیاندا وەک گەڵایەکی تەڕ بەسەر شووشەی پەنجەرەیەکەوە. یان دوانیوەڕوانی زستان کاتێک لەگەڵ مەلا فەیزوڵا خەریکی خوێندنەوە بوون، شەقەی کەوتنە خوارەوەی چلوورەکان لە گوێسەبانەی کوخەکەوە بۆ خوارەوە، قارەقاڕی قەلەڕەشەکان لەسەر لق و پۆپی بەبەفر داپۆشراوی درەختەکان.

بەتەنیا لە ماڵەکەدا، مریەم بەبێ ئارامی هاتوچۆی دەکرد لە نێوان چێشتخانەکە و ژووری دانیشتنەکەدا، بەقادرمەکاندا هەڵدەگەڕا و دیسان دەهاتەوە خوارەوە، نوێژەکانی دەکرد یان لەسەر سیسەمەکەی ڕادەکشا، بیری دایکی دەکرد، دڵی تێکەڵ دەهات و هەستی بەدەردی دووری دەکرد لە خۆیدا.

لەگەڵ گاگۆڵکێکردنی خۆردا بەرەو خۆرئاوا دڵەڕاوکێ و خەفەت لە دڵی مریەمدا زیادی دەکرد. ددانەکانی وەک شەقشەقە دەلەرزین و بیری دەکردەوە لە شەو، لەو کاتەی ڕەشید لەوانەیە بۆ دواجار بڕیاری ئەوە بدات، ئەوە لە مریەم بکا کە مێرد لەگەڵ ژنی خۆی دەکا. کە ڕەشید لە خوارەوە بەتەنیا نانی دەخوارد، مریەم لەسەر سیسەمەکەی ڕادەکشا، بەزۆر دان بەخۆداگرتن تێکی دەشکاند و ورەی دەڕووخاند.

هەردەم لای ژوورەکەی مریەم دەوەستا و سەیرێکی ژوورەکەی دەکرد.

"سەیرە لە ئێستاوە خەوتوویت. هێشتا سەعات حەوتە، بەخەبەریت؟ وەڵامم بدەوە. وەرە."

دەهاتە ژوورەوە بەناو تاریکییەکەدا هەتا مریەم دەیوت "من لێرەم."

بەهێواشی خۆی دادەنەواند و لەناو دەرگەکەدا دادەنیشت. مریەم لە (چەرپاکەیەوە)سەیری چێوە گەورەکەی جەستەی و دەموچاوی لەسەر لا لەناو گێژاوی دووکەڵی جگەرەکەیدا، ڕۆشنایی جگەرە داگیرساوەکەی دەمێک ڕۆشن و دەمێک لێڵیی دەنواند.

جەلیل باسی ئەو ڕۆژەی بۆ دەکرد کە بەسەری بردبوو. جووتێک پێڵاوی بۆ

جێگری وەزیری دەرەوە دروست کردبوو کە ڕەشید دەیوت، تەنیا پێڵاو لەو دەکرێت. داوای لێ کرابوو دوو جووت پێڵاو بۆ دیپلۆماتێکی پۆڵۆنیایی و ژنەکەی دروست بکا. لەبارەی ئەو باوەڕە ئەفسانەییانەی کە خەڵک هەیبوو سەبارەت بەپێڵاو بەمریەمی وت: ئەگەر بخرێنە سەر جێگەی نووستن ئەوا مەرگ دێت بۆ ئەو خێزانە، یان ئەگەر لە پێشدا پێڵاوی چەپ لە پێ بکەیت، ناخۆشی و شەڕەنگێزیت تووش دەبێت.

دەیوت "مەگەر بەبێ ئاگا ڕوو بدات بەتایبەتی لە ڕۆژانی هەینیدا."

"یان ئەگەر دوو پێڵاو بەیەکەوە ببەستیت و هەڵیان بواسیت بەبزمارێکدا تووشی دواڕۆژێکی خراپ دەبیت."

ڕەشید خۆی باوەڕی بەهیچیان نەبوو. بەبۆچوونی ئەو، ئەو باوەڕە ئەفسانەییانە تەنیا خولیا و سەرقاڵی مێیینەکانن.

ئەو شتانەی بەمریەم دەوت، کە لە دەرەوە لە خەڵکی دەبیست: سەرۆکی ئەمەریکایی ریچارد نیکسۆن پاشگەز دەبێتەوە لەبەر ئابڕووچوونێکی گەورە.

مریەم، کە هەرگیز نیکسۆن یان ئەو حەیاچوونەی کە پاڵی پێوە ناوە بۆ پاشگەزبوونەوە، نەبیستبوو، هیچ قسەیەکی نەکرد. بە سەرلێشێواوییەوە چاوەڕوانی ڕەشیدی دەکرد قسەکەی تەواو بکا، جگەرەکەی بپرووێنێ، جێهێشتنی ئەو ژوورە ئەنجام بدا. تەنیا ئەو کاتەی گوێی لێی بوو دەرگەی ژوورەکەی کردەوە و داخست، ئەو ئازارە گەورەیەی کە خۆی لە سکی توند کردبوو نەما.

پاشان شەوێک جگەرەکەی ورد کرد و لە جیاتیی پاڵدانەوەی بەدەرگەکەوە و شەوشادکردنی لە مریەم، ڕووی دەموچاوی کردە جانتاکەی مریەم و قۆڵەکانی خستەسەر سنگی و وتی "ئەوە بەتەمایت ئەو شتە بکەیتەوە؟ ڕەچاوی ئەوەم کرد کە هەندێک کاتت دەوێت، بەڵام ئەمە نابەجێیە. هەفتەیەک تێ پەڕی و... ئینجا، لە سبەینێ بەیانییەوە چاوەڕوانی ئەوەت لێ دەکەم وەک هاوسەری من ڕەفتار بکەیت. تێگەیشتیت؟"

ددانەکانی مریەم دەستیان بەچۆقەچۆق کرد.

"پێویستیم بەوەڵامێکە."

"بەڵێ."

وتی "باشە، بەلاتەوە چۆن بوو؟ وا دەزانیت ئێرە ئوتێلە؟ منیشت وەک چاودێری ئوتێل سەیر دەکرد؟ باشە ئیتر...، ئاخ، لا ئیلاهە ئیلەڵڵا. چیم وت لەبارەی گریانەوە؟ مریەم، چیم بەتۆ وت لەبارەی ئەم گریانەوە؟"

بەیانیی داهاتوو، دوای ئەوەی ڕەشید چوو بۆ کار، مریەم جلەکانی دەرهێنا و خستییە ناو دۆلابەکەوە. سەتڵێک ئاوی لە بیرەکە ڕاکێشا و بەپارچەیەک پەڕۆ پەنجەرەی ژوورەکەی خۆی و ژووری دانیشتنەکەی پاک کردەوە. ئەرزەکانی گسکدا و هێلانەجاڵجاڵۆکەکانی بنمیچەکەی سڕییەوە. پەنجەرەکانی کردەوە بۆ هەواگۆڕینیماڵەکە.

سێ کوپ نیسکی کردە ئاو بۆ خووساندن، چەقۆیەکی دۆزییەوە هەندێک گێزەر و دوو پەتاتەی لەت کرد و کردنیە ئاوەوە. دواتر بۆ ئارد دەگەڕا، لەناو تاکێکی کەوانتەرەکەدا لە دوای ڕیزێک قوتووی داوودەرمانەوە دۆزییەوە. هەویرەکەی بەو شێوەیەی نانا فێری کردبوو بە بەری دەستی دەشێلا، لێواری دەرەوەی دەنوشتاندەوە و هەڵی دەگەڕاندەوە جارێکی تر پاڵی پێوە دەنایەوە. کاتێک هەویرەکەی ئارداوی دەکرد بەچارەکەیەکی شێدار دای دەپۆشی، سەرپۆشێکی دەدا بەسەریدا و خۆی ئامادە دەکرد بۆ سەر تەندوور.

ڕەشید پێی وتبوو لە کوێدایە، لە خوارووی شەقامەکە بەلای چەپدا و یەکسەر بەلای ڕاستدا، بەڵام مریەم تەنیا دوای ئەو ژن و منداڵانە کەوت کە بۆ هەمان جێگە دەڕۆیشتن. منداڵەکان بەجلی پینەکراوەوە بەدوای دایکیاندا یان لە پێشیانەوە ڕایان دەکرد. پانتۆڵەکانیان زۆر گەورە یان زۆر بچووک بوون، دڕاویی نەعلەکانیان لە دواوە بۆ پێشەوە دەشەکانەوە لە کاتی ڕاکردندا. بەشیشێک ویلی فڕێدراوی پایسکیلیان دەخولاندەوە.

دایکەکان سێ سێ و چوار چوار، هەندێکیان بورقەیان بەسەرەوە بوو هەندێکیان نەیانپۆشیبوو، مریەم گوێی لە دەنگی بەرزی قسە و پێکەنینەکانیان بوو. بە سەرداخراوی دەڕۆیشت و گوێی لە گاڵتەوگەپەکانیان بوو بەمنداڵە نەخۆش و مێردە بەدنمەکەکانیان.

وەک ئەوەی ژەمەکان لە خۆیانەوە ئامادە بن.

وەڵا وەبیللا یەک سات چییە پشووم نییە.

پێم دەڵێت سوێند بێت بەخوا، بەڕاستیمە. پێم دەڵێت.....

ئەم قسە بێ کۆتاییيانە، دەنگێکی سادە بەڵام پڕ لە دڵخۆشی، لە بازنەیەکدا لە دەوری دەسووڕانەوە. لەوێ لە خوارووی شەقامەکە لەناو کۆڵانەکەدا ڕیزیان گرتبوو لەسەر تەندوورەکە. مێردەکانیان قوماریان دەکرد، کە دەهاتنەوە هەر بە دەور و خولی ژنەکانیاندا دەهاتن، بەڵام تەنانەت ڕوپێیەکیشیان تێدا خەرج نەدەکردن. مەریەم بیری دەکردەوە چۆن ئەم هەموو ژنە ئازار دەچێژن بەدەست هەمان کەساسی و بەدبەختییەوە، چۆن توانییان شوو بەم پیاوە بەدفەساڵانە بکەن، هەر هەموویان. یان ئەمە بەندوباو و نەریتی ڕۆژانەیە وەک هەویر شێلان و برنج لێنانەکەیان؟ تۆ بڵێیت چاوەڕێی ئەوە بکەن مریەمیش هەمان نەریتی ئەوان دووبارە بکاتەوە؟

لە ڕیزدا بۆ تەندوورەکە، مریەم جارجار سەیرێکی لابەلای دەکرا و گوێی لە چپەچپ دەبوو، لەپی دەستەکانی پڕ بوون لە ئارەق. وای هێنایە بەرچاوی خۆی هەموویان دەزانن بەزۆڵی لەدایک بووە و سەرچاوەی شەرمەزارییە بۆ باوک و خێزانەکەی، هەموو دەزانن کە خیانەتی لە دایکی کردووە و ئابڕووی خۆی بردووە.

بەلکێکی سەرپۆشەکەی ئارەقی سەر لێوی دەسڕی و هەوڵی دەدا بێتەوە سەرخۆی.

بۆ ساتێک هەموو شتەکان بەباشی ڕۆیشتن. پاشان کەسێک بەئەسپایی کێشای بەشانیدا. مریەم ڕووی تێ کرد، بینی ژنێکی سوور و سپی باریک بوو، سەرکولمەکانی پەمەیی دەچوونەوە، سەرپۆشێکی وەک ئەوی پۆشیبوو، قژێکی کورتی ڕەشی بەهێز و توانایەکی باشی دڵنەوایی هەبوو، لەگەڵ دەموچاوێکی تەواو خڕ، لێوەکانی زۆر پڕتر بوون لە هی مریەم، لێوی کەمێک شۆڕ بووبووەوە بۆ سەر خاڵێکی سەر چەناگەی، بەجووتێک چاوی گەورەی سەوز ڕوانینەکانی پڕ بوون لە ڕۆشنایی و سەرنجڕاکێشی. زەردەخەنەیەکی کراوەی کرد و وتی " تۆ ژنەتازەکەی ڕەشید گیانیت، وا نییە؟ خەڵکی هەرەتیشیت، زۆر منداڵیت! مریەم گیان، زۆر. من ناوم، فەریبایە، لە هەمان کۆڵانی ئێوە دەژیم، پێنجەم ماڵ لەلای چەپتانەوە، دەرگەیەکی سەوزە، ئەمە کوڕەکەمە، نوور. "

کوڕەکەی تەنیشتی دەموچاوێکی فراوان و گەشی هەبوو لەگەڵ قژێکی بەهێز و

قـورس وەک هـی دایکی، پەڵەیەکی بچووک لەسـەر گـوێی چەپی بـوو، هـاروهـاجی و کەتنبـازیی لە چاوە گەشـەکانیدا دەبینـران، دەستـی بەرز کـردەوە "چۆنیت، پووری گیان."

"نوور تەمەنی دە ساڵە، کوڕێکی گەورەشم هەیە، ئەحمەد."

نوور وتی "ئەو سێزدەیە."

فەریبا پـێ کەنی و وتی "سـێزدەیە بۆ چواردە دەچێت، مێردەکەم ناوی حـەکیمـە مامۆستایە لە دێمەزەنگ، کاتێک وەرە سەرێکمان لێ بدە با پیاڵەیەک..."

پاشـان لە پڕ، ژنەکـان غـیـرەت گرتـنی و هـاتن دەوری مـریەم و فـەریبـایان دا و پاڵیان بەفەریباوە دەنا و لە دەوری مریەم ورووژا بوون.

"ئێ کەواتە تۆ ژنە تازەکەی ڕەشیدیت..."

"کابول چۆنە بەلاتەوە؟"

"من چووم بۆ هەرەت، ئامۆزایەکم لەوێیە."

"حەزت لە کوڕە یا لە کچە بۆ یەکەم منداڵ؟"

"منارەکانی، ئاخ چەند جوانن! چەند شارێکی خۆشە!"

"کوڕ باشترە مریەم گیان، ناوی خێزانەکەت دەهێڵێتەوە..."

"ئۆی، کوڕان ژن دەهێنن و دەڕۆن، دواتر کچەکان دەمێننەوە ئاگایان لێت دەبێت کە پیر بوویت."

"بیستمان کە تۆ دێیت بۆ ئێرە."

"با دووانەت ببێت، لە هەر جۆرە و یەکێکیان ئیتر خەمت نامێنێ."

مـریەم ڕۆیشـتـە دواوە و هەناسـەیەکی زۆر قـووڵی هـەڵکێـشـا، گـوێیـەکـانی دەزرنگانەوە و دڵـی کـەوتەتـەپەتەپ، چـاوەکـانـی دەکـزانەوە لەسـەر دەمـوچاوی یەکـێکیـان بۆ ئەوی تر. دیسـان ڕۆیشـتـەوە دواوە، بەڵام هـیچ شـوێنێک نـەبوو بۆی بچێت لە ناوەڕاسـتی ئەواندا. فـەریبای بینی نـاوچەوانی گرژ کـردبوو، هـەسـتی بەو هـەمـوو ئازار و ئەشکەنجەیە دەکرد لە مریەمدا و وتی "وازی لێ بێنن! بڕۆنە دواوە! لێی گەڕێن! تۆقاندتان!"

مریەم پڕی کرد بـەهەویرەکـەیدا و نای بەسنگییـەوە و پاڵی بەقـەرەباڵغییـەکـەی

دەورییەوە دەنا.

"دەچیت بۆ کوێ خوشکم؟"

پاڵی پێوەنان هەتا دەوری چۆڵ بوو، پاشان ڕای کرد بەرەو شەقامەکە. هەتا نەگەیشتە سەر سووچی کۆڵانەکە نەیدەزانی بەرەو ڕێگەیەکی هەڵە هاتووە، ڕووی کرد بەمدیودا و ڕای کرد بەرەو ئاراستەکەی تر، سەری داخستبوو قاچەکانی تێکەڵ دەبوون ئەژنۆکانی لێک دەخشان. دیسانەوە بەلای ژنەکاندا تێپەڕییەوە.

"ئەوە تۆ چیتە؟"

"خوێنت لێ دێت، خوشکم"

مریەم لە سووچەکەوە پێچی کردەوە، دواتر لە دانەیەکی تر، کۆڵانەکەی خۆیانی دۆزیبووەوە بەڵام لە ناکاو لە بیری نەمابوو کامەیە ماڵەکەی ڕەشید. ڕای دەکرد بۆ سەرووی کۆڵانەکە و دەهاتەوە خوارەوە، کەوتە هەناسەبڕکێ و هێندەی نەمابوو دەست بکا بەگریان، دەستی کرد بەتاقیکردنەوە و دەست لێدانی دەرگەکان، هەندێکیان کلیل درابوون، هەندێکیان لەسەر پشت بوون کە تەنیا حەوشەی نەناسراویان لێوە دیار بوو تیایاندا سەگ دەوەڕین و مریشک ڕادەچڵەکین. بیری لەوە دەکردەوە ڕەشید بێتەوە بۆ ماڵەوە و بەم شێوەیە مریەم بدۆزێتەوە کە بەم جۆرە بۆ ماڵەکەی خۆی دەگەڕێ. ئەژنۆی خوێنی لێ دەهات و لەناو کۆڵانەکەی خۆیاندا ون بووبوو، ئیتر دەستی کرد بەگریان، پاڵی بەدەرگەکانەوە دەنا لەبەر خۆیەوە دوعای ورەپێدانی دەخوێند، دەموچاوی تەڕ بووبوو بەفرمێسک، یەکێک لە دەرگەکان کرایەوە چاوی بەتوالێت و بیرەکە کەوت و ئاسوودە بوو. دەرگەکەی لە دوای خۆیەوە دا بەیەکدا و بەکێلۆنەکە دای خست، دەستی کرد بەهێڵنجدان و ڕشانەوە، کە تەواو بوو بەگاگۆڵکێ ڕۆیشت و لە تەنیشت دیوارەکەدا دانیشت و قاچەکانی ڕاکێشا. هەتا ئەو کاتە هەرگیز هێندە هەستی بە تەنیایی نەکردبوو.

کە ئەو شەوە ڕەشید هاتەوە بۆ ماڵەوە، زەرفێکی کاغەزی قاوەیی پێ بوو، مریەم زۆر نائومێد بوو بەوەی ڕەشید دیقەتی پەنجەرە پاککراوەکان و ئەرزە گسکدراوەکە و هێلانە جاڵجاڵۆکە لابراوەکانی نەدا. بەڵام ڕەشید دڵخۆش بوو بەوەی نانی ئێوارەی بۆ ئامادە کرابوو لەسەر سفرەیەکی پاک لە ژووری دانیشتنەکە.

مریەم وتی "نیسکێنەم لێ ناوە."

"چاکە زۆرم برسییە."

لە کاتی دەست شتندا بەمەسینەکە ئاوی کرد بە دەستیدا، هەرکە بە خاولییەکە دەستی وشک کردەوە مریەم قاپێک نیسکێنەی گەرم و دەوریەک برنجی سپی خستە بەردەمی. ئەمە یەکەم ژەم بوو چێشتی بۆ لێ نابوو، مریەم خۆزگەی دەخواست لە بارودۆخێکی گونجاوتردا بووایە بۆ ئەوەی باشتری دروست بکردایە. هێشتا دەستی دەلەرزی لەوەی لەسەر تەندوورەکە رووی دابوو، لە کاتی دروستکردنی خواردنەکەشدا دەترسا زۆر خەست یان روون دەربچێت یان زەنجەفیل و زەردەچەوەی زیادی تێ بکا.

کەوچکەکەی کردە ناو نیسکێنە رەنگ ئاڵتوونییەکە و مریەم کەمێک ملی لار کردەوە، تۆ بڵێیت بەدڵی نەبێت؟ یان قاپەکە فڕێ بدات لە ڕقدا؟

مریەم توانی پێی بڵێت "وریابە گەرمە."

ڕەشید لێوی هەڵقورچاند و فووی لە کەوچکەکە کرد و یەکەم کەوچکی خوارد "خۆشە، کەمێک بێ خوێیە بەڵام باشە، دەتوانم بڵێم لە باش باشتریشە."

مریەم بێ خەم بوو سەیری ڕەشیدی دەکرد کە نانی دەخوارد، هەوایەکی لووتبەرزیی کەمێک خەیاڵیی برد. خواردنەکەی باشە، هەتا لە باش باشتریشە، مریەم سەری سوڕما ئەم موچورکەیە وای لە مریەم کرد هەست بەو ڕێزە بچووکەی بکا. ڕۆژەکانی پێشوو دەمەقاڵێ و ناخۆشی کەمتر بووبوونەوە.

ڕەشید وتی "سبەینێ هەینییە، دەڵێیت چی کەمێک بگەڕێین بەناو شاردا؟"

"بەناو کابولدا؟"

"نەء، کالکوتا."

مریەم چاوی ترووکاند.

"گاڵتە دەکەم، بێگومان کابول، کوێی تر؟" دەستی ڕاکێشا بۆ زەرفە قاوەییەکە" بەڵام لە پێشدا دەبێت شتێکت پێ بڵێم."

بورقەیەکی شینی ئاسمانیی دەرهێنا لە زەرفەکە کە بەرزی کردەوە خوارووەکەی کەوتە سەر ئەژنۆی، هەمووی پێچایەوە و سەیرێکی مریەمی کرد "مریەم، کڕیارم

هەیە، پیاوان، ژنەکانیان دەهێنن بۆ دووکانەکەم، ژنەکانیان بەدانەپۆشراوی دێن، ڕاستەوخۆ قسەم لەگەڵ دەکەن و سەیری ناوچەوانم دەکەن بەبێ شەرمانە، ماکیاج دەکەن و تەنوورە لەبەر دەکەن و ئەژنۆکانیان دەردەخەن، تەنانەت هەندێ جار قاچیان دەخەنە بەردەمی من، دەیخەن، بۆ پێوانەکردن، وە مێردەکانیان دەوەستن و سەیر دەکەن، ڕێگە دەدەن، بەلایانەوە ئاسایییە بێگانەیەک دەست دەدا لە پێیە پەتییەکانی ژنەکانیان! وا بیر دەکەنەوە کە ئەوان مۆدێرنن، هۆشیارن بەهۆی ئەوەی خوێندوویانە، لەو باوەڕەدام. بیر لەوە ناکەنەوە بەوە شەرەف و نامووسی خۆیان دەفەوتێنن."

ڕەشید سەری ڕاوەشاند.

"ئەو کەسانە بەزۆری لە گەڕەکە دەوڵەمەندەکانی کابول ژیان بەسەر دەبەن، دەتبەم بۆ ئەوێ خۆت دەیبینیت. لێرەش هەن لەناو ئەم گەڕەکەشدا لەو پیاوە نەرمانە هەن. مامۆستایەک هەیە لە خوارووی کۆڵانەکە دەژی ناوی حەکیمە. هەردەم ژنەکەی دەبینم لە گەڕەکەکەدا بەتەنیا دەسووڕێتەوە بێجگە لە سەرپۆشێک هیچی بەسەرەوە نییە. ئەوەی ڕاستی بێت تەریق دەبمەوە کاتێک پیاوێک دەبینم دەسەڵاتی بەسەر ژنەکەیدا لە دەست چووبێت"

بەچاوبزکردنەوەیەکی ڕەق مریەمی وریا کردەوە.

"بەڵام من توخمێکی جیاوازی پیاوم، مریەم. لەو شوێنەی منی لێ هاتووم، یەک سەیرکردنی هەڵە، یەک وشەی نابەجێ، خوێن لەگەڵیدا ڕژاوە. ئەو شوێنەی من لێوەی هاتووم، دەموچاوی ژنێک تەنیا کاروباری مێردەکەیەتی. دەمەوێت ئەمەت لە بیر بێت، تێ دەگەیت؟"

مریەم سەری لەقاند، کە زەرفەکەی بۆ ڕاگرت مریەم وەری گرت.

دڵخۆشبوونەکەی بەهۆی بەدڵبوونی خواردنەکەی ئێوارەوە بەهەڵم بوو. لە جێی ئەوە تەزووی ورووژاندن و لەرزین دروست بوو. فەرمانەکانی ئەم پیاوە سەپێنراو و نەجووڵاوە وەک کێوەکانی سەفیدکوە بەسەر گوڵدەمانەوە.

ڕەشید زەرفە کاغەزەکەی دایە دەستی " کەمێک لێک تێگەیشتین، کەواتە هەندێکی تر لەو نیسکێنەیەم بۆ تێ بکە."

## ١١

مریەم هەرگیز بورقەی نەپۆشیبوو، دەبوو ڕەشید یارمەتیی بدات بیکاتە سەری، پارچەکانی سەر ناوچەوانی زۆر تەسک و قورس بوون لەسەر کەللەی سەری. وە زۆر سەیر بوو لە شاشەیەکی کون کونەوە سەیری دنیا بکەی، بۆ ڕاهێنانی خۆی دەستی کرد بەپیاسەکردن بەناو ژوورەکەدا و پێی دەنا بەدامێنەکەیدا و لەتری دەدا. ونبوونی دیمەنەکانی دەوروبەری تووشی دەمارگرژیی دەکرد، بێزار بوو لەو تاساندن و خنکاندنەی بەهۆی بەشەکەی سەر دەمیەوە تووشی دەبوو.

ڕەشید وتی "ڕادێیت لەگەڵی، کاتی دەوێت، دڵنیام هەر حەزیشت لێی دەبێت."

بە پاس ڕۆیشتن بۆ شوێنێک ڕەشید پێی دەوت، شاری – ناو– پارک. لەوێ منداڵان جۆلانەیان دەکرد و پاڵیان دەنا بەیەکەوە، بەتۆپەکەیان یاریی باڵەیان دەکرد و یەکێکیان سێرفی لێ دەدا بۆ ئەودیو شەبەیەکی شڕ کە بەسترابوو بەدرەختەکانەوە. پیاسەیان دەکرد و سەیری منداڵانیان دەکرد کۆلارەیان هەڵدەدا، مریەم دەڕۆیشت لە تەنیشت ڕەشیدەوە جارجارە پێیەکی دەنا بەدامێنی جلەکەیدا. بۆ نانی نیوەڕۆ، ڕەشید بردی بۆ کەبابخانەیەکی بچووک لە تەنیشت مزگەوتێک ئەو پێی دەوت مزگەوتی حاجی یاقووب. ئەرزەکەی خز و هەواکەی پڕ لە دووکەڵ بوو، دیوارەکان بۆنی گۆشتی کاڵی کۆنیان لێ دەهات، دەنگی موزیک و گۆرانیبێژەکان زۆر بەرز بوون، کەبابچییەکان کوڕانی زۆر لاواز بوون بەدەستێک باوەشێنی شیشە کەبابەکانیان دەکرد و بەدەستێک زرمەیان لە مێشوولەکان هەڵدەستاند. مریەم، کە هەرگیز لە ناو ڕێستۆرانتدا نەبووبوو، زۆر لای سەیر بوو دابنیشێ لەناو ژوورێکی قەرەباڵغدا کە پڕ بێت لە خەڵکی نامۆ، بورقەکەی بەرز بکاتەوە و تیکەی خواردن بکا بە دەمیەوە. هەمان پەشۆکاویی ئەو ڕۆژەی سەر تەندوورەکە لە هەناویدا دەهات و دەچوو. بەڵام هەبوونی ڕەشید لەگەڵیدا کەمێک ئاسوودەیی بوو بۆی. دوای ماوەیەک، بێزار نەدەبوو بەموزیکەکە، دووکەڵەکە، هەتا

خەڵکەکەش. وەپۆشینی بورقەکە کە لەلای مریەم جێی سەرسوڕمان بوو زیاتر ئاسوودەی دەکرد، وەک پەنجەرەی یەک دیو وابوو، لە ناوەوە سەیری هەمووی دەکرد، بەربەستێک بوو لەبەردەم تێڕامانی خەڵکەکە لە مریەم، ئیتر خەمی ئەوەی نەبوو کە خەڵک بەسەیرکردنێکی خێرا نهێنیی ڕابردووە پڕ شەرمەزارییەکەی بزانێت.

لەسەر شەقامەکە ڕەشید ناوی ئەو پاڵاسانەی پێ دەوت کە هی خەڵکی دەسەڵاتدار بوون: باڵوێزخانەی ئەمەریکایی، وەزارەتی دەرەوە. سەیری ئۆتۆمۆبێلی دەکرد و ناو و شوێنی دروستکردنیانی دەوت. ڤۆلگەی سۆڤیەت، چیڤرۆلێتی ئەمەریکایی، ئۆپڵی ئەڵمانیایی.

"حەزت لە کامیانە تۆ؟"

مریەم کەوتە گومانەوە، پەنجەی بۆ ڤۆلگەکە ڕاکێشا، ڕەشید پێ کەنی.

کابول زۆر جەنجاڵتر بوو لەو جێگە کەمەی کە مریەم بینیبووی، ئێرە درەخت و ئەسپ و عارەبانەی کەمتری لێ بوو، بەڵام ئۆتۆمۆبێلی زیاتر و پاڵاسی زیاتری لێ بوو، ترافیکی زیاتر و ڕێگەی شۆستەکراوی زیاتری لێ بوو، وە لە هەموو جێگەیەک مریەم گوێی لە دیالێکتە تایبەتەکەی شارەکە دەبوو: وشەی، ئازیز، جان بوو لە جیاتیی جا، وشەی، خوشک، هەمشیرە بوو لە جیاتیی هەمشیرێ وە هەتا دوایی.

لە دەستگێڕێکی سەرشەقامەکە، ڕەشید ئایسکریمی بۆ کڕی. یەکەم جاری بوو ئایسکریم بخوات و قەت باوەڕی نەبوو هێندە بەهرە و کاری سەیر و لێهاتووانە ئەنجام بدرێ لەناو قاپێکی بچووکدا. هەموو ئایسکریمەکەی تەواو کرد و بستە ورد و تاڵە فالودە سپییەکانی بنی قاپەکەشی خوارد، سەری دەسوڕما لە تێکەڵیی تامە دڵفڕێنەکەی.

بە پێ چوون بۆ شوێنێک ناوی، کوچەی مورغ، شەقامی مریشک بوو. بازاڕێکی تەسکی قەرەباڵغ بوو، ڕەشید دەیوت، ئێرە لە گەڕەکێکی دەوڵەمەندی کابولدایە.

"لە دەوروبەری ئێرە دیپلۆماتە بێگانەکان، بازرگانە دەوڵەمەندەکان، ئەندامی خێزانی پاشا دەژین. ئەو جۆرە خەڵکانە نەک وەک من و تۆ."

مریەم وتی "هیچ مریشک نابینم لێرە."

ڕەشـیـد پێ کـەنی "مـریشک ئەو شـتـەیە کـە لەم شـەقـامی مـریشکەدا نـاتوانی بیدۆزیتەوە."

دووکـان و کۆشکی بچـووک لە ئەمـبـەر و ئەوبەری شـەقـامـەکە هـەبوون، شـەپقـەی پێستـە و هێلەکی ڕەنگاوڕەنگیـان دەفرۆشت، ڕەشید وەسـتا سـەیری خەنجـەرێکی کـانزای نەخشکراو بکا. لە دووکـانێکی تر سـەیری تفـەنگێکی کرد، دووکـاندارەکە ڕەشیـدی دڵنیا کـردەوە ئەو تفـەنگە سـەنگینییـەکی گـەورەی هـەیە چونکە لە شـەڕی جیهانیی یەکەمدا لە دژی بەریتانیا بەکار هاتووە.

ڕەشــیــد لەبەر خــۆیـەوە وتی "منیش مــوشــەدایان(*)م." زەردەخــەنـەیەکی ژن و مێردایەتیی بۆ مریەم کرد.

تێ پەڕین بەلای هـەندێک لە دووکانی کومبار، دووکـانی جۆلایی و چنین، دووکانی فـەرشی پڕ لەنەخش و نیـگار، دووکـانی گـوڵ، وەئەو دووکـانانەی چاکـەت و پانتـۆڵی پیـاوان و عـەزی ژنانیـان دەفرۆشت، لە نـاویاندا لە پشـتی پـەردە قـەیتـانییـەکانەوە مـریەم کۆمەڵێک کچی بینی قـۆپچەیـان دەگرت بەجلەوە و کراسیـان ئوتوو دەکرد، لەگـەڵ تێپـەڕبوونی کـات ڕەشـیـد لەگـەڵ دووکـاندارێکی هـاوڕێی دەدوا، دەمـێک بەفـارسـی و دەمێک بەپەشتـوو قسـەیان دەکـرد. کـە تەوقـەیان کـرد و ئەمـلا و لای یەکـیـان مـاچ کـرد مـریەم یەک دوو هـەنگاو چووە دواوە، ڕەشـیـد نـەهـات بەلایەوە و مریەمیشی بەهاوڕێکەی نەناساند.

داوای لە مریەم کـرد لە دەرەوەی دووکانەکە چاوەڕێی بکا کە دووکـانێکی نەخش و چنین بوو." دووکاندارەکە دەناسم بۆ ساتێک دەچم و هەواڵپرسییەکی دەکەم."

مـریەم لـە دەرەوە لەسـەر شـۆسـتــە قـەرەباڵغـەکـە چاوەڕێی کـرد. سـەیری ئەو ئۆتۆمـۆبێـلانەی دەکـرد بەشـەقـامی مـریشـکدا بەپێـچاوپێـچی بەنـاو پیـادە و پۆلە کۆترەکانـدا هـەڵدەگـەڕان، هۆڕینیـان بـۆ ئەو منداڵ و گـوێدرێژانە لـێ دەدا کـە لەناو شـەقـامـەکەدا نەدەجـووڵان. سـەیری کـوتاڵچـییـە بێزارەکانی دەکـرد لەناو کۆشکە بچـووکـەکـانیـاندا، تـفیـان دەکـردە نـاو دەفـرێکی بچـووکی مس، لە سێبـەرەکـانەوە چاویان دەجـووڵاند لەسـەر دەسـتگێڕەکـان کـە چاکـەتی مـلوانەخـوری و چنراویان دەفرۆشت.

---

(*) موشەدایان: ئەفسەرێکی سەربازی و سیاسیی ئیسرائیلی بوو (١٩١٥-١٩٨١) ژیاوە.

بەڵام ژنەکان بوون کە زیاتر لە هەموو شتێک سەرنجی مریەمیان ڕادەکێشا.

ژنەکانی ئەم بەشەی کابول چەشنێکی تری ژن بوون، جیاواز بوون لە ژنی گەڕەکە هەژارەکان، وەک گەڕەکەکەی خۆیان کە زۆربەی ژنەکان بەتەواوی داپۆشراون. ژنەکانی ئێرە – ئەو وشەیەی ڕەشید بەکاری هێنا – مۆدێرن بوون. بەڵێ، ژنی مۆدێرنی ئەفغانی شوویان دەکرد بەپیاوی ئەفغانی کە پێیان ناخۆش نەبوو ژنەکانیان بەماکیاجەوە بەبێ سەرپۆش بەناو خەڵکی بێگانەدا بڕۆن. مریەم سەیری دەکردن کە بەبێ شەرم و جڵەوگیری غاریان دەدا بەسەر شەقامەکەدا. هەندێ جار لەگەڵ پیاوێکدا هەندێ جار بەتەنیا، هەندێ جار لەگەڵ منداڵی دەموچاو پەمەیی بەپێڵاوی بریقەدار و سەعاتی چەرمەوە، پایسکیلیان ڕادەکێشا بەدەسکی بەرز و ویلی زێڕینەوە، بەپێچەوانەی منداڵەکانی دێمەزەنگ کە ڕوومەتەکانیان لەناو خۆڵ و تەپوتۆزی کۆڵاندا قڵشابوون و ویلی شکاوی فڕێدراوی پایسکیلە کۆنەکانیان پاڵ پێوە دەنا.

ژنەکان یارییان بەجانتا دەستییەکانیان دەکرد و بایەکە تەنوورەکانیانی دەشەکاندەوە، تەنانەت مریەم ژنێکی بینی جگەرەی دەکێشا لەدوای ئۆتۆمۆبێلێکدا، نینۆکەکانیان درێژ، ڕەنگی پەمەیی و پرتەقاڵی کراو، لێویان سوور وەک گوڵاڵەسوورە، بەقۆنەرەی بەرزەوە بەخێرایی دەڕۆیشتن وەک ئەوەی کارێکی گرینگ و نەوەستاویان هەبێت، چاویلکەی تاریکیان لە چاودا بوو بەخێرایی بەلای مریەمدا دەڕۆیشتن، سروەیەک لە بۆنی خۆشەکەیان بەر مریەم دەکەوت. وای دادەنا کە هەموویان دەرچووی زانکۆ بن و لە بینای بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکاندا کار بکەن، لە پشت مێزی خۆیانەوە دەنووسن و جگەرە دەکێشن و تەلەفۆنی گرینگ بۆ کەسانی گرینگ دەکەن. ئەم ژنانە مریەمیان سەرسام کرد. وایان لێ کرد هەست بەتەنیایییەکەی خۆی، ڕووکەشە ساکارەکەی، نەبوونی بەرزی خوازی تێیدا، گوێنەدانی و بێ ئاگایی لە زۆر شتی تر بکا.

دواتر ڕەشید بەئەسپایی دای بەشانیدا و شتێکی دایە دەستی.

"هانێ."

پۆپەشمینەیەکی ئاوریشمی مارۆنی، لێوارەکانی بەگوڵنکە و مورووی بچووک بەپەتی ئاڵتوونی نەخشێنرابوون.

"حەزت لێیەتی؟"

مریەم سەری بەرز کردەوە بینی ڕەشید جووڵەیەکی سەنجراکێشی کرد، چاوی ترووکاند و بەهێواشی لایبرد لەسەر مریەم.

مریەم بیری لە جەلیل دەکردەوە، کە بەبێ دوودڵی و بەکەیفەوە خشڵەکانی پێوە دەکرد، دڵخۆشییە بەهێز و پڕ لە پێکەنینەکەی کە ژوورەکەی پڕ دەکرد لە سوپاسگوزاری و دڵنەرمی. نانا ڕاستی دەکرد لەبارەی دیارییەکانی جەلیلەوە، نیوەدڵی زەرد و زیوی تۆبە و ناپاکی و بەدڕەفتاریی بوون کە بە تەنیا مانا بوون بۆ ڕاگرتنی دڵی خۆی نەک دڵی مریەم.

ئەم پۆپەشمینەی مریەم بینی دیارییەکی ڕاستەقینە بوو.

مریەم وتی "چەند جوانە!"

ئەو شەوە، دیسان ڕەشید سەردانی ژوورەکەی کرد. بەڵام لە جیاتیی جگەرەکێشانی لەناو دەرگەکەدا، هاتە ژوورەوە و لە تەنیشتییەوە دانیشت، مریەم ڕاکشا بوو. سپرینگەکان دەستیان کرد بەجیڕەجیڕ کاتێک سیسەمەکە لار بووەوە بۆ لای ئەوەوە.

ساتێکی پڕ دڵەڕاوکێ دروست بوو، دواتر دەستی خستە سەر ملی مریەم، پەنجە ئەستوورەکانی بەهێواشی پاڵیان بەجومگەکانی پشتی ملیەوە دەنا. پەنجە گەورەی هاتە خوارەوە بەسەر ئێسقانی پشتیدا. مریەم دەستی کرد بەهەڵلەرزین، دەستەکانی بۆ نزمتر دەخشاند، نزمتر، وە نزمتر، نینۆکەکانی لە خوریی بلوزەکەی دەگیران.

مریەم بەسکاڵاوە "ناتوانم." سەیری لایەکی دەموچاوی دەکرد کە ڕووناکیی مانگەکە لێی دابوو وە ڕیشووە وردە مووە ڕەساسییەکان کە لە ملوانەکەی هاتبوونە دەرەوە.

دەستی لەسەر سنگی ڕاستی بوو، لەسەر بلوزەکەوە بەتوندی دەیگوشی، مریەم گوێی لێ بوو بەقووڵی هەناسەی لە لووتییەوە هەڵدەکێشا.

ڕەشید خۆی کرد بەژێر بەتانییەکەی تەنیشتیدا. مریەم هەستی پێ کرد کە دەستی بەپشتوێنەکەی و بە نەخوێنی پانتۆڵەکەی ئەوەوە بوو، دەستەکانی مریەم چنگیان کردبوو بەچەرچەفەکەدا و پڕ بوون. خۆی ڕاکێشایە سەری، خۆگرژکردن و

جوولان، مریەم دەستی بەنوزەنوز کرد، چاوەکانی داخست، ددانەکانی لێک توند کرد.

ئازارەکە کتوپڕ و سەرسوڕهێنەر بوو، چاوەکانی لە پڕ کردنەوە هەندێک هەوای لە نێوان ددانەکانیەوە هەڵمژی و گازی لە پەنجە گەورەی دەستی خۆی دەگرت. دەستەکانی شۆڕ بوونەوە بۆ سەر پشتی ڕەشید و نینۆکەکانی گیر کرد لە کراسەکەی.

ڕەشید دەموچاوی ناشت لەناو سەرینەکەی مریەمدا، مریەم ڕامابوو و چاوەکانی زەق کردبوونەوە، لە سەروو شانی ڕەشیدەوە سەیری بنمیچی ژوورەکەی دەکرد، دەلەرزی، لێوی توند کردبوو، هەستی بەگەرمیی هەناسەی دەکرد بەناو شانیدا. هەواکەی نێوانیان بۆنی جگەرەی لێ دەهات، بۆنی پیاز و کەبابە برژاوەکەی زووتر خواردبوویان. جار نا جارێک گوێی دەخشاند لە ڕوومەتی، مریەم بەزبرییەکەیدا هەستی کرد کە تاشیبووی.

کە تەواو بوون، مریەمی ڕاکێشا و پانتۆڵەکەی لە پێ کردەوە. ڕەشید سەرقۆڵەکەی هێنا بەناوچەوانیدا. لە تاریکییەکەدا، مریەم چاوی لە قایشە شینەکەی سەعاتەکەی بوو. هەردووکیان بۆ ماوەیەک لەسەر پشت ڕاکشان بەبێ ئەوەی لە یەکتر بڕوانن.

ڕەشید وتی "ئەمە هیچ شەرمێکی تێدا نییە، مریەم. هەموو ژن و مێردێک ئەمە دەکەن، ئەمە ئەو کارەیە پێغەمبەر خۆی لەگەڵ ژنەکانی کردی. هیچ شەرمی تێدا نییە."

ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، پاڵی نا بەبەتانییەکەوە و ژوورەکەی بەجێ هێشت لەگەڵ جێگە چاڵەکەی سەری لەناو سەرینەکەدا، بەجێی هێشت بۆ هێوربوونەوەی ئازارەکەی خوارەوە، بۆ سەیرکردنی ئەستێرە بەستووەکان لە ئاسمانەکەدا لەگەڵ هەورێک کە وەک تارای بووکێک دەموچاوی مانگەکەی داپۆشیبوو.

## ١٢

لەو ساڵەدا ڕەمەزان کەوتە پایزەوە، لە ١٩٧٤. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا، مریەم بینی کە چۆن بینینی مانگێکی یەکشەوە دەتوانێت باری هەست و هۆش و پەستیی هەموو شارەکە بەتەواوی لە یەک کاتدا بگۆڕێت. تێبینیی ئەوەی کرد کە بێدەنگییەکی خەواڵوو تەواوی کابولی داگیر کرد. هاتوچۆکەران بێ تاقەت و کز و بێدەنگ بوون، دووکانەکان بەتاڵ کرابوون، ڕیستۆرانتەکان گڵۆپەکانیان کوژاندبووەوە و دەرگەکانیان داخستبوو. مریەم جگەرەکێشی سەرشەقامەکان و هەڵمی دروستکردنی خواردنی لە پەنجەرەکانەوە نەدەبینی. لە کاتی بەربانگدا، کە خۆرەکە لە خۆرئاوادا نقوم دەبوو تۆپەکان لە کێوەکانی شیردەروازەوە دەتەقێنران، شارەکە ڕۆژووەکەی دەشکاند، مریەمیش بەهەمان شێوە بەپارچەیەک نان و دەنکێک خورما. بۆ یەکەم جار لە پازدە ساڵی تەمەنیدا تامی شیرینی نەریتێکی پێکەوەییی کرد لەگەڵ خەڵکی شاردا.

جگە لە چەند ڕۆژێکی کەم، ڕەشید ڕۆژووگرتنەکەی پەیڕەو نەدەکرد، ئەو یەک دوو ڕۆژەی بەڕۆژوو بوو بەتووڕەیی و ڕوویەکی گرژەوە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە. برسێتی کەمدوو و شێتگیر و بێ ئارامی دەکرد. ئێوارەیەک مریەم چەند خولەکێک درەنگ کەوت لە ئامادەکردنی خواردندا، ڕەشید دەستی کرد بەخواردنی نان بەتوورەوە. هەتا دوای ئەوە مریەم برنج و شلەی بامێی بەگۆشتی مەڕەوە خستە بەردەم، ڕەشید دەستی بۆ نەبرد. هیچی نەدەوت و بەردەوام نانەکەی دەخوارد. لە تووڕەییدا لاجانگەکانی دەجووڵان و دەمارەکانی ناوچەوانی گرژ دەبوون. کە نانەکەی دەخوارد چاوی زەق دەکردەوە، کە مریەم قسەی لەگەڵ دەکرد بەچاوی بزەوە لە مریەم ڕادەما، بەبێ ئەوەی دەموچاوی ببینێ پارچەیەک نانی دەخستە دەمی.

ڕەمەزان کۆتاییی هات و مریەم ئاسوودە بوو.

پێشتر لە کوخەکە، لە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا جەلیل سەردانی مریەم و نانای دەکرد. بەچاکەت و پانتۆڵ و بۆینباخەوە دەهات بەدیارییەکانی جەژنەوە.

ساڵێک ملپێچێکی لۆکەی دا بەمریەم. هەرسێکیان بەیەکەوە چایان دەخواردەوە و دواتر جەلیل ماڵئاواییی دەکرد.

کە دەگەیشتە ئەوبەر جۆگەلەکە سەلامی دەکرد، نانا دەیوت "دەڕواتەوە جەژن لەگەڵ خێزانە ڕاستەقینەکەی بکا."

مەلا فەیزوڵاش دەهات. پاکەتێک چوکلێت و پسکیت لەگەڵ سەبەتەیەک هێلکەی ڕەنگکراوی دەهێنا. دوای ئەوەی دەڕۆیشت، مریەم بەقەدی درەختێک هەڵدەگەڕا و شیرینییەکانی دەبرد، لەسەر پەلێکی بەرز هەڵدەنیشت دیارییەکانی مەلا فەیزوڵای دەخوارد و زەرفەکانیانی هەڵدەدایە خوارەوە، پەرش و بڵاو وەک گوڵی زیوین لە دەوری قەدی درەختەکە. کە چوکلێتەکان تەواو دەبوون دەستی دەکرد بەخواردنی پسکیتەکان پاشان بەقەڵەمێک دەموچاوی لەسەر هێلکەکان دروست دەکرد. بەڵام ئەمانە کەمێک مایەی دڵخۆشیی مریەم بوون. مریەم لە جەژن دەترسا، کاتی میوانداری و میوانخوازی و بۆنە گێڕان بوو، ئەو کاتەی خێزانەکان بەجوانترین شێوە خۆیان دەگۆڕی و سەردانی یەکتریان دەکرد. دەیهێنایە بەرچاوی خۆی هەوای هەرەت پڕ دەبێت لە کەیف و خۆشی، خەڵک بەجۆشەوە چاکەی یەکتریان دەویست و گەردنی یەکتریان ئازاد دەکرد. پەردەیەکی هیوابڕاوی و دڵتەنگیی دنیا دابڕاوەکەی مریەمی دادەپۆشی و تەنیا بەکۆتاییهاتنی جەژن لادەچوو.

ئەمساڵ بۆ یەکەم جار بەچاوەکانی خۆی بیرکردنەوەکانی منداڵیی لە جەژندا بینی.

لەگەڵ ڕەشید چوون بۆ سەرشەقامەکان، مریەم هەرگیز هێندە بە گورجوگۆڵی پیاسەی نەکردبوو بەناو خەڵکدا، بێباک لە ساردیی کەشوهەوا. لە سەردانەکانیاندا خێزانەکان شەقامەکانیان پڕ کردبوو. لە کۆڵانی خۆیاندا مریەم فەریبا و نووری کوڕی بینی بەچاکەت و پانتۆڵەوە. فەریبا سەرپۆشێکی سپیی پۆشیبوو دەڕۆیشت لە تەنیشت پیاوێکی لاواز و شەرمنەوە کە چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاودا بوو، کوڕە گەورەکەشیان لەگەڵدا بوو، مریەم هەر چۆنێک بێت بیری مابوو کە فەریبا ناوەکەی پێ وتبوو لە تەندوورەکە، ئەحمەد. چاوەکانی شۆڕتر و دەموچاوی غەمگینتر و هەستدارتر بوو لە هی برا بچووکەکەی، دەموچاوی نیشانەکانی گەورەبوونی پێوە دیار بوو وەک چۆن دەموچاوی نوور هێشتا لەناو کوڕێتیدا وەستابوو. ئەحمەد ملوانکەیەکی لە ملدا بوو مەدالیایەکی بریقەداری

لەسەر بوو کەناوی ئەڵڵای لەسەر هەڵکۆڵدرابوو.

فەریبا ناسیبوویەوە بەبورقەیەکەوە لە تەنیشت ڕەشیدەوە دەڕۆیشت. سڵاوی کرد و بەدەنگێکی بەرز وتی "جەژنتان پیرۆزبێت." لە ناوەوەی بورقەکەوە مریەم سەری بۆ لەقاند.

"تۆ ئەو ژنە دەناسیت ژنی مامۆستاکە؟"

مریەم وتی نایناسم.

"باشترە لێی دوور بکەویتەوە. دووزمانێکی دەمەوەرە ئەم ژنە. مێردەکەشی زۆر لەخۆباییە و خۆی بەکەسێکی هۆشیار و پەروەردەکراو دەزانێ. بەڵام دەڵێی مشکە سەیری کە ڕێک لە مشک ناچێت؟"

چوون بۆ پارکی، شاری نوێ، لەوێ منداڵان یاری و سەمایان دەکرد بەکراسی نەخشکراو و هێلەکی ڕەنگاوڕەنگەوە، بەراوردی دیارییەکانی جەژنیان دەکرد. ژنان سینییە شیرینییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. مریەم چرا و گڵۆپی جەژن و شادیی دەبینی بەپەنجەرەی دووکانەکانەوە هەڵواسرا بوون، لە بڵندگۆکانەوە گوێی لە دەنگی بەرزی گۆرانی و موزیک دەبوو. خەڵکە بێگانەکان بەلایدا دەڕۆیشتن و جەژنە پیرۆزەیان لێ دەکرد.

چوون بۆ، چەمان، شوێنێک بوو لەسەر سنووری نێوان ئەفغانستان و پاکستان، مریەم لە دوای ڕەشیدەوە وەستابوو سەیری ئاسمانی دەکرد چۆن فیشەکە شێتەکان دنیایان ڕووناک دەکردەوە بەشەوقی سەوز و پەمەیی و زەرد. بیری دانیشتنی دەکرد لەگەڵ مەلا فەیزوڵا لە دەرەوەی کوخەکە کاتێک سەیری فیشەکە شێتەکانیان دەکرد لە دوورەوە بەسەر ئاسمانی هەرەتدا دەتەقینەوە، پریشکی لە پڕی ڕەنگەکان وێنەیان دەدایەوە لە چاوە لێڵ و تاناوییەکانی مامۆستاکەیدا، بەڵام بەزۆری بیری نانای دەکرد. مریەم خۆزگەی دەخواست دایکی لە ژیاندا بووایە و ئەمەی ببینیایە، مریەمی ببینیایە لەنێو هەموو ئەمانەدا، یان بۆ دواجار ببینیایە ئاسوودەیی و جوانی دوو شتی دوورەدەست نین، تەنانەت بۆ کەسانی وەکو ئەوانیش.

هەندێک میوانی جەژنیان هاتن بۆ ماڵەوە. هەموویان پیاو بوون، هاوڕێی ڕەشید بوون. کە لە دەرگەکەیان دا، مریەم دەیزانی دەبێت بچێت بۆ ژوورەکەی خۆی و

دەرگـەکـەی دابخـات. لەو کـاتانەدا کـە پیـاوەکـان چایان دەخـواردەوە و جگـەرەیان دەکێشـا دەبوایە مـریەم لە ژوورەکـەی خـۆیدا بمێنێتـەوە. ڕەشـید بەمـریەمـی وتبـوو لەوێ نەیەتە خوارەوە هەتا هەموو پیاوەکان دەڕۆن.

مـریەم پێی ناخـۆش نەبوو. بگرە پێشـی خـۆش بوو. ڕەشـید بەپیرۆزی دەزانـی کـە پاسەوانیی نامـووسـی مریەم بکا. مریەم هـەستی بەبایەخـی ئەو پاراستنەی ڕەشـید دەکرد. لەلای مەزن و بەنرخ بوو.

لە ڕۆژی سـێیـەم و کـۆتاییی جـەژنـدا، ڕەشـیـد چوو بۆ سـەردانـی هـەندێک لە هـاوڕێکـانـی. مـریـەم شـەوی پێـشـوو دڵـی تێکەڵ هـاتبـوو، هـەندێک ئاوی کـولاند و چایەکی گـەرمـی سـەوزی بەحێلەوە خـواردەوە. لە ژووری دانیـشـتنـەکـە، شـتـەکـانـی شـەوی پێـشـووی ڕێک دەکـردەوە: پیـاڵە سـەرەوخـوارەکـان، ناوکـە کـولەکـە نیـوە جـوراوەکان لە نێوان پێخـەفەکاندا، خـواردنەکەی دوێنێ شـەو کە وشک بووبووەوە بەقاپەکانەوە. مـریەم پەرش و بڵاوییەکەی چاک کردەوە و سەرسـام بوو لە تەمبەڵیی ڕادەبەدەری پیاوان.

نەیدەویست بچێت بۆ ژوورەکەی ڕەشـید. بەڵام پاککردنەوەکە مـریەمـی لە ژووری دانیـشـتنەکـەوە دەبرد بۆ قـادرمـەکان، دواتر بۆ ناو داڵانەکـەی سـەرەوە دواتر بۆ ناو ژوورەکـەی ڕەشـیـد، کـاتێک هـەسـتی کـرد لە ژوورەکـەی ڕەشـیـددایە، بۆ یەکـەم جـار لەسـەر سیسـەمـەکەی دانیشت و هەستی بەتاوانباری دەکرد.

چووە لای پەردە سـەوزە قـورسـەکـانەوە، جـووتێک پێـڵاوی پۆڵیـشکراو بـەڕێکی هەڵواسـرابـوو بەدیوارەکـەوە، دەرگـەی کـەنتـۆرەکـە لەو ئـاسـتـەدا کـە بۆیاخـە ڕەساسییەکە لێ بووبووەوە و دارەکەی ژێرەوە دەرکەوتبوو، پاکەتێک جگەرەی بینی لەسـەر باوەڵەکەی تەنیشت سیسـەمـەکەی. جگەرەیەکی خستە نێوان دوو پەنجەیەوە و لە بەردەم ئـاوێنە هێلکەییـیـەکـەی بەدیوارەکـەوە هـەڵواسـرابوو وەسـتـا، هەوای دەدایە دەرەوە بەرەو ئاوێنەکە و جوولەی پرواندنی سوتووەکەی بەجگەرەکە دەکرد. خستییەوە شوێنی خۆی. نەیدەتوانی جوانی و لێهاتوویی ژنە کابولییەکان بهێنێتە بەرچاوی خـۆی لە کـاتـی جگەرەکێشـاندا، مـریەم زۆر بێ نـەزاکـەت و بێ مـانـا دیار بوو.

بەترس و گومانەوە چەکمەجەی سەرەوەی باوەڵەکەی کردەوە.

یەکـەم جـار دەمـانچـەیەکی بینی، ڕەنگەکـەی ڕەش بـوو، دەسکێکـی تەخـتـە و لوولەیـەکی کـورتـی هـەبوو. خـۆی دڵنیـا کـردەوە بـەچ بارێکدا دانرا بوو پێش ئەوەی هەڵی بگرێت، هەڵی گـرت و سـەیری دیوەکـەی تری کرد، زۆر لە سـیماکـەی قورسـتر بوو، دەسکەکەی زۆر سـاف و لووس بوو لە دەسـتیدا، لوولەکەشی سـارد بـوو. مریەم دڵتەنگی و بـێ سرەوتییـەکی قووڵ دای گرت کـە بینی ڕەشید ئامێرێکی هـەیە تەنیا بۆ کـوشـتنی کـەسـێکی تر بـەکـار دێت. بـەڵام بەدڵنیـاییـیـەوە هـەڵی گـرتبـوو بۆ سـەلامـەتی خۆیان. بۆ سـەلامەتیی مریەم.

لەژێر دەمـانچـەکـەدا ژمـارەیەک کۆواری تێدا بـوو سـووچـەکـانیـان لوول بووبوون. مریەم یەکێکیانی کردەوە موچڕکەیەک بەگیانیدا هـات و دەمی داچەقاند.

لەناو هـەمـوو لاپـەڕەیەکدا وێنـەی ژنی تـێدا بوو، ژنی جـوان، نە کـراس، نە پانـتـۆڵ، نە گۆرەوی، نە دەرپێ کـورت، هیچ هیچیان لەبـەردا نەبوو. لەناو سـەرچەف و نوێندا تەپوتـلیـان دابـوو، چاویان بەنیـوە کـراوەیی لەسـەر چـاوی مـریەم بـوو. لە زۆربەی وێنەکـانـدا، لاقـیـان لەیەک جـیـا کـردبووەوە و مـریەم تـەواوی شـوێنە تاریکەکـەی نێـوانیـانی دەبینی. لە هـەندێکیاندا ژنـەکان دامـوکـابوونەوە، خـوا بەوە نەکـات، لەوە دەچوو کـڕنوشـیــان بردبێت بـۆ نوێژ، لەسـەر شـانیـانەوە بەنیگایەکی پیس و بێ ڕێزییەوە بۆ دواوە دەیانڕوانی.

مـریەم بەخێرایی کۆوارەکـانی خسـتـەوە ئەو شوێنـەی لێی دۆزیبوونەوە. هـەسـتی بەگـێـژبوون دەکـرد. ئەم ژنانە کێ بوون؟ چۆن ڕێگە بەخـۆیان دەدەن بەم شـێـوەیە وێنەیان بگیرێت؟ دڵی بەڕق لێبوون تێکەڵ دەهات. پێشـتر ئەم شـتانەی دەکرد ئەو شـەوانەی نەدەهات بۆ ژوورەکـەی؟ ئاخـۆ لەم پێوەندییە تایبـەتییـەدا مـریەم بووەتە جێگەی نائومێدیی ڕەشید؟ ئەی ئەم هـەموو قسەکردنەی لەبارەی ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتی چی؟ ناڕازیبوونی لە کڕیارە مێیینەکانی کە تەنیا قاچیان نیشان دەدا بۆ پێوانەکردنی پێڵاوەکانیان؟ دەموچاوی ئافرەتێک تەنیا کاروباری مێردەکەیەتی. بەدڵنیـاییـیـەوە ئەو ژنـانەی ناو ئەو کـۆوارانە مـێـردیان هـەبووە، خـۆ هیچ نـەبێت هـەندێکیـان سـەد لە سـەد هـەر هـەیانبووە، یان لانی کـەم برایان هـەبووە، ئەگـەر وایە بۆچی ڕەشـید سـور بوو لەسـەر ئەوەی مریەم دەبێت خۆی داپۆشێت، کە ئاسـایی بوو بەلایەوە سـەیری شـوێنە تایبـەتییـەکانی جـەسـتـەی ژن و خـوشـکی پیـاوانی تر بکا؟

مـریەم لەسـەر سـیـسـەمـەکـەی ڕەشـیـد دانیـشت، تەریق بـووبووە و سـەری لێ شـێوابوو. هـەردوو دەسـتی گرت بەدەمـوچاویەوە و چاوەکانی داخست و هـەناسـەی دا و هـەناسـەی دا تا هـەستی بەهێواشبوونەوە کرد.

بەهێواشی، ڕوونکردنەوەیەک خۆی ناساند، ڕەشـید پیاوە، چەندان سـاڵە بەتەنیا دەژی پێش ئەوەی مـریەم بێتـە ئێرە، پێویسـتـییـەکانی ئەو وەکو هـی ئەم نین. بۆ مـریەم، مـانگەکـانـی دواتر، بەیەکـەوە بوونیـان تـەنیـا خـۆڕاهـێنان بـوو لەسـەر بەرگـەگـرتـنی ئازار. هـەڵوێسـتـەکـانـی ڕەشـیـد ڕەق و تووڕە بوون، هەندێ جـار دەچوونە سـەر سنووری توندوتیژی. لە کـاتی جـووڵاندنـی ئارەزووەکانیـدا، لە زۆر بەتوندی گوشینـی سنگی و بەتووڕەیی ڕاوەشـانی جەسـتەیدا پیاو بوو. هەمـوو ئەو سـاڵانە بەبێ ژنێک، چۆن بتـوانێ خـەتای بگرێت کە خـوا بەم شـێـوەیە دروسـتی کردووە؟

مریەم دەیزانی کە هـەرگیـز ناتوانێ لەبارەی ئەمەوە قسـەی لەگەڵ بکا. تەنانەت شـیـاو نـەبوو بۆ ناوهێنان. بەڵام شـایەنی بیرچوونەوە بـوو؟ تەنیـا دەیتـوانـی بیر لە پیاوەکەی تری ژیانی بکاتەوە. جەلیل، یەک مێردی سێ ژن و یەک باوکی نۆ منداڵ لە یەک کـاتدا، لە دەرەوەی هـاوسـەرێتی پێـوەندیی هەبووە لـەگـەڵ نانا. کـامـیـان خراپتر بوو، کۆوارەکانی ڕەشید یان ئەوەی جەلیل کردوویەتی؟ کە نازناوی لادێیی و زۆڵی دوای مریەم خستووە. مریەم چەکمەجەکەی خوارەوەی باوەڵەکەی کردەوە.

وێنەی کـوڕێکی دۆزییـەوە، یونس. وێنەکە ڕەش و سپی بوو. لە تەمـەن چوار یان پێنج سـاڵان دەچوو، کـراسـێکی خـەت خـەت و بۆینبـاخـێکی گوڵگوڵی لەبەردا بوو، کوڕێکی زۆر جـوان بوو، لووتێکی بـاریک، قـژێکی قـاوەیی و جـووتێک چاوی ڕەش و چاڵی هـەبـوو. سـەیری ئەولاوەی کـردبوو لـەوە دەچوو خـەیاڵی ڕۆیشـتـبـێـت لـە کـاتی لێدانی فلاشی کامێراکەدا.

لەژێر ئـەوەوە مـریەم وێنەیەکی تـری دۆزییـەوە، ئـەمـەشـیـان ڕەش و سـپی بوو، کـەمـێک زیاتر لەوی تر چرچ و خـەتی تێ کـەوتبـوو. ژنێک لەسـەر کـورسـیـیـەک دانیشتبوو، لە پشتیەوە ڕەشیدێکی باریکتر بەقژێکی ڕەشەوە وەستابوو. ژنەکە جوان بوو، بەقەد ژنەکانی ناو کۆوارەکە نا، بەڵام جوان بوو. بەدڵنیاییەوە جوانتر بوو لە مریەم، قژێکی ناسکی ڕەشی خاوی هەبوو لە ناوەڕاستدا کردبووی بەدوو

بەشـەوە، دوو ڕوومـەتی بەرز و ناوچەوانێکی لەسـەرخـۆی هەبوو. مـریەم بیـری لە دەمـوچاوی خـۆی دەکـردەوە، چەناگـەیەکی درێژ و دوو لێـوی تـەنک و هەسـتی بەفرتەفرتێکی ئیرەییبردن کرد لە هەناویدا.

بۆ مـاوەیەکی زۆر سـەیری ئەم وێنەیەی کـرد. شـتـێک لە وێنەکـەدا لـەبارەی هەوڵدانـی ڕەشـیـد بۆ زیاتر هاتنە بـەرچاو بەسـەر ژنـەکـەدا زۆر لێڵ و نـادیار بوو. دەسـتـەکـانی لەسـەر شـانی بوون، زەردەخـەنە تەسک و توندەکـەی و دەمـوچاوە بێ پێکەنینەکەی ژنـەکە و شـێوەی لاربوونـەوەی جـەسـتـەی کـەمێک بـۆ پێشـەوە لەوە دەچوو ویستبێتی لەژێر دەستی ڕەشیددا بێتە دەرەوە.

مریەم هەموو شتەکانی خستەوە ئەو شوێنانەی کە لێی دۆزیبوونەوە.

دواتر کـە جلی دەشـۆرد پەشـیـمـان بووەوە لەوەی کـە چووەتە ژوورەکـەی. بۆ چ شتێک؟ چ گرینگییەک لەبارەی ڕەشیدەوە فێر بوو؟ لەوەی کە دەمانچەیەکی هەیە و پیاوێکە بەو شـتانەوە کە پیاوێک پێویستی پێیـەتی؟ وە نەدەبوو ئەوەندە لە وێنەکەی ڕەشـید و ژنەکـەی ڕابمێنێ بۆ ئەو مـاوە دوور و درێژە، چاوەکانی ئـەو شـتـانەیان خـوێندەوە کـە لە هـەر وێنـەیەکی تردا لەو سـاتە کـورتەی وێنەگـرتندا ڕوو دەدەن و ئاسایین.

مـریەم ئێستا هەستی بەقورسـاییی خـەم دەکرد، وەک چۆن قورسـاییی جلەکان تەنافـەکـەیان شـۆڕ کـردبـووەوە. ڕەشـیـدیش ژیانێکی ناخـۆشی هەبووە، ژیانێک بەمـەرگ و چارەنووسـێکی تاڵ نیـشـانـە کـرابێت. هۆشی ڕۆیشـتـەوە بۆ لای کـوڕە بچووکەکەی، یونس، کە جارێک شێرە بەفرینەی دروست کردووە لەم حەوشەیەدا. قـاچەکانی ئـەویش هـەمـان ئـەم قـادرمـانەیان تەی کـردووە. دەریاچەیەک لەدەسـتی ڕەشـیـدی ڕاپسکاندووە، مـریەمـی ئازار دا. ئێـجگار زۆر ئازاری دا کـە ڕەشـیـدی هێنایـە بەرچاوی خـــۆی بێ ورە و ترســاو و بێـــچـــارە هـەنگاو بەســـەر ڕۆخی دەریاچەکـەدا دەنێت و تکا و پاڕانەوە دەکـات بۆ ئەوەی کـوڕەکـەی تف بکاتەوە و بیـخـاتەوە سـەر زەوییە وشکەکە. بۆ یەکـەم جـار هـەسـتی بەنـزیکی دەکرد لـەگەڵ مـێـردەکـەیدا، بەخـۆی دەوت لە پاش هەمـوو شـتـێک دەبینە دوو هاودەمـی باشی یەکتر.

## ١٣

لەناو پاسەکەدا بۆ ماڵەوە، لەلای دوکتۆرەکەوە نامۆترین شت ڕووی دەدا لە مریەم. سەیری هەر جێگەیەکی دەکرد ڕەنگی کراوە و کاڵی دەبینی: لەسەر قوماشی ڕەنگ دێز، لەسەر شۆستەی کۆنکرێت، لەسەر سەقفی تەنەکە و دەرگەی دووکانەکان، لەناو ئاوە قوڕاوییەکەی لە جۆگەلەکانەوە دەهاتە خوارەوە، وەک ئەوە بوو پەلکەزێڕینەیەک بەرچاوی بگرێت.

ڕەشید بەپەنجەکانی تەپڵی لێ دەدا و گۆرانیی دەوت، هەر کاتێک پاسەکە تەکانی دەدا یان دەڕۆیشتە پێشەوە بۆ وەستان، ڕەشید بەدەستی سکی مریەمی دەپاراست و نەیدەهێشت بەر کورسییەکە بکەوێ.

"زالمای چۆنە؟ ناوێکی پەشتوونی زۆر خۆشە."

مریەم وتی "ئەی ئەگەر کچ بێت؟"

"وابزانم کوڕە، بەڵێ. کوڕ."

دەنگەدەنگێک لەناو پاسەکەدا دەستی پێ کرد. هەندێک لە نەفەرەکان پەنجەیان ڕادەکێشا و هەندێکیان پاڵیان دەنا بەکوشنەکانەوە بۆ ئەوەی بتوانن ببینن.

ڕەشید بەپەنجەی کێشای بەپەنجەرەکەدا و وتی "سەیری ئەوێ بکە. دەیبینیت؟"

لەسەر شەقامەکە خەڵکی بینی وەستابوون لەسەر ڕێگەکەیان. ئەوانەی لە ئۆتۆمۆبێلەکانیاندا بوون لە ترافیکەکە دەموچاویان لە جامەکە هێنابووە دەرەوە و سەیری ئاسمان و پروشە هێواشەکانیان دەکرد. سەیر بوو بەلای مریەمەوە، شێت و شەیدایی و تامەزرۆییی خەڵکەکە بۆ سەرەتای هاتنی وەرزێک. دەرفەت بوو بۆ بینینی شتێک کە هەتا ئێستا شاراوە و نادیار بوو. ئەم دیمەنە بۆ مریەم بینینی سەرەتای هاتنی وەرزێکی ساڵ بوو. ئەو شۆخ و شەنگییەی کە ئەو بینی ڕاستییەک بوو کە وەک هەموو ڕووداوەکانی پێشتر شێواو و دڵتەنگ نەبوو. ئەمە هەلێکی باش بوو بۆ مریەم شتێکی دڵخۆشکەریش ببینێ.

ڕەشید وتی "ئەگەر کچە، کە لە ڕاستیدا وا نییە، بەڵام ئەگەر کچ بێت خۆت دەتوانیت هەر ناوێک بتەوێ لێی بنێیت."

بەیانیی داهاتوو مریەم لە دەنگی مشار و چەکوش خەبەری بووەوە. بەفرێکی زۆر باریبوو، حەوشەکەیان پارچەیەک سپی لە بەفردا، مریەم چوو بۆ ئەوێ. بەفربارینە چڕەکەی شەو خۆشی کردبووەوە، ڕووناکییەکی پەرش و بڵاو و کلوە بەفری خولاوە لە هەوادا ڕوومەتی مریەمیان ختوکە دەدا، هەواکە جووڵەی تێدا نەما بوو بۆنی سووتانی خەڵووزی لێ دەهات. بێدەنگییەکی سامناک کابولی داپۆشیبوو، بەرگێکی سەراپا زیوینی پۆشیبوو، تەرزی دووکەڵ بەئاسماندا هەڵدەگەڕان لێرە و لەوێ.

ڕەشیدی لەسەر سەکۆکە بینی بزماری بەتەختەدا دادەکوتی. کە مریەمی بینی بزمارەکەی لە گۆشەی دەمی دەرهێنا.

"ویستم کە تەواو بوو خۆم لە ناکاو بانگت بکەم. کوڕەکە بێشکەیەکی دەوێت. نەدەبوو بیبینی هەتا تەواوی دەکەم."

مریەم خۆزگەی دەخواست بەم جۆرە خەون و خەیاڵانەوە خۆی نەبەستێتەوە کە وا بزانێت منداڵەکە کوڕ دەبێت. پێی دڵخۆش بوو بەقەدەر دڵخۆشیی مریەم بۆ دووگیانییەکەی، چاوەڕوانییەکانی قورساییان لەسەر مریەم دروست کردبوو. دوێنێ ڕەشید چووبووە دەرەوە و هاتبووەوە بەچاکەتێکی کوڕانەی گەرمی زستانەوە، ناوەکەی خورییەکی نەرمی مەڕی پێدا گیرابوو، قۆڵەکانی بەدەزووی ئاوریشمی زەرد و سوور نەخشێنرابوون.

ڕەشید پارچە تەختەیەکی درێژ و باریکی بەرز کردەوە و لە نیوەیدا بڕییەوە و وتی قادرمەکان شوێنێکی سەلامەت نییە."ناتوانرێت هەموو ساتێک ئاگەداری بکرێت، کوڕان بوونەوەری سەرسەختن." مریەم لەناو سەرماکەدا ڕۆبەکەی لە خۆی کردەوە.

بەیانیی دواتر ڕەشید وتی دەیەوێت هاوڕێکانی بانگهێشت بکا بۆ سازدانی بۆنەکە. هەموو بەیانییەکە مریەم نیسکی شۆردەوە و برنجی خوساند، باینجانی هەڵکۆڵی و کەوەر و قیمەی کوڵاند بۆ مەحشی، ماڵەکەی گسک دا و پەردەکانی تەکاند و هەوای ماڵەکەی گۆڕی سەرەڕای ئەوەی بەفرێکی تر دەستی پێ

کردبووەوە، چەرچەف و پشتییەکانی لەبن دیوارەکەدا ڕیز کرد و هەندێک شیرینی و بایەمی برژاوی خستە سەر مێزەکە.

دەمەوئێوارە لە ژوورەکەی خۆی مایەوە پێش ئەوەی یەکەم میوان بێت. لە جێگەکەی خۆیدا ڕاکشا کاتێک پێکەنین و گاڵتەوگەپ و هوهاکێشان بەجارێک دەستی پێ کرد. بێجگە لەسەر سکی نەیدەتوانی دەستی لە هیچ شوێنێکی تر دابنێ. بیری لە گەشەی ئەو بوونەوەرە دەکردەوە لەناو جێگەکەدا. کامەرانیی بۆ دەهێنا وەک بایەکی توند خۆی بدا بەدەرگەیەکدا و تەواو بیکاتەوە. چاوەکانی ئاویان کرد.

مریەم بیری لە گەشتە شەشسەد و پەنجا کیلۆمەترییەکەی دەکردەوە لەگەڵ ڕەشیددا، لە هەرەتەوە لە خۆرئاوا لە نزیک سنووری ئێران، بۆ کابول لە خۆرهەڵات. بەلای شارۆچکەی گەورە و بچووکدا تێ دەپەرین، دواتر ئەڵقەی یەک لە دوای یەکی گوندە بچووکەکان زنجیرەیەکیان دروست کردبوو بەسەر شاخ و بەناو بیابانە سووتاوەکانەوە لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر. وە ئێستا لێرەیە بەسەر ئەم بەردەڵان و گردە وشک هەڵهاتووانەدا، لە ماڵی خۆیدا، لەگەڵ مێردی خۆی، بەرەو یەک ئەنجامی پڕ چێژ : دایکایەتی. چەند بەتەوس بوو بیرکردنەوە لەم منداڵە، منداڵی مریەم. منداڵی ئەوان. چەند شکۆدار و نایاب بوو کە خۆشەویستیی مریەم لە ئێستاوە هەموو شتەکانی تری ژیانی پشتگوێ خستبوو وە دەیزانی لە ئێستا بەدواوە پێویستی بەبەردە بچووکەکانی نابێت.

لە ژووری میوان کەسێک دەنگی ئۆکۆردۆنەکەی بەرز کردەوە، دەنگی تەپڵەکە دەهات، کەسێک دەنگی پاک کردەوە و دەست کرا بەفیکە و چەپڵە و هاوار و گۆرانی وتن.

مریەم بەهێواشی دەیکێشا بەنەرمایی سکیدا، دوکتۆرەکەی پێی وتبوو گەورەتر نییە لە نینۆکێک.

بیری دەکردەوە، من دەبم بەدایک.

وتی "من دەبم بەدایک." پاشان بەخۆی پێ دەکەنی و دەیوت و دەیوتەوە، چێژی لە یەکە بەیەکەی وشەکان دەبینی.

کاتێک مریەم بیری لەم منداڵە دەکردەوە دڵی لەناو سینەیدا پڕ دەبوو لە شانازی

و خۆبەگەورەزانی، زیاتر و زیاتر پڕ دەبوو هەتا هەموو لە کیسچوونەکانی، هەموو خەفەتەکانی، هەموو تەنیایی و ڕیسواییەکانی ژیانی دەشۆرانەوە. لەبەر ئەمەیە خوا هێناویەتی بۆ ئێرە، لەو دوورەوە لەلاکەی تری وڵاتەکەوە. ئێستا بەمەی دەزانی. بڕگەیەکی قورئانی بیر هاتەوە کە مەلا فەیزوڵا فێری کردبوو: خوا لە خۆرهەڵات و خۆرئاوایە، هەروەها ڕوو لە هەر شوێنێک دەکەیت نیازی خوای لێیە... چووە سەر بەرماڵەکەی و دەستی کرد بەنوێژکردن، کە تەواو بوو هەردوو دەستی بەرز ڕاگرت و لە خوا پاڕایەوە کە ڕێگە نەدات ئەم هەموو ئاسوودەیی و ئومێدەی تێک بشکێن.

داخوازیی ڕەشید بوو بچێت بۆ حەمام. مریەم قەت لە حەمامی دەرەوە خۆی نەشووشتبوو، بەڵام ڕەشید وتی هیچ شتێک لەوە پاکژتر نییە کە هەنگاو دەنێیتە دەرەوەی حەمامەکە و یەک هەناسەی ئەو هەوا ساردە هەڵدەمژیت و هەست بەهەڵمەکەی سەر پێستت دەکەی بەرز دەبێتەوە.

لە حەمامی ژنان، شێوەی جیاجیا دەجووڵان لە بەردەمی مریەمدا، لەلایەک بەلایەکی چاو بۆیان دەڕوانی و لەلایەکی ترەوە چاڵوچۆڵی ناوشانی هەندێک لە ژنەکان. قیژەقیژی کچە گەنجەکان و مرخەمرخی ژنە پیرەکان. دڵۆپەی پرژەی دوشەکان دەدران بەیەکدا لە نێوان دیوارەکاندا و لفکەکان لە پشتەکان دەخشان و قژەکان کەفیان پێوە بوو. مریەم لە سووچێکی دووردا دانیشت بەتەنیا، بە بەردەپێیەک بنی پێی دەکڕاند، دیوارێکی هەڵم لە لەشەکانی تری جیا کردبووەوە.

خوێن هات و مریەمیش دەیقیژاند.

کە قاچی خلیسکا لەسەر ئەرزە بەردینەکە، دەموچاوەکانی نزیکی لێی ورد دەبوونەوە و زمانەکان نەدەوەستان.

ئەوشەوە دواتر لەناو جێگەدا فەریبا بەمێردەکەی وت، هەرکە گوێی لە قیژەکە بووە ڕای کردووە ژنەکەی ڕەشیدی بینیوە لە سووچێکدا خۆی کوشکەڵە کردووە و ئەژنۆی بەسنگیەوە، حەوزێکی خوێنیش لەژێریدا بووە. "گوێم لە لەرزەلەرزی ددانی بوو، حەکیم، زۆر بەخراپی هەموو گیانی دەلەرزی." فەریبا وتی کە مریەم بینیویەتی بەدەنگێکی بەرز و دەستەوداماێنەوە پرسیویەتی ئاساییە ئەمە؟ وانییە؟ ئاساییە، وا نییە؟

گەشتێکی تر بەپاس لەگەڵ ڕەشید. دیسان بەفر دەبارێت ئەمجارە بەپڕی. پنتک پنتک کەڵەکە کرابوون لەسەر شۆستەکان، سەقفەکان، لە دەوروبەری درەختە پەرش و بڵاوەکان، مریەم سەیری بازرگانەکانی دەکرد لە بەردەم دووکانەکانیان بەفریان ڕادەماڵی. کۆمەڵێک کوڕ ڕاوی سەگێکی ڕەشیان دەنا، زۆر چالاکانە سەلامیان بۆ پاسەکە کرد. مریەم ئاوڕی دایەوە بۆ ڕەشید چاوەکانی داخرابوون، مرەی دەهات، مریەمیش سەری خست بەپشتدا و چاوی داخست، دەیویست لەناو گۆرەوییە ساردەکانی و بلوزە شێدارەکەی کە مێروولەی دەکرد لەسەر لەشی بێتە دەرەوە، دەیویست لەم پاسە دوور بکەوێتەوە.

لە ماڵەوە ڕەشید بەلێفەیەک داپۆشی کاتێک لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو، بێباکی و گرژی لەم ڕەفتارەیدا بوو.

"ئەمە چ جۆرە وەڵامێکە؟ مەلایەکیش هەر وا دەڵێت. بۆیە پارە دەدەم بەدوکتۆر بۆ ئەوەی وەڵامێکی باشترم بداتێ، ویستی خوایە، "

مریەم خۆی کوشمەڵە کرد لەژێر لێفەکەوە و بەڕەشیدیشی وت وچانێک بدا.

ڕەشید لەبەر خۆیەوە"ویستی خوایە."

هەموو ڕۆژەکە لە ژوورەکەی خۆی دانیشت و جگەرەی کێشا.

مریەم لەسەر قەنەفەکە ڕاکشا، دەستەکانی جووت کردبوو لە نێوان ئەژنۆیدا، لە پەنجەرەکەوە سەیری گێژاوی خولانەوە و تێکەڵبوونی کلووە بەفرەکانی دەکرد. هاتەوە یادی، نانا جارێک وتبووی هەر کلووە بەفرێک ئاهێکە لە ژنێکی ئازاردراوەوە لە شوێنێکی دنیادا. هەموو ئاهەکان وێڵ دەبن بەرەو ئاسمان، لە هەورێکدا کۆ دەبنەوە و دابەش دەبن بۆ پارچەی بچووک و بەبێدەنگی دادەبارن بەسەر خەڵکدا.

بۆ ئەوەی بڕوا بکەیت کە هەموو ژنەکان وەک ئێمە ئازار دەچێژن، سەیر کە ئێمە چەند بێدەنگین لە کاتی کەوتنە خوارەوەی هەموو ئەمانە بەسەرماندا.

خەفەتەکە زۆر لە ناکاو بوو بۆ مریەم. هەرچەند دەیویست لێی بێتە دەرەوە، بەڵام بێشکە ناتەواوەکەی حەوشەکە و چاکەتە کوڕانەکەی ناو کەنتۆرەکەی ڕەشید نەیاندەهێشت. لە خەیاڵەکانی مریەمدا منداڵەکە لەدایک بوو، گوێی لێی بوو، گوێی لە مرخەمرخی برسێتییەکەی، ژاوەژاوی هەڵەوەڕییەکەی بوو، هەستی بەهەناسەهەڵکێشانی دەکرد لەسەر سنگی. خەمەکە مریەمی دەشۆردەوە و هەموو گیانی دادەپۆشی و سەرەوخوار هەڵی دەواسی. زمانی وەستابوو لەوەی بەهۆی هەڵسوکەوتێکی گۆجانەیەوە بەو بوونەوەرە ڕانەگەیشت کەهەرگیز نەیبینیبوو.

ڕۆژانی دواتر هێندە تاریک بوون مریەم ناخۆشییەکانی تری نەدەبینی. تەنانەت شێوازی ژیانە کۆنەکەی ماندووی نەدەکرد و تەقەلای زۆری نەدەویست لە جێگەکەی هەستێت و ماڵ پاک بکاتەوە و خواردن بۆ ڕەشید دروست بکا و جگە لەمانە ژیانی هیچی تری تێدا نەما بوو.

مریەم ساتمەی دەکرد بچێتە دەرەوە. لە ناکاو زۆر ئیرەیی بە ژنانی گەڕەک دەبرد کە سامانێکی گەورە لە منداڵیان هەبوو، هەندێکیان حەوت یان هەشتیان هەبوو کەچی نەیاندەزانی چەندە خۆشبەختن، چەند پیرۆزە منداڵەکانیان لەناو سکیاندا نەشونمایان کردووە و ژیاون بۆ ئەوەی لە باوەشیاندا بتلێنەوە و شیرەکەی سنگیان بخۆنەوە. ئەو منداڵانەی بەخوێنەوە تێکەڵی سابوون و ئاو نەبوون و لەگەڵ چڵکی لەشی بێگانەکاندا نەچوونەتە خوارەوە بۆ ناو زەوییەکان. مریەم زۆر لێیان پەست بوو کە گوێی لێ دەبوو گلەییان لە کوڕە بەدڕەفتار و کچە تەپۆکانیان دەکرد.

دەنگێک لەناویدا هەوڵی دەدا دایمرکێنێتەوە بەنیاز و دڵنەواییەکی هەڵخەڵەتێنەوە.

منداڵی ترت دەبێت، ئیشەڵڵا. تۆ گەنجیت، بەدڵنیاییەوە دەرفەتی ترت بۆ دەڕەخسێ.

خەفەتەکەی مریەم بێ هیوایی و نادیار نەبوو. مریەم خەفەتی بۆ ئەم منداڵە دەخوارد، بۆ ئەم منداڵە بەتایبەتی، کە بۆ ماوەیەک دڵخۆشی کردبوو.

هەندێک ڕۆژ لەو باوەڕەدا بوو ئەم منداڵە بەختێک بوو، ناڕەوا بووە بەمریەم. ئەمە سزادان بوو لە پاداشتی ئەوەی بەرامبەر نانا کردی. ئەی لەوانە نەبوو مریەم بەدەستی خۆی ئەو پەتەی بکردایەتە ملی نانا؟ کچی بەدکاران شایانی ئەوە نین ببن بەدایک، ئەمە تەنیا بۆ سزادان بوو. ناو بەناو خەونی دەبینی کە جنۆکەکانی نانا لە شەودا خۆیان دەکرد بەژوورەکەیدا چڕنوکەکانیان لە سکی تیژ دەکرد و منداڵەکەیان لێ دەدزی. لەم خەونانەدا، نانا قاقای لێ دەدا و پڕ دەبوو لە دڵخۆشی و لە پشتگیریکردنیان.

ڕۆژانی تر مریەم بەبێزاری گەمارۆ درابوو. خەتای ڕەشید بوو بۆ سازدانی بۆنە پێشوەختەکەی، بۆ ئەم بیروباوەڕە هەڵەشەیەی کە مریەم کوڕی دەبێت، یان ناوی منداڵەکە ئەوە بێت کە خۆی وتی. خەتای ئەو بوو کە مریەمی نارد بۆ حەمامی دەرەوە. شتێک لەوێ، هەڵمەکە، ئاوە پیسەکە، سابوونەکە، شتێک لەوێ بووە هۆی ڕوودانی ئەمە. نا، ڕەشید نا. خەتای خۆی بوو. زۆر گرینگیی نەدەدا بەشێوەی خەوتن، خواردنی زۆر توونی دەخوارد میوەی تەواوی نەدەخوارد و چای زۆر دەخواردەوە.

خەتای خوا بوو کە بەم شێوەیە ترساندبووی. بۆ لێ ڕانەبینینی مریەم بۆ ئەو شتانەی لە ژنەکانی تری ڕادەبینی. بۆ خستنە بەرچاوی و تامی تامی پێکردنی، بەو شتەی کە دەیزانی گەورەترین دڵخۆشی دێنێت بۆی. بەڵام دواتر کێشایەوە.

بەڵام هەموو ئەم درۆی خەتابارکردنانە بێ سوود بوون، ئەم هەموو هێرشانە هەڵدەبەزینەوە لەسەریدا، بیرکردنەوە لەم شتانە کفر بوون. ئەڵڵا خوایەکی ڕق لە دڵ نییە و خوایەکی مێشک تەسک نییە. وشەکانی مەلا فەیزوڵا چرپاندیان بەگوێیدا: بەپیرۆزیی خۆی دەسەڵات لە دەستی پاشاکەدایە، ئەو کەسەی هێزی بەسەر هەموو شتەکاندا هەیە، ئەو کەسەی ژیان و مردنی دروست کردووە بۆ ئەوەی تاقیت بکاتەوە.

مریەم لە بیرکردنەوە لە گوناهەکانیدا نقوم بوو، چۆکی دادا و پاڕایەوە بۆ بەخشین.

له هەمان کاتدا، له رۆژی حەمامەکەوە گۆڕانکارییەک هاتبوو بەسەر ڕەشیددا. زۆربەی ڕۆژەکان کە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە بەئەستەم قسەی دەکرد، بەهەڵوێستێکی ڕەقی هاوسەرییەوە نیوەشەو دەچوو بۆ خەوتن. زیاتر خوی دابووە خۆگرژکردن، عەیب دۆزینەوە لە خواردنەکانی مریەم، گلەییکردن لە شێواوی و بەسەریەکداکەوتنی حەوشەکە، پەڵە و هەڵڕێژراوی بچووکی ناو ماڵەکە. جارجار لە ڕۆژانی هەینیدا هەر وەکو پێشتر مریەمی دەبردە دەرەوە، بەڵام زۆر خێراتر دەڕۆیشت لەسەر شۆستەکان و هەردەم یەک دوو هەنگاو لە پێش مریەمەوە بوو، بەبێ دەمەتەقێکردن، بێ ئاگا لە مریەم کە هێندەی نەما بوو ڕابکات بۆ ئەوەی پێی بگاتەوە. وەک پێشتر ئامادەی پێکەنین نەبوو. شیرینی و دیاریی بۆ نەدەکڕی و نەدەوەستا ناوی شوێنەکانی پێ بڵێت وەک چۆن پێشتر ڕاهاتبوو لەسەری. پرسیارەکانی مریەم پەست و تووڕەی دەکردن.

شەوێک لە ژووری دانیشتنەکە دانیشتبوون و گوێیان لە رادیۆ دەگرت. زستان تێ دەپەڕی، ئەو ڕەشەبا بەهێزەی بەفرەکەی بەسەر دەموچاودا سواخ دەکرد و چاوی پڕ دەکرد لە ئاو، هێواش بووبووەوە. تۆپەڵە بەفری زیوین دەتوانەوە، لەسەر لقی درەختەکانەوە بۆ سەر کۆتەرەداری ڕەشبوو، کە دوای یەک دوو هەفتە چرۆی ڕەنگ سەوزی کاڵ جێگەی دەگرتنەوە. ڕەشید بە بێ ئاگایی قاچی دەدا بەسەر مێزەکەدا لەگەڵ گۆرانی هاوئاهەنگ، چاوی بەرامبەر دووکەڵی جگەرەکەی توند نوقاند.

مریەم پرسی" لە من تووڕەیت؟"

ڕەشید هیچی نەوت. گۆرانییەکە تەواو بوو هەواڵەکان دەستی پێ کرد، دەنگی ژنێک ڕای گەیاند سەرۆک داودخان گرووپێک ڕاوێژکاری سۆڤیەتی ناردووەتەوە بۆ مۆسکۆ بۆ مەسەلە ئاڵۆزەکەی کریملین.

"خەمی ئەوەمە تووڕە بیت لە من."

ڕەشید هەناسەیەکی هەڵکێشا.

"وایە؟"

ڕەشید چاوی خستە سەر مریەم "دەبێت بۆچی تووڕە بم؟"

"نازانم بەڵام لەوەتەی منداڵەکە..."

"دوای ئەو هەموو شتەی بۆم کردیت، بەو جۆرە پیاوانەم لە قەڵەم دەدەیت؟"

"نا، بێگومان نەء."

"کەواتە، هەراسانکردن بەسە! "

"بمبوورە، ڕەشید لێم ببورە."

جگەرەکەی لە تەپڵەکەکەدا خنکاند و دانەیەکی تری داگیرساند، دەنگی ڕادیۆکەی زیاد کرد.

مریەم دەنگی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی گوێی لێی بێت لەناو موزیکەکەدا. "بەڵام بیرم دەکردەوە،"

ڕەشید هەناسەیەکی هەڵکێشایەوە، ئەم جارە پەستتر بوو، دەنگی ڕادیۆکەی کز کردەوە. بەبێزارییەوە ناوچەوانی کرژاند "ئێستا چی؟"

"بیرم دەکردەوە لە بەخاکسپاردنێکی گونجاو بۆ منداڵەکە. بەس خۆمان و هەندێک نزا و پاڕانەوە، هیچی تر نا."

مریەم ماوەیەکی زۆر بوو بیری لەمە کردبووەوە. نەیدەویست ئەم منداڵەی لەبیر بچێتەوە، زۆر نارەوا دەبێت ئەگەر لەدەستچوونی ئەم منداڵە وەک لە دەستچونێکی هەتاهەتایی سەیر نەکرێ.

" لەبەر چی؟ چ بیرکردنەوەیەکی بێ مێشکانەیە."

"وام لێ دەکات ئاسوودەتر بم، وابزانم."

بەڕقەوە وتی "کەواتە تۆ بیکە، من پێشتر کوڕێکم ناشتووە. دانەیەکی تر نانێژم. ئێستا ئەگەر پێت ناخۆش نییە من دەمەوێت گوێ بگرم."

دەنگەکەی زیاد کردەوە و سەری نوشتاندەوە بۆ دواوە و چاوەکانی داخست.

بەیانییەکی خۆرهەتاو لەو هەفتەیەدا مریەم پەڵەیەکی نیشانە کرد لە حەوشەکەدا و چاڵێکی هەڵکەند، لەژێر هەناسەیەوە لەگەڵ هەڵکەندنی ئەرزەکە بەخاکەناز، وتی " بەناوی خواوە و لەگەڵ خوا وە بە ناوی پەیامبەری خواوە درووود و ڕەزای خوای لەسەر بێت."چاکەتە زستانەکەی ڕەشید کڕیبووی، خستە چاڵەکەوە و خۆڵەکەی کردەوە بەسەردا.

" لە ڕۆژەکان شەو و لە شەوەکان ڕۆژ دروست دەکەیتەوە، مردن بۆ ژیاوەکان و

ژیان بۆ مردووەکان دەهێنیت، بەبێ پێوانە پشتیوانیی ئەوانە دەکەیت کە لێیان ڕازیت."

خۆڵەکەی تەخت کرد بەپشتی خاکەنازەکە، وە لای گۆڕیچکەکەوە دانیشت و چاوی داخست.

پشتیوانیی بکە، خوا.

پشتیوانیی من بکە.

## ١٥

نیسانی ١٩٧٨

له حەڤدەی نیسانی ساڵی ١٩٧٨دا، ئەو ساڵەی مریەم بوو بەنۆزدە ساڵ، پیاوێک بەناوی میر ئەکبەر خەیبەر بەمردوویی دۆزرایەوە. دوو ڕۆژ دواتر خۆپیشاندانێکی گەورە لە کابول ئەنجام درا، هەموو خەڵک لە دەرەوە بوون و باسیان دەکرد. لە پەنجەرەکەوە مریەم خەڵکی گەڕەکی دەبینی تێکەڵ بووبوون بەیەکدا و بەڕووخۆشییەوە قسەیان دەکرد و ڕادیۆی بچووکیان گرتبوو بەگوێیانەوە. فەریبای بینی پاڵی دابوو بەدیواری ماڵی خۆیانەوە، لەگەڵ ژنێکی تازە لە دێمەزەنگ قسەی دەکرد، فەریبا پێ دەکەنی و دەستی دەهێنا بەئاوساویی سکە پڕەکەیدا. ژنەکەی تر کە مریەم ناوەکەی بیر چووبووەوە لە فەریبا بەتەمەنتر دیار بوو، قژی ڕەنگێکی مۆری کۆنی تێدا بوو، دەستی کوڕێکی بچووکی گرتبوو، مریەم دەیزانی کوڕەکە ناوی تاریقە، چونکە گوێی لە دایکی بووبوو لە کۆڵانەکاندا بەم ناوە بانگی کردبوو.

مریەم و ڕەشید بەشداریی دراوسێکانیان نەکرد. گوێیان لە ڕادیۆ دەگرت کە نزیکەی دە هەزار خەڵک ڕژاونەتە سەرشەقامەکان، سەر تا خواری ئەو ناوچانەی فەرمانگەکانی دەوڵەتیان تێدا بوو پڕ کردووە. ڕەشید وتی میر ئەکبەر خەیبەر کۆمۆنیستێکی دیار و بەناوبانگ بووە، لایەنگرەکانی خەتاکە دەخەنە ئەستۆی حکوومەتەکەی داودخان. ڕەشید سەیری نەدەکرد کە ئەمەی پێ وت، ئێستا وەک جاران سەیری ناکا لە کاتی ئاخاوتندا، مریەمیش دڵنیا نەبوو لەوەی کە قسە لەگەڵ ئەودا دەکرێ.

مریەم وتی "کۆمۆنیست چییە؟"

ڕەشید پرماندی و هەردوو برۆی بەرز کردەوە "نازانیت کۆمۆنیست چییە؟ شتێکی ئەوەندە سادە؟ هەموو کەس دەزانێت، زانیارییەکی گشتییە و تۆ نایزانیت،

پاح! نازانم بۆ سەیره لەلام." قاچی خستە سەر قاچی و وتی نازانم بەس کەسێک بوو باوەڕی بەکارڵ مارکس بووە.

" کارڵ مارکس کێیە؟"

ڕەشید هەناسەیەکی هەڵکێشا.

لە ڕادیۆ دەنگی ژنێک ڕای گەیاند تاراکی سەرۆکی خالق کە پەلێکی پارتی "پ. د. پ. ا" بوو هێزێکی کۆمۆنیستی ئەفغانییە، لەسەر شەقامەکان بوون و وتارێکی بەپێز و هەست بزوێنیان بۆ خۆپیشاندەران داوە.

مریەم پرسی "مەبەستم ئەوەیە، چییان دەوێت؟ ئەم کۆمۆنیستانە، چییە ئەوەی بڕوایان پێیەتی؟"

ڕەشید پڕ بوو سەری ڕاوەشاند، بەڵام مریەم باوەڕ بەخۆنەبوونی دەبینی لە قۆڵ خستنە سەر سنگی و شێوەی جووڵاندنی چاوەکانیدا، وتی " تۆ هیچ نازانیت، دەڵێی منداڵیت، مێشکت بەتاڵە، هیچ زانیارییەکت نییە."

"پرسیم لەبەرئەوەی..."

"دەمت داخە."

مریەم بێدەنگ بوو.

ڕێگەدانی بەم جۆرە قسەکردنەی ئاسان نەبوو، بەسووک سەیرکردنەکەی، هێرش بردنە سەری و ڕووشاندنی هەستەکانی، ڕۆیشتنەکەی بەلایدا و سەیرکردنی وەک پشیلەیەکی ماڵی نەک مرۆڤ. بەڵام دوای چوار ساڵی ژیانی هاوسەریی مریەم، بەڕوونی بینی کە ژنێک ترسا چەندە ڕێگە بەڕوودانی شتەکان دەدا. وە مریەم ترسا بوو. لەناو ئاڵوگۆڕکردنی بەرچاو تاریکی و ڕووگرژییەکانیدا دەژیا، لەناو گەرمی و ساردیی کەمخایەنی هەست و هۆشیدا، بەردەوامبوونی لەسەر لێخوڕینی دەروونێکی تووڕە بەسەر ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەدا، بەجێمان لەناو هاوکێشە چارەنەکراوەکاندا بەهۆی زللە و شەق و بۆکزەکانەوە کە هیچ کاتێک ئەمەئاسانکاریی نەدەکرد بۆ گەیشتن بەچارەسەر و دووبارەنەبوونەوەی ناخۆشیەکان، هەندێ جار هەوڵی دەدا بەخەجاڵەتییە پۆخڵەکانی چاکیان بکاتەوە و هەندێ جاریش هەر هیچی نەدەوت.

چوار ساڵ دوای ڕۆژی حەمامەکە، شەش سووڕی تری هیواکان هەڵهاتن و تێک

شکان، هەر لەدەستچوونێک، هەر کەوتنێک، هەر گەشتێک بۆ لای دوکتۆر مریەمی لە پێشتری وێرانتر دەکرد. لەگەڵ هەر بێ ئومێدییەکدا ڕەشید زیاتر لێی دادەبڕا و کینە لە دڵ دەبوو. ئێستا هیچ شتێکی مریەم ڕەشید دڵخۆش ناکا. مریەم ماڵەکەی پاک دەکردەوە، هەموو کاتێک جلی پاکی ڕەشیدی ئامادە دەکرد، ئەو خواردنانەی حەزی لێی بوو بۆی دروست دەکرد، تا وای لێ هات جارێک ماکیاجی کڕیبوو لەبەر خاتری ڕەشید ئارایشتی دەموچاوی خۆی کرد، بەڵام کە هاتەوە ماڵەوە بەمۆڕەوە سەیرێکی کرد و ڕووی کرد بەودیودا، مریەم ڕای کرد بۆ توالێتەکە و دەموچاوی شۆرد، فرمێسکی شەرم تێکەڵبوون لەگەڵ سابوناو و ماکیاج و ماسکاراکەیدا.

ئێستا مریەم دەترسا لە دەنگی هاتنەوەی بۆ ماڵەوە. سووڕاندنەوەی کلیلەکە لەناو دەرگەکەدا و جیرەی دەرگەکە، ئەمانە ئەو دەنگانە بوون دڵی مریەمیان دەخستە پەلەپەل. لەناو جێگەکەیەوە، گوێی لە دەنگی پێڵاوەکانی دەگرت، لە خشەی پێی دوای ئەوەی پێڵاوەکانی دادەنا، دەتوت لەناو گوێی مریەمدا کورسییەکان ڕادەکێشێت بەسەر زەوییەکەدا، جیکەجیکەی تاساوی کورسییە قامیشەکەی لەسەری دادەنیشت، پێداکێشانی قاپەکان بەکەوچکەکەی، خشەخشکردنی بە عەلاگە و خواردنەوەی ئاو. ئینجا کە دڵی کوتەکوتی دەکرد دەکەوتە بیرکردنەوە لەوەی کە ئەمشەو چ بیانوویەک دەدۆزێتەوە بۆ هەڵکوتانە سەر مریەم. هەموو کات شتێک هەبوو، شتێکی لاوەکی کە تووڕە ببێت پێی، چونکە گرینگ نەبوو مریەم چەند لە ئەندازەبەدەر شتی پێشکێش بەداخوازییەکانی ڕەشید بکردایە، هەر کەم بوو، نەیدەتوانی کوڕەکەی بۆ بهێنێتەوە، لەم ڕووە زۆر تایبەتەوە ڕەشیدی هێنابووە سەرچۆک، حەوت جار خستبووی، ئیتر لەلای ڕەشید هیچ نەبوو جگە لە کۆڵێکی قورس. هەستی پێ دەکرد لە سەیرکردنەکانیدا، کە سەیری مریەمی دەکرد بارێکی گران بوو بەسەر شانیەوە.

مریەم ئێستا پرسیاری لێ کرد"چی ڕوو دەدات؟"

ڕەشید ڕوانینێکی تیژی تێ گرت، دەنگێکی لێ هات لە نێوان ئاه و ناڵیندا، قاچی لە مێزەکە خستە خوارەوە و ڕادیۆکەی کوژاندەوە، بردییە سەرەوە بۆ ژوورەکەی و دەرگەکەی داخست.

لە ٢٧ی نیساندا وەڵامی پرسیارەکەی مریەم درایەوە، بەدەنگی تەقینەوەیەکی گەورە و نەڕەیەکی لە پڕ. ڕای کرد بۆ ژووری دانیشتنەکە و ڕەشیدی بینی لای

پەنجەرەکە، بەفانیلەیەکەوە، قژێکی بژ، لەپی دەستی بەپەنجەرەکەوە بوو. مریەم چووە بەردەم پەنجەرەکە لای ڕەشیدەوە، لەسەر سەریانەوە، فڕۆکە سەربازییەکان هاژەیان دەهات بەرەو باکور و ڕۆژئاوا. دەنگی پەلامارداندەکەیان گوێی مریەمیان کاس دەکرد. لە نێوانیاندا، دەنگدانەوەی تۆپ و هاتوچۆی لە پڕی دووکەڵ بۆ ئاسمان.

مریەم وتی "چی ڕووی داوە ڕەشید؟ ئەم شتانە چین؟"

ڕەشید بۆڵاندی خوا دەزانێت." ڕادیۆکەی هەڵگرت و تەنیا خشەخشی تێدابوو.

"چی دەکەین؟"

بەبێ ئارامییەوە ڕەشید وتی "چاوەڕێ دەکەین."

ئەو ڕۆژە درەنگتر، ڕەشید هێشتا ڕادیۆکەی تاقی دەکردەوە، مریەم برنج و شلەی سپێناخ و مریشکی لێدەنا لە چێشتخانەکەدا. مریەم کاتێکی بیر هاتەوە کە تێیدا دڵی خۆش بووە، هەتا ئاسوودە بووە کە خواردنی بۆ ڕەشید دروست کردووە. ئێستا چێشت لێنان تەنیا وەرزشێک بوو بۆ بەتینکردنی مەراق و دڵەڕاوکێ. شلەکان هەردەم زۆر سوێر یان زۆر خاو بوون. برنجەکە هەموو کات دادگەیی دەکرا لەسەر ئەوەی کە زۆر چەور یان زۆر وشکە. نانەکە بە زۆر ڕەق یان زۆر هەویر ناودەبرا. خەتا دۆزینەوەکانی ڕەشید مریەمی دەپێکا و لەناو چێشتخانەکەدا لە گوماندا جێی دەهێشت.

کە قاپەکەی بۆ هێنا بۆ سەر سفرەکە، سروودی نیشتمانی بوو لە ڕادیۆ.

مریەم وتی " شلەی سەوزەم دروست کردووە."

" داینێ و بێدەنگ بە."

دوای ئەوەی موزیکەکە نزم بووەوە، دەنگی پیاوێک هاتە سەر ڕادیۆکە، خۆی وەکو هێزی هەوایی کۆلۆنێل عەبدولقادر خۆی ناساند، ڕای گەیاند کە زووتر لەو ڕۆژەدا یاخییانی هێزی زرێداری سوپا دەستیان بەسەر فڕۆکەخانەکەدا گرتووە و چوارڕێیانەکانیان داخستووە. ڕادیۆی کابول، هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پێوەندی، هەروەها بینای وەزارەتی دەرەوە داگیر کراون. بەشانازییەوە دەیوت کابول کەوتووەتە دەستی خەڵکەکە. شۆڕشگێڕانی (ئێم ئای جی) هێرشیان کردووەتە سەر پالاسی سەرکۆمار. دەبابە خۆیان کردووە بەناو ماڵەکاندا، شەڕێکی دڕندانە

بەڕێوەیە. عەبدولقادر بەدەنگێکی دڵنیاییەوە وتی، هەموو شتێک لە هێزە لایەنگرەکانی داود ڕووی داوە جگە لە بەزین.

ڕۆژانێک دواتر کۆمۆنیستەکان بەخێرایی دەستیان کرد بەتیرۆرکردنی ئەوانەی پێوەندییان بەڕژێمەکەی داودخانەوە هەبووە، لەناو خەڵکدا مقۆمقۆی ئەوە هەبوو کە لە بەندیخانەی، پۆلی چەرخی، چاو هەڵکۆڵین و لە کارەبادانی ئەندامەکانی زاوزێ هەیە. مریەم گوێی لە کوشتار و قەلاچۆکردنی خەڵکەکە بوو لە پالاسی سەرۆکایەتی. داودخان کوژرا بوو، بەلام نەک پێش ئەوەی کۆمۆنیستە یاخییەکان بیست کەسیان لە ئەندامی خێزانەکەیان کوشتبوو بە ژنەکان و کوڕەزا و کچەزاکانیەوە، وتیوتی ئەوە هەبوو کە بەدەستی خۆی کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە، لە ناوجەرگەی شەڕەکەدا دەمانچەی خراوەتە سەر سەر و نەیانکوشتووە، بۆ ئەوەی کوشتنی بەکۆمەڵی خێزانەکەی ببینێ و دواجار بکوژرێ.

ڕەشید ڕادیۆکەی زیاد کرد و چووە نزیکەوە.

عەبدولقادر وتی "ڕاوێژکارێکی شۆڕشگێڕی هێزی سەربازی خراوەتە سەر کار، لە ئێستاوە نیشتمانەکەمان دەبێت بە (کۆماری دیموکراتی ئەفغانستان). سەردەمی بەگزادەیی و نێپۆتیزم " خاترگرتنی خزم و خوێ " و نایەکسانی کۆتاییی هات، دوای هاونیشتمانەکانتان بکەون. کۆتاییمان بەدەیان ساڵی زەبروزەنگ و ستەمکاری هێنا، ئێستا هێز لە دەستی جەماوەر و شەیداکانی سەربەستیدایە. سەردەمێکی زێڕین و شکۆدار لە مێژووی وڵاتەکەماندا پێ دەگرێت. ئەفغانستانێکی نوێ لەدایک بووە. بەڵێنتان دەدەینێ کە هیچ شتێک نییە لێی بترسین، دوای ئەفغانەکان بکەون. ڕژێمی نوێ ئەوپەڕی خزمەت بەرێبازە دیاریکراوەکانتان دەکا، چ ئیسلامی چ دیموکراتی. ئێستا کاتی ئاهەنگ و دڵشادییە."

ڕەشید ڕادیۆکەی کوژاندەوە.

مریەم پرسی "کەواتە، ئەمە باشە یان خراپ؟"

ڕەشید وتی "خراپە بۆ دەوڵەمەندەکان، بەقسەکانیدا وا دیارە، زۆر خراپ دەبێت بۆ ئێمەش."

بیرکردنەوەکانی مریەم ڕامالران بەرەو جەلیل. ڕاما بوو لەوەی ئاخۆ کۆمۆنیستەکان دوای جەلیل دەکەون یان نا. بەندی بکەن، کوڕەکانی بەند بکەن، بیزنس و ماڵ و منداڵەکەی لێ داگیر بکەن؟

ڕەشید چاوی خستە سەر برنجەکە و وتی "ئەمە گەرمە؟"

"ئێستا لە مەنجەڵەکە تێ مکردووە."

مرخەیەکی کرد و بەمریەمی گوت قاپێکی بداتێ.

لە خوارووی شەقامەکە، گلۆپەکان لە پڕ داگیرسان و شەوقی زەرد و سووریان دایەوە، فەریبایەکی هێز لێبڕاو و ماندوو کەوتبووە سەر ئەنیشکەکانی، قژی لە ئارەقدا تێک ئاڵۆزا بوو، وردە دڵۆپی ئارەق لەسەر لێوی وەستابوون. لە تەنیشتیدا مامانێکی بەتەمەن، وەجمە، سەیری دەکرد، لە کاتێکدا مێردەکەی فەریبا و منداڵەکانی بەنۆرە مەلۆتکەیەکیان باوەش دەگرت. قژە کاڵەکەی منداڵەکە سەرنجی هەموویانی ڕاکێشابوو، روومەتە پەمەییەکانی، لێوە ژاکاو و ڕەنگ خونچەییەکانی، چاوە سەوزەتۆخەکانی کە پێڵوە قورسەکانی لەسەر دەجووڵاند. هەموو زەردەخەنەیان بۆ یەک دەکرد کاتێک بۆ یەکەم جار گوێیان لە دەنگی بوو، گریانێک وەک میاواندنی پشیلەیەک لەناو قوڕگێکی تەندروستدا ناڵەی دەهات. نوور وتبووی چاوەکانی دەڵێیت بەردی گەوهەرن. ئەحمەد کە بەدینترین ئەندامی خێزانەکە بوو، بانگی دا بەگوێی خوشکەکەیدا و سێ جار فووی لە دەموچاوی کرد.

حەکیم لە باوەشیدا منداڵەکەی ڕادەژەند و وتی "لەیلایە کەواتە." فەریبا زەردەخەنەیەکی پڕ لە هیلاکیی کرد و وتی "لەیلا، جوانیی شەو، پڕ بەپێستێتی."

ڕەشید بەپەنجەی تۆپەڵێک برنجی دروست کرد کردییە دەمیەوە، یەک جار ددانی پێدا نا کردی بە دوو جار، دەموچاوی گرژ کرد و تفی کردەوە بۆ سەر سفرەکە.

مریەم ڕقی لە تۆنە پڕ لە خەجاڵەت کێشانەکەی بوو و وتی "چی بوو؟" دڵی کەوتە پەلەپەل و پێستی گرژ بوو.

بەنووزەیەکەوە لاساییی مریەمی کردەوە "چی بوو. ئەوە بوو کە دیسان دووبارەت کردووەتەوە."

"بەڵام پێنج خولەک زیاتر لە ڕۆژانی تر کوڵاندوومە."

"چ درۆیەکی چاوقایمانەیە!"

"سوێند دەخۆم..."

قاپەکەی بەتووڕەیی ڕاوەشاند و پاڵی پێوە نا برنج و شلەکەی ڕشت بەسەر سفرەکەدا. چاوی مریەم لەسەری بوو کە گوڕمی دایە دەرەوەی ژوورەکە، دواتر

دەرەوەی ماڵەکە دەرگەکەی کێشا بەیەکدا لە دوای خۆیەوە.

مریەم هەڵترووشکا و دەنکە برنجەکانی کۆ دەکردەوە و دەیخستنەوە ناو قاپەکە، بەڵام دەسـتـەکـانـی زۆر خـراپ دەلەرزین، دەبوو چاوەڕێـیـان بکا تا بـوەسـتن، ترس قـورسـایەکی لەسـەر سنگی دروست کـردبوو، هـەوڵی یەک دوو هـەناسـەی قـووڵی دا. وێنەدانەوە تەڵخەکەی خۆی بینی لەناو پەنجـەرە تاریکەکەی ژوورەکەدا و ڕووی کرد بەودیودا.

گوێی لە دەرگەکەی پێشەوە بوو کرایەوە، ڕەشید هاتەوە بۆ ژووری دانیشتنەکە.

وتی " هەستە، وەرە ئێرە. هەستە. "

دەستی ڕاپسکاند و کردییەوە و مستێک بەردی خستە ناو دەستییەوە.

"ئەمانە بخەرە ناو دەمتەوە."

"چی؟"

"ئەمانە. بخەرە. ناو دەمتەوە."

"مەکە، ڕەشید. من..."

دەستە بەهێزەکانی ئالاند لە چەناگەی دوو پەنجەی خستە ناو دەمیەوە بۆ ئەوەی دەمی بکاتەوە، پاشـان پاڵی بەبەردە ڕەقـە سـاردەکـانـەوە نا بۆ ناو دەمی. مـریەم کـێـشـمـەکـێـشـمـی بـوو لە بەردەمـیـدا بەڵام ئەو هـەر پـاڵی بەبەردەکـانـەوە دەنا و بەتەوسـەوە لێوی لێک توند کردبوون و وتی" ئێستا بیانجوو."

بـەدەمـــێکی پڕ لە زیخ و بەردەوە مـــریەم هـەوڵی پـارانـەوەی دا، لە گـــۆشـــەی چاوەکانیەوە فرمێسک دڵۆپەیان دەکرد.

نەڕاندی " بیجوو! " تەوژمێک لە هەناسەدووکەڵاوییەکەی دای بەدەموچاویدا.

مریەم جووی، شتێک لە دواوەی ناو دەمیدا دەشکا.

ڕەشـید وتـی" زۆر چاکە." ڕوومـەتەکـانی کـەیفـیـان لێ دەباری" ئێسـتـا دەزانیت برنجـەکەت تامی چۆنە. ئێسـتـا دەزانیت لە ژیانی هاوسـەریتدا چیت داوە بەمن. خواردنی خراپ. وەهیچی تر."

پاشـــان ڕۆیشت، مـــریەمی بـەجێ هێـشـت بۆ تـفکردنـەوەی بەردەکـان، خـــوێن، پارچەی دوو کاکیلەی شکاو.

# بەشی دووەم

## ١٦

کابول. بەهاری ١٩٨٧

لەیلایەکی تەمەن نۆ ساڵ لە جێگەی خەوەکەی هەستا، وەک زۆربەی بەیانییان برسیی دیدەنیی هاوڕێکەی، تاریق، بوو. بەڵام دەیزانی تابلۆی ئەو دیدەنییە لەناو ئەم بەیانییەدا نییە.

کاتێک تاریق پێی وتبوو دایک و باوکی دەیبەن بۆ باشووری شاری غەزنی سەردانی مامی و خزمەکانی باوکی بکەن، لەیلا لێی پرسیبوو " چەندت پێدەچێت؟"

"سێزدەڕۆژ."

"سێزدەڕۆژ؟"

"زۆر دوور و درێژ نییە. وا لە دەموچاوت مەکە، لەیلا."

"نەمکردووە."

"ناگریت، وانییە؟"

"ناگریم! بەسەر تۆدا نەء. هەتا هەزار ساڵی تریش."

شەقێکی لەلاقی هەڵدا، یەکەدەستکردەکە نا، ڕاستییەکە. تاریقیش بەگاڵتەوە زللەیەکی کێشا بەپشتی سەریدا.

سێزدە ڕۆژ، نزیکەی دوو هەفتەیە. پێنج ڕۆژی ماوە بڕوات. لەیلا ڕاستییەکی بنچینەیی لەبارەی کات فێر بووبوو: وەکو ئەو ئۆکۆردۆنەی باوکی دەیژەند و گۆرانییەکی کۆنی پەشتووی لەگەڵدا دەخوێند، کات دەکشا و دەچووەوە یەک بەپێی دیاربوون و دیارنەبوونی تاریق.

لە خوارەوە دیسان دایک و باوکی شەڕیان دەکرد. لەیلا ڕۆتینەکەی دەزانی، دایە: هار، نەبەزیو، دەهات و دەچوو هاواری دەکرد. بابە: دادەنیشت، کەم ڕوو، حەپەساو، بەگوێڕایەڵییەوە سەری دەلەقاند، چاوەڕێی زریانەکەی دەکرد تێ پەڕێت.

لەیلا دەرگەکەی داخست و خۆی گۆڕی. بەڵام هێشتا گوێی لە دەنگیان بوو، هێشتا گوێی لە دەنگی دایە بوو. دواجار دەرگەیەک درا بەیەکدا. تەپەتەپی پێی و جیڕەی سیسەمەکەی دایکی بەتوندی. باوکەش وا دیار بوو بۆ ڕۆژێکی تر ژیانی پێ درابێتەوە.

بانگی کرد "لەیلا من درەنگ دەکەوم بۆ کار!"

"یەک دەقە."

پێڵاوەکانی لە پێ کرد و بەخێرایی لە بەردەم ئاوێنەکەدا، قژە زەردە لوولەکەی ناوشانی داهێنا. دایە هەمووکات بە لەیلای دەوت ڕەنگی قژی لەوەوە وەرگرتووە، هەروەها برژانگە ئەستوورەکانی، پیرۆزەییی ڕەنگی چاوەکانی، چاڵی و ئێسقانی بەرزیی ڕوومەتی و شۆڕیی لێوی کە دایە لە دایە گەورە و ئەویش لە دایکییەوە بۆی مابووەوە. دەیوت دایکی وەکو پەری وا بووە جوانییەکەی بووە بەجێی قسە و باسی خەڵکی ناوچەکە و دوو نەوەی تێپەڕاندووە لە خێزانەکەماندا، بەدڵنیاییەوە تۆی لێ دەرناکات، لەیلا. ئەو ناوچەیەی دایە باسی دەکرد هەرێمێک بوو بەزمانی فارسیی تاجیک قسەی تێدا دەکرا، ناوی پەنجشیر بوو سەد کیلۆمەتر باکوری خۆرهەڵاتی شاری کابوڵ. دایە و بابە هەردووکیان، کە ئامۆزای یەک بوون، لەوێ لەدایک بوون و گەورە بوون. ساڵی ١٩٦٠ گواستوویانەتەوە بۆ کابول، ئەو وەک تازەبووکێکی پڕ هیوا و چاوگەش، باوکەش لە زانکۆی کابول وەرگیرابوو.

لەیلا بەپەلە ڕای کردە خوارەوە هیوای خواست دایە لە ژوورەکەی نەیەتە دەرەوە. باوکە لەناو دەرگەکەی دەرەوە هەڵترووشکابوو.

"ئەمەت بینیوە لەیلا؟"

"دڕاوی ئەم تۆڕەی پەنجەرەکەی پێ گیراوە، یەک دوو هەفتەیە پێوەیەتی."

لەیلا لە تەنیشتیەوە خۆی نوشتاندەوە" نەء، لەوە دەچێت تازە بێت."

بەلەرزینەوە خۆی بچووک کردبووەوە وەکو دوای هەموو ئەو کاتانەی لەگەڵ دایە شەڕیان دەبێت " بەفەریباشم وت، وتی هەنگی لێوە دێتە ژوورەوە."

دڵی لەیلا دەهاتە دەرەوە بۆ لای، بابە پیاوێکی بچووک بوو، ناوشانی باریک و لاواز، دەستی ناسک کەمێک وەکو هی ژن. شەوان، کە لەیلا دەچووە ژوورەکەی بابە، هەموو کات دەموچاوی بەداخراوی دەبینی بەسەر کتێبێکدا. چاویلکەکەی

بەسەر لووتییەوە نیشتبووەوە، هەتا هەندێک جار تێبینیی ئەوەی نەدەکرد کەئەو لەوێیە. کە لەیلای دەبینی پەڕەکەی نیشانەدەکرد بەدوو لێوی داخراوەوە زەردەخەنەیەکی هاودەمییانەی دەگرت. بابە زۆربەی غەزەلەکانی ڕوومی و حافزی بەدڵ دەزانی. دەیتوانی ماوەیەکی درێژ بدوێت لەبارەی ناکۆکیی نێوان بەریتانیا و ڕووسیای دیکتاتۆر لەسەر ئەفغانستان. جیاوازیی نێوان ستالاکتایت "کلسێکە لە بنمیچ و بەرزییەکانی ئەشکەوتەوە شۆڕ دەبێتەوە" و ستالاگمایت "کلسێکە لە بنی ئەشکەوتدا پەیدا دەبێت، هەندێک جار بەستالاکتایت دەگات."ی دەزانی. وە دەیتوانی پێت بڵێت مەودای نێوان خۆر و زەوی وەک ڕۆیشتنە لە کابولەوە بۆ غەزنی یەک ملیۆن جار و نیو. بەڵام ئەگەر لەیلا بیویستایە سەری قوتووی نوقڵەکە بکاتەوە دەبوو بچوایە بۆ لای دایە، ئەمەش وەکو هەڵماڵینی نهێنییەک وا بوو، ئامرازە ئاساییەکان سەریان لە بابە دەشێواند، لەژێر چاودێریی ئەودا ئەنجامەی دەرگەکان هەرگیز چەور نەدەکران بۆ ئەوەی جیرەیان لێوە نەهاتایە. سەقفەکان دەستیان بەدڵۆپە دەکرد دوای ئەوەی دەیگێڕان. کەوانتەری چێشتخانەکە کەڕووی دەکرد. دایە دەیوت پێش ئەوەی لەگەڵ نوور بچن بۆ شەڕ دژی سۆڤیەتەکان، ساڵی ١٩٨٠، ئەحمەد وەکو ئەرکی سەرشانی لێهاتووانە ئەم کارانەی ئەنجام دەدا. " بەڵام ئەگەر کتێبێکت هەیە و بەپەلە پێویستت بەخوێندنەوەیەتی، حەکیم پیاوی ئەوەیە."

هێشتا لەیلا نەیدەتوانی ئەوە لە بیر خۆی بباتەوە، کە جارێک پێش ئەوەی بابە ڕێگە بدات ئەحمەد و نوور بچن بۆ شەڕ دژی سۆڤیەت، دایە هۆگربوونی بابەی بەکتێبەوە لەلا جوان بووە، هەتا جارێک لاژگییەکی بابەی بەدڵفرێن لە قەڵەم داوە.

بابە بەسەربادانەوە زەردەخەنەیەکی کرد و وتی " کەواتە، ئەمڕۆ چەند ڕۆژە؟ ڕۆژی پێنجەم؟ یان شەش ڕۆژە؟"

لەیلا بەدرۆوە "من هەقم نییە، خۆ من ڕۆژ ناژمێرم." شانی هەڵتەکاند، لەگەڵ بیر لێکردنەوەیدا خۆشیشی دەویست. دایە ئاگای لێ نەبوو کە تاریق ڕۆیشتبوو.

بابە وتی " باشە. گڵۆپەکەی دەکوژێتەوە بێ ئەوەی تۆ ئاگات لێی بێت" مەبەستی لە یارییەکی شەوانی لەیلا و تاریق بوو کە لایتیان دادەگیرساند و دەکوژاندەوە بۆ ئاگەدارکردنەوەی یەکتر.

یارییەکی زۆر لەمێژینەیان بوو، وەک ددانشتن بووبووە نەریتی پێش خەوتنیان.

بابە پەنجەی هێنا بەدڕاویەکەدا "ئەمە دەنێمەوە بەیەکەوە هەر کاتێک دەرفەتم هەبوو، ئێستا باشترە بڕۆین." دەنگی بەرز کردەوە و لەسەر شانیەوە بانگی کرد "ئەوا ئێمە دەڕۆین، فەریبا! لەیلا دەبەم بۆ قوتابخانە، لە بیرت نەچێت بچیت بەدوایدا."

لە دەرەوە، کە هەڵگەڕا بەدوای پایسکیلەکەی باوکیدا، لەیلا ئۆتۆمۆبێلێکی چاوکرد وەستا بوو لەسەر شەقامەکە لەوبەری خانووەکەیانەوە، لەو شوێنەی پینەچییەکە، ڕەشید، لەگەڵ ژنە کەنارگیرەکەیدا دەژیان.

بێنزێک بوو، ئۆتۆمۆبێلێکی نامۆ بەم گەڕەکە، ڕەنگەکەی شین بوو، لەگەڵ خەتێکی پانی سپی بەناوەڕاستی بۆنیتەکە و، بانەکە و، سندووقەکەیەوە. لەیلا دوو پیاوی بینی لە ناوەوە دانیشتبوون، یەکێک لە پشتی سووکانەکەوە، ئەوی تریش لە دواوە.

وتی "ئەوانە کێن؟"

بابە وتی " ئەوە کاروباری ئێمە نییە، هەڵگەڕێ، با درەنگ نەکەویت بۆ قوتابخانە." لەیلا ئەوجارە شەڕێکی تری بیر کەوتبووەوە، دایە هەستابووە سەرپێ و بەخۆتەسککردنەوەوە وتبووی کاروباری تۆ ئەوەیە، ئامۆزا، کە هیچ شتێک ناکەیت بەکاروباری خۆت. هەتا کوڕەکانی خۆت کە دەچن بۆ شەڕ. چەند داوام لێ کردیت، لووتی خۆتت لەناو کتێبە نەفرەتییەکاندا ناشت وەکو ئەوەی ئەوان جووتێک زۆڵ بن.

بابە پایدەری لێ دەدا بۆ سەرەوەی شەقامەکە، لەیلا لە دواوە ناوقەدی گرتبوو. کە بەلای بێنزە شینەکەدا ڕۆیشتن لەیلا سەرنجێکی خێرای پیاوەکەی دواوەی دا: لاواز، سەری سپی، قاتێکی قاوەیی تۆخی پۆشیبوو، لەگەڵ دەسرێکی سێگۆشەی سپی لە گیرفانەکەی سەر سنگیدا. تەنیا شتێکی تر کە فریا کەوت دیقەتی بدا ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکە بوو ژمارەی هەرەتی پێوە بوو.

باقی ڕێگەکەیان بەبێدەنگی بڕی، بێجگە لە پێچکردنەوەکاندا بابە هاواری دەکرد "چاوەڕێ بکە لەیلا، هێواش دەبێتەوە، هێواش بووەوە، زۆر چاکە."

ئەو ڕۆژە لە پۆلدا ئاسان نەبوو بۆ لەیلا بەئاگا بێت، لە نێوان نادیاریی تاریق و

شەڕی نێوان دایک و باوکیدا. کاتێک مامۆستاکە بانگی کرد بۆ ئەوەی پایەتەختی ڕۆمانیا و کوبای پێ بڵێت، لەیلا وریا بووەوە.

مامۆستاکەی ناوی شانزایی بوو بەڵام لە پاشەملە خوێندکارەکان پێیان دەوت، خاڵە ڕەنگماڵ، "پوورە بۆیەچی" مەبەستیان لەو جووڵەیە بوو کە دەیکرد لە کاتی لێدانی لە خوێندکارەکاندا، لەپی دەست پاشان پشتی دەست بەردەوام بەخێرایی دەستی دەجووڵاند وەکو فڵچە. خاڵە ڕەنگماڵ ژنێکی گەنجی دەموچاو درێژبوو بەجووتێک برۆی گەورەوە. لە یەکەم ڕۆژی قوتابخانەدا، بەسەربەرزییەوە بەپۆلەکەی وت کچی جووتیارێکی هەژارە لە خۆست. زۆر بەقنجی ڕادەوەستا، قژێکی ڕەشی تۆخی هەبوو لە دواوە بەتوندی دەیبەست، کە ئاوڕی دەدایەوە لەیلا مووە زبرەکانی لاملی دەبینی، ماکیاجی نەدەکرد و خشڵی نەدەکرد بەخۆیەوە جلی داپۆشراوی لەبەر نەدەکرد و بەخوێندکارە مێیینەکانیشی دەوت مەیکەن، دەیوت ژن و پیاو لە هەموو ڕوویەکەوە وەک یەکن، ئیتر هیچ پێویستییەک نییە بۆ داپۆشینی ژنان ئەگەر پیاوان نەیکەن.

دەیوت یەکەتیی سۆڤیەت باشترین یەکەتییە لە جیهاندا و لە ئەفغانستانیش. زۆر میهرەبان بوون لەگەڵ کرێکارەکان و ژن و پیاو یەکسان بوون. هەموو کەس لە یەکەتیی سۆڤیەتدا دڵخۆش و هاوڕێی یەکتر بوون، بەپێچەوانەی ئەمەریکاوە کە تاوانکردن وای لە خەڵک کردبوو نەیاندەوێرا ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن. جارێک دەیوت هەموو کەس بەبەزاندنی چەتە و کۆنەپەرستەکان ئاسوودە دەبێت.

"هاوڕێ سۆڤیەتییەکانمان لە ساڵی ١٩٧٣دا هاتنە ئێرە. بۆ ئەوەی دەستی یارمەتی بۆ دراوسێکەیان درێژ بکەن، بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن ئەم بێ مێشکانە ببەزێنین کە دواکەوتنی وڵاتەکەیان و نەتەوەیەکی نەخوێندەواریان دەوێت. وە منداڵەکان، ئێوە دەبێت خۆتان دەستی یارمەتی درێژ بکەن، هەر کەسێک لەبارەی ئەم یاخییانەوە دەزانێت ئاشکرای بکا. ئەرکی سەرشانتانە. دەبێت گوێ بگرن و دواتر قسە بکەن. هەتا ئەگەر دایک و باوکتان بوون، مام و خاڵ، پوور و ئامۆژن و خاڵۆژن، لەبەرئەوەی خۆشەویستیی هیچیان بەقەدەر خۆشەویستیی وڵاتەکەتان نییە بۆتان. وڵاتەکەتان لە پێش هەموو شتێکەوەیە، لە بیرتان بێت! من شانازیتان پێوە دەکەم، وڵاتەکەشتان بەهەمان شێوە."

لەسەر دیوارەکەی پشت مێزەکەی خاڵە ڕەنگماڵ نەخشەیەکی یەکەتیی سۆڤیەت هەبوو، نەخشەی ئەفغانستان، پەیکەرێکی دواین سەرکردەی کۆمۆنیست، نەجیبوڵا، کە بابە دەیوت ماوەیەک سەرۆکی " کەی، ئێچ، ئەی، دی" خادی ترسناک بووە، پۆلیسی نهێنیی ئەفغانستان. وێنەی تریشی لێ بوو، بەزۆری سەربازی گەنجی سۆڤیەت تەوقەیان دەکرد لەگەڵ جووتیاران، نەمامی سێویان دەچاند، ماڵیان دروست دەکرد، بە ڕووخۆشییەوە پێ دەکەنین.

خاڵە ڕەنگماڵ وتی "خەیاڵەکەتم پچڕاند کچی شۆڕشە گەورەکە؟"

ئەمەنازناوی لەیلا بوو لەبەرئەوەی لە شەوی ڕووخاندنی ڕژێم لە ساڵی ۱۹۷۸دا لە دایک بووبوو. بەڵام خاڵە ڕەنگماڵ تووڕە دەبوو ئەگەر یەکێک ناوی ڕووخاندنی ڕژێمی ببردایە. پێی لەوە دادەگرت، ئەوەی ڕووی دابوو شۆڕش بوو ڕاپەرینی خەڵکەکە بوو دژی نایەکسانی، جیهادیش یەکێک بوو لە وشە قەدەغەکراوەکان. بەبیروڕای ئەو شەڕ لەناو هەرێمەکاندا هەر نەبووە، تەنیا ناکۆکی و دەمەقڕە لەلایەن خەڵکەوە دژی ئەو پێی دەوتن شەڕفرۆشە بێگانەکان. ئاشکرا بوو هیچ کەسێک، هیچ کەس، زاتی ئەوەی نەبوو بتوانێت لە بەردەمی ئەودا بڵێ، وتیووتی ئەوە لە ئارادایە پاش هەشت ساڵ شەڕکردن یەکەتیی سۆڤیەت شەڕەکەیان دۆڕاند. بەتایبەتی ئێستا کە سەرۆکی ئەمەریکا، ڕێگن، فەرمانی داوە مووشەکە دوورهاوێژەکان بگوێزێتەوە بۆ بن هەنگڵی هەلیکۆپتەرەکانی یەکەتیی سۆڤیەت، وە موسڵمانانی هەموو جیهان بەشدارییان کرد: میسرییەکان، پاکستانییەکان، هەتا سعوودییە میلیۆنەرەکان کە چەندان پارەیان جێ هێشت و هاتن بۆ ئەفغانستان بۆ جیهادکردن دژی یەکەتیی سۆڤیەت.

لەیلا زانی "بوخارست، هاڤانا."

"ئاخۆ ئەم وڵاتانە دۆستمانن یان نا؟"

"بەڵێ مامۆستا. دوو وڵاتی ڕێکوپێکن." خاڵە ڕەنگماڵ کەمێک بەپەستییەوە سەری لەقاند.

دوای تەواوبوونی مەکتەب، هەرچەندە دەبوو دایە بهاتایە بەشوێنیدا، بەڵام نەهات. لەیلا ناچار لەگەڵ دوو هاوڕێی چووەوە بۆ ماڵەوە، گیتی و حەزینە.

گیتی کچێکی گورجی باریک بوو بەقژگرەی لاستیک قژی توند لەملا و لاوە

دەبەست. هەردەم بەمۆنییەوە دەرۆیشت، وەکو قەڵغانێکی پارێزەر کتێبەکانی دەگرت بەسەر سنگیەوە. حەزینە دوازدە ساڵ بوو، سێ ساڵ بەتەمەنتر لە گیتی و لەیلا، جارێک لە پۆلی سێ و دووجار لە پۆلی چوار مابووەوە. گیتی تەمبەڵییەکەی دەگەڕاندەوەبۆ بەدکاری و دەمە هەڵەشەکەی کە وەکو مەکینەی دروومان خێراخێرا ئیشی دەکرد. حەزینە بوو کە یەکەم جار نازناوی خاڵە ڕەنگماڵی بەمێشکدا هات.

ئەمڕۆ حەزینە ئامۆژگاری لەبارەی خۆپاراستن لە داواکاری ناشیرین دەبەخشییەوە" شێوازێکی زۆر کاریگەر، گەرەنتی سەد دەر سەد، وشەکانم لێ وەرگرن."

گیتی وتی "ئەمە زۆر بێ ئەقڵییە. من زۆر منداڵترم لەوەی ئێستا داواکارم هەبێت!"

" منداڵ نیت."

"باشە، بەڵام کەس نەهاتووەتە داوام."

"چونکە تۆ ڕیشت هەیە بەقوربان."

گیتی دەستی بەرز کردەوە بۆ چەناگەی و بەوریایی سەیرێکی لەیلای کرد، لەیلا بەبەزەییەوە پێ دەکەنی، گیتی وشکترین کەس بوو کە لەیلا بینیبووی هەتا ئێستا، لەیلا لەسەر ڕاوەشاندنێک گیتی دڵنیا کردەوە.

"بەهەرحاڵ، خانمان ئێستا دەتانەوێ بزانن چی بکەن باشە؟ یان نا؟."

لەیلا وتی "باشە بیڵێ."

"لۆبیا، کەمتر نەبێت لە چوار قوتوو. ئەو شەوەی کە مارمێلکەیەکی بێ ددان دێت بۆ داوات. بەڵام ئاگاتان لە کات بێت کات لە هەموو شتێک گرینگترە. دەبێت پەلە نەکەن لە هەڵدانی یارییە ئاگرینەکە هەتا کاتی ئەوە دێت چای بۆ دێنیت."

لەیلا وتی "ئەوەم لە بیر دەبێت."

"داواکارەکەشت بەهەمان شێوە لە بیری دەبێت"

لەیلا دەیتوانی بڵێت پێویستی بەم ئامۆژگارییانە نییە، چونکە لە نیازی بابەدا نەبوو وا زوو بیدات بەشوو. بابە لە کارگەیەکی گەورەی نان دروستکردن کاری دەکرد. ئەرکی ئەو گەرمکردنی هیتەرەکان و ڕێکخستنی فڕنەکان و هاڕینی گەنم

بوو، هەتا ئێوارە. پیاوێک بوو دەرچووی زانکۆ بوو. مامۆستای ئامادەیی بوو پێش ئەوەی کۆمۆنیستەکان دەری بکەن، ماوەیەک دوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی ١٩٧٨، نزیکەی ساڵ و نیوێک پێش ئەوەی سۆڤیەتەکان داگیری بکەن. لەیلای فێر کردبوو کە گرینگترین شت لە ژیانیدا، دوای سەلامەتیی خۆی، خوێندنەکەیەتی.

دەزانم هێشتا منداڵیت، بەڵام دەمەوێت ئێستا لەمە تێ بگەیت و فێری ببیت. ژیانی هاوسەری دەتوانێت چاوەڕێ بکات، پەروەردە و خوێندن ناتوانێت. تۆ کچێکی زۆر زۆر زیرەکیت، بەڕاستی زیرەکیت. دەتوانیت ببیت بەهەر شتێک دەتەوێت، لەیلا. من لەمە دڵنیام لەبارەی تۆ. وە هەروەها دەزانم کە ئەم شەڕ کۆتاییی هات، ئەفغانستان پێویستی پێت دەبێت بەقەدەر پیاوەکانی، بگرە زیاتریش. لەبەرئەوەی کۆمەڵگەیەک ئافرەتەکانی نەخوێندەوار بن، هیچ دەرفەتێکی سەرکەوتنی نییە، لەیلا. هیچ دەرفەتێک.

بەڵام لەیلا بەحەزینەی نەوت کە بابە ئەم شتانەی وتووە، یان چەند شانازیی بەهەبوونی باوکێکی وەکو بابەوە دەکا، یان چەند سەربەرزە بەو ڕێزەی بابە هەیبوو بەرامبەری، یان سووربوونی لەسەر پەیڕەوکردنی خوێندنەکەی وەکو خۆی. دوو ساڵی ڕابردوو لەیلا بەڵگەنامەی یەکەمی بەدەست دەهێنا، لە ڕیزی سەرەوەی خوێندکارەکاندا بوو، بەڵام ئەمانە لای حەزینە هیچ نەبوون، کە شۆفێر تەکسییەکی تووڕە باوکی بوو لە دوو یان سێ ساڵی تردا دەیدات بەشوو. حەزینە لە یەکێک لە ساتە توندگیرەکانیدا بەلەیلای وتبوو بڕیاری ئەوە دراوە کە شوو دەکات بەیەکەم ئامۆزای خۆی کە تەمەنی بیست ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو و پێشانگەی ئۆتۆمۆبێلی هەبوو لە لاهۆر. دوو جار بینیومە، هەردوو جارەکە بەدەمکراوەیی نانی دەخوارد.

حەزینە وتی "کچینە لۆبیا، ئەمەتان بیر بێت" بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە کەتنەوە ئەنیشکێکی کێشا بەلەیلادا "مەگەر شازادە قۆزە یەک قاچەکەی خۆت بێت لە دەرگەت بدات."

لەیلا چەپۆکێکی کێشا بەئەنیشکیدا. ئەگەر هەر کەسێکی تر لەبارەی تاریقەوە ئەمەی بەرامبەر بەلەیلا وتبایە، زۆر سەختتر وەری دەگرت، بەڵام دەیزانی حەزینا بەدخواز و ڕق لە دڵ نییە، گاڵتەی دەکرد و گاڵتەکردنەکەی یەکێکی هەر دەگرتەوە،

هەندێ جار خۆی.

گیتی وتی"باش نییە بەم شێوەیە باسی خەڵک بکەیت."

"ئەوە چ خەڵکێکە؟"

گیتی بەدڵسۆزی و بەبێ گوێدان بەقۆشمەچێتییەکەی حەزینە "خەڵکێک کە لە شەڕدا بریندار بوون."

"وابزانم مەلا گیتی دڵی چووەتە سەر تاریق، زانیم! ها! بەڵام تازە قسەی لەسەر کراوە. نازانیت؟ وا نییە لەیلا؟"

"دڵم نەچووەتە سەر هیچ کەس!"

وازیان لە لەیلا هێنا و بەم شێوەیە دەمەقرەیان بوو، پێچیان کردەوە بۆ گەڕەکی خۆیان.

لەیلا سێ کۆڵانی تر بەتەنیا ڕۆیشت، کە گەیشتە گەڕەکی خۆیان دیقەتی دا بێنزە شینەکە هێشتا لەوێ وەستاوە، لە دەرەوەی ماڵی ڕەشید و مریەم. پیاوە بەتەمەنە قات لەبەرەکە، لە دوای سندووقەکەیەوە وەستابوو، بەسەر گۆچانەکەیدا، سەری هەڵبڕیبوو سەیری خانووەکەی دەکرد.

دەنگێک لە پشت لەیلاوە وتی "هێی. قژزەرد. سەیری ئێرە بکە." لەیلا ئاوڕی دایەوە و بەلوولەی دەمانچەیەک پێشوازیی لێکرا.

دەمـانچـەکـە سـوور بوو، پەلەپیـتکەکـەی سـەوزی کـاڵ. لە پشت دەمـانـچـەکـەوە دەمـوچاوی خادم بـەلاقرتیـیـەوە زەردەخـەنـەی دەکرد. خـادم یازدە سـاڵ بوو وەک تاریق، زۆر کـەتە و زل بـوو، ددانەکـانی سـەرەوەی لـەژێر ددانەکـانی خـوارەوەیدا بوون. باوکی قـەسـاب بـوو لە دێمـەزەنگ، جـار دوای جـار خـادم نـاوی دەردەکـرد بەهاویشتنی ڕیخـۆڵەی گوێرەکە بۆ سـەر ڕێگەی خـەڵکی پیادە. هـەندێ جار ئەگەر تاریق دیار نەبووایە خـادم لە کاتی پشـوودا لە گۆڕەپانی قوتابخـانە، دەور و خـولی لەیلای دەدا، تەمـاشـاکردنی بەنیـازی ناپاک و نـرکە نرککردنی لـە دەوری. جارێک دانەیەکی کـێشـابوو بەشـانیدا و وتبـووی تۆ زۆر جـوانیت، قـژزەرد دەمـەوێ بێمـە خوازبێنیت.

دەمــانچــەکـەی ڕاوەشــاند "خــەمـت نەبێت، پێـوەی دیـار نـابێت، بەقـژتـەوە دیار نابێت."

"نەکەی، نەیکەیت لەگەڵ تۆمە"

وتی "ئێستـا چی دەکەی؟ هاوڕێ گۆجەکەتم تێ بـەرەدەیت؟ ئای تاریق گیان. ئای ئێستا وەرە و لەم بەدنیازە بمپارێزە."

لەیلا دەسـتی کـرد بـەهـەنگاونـان بەرەو دواوە، بەڵام تـازە خـادم دەسـتی نـابوو بەپەلەپیتکەکەدا. یەک لە دوای یەک فـیـچقـەی شلەیەکی گەرم دەیدا بەقژی لەیلادا، دواتر بـەسـەرلەپی دەسـتـیـدا کـە بەرزی کـردبـووەوە دەمـوچاوی پێ بپـارێزێ. کوڕەکانی تر لە کون و قوژبنەکان هـاتنە دەرەوە و دەستیان کرد بەقاقای پێکەنین و چەنەبازی.

ئەو سووکایەتی و جنێوانەی لەیلا دەیبیست لەسـەر شـەقامەکان، ئێستا هـەڵهاتن بۆ سـەر لێوی. لە ڕاستیـدا لێی تێنەدەگەیشت و واتاکەی بۆ لێک نەدەدرایەوە، بەڵام وشـەکـان وزەیەکی قـایمیـان دروست کـرد لە لـەیلادا و ڕێی پێـدان لە دەمی بێنە

دەرەوە."دایکت هەر ڕۆژە لەگەڵ پیاوێکە!"

خادم بەهێواشی "بەس نییە وەک دایکی تۆ بێ مێشک نییە، یان باوکم وەک باوکت کچانی نییە! ئەی باشە بۆچی بۆنێکی دەستت ناکەی؟"

کوڕەکانیش دەستیان پێ کرد "بۆنی دەستت بکە! بۆنی دەستت بکە!"

لەیلا بۆنی کرد، بەڵام پێش ئەوەی بۆنی بکا دەیزانی مەبەستی چی بوو بەقژتەوە دیار نابێت. بەدەنگێکی بەرز و ئازاراوییەوە هاواری کرد، کوڕەکان هوهاکێشانەکەیان بەرزتر کردەوە.

لەیلا ڕووی کرد بەودیودا و گریا و ڕای کردەوە بۆ ماڵەوە.

ئاوی لە بیرەکە ڕاکێشا، لە حەمامەکە تەشتێکی پڕ کرد، جلەکانی لێک جیا کردنەوە، سابوونی دا لە قژی و بەشپرزەیی پەنجەکانی دەهێنا بەناو قژیدا، بەدەنگێکی پڕ لە بێزارییەوە دەگریا و بێزی لێی دەهاتەوە، بەقاپێک ئاوی پێدا کرد و جارێکی تر سابوونی لێ دایەوە، دووسێ جار وەختبوو بڕشێتەوە، خۆی گرژ دەکرد و دەگریا لە کاتێکدا بەلفکەیەکی سابووناوی ملی و دەموچاوی دەشۆرد و دەشۆرد، هەتا سوور بوونەوە.

بلوزێک و پانتۆڵێکی پاکی لەبەر کرد، بیری لەوە دەکردەوە ئەمە هەرگیز ڕووی نەدەدا ئەگەر تاریقی لەگەڵدا بووایە. خادم نەیدەوێرا. بێگومان ڕووی نەدەدا ئەگەر دایە وەک ڕۆژەکانی تر بچووایە بەدوایدا. هەندێ جار بیری دەکردەوە، بۆچی دایە لەیلای بووە. لەو باوەڕەدا بوو خەڵک نابێت ڕێگەی منداڵبوونی پێ بدرێت، ئەگەر هەموو سۆز و خۆشەویستییەکەیان لە منداڵەکانی تردا تەواو کردبێت. بێ ویژدانی و ناڕەوا بوو. لە پڕ تووشی تووڕەبوونێکی قووڵ بوو، چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و لەسەر سیسەمەکەی کەوت.

کاتێک هێورتر بووەوە چوو بۆ ناو دالانەکە و لە دەرگەی ژوورەکەی دایەی دا. کاتێک لەیلا منداڵتر بوو لە بەردەم دەرگەکەدا دەبوو بۆ چەند سەعاتێک دابنیشێت، بەهێواشی لە دەرگەکەی دەدا و یەک لە دوای یەک ناوی دایەی دەچرپاند وەکو ناوهێنانی کەسێک لە کاتی بەتاڵکردنەوەی سیحرێکدا: دایە، دایە، دایە، دایە،... بەڵام دایە هەرگیز دەرگەکەی نەدەکردەوە. ئەمجارەش هەر نەیکردەوە. لەیلا کێلۆنەکەی سووڕاند و چووە ژوورەوە.

هەندێ جار دایە ڕۆژەکانی بە خۆشی بەسەر دەبرد. لە جێگەکەی هەڵدەبەزییەوە بەدوو چاوی گەش و لەشێکی چالاکەوە، لە پێکەنینێکدا لێوە شۆڕەکەی گورج دەبووەوە، خۆی دەشۆرد و جلی پاکوخاوێنی دەپۆشی و مەسکارای دەدا لە چاوەکانی. بەلەیلای دەوت قژی دابهێنێ، ئەمە لەیلای زۆر دڵخۆش دەکرد، گوارەکانی بکاتە گوێی. بەیەکەوە دەچوون بۆ بازاڕی "ماندای" بۆ شت کڕین. لەیلا یاریی مار و پەیژەی لەگەڵ دایە دەکرد، لێوارە هەڵوەریوەکانی پارچە چوکلێتەکانیان دەخوارد، ئەمە یەکێک بوو لەو خواردنانەی لە پێکەوەبوونیاندا چێژیان لێ دەبینی. خۆشترین کاتی لەیلا ئەوە بوو کاتێک بابە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە، لەگەڵ دایە بزە دەیگرتن و ددانە قاوەییەکانیان دەردەکەوت، تەوژمێکی ئاسوودەیی خۆی دەکرد بەماڵەکەدا و لەیلا دەرکی بەناسکیی ساتەکەی دەوروبەری دەکرد، بەو ڕۆمانسییەتەی زەمەنێک دایە و بابەی بەستبووەوە بەیەکەوە کاتێک ماڵەکەیان پڕ دەنگەدەنگ و قەرەباڵغی و شادمانی بوو.

دایە هەندێ جار شیرینیی دروست دەکرد و بانگهێشتی ژنانی دراوسێی دەکرد بۆ خواردنی کێک و چا. لەیلا دەفرە قووڵەکانی دەلێسایەوە لە کاتێکدا دایە سەرمێزەکەی بەکوپ و دەسڕ و قاپی جوان دەڕازانەوە. لەیلا قاپەکەی دەبرد بۆ ژووری میوانەکە و حەزی دەکرد بەشداریی قسە و باسەکانیان بکا، لە کاتێکدا ژنەکان بەجۆش و خرۆشەوە قسەیان دەکرد و وەسفی دایەیان دەکرد بۆ خواردنە پڕ تامەکەی، بەڵام قسەی زۆر کەم هەبوو بۆ لەیلا بیکا، حەزی دەکرد دابنیشێت و گوێ بگرێت، لەبەرئەوەی لەم کۆبوونەوانەدا ڕەفتارێکی ناوازەی لەگەڵدا دەکرا: گوێی لە دایە دەگرت کاتێک زۆر بەکاریگەری باسی بابەی دەکرد.

دەیوت "چ مامۆستایەکی پلە و پایە بەرز بوو، قوتابییەکانی خۆشیان دەویست، نەک تەنیا لەبەرئەوەی وەک مامۆستاکانی تر لێی نەدەدان، ڕێزیان لێ دەگرت لەبەرئەوەی ئەو ڕێزی لێ دەگرتن. کەسێکی سەرسوڕهێنەر بوو."

دایە زۆری پێ خۆش دەبوو چیرۆکی حەزی خۆی بۆ بابە، بۆ میوانەکان بگێڕێتەوە.

"من شازدە ساڵ بووم، ئەو نۆزدە ساڵ بوو. ماڵمان لە پەنجشیر بەتەنیشت یەکەوە بوون. ئای، خوشکەکانم دڵم زۆر چووبووە سەری! بەدیوارەکەی نێوانمان

هەڵدەگەڕام لە باخەکەی باوکیدا بەیەکەوە یاریمان دەکرد. حەکیم هەردەم لەوە دەترسا بمانبینن و دواتر باوکم لێی بدات. هەموو کات دەیوت باوکت بمبینێ دەمکوژێ. پێشتریش کەسێکی زۆر بەئاگا و توندگیر بوو. ڕۆژێکیان پێم وت، وتم، ئامۆزا، چی ڕوو دەدا؟ دێیت بۆ ماڵمان و داوام بکەی؟ یان وام لێ دەکەی خۆم بێم بۆ خوازبێنیت؟ هەر ئاوا بەم شێوەیە پێم وت. خۆزگە دەموچاویتان دەبینی"

دایە هەردوو دەستی کێشا بەیەکدا و ژنەکان و لەیلاش دایانە قاقای پێکەنین.

لەیلا بەگوێگرتنی لە دایە کاتێک ئەم چیرۆکانەی دەگێڕایەوە، تەواو هەستی دەکرد کە وەختێک هەبووە هەرگاڤ بەم شێوەیە لەبارەی بابەوە دواوە، وەختێک کە دایک و باوکی لەسەر دوو سیسەمی جیا نەخەوتوون. لەیلا خۆزگەی دەخوارد ئەو کاتانەی لە کیس نەچووایە.

چیرۆکی خۆشەویستییەکەی دایە ڕێی خۆش کرد بۆ باسی ژنهێنان. کاتێک ئەفغانستان سۆڤیەتەکانی لێ نەما و کوڕەکان گەڕانەوە پێویستیان بەژنهێنان دەبێت. جا لەبەر ئەوە ژنەکان کەوتنە باسکردن و نواندنی یەک بەیەکی کچی گەڕەک، کێ گونجاوە و کێ نەگونجاوە بۆ ئەحمەد و نوور. لەیلا هەردەم هەستی بەدابڕان دەکرد کە قسە و باسەکان ڕوویان دەکردە براکانی، وەک ئەوە بوو ژنەکان باسی فیلمێکی خۆش بکەن و هەتا ئێستا ئەو نەیبینیوە. لەیلا دوو ساڵ بوو کاتێک ئەحمەد و نوور کابولیان بەجێ هێشت و چووبوون بۆ پەنجشیر لە باکور بۆ بەشداریکردنیان لە هێزەکەی سەرکردە، ئەحمەد شا مەسعوود و جیهاد بکەن. لەیلا بەئەستەم لەبارەی براکانیەوە شتی لە بیر مابوو، ئەڵڵایەکی بریقەدار لە ملی ئەحمەددا، نیشانەیەکی مووی ڕەش لەسەر گوێی نوور و هیچی تر.

"ئازیتە چۆنە؟"

دایە دەستێکی کێشا بەڕوومەتی خۆیدا، بەگاڵتە و تووڕەبوونێکەوە" کچی فەرشچنەکە؟ سمێڵی لە سمێڵی حەکیم زۆرترە!"

"ئانا هیتایەک هەیە بیستوومانە یەکەمی پۆلی خۆیانە لە زەرخونە."

"ددانی ئەو کچەت نەبینیوە؟ کێلی سەر قەبر. لەژێر لێویەوە سەرقەبرانێکی شاردووەتەوە."

"ئەی خوشکانی وەحیدی چۆنن؟"

"ئەو دوو کورتەبنەیە؟ نا، نا، نا. ئاخ ناء، بۆ کورەکانی من نا. بۆ سوڵتانەکانی من نا. شایانی لەوان باشترن."

لە بەردەوامیی دەنگەدەنگەکەدا، خەیاڵی لەیلا ئەوێی بەجێ هێشت، وەک هەرگاڤ، تاریقی دۆزییەوە.

دایە پەردە زەردباوەکانی دادابووەوە. لەناو تاریکییەکەدا، ژوورەکە چینێک بۆنی لەسەر نیشتبوو: خەوتن، کەلوپەلی نەشۆراو، ئارەق، گۆرەویی پیس، عەتر، شلەکەی دوێنێ ئێوارە. لەیلا چاوەڕێی چاوەکانی کرد ڕووناک ببنەوە پێش ئەوەی هەنگاو بنێت بۆ ئەوبەری ژوورەکە، بەو جۆرەش قاچی تێکەڵ دەبوو، بەو شتومەک و جلوبەرگانەی لەسەر زەوییەکە بوون.

لەیلا پەردەکانی لادا. لای قاچی سیسەمەکەوە کورسییەکی ئاسنی لێ بوو، لەیلا لەسەری دانیشت و سەیری بەتانییە گرمۆڵە نەجووڵاوەکەی دەکرد، دایکی بوو.

دیواری ژوورەکەی دایە بەوێنەی ئەحمەد و نوور داپۆشرابوون. هەر شوێنێک لەیلا دەیڕوانی دوو کەسی نامۆ زەردەخەنەیان بۆ دەکرد، لە یەکێک لە وێنەکاندا نوور بەپایسکیلێکی سێ تایەهەڵدەگەڕا، لە یەکێکی تردا ئەحمەد نوێژی دەکرد بەرامبەر بابە لە نزیک کاتژمێرێکی هەتاوییەوە، کاتێک تەمەنی سێزدەساڵ بوو لەگەڵ بابە دروستیان کردبوو. لە وێنەیەکی تردا دانیشتبوون و پاڵیان دابوو بەپشتی یەکەوە، لەژێر دارهەرمێیەکی بەتەمەن لە باخەکەدا.

لەژێر سیسەمەکەی دایەدا، لایەکی کارتۆنێکی پێڵاوەکانی ئەحمەد هاتبووە دەرەوە. دایە هەموو جارێک پیشانی دەدا کۆمەڵێک ڕۆژنامەی تۆپەڵکراو و نامیلکەی تێدا بوو کە ئەحمەد توانیبووی کۆی بکاتەوە لە بارەگەی شۆڕشگێڕان و ڕێکخراوە کۆڵنەدەرەکان لە پاکستانەوە هاتبوون. وێنەیەک پیاوێکی پێشان دەدا چاکەتێکی درێژی سپیی لەبەردا بوو مەساسەیەکی دەدایە دەست منداڵێکی قاچ قرتاو. نووسراوی ژێر وێنەکە: منداڵان قوربانیی پلانە داڕێژراوە پڕ شەڕەنگێزی و مینڕێژییەکەی سۆڤیەتن. درێژەی بابەتەکە باسی لەوە دەکرد سۆڤیەتەکان بۆمب و تەقەمەنییەکانیان لەناو یارییە ڕەنگاوڕەنگەکانی منداڵاندا دەشاردەوە. ئەگەر منداڵێک دەستکاریی یارییەکی بکردایە دەتەقییەوە، هەموو پەنجەکانی هەڵدەوەراند. لەبەر ئەوە باوکە کە نەیدەتوانی بچێت بۆ جیهاد، دەبوو لە ماڵەوە

بمێنێتەوە و ئاگای لە منداڵەکەی بێت. لە بابەتێکی تر لە پاکەتەکەی ئەحمەددا موجاهیدێکی گەنج دەیوت سۆڤیەتەکان لە گوندەکەیاندا گازی خنکێنەریان ڕشتووە کە پێستی خەڵکەکەی سووتاندووە و چاویانی کوێر کردووە. دەیوت دایکی و خوشکەکانی بینیوە ڕایان کردووە بەرەو جۆگەکە، کۆکیون و خوێن لە دەم و لووتیانەوە هاتووەتە خوارەوە.

"دایە."

گرمۆڵەکەی سەر سیسەمەکە کەمێک جووڵایەوە و ئاهێکی لێوە هات.

"هەستە، دایە، سەعات سێیە."

ئاهێکی تر. دەستێک هاتە دەرەوە وەک دووربینێکی دەریایی بۆ ڕووبەرێک بگەڕێت. دواتر کەوت. ئەمجارە زۆرتر جووڵا، ئەمجارە خشەخشی چەرچەفەکان هات و چینەکانی لەسەر یەک شەپۆلیان دەدا. دایە بەهێواشی گیانی هاتەوە بەبەردا: قژە پیس و پۆخڵەکەی، دەموچاوە گرژ و مۆنەکەی، چاوی توند نوقاو بەرامبەر بەڕووناکییەکە، دەستی دەدا بەملا و لادا بۆ لێواری سەرووی چەرپاکە دەگەڕا. خۆی ڕاکێشایە سەرەوە و چەرچەفەکان کەوتنە خوارەوە، دەیمرخاند. دایە توانی چاوی بکاتەوە، لە ڕووناکییەکە دەسڵەمییەوە و سەری داخست بۆ سەر سنگی.

لەبەر خۆیەوە "قوتابخانە چۆن بوو؟"

پاشان دەست کرا بەپرسیارە زۆرەکییەکان و وەڵامە ڕۆتینەکان. هەردووکیان دوو ئەکتەری دڵساردی ناو ئەم سەما هیلاک و کۆنە بوون.

لەیلا وتی "قوتابخانە ئاسایی بوو"

"هیچ فێر بوویت؟ "

"گرینگەکەی."

"نانت خوارد؟"

"خواردم."

"باشە"

دایە سەری بەرز کردەوە بۆ لای پەنجەرەکە، ڕاچڵەکی و پێڵوەکانی باڵەفرەیان

دەهات، لای ڕاستی دەموچاوی سوور بووبوو، ئەو لایەی قژی پان بووبووەوە. "سەرم دێشێت."

"ئەسپرینێکت بۆ بهێنم؟"

دایە ماسولکەکانی دەموچاوی دەشێلا " لەوانەیە دواتر پێویست بکات. باوکت لە ماڵە؟"

"هێشتا سەعات سێیە."

دایە باوێشکێکی دا "ئا، وایە ئەوەت پێ وتم، خەوم دەبینی ئێستا" دەنگی کەمێک بەرزتر بوو لە دەنگی بەرکەوتنی ڕۆبەکەی لە چەرچەفەکان.

"هەر ئێستا پێش ئەوەی بێیتە ژوورەوە، بەڵام بیرم نایەت چی بوو، ئەوە لە تۆش ڕوو دەدات؟"

"لە هەموو کەس ڕوو دەدات، دایە."

"زۆر سەیرە."

"باپێت بڵێم، کاتێک تۆ خەونت دەبینی، کوڕێک بەدەمانچە ئاوەکەی میزی کرد بەقژمدا."

"چی کرد؟ چی بوو؟ ببوورە."

"میز، میز."

"بێ مانایە، زۆر هیچوپووچانەیە، ئای خوایە. داوای لێبووردن دەکەم لەیلا. تۆی داماو! بەیانی یەکەم کارم ئەوەیە قسەی لەگەڵ بکەم، یان لەگەڵ دایکی، ئا وا باشترە."

"پێم نەوتی کێ بوو."

"ئا، ڕاست دەکەیت، کێ بوو؟"

"تازە وازی لێ بێنە."

"تۆ تووڕەیت."

"دەبووایە بهاتیتایە بەدوامدا."

بەسکاڵاوە "وابوو." لەیلا دڵنیا نەبوو ئەمە پرسیارە. دایە دەستی کرد بەگەڕان بەناو قژی لەیلادا، ئەمە یەکێک بوو لە مەزنترین نهێنییەکانی ژیان بۆ لەیلا، کە

گەرانەکەی دایە بەناو قژیدا سەری لەیلای کەچەڵ نەکرد وەک هێلکەیەک." ئەی... ناوی چییە هاورێکەت، تاریق؟ بەڵێ، ئەی ئەو چی دەکرد؟"

"هەفتەیەکە رۆیشتووە."

"ئاخ." دایە ئاهێکی قووڵی دەربری و هەناسەیەکی درێژی لە لووتییەوە هەڵکێشا " ئەی خۆت شۆرد؟"

"بەڵێ."

"کەواتە پاکژیت." رووی نیگا ماندووەکەی کردە پەنجەرەکە و "پاکیت و هەموو شتێک باشە."

لەیلا هەستایە سەرپێ "ئێستا من ئەرکی قوتابخانەم هەیە و دەبێت جێبەجێیان بکەم."

دایە وتی "بەدڵنیـــاییـــیـــەوە هەتە. پەردەکـــان دابەرەوە پێش ئەوەی برۆیت خۆشەویستم." دەنگی کاڵ دەبووەوە و دووبارە نقووم دەبوو لەناو چەرچەفەکاندا.

کە لەیلا هاتە لای پەردەکانەوە ئۆتۆمۆبێلێکی بینی بەخێرایی تێ پەری بەناو کۆڵانەکەدا و کلکێکی تەپوتۆزی بەدوای خۆیدا راکێشا. بێنزە شینەکە بوو بەژمارەکەی هەرەتەوە دواجار دەرۆیشت. چاوی لەسەری بوو هەتا دواجار لە گۆشەی کۆڵانەکەوە دیار نەما، پەنجەرەی دواوەی لە هەتاوەکەدا بریسکەی دەدایەوە.

دایە لە دوای لەیلاوە وتی و"سبەینێم بیر ناچێت، بەڵێن دەدەم."

"دوێنێش وات وت."

"تۆ نازانیت، لەیلا."

"چی بزانم؟" لەیلا بەخێرایی بەرەو رووی دایکی رۆیشت. "چییە ئەوەی من نایزانم؟"

دەستەکانی دایە سەرکەوتن بۆ سەر سنگی و بەئەسپایی پیای دەکێشا.

"لێرەدا. ئەوەی لێرەدایە." بەلاوازییەوە "تۆ نایزانیت."

هەفتـەیەک تـێ پەڕی، تاریق هێـشـتـا دیار نـەبوو. پاشـان هەفتـەیەکی تر هات و ڕۆیشت.

بۆ پڕکـردنەوەی کـاتـەکـە، لەیـلا تۆزە دڕاوەکـەی چاک کـردەوە پێش ئـەوەی بابە دەرفـەتێکی بۆ بڕەخـسـێت بۆ پڕکردنەوەی. کتێبـەکانی بابەی داگرت و سـڕینی و بەپێی ئـەلفـوبێ ڕێکی خـستن. لەگـەڵ حـەزینە و گـیتی و دایکی گـیتی، نیـلا، کـە بەرگدرووی دایە بوو، هەندێک جاریش هـاودەمـیی دایەی دەکرد لە چنیندا چوون بۆ شـەقامی مریشک. لەو هەفتەیەدا لەیلا هاتە سـەر ئەو باوەڕەی لەو هـەموو دژواری و ناڕەحـەتییـانەی کە مـرۆڤێک دەبێت ڕووبـەڕووی ببێتـەوە، هیـچیـان بەقـەد چەمکی چاوەڕوانی سزای مرۆڤ نادەن.

هەفتەیەکی تر بەسـەرچوو.

لەیلا خۆی لەناو تۆڕی بیرکردنەوەیەکی ترسناکدا بینییەوە.

تاریق هـەرگـیـز نـاگـەڕێتـەوە. دایک و بـاوکی بـۆ سـوود و کـەڵکی خـۆیان گواسـتوویانەتەوە. گەشـتـەکەیان بۆ غەزنـی فێڵ و تەڵەکە بـوو. پیلانێکی کـاملانە بۆ ڕێگەگرتن لە ماڵئاواییەکی پڕ لە تاسە و زویربوون.

تووشی کێڵگەیەکی مین هاتووە دیسان، بەهەمان شێوەی ساڵی ١٩٨١ ڕووی دا کـاتێک تەمـەنی پێنج سـاڵان بوو. جـاری پێشـوو بوو کە دایک و باوکی بردیان بۆ غـەزنـی، کـەمـێک دوای سـێیـەمین سـاڵی لـەدایکبـوونی لـەیلا، ئـەوجـارە زۆر بـەخـتـی هـەبوو کە قاچێکی لەدەست چوو، بەختی هـەبوو ڕزگاری بوو لە مردن.

زەنگی ئەم خەیاڵانە لەبیرکردنەوەکانیدا لێی دەدا و لێی دەدایەوە.

پاش مـاوەیەک، لەیلا شـەوێک تیـشـکی لایتـێکی بینی لە خـوارووی کـۆڵانەکـەوە. دەنگێک لە نێوان جووکاندن و دەنگی هـەناسـەی سـەرەمەرگدا لە نێوان لێوەکانیەوە هـەڵهاتن. خێرا لایتـەکەی خـۆی لەژێر سـیسـەمەکەوە دەرهێنا، بەڵام پێ نەدەبوو.

بەبەری دەستی بەتوندی پیای دەکێشا و نەفرەتی لە پاترییە مردووەکان دەکرد. ئەمــجــارەش هیچ ســوودێکی نەبوو. تاریق گــەڕابووەوە. لەیلا لەســەر لێــواری چەرپاکەی دانیشت، گێژ و وڕ لە ئاسوودەییدا، لە تاریکیی ئەو شەوەدا چاوە گەش و زەردەکانی لەگەڵ هەڵهێنانی پێڵوەکانیدا ڕەونەقیان دەدایەوە.

ڕۆژی دوایی، لەسەر ڕێگەکەی بۆ ماڵی تاریق، لەیلا خادم و گرووپە هاوڕێکەی بینی لەوبەری شـەقـامـەکـەوە. خـادم بەچیـچکانەوە لەناو خـاک و خـۆڵەکـەدا بەچیلکەیەک وێنەی دەکێشـا، کە لەیلای بینی چیلکەکەی فڕێ دا و دەسـتـەکانی تەکاند، قسەیەکی کرد و پێکەنینێک دروست بوو لە دەوری. لەیلا سەری داخست و بەخێرایی تێ پەڕی.

کە تاریق دەرگەکەی کردەوە لەیلا بەجۆشەوە هاواری کرد "چیت کردووە؟" لەیلا تەنیا لەم کاتەدا بیری ئەوەی هاتەوە مامی سەرتاشە.

تاریق دەستی هێنا بەپێستە تازەتاشراوەکەی سەریدا و زەردەخەنەیەکی کرد، ددانە سپی و کەمێک لاسەنگەکانی دەرکەوتن.

"حەزت لێیە؟"

"دەڵێی خۆت ناونووس کردووە بۆ سەربازی."

سەری نزم کردەوە" دەتەوێت دەستی لێ بدەیت؟"

وورده مووه زبرەکان بەشێنەیی بەرەدەستی لەیلایان خوراند.

تاریق وەک هەندێک لە کوڕەکانی تر نەبوو قـژی کـەللەسـەرێکی قـووچەکی و قوپاوییەکانی سەری داپۆشێت، سەری تەواو خڕ بوو هیچ بەرزی و نزمییەکی تێدا نەبوو.

کە سەری بەرز کردەوە، لەیلا بینی کە ڕوومەتەکانی و ناوچەوانی بە خۆرهەتاو سووتا بوون.

"بۆچی ئەوەندە زۆرت پێ چوو؟"

"مامم نەخۆش بوو. وەرە. وەرە ژوورەوە."

بردی بۆ دالانەکە بۆ ژووری دانیشتن. لەیلا حەزی لە هەموو شتێکی ئەم خانووە بوو. فەرشە کۆنە شڕەکەی ژووری دانیشتنەکە، لێفە پیناوییەکەی سەر قەنەفەکە،

ناڕێکوپێکییـه ئاسـاییـیـەکەی ژیانی تاریق: تۆپە قـوماشـەکانی دایکی، شـیـشی چنینەکـانی کـە کـردبوونی بەناو تۆپە شلیلەکـاندا، کـۆوارە کـۆنەکـان، تاقـمی ئۆکۆردۆنەکە لە گۆشەکەدا، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد بکرێتەوە.

دایکی لە چێشتخانەکەوە بانگی کرد "ئەوە کێیە؟"

"لەیلایە."

کـورسـیـیـەکی بـۆ ڕاکـێـشـا، ژووری دانیـشـتـنەکـە زۆر کـراوە و ڕووناک بوو، پەنجـەرەکـانی لەسـەر حـەوشـەکە بوون. لەسـەر لێواری پەنجـەرەکە، دایکی تاریق باینجانی لەناو سرکە و شـیویتدا سوێر کردبوو، وە گێزەری لەگەڵ توێکڵ و ئاوی پرتەقاڵدا تێکەڵ کردبوو لەناو شووشەی جیاجیادا.

باوکی هاتـه ژوورەوە و هـاواری کرد "مـەبەسـتت بووکەکـەمانـە،" باوکی دارتاش بوو، پیـاوێکی باریکی درێژ بوو تەمـەنی لە سـەرەتای شـەسـتەکاندا بوو، نێوان دوو ددانی پێشـەوەی شـاش بوون، دوو چاوی نیـمچـە نووقـاوی کـەسـێکی هەبوو کـە زۆربەی کـاتەکـانی ژیانـی لە دەرەوە بەسـەر بردبێت. باوەشـی کردەوە و لـەیلا چوو بەرەو پیری، وەک هـەرگاف بەبۆنی خۆشی ئاردەدارەوە پێشوازیی لێ کرا.

دایکی تاریـق ڕۆیشت بەلایاندا و وتـی "تۆ هێندە ئاوای پـێ بڵـێـیت، ئیـتـر واز لە هـاتنی بۆ ئێـرە دێنێت." سـینیـیـەکی پـێ بـوو قـاپێکی گـەورەی قـووڵی لەسـەر بوو کەوچکێکی تێدا بوو، لەگەڵ چوار جـامۆلکەی بچووک لەسەری. دەموچاوی لەیلای خستە ناو دەستەکانیەوە و وتی "لەو پیاوە پیرە نیگەران مـەبە، چاوم ڕوون بووەوە ئەزیزم. وەرە دانیشـە، وەرە هەندێک میوەی خوسێنراوم هێناوەتەوە."

مـێـزەکە زۆر گـەورە بوو لـە تەخـتـەیەکی تەنک باوکی تاریق دروسـتی کـردبوو، لەگـەڵ کورسـیـیـەکـان. چەرچەفـێکی سـەوزی گـیـایـی لەسـەر بوو وێنەی مـانگی یەکـشـەوە و ئەسـتـێـرەی تێـدا بـوو. بەشـی زۆری دیواری ژوورەکـە داپۆشـرابوو بەوێنەی تـاریق لە تەمـەنی جـیـاجـیـادا. لە هـەندێک لـە وێنە زۆر کۆنەکـاندا هـەردوو قاچی هەبوو.

لەیلا کەوچکەکەی کرد بەناو قـاپە کشـمیش و بسـتە و قەیسییە خوسـاوەکەدا و بەباوکی تاریقی وت " بیستم براکەت نەخۆشە."

جگەرەیەکی داگیرساند و وتی "بەڵێ بەڵام ئێسـتا باشە سوپاس بۆ خوا." دایکی

بەوریاییەوە سەیری باوکی کرد و وتی "جەڵدەی دڵ، دووەم جاریەتی."

باوکی دووکەڵی جگەرەکەی لە لووتییەوە هێنایە دەرەوە و بەچاو وەڵامی بەڵێی لەیلای دایەوە. لەیلا دیسانەوە کەوتەوە بیرکردنەوە و ترسا باوک و دایکی تاریق ئەوێ بەجێ بهێڵن، لەبەر خاتری نەنک و باپیری. دایکی هەتا تەمەنی چلەکان تاریقی نەبووبوو.

دایکی تاریق لە قاپەکەی خۆی دەڕوانی و بەلەیلای وت "باوکت چۆنە ئەزیزم؟" لەوەتەی لەیلا دایکی دەناسێ، قژی دەستکردی کردووە بەسەریەوە، ڕەنگی قژەکەش بووبووە مۆرێکی تەڵخ. ئەمڕۆ کەمێک کەوتبوو بەپێشا و لەیلا لەجانگە ڕەساسییەکانی دەبینی. هەندێک ڕۆژ لە دواوە بوو لەسەر ناوچەوانی، بەڵام بۆ لەیلا دایکی تاریق هەرگیز بەکەسێکی نزم و ناشیرین نەهاتووەتە بەرچاو بەو قژەوە، ئەوەی لەیلا دەیبینی دەموچاوە هێمن و باوەڕ بەخۆکەی بوو لە خوار قژەکەوە، چاوە زرنگ و ڕەفتارە لەسەرخۆکانی بوون.

"باشە، هێشتا لە نانەواخانەکەیە، بێگومان. باشە."

"ئەی دایکت؟"

"ڕۆژە باشەکان و خراپەکانیش بەهەمان شێوەیە."

دایکی کەوچکەکەی دانا لەناو قاپەکەیدا "دەبێت چەندە سەخت بێت، ئێجگار سەختە بۆ دایکت دوورە لە کوڕەکانیەوە."

تاریق وتی "بۆ نانی نیوەڕۆ لێرە دەبیت؟"

دایکی وتی "دەبێت لێرەبێت، شۆربام لێناوە."

"نامەوێت بێزارتان بکەم."

دایکی وتی "بەپێچەوانەوە، بۆ دوو هەفتە دەڕۆین و دێینەوە کەچی خەریکە بەزمانی خەڵکی قسەمان لەگەڵ دەکەیت؟"

لەیلا وتی "باشە، دەمێنمەوە." زەردەخەنەیەکی کرد و سوور بووەوە.

"کەواتە ڕێک کەوتین."

ڕاستییەکەی ئەوە بوو، لەیلا خۆشیی لە نانخواردنی ماڵی تاریق دەهات بەقەدەر ڕق لێبوون لە نانخواردنی ماڵی خۆیان. لە ماڵی تاریق، کەس بەتەنیا نانی

نەدەخـوارد، هـەردەم وەکـو خـێـزانێک نانیـان دەخـوارد. لەیلا حـەزی لـە پەرداخـە پلاسـتیکە مۆرەکان بوو. بەکاریان دەهێنا بۆ ئاو خـواردنەوە، لەگەڵ قـاشـە لیـمۆ سـەرئاوکەوتووەکەی ناو سوراحییەکە. زۆری حەز لەوە بـوو کە هەمـوو ژەمێکیـان بەخـواردنی قـاپێک مـاست دەست پێ دەکـرد، پرتەقـاڵی ترشیـان دەگوشـییـە ناو هەمـوو جـۆرە خـواردنێکەوە، تەنانەت مـاسـتـەکـەش. هـەروەهـا ئەو گـاڵتـەوگـەپە بچووکانەی لەبارەی شتە تایبەتەکانی یەک دەیانکرد.

لە ژەمـەکـاندا هـەمـوو کـات گفـتوگۆ لە هـەواکـەدا بـوو. سـەرەڕای ئەوەی تاریق و دایک و باوکی لە پەشـتوونەکان بوون، کە لـەیلایان لەگەڵ دەبوو بەفارسی قسـەیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەی لەیلا لە زۆربەی قسە پەشـتووەکانیـان تێ دەگەشت، چونکە لە قـوتابخـانە فـێـری بووبوو. بـابە دەیوت هـەردەم گـرژی و ناکـۆکی هەبووە لە نێـوان خـەڵکەکـانیـانـدا، تاجیکەکان، کە کـەمـترین بوون و خـەڵکەکەی تاریق، پەشـتـوون، گـەورەترین نەتەوەی گـەلی ئەفـغـانسـتـان بـوون. بابە ئەوەشـی وتبـوو تاجـیکەکـان هـەردەم هـەستیان بەکەمی و ڕیزنەگرتن دەکرد، پەشتوونە پاشاکان ئەم وڵاتەیان بۆ نزیکەی دووسـەد و پەنجا سـاڵ بەڕێوە بردووە، لەیلا، وە تاجیکەکان بەهـەمـووی نۆ مـانگی سـاڵی ١٩٢٩، وڵاتیان بەڕێوە بردووە.

لەیـلاش پرسـیـبـووی "ئـەی تۆ بـابە؟ تۆش هـەسـتـت بەکـەمـی دەکـرد؟" بـابە بەسـەردەستی کراسـەکەی چاویلکەکەی سڕی. بۆ من قسـەی بێ بایەخـە- قسـەی شەڕبەدەم و ترسناکە- هـەمـوو ئەم قسـەکردنەی: من تاجیکم، تۆ پەشتوونیت، ئەو هـەزارەیە، ئەوی تر ئۆزبەک.... ئێـمـە هـەمـوو ئەفغـانین، دەبێت تەنیا ئەوە گـرینگ بێت. بەڵام کـاتێک گـرووپێک سـەرکـردایەتیی ئەوانـی تر دەکا بۆ مـاوەیەکی زۆر... خـۆسـەپـانـدن و ڕق لێـبـوون دروست دەبێت. ملمـلانێ دروست دەبێت. وەک چۆن ئێستا هـەیە هەردەمیش هـەبووە.

لەوانەیە وابووبێت، بەڵام لـەیلا هـەرگـیـز لە مـاڵی تاریقـدا هـەسـتی بەبـوونی ئەو شـتـانـە نەکردبوو. کات بەسـەربردنی لەیلا لەگەڵ خـێزانەکەی تاریقـدا سـەرەڕای جیـاوازیی زمـان و خێڵـەکـانیـان هەردەم بۆ لەیلا سروشـتی و ئاسـان و سـادە بوو. هـەروەهـا ئەو ڕق و ئاژاوەیەی لە ماڵەوەی خۆیاندا بەدی دەکرد لێرە لە مـاڵی تاریق بەهیچ شێوەیەک بەدی نەدەکرد.

تاریق وتی "یاریی کارت بکەین؟"

دایکی کە داخ لە دڵی پەڵە هەورەکەی ناو ژوورەکە بوو، کە دووکەڵی جگەرەکەی باوکی دروستی کردبوو "بەڵێ، بڕۆنە سەرەوە منیش سەرپەرشتیی چێشتەکە دەکەم."

هەردووکیان لەسەر دەم ڕاکشان لە ناوەڕاستی ژوورەکەی تاریقدا، بەنۆرە کارتەکانیان بۆ یاریی کۆنکەن دابەش کرد. پایدەریان لێ دەدا لەناو هەواکەدا و تاریق باسی گەشتەکەی بۆ دەکرد: چاندنی نەمامی قۆخ لەگەڵ مامیدا، گرتنی مارێک لەناو باخەکەیاندا.

ژوورەکەی ئەو شوێنە بوو کە لەیلا و تاریق ئەرکی ماڵەوەی قوتابخانەیان تێدا ئەنجام دەدا، بەکارتەکان بینای بەرزیان دروست دەکرد و پۆرترێتی شێتانەی یەکتریان دەکێشا، ئەگەر باران بباریایە پاڵیان بەپەنجەرەکەوە دەدا و فانتای گەرم و پڕ لە گازیان دەخواردەوە، سەیری دڵۆپە ئاوساوی بارانەکەیان دەکرد کە بەشووشەکەدا دەهاتنە خوارەوە.

لەیلا وتی "باشە ئەمە چییە، چییە ئەوەی بەدەوری جیهاندا دەسووڕێتەوە و دواتر لە سووچێکدا دەوەستێتەوە؟ "

"بۆستە" تاریق هەستا و قاچە دەستکردەکەی لێ کردەوە و خۆی خستە سەرلا و شانی دادا." ئەو سەرینەم بەرێ." خستییە ژێر قاچییەوە.

"ئەوەتا، ئاوا باشترە."

لەیلا یەکەم جاری بیر هاتەوە کاتێک بنی برینەوەکەی قاچی پێشان دابوو، تەمەنی شەش ساڵ بوو، پەنجەی نابوو بەنەرمایییەکەیدا پێستێکی ناسک بوو ڕێک لەژێر ئەژنۆی چەپیدا. کۆمەڵێک ئاوساوی و گرێی ڕەقی تێدا بوو، تاریق پێی وتبوو ئەوانە چوکڵەی ئێسقانن، دوای برینەوەکەی لاقی گەورە بوون. پرسیاری لێ کردبوو ئاخۆ ئازاری هەبووە، تاریق وتبووی لە کۆتاییی ڕۆژەکەدا دەستی کردووە بەکزانەوە و ئاوساوە و بەلاقە دەستکردەکەیدا نەچووە، وەک پەنجەیەک لەناو ئەڵقەیەکی بچووکدا، وە هەندێک جار کە زۆر گەرم دەبێت بەئاسانی دەڕووشێت یان بلۆق و لیر دەکات بەڵام دایکم کرێمی هەیە بەکاری دەهێنم، زۆر باشە.

لەیلا فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە و دایە قوڵپی گریان.

تاریق قاچەکەی پێوە کردەوە، بۆچی دەگریت؟ خۆت داوات کرد بیبینیت هەی گرینۆک! ئەگەر بمزانیایە دەیکەیت بەهاتوهاوار پیشانم نەدەدایت.

تاریق وتی "پووڵە."

"چی؟ "

"مەتەڵەکە. وەڵامەکەی پووڵە. حەز ئەکەم دوای نانی نیوەڕۆ بچین بۆ باخچەی ئاژەڵان."

"خۆت دەتزانی، وا نییە؟"

"بێگومان نەء."

"فێڵباز."

"تۆش بەغیلیت."

"بەچی؟"

"زیرەکییە کوڕانەکەم."

"زیرەکییە کوڕانەکەت؟ بەڕاستە؟ پێم بڵێ. کێ هەموو کات لە شەترنجدا دەیباتەوە؟"

تاریق پێ کەنی "من خۆم دەهێڵم بیبەیتەوە." هەردووکیان دەیانزانی ئەمە ڕاست نییە.

"ئەی کێ لە بیرکاریدا دەرناچێت؟ دێیت بۆ لای کێ بیرکاریت فێر بکات؟ سەرەڕای ئەوەی پۆلێک لە پێشترەوەیت."

"ئەگەر بیرکاری بێزاری نەکردمایە دوو پۆل لە پێشتر دەبووم."

"پێم وایە جوگرافیاش بێزارت دەکات."

"چۆن زانیت؟ دەمت داخە. ئێستا بچین بۆ باخچەی ئاژەڵان یان نا؟"

بەزەردەخەنەوە "دەچین."

"چاکە."

"بیرم دەکردیت."

هەردووکیان بێدەنگ بوون. پاشان تاریق ڕووی تێ کرد و بەنیوە پێکەنین و نیوە

تووڕەییەوە بەنیگایەکی پڕ لە بەدڵنەبوونەوە وتی " تۆ چیتە؟"

چەند جار لەیلا و حەزینا و گێتی ئەم هەمان دوو وشەیەیان بەیەک وتووە، لەیلا تێڕاما، بەبێ دوودڵی دوای دوو یان سێ ڕۆژ یەک نەبینین دەیانوت، بیرم دەکردیت حەزینا. ئاه، منیش بیرم دەکردیت. لە گرژی و مۆنییەکەی تاریقەوە، لەیلا فێر بوو کە کوڕان جیاوازن لە کچان لەم ڕووەوە، درامای هاوڕێیەتییان نەدەکرد، هەستیان بەپێویستی و گرینگیی ئەم جۆرە قسانە نەدەکرد، لەیلا بیری لەوە دەکردەوە براکانیشی بەم شێوەیە بوون. لەیلا هاتە سەر ئەو بۆچوونەی کوڕان ڕەفتارکردن لە هاوڕێیەتیدا وەک ڕەفتارکردن لەگەڵ خۆردا دەکەن: هەردەم زیندوویەتییەکەی نکووڵیی لێ نەدەکرا، خۆشترین کاتی ڕابواردن لە درەوشانەوەکەیدا بەسەر دەبرا، وە ڕاستەوخۆ لێی نەدەڕوانرا.

لەیلا وتی "ویستم تووڕەت بکەم."

تاریق بۆ ماوەیەک بەتیلەیەکی چاو سەیری کرد و "ئیشی خۆتت کرد." لەیلا بیری لە گرژییەکەی دەموچاوی دەکردەوە، بیری کردەوە لەوانەیە بەسووتاویی ڕوومەتەکانی بۆ ساتێکی کەم قووڵتر دەرکەوتبێ.

لەیلا مەبەستی نەبوو پێی بڵێت. لە ڕاستیدا، دواجار بڕیاری دا ئەگەر پێی بڵێت کارێکی زۆر خراپ دەکات، دەبێتە هۆی ئازاردانی کەسێک چونکە تاریق لە توانایدا نابێت ڕێگە بدات تێپەڕ ببێت بەسەریدا، بەڵام دواتر کە لەسەر شەقامەکە بەسەرداخراوی دەچوون بۆ وێستگەی پاسەکە، لەیلا دیسان خادمی بینی، پاڵی دابوو بەدیوارێکەوە و هاوڕێکانی دەورەیان دابوو، پەنجەی خستبووە نێو قایشەکەی بەبەرەنگاربوونەوەوە مۆڕەی لە لەیلا دەکرد.

ناچار لەیلا بەتاریقی وت. چیرۆکەکە لە دەمییەوە ڕژا پێش ئەوەی بتوانێ بیوەستێنێ.

"چیی کرد؟!"

لەیلا پێی وتەوە.

"ئەو؟ ئەوە دەڵێیت؟ دڵنیایت؟"

"دڵنیام."

تاریق ددانەکانی جیڕ کردەوە و لەبەر خۆیەوە قسەیەکی کرد بەپەشتوون بۆ

ئەوەی لەیلا تێ نەگات و بەفارسی وتی" لێرە چاوەڕێ بکە."

"نا، تاریق..."

تازە گەیشتبووە ئەوبەری شەقامەکە.

خادم یەکەم کەس بوو بینی. مۆڕەکردنەکەی کاڵ بووبووەوە و خۆی لە دیوارەکە توند دەکرد. پەنجەی لە قوڵفی قایشەکەی دەرهێنا و بەرێکی وەستا، هەناسەیەکی بەرەو مــەترسی چوون و پڕ لە باوەڕ بەخــۆبوونی هەڵکێشــا، ئەوانی تر دوای نیگاکەی کەوتن.

لەیلا خۆزگەی دەخواست هیچی نەوتایە. بڵێی هەموویان بەیەکەوە بێن بۆی؟ چەندیان لەوێ بوون دە؟ یازدە؟ دوازدە؟ بڵێی ئازاری بدەن؟

پاشان تاریق یەک دوو هەنگاو لە دوور خادم و گرووپەکەیەوە وەستا. بۆ ساتێک لێک ورد بوونەوە. لەیلا وای زانی دڵی گۆڕاوە و پەشیمان بووەتەوە، کاتێک تاریق چەمایەوە لەیلا بیری کردەوە تاریق وا پیشان دەدات قەیتانی پێڵاوەکەی توند بکاتەوە یان بگەڕێتەوە بۆ لای لەیلا، کاتێک دەستەکانی دەستیان بەجووڵە کرد، لەیلا تێ گەیشت.

کاتێک تاریق هەستایەوە و لەسەر یەک قاچ وەستا ئەوانیش تێگەیشتن، بەهەنگەشەلێ چوو بەرەوڕووی خادم، بەلاقە نەبەستراوەکەی سەر شانیەوە وەکو تیر هێرشی کردە سەر خادم.

تەپوتۆز و مستەکۆڵە و شەق و هاوارکردن دەستی پێ کرد. خادم هەرگیز نەچووەوە بەلای لەیلادا.

ئەو شەوە وەک زۆربەی شەوەکانی تر لەیلا مێزی ئێوارەی بۆ دوو کەس ئامادە کرد. دایە وتی ئەو برسی نییە، ئەو شەوانەی کە برسی دەبوو بەهانەیەکی دەدۆزییەوە بۆ بردنی بەشە خواردنەکەی بۆ ژوورەکەی خۆی، هەتا پێش ئەوەی بابە دەگەیشتەوە ماڵەوە، دایە هەردەم لە کاتی نانخواردنی لەیلا و بابەدا دەخەوت یان لەناو جێگەکەیدا ڕادەکشا.

بابە لە حەمامەکە هاتە دەرەوە– کە دەهاتەوە ماڵەوە قژی لە ئارددا سپی دەبوو– قژی شۆردبوو دای هێنابوو بۆ دواوە.

"چیمان هەیە لەیلا؟"

"شۆربای دوێنێ ماوەتەوە هەر ئەوەمان هەیە."

"زۆر باشە،" ئەو خاولییەی قژی پێ وشک کردبووەوە قەدی کرد و "ئەرکی ماڵەوەی ئەمشەوت چییە؟ کۆکردنەوەی کەرتەکان؟"

"لە ڕاستیدا، گێڕانەوەی کۆمەڵێک ژمارەیە بۆ یەک کەرت."

"ئاها، زۆر باشە."

هەموو شەوێک دوای نانی ئێوارە بابە یارمەتیی لەیلای دەدا لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی و هەندێک لە زانیارییەکانی خۆیشی پێ دەبەخشی. ئەمەش تەنیا بۆ پێشخستنی لەیلا بوو لە چاو هاوپۆلەکانیدا، نەک لەبەر پەسندنەکردنی ئەو ئەرکانەی لە قوتابخانە پێی دەدرا، سەرەڕای ئەو هەموو پڕوپاگەندە زۆرەی هەبوو لەسەر شێوەی وانەوتنەوە لە قوتابخانەکاندا. لە ڕاستیدا، بەبۆچوونی بابە تەنیا شتێکی بێ سوود کە کۆمۆنیستەکان کردبوویان یان لانی کەم مەبەستیان بوو بیکەن لە بواری پەروەردەدا بوو، ئەو پیشەیەی کە بابەی لێ دەرکرا، بەتایبەتی پەروەردەی ژنان بوو. حکوومەت پشتگیری و دابینکەری پۆلی خوێندن بوو بۆ ژنان، نزیکەی دوو لەسەر سێی قوتابییەکانی زانکۆی کابول ئافرەت بوون. بابە دەیوت ژنان لە کۆلێجی یاسا و پزیشکی و ئەندازیاری دەخوێنن.

ژنان لەم وڵاتەدا هەرگاف ژیانیان سەخت بووە، لەیلا، بەڵام وا دیارە لە ئێستادا سەربەستترن لەژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکاندا، یان مافی زۆر زیاتریان هەیە لەوەی پێشتر هەیانبووە لە ژیانیاندا، باوکە هەمـوو کات دەنگی نزم دەکردەوە، ئاگەداری ئەوە دەبوو کە دایە لەگەڵ بەباش باسکردنی کۆمۆنیستەکان هەڵناکات. بەڵام ڕاستە ئێستا کاتێکی باشە بۆ ئەوەی ئافرەت بیت لە ئەفغانستاندا وە تۆش دەتوانیت سوود لەوە ببینیت، لەیلا. بێگومان ئازادیی ژنان - باوکە بە مەلوولی سەری ڕاوەشاند- ئەمەش یەکێکی ترە لەو هۆیانەی کە لەوێ لە یەکەم جێگەدا خەڵکی دەستی بەڵێیان بەرز کردەوە.

کاتێک وتی "لەوێ" مەبەستی کابول نەبوو کە هەردەم ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز بووە، لێرە لە کابول، ژنان لە زانکۆکاندا وانەیان دەوتەوە، سەرپەرشتیی قوتابخانەکانیان دەکرد و فەرمانگە حکوومەتییەکانیان بەڕێوە دەبرد. نا، بابە مەبەستی ناوچە خێڵەکییەکان بوو بەتایبەتی هەرێمی

پەشتوونەکان لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات، نزیک سنووری پاکستان، ئەو شوێنەی زۆر بەدەگمەن ژنان لەسەر شەقامەکان دەبینران، مەگەر بەبورقە وە یان لەگەڵ پیاوێکی تردا بوونایە. مەبەستی لەو هەرێمانە بوو کە پیاوان بەپێی یاسای دێرینی هۆز و خێڵەکانیان ژیانیان تێ دەپەڕاند، کە بەرهەڵستی کۆمۆنیستەکان و فەرمانە نەگۆڕەکانیانی دەکرد بۆ ئازادکردنی ژنان، دواییهێنانی نەهێشتنی شووکردن بەزۆر، بۆ بەرزکردنەوەی تەمەنی شووکردن بۆ شازدە ساڵ. لەوێ پیاوان وەک سووکایەتیکردن بەداوونەریتە کۆن و تەمەن سەدان ساڵەکانیان تەماشای فرمانەکانی حکوومەتیان دەکرد کە دەبێت ژنان ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن و بچنە قوتابخانە و شان بەشانی پیاوان کار بکەن.

بابە پڕ بەدڵ حەزی دەکرد بڵێت خوانەخواستە هەر دەبێت ڕوو بدات! بەڵام ئاهێکی هەڵکێشا و وتی لەیلا خۆشەویستم، تەنیا دوژمنێک کە ئەفغانییەک ناتوانێت بیبەزێنێ خۆیەتی.

بابە لەسەر کورسییەکی سەر مێزەکە دانیشت. نانی لە جامە شۆرباکەی هەڵدەکێشا.

لەیلا بڕیاری دا لەبارەی تاریق کە چی لە خادم کردووە بەبابە بڵێت، لەسەر ژەمەکە پێش ئەوەی دەست بکەن بەکەرتەکان. بەڵام دەرفەتی بۆ دروست نەبوو. لەبەرئەوەی لەو کاتەدا لە دەرگە درا و لە ئەودیوی دەرگەکەوە کەسێکی نامۆ هەواڵێکی هێنابوو.

کاتێک لەیلا دەرگەکەی کردەوە پیاوەکە وتی "دەمەوێت قسە لەگەڵ دایک و باوکت بکەم، بەقوربان." پیاوێکی چوارشانە بوو بەدەموچاوێکی زبر و درێژەوە، چاکەتێکی خاکیی لەبەردا بوو و کێشێکی خوریی قاوەییی بەسەرەوە بوو.

"دەتوانم پێیان بڵێم کێ هاتووە؟"

پاشان دەستەکانی بابە لەسەر شانی لەیلا بوون، ئینجا بەنیانی لەلای دەرگەکەوە لەیلای ڕاکێشایە دواوە.

"بۆچی ناچیتە سەرەوە لەیلا، برۆ."

کاتێک لەیلا بەرەو پلەکان هەنگاوی نا، گوێی لە میوانەکە بوو بەبابەی وت هەواڵێکی لە پەنجشیرەوە هێناوە. دایەش هاتبوو بۆ لایان. دەستێکی قایم کردبوو لەسەر دەمی، چاوەکانی لە بابەوە بۆ پیاوە نامۆکە تەراتێنیان دەکرد.

لەیلا لە سەرەوەی قادرمەکانەوە سەرەتاتکێی بوو، سەیری پیاوەکەی دەکرد لەگەڵ باوکە دانیشتبوون و خۆی خست بەپێشدا و یەک دوو وشەی بێدەنگی پێ وتن، پاشان دەموچاوی بابەسپی هەڵگەڕا، بێڕەنگتر بوو، سەیری دەستەکانی دەکرد، پاشان دایە قیژاندی، زریکاندی، قژی خۆی ڕنییەوە.

بەیانیی دواتر، لە ڕۆژی فاتیحاکەدا، پۆلێک لە ژنانی گەڕەک کۆمەڵیان لێ دان و دەستیان کرد بەئامادەکردنی ماڵەکە بۆ ئێوارەی خەتم، کە دوای پرسەکە دەستی پێ دەکرد. هەموو بەیانییەکە دایە لەسەر قەنەفەیەک دانیشت، دەسرێک لە دەستەکانیدا بوو دەموچاوی ئاوسا بوو. لەلایەن دوو ژنی گریاوەوە سەروکاری دەکرا و بەسەرە بەئەسپایی و گوێ قووڵاخییەوە دەستیان دەهێنا بەدەستیدا، وەک ئەوە بوو دانسقەترین و ناسکترین بووکەشووشە بێت لە دنیادا.

دایە لەوە نەدەچوو ئاگای لە هەبوونی ئەوان بێت لە دەوری.

لەیلا لە بەردەمی دایکیدا هەڵترووشکا و دەستەکانی گرت "دایە."

چاوەکانی دایە ڕوویان لە خوارەوە کرد، چاوی تررووکاند.

یەکێک لە ژنەکان بەگرینگییەوە وتی "ئێمە ئاگامان لێی دەبێت، لەیلا گیان."

لەیلا پێشتر چووبووە پرسەوە ژنانی لەم شێوەیەی بینیبوو، ئەو ژنانەی چێژی هەموو تاڵی و ناسۆرەکانی ناو پرسەکانیان کردبوو، ئەو میوانە پرسەگێڕانەی بینیبوو کە ڕێگەی هاتوچۆی کەس نادەن.

"ئێمەچاومان لێی دەبێت، تۆ بڕۆ شتێکی تر بکە، واز لە دایکت بێنە."

کشەی لێ کرایە ئەولاوە، لەیلا هەستی بەبێ سوودیی دەکرد، لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر جرت و فرتی بوو، بۆ ماوەیەک لەناو چێشتخانەکەدا خۆی خافڵاند. حەزینایەکی مات و دامرکاو لەگەڵ دایکیدا هاتن. گیتی و دایکیشی بەهەمان شێوە. کاتێک گیتی لەیلای بینی، بەخێرایی بەرەوپیری ڕۆیشت و قۆڵە ڕەق و باریکەکانی لە لەیلا ئاڵاند، باوەشێکی دوور و درێژ و سەرسوڕهێنەرانەی لەیلای کرد، کە چووە دواوە، فرمێسک گۆمێکیان لە چاوەکانیدا دروست کردبوو،" زۆر داوای لێبووردن دەکەم، لەیلا." لەیلا سوپاسی کرد. سێ کچەکە بەیەکەوە لە حەوشە دانیشتن، هەتا ژنێک ئەرکی شووشتنی پەرداخ و هەڵچنینی دەورییەکانی لەسەر مێزەکە پێ سپاردن. بابەش بەبێ هیوایی دەهات و دەچوو بۆ ناوەوە و دەرەوەیماڵەکە، لەوە دەچوو بەدوای ئەنجامدانی کارێکدا بگەڕێ.

تەنیا شتێک لەو بەیانییەدا دایە وتی "لێمی دوور بخەنەوە."

ناچار بابە بەتەنیا دانیشت لەسەر کورسییەکی قامیش لەناو ڕاڕەوەکەدا. بچووک و دڵتەنگ و وێران. پاشان یەکێک لە ژنەکان پێی وت لەناو ڕێگەکەدا دانیشتووە. داوای لێبووردنی کرد و دیار نەما، بۆ لای کتێبەکانی.

ئەو دوا نیوەڕۆیە پیاوەکان چوون بۆ ئەو هۆڵەی بابە گرتبووی بۆ پرسەکە. ژنەکان هاتن بۆ ماڵەوە. لەیلا لەلای دایکییەوە دانیشت لە تەنیشت دەرگەی هاتنە ناو هۆڵەکەوە، بەپێی نەریتی کۆمەڵایەتی، ئەو جێگەیە شوێنی دانیشتنی خێزانی مردووەکە بوو. شێوەنگێڕان پێڵاوەکانیان لەناو ڕێگەکەدا لادەدا و سەریان بۆ میوانەکان دەلەقاند لە کاتی هاتنە ژوورەوەیاندا، لەسەر کورسییە ڕیزکراوەکانی بن دیوارەکە دادەنیشتن. لەیلا وەجمەی بینی، ئەو مامانە بەتەمەنەی کە لەیلای هێنایە دنیاوە. دایکی تاریقیشی بینی سەرپۆشێکی ڕەساسیی بەسەر کڵاوێکدا دابوو بەسەردا، سەری بۆ لەیلا لەقاند و زەردەخەنەیەکی هێواش و دڵتەنگی بەدەم

داخراوییەوە بۆ کرد.

لە ڕیکۆردەرەکەوە دەنگی منگنی پیاوێک بەندی قورئانی دەخوێندەوە و جارجار ژنان ئاهێکیان هەڵدەکیشا و لووتیان هەڵدەلووشی، کۆکەیەکی کپ یان بۆڵەیەکیان لێوە دەهات. ناو بەناو هەناسەیەکی لە سوێ و خەفەت هەڵکێشراو دەکرایە دەرەوە. ژنەکەی ڕەشید، مریەم، هاتە ژوورەوە. باڵاپۆشێکی ڕێکی لەبەردا بوو، تاڵەکانی قژی هاتبوونە خوارەوە و تێکەڵ بەبرۆی بووبوون، بەتەنیا لەسەر کورسییەک دانیشت لەبن دیوارەکەدا بەرامبەر لەیلا.

لە تەنیشت لەیلاوە دایە لە دواوە بۆ پێشەوە خۆی ڕادەژەند، لەیلا دەستی دایکی هەڵگرت و دەیلاواندەوە لەناو دەستی خۆیدا بەڵام دایە لەوە نەدەچوو ئاگای لێی بێت. لەیلا بەگوێیدا چرپاندی "هەندێک ئاوت دەوێت دایە؟ تینووت نییە؟"

بەڵام دایە هیچی نەوت، هیچی نەدەکرد بێجگە لە دیلانەکردنی بۆ دواوە و بۆ پێشەوە، تێڕامانی لە فەرشەکە بەنیگایەکی دابڕاو و بێ گیانەوە.

دەم دەم، کاتێک لەیلا لە تەنیشت دایکییەوە بوو، ڕوخساری مات و کۆستکەوتوو لەناو ژوورەکەدا، قەبارەی ئەو کارەساتەی تەواوی خێزانەکەی هەڵتەکاندبوو لەناو لەیلادا تۆمار دەبوو. ڕێتێچوونەکانی ناو خەیاڵەکانی لەیلا حاشایان لێ دەکرا. هیواکان وردوخاش دەبوون. بەڵام هەستکردنەکان کۆتاییيان نەدەهات. هەستکردن زۆر سەخت بوو، لە ڕاستیدا هەستکردن بە لەکیسچوونەکەی دایە. کۆکردنەوەی ئەو غەمە سەخت بوو، غەمخواردن و شینکردن بۆ مەرگی ئەو کەسانەی کە لە سەرەتاوە لەیلا وەک زیندوو هەستی پێ نەکردبوون. ئەحمەد و نوور هەردەم وەکو زانیارییەکی فێرکراو بوون بۆ لەیلا، وەکو کەسێتییەکانی ناو چیرۆکێکی ئەفسانەیی، پاشاکانی ناو کتێبە مێژووییەکان.

تاریق بوو ئەو کەسەی لە ڕاستەقینەدا لە گۆشت و خوێن بوو. تاریق بوو جنێوی بەزمانی پەشتوو فێر دەکرد، حەزی لە گەڵای خوێیاویی وێنجە بوو دەموچاوی خۆی گرژ دەکرد و دەستی دەکرد بەناڵین لە کاتی جوینیدا. تاریق بوو نیشانەیەکی پەمەیی لە شێوەی عودێکی سەر بەرەوخوار لەژێر ئێسقانی چەڵەمەی چەپیدا بوو.

لەیلا لەلای دایەوە دانیشت و وەک ئەرکی سەرشانی دەستی کرد بەگریان و شین بۆ ئەحمەد و نوور، بەڵام لە دڵی لەیلادا برا ڕاستەقینەکەی تەندروست و زیندوو بوو.

ئەو ناساغی و بێ هێزییەی دوای دایە دەکەوت، بۆ ڕۆژەکانی تر دەستی پێ کرد. ئازاری سنگ و سەرئێشە، ئێشی جومگە و ئارەقی شەوانە، ئازاری ئیفلیجکەر لە گوێکانیدا، ئاوساوی و گرێی تر کە هیچ کەس هەستی پێ نەدەکرد. بابە بردی بۆ لای پزیشک، وێنەی تیشکی ناوەوەی لەشی گرتبوو، پشکنینی میز و خوێنی بۆ کردبوو، دواجار دەرکەوت دایە هیچ نەخۆشییەکی فیزیکیی نەبوو.

دایە زۆربەی ڕۆژەکان لەناو جێگەدا دەمایەوە، جلی ڕەشی لەبەر دەکرد و دەستکاریی قژی دەکرد و خاڵەکەی ژێر لێوی بنبڕ کردبوو. کە دایە بەخەبەر دەبوو، لەیلا دەیبینی بەلارەلار بەناو ماڵەکەدا دەگەڕا، لە دواییدا دەچووە ژوورەکەی لەیلا. زوو تا درەنگ دەچووە ناو ژووری کوڕەکان و بەردەوام پیاسەی دەکرد بەناو ئەو ژوورانەدا کە کوڕەکان تێیدا خەوتبوون و شەڕەسەرینیان تێدا کردبوو. بەڵام ئەوەی دایە تێیدا خۆی دەبینییەوە تەنیا بزرییان بوو. هەروەها بەبۆچوونی لەیلا، ئەویش بووبووە هەمان شت بۆ دایە.

تەنیا ئەرکێک کە دایە فەرامۆشی نەکردبوو پێنج نوێژەکە بوو لە ڕۆژێکدا. لە کۆتاییی نوێژدا سەری دادەموکاند و دەستی دەگرت بەدەموچاویەوە و لەپی دەستی بەرز دەکردەوە و لەبەر خۆیەوە لە خوا دەپاڕایەوە سەرکەوتن بکا بەچارەنووسی موجاهیدەکان. لەیلا دەبوو ئەرکە ڕۆتینەکانی تری ڕۆژانە بخاتە سەرشانی خۆی. ئەگەر چاودێریی ماڵەکەی نەکردایە بۆی هەبوو جل و پێڵاو و زەرفی کراوەی برنج و قوتووی پاقلە و قاپی پیس لە زۆر شوێنی ماڵەکە ببینێتەوە. لەیلا جلەکانی دایەی دەشۆرد و چەرچەفەکانی بۆ دەگۆڕی. مەراییی بۆ دەکرد بۆ ئەوەی لە جێگە بێتە دەرەوە و خۆی بشوات. هەر لەیلا بوو جلەکانی بابەی ئوتوو دەکرد و پانتۆڵەکانی بۆ قەد دەکرد. وردە وردە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دەبوو بەکەیبانووی ماڵ.

هەندێک جار، دوای ئەوەی ئەرکەکانی بەجێ دەگەیاند لە تەنیشت دایەوە خۆی

دەخزاندە ژێر جێگەوە، قۆڵەکانی لە دەوری دایە دەپێچا و پەنجەکانی لەپەنجەی دایە هەڵدەکێشا، دەموچاوی لەناو قژیدا دەناشت. دایە کەمێک دەجووڵایەوە و لەبەر خۆیەوە شتێکی دەوت. وەک هەموو کات دەستی دەکرد بەگێڕانەوەی چیرۆکێک لەبارەی کوڕەکان.

ڕۆژێک، بەم شێوەیە ڕاکشابوون دایە دەیوت "ئەحمەد دەبوو بەسەرکردە، ئەو بەهرەی پێشڕەویکردنەی تێدا بوو، خەڵکی لە سەروو تەمەنی خۆیەوە بەڕێزەوە گوێیان بۆ دەگرت، لەیلا. کردارێک بوو شایانی بینین بوو. هەروەها نوور، ئاخ، نوورەکەم. هەرگاف چوارچێوەی بینا و پردی دروست دەکرد، ئەویش دەبوو بەئەندازیاری نەخشەساز، دەزانی. بەنەخشە و پلانەکانی کابولی دەگۆڕی، بەڵام ئێستا هەردووکیان شەهیدن، کوڕەکانم، خۆبەختکەرەکانم."

لەیلا ڕادەکشا و گوێی دەگرت، خۆزگەی دەخواست دایە سەرنجێکی ئەوە بدات کە ئەو شەهید نەبووە، زیندووە و لێرەیە لەناو جێگەدا لەگەڵی، ئەویش هیوا و خۆزگەی هەیە لەگەڵ چارەنووسیدا. بەڵام لەیلا ئەوەی دەزانی داهاتووی ئەو و ڕابردووی براکانی بەراورد ناکرێن، ژیانی ئەوان گرینگتر و سێبەرێکی گەورە بوو بەسەر ژیانی لەیلادا. ئەوان لە مەرگدا لەیلایان لە یادەکاندا کوێر کردبووەوە. ئێستا دایە ڕاسپێردراو و لێپرسراوی مۆزەخانەی ژیانی ئەوان بوو، لەیلاش گەشتیارێکی تەنیا بوو، کیفێک بوو بۆ بەسەرهاتە ئەفسانەییەکان، پێستەیەک بوو دایە بەمەرەکەب لێهاتووییەکانی ئەوانی لەسەر دەنووسییەوە.

"پەیامهێنەرەکەی هەواڵەکەی هێنا وتی کە کوڕەکانیان هێناوەتەوە بۆ ئۆردوگاکە، ئەحمەد شا مەسعوود خۆی سەرپەرشتیی ناشتنەکەیانی کردووە، لە لێواری گۆڕەکەیان دوعای بۆ خوێندوون، براکانت ئەو جۆرە پیاوە ئازا و نەبەردانە بوون، لەیلا، سەرکردە مەسعوود خۆی، شێرەکەی پەنجشێر، خوا بیپارێزێ سەرپەرشتیی ناشتنەکەیانی کردووە."

دایە کەوتە سەر گازی پشت، لەیلا جێگۆڕکێیەکی کرد و سەری لەسەر سنگی دایە حەواندەوە.

دایە بەدەنگێکی نووساوەوە "هەندێک ڕۆژ گوێ بۆ چرکەچرکی ئەو سەعاتەی ناو داڵانەکە دەگرم، پاشان بیر لە یەک بەیەکی ئەو چرکە و خولەک و ڕۆژ و هەفتە و

مانگ و ساڵانەی کە چاوەڕوانی من دەکەن دەکەمەوە، هەمووی بەبێ ئەوان، دواتر ناتوانم هەناسە بدەم وەک ئەوەی کەسێک بەسەر دڵمدا بڕوات، لەیلا. بێ ڕادە بێ هێز دەبم، هێندە بێ هێز دەبم دەمەوێت لە شوێنێکدا بەچۆکدا بێم."

"خۆزگەشتێک هەبووایە بمتوانیایە بیکەم." لەیلا لە دڵەوە ئەمەی وت. بەڵام لە دەنگیدا لەوە دەچوو بێزارکەر و نەویستراو بێت، وەک دڵنەواییکردنەکانی کەسێکی نامۆ و بەبەزەیی.

دوای ئاهێکی قووڵ دایە وتی "تۆ کچێکی دڵسۆزیت، بەڵام من هێندە دایکایەتیم نەنواندووە بەرامبەر بەتۆ."

"وا مەڵێ."

"ئاخ، بەڵام ئەوە ڕاستییە، دڵنیام و داوای لێبووردنت لێ دەکەم خۆشەویستم."

"دایە؟"

"ئەم."

لەیلا هەستا و سەیری دایەی دەکرد تاڵی سپی کەوتبووە قژیەوە. وە لاوازبوونی دایە لەیلای پەشۆکاند، چونکە جاران خرپن و بەخۆوە بوو. ڕوومەتەکانی داکشاو و ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاو، ئەو بلوزەی لەبەریدا بوو سەرشانەکانی هاتبوونە خوارەوە، ملی هێند باریک بووبووەوە بۆشاییەکی گەورە لە نێوان ملی و ملوانی بلوزەکەیدا دیار بوو، زیاتر لە چەند جارێک لەیلا بینیبووی ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەیدا دەخولێتەوە.

"پرسیارێک هەیە ماوەیەکی زۆرە مەبەستمە لێتی بکەم."

"چییە؟"

لەیلا دەستی پێ کرد "تۆ نیازت نییە..."

بۆ حەزینەی باس کردبوو، لەسەر داخوازیی حەزینا، هەردووکیان پاکەتی حەبە ئەسپرینەکانیان بەتاڵ کردبووە ناو توالێتەکەوە، چەقۆ تیژ و شیشە کەبابەکانیان لەژێر فەرش و قەنەفەکەدا شاردبووەوە، حەزینا گوریسێکی لە حەوشەکە دۆزیبووەوە ئەویشی شاردەوە. کاتێک بابە گوێزانەکانی نەدەدۆزییەوە، دەبوو لەیلا پێی بڵێت لە کوێن. بابە لەسەر قەنەفەکە دادەنیشت و دەستی دەخستە نێوان

ئەژنۆکانیەوە، لەیلا چاوەڕێی دەکرد هەتا لێی دڵنیا دەبووەوە مەبەستی تەنیا ڕیشتاشینە، بەڵام تەنیا نیگایەکی پڕ لە سەرلیشێواویی لە بابەوە وەردەگرت.

"تۆ نیازت نییە... زۆر دوودڵی ئەوەم..."

دایە وتی "ئەو شەوەی هەواڵەکەمان پێ گەیشت بیرم لێ کردەوە، ڕاستیت دەوێ، لە دوای ئەو شەوەش بیرم لێ کردووەتەوە. بەڵام نەء، دوودڵ مەبە، لەیلا. دەمەوێت هاتنە دی خەونی کوڕەکانم ببینم. دەمەوێت سۆڤیەتەکان ببینم بەشەرمەزارییەوە بڕۆنەوە بۆ وڵاتەکەیان، ئەو ڕۆژەی موجاهیدەکان بەسەرکەوتوویی دێنە ناو کابول. دەمەوێت لێرە بم کاتێک ئەوە ڕوو دەدا، ئەو کاتەی ئەفغانستان ئازادە، بۆ ئەوەی کوڕەکانم ببینن، ئەوان لە چاوەکانی منەوە دەبینن."

دایە زوو خەوی لێ کەوت، لەیلای لەناو خەیاڵێکی پڕ شەڕەنگێزیدا بەجێ هێشت: سەرلەنوێ دڵنیا بوونەوە لە مەبەستی دایە لە بەردەوامبوون لە ژیان، ئازاری دەچێشت هۆی ئەم تراجیدیا و خەفەت خواردنانە بۆ ئەو نییە، هەرگیز نیشانە لەناو دڵی دایکیدا جێ ناهێڵێت وەک براکانی، چونکە دڵی دایە وەک کەنارێکی ڕەنگ لەبەربڕاوی دەریایەک بوو کە جێ پێکانی لەیلا تێیدا بۆ هەتاهەتایە دەشۆرێنەوە بەئەو شەپۆلی غەمانەی هەڵدەستان و دادەچوون، هەڵدەستان و دادەچوون.

شـۆفێری تەکسـییـەکە لای دا بۆ ڕێگەکردنی کۆمـەڵێک لە جێب و زرێپـۆشـەکانی کاروانێک لە هێزی سـۆڤیەتـەکان. تاریق خۆیدا بـەسـەر کوشنەکەی پێشـەوەدا لە پشت شۆفێرەکەوە "جوانترین چەک! جوانترین چەک! "

جـێـبـێک هۆڕنـی بۆ لێ دا، تـاریق فـیکەی بـۆ لێ دایەوە، لایـتـیــان هـەڵکرد و بەدڵخۆشـییـەوە سـلاویان دەکرد. هـاواری کرد "جوانـترین چەک! نایابـترین جێب، چاکـتـرین سـوپا! بـەداخـەوە کـە لـە دەسـتـیـان دەدەن لەبـەر کـۆمـەڵێک دارلاسـیک بەدەستی کێوی."

کاروانەکە تێ پەڕی، شۆفێرەکە خۆی گەیاندەوە سەر ڕێگەکە.

لەیلا پرسی "چەندێکی تر بەڕێگەوە دەبین؟"

شۆفێرەکە وتی "ئەوپەڕی یەک سەعـاتمان ماوە، بێجگە لە کاروانە سـوپا و خاڵی پشکنینەکانی تر."

لەیلا و بابە و تاریق گەشتێکی یەک ڕۆژەیان دەکرد. حەزیناش ویستبووی بێت، لە باوکی پاڕابووەوە، بەڵام ڕێگەی نەدابوو. یەکـەم جـار بەخـەیاڵی بـابەدا هـاتبـوو گەشـت بکەن. بەڵام مـووچـەکەی بەئاسـانی بەشی نەدەکـرد، شـۆفـێرێکی گـرت بۆ هـەمـوو ڕۆژەکـە. هـەمـوو شـتـێکی لـەبارەی ئەو شـوێنەی بۆی دەچوون بـەلەیلا وت، بێجگە لەوەی لە پەروەردە و خوێندندا هـاوکاری لەیلا بوو.

لە سەعـات پێنجی بەیانییەوە بەڕێگەوە بوون. لە پەنجـەرەکەی لەیلاوە، دیمەنـەکە لە لووتکەی بەبەفر داپۆشراوەوە دەگۆڕا بۆ بیـابان و شیو و دۆڵ، تاشـەبەرد و دەغڵ و دانی سووتاو لەبەر خـۆر، لە ڕێگە بەلای خانووی قوڕی سـەربان لە زەل و قـامیش دروسـتکراو و کـێـڵـگەی پەڵە پەڵەکراو لە شـارای گـەنم. لە کـێـڵـگەیەکی تۆزاویدا چادرێکیـان هـەڵدا، لەیلا چادری ڕەشی کـۆچەر و ڕەوەندەکانی نـاسـیـیـەوە. لەگەڵ قـاوغی بەتـاڵی تۆپ و تانکی تێکشکـاوی سـۆڤـیـەتەکـان. وای بەبیـردا هـات ئەمـە

ئەفغانستانی ئەحمەد و نوور بووە، لێرە لەناو ئەم هەرێمانەی شەڕیان تێدا کراوە، بەڵام لە کابول نا، کابول بەبەرفراوانی لەناو ئاشتیدا بوو. لە کابول، ئەگەر بۆ بۆنەکان تەقە نەکرایە، ئەگەر سەربازەکانی سۆڤیەت لەسەر شەقامەکان جگەرەیان نەکێشایە و جێبەکانیان لەناو شەقامەکاندا هەڵبەز و دابەزیان نەکردایە، شەڕ تەنیا مقۆمقۆ و دەبدەبە بوو.

دوای ئەوەی دوو خاڵی پشکنینی تریان بڕی چوونە ناو دۆڵێکەوە، لەیلا و بابە پاڵیان دا بەکورسییەکەوە و لە دوورەوە سەیری زنجیرەیەک دیواری دێرین و لەبەر خۆر وشکەوەبوو و سوور هەڵگەڕاویان دەکرد.

"ئەوە پێی دەوترێت شاری زوحاک، شارە سوورەکە. وەختی خۆی قەڵا بووە دەوری نۆسەد ساڵ پێش ئێستا دروست کراوە، بۆ پاراستنی دۆڵەکە لە دەست داگیرکەران. کوڕەزای جەنگیز خان لە سەدەی سێزدەمدا هێرشی کردە سەر، بەڵام دواتر کوژرا. پاشان جەنگیز خان خۆی تێکی شکاند."

شۆفێرەکە لە دەرەوەی پەنجەرەکە جگەرەکەی پرواند، وتی " ئەوە چیرۆکی وڵاتەکەمانە، داگیرکەر لە دوای داگیرکەر، مەکەدۆنییەکان، ساسانییەکان، عەرەب، مەگۆلەکان، ئێستاش سۆڤیەتەکان. ئێمەش جیاوازییەکمان لەگەڵ ئەو دیوارانەدا نییە، وردوخاش و کاول، هیچ جوانییەکمان تێدا نییە شایەنی سەیرکردن بێت، بەڵام هێشتا بەسەر پێوەین، ئەوە ڕاستییەکەی نییە؟ هاوڕێکەم."

بابە وتی "لە ڕاستیدا وایە."

نیو سەعات دواتر، شۆفێرەکە ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕاگرت، بابە وتی "وەرن، هەردووکتان، وەرن بۆ دەرەوە سەیر بکەن."

تاریق دەستی کرد بەهەناسەبڕکێ، لەیلاش بەهەمان شێوە، تێ گەیشت ئەگەری ئەوە هەیە ئەگەر بۆ سەد ساڵی تریش بژی، ڕوو نەدات دیمەنێکی تری هێندە بەنرخ و مەزن ببینێتەوە.

هەردوو بووداکە زۆر گەورە و بڵندتر بوون لەوەی لەیلا هەتا ئێستا لە وێنەکانەوە بیری لێکردبوونەوە. بەرێکوپێکی و وردی بەئەسکەنە هەڵکەندرابوون، بەردێکی ڕەنگ خۆرگرتوویان لێ دروست بووبوو. بەوردی لێیان دەڕوانی، لەیلا هێنایە پێش چاوی خۆی کاروانەکان ئەمبەر و ئەوبەری دۆڵەکانیان گرتووە بەسەر ڕێگەیەکی

ســافـدا. له هـەردوولاوه تاقــیـان بۆ دروست کـرابوون، بەردەکـه لـه هـەزار لاوه ئەشکەوتی تێدا هەڵکەندرابوو.

تاریق وتی "هەست دەکەم زۆر بچووکم."

بابه وتی "دەتەوێت هەڵبگەڕێیته سەرەوە؟"

"بەسەر پەیکەرەکاندا؟" لەیلا پرسی "دەتوانین ئەوە بکەین؟"

بابه زەردەخەنەیەکی کرد و دەستی ڕاگرت "وەره."

هەڵگەڕانەکە بۆ تاریق سەخت بوو، دەبوو خۆی هەڵبواسێت بەبابە و لەیلادا کە ورده ورده دەچوونه سەرەوە، بەسەر پلیکانەی پێچاوپێچی تەسک و خۆڵاویدا، له ڕێگەکەیاندا ئەشکەوتی زیاتریان دەبینی، له هەموو لایەکەوە بەتونێل بەردەکەیان کون کون کردبوو.

"وریابن هەنگاو بەکوێدا دەنێن." بابه وتی دەنگی دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێ کەوتەوە. "زەوییەکە بەس بەڕواڵەت باشە، پشتی پێ مەبەستن."

له هەندێک شوێندا پلیکانەکان کون بوون بۆ سەر بۆشاییەکانی پەیکەرەکەی بوودا.

"منداڵینه سەیری خوارەوە مەکەن، ڕێک سەیری بەردەمتان بکەن."

کاتێک هەڵدەگەڕان بابه پێی وتن، بامیان زەمانێک ناوچەیەکی بەگەشە و سەرکەوتووی بوودایییەکان بووە، هەتا ئەو کاتەی له سەدەی نۆزدەمدا لەژێر یاساکانی عەرەبی ئیسلامیدا شکستی هێنا. پەیکەره بەردینەکە لەلایەن سۆفی و قەلەندەره بوودایییەکانەوه ئەشکەوتی تێدا هەڵکەنراوە بۆ بەکارهێنانیان بۆ ژیان بەسەر بردن لەناویدا، پەرستگە و داڵده بوو بۆ ئەو گەشتیارانەی سەردانیان دەکرد.

بابه دەیوت سۆفییەکان وێنه و نیگاری قەشەنگ و نایابیان لەسەر دیوار و بنمیچی ئەشکەوتەکان کێشاوە. له یەک کاتدا نزیکەی پێنج هەزار سۆفی لەم ئەشکەوتانەدا ژیاون.

کە گەیشتنه سەرەوە تاریق تەواو هەناسەی لێ بڕابوو، بابەش هەناسەبڕکێی بوو بەڵام چاوەکانی تیشکی دڵخۆشییان لێ دەبووەوە.

بابە بەدەسەسڕێک ناوچەوانی سڕی."ئێستا لەسەر سەری پەیکەرەکەین، تاقێک هەیە لەولاترەوە دەتوانین لەوێوە سەیری دەرەوە بکەین."

ورده ورده چوون بۆ سـەر بـەشـێکی دەرپۆقـیـوی گـرنج گـرنج لەوێ لە تـەنیـشت یەکەوە وەستان، بابە لە ناوەڕاستدا سەیری خوارەوە و ناو دۆڵەکەی دەکرد.

لەیلا وتی "سەیری ئەمە بکە!"

بابە پێکەنی.

دۆڵی بـامـیـان لەژێرەوە بەکـێـڵـگەی چڕوپڕ و ڕازاوە داپۆشـرابوو. بابـە دەیوت بەزۆری وێنجـە و سـێپـەڕە و گـەنم و پەتاتەی تێدا ڕوێنراوە، کێڵگەکـان بەچنار و عـەرعـەر دەورە درابوون، جۆگـە و خـەندەقی دێراو و ئاودێری بەناویاندا دەڕۆیشت. لە ڕۆخەکانیدا ژنان و کچان هەڵدەترووشکان و جلیان دەشۆرد. بابە گۆڵی مەرەزە و کێڵگەی جۆی لە قەدپاڵی کێوەکاندا پێشـان دان. پایز بوو. لەیلا خـەڵکی دەبینی بەچاکەتی پێستەوە لە سـەربانی خانـووە خشـتە قـوڕینەکانیـان خـەرمـانی دروێنەی دەغڵ و دانەکـەیـان هەڵدەخست بۆ ئەوەی وشک ببنەوە. لە هەردوو تەنیشـتی ڕێگە سـەرەکـیـیـەکـەی بەناو شـارۆچکەکـەدا دەڕۆیشت دارچنار بـەڕیز چووبوون بەئاسـمـانـدا، چایخـانـە و دووکـانـی بچـووک لەلایەک و لەلاکـەی تریشـەوە سـەرتاشخـانەی لێ بوو. لەودیو لادێکەوە، لەودیو ڕووبار و جۆگەکەوە، لەیلا گرد و گردۆڵکەی دامێنی چیاکانی دەبینی، ڕووت و تۆزاوی و زەرد، وە لەودیو ئەوانەوە، وەک ئەودیوی هەموو شتێکی تر لە ئەفغانستاندا چیا سەربڵند و بەفرگرتووەکانی هیند و کوش، دیار بوون.

ئاسمانی سەروو هەموو ئەمانە ساماڵ و شینێکی بێگەرد بوو.

لەیلا هەناسـەیەکی هەڵکێشا "زۆر بێدەنگە،" لە خـوارەوە چاوی لەمـەڕ و ئەسـپی بچووک بوو بەڵام گوێی لە باڕە و حیلەیان نەدەبوو.

بابە وتی "هـەمـوو کات ئەم بێدەنگی و کـشـومـاتـیـیـەی لـەم بەرزاییـیـەدا هەیە لە بیـری منداڵیە. دەمـــویست ئێـوەش بیـبـیـن وە هەروەها دەمـــویست کـەلەپووری وڵاتەکەتان ببین، بۆ ئەوەی مێژووە دەوڵەمـەندەکەی فێر ببن. دەبینن، هەندێک شت هەیە من دەتوانم فێرتان بکەم، هەندێک لەکتێبەوە فێری دەبن، بەڵام هەندێک شت هەیە دەبێت خۆتان ببینن و هەستی پێ بکەن."

تاریق وتی "سەیر کەن."

سەیری هەڵۆیەکیان دەکرد لە بازنەیەکدا بەسەر گوندەکەدا دەسووڕایەوە.

لەیلا پرسی "تا ئێستا دایەت هێناوە بۆ ئێرە؟"

"ئاھ، زۆرجار، پێش ئەوەی کوڕەکان لەدایک ببن، دواتریش. پێشتر دایکت ژنێکی سەرەڕۆ و زۆر زیت بوو، چالاکترین و دڵخۆشترین کەس بوو کە من بینیبێتم. "زەردەخەنەیەکی بۆ یادگارییەکەی کرد." سوێند دەخۆم لەبەر ئەوە هێنام، لەیلا. بۆ ئەو پێکەنینە. دەیترساندی و لە بەرامبەریدا هیچت پێ نەدەکرا."

شەپۆلێکی پڕ مەیل و ناسکی باڵی بەسەر لەیلادا کێشا، لە کاتەکانی پێشتردا هەموو کات بابەی بەم شێوەیە لە بەرچاو بووە: یادکردنەوەی دایە، ئەنیشکەکانی لەسەر بەردە ڕەقەکە بوون، دەستی لەژێر چەناگەیدا، قژی ژاکاو بەبایەکە، چاوی کەمێک داخراو بەرامبەر تیشکی خۆرەکە.

تاریق وتی "من دەچم سەیری هەندێک لە ئەشکەوتەکان دەکەم."

بابە وتی "وریای خۆت بە."

"بەسەرچاو کاکە گیان." دەنگی تاریق دەنگدانەوەیەکی بەرزی لێ کەوتەوە.

لەیلا سەیری سێ پیاوی دەکرد لە خوارەوە قسەیان دەکرد و بەگوریس وڵاخێکیان دەبەستەوە دەیانبرد بۆ ناو پەرژینێک. لە دەوریان ڕەنگی درەختەکان گۆڕابوون بۆ قاوەیی سووربباو، پرتەقاڵی، سووری گەش.

بابە وتی "بیری کوڕەکانیش دەکەم، دەزانیت؟ " فرمێسک لە چاوەکانیدا پەنگیان خواردبووەوە، چەناگەی دەلەرزی، " لەوانە نییە... لەگەڵ دایکت کە هەردوو دڵشادی و غەمبارییەکەی بێ سنوورن. ناتوانێت هیچیان بشارێتەوە، هەرگیز نەیتوانیوە. من، لەو باوەڕەدام من جیام. نیازم وابوو... بەڵام شکستم هێنا، کوڕەکان مردوون. بیریان دەکەم، یەک ڕۆژ تێ ناپەڕێنم بەبێ... زۆر سەختە لەیلا. بێ ڕادە قورسە" بەدوو پەنجەی گۆشەی ناوەوەی چاوەکانی توند گوشی. کاتێک دەیویست قسە بکات دەنگی تێک دەشکا. ددانەکانی بەلێوەکانی دادەپۆشی و چاوەڕێی دەکرد. هەناسەیەکی قووڵ و دوور و درێژی هەڵکێشا و سەیری لەیلای کرد "بەڵام سەربەرزم بەوەی کە تۆم هەیت، هەموو ڕۆژێک سوپاسی خوا دەکەم، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ. هەندێک جار کە دایکت زۆر بێ تاقەت و پەست دەبێت، وا

هەست دەکەم تەنیا شتێک کە هەمە لە ژیاندا تۆیت، لەیلا."

لەیلا زیاتر لێی نزیک بووەوە و ڕوومەتی لەسەر سنگی حەساندەوە، بابە لەوە دەچوو دڵی داخورپابێت بەپێچەوانەی دایەوە کە زۆر بەدەگمەن هەستی خۆی دەردەبڕی، ماچێکی توندی لەسەری لەیلادا چاند و بەباوەشێکی بەجۆش و سەیر لەیلای گرتە باوەش، بۆ ماوەیەک بەم شێوەیە وەستان و سەیری خوارەوە و دۆڵی بامیانیان دەکرد.

"هێندەی خۆشەویستیم بۆ ئەم خاکە، ڕۆژێک هێندە بیر لە جێهێشتنی دەکەمەوە" بابە وتی.

"بۆ کوێ؟"

"هەر شوێنێک کە ئاسان بێت بۆ لە بیرچوونەوە. یەکەم پاکستان، وابزانم. بۆ ساڵێک، یان لەوانەیە دوو ساڵ چاوەڕێی کاروباری فەرمانگە دەکەین کارەکانمان بۆ ڕاپەڕێنن."

"ئەی دواتر؟"

"دواتر، دنیایەکی گەورەمان دەبێت، لەوانەیە ئەمەریکا شوێنێک نزیکی دەریا، وەک کالیفۆرنیا."

بابە دەیوت ئەمەریکاییەکان خەڵکانی بەخشندەن. لە ڕووی پارە و خواردنەوە بۆ ماوەیەک یارمەتیمان دەدەن هەتا دەکەوینە سەرپێی خۆمان.

"کارێک دەدۆزمەوە، لە یەک دوو ساڵدا کە پارەیەکی کەممان پەیدا کرد ڕیستۆرانتێکی بچووکی ئەفغانی دەکەینەوە، پێویست ناکات فانسی بێت، وا باشە سادە و خاکی بێت، یەک دوو مێز و هەندێک فەرش، لەوانەیە چەند وێنەیەکی کابولیش هەڵبواسین. تامی خواردنی ئەفغانستان دەبەخشین بەئەمەریکاییەکان، ئینجا لەگەڵ چێشت لێنانەکەی دایکتدا، سەرە لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەگیرێت. تۆش بەردەوام دەچیت بۆ قوتابخانە، بێگومان. خۆت دەزانیت چەند ئاسوودەگەیێن دەبێت بۆ من، گرینگترین شت ئەوە دەبێت لە ژیانی ئێمەدا، تۆ بخەینە قوتابخانەیەکی باش، دواناوەندی دواتر کۆلێج. لە پشووەکانتدا ئەگەر دەتەوێت دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت، دەتوانیت بەخێرهاتنی میوانەکان بکەیت و داوایان لێ بکەیت چ خواردنێکیان دەوێت و سوراحییەکان پڕ بکەیت لە ئاو و هەندێک

شتی لەو جۆرە."

بابە دەیوت، ئاهەنگی یادی لەدایکبوون، مارەکردن، یان ساڵی تازە لەناو ریستۆرانتەکەدا دەکەنەوە، دەبێتە شوێنی یەکگرتنەوەی ئەفغانییەکانی تریش کە وەک ئەوان لە دەست شەڕ هەڵهاتوون. پاشان درەنگتر لە شەودا دوای ئەوەی شوێنەکە چۆڵ بوو و پاک کرایەوە لەناو مێزە بەتاڵەکاندا بەیەکەوە دادەنیشین بۆ چاخواردن. هەرسێکیان بەیەکەوە زۆر ماندوو بەڵام سوپاسگوزار بەبەختەوەرییەکەیان.

کاتێک بابە لە قسەکردن تەواو بوو، دەستی کرد بەبێدەنگی. هەردووکیان بێدەنگ بوون، دڵنیا بوون دایە ناچێت بۆ هیچ شوێنێک، ئەو کاتەی ئەحمەد و نوور لە ژیاندا بوون جێهێشتنی ئەفغانستان بۆ ئەو تەنانەت شایانی بیر لێکردنەوەش نەبوو، ئێستاکە هەردووکیان شەهیدن، خۆپێچانەوە و ڕاکردن بەسووک سەیرکردن و خیانەت و حاشاکردنە لەو خۆبەختکردنەی کە کوڕەکان بەخشییان لە پێناوی وڵاتەکەیاندا.

لەیلا لەسەریدا گوێی لە دایکی دەبوو دەیوت چۆن دەتوانیت بیری لێ بکەیتەوە؟ مردنەکەیان هیچ واتایەک نابەخشێت بۆ تۆ، ئامۆزا؟ تەنیا دڵنەواییەک کە من شکی دەبەم ئەوەیە بەسەر خاکێکدا هەنگاو بنێم کە خوێنەکەیانی هەڵمژیوە. نەء. هەرگیز.

لەیلا دەیزانی سەرەڕای ئەوەی دایە، ئەوەندەی دایکی لەیلا بوو، ئەوەندە هاوسەری بابە نەبوو، بەڵام بابە هەرگیز بەبێ ئەو ناڕوات. لە نیازی دایەدا، بابە دەبوو ئەم خەونەی بتەکاندایە سەر زەوییەکە بەو شێوەیەی لە کارەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە و تۆز و ئاردی سەر چاکەتەکەی دەتەکاند، لەبەر ئەوە دەمێننەوە. دەمێننەوە هەتا شەڕ کۆتایی دێت، دەمێننەوە بۆ هەر شتێک کە لە دوای شەڕ ڕوو دەدات.

لەیلا لە بیری بوودایە بە بابەی وتبوو شووی کردووە بەپیاوێک باوەڕی بەهیچ شتێک نییە، دایە تێ نەدەگەیشت، تێ نەدەگەیشت لەوەی ئەگەر سەیری ئاوێنەی بکردایە دەیبینی کە چۆن بیروباوەڕەکەی بابە سەیری ناوچەوانی دەکا.

دواتر دوای ئەوەی نان و هێلکەی کوڵاو و پەتاتەیان خوارد بۆ نیوەڕۆ، تاریق لەسەر ڕۆخی جۆگە خوڕەکە سەرخەوێکی شکاند چاکەتەکەی بە ڕێکی قەد کردبوو

سەری كردبووە سەر، هەردوو دەستی لەسەر سنگی بوو. شۆفێرەكە بۆ كڕینی بادەم چووبوو بۆ گوندەكە. بابە لەبن قەدی ئەستووری درەختێكی گوڵزەرددا دانیشت دەستی كرد بەخوێندنەوە. لەیلا دەیزانی كتێبەكە باسی چی دەكا، بابە جارێك بۆی خوێندبووەوە، چیرۆكی ڕاوچییەكی بەتەمەن بوو، ناوی سانتیاگۆ بوو، ماسییەكی زەبەلاح دەگرێت، هەتا دەست دەكات بەجووڵاندنی بەلەمەكە دۆلفینەكان لێی دەفڕێنن و پارچە پارچەی دەكات.

لەیلا لە كەناری جۆگەكە دانیشت، پێیەكانی خستە ناو ئاوە ساردەكەوە. لە سەرەوە مێشوولە گیزەیان دەهات و باویلكە سەمایان دەكرد. پوشكەبەقنەیەك فڕەی كرد بەلایدا، لەیلا سەیری باڵەكانی دەكرد كە تیشكی خۆرەكەیان وەرگرتبوو كاتێك لە دەمی پەلكە گیایەكەوە هەڵدەبەزییەوە بۆ یەكێكی تر، تیشكی مۆر ئینجا سەوز پاشان پرتەقاڵییان دەدایەوە. لەوبەری ئاوەكەوە كۆمەڵێك كوڕی هەزارەی ناوچەكە پاشەڕۆی مانگایان دەخستە ناو عەلاگەوە و بەگوریس دەیانبەست و دەیانخستە ناو گوێنییەوە. لە شوێنێكەوە گوێدرێژێك زەڕاندی. دینەمۆیەك دەستی كرد بەكار.

لەیلا دووبارە بیری لە خەونە بچكۆلەكەی بابە دەكردەوە شوێنێك نزیكی دەریا.

شتێك هەبوو لێرە لەسەر بووداكان لەیلا بەبابەی نەوتبوو: بەشێوەیەكی گرینگ زۆر خۆشحاڵ بوو كە نەیاندەتوانی بڕۆن. بیری گیتی و ڕووە لاواز و دڵسۆزەكەی دەكات، بەڵێ، لەگەڵ حەزینا، پێكەنینە شەیتانییەكەی و قەشمەرییە بێباكەكەی. بەڵام لەیلا هەموو شتەكانی بەباشی لە بیر بوو، ئەو چوار هەفتە كولەمەرگییەی كە شایانی دەربازبوون نەبوو بەبێ تاریق كە ڕۆیشتبوو بۆ غەزنی، هەموو شتەكانی بەباشی لە بیر بوو كە چۆن خۆی كێش دەكرد بەبێ تاریق، چۆن هاتوچۆی دەكرد بەناو داو و پەلاماردانداو هەموو هاوسەنگییەكی لە دەست چووبوو. چۆن توانی بەرگەی ئەو هەموو ونبوونە دوور و درێژە بگرێ؟

لەوانە بوو مەیلكردن بۆ نزیكبوونەوە لە كەسێك بێ مانا بێت لە وڵاتێكدا كە گوللە براكانی خۆی كردبوو بەتۆز و خۆڵ. بەڵام تەنیا شتێك كە لەیلا دەیكرد ئەوە بوو تاریق بهێنێتە پێش چاوی خۆی بەیەك قاچەوە دەچوو بەرەو خادم دواتر هیچ شتێك لە دنیادا لەوە مانادارتر نەبوو بۆ لەیلا.

شەش مانگ دواتر، لە نیسانی ١٩٨٨دا بابە بەهەواڵێکی گەورەوە هاتەوە بۆ ماڵەوە.

وتی "پەیمانیان ئیمزا کرد! لە جنێڤ. ڕەسمییە! ئێرە بەجێ دەهێڵن! لە ماوەی نۆ مانگدا، هیچ سۆڤییەتێک لە ئەفغانستاندا نامێنێت!"

دایە لە جێگەکەی هەستا و شانێکی هەڵتەکاند.

وتی "بەڵام ڕژێمە کۆمۆنیستەکان دەمێننەوە، نەجیبولڵا سەرکردە دەستکەلاکەیانە، ئەو ناچێت بۆ هیچ شوێنێک. نەخێر، شەڕ هەر بەردەوام دەبێت. ئەمە کۆتایی نییە."

بابە وتی "نەجیبولڵا تەواو نابێت."

"دەرۆن دایە! لە ڕاستیدا ئێرە بەجێ دەهێڵن! "

"ئێوە هەردووکتان ئەگەر دەتانەوێت، بۆنە بگێڕن. بەڵام من پشوو نادەم هەتا موجاهیدەکان نمایشی سەرکەوتنیان نەکەن لە کابولدا."

دووبارە لە جێگەکەیدا ڕاکشا و بەتانییەکەی دایەوە بەسەریدا.

## ٢٢

کانوونی دووەمی ١٩٨٩

ڕۆژێکی ساردی هەور و هاڵاوی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٩، سێ مانگ دوای ئەوەی لەیلا بوو بەیازدە ساڵ، ئەو و دایک و باوکی و حەزینا چوون سەیری یەکێک لە دوا کاروانەکانی سوپای سۆڤیەت بکەن کە لە شارەکە دەچوونە دەرەوە. تەماشاکەران لە هەردوو لای شاڕێگەکە کۆبوونەوە لە دەرەوەی یانەی سەربازی لە نزیک وەزیر ئەکبەر خان. لەناو بەفرێکی قوڕاویدا وەستان و سەیری تانک و دەبابەی زرێپۆش و جێبەکانیان دەکرد کە وردە بەفر دەپەڕی لەملا و لای لایتەکانیانەوە، هاوار و هوهاکێشان دەستی پێ کردبوو، سەربازە ئەفغانییەکان خەڵکەکەیان لە شەقامەکە لادەدا، هەر سات ناساتێک دەبوو فیشەکێکی ئاگەدارکردنەوە بتەقێنن.

دایەوێنەیەکی ئەحمەد و نووری لەسەر سەری ڕاگرتبوو ئەو وێنەیەی هەردووکیان پشتیان بەیەکەوە لەژێر درەختە هەرمێکەدا. خەڵکانی تری وەک ئەوی لێ بوو، ژنان بەوێنەی مێردە شەهیدەکانیانەوە، کوڕەکانیان، براکانیان.

کەسێک بەئەسپایی کێشای بەشانی لەیلا و حەزینادا، تاریق بوو.

حەزینا هاواری کرد "ئەو شتەت لە کوێ بووە؟"

تاریق وتی "وام زانی ئاهەنگ دەگێڕن." کڵاوێکی گەورەی ڕووسی لە سەردا بوو، لەملا و لاوە دوو چمکی پێوە بوو هێنانیە خوارەوە" لێم دێت؟"

لەیلا پێ کەنی " بۆ پێکەنین باشە."

"منیش وا دەڵێم."

"دایک و باوکت هاتوون بەم جلانەوە تۆیان هێناوە؟"

تاریق وتی "لە ڕاستیدا ئەوان لەماڵەوەن."

پایزی پێشــوو مــامی تاریق لە غــەزنی بەجــەڵدەی دڵ مـردبوو، یەک دوو هــەفتــە دواتـر باوکـی تاریـق بەدەسـت جــەڵدەوە نـاڵاندبووی، تووشـی هـیــلاکی و لاوازیـی کردبـوو، ملمـلانێی تـووڕەیی و پەسـتی لـە دەوری دەهـاتن و دەچوون، لە مـاوەیـەکدا هـەمــوو ئـەمــانەی لێ ڕوو دابوو. لـەیلا بەبینـینی تاریق بەم شـێـوەیە سـەربەرز بوو، دووبارە بەم شێوە کۆنەی خۆی. چەند هـەفتەیەک دوای نەخۆشییەکەی باوکی، لەیلا بینیبووی بەدەموچاوێکی قورس و مۆنەوە ئەرزەکەی سڕیبووەوە.

هـەرسـێکیـان خـۆیان دزیـیـەوە لـە کـاتێکدا دایـە و بابە وەسـتـابوون سـەیری سـۆڤـیـەتەکـانیـان دەکـرد. لە عـارەبانەیـەکی سـەرشـەقـامـەکـە، تاریق یەکی قـاپێک پاقلـەی کـوڵاوی سـەر بـەپونگە و عـەنبـەی بۆ کـڕین، لـەژێر چەتری دووکـانێکی داخراوی فەرشدا خواردیان، دواتر حەزینا چوو دایک و باوکی بدۆزێتەوە.

لەناو پاسەکەدا تاریق و لەیلا لە تەنیشت دایک و باوکییەوە دانیشتن، دایە لەلای پەنجـەرەکەوە بوو، سـەیری دەرەوەی دەکرد، وێنەکـەی توند بەسنگییـەوە گرتبـوو، لە تەنیشتییەوە بابە بەناڕاستەوخۆیی گوێی بۆ پیاوێک گرتبوو دەمەقرێی ئەوەی بوو، سۆڤیەتەکان لەوانەیە ئێرە بەجێ بهێڵن، بەڵام چەک دەنێرن بۆ نەجیبوڵا لە کابول.

"ئەو دەستکەلای دەستی خەڵکە، بەردەوام شەڕ دەکات، شتەکان خۆیان دیارن."

کەسێک لە ڕاڕەوی ئەولاتر دەنگی ڕازیبوونی بەرز کردەوە.

دایە لەبەر خـۆیەوە قسـەی دەکرد، پاڕانەوەی دوور و درێژی یەک لە دوای یەک، هـەتا هـەنـاسـەی پێ نەدەمـا، دەبوو یەک دوو وشـەی کۆتاییـیـەکـەی لەناو دەنـگێکی بچووک و بەرز و ناسازدا جێ بکاتەوە.

ئەو ڕۆژە دواتـر چوون بۆ سـینـەمـا پـارک، لەیلا و تـاریق دەبووایە دابنیـشـن بۆ فـیلمێکی سۆڤـیـەت کە بەڕێکەوت کاریگەرییـەکی کۆمـیدیی لەسـەر دروست بووبوو بەهۆی دۆبلاجکردنی بۆ گفـتوگۆ و مـوزیکی فـارسـی. کـەشـتـیی بازرگـانێک بوو، لەگەڵ یـەکەم خـۆشـەویسـتـیی کـچی کاپتـنەکە، کـچـەکە ناوی ئـەلیـۆنا بوو. دواتر باوبۆرانێکی بەهێـز، هـەورەبرووسکە، دەریا قـورسـەکـە کـەشـتـیـیـەکـەی دەخـست بەمدیو ئـەودیودا، یەکێک لە مـەلەوانە شپرزەکـان هاواری کرد. دەنگێکی بـێ مانا و هێـواشی ئـەفـغـانی وەری گـێـڕا: "گـەورەم، بەبەخـشـندەییـی خـۆت دەتوانیت ئەو گوریسە بدەیتە دەستم؟"

تاریق بەمــە دایە قــاقــای پێکەنـین. هەر زوو دوای ئـەوە هەردووکــیــان بـەبێ دەسەڵاتی لەناو هێرشی پێکەنینێکی بەهێزدا بوون، هەرکە یەکێکیان ماندوو دەبوو ئەوی تر دەیپڕمـاند، جـارێکی تر دەسـتـیان پـێ دەکردەوە. پـیاوێک لە دوو ڕیزی پێشتـر دانیشـتبوو ڕووی تێ کردن و شـشـی لێ کردن. لە نزیکی کۆتاییدا دیمەنی ئاهەنگێکی شـووکردن بوو. کاپتنەکە دڵی نەرم بووبوو ئەلیـۆنا شوو بکات بەیەکەم داواکاری، تازەبووک و زاواکە زەردەخـەنەیان بۆ یەک دەکرد و هەمـوو مـیـوانەکان ڤۆدکایان دەخواردەوە.

تاریق چرپاندی" من قەت ژن ناهێنم"

"منیش هەرگیز شوو ناکەم." دڵی لەیلا پڕ بوو لە گومان و بیرکردنەوە، دوودڵیی ئەوە بـوو کـە بێ ئـومـێـدییـەکـەی بـەرامـبــەر تاریق لـە دەنگیـدا دەرکـەوتبـێ، دڵی ڕمبازێنی دەکرد. ئەمجارە زۆر بەتوندگیری وتی "هەرگیز"

"ئاهەنگی ژنهێنان بێ ئەقڵییە."

"هەمووی شپرزەییە."

"ئەو هەموو پارەیەی بۆ خەرج دەکرێ!"

"بێهوودەیە."

"بەو جلوبەرگەی جارێکی تر لەبەری ناکەیتەوە؟"

"بەڵێ."

"ئەگـەر ڕێکەوت ژنم هـێنا، دەبێت جـێگەی سێ کـەس لە شـوێنی دانیـشـتنەکـە دروست بکرێت: من، بووکەکە، پیاوێکیش دەمانچەیەکی لەسەر سەرم ڕاگرتبێ."

پیاوەکەی لە ڕیزی پێشەوەیان دانیشتبوو جارێکی تر مۆڕەیەکی لێ کردن.

لەسەر شاشەکە، ئەلیۆنا لەگەڵ مێردە تازەکەیدا لێویان بۆ لێوی یەک برد.

سەیرکردنی مـاچەکە، لەیلا هەسـتی بەشـتێکی سەیر و ڕوون دەکرد، هەستێکی هێــجگار زۆری بەزرمــەی دڵی، ئەو خـوێنەی لەنـاو گـوێیــەکـاندا خـوڕەی دەهات، شـێـوەی تاریق لـە تەنیـشـتـیـیـەوە، خـۆگـرژکـردنـەوە، هەسـتی بەبێـدەنـگی و هێمنبوونەوەی دەکرد. ماچەکە زۆری خایاند. کتوپڕ گرینگترین شت بۆ لەیلا ئەوە بوو هیچ دەنگێکی لێوە نەیەت و سەیری چاوی تاریق نەکات. هەستی کرد تاریق

دیقەتی دەدا، چاوێکی لەسەر ماچەکە و ئەوی تری لەسەر لەیلا، لە هەمان کاتدا لەیلاش دیقەتی دەدا. کەوتبووە گومانەوە لەوەی تاریق گوێی لەو هەوایە بێت کە لە لووتییەوە هووشەی دەهات بۆ ناوەوە و بۆ دەرەوە، چاوەڕێی قسەیەکی هێواش یان ئاشکراکردنێکی نادەستووریی کە بیرکردنەوەکانی هەڵماڵێ.

حەزی دەکرد بزانێت ماچکردنی ئەو چۆنە، هەستکردن بەمووە تەنکەکەی سەروو لێوی، کاتێک ختووکەی لێوەکانی دەدات. پاشان تاریق لەسەر کورسییەکە بەنائاسوودەیی جوولا. بەدەنگێکی قورسەوە وتی "زانیوتە ئەگەر لە سیبیریا چڵم هەڵبدەیت، چلوورەیەکی سەوزە پێش ئەوەی بکەوێتە سەر زەوی؟"

هەردووکیان پێکەنین بەڵام ئەمجارە بەکورتی و دڵەڕاوکێوە. ئینجا کە فیلمەکە کۆتایی هات و چوونە دەرەوە، لەیلا ئاسمانی بەتەڵخی بینی و ئاسوودە بوو بەوەی لە ڕووناکییەکەدا چاوی دیدەنی چاوی تاریق ناکات.

## ٢٣

نیسانی ١٩٩٢

سێ ساڵ تێ پەڕی.

لەم ماوەیەدا باوکی تاریق تووشی زنجیرەیەک ئیفلیجی هاتبوو، بووبووە هۆی تەواو بێ هێزیی دەستی چەپی و بێ توانایی قسەکردنی. کە تووشی خرۆشان دەبوو توانای قسەکردنی خراپتر دەبوو، ئەمەشی زوو زوو لێ ڕوو دەدا.

تاریق قاچەکەی بۆ نەدەبوو، دووبارە دانەیەکی نوێی لە خاچی سوور وەرگرتبووەوە بەڵام شەش مانگ چاوەڕێی کردبوو.

سەرەڕای ئەوەی حەزینا پێی ناخۆش بوو بەڵام خێزانەکەی بردبوویان بۆ لاهۆر، ئەو شوێنەی کە دەبوو شوو بکات بەو ئامۆزایەی کە پێشانگەی ئۆتۆمۆبێلی هەبوو. ئەو بەیانییەی بردبوویان، لەیلا و گیتی چووبوون ماڵئاواییان لێ کردبوو، حەزینا پێی وتبوون ئامۆزاکەی، کە دەبێتە مێردی، دەستی کردووە بەمامەڵەی ڕۆیشتنیان بۆ ئەڵمانیا، چونکە براکانیشی لەوێ دەژیان. لەو ساڵەدا بەقسەی حەزینا دەگەنە فرانکفۆرد. لە باوەشێکی سیانیدا دەستیان کرد بەگریان، گیتی شکست و خەمبار بوو. دواین جار کە لەیلا حەزینای بینی، باوکی دەیبردە دوای قەرەباڵغی تەکسییەکەوە.

یەکەتیی سۆڤیەت بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر ڕووخابوو، هەموو دوو سێ هەفتە جارێک وا دەهاتە پێش چاوی لەیلا، بابە بەهەواڵێکی تازەترین دەوڵەتی کۆماری بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی. لیتوانیا، ئێستۆنیا، ئۆکرانیا. دەهاتەوە ماڵەوە. ئاڵای سۆڤیەت بەسەر کریملیندا شۆڕ کرابووەوە. دەوڵەتی کۆماری ڕووسیا لەدایک بوو.

لە کابول، نەجیبوڵا تاکتیکەکانی گۆڕی و هەوڵی دا بەڕواڵەت خۆی وەک خواپەرستێکی موسڵمان پێشان بدات. بابە وتی "تازە کات بەسەرچووە و سوودی

نیـیـە، ناتـوانیٚ ڕۆژێک سـەرکردەی" کـەی، ئێچ، ئەی، دی" بێت و ڕۆژی داهاتوو لە مـزگـەوت لەگـەڵ خـەڵکێکدا نوێژ بکات کـە خـزم و کـەسـوکـاریانی سـزا داون و کوشتوونی." لەگەڵ هەستکردن بەتوندبوونـەوەی داوەکەی دەوری کابول، هەوڵیان دا لەگەڵ موجاهیدەکان ڕێک بکەون بەڵام موجاهیدەکان خۆیان دزییەوە.

دایە لە جێگەکەیەوە وتی" دەستیان خۆش بێت." بەردەوام بوو لەسەر ئێشکگیری بۆ مـوجـاهیدەکـان، چاوەڕێی نمایشـەکـەی دەکـرد، چاوەڕێی دوژمنی کـوڕەکـانی دەکرد بشکێت.

پاشــان بەناچاری کـەوتن. لە نیـســانی سـاڵی ١٩٩٢ ئەو ســاڵەی لەیلا بوو بەچوارده ساڵ.

نەجیبوڵا خـۆی دا بەدەسـتـەوە لە کۆتاییدا، پەناگەیەکیان لەلایەن یوئێنەوە پیٚ بەخشرا لە پالاسی دارول ئەمان لە باشووری شارەکە.

جیـهاد کۆتاییی هات. ئەو ڕژێمـە کۆمۆنیسـتـە جۆراوجۆرانەی دەسـەڵاتیـان لە دەســتــدا بـوو، لەو شــەوەوەی لـەیلا لـەدایک بووبـوو، بەزین. پاڵـەوانـەکــانـی دایە، براکانی ناو شەڕی لەیلا ئەحمەد و نوور سەرکەوتن. وە ئێستا دوای دە ساڵ زیاتر لە قوربانیدان و بەختکردنی هەموو شتێک و بەجێهێشتنی خێزان و ڕۆیشتن بۆ ناو شاخ و شـەڕکردن بۆ پاشاکانی ئەفغانستان موجاهیدەکان دەهاتن بۆ کابول، بەگۆشت و ئێسقان و خوێنی ماندووبوو بەشەڕەوە.

دایە ناوی هەموویانی دەزانی.

دۆسـتـوم، سـەرلەشکری لەخۆبایی ئۆزبەگ، سـەرکردەی دەسـتـەی جـومـبـیشی مـیللی بوو، کـە ڕابردوویەکی بەهێـزی نیـشـتـمـانپـەروەریی هەبـوو. گـوڵبـودین حـیکمـەتیار، کـەسـێکی بەجـۆش و سـەرکـردەی دەسـتـەی حـزبی ئیـسـلامی بوو، ڕەگـەزی پەشـتـوو بوو ئـەندازیاریی خـوێندبوو، جـارێک قـوتابییـەکی مـاویسـتی کوشتبوو. ڕەببانی، سەرکردەی دەستەی کۆمـەڵگەی ئیسلامی بوو کە لە زانکۆی کابول وانەی ئیسلامیی وتووەتەوە لە ڕۆژانی پاشایەتیدا. سـەییاف پەشـتـوونێکی خـەڵکی پەغـمـان کـە پێـوەندیی بەعـەرەبەکـانـەوە هەبوو، مـوسـڵـمـانێکی ئازا و چاونەترس و سەرکردەی دەستەی کۆمەڵەی ئیسلامی بوو. عەبدول عەلی مەزاری، سـەرکـردەی دەسـتـەی حـزبی وەحـدەت، لەناو هاوڕێکانیـدا بە بابە مـەسـاری

ناسرابوو، پێوەندییەکی توندی لەگەڵ شیعەکانی ئێراندا هەبوو.

بێگومان پاڵەوانەکەی دایە هاوپەیمانی ڕەببانی بوو، سەرکردەیەکی تاجیک کە توانایەکی بەهێزی هەبوو بۆ جووڵاندنی هەستی جەماوەر بۆ پێشڕەویکردن. ناوی فەرماندە ئەحمەد شا مەسعود بوو، شێرەکەی پەنجشیر. دایە وێنەیەکی ئەوی هەڵواسیبوو لە ژوورەکەیدا. دەموچاوە گەشە پڕ لە زیرەکییەکەی مەسعوود، برۆ گەورە و پاکۆڵە شۆڕەکەی بووبووە یەکێک لە ناودارترین شتەکانی کابول. چاوە ڕەشە پڕ لە هەستەکانی لەسەر تەختەی ئاگەداری و دیوارەکان و پەنجەرەی پێشەوەی دووکانەکان و ناو ئالآی بچووکی سەربانی تەکسییەکانەوە هەبوو.

بۆ دایە ئەمە ئەو ڕۆژە بوو کە لەمێژە چاوەڕێی دەکرد. ئەمە بەرهەمی ئەو هەموو ساڵەی چاوەڕوانیکردنی بوو.

لە کۆتاییدا، توانی کۆتایی بەئێشکگرییەکەی بهێنێ و کوڕەکانی لەناو خامۆشیدا پشوو بدەن.

ڕۆژێ دوای ئەوەی نەجیبوڵا خۆی دا بەدەستەوە، دایە وەک ژنێکی نوێ لە جێگەدا هەستا. بۆ یەکەم جار دوای ئەو پێنج ساڵەی ئەحمەد و نووری تێدا شەهید بووبوون، جلی ڕەشی نەپۆشی. عەزیەکی شینی مەیلەو زیویی لەبەر کرد لەگەڵ تۆپی شین لەناویدا. پەنجەرەکانی شت و عەرزەکەی گسک دا، هەوای ماڵەکەی گۆڕی و حەمامێکی دوور و درێژی کرد. بەدڵخۆشییەکەی دەنگی بەرز بووبووەوە ڕای گەیاند "پێویست دەکات ئاهەنگێک بگێڕین." لەیلای نارد دراوسێکان بانگهێشت بکات" پێیان بڵێ سبەینێ نانێکی گەورەی نیوەڕۆ دەخۆین!"

لە چێشتخانەکەدا دایە وەستا سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، دەستەکانی لەسەر کەلەکەی دانابوو بەسەرزەنشتکردنێکی دڵسۆزانەوە "چیت لە چێشتخانەکەم کردووە لەیلا؟ وی، هیچ شتێک لە شوێنی خۆیدا نەماوە."

دەستی کرد بەگواستنەوەی مەنجەڵ و تاوە، بەخۆنواندنەوە وەک ئەوەی لافی ئەوە لێ بدات دووبارە گەڕاوەتەوە و بووەتەوە بەخاوەنی جێگەکە. لەیلا لەسەر ڕێگەکەدا لاچوو بوو، ئەوە لە هەمووی باشتر بوو. دایە بەقەد سەرکەوتنی لە هێرشە ڕقاوییەکانیدا گەشکەی پێکەنین و دڵخۆشیی گرتبوو، بە هێزێکی شێواوەوە دەستی کرد بەچێشت لێنان: شلەی لۆبیا بەشیویتی وشکەوە، کفتە، لەگەڵ شۆربایەکی گەرم لە ماست و نەعنا.

دایە وتی "برۆت چاک کردووە،" کاتێک کیسـێکی برنجی گـەورەی دەکردەوە لە کەوانتەرەکەدا.

"تەنیا کەمێک."

دایە برنجی دەڕژاندە ناو مەنجەڵێکی پڕ لە ئاو، قۆڵەکانی هەڵکرد و دەستی کرد بەتێکەڵدانی.

"تاریق چۆنە؟"

لەیلا وتی " باوکی نەخۆشە."

"ئەی ئێستا تەمەنی چەندە؟"

"نازانم، لە شەستەکاندایە."

"مەبەستم تاریقە."

"ئاه، شازدە."

"کوڕێکی ڕێکوپێکە، تۆش وا دەڵێیت؟"

لەیلا شانی هەڵتەکاند.

"لە ڕاسـتیدا کوڕ نییە ئیتر، وا نییە؟ شازدە. خەریکە ببێت بەپیاو. تۆش لەو باوەڕەدا نیت؟"

"تۆ باسی چی دەکەیت دایە؟"

دایە بەزەردەخـەنەیەکی بێگەردەوە وتی "هیچ. هیچ بەس ئەوەیە کـە تۆ... ئاه هیچ. باشترە نەیڵێم."

لەیلا بەم تاوانبارکردنە بێزارکەر و پڕ لە قۆشمەبازییە بێزار بوو، وتی "دەزانم دەتەوێت،"

دایە دەسـتی لەسـەر لێـواری قـابلەمـەکـە نوشـتـانەوە و وتی" باشـە." لەیلا شـێوەیەکی ناسروشـتیی لە دەنگی دایەدا بەدی کرد کاتێک وتی " باشە." لەگەڵ نوشتانەوەی دەستی لەسەر قابلەمەکە، دەترسا لەوەی گفتوگۆیەک بەڕێوەیە.

"کاتێک دوو منداڵی بچووک بوون، ڕاوڕاوێنتان دەکرد، هیچ زیانێکی تێدا نەبوو وە دڵفرێن بوو، بەڵام ئێستا، وەک تێبینی دەکەم تۆ ستیان لە سنگ دەکەیت."

لەیلا لە مەبەستەکەی دابڕا.

"وه دەتتوانی لەبارەی ستیانەکەوە پێم بڵێیت، من نەمزانیبوو. زۆر بێ ئومێدم کە پێت نەوتووم."دایە هەستی بەسوودمەندیی قسەکە دەکرد و دەستی پێ کرد " هەر چۆنێک بێت ئەمە لەبارەی من و ستیانەکە نییە. لەبارەی تۆ و تاریقە. وەکو دەزانیت ئەو کورە، پاشان چ ناو و ناوبانگێک بۆ ئەو گرینگە؟ تۆ؟ ناوبانگی کچێک؟ بەتایبەتی کچێکی جوانی وەک تۆ، شتێکی زۆر ناسکە لەیلا. وەک چۆلەکەیەک لەناو دەستتدا دەستت شل دەکات دواتر دەفڕێ و دەڕوا."

لەیلا وتی " ئەی ئەو هەموو بەدیواردا هەڵگەڕان و بەخشکە ڕۆیشتنانەی خۆت لەگەڵ بابە؟" لەیلا دڵخۆش بوو بەپینەکردنە بەپەلەکەی.

"ئێمە ئامۆزا بووین وە شووم پێ کردبوو. ئەم کوڕە هاتووەتە داوات؟"

"ئەو هاوڕێمە. هاوڕێ، نێوانی ئێمە بەو شێوەیە نییە." لەیلا بەدەنگێکی پڕ بەرگریکردن بەڵام کەمێک کاریگەر بەسەر دایەوە قسەکەی کرد. بەهەڵخەڵەتاوییەوە وتی " وەکو برام وایە." پێش ئەوەی هەورێک بەسەر ڕوخساری دایەدا بڕوات و ڕووی تاریک بکات، لەیلا زانی هەڵەی کردووە.

دایە بێ ئەملا و لا وتی "بەهیچ جۆرێک وا نییە، ناشێت ئەو کوڕە یەک قاچەی دارتاشەکە وەک براکانی خۆت سەیر بکەیت، هیچ کەسێک نییە وەک براکانت بێت."

" نەموت ئەو... مەبەستم ئەوە نەبوو."

دایە هەناسەیەکی لە لووتییەوە هەڵکێشا و ددانەکانی جیڕ کردەوە.

دەستی پێ کردەوە "بەهەرحاڵ." بەڵام بەبێ ڕووخۆشی و گەشبینییەکەی پێشتر" دەمەوێت پێت بڵێم ئەگەر وریا نەبیت خەڵکی قسە دەکەن."

لەیلا دەمی کردەوە شتێک بڵێت. دایە مەبەستێکی هەبوو لە قسەکەیدا. لەیلا دەیزانی ڕۆژانی گاڵتەوگەپی بێ گوناه و ڕێ لێگیراو لەسەر شەقامەکان لەگەڵ تاریق تێ پەڕیوە. لەم کاتەدا لەیلا بۆ ماوەیەک دەستی کرد بەهەستکردن بەنامۆیییەک کە لەگەڵ تاریق بەیەکەوە دەبوون لەناو خەڵکدا، ئاگا لێبوونێک دەستی پێ کردبوو لە تەماشاکردنی، لێ وردبوونەوەی، قسەکردن لەبارەیەوە کە لەیلا پێشتر هەرگیز هەستی پێ نەکردبوو. ئێستاش لەبەر ڕاستییەکی بنچینەیی نەبووایە هەستی پێ نەدەکرد: بەنائومێدی و بێچارەییەوە کەوتبووە ژێر

کاریگەرییەکی بەهێزەوە. کاتێک لێی نزیک دەبوو لەدەسەڵاتیدا نەبوو بیرکردنەوە پڕ لە شەرمەکانی کە چۆن کاریگەرییان لەسەر هەست و دەمارەکانی هەبوو، بیرکردنەوە لە لەشی تێکئاڵاو لە لەشی خۆی، شەوانە ڕاکشاو لەناو جێگەدا، لەگەڵ ئەو، دەیهێنایە بەرچاوی خۆی تاریق ماچی بکات و بیری لە سافی و نەرمیی ڕانی دەکردەوە، لە هەستکردن بەدەستی لەسەر ملی، سنگی، پشتی و هەتا نزمتریش دەکردەوە. لەو کاتەدا بەم شێوەیە بیری لێ دەکردەوە، لە پڕ تووشی تێکەڵبوون بەگوناهێکی گەورە لەگەڵ هەستکردن بەگەرمییەکی تایبەتی لە هەناوییەوە پەلی دەهاویشت بەرەو سەرەوە هەتا ئەو کاتە دەموچاوی دەبووە پەمەییەکی ڕووناک.

نەخێر دایە مەبەستێکی هەبوو. لە ڕاستیدا زیاتر لەوەی لەیلا دەیزانی. لەیلا گومانی ئەوەی کرد ئەگەر هەموویان نەبێت، هەندێک لە دراوسێکان کەوتبوونە زەمکردنی ئەو و تاریق، تێبینیی پێکەنینە پڕ لاقرتییەکانیانی کردبوو، ئاگای لە چرپە و قسەی گەڕەکەکە بوو گوایا ئەمان خۆشەویستی یەکن. ڕۆژەکەی تر، بۆ نموونە، ئەو و تاریق بەکۆڵانەکەدا هەڵدەگەڕابوون بەلای ڕەشیدا، پینەچییەکە، لەگەڵ ژنە بورقەپۆشەکەی، مریەم، بەدوایدا. لەگەڵ بەلایاندا ڕۆیشتن ڕەشید بەگەمەوە وتی" مەگەر لەیل و مەجنوونن." مەبەستی دوو خۆشەویستە چارە ڕەشەکەی ناو هۆنراوە ڕۆمانتیکەکەی نازمی بوو لە سەدەی دوازدەمدا، بابە دەیوت لەیل و مەجنوون وەک ڕۆمیۆ و جولێتەکەی شەکسپیرن، وە هەروەها نازمی چیرۆکی بێچارەیی دوو خۆشەویستی چوار سەدە لە پێش شەکسپیرەوە نووسیوە.

دایە مەبەستێکی هەبوو.

ئەوەی دڵی لەیلای ئازار دەدا ئەوە بوو دایە مافی ئەوەی نەبوو ئێجگار بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات. شتێکی تر دەبوو ئەگەر بابە ئەم مەسەلەیەی بهێنایەتە گۆڕێ. بەڵام دایە؟ ئەم چەند ساڵەی خۆ تێ نەگەیاندن و خۆخستنە قەفەز و پشتگوێخستنی لەیلا بۆ کوێ دەچوو، کێی دەبینی و چۆن بیری دەکردەوە... شتێکی ناڕەوا بوو. لەیلا هەستی دەکرد هیچ باشتر نییە لەو تاوە و مەنجەڵانە، هەستی دەکرد شتێکە کە فەرامۆشکردنی زۆر ئاسان بێت، وە هەر کاتێک ویسترا سەرزەنشت بکرێ.

بەڵام ئەم ڕۆژە، ڕۆژێکی گەورە، ڕۆژێکی گرینگ بوو بۆ هەموویان، وە مێشک تەسکییە ئەگەر ئەم ڕۆژە تێک بچێت. لەناو گیان و هۆشی شتەکانی تردا لەیلا ڕێگەی بەمەسەلەکە دا تێ پەڕێت.

لەیلا وتی "لە مەبەستەکەت تێ دەگەم."

دایە وتی "زۆر چاکە، کەواتە ئەوە چارەسەر کرا، ئێستا حەکیم لە کوێیە؟ لە کوێیە کوێ، ئەو مێردە بچووکە شیرینەی من؟"

ڕۆژێکی پڕ تیشک و بێ هەور بوو، کاتێکی زۆر لەبار بوو بۆ بۆنەگێڕان. پیاوەکان لەسەر کورسیی نەرمی تاک تاک لە حەوشەکەدا دانیشتن، چایان دەخواردەوە و جگەرەیان دەکێشا و قسەیان دەکرد، بەدەنگێکی گەورە و پڕ گاڵتەوگەپەوە باسی پلانی موجاهیدەکانیان دەکرد. لە بابەوە لەیلا پوختەکەی فێر بووبوو، ئەفغانستان پێی دەوترا نەتەوەی ئیسلامیی ئەفغانستان. ئەنجوومەنێکی جیهادی ئسلامی لە پیشاوەر لەلایەن دەستەی موجاهیدەکانەوە دامەزرابوو. بۆ دوو مانگ چاودێریی شتەکانی دەکرد کە لەلایەن سیبغەتوڵا موجەدیدی سەرکردایەتی دەکرا. ئەمەش ئەنجوومەنێکی سەرکردایەتیی بەدوادا هات کە لەلایەن ڕەببانییەوە سەرکردایەتی دەکرا بۆ ماوەی چوار مانگ. لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا کۆبوونەوەیەکی گەورە دەبەسترێت، ئەنجوومەنێکی پلە بەرزی سەرکردەکان و پیاوماقوولان کە دەوڵەتێکی کاتی دادەمەزرێنێ بۆ ماوەی دوو ساڵ، ئەمەش دەبێتە پێشڕەوی هەڵبژاردنی دیموکراتی.

یەکێک لە پیاوەکان باوەشێنی شیشە گۆشتێکی دەکرد بەسەر مەقەڵییەکی سەفەرییەوە، بابە و تاریق یاریی شەترەنجیان دەکرد لەژێر سێبەری درەختە هەرمێکەدا، دەموچاویان لە داڵغە و بیرکردنەوەدا چەمابووەوە بەسەر یارییەکەدا، تاریقیش لەناویاندا دانیشتبوو، گوێی لە گفتوگۆ سیاسییەکەی سەر مێزەکەی ئەولاتر گرتبوو.

ژنەکان لە ژووری دانیشتنەکە و هۆڵ و چێشتخانەکەدا کۆبووبوونەوە. قسەیان دەکرد و منداڵەکانیان هەڵدەپەڕاند و بەشارەزایی خۆیان ون دەکرد، لە ماوەی چەند خولەکێکی هەستانیاندا منداڵان دەستیان دەکرد بەگریان لە چواردەوری خانووەکە. پاشان دەنگی خوێندنەوەی غەزەلی ئوستاد سەراهەنگ لە کاسێتەکەوە زیاد کرا.

لەیلا لە چێشتخانەکە لەگەڵ گیتی ماستاوی بەکەرەوزەوە دروست دەکرد. گیتی وەک پێشتر شەرمن و توندگیر نەبوو، ماوەی چەند مانگێک بوو ئەو مۆنی و گرژییە هەمیشەییەی دەوری برۆکانی پاک کرابوونەوە. زوو زوو بەکراوەیی پێ دەکەنی. بۆ لەیلا زۆر سەیر بوو، کەمێک چاوباشقاڵی بوو بەلایەوە، وازی لە قژبەستنە توندەکەی لە دواوە و بەردانەوە قێژەونەکەی هێنابوو، قژی درێژ کردبوو خەتخەتی سووری تێ کردبوو. لەیلا دەیزانی ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوەی بەهۆی کوڕێکی هەژدە ساڵەوە بوو کە بیر و هۆشی گیتیی بردبوو. ناوی سابیر بوو، لە تیمی دوو گۆڵی براکەی گیتیدا گۆڵچی بوو.

گیتی بە لەیلای وتبوو" جوانترین پێکەنینی هەیە، لەگەڵ قژێکی پڕپڕ و ڕەش! "بێگومان کەس بەسەرنجەکانیانی نەزانیبوو، گیتی بەنهێنی دووجار بۆ چاخواردنەوە بینیبووی، هەر جارەی چارەکێک، لە دووکانێکی بچووکی ئەودیوی شارۆچکەکە لە تایمانی.

"دێتە داوام، لەیلا! لەوانەیە هەر ئەم هاوینە بێت. باوەڕ دەکەیت؟ باوەڕ بەوە دەکەیت؟ سوێند دەخۆم ناتوانم بیرکردنەوەی لە مێشکم دەربهێنن."

لەیلا لێی پرسی " ئەی قوتابخانە؟" گیتی سەری شۆڕ کردەوە و نیگایەکی خۆمان باشتر دەزانینی دا بەلەیلا.

حەزینا دەیوت، هەر ئەو کاتەی من و گیتی دەبین بەبیست ساڵ هەریەکەی چوار پێنج منداڵمان بووە. بەڵام تۆ، لەیلا، وامان لێ دەکەیت سەربەرز بین و شانازیت پێوە دەکەین. تۆ دەبیت بەکەسێک. دەزانم ڕۆژێک ڕۆژنامەیەک هەڵدەگرم و وێنەکەت لەلاپەڕەی یەکەمدا دەبینمەوە.

گیتی لە تەنیشتی لەیلاوە بوو، بەنیگایەکی پڕ لە خەونی دوورەوە خەیاری دەجنی.

دایەش لەگەڵ وەجمە، مامانەکە و دایکی تاریق لە نزیکیانەوە بوو بەعەزیە هاوینییەڕەنگاوڕەنگەکەیەوە، هێلکەی کولاوی پاک دەکرد.

" فەرماندەر مەسعوود و وێنەی ئەحمەد و نوور پێشکێش دەکەم،" دایە بەوەجمەی دەوت و وەجمەش سەری دەلەقاند، هەوڵی دەدا پێشانی بدا کە زۆر خۆشحاڵ و دڵخۆشە.

" ئەحمەد شا مەسعوود خۆی سەرپەرشتیی ناشتنەکەیانی کردووە. نوێژی لەسەر گۆڕەکانیان کردووە و ئەمە دەبێتە نیشانەی سوپاسگوزاریی ئەو پیاوچاکییەی." دایە هێلکەیەکی کوڵاوی تری شکاند. "بیستوومە پیاوێکی پلە و پایە بەرز و بەڕێزە لەو باوەڕەدام پێی دەزانێت."

لە دەوروبەریاندا ژنان دەهاتن و دەچوونە دەرەوەی چێشتخانەکە، قاپی پڕ لە شلە، بەلەمی برنج بەگۆشتی گوێرەکەوە، دەستەنان، هەمووی لەسەر سفرەی ژووری دانیشتنەکە ڕێک خرا.

هەموو جار ناجارێک تاریق پیاسەیەکی بۆ ناو ژوورەکە دەکرد و ئەمەی هەڵدەگرت و گازی لەوە دەگرت.

گیتی وتی " پیاوان ڕێگەیان پێ نەدراوە."

وەجمە هاواری کرد "دەرەوە، دەرەوە، دەرەوە،"

تاریق بەکشەکشە هەزەلییەکەی ژنەکە زەردەخەنە گرتی. وا دیاربوو دڵخۆش بوو بەوەی بەم جۆرە بەخێرهاتنیان کرد لەناو ئەم کەشوهەوا ژنانەیەدا، بەخۆی و نیوە توورەییە پیاوانەکەیەوە.

لەیلا ئەوەی لە توانایدا بوو کردی بۆ ئەوەی سەیری نەکات. بۆ ئەوەی چیی تر ئالیکی زەمکردنی زیاتر بەژنەکان نەبەخشێ لەوەی کە پێیان دراوە، چاوەکانی نزم کردنەوە و هیچی پێ نەوت بەڵام خەونێکی بیر هاتەوە کە یەک دوو شەو لەوە پێش بینیبووی بەدەموچاوی خۆی و تاریقەوە هەردووکیان لە ئاوێنەیەکدا، لەژێر تارایەکی نەرمی سەوزەوە، دەنکە برنج لە قژیەوە دەکەوتنە خوارەوە و خۆیان دەکێشا بەئاوێنەکەدا و تینکەیان دەهات.

تاریق دەستی ڕاکێشا پارووەیەک لە گۆشتی گوێرەکەکە کە لەگەڵ پەتاتەدا دروست کرابوو تاقی بکاتەوە.

"مەکە کوڕە" گیتی کێشای بەپشتەدەستیدا. تاریق فڕاندی و پێ کەنی.

ئێستا پێیەک لە لەیلا بەرزترە ڕیشی تاشیبوو، دەموچاوێکی لاوازتر و ڕەقتری هەبوو، ناوشانی فراوانتر بوو، تاریق حەزی دەکرد پانتۆڵی پۆلیسی و پاپوچی ڕەش لەگەڵ کراسی قۆڵ کورت کە کەمێک ماسولکە تازەپێگەیشتووە پیاوانەکانی دەردەخست لەبەر بکات، دەموچاوی دەربڕینێکی پڕ لە حەز بەمشتومڕکردن و

بزێوی و ڕووخۆشی لەخۆ گرتبوو. کاتێک قسەی دەکرد بەباوەڕێکی گەورە بەخۆی و سەربەرزییەوە قسەی دەکرد و کەمێک سەیری ئەولاوەی دەکرد کە پێ دەکەنی برۆیەکی دەچەماندەوە، قژی درێژ کردبووەوە و قوڵفە نەرم و درێژەکانی زۆر جار بەبێ ویستی خۆی دەجووڵان بەملا و لادا، زەردەخەنە پڕ لە گاڵتەوگەپەکەشی شتێکی بەد و نوێ بوو.

جارجار کە تاریق کشەی لێ دەکرایە دەرەوەی هۆڵەکە، دایکی تاریق لەیلای گرت بەدزینی نیگاکردن و تێڕامان بەدیار تاریقەوە. دڵی لەیلا بازی دەدا و چاوەکانی بەتاوانەوە باڵەفڕەیان دەکرد. لەیلا بەخێرایی زاڵ بوو بەسەر خۆیدا و دەستی کرد بەجنینی خەیار بۆ ناو ماستە خوێکراوەکە، بەڵام هەستی بەدایکی تاریق دەکرد سەیری دەکات، بەنیوە زەردەخەنەیەک ئاگا لێبوونەکەی سەلماند.

پیاوەکان دەوری و پەرداخەکانیان پڕ کرد و ژەمەکەیان بردە دەرەوە بۆ حەوشەکە. کە بەشەکەی خۆیان هەڵگرت ژن و منداڵەکان لەسەر زەوییەکە دانیشتن لە دەوری سفرەکە و نانیان خوارد.

دوای ئەوەی سفرەکە کۆکرایەوە و قاپەکان لە چێشتخانەکە کەڵەکە کران، شپرزەییی چا لێنان و کێ چای ڕوون و کێ چای خەست دەخواتەوە دەستی پێ کرد، تاریق سەرێکی جووڵاند و لە دەرگەکە چووە دەرەوە.

لەیلا پێنج خولەک چاوەڕێی کرد و پاشان دوای کەوت. تاریق لە سێ خانوو ئەولاتر وەستابوو، پاڵی دابوو بەدیوارەکەوە لە پێشەوەی کۆڵانێکی باریکدا لە نێوان دوو خانووی لە دوای یەکدا، گۆرانییەکی کۆنی پەشتووی لەبەر خۆیەوە دەوتەوە کە ئوستاد ئەوەڵ میر گوتبووی:

ئەمە خاکی جوانی منە

ئەمە نیشتمانی منە

و جگەرەی دەکێشا، نەریتێکی تازەی تر، لەو کوڕانەی وەرگرتبوو کە لەیلا لەم ڕۆژانەدا بەیەکەوە دەیبینین. لەیلا حەزی لە چارەیان نەبوو، لەم هاوڕێ تازانەی تاریق. هەموویان وەک یەک جلیان لەبەر دەکرد، پانتۆڵی پۆلیسی و کراسی تەسک کە سینگ و قۆڵیان تێیدا دەردەکەوت، هەموویان قۆڵەنیای زۆریان دەدا لە خۆیان و هەمووشیان جگەرەیان دەکێشا. بەکۆمەڵ خۆیان فش دەکردەوە لەناو گەڕەکەکەدا

و بەدەنگی بەرز پێدەکەنین، هەتا هەندێ جار کچانیان بانگ دەکرد بەزەردەخەنە لەیەکچووە پڕ لە قۆشمەبازی و بێ ئەقڵییەکەیانەوە. یەکێک لە هاوڕێکانی تاریق لە لاساییکردنەوەی سلڤستەر ستالۆندا لە هەموویان باشتر بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی پێی بوترێت ڕامبۆ.

لەیلا وتی "دایکت دەتکوژێت ئەگەر بزانێت جگەرە دەکێشیت." سەیری دووری دەکرد پاشان سەیری ئەولا، پێش ئەوەی بخزێنە ناو کۆڵانەکەوە.

"بەڵام نامکوژێت، چونکە نازانێت." چووە ئەولاوە بۆ ئەوەی جێگەی لەیلا ببێتەوە.

"ئەوە دەتوانرێت بگۆڕدرێت."

"کێ پێی دەڵێت؟ تۆ؟"

لەیلا تەپەی بەقاچی دەکرد و وتی " نهێنییەکەت لای با، باس بکە، بەڵام خەتاباری مەکە کە درەختەکان زانییان."

تاریق زەردەخەنەیەکی کرد و برۆکەی چەماندەوە " کێ وای وت؟"

"خەلیل جبران."

"تۆ خۆت دەنوێنیت."

"جگەرەیەکم بەرێ."

سەری ڕاوەشاند و هەردوو قۆڵی خستەسەر سینگی، ئەمە جۆرێکی تازە بوو لەو جۆرە وەستانانەی دەوەستا: گەڕایەوە بۆ دیوارەکە، هەردوو قۆڵی لەسەر سنگی، جگەرەیەک بەسووچێکی دەمییەوە دەجوولایەوە، قاچە ساغەکەی نوشتابووەوە.

"بۆ نا؟"

"خراپە بۆ تۆ."

"ئەی خراپ نییە بۆ تۆ؟"

"من بۆ کچانی دەکەم."

"چ کچێک؟"

بەتەوسەوە بزەیەکی کرد " سێکسییە بەلایانەوە."

"وا نییە."

"نا؟"

"دڵنیات دەکەمەوە."

"سێکسی نییە؟"

"لە کەسێکی بێ مێشک دەچیت."

"قسەیەکی ناخۆش بوو."

"تۆ ئیرەیی دەبەیت."

"من بەشێوەیەکی جیاواز حەز دەکەم بزانم."

جارێکی تر بابەتەکەی هێنایەوە بەلایەکی چاو بەناو دووکەڵی جگەرەکەدا سەیری لەیلای دەکرد " لەوانەیە ئێستا باسی ئێمە بکەن." لەناو سەری لەیلادا دەنگی دایە دەیوت وەکو چۆلەکەیەک لەناو دەستتدا دەستت پێ شل دەکات دوایی دەفرێت و دەڕوات. ددانی هەستکردن بەتاوانەکە لەیلای دەسمی، پاشان لەیلا دەنگی دایەی کپ کرد. لە جیاتیی ئەوە تامی ئەو وشەیەی دەچەشت کە تاریق تێیدا وتی ئێمە. چەند بەجۆش و خرۆشەوە، چەند بەپلانبازییەوە ئەو دەنگە لە دەمیەوە دەهات، چەند دڵنیاکەرەوەبوو گوێ لە تاریق بوون بەو شێوە ناهەمیشەیی و سروشتییەی وتی ئێمە، ددانی بە پێوەندییەکەیاندا نا و ڕوون و ئاشکرای کرد.

"جا چی دەڵێن؟"

"ئەوەی بەناو ڕووباری گوناهدا سەوڵ لێ دەدەین، قاشە کێکی کافری دەخۆین."

"عارەبانەی بەدکاریمان لێ خوڕیوە؟"

"دەستپیسیمان بەدزینی شلە و برنجەوە کردووە."

هەردووکیان پێ کەنین. ئینجا تاریق دەستی بۆ قژە درێژەکەی ڕاکێشا "زۆر جوانە"

لەیلا خۆزگەی دەخواست دەموچاوی سوور نەبێتەوە وتی " بابەتەکەت گۆڕی."

" لە چییەوە؟"

" ئەو کچە سەر بەتاڵانەی کە پێت دەڵێن سێکسی."

" تۆ دەزانیت."

" چی دەزانم؟"

" من تەنیا چاوم لەسەر تۆیە."

ڕۆحی لەیلا گرژ دەبووەوە لەناو هەناویەوە، هەوڵی دەدا ڕووی بخوێنێتەوە، بەڵام دەمـوچاوێکی دەبینی نەیدەتوانی بیـخـوێنێـتـەوە: زەردەخـەنە پڕ لە خـۆشی و گـاڵتـەوگـەپەکـەی لەگـەڵ نیگا بێـباک و تەسکەکەی نـاو چاوی، نیگایـەکی زرنگ، تایبەت و تەواو لەسەر خاڵی نێوان گاڵتەکاری و ڕاستگۆییدا.

تاریق جگەرەکەی بەسەری نینۆکی پرواند.

"ئەی ڕات چییە لەبارەی هەموو ئەمەوە؟"

"ئەم ئاهەنگە؟"

"ئێستا کێ بێ مێشکە، مەبەستم موجاهیدەکانە، لەیلا، دێن بۆ کابول."

"ئۆ و."

دەسـتی کـرد بەباسکردنی شـتـێک بابە پێی وتبـوو، لەبارەی شـووکردنـی پڕ لە کێشـە و شـەرەف و دەمـانچـەوە، کـاتێک گـوێی لە هەرا و هـوریایەکە بوو لە مـاڵەوە دەهات، دەنگی بەرز و قیژاندن.

لەیلا ڕای کـرد، تاریق بەشـەلەشـەل بەدوایدا لـە حـەوشـەکـەیاندا شـەڕی دەستەویەخەبوو، لەناوەڕاستدا پیاوان تێکئاڵۆسکابوون چەقۆیەکیش لە نێوانیاندا، لەیلا یەکێکیانی ناسییەوە یەکێکبوو لەپیاوەکانی سـەر مێزەکە کە پێشتر گفتوگۆی سیـاسییـان دەکرد. ژمارەی پیـاو هەوڵیـان دەدا لێکیـان بکەنەوە، بابە لـەناویاندا نەبوو لەلای دیوارەکەوە وەسـتـابوو لە مـەودایەکی سـەلامـەت و دوور لە شـەڕەکـەوە، لەگەڵ باوکی تاریق کە دەگریا.

لەو دەنگەدەنگەی لە دەوروبەریەوە دەهات لەیلا کـۆمـەڵێک پارچەی بچـووکی نا بەیەکەوە: پیـاوی سـەر مـێزەسـیاسـییەکە پەشـتـوون بوو، وتبـووی ئەحـمـەد شـا لە ساڵی ١٩٨٠دا میللەتفرۆشیی کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ سۆڤیەتەکان ڕێک بکەوێت. پیـاوی کـەبابەکـە تاجـیک بوو، وەک هێـرشکـردن قـسـەکـەی وەرگـرتبـوو پاشـان بەپێویستی زانیبوو بچێتە دواوە. بەڵام پەشتوونەکە بەرپەرچی دابووەوە، تاجیکەکە وتبووی ئەگەر شا مەسعوود نەبووایە خـوشکەکەت دەدرا بەسـەربازی سۆڤیەتەکان. بەیەکدا هەڵشاخی بوون ئینجا یەکێکیان چەقۆیەکی وەشاندبوو، هەریەکە دەیوت

چەقۆکە بۆ یەکێک وەشێنراوە.

بەترسەوە لەیلا تاریقی بینی خۆی خستبووە ناو شەڕەکەوە، وە دەیبینی هەندێک لە ناوبژیوانەکانیش بۆکزیان دەهاویشت. لەیلا بیری کردەوە چەقۆی دووەم دیاری بکات.

ئەو ئێوارەیە لەیلا بیری دەکردەوە چۆن شەڕەکە هەرای نابووەوە، پیاوان بەسەریەکدا کەوتبوون، لەگەڵ هاتوهاوار و گریان و قیژەدا وە هاویشتنی بۆکز وە لە ناوەڕاستیدا تاریقێکی گرژ، قژی بژ و ژاکاو، قاچەکەی شل بووبووەوە هەوڵی دەدا گاگۆڵکێ بکاتە دەرەوە.

خێرایی ڕەوینەوە و خامۆشبوونی هەموو شتێک زۆر سەرلێشێواوی و بێ مێشکی بوو.

سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنەکە بەناتاقلانە دامەزرابوو. سەرۆک ڕەببانی هەڵبژێردرابوو. مەسعوود داوای ئاشتی و ئارامیی دەکرد.

حیکمەتیار، کە ئەوی لێ دەرکرابوو، زۆر تووڕە بووبوو. هەزارەکان بەو مێژووە دوور و درێژەی پڕ لە چەوسانەوە پشتگوێخستنیانەوە تووشی شێتگیری بووبوون.

سووکایەتیکردن لە هەر چوارلاوە فڕێ دەدرا، پەنجە ڕادەکێشرا، خەتابارکردن لە هەوادا دەفڕی، کۆبوونەوەکان بەتووڕەییەوە دادەخران و دەرگەکان دەدران بەیەکدا. شارەکە هەناسەی خۆی ڕاگرت، لەناو شاخەکاندا کۆڵ و بار و کۆوارەکان گۆڕان بۆ کلاشینکۆف.

موجاهیدەکان سەربازەکانیان ئامادە کرد. بەڵام ئێستا هەردووکیان هەمان دوژمنیان نییە، دوژمنەکەیان لەناو یەکتریدا دۆزیبووەوە.

ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەی کابول بۆ دواجار هات.

کە مووشەکەکان دەستیان بەبارین کرد بەسەر کابولدا، خەڵک ڕای دەکرد و خۆی دادەپۆشی. دایەش دەقاودەق کردی، دیسان خۆی گۆڕییەوە بۆ ڕەش، ڕۆیشتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، پەردەکانی دادایەوە و بەتانییەکەی دایەوە بەسەریدا.

لەیلا بەتاریقی وت "فیکەلێدانەکە، فیکە نەفرەت لێکراوەکەیە، لە هەمووی زیاتر بێزارم دەکات."

تاریق بەتێگەیشتنەوە سەری لەقاند.

لەیلا دواتر بیری دەکردەوە تەنیا فیکەکە خۆی نا، چرکەکانی نێوان دەستپێکردنەکەی و کاریگەرییەکەی. کاتە کورت و دوایی نەهاتووەکەی هەستکردن بەوەستان و ڕاگیرکردنەکەی، نەزانینەکە، چاوەڕوانیکردنەکە، وەک چۆن گوماندارێک چاوەڕوانی فەرمانی دادگە بکا.

بەزۆری لە نانی ئێوارەدا ڕووی دەدا، کاتێک ئەو و بابە لەسەر مێزەکە دەبوون. کاتێک دەستی پێ دەکرد سەریان بەرز دەکردەوە و گوێیان بۆ فیکەکە دەگرت و چەتاڵەکان لە نیوەی هەوادا و خواردنی نەجوراو لەناو دەمیاندا. لەیلا وێنە دانەوەکەی نیوەی دەموچاویانی لەناو پەنجەرە ڕەشەکەدا دەبینییەوە، سێبەرەکانیان نەجووڵاو لەسەر دیوارەکە. فیکەکە. ئینجا تەقینەوەکە، لە کاتێکدا لە شوێنەکانی تر خۆشی و شادی بوو. بەدوایدا، کردنە دەرەوەی هەناسەیەک و دڵنیابوون لەوەی ئەمجارەش هەڵگیراون و نەمردوون. لە کاتێکدا لە شوێنێکی تر پڕە لە گریان و پەڵە هەوری دووکەڵی خنکێنەر و، تێکەڵبوونی ئەوەی کە لە خوشکێک، برایەک، کوڕەزا یان کچەزایەک ماوەتەوە.

بەڵام دیوەکەی تری نەمردنەکە پارچەیەک بوو لە دڵتەنگی و بیرکردنەوە لەوەی ئەو جارە کێ هەڵنەگیراوە و مردووە. دوای تەقینەوەی هەموو مووشەکێک لەیلا ڕای دەکرد بۆ ناو شەقامەکە و بەزمانێکی لاڵەوە دەپاڕایەوە، دڵنیا بوو لەوەی، ئەمجارە، بەدڵنیاییەوە ئەمجارە ئەوەی لەژێر بەرد و دووکەڵەکەدا نێژراوە تاریقە. لە شەودا، لەیلا لە جێگەدا ڕادەکشا و سەیری ئەو ڕووناکییە کتوپڕانەی دەکرد کە فلاشیان لە پەنجەرەکەی دەدا و وێنەیان دەدایەوە. گوێی بۆ شەقەشەقی تفەنگە

ئۆتۆماتیکەکان دەگرت و ئەو مووشەکانەی دەژمارد کە لە ژوورسەریەوە گیڤەیان دەکرد. لە کاتێکدا خانووەکە ڕادەوەشا و قاتێکی تەنکی پلاستەری سەقفەکە دەکەوتە خوارەوە. هەندێک شەو تیشکی مووشەکەکان هێندە ڕووناک بوون دەتوانرا کتێبی لەبەردا بخوێنرێتەوە، خەو هەرگیز نەدەهات. وە ئەگەر بهاتایە، ئاگرباران و دەست و قاچی لێ بووەوە و ناڵەناڵی بریندارەکان سەراپای خەونەکانی لەیلایان دەگرتەوە.

بەیانییەکان ئارامییان نەدەهێنا. مەلا بانگی بەیانیی دەدا موجاهیدەکان چەکەکانیان دادەنا، ڕوویان دەکردە ڕۆئاوا و نوێژیان دەکرد، بەرماڵەکان قەد دەکران و چەکەکان هەڵدەگیرانەوە و فیشەکیان تێ دەخرا، شاخەکان ئاگریان دەگرتە کابول، کابول ئاگری دەگرتەوە شاخەکان. کاتێک لەیلا و باقیی شارەکە سەیریان دەکرد، بێ دەسەڵات بوون بەقەد بێ دەسەڵاتی سانتیاگۆ لە کاتی سەیرکردنی دۆلفینەکاندا کاتێک ماسییە گرانبەهاکانیان دەخوارد.

هەر شوێنێک لەیلا دەچوو پیاوانی مەسعوودی دەبینی. دەیبینین هاتوچۆ دەکەن بەناو شەقامەکاندا و هەموو یەک دوو سەد یاردێک ئۆتۆمۆبێلیان دەوەستاند و پرسیاریان لێ دەکرد، لەسەر دەبابەکان دادەنیشتن و جگەرەیان دەکێشا بەجلی سەربازی و کڵاوە زۆر باوەکانیانەوە بەدزییەوە لە پشتی فەردە لە هەڵچنراوەکانەوە سەیری هاتوچۆکەرانیان دەکرد لە چوارڕێیانەکەدا.

لەیلا نەک کەم دەچووە دەرەوە بگرە ئەگەر بچوایەتە دەرەوە هەموو کات لەلایەن تاریقەوە هاودەمی دەکرا و ئەویش وەک سوارچاکێک ئەم ئەرکەی جێبەجێ دەکرد و لەیلاش بەچوونە دەرەوەکان دڵخۆش دەبوو.

تاریق ڕۆژێک وتی" دەمانچەیەکم کڕیوە." لە دەرەوە دانیشتبوون لەژێر درەختە هەرمێ پیرەکەی حەوشەی ماڵی لەیلادا. پیشانی دا وتی چەکی نیمچە ئۆتۆماتیکە "بێریتا"یە، بۆ لەیلا ڕەش و کوشندە دیار بوو.

لەیلا وتی "حەزم لێی نییە، چەک دەمترسێنێ."

تاریق لاپەڕەی کۆوارەکەی هەڵدایەوە لەناو دەستیدا.

"سێ لاشەیان لە ماڵێکدا لە "کەرتی سێ" دۆزیوەتەوە، بیستووتە؟ هەرسێکیان خوشک بوون و دەستدرێژییان کراوەتە سەر و دواتر قوڕگیان هەڵدڕیون، ئەڵقە و

ئەڵق گازیان لە پەنجەکانیان گرتووە، پێیانەوە دیار بووە."

"نامەوێت گوێم لەوە بێت."

"نامەوێت بێزارت بکەم بەڵام هەست بەئاسوودەیی دەکەم ئەگەر ئەمە هەڵبگرم"

تاریق بووبووە پەتی ڕزگارکردنی ژیانی لەیلا لەسەر شەقامەکان. وشەیەکی ببیستایە یەکسەر دەیگەیاندە لەیلا، بۆ نموونە، سەربازێکی میلیشیا جێگەی لەناو شاخەکاندا دابین کردبوو، خۆی لەسەر دەستڕاستی ڕاهێنابوو، بۆ پێکانی هاوولاتیی مەدەنی لە خوارەوە، پیاوان، ژنان، منداڵان، کە بەڕێکەوت هەڵدەبژێردران. بە لەیلای دەوت مووشەک هەڵدەدەن بۆ ئۆتۆمۆبێل، بەڵام بۆ هۆیەک، بێجگە لە تاکسیی بەجێماو، بۆ لەیلا دەرکەوت ئەو پەلە پەلەی خەڵک لە ڕەنگکردنی سەیارەکانیان بۆ ڕەنگی تاکسی بۆچی بوو.

تاریق ئەو هەموو نهێنگیری و سنوور گۆڕینەی کابولی گرتبووەوە بۆ لەیلا دەگێڕایەوە. لەیلا لە تاریقەوە فێر بووبوو، ئەو ڕێگەیە هەتا دووەم درەختە ئەکاشییەکە لەلای چەپەوە سەر بەسەرلەشکری شەڕەکانە. چوار کۆڵانی داهاتوو بەدووکانی شیرینییەک کۆتایی دێت کە لەودیو دەرمانخانەیەکی وێرانکراوەوەیە، سەر بەسەرلەشکرێکی تر بوو، وەئەگەر لەو شەقامە بپەڕیتەوە و چەند کیلۆمەترێک بەرەو ڕۆئاوا بڕۆیت دەگەیتە ناوچەی سەرلەشکرێکی تر سەرەڕای ئەو ئاگربارانەی تووشی دەبێت لە هەمان کاتدا بەئەمانە دەوترا پاڵەوانەکانی دایە. سەرلەشکری شەڕەکان. لەیلا بیستبووی پێیان دەوترا تفەنگدارەکان. هەندێکیش هێشتا پێیان دەوتن موجاهیدەکان، بەڵام بەدەموچاوێکی ناشیرین و ناپەسندەوە ناویان دەهێنان، وشەکە بۆگەنی ڕقێکی قووڵ و ڕووشاندنێکی قووڵی لێ دەهات، جۆرێک لە بەسووک سەیرکردن بوو.

تاریق کۆوارەکەی خستەوە لای دەمانچەکەی.

لەیلا وتی " زاتت هەیە؟"

"بۆ چ شتێک؟"

"بۆ بەکارهێنانی ئەم شتە؟ کوشتن پێی؟

تاریق دەمانچەکەی خستەوە لاکەلەکەی. پاشان قسەیەکی کرد کە ترسناک و لە هەمان کاتیشدا قەشەنگ بوو. " بۆ تۆ، پێی دەکوژم بۆ تۆ، لەیلا."

له لەیلا نزیکتر بووەوە و دەستیان لێک خشا، جارێک، پاشان دووبارە بووەوە. کە پەنجەکانی تاریق بەنادڵنیاییەوە دەستیان کرد بەڕۆیشتن بەناو پەنجەکانی لەیلادا، لەیلا ڕێگەی دان، ئینجا کتوپڕ پاڵی پێوەدایەوە و لێوەکانی نا بەلێویەوە، لەیلا دووبارە ڕێگەی دا.

لەو ساتەدا، هەموو قسەکانی دایە لەبارەی ناوبانگ و باڵندەکە بۆ لەیلا بێ بایەخ بوون، هەتا بێ مانا بوون. لە ناوەڕاستی هەموو ئەم کوشتن و تاڵانی و هەموو ئەم ناشرینییانەدا، دانیشتن لەژێر ئەو درەختەدا، ماچکردنی تاریق شتێکی زۆر بێوەی بوو. شتێکی بچووک. خۆشییەکی ڕێگە پێدراو بوو، لەبەر ئەوە لەیلا هێشتی ماچی بکات، کاتێک تاریق چووە دواوە لەیلا هات و ماچی کرد، دڵ لەناو قوڕگدا کوتەکوتیەتی، دەموچاوی مێرووڵەی دەکرد، ئاگرێک لەناو قووڵاییی هەناویەوە دەسووتا.

له حوزەیرانی ئەو ساڵەدا، ١٩٩٩ شەڕێکی قورس لە ڕۆئاوای کابول لە نێوان هێزە پەشتوونەکانی سەرلەشکری سەییاف لەگەڵ هەزارەکانی دەستەی وەحدەت ڕووی دا، بۆمبەکان تێلی کارەباکانیان پچڕاندبوو هەموو دووکان و ماڵەکانیانی وێران و وردوخاش کردبوو، لەیلا بیستبووی سەربازی میلیشیا پەلاماری ماڵ و خانووی هەزارەکانیان دابوو چووبوونە ژوورەوە و هەزارەکانیان کوشتبوو، هەزارەکانیش لە تۆڵەسەندنەوەیاندا هاووڵاتییە پەشتوونەکانیان دەفراند دەستدرێژییان دەکردە سەر کچەکانیان، بۆمبیان دەگرتە گەڕەکەکانیان، بەبێ جیاوازی دەیانکوشتن. هەموو ڕۆژێک چەندان لاشە دەدۆزرایەوە بەدرەختەوە بەسترابوون، هەندێ جار بەبێ ویژدانانە سووتێنرابوون، هەندێکیان بەتەقەکردن لەسەریان چاویان هاتبوونە دەرەوە و زمانیان قرتابوو.

بابە دووبارە هەوڵی دا دایە ڕازی بکات کابول جێ بهێڵن.

دایە دەیوت "جێبەجێی دەکەن، ئەم شەڕە کاتییە، ڕۆژێک دادەنیشن و دەیگەیەننە ئەنجامێک."

بابە دەیوت "فەریبا تەنیا شتێک ئەم خەڵکە دەیزانن شەڕە، وا فێر بوون بەقوتووە شیرەکەیانەوە لەگەڵ دەمانچەیەک بەدەستەکەی تریانەوە بەڕێگەدا بڕۆن."

دایە هاواری کرد "تۆ کێیت ئاوا بڵێیت؟ شەڕی جیهادت کردووە؟ وازت لە هەموو

شتی ژیانی خۆت هێناوه و ژیانی خۆت بخەیتە مەترسییەوە؟ ئەگەر موجاهیدەکان نەبوونایە ئێمە هێشتا خزمەتکاری سۆڤیەت دەبووین. ئینجا ئێستا وامان لێ دەکەیت خیانەتیان لێبکەین!"

"ئێمە ئەو کەسانە نین کە خیانەتەکە دەکەن، فەریبا."

"تۆ برۆ، کەواتە، کچەکەت ببە و ڕاکە. پۆستکارتم بۆ بنێرن. بەڵام ئاشتی دێت و من چاوەڕێی دەکەم."

شەقامەکان زۆر بێ ئامان بووبوون، بابە شتێکی باوەڕ پێنەکراوی کرد: لەیلای لە قوتابخانە دەرهێنا.

ئەرکی فێرکردنەکەی خستبووە سەرشانی خۆی؛ لەیلا هەموو ڕۆژێک دوای خۆر ئاوابوون دەچوو بۆ وانەکەی، کاتێک حیکمەتیار مووشەکەکانی دەنا بەمەسعوودەوە لە دامێنی شارەکە لەگەڵ بابە باسی غەزەلی حافز و کارە جوانەکانی شاعیری ئەفغانی ئوستاد خەلیلولا خەلیلیان دەکرد، بابە فێری بەئەنجام گەیاندنی هاوکێشەی دووجاییی کردبوو، چۆنێتیی پێوانی نەخشە و کۆلکەی جیاوازی نیشان دابوو. کە بابە وانەی دەوتەوە دەگۆڕا، لەم دەوروبەرە لەناو چەقی کتێبەکانیدا، لای لەیلا بەرزتر دەینواند، دەنگی لە هێمنی و قووڵییەوە بەرزتر دەبووەوە و زۆر کەمتر چاوی دەترووکاند. لەیلا دەیهێنایە بەرچاوی خۆی زۆر بەهێواشی تەختەکەی سڕیوە سەیری قوتابییەکانی کردووە بەسەیرکردنێکی باوکانە و بەتەنگەوە هاتووەوە.

بەڵام ئاگا لێبوون ئاسان نەبوو. لەیلا بەردەوام لە تێبینیکردن دەپچڕا.

بابە پرسیاری دەکرد "ڕووبەری هەرەم چییە؟" وە هەموو ئەوەی لەیلا دەیتوانی بیری لێ بکاتەوە پڕیی لێوەکانی تاریق بوو، گەرمیی هەناسەکەی لەسەر دەمی وێنەدانەوەی خۆی لە چاوە کاڵەکانیدا. لە دوای ماچکردنیان لەژێر درەختەکەدا دووجاری تر ماچیان کردبوو، بەهەست و سۆزتر، بەبۆچوونی لەیلا توندوتۆڵتر. هەردوو جارەکە بەنهێنی بینیبووی هەردوو جارەکە لە کۆڵانە تەسک و باریکەکەی ڕۆژی بانگهێشتەکەدا تاریق جگەرەی تێدا کێشابوو. دووەم جار لەیلا هێشتبووی دەست لە سنگی بدات.

"لەیلا؟"

"بەڵێ بابە."

"ڕووبەر. هەرەم. لە کوێیت؟"

"ببورە بابە من لە...، بابزانم، هەرەم. هەرەم. یەک لەسەر سێی ڕووبەری بنەکەی کەرەتی بەرزییەکەی."

بابە بەنادڵنیاییەوە سەری لەقاند، تەماشاکردنەکەی لەسەر لەیلا وەستابوو. ئینجا لەیلا بیری لە دەستی تاریق دەکردەوە، سنگی دەگووشی وردە وردە بۆ خوارەوە بۆ چاڵاییی خوارەوەی پشتی سەرووی سمتی، لە کاتێکدا ماچیان دەکرد و ماچیان دەکرد.

ڕۆژێک لەو هەمان مانگەی حوزەیراندا گیتی لەگەڵ دوو هاوپۆلیدا لە قوتابخانەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، تەنیا سێ کۆڵان دوور بوون لە ماڵی گیتییەوە، مووشەکێکی وێڵ زرمەی لێ هەڵسناندبوون. دواتر لەو ڕۆژە ناخۆشەدا لەیلا زانی، نیلا، دایکی گیتی لەناو کۆڵانەکەدا لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕای کردووە لەو شوێنەی گیتیی تێدا کوژراوە پارچەکانی لەشی کچەکەی لەناو بەروانکەیەکدا کۆ کردووەتەوە بەشێتگیری و زریکەوە. قاچە ڕزیوەکەی چەپی گیتی بەگۆرەوییە لایلۆنەکە و کالە مۆرەکەوە لەسەر سەربانێک، دوو هەفتە دواتر، دۆزرایەوە. لە پرسەکەی گیتیدا ڕۆژێک دوای مردنەکەی، بەوڕی و کاسییەوە لەیلا لەناو ژوورێکی پڕ لە ژنی گریاودا دانیشتبوو. ئەمە یەکەم جار بوو کەسێک لەیلا بیناسێ و لێی نزیک بێت، خۆشی ویستبێت، مردبوو. نەیدەتوانی ئەو ڕاستییە قووڵ و لەبن نەهاتووە ڕایی بکات و بەرگەی بگرێ کە گیتی لە ژیاندا نەماوە. گیتی، ئەوکەسەی لەگەڵ لەیلادا لەناو پۆلدا تێبینییە نهێنییەکانیان دەگۆڕییەوە، ئەو کەسەی پەنجەکانی ڕەنگ دەکرد، بەمووکێش مووی چەناگەی دەردەهێنا. گیتی، ئەو کەسەی بەتەما بوو شوو بکات بەگۆڵچییەکە "سابیر". گیتی مردبوو. مردبوو. بووبوو بەچەندان پارچەوە. لە کۆتاییدا لەیلا دەستی کرد بەشیوەن بۆ هاوڕێکەی. هەموو ئەو فرمێسکانەی نەیتوانیبوو لە پرسەی براکانیدا بیانڕێژێ، باراندنییە خوارەوە.

لەیلا بەئاستەم دەیتوانی بجوولێت، وەک ئەوەی چیمەنتۆ لە هەردوو ئەژنۆی گیرابێت. گوێی لە دەنگی گفتوگۆیەک بوو، وای دەزانی لە کۆتاییەکەیدایە، وە هەستی دەکرد لێوەی دێتە دەرەوە، وەکو ئەوەی بەدزییەوە گوێی بۆ قسەکانیان گرتبێت. کاتێک تاریق قسەی دەکرد لەیلا ژیانی خۆی وەک گوریسێکی ڕزیو دەهاتە پێش چاو، لێک هەڵدەوەشێ، پەتەکانی لێک جیا دەبێتەوە، دەقرتێت و دەکەوێتە خوارەوە.

دوانیوەڕۆیەکی گەرم و شێداری ساڵی ١٩٩٢ لە ژووری دانیشتنەکەی ماڵی لەیلا بوو. دایە هەموو ڕۆژەکە ئازاری گەدەی هەبووبوو، وە چەند خولەکێک پێشتر، سەرەڕای ئەو مووشەکانەی لە باشوورەوە دەهاوێژران بابە بردبووی بۆ لای پزیشک. ئێستا تاریق لەوێ بوو، لەسەر قەنەفەکە لە تەنیشتی لەیلاوە دانیشتبوو، سەیری زەوییەکەی دەکرد، دەستی لە نێوان ئەژنۆکانیدا بوو.

دەیووت ئەوێ بەجێ دەهێڵێت.

گەڕەکەکە نا، کابول نا، هەموو ئەفغانستان بەجێ دەهێڵێت.

دەڕوات.

لەیلا تووشی گەشکە و شێتی بوو.

"بۆ کوێ ؟ دەچیت بۆ کوێ؟"

"یەکەم جار پاکستان. پیشاوەر. پاشان نازانم، لەوانەیە هیندستان. ئێران."

"ماوەی چەند؟"

"نازانم."

" مەبەستم ماوەی چەندەیە زانیوتە؟"

"یەکدوو ڕۆژە. ویستم پێت بڵێم، لەیلا، سوێند بێت. بەڵام نەمدەتوانی، دەزانم چەند دڵگران دەبیت."

"کەی؟"

"سبەینێ."

"سبەینێ؟"

"لەیلا، سەیرم کە."

"سبەینێ."

"باوکمە، دڵی ناتوانێت بەرگە بگرێت لەوە زیاتر. بەرگەی ئەم هەموو شەڕ و کوشتارە."

لەیلا دەموچاوی لە دەستەکانیدا ناشت، بڵقەبڵقی ترسناکی ناو سینەیان پڕ دەکرد.

بیری دەکردەوە دەبووایە بیزانیایە ڕۆژێکی وا دێت. هەموو ئەو کەسانەی دەیناسین شتومەکەکانیان کۆکردەوە و ڕۆیشتن. گەڕەکەکە هەموو شتێکی تێدا بوو جگە لە لەناوچوونی ڕوخسارە ئاشناکان. بەڵام ئێستا تەنیا چوار مانگ دوای ئەوەی شەڕ لە نێوان دەستەی موجاهیدەکاندا ڕووی داوە لەیلا بەدەگمەن خەڵکی گەڕەکەکە دەناسێت، خێزانی حەزینا لە مانگی مایسدا ڕۆیشتن، چوون بۆ تاران. وەجمە و خاووخێزانەکەی ڕۆیشتبوون بۆ ئیسلام ئاباد لە هەمان کاتدا. دایک و باوک و خوشک و براکانی گیتی لە مانگی حوزەیراندا ڕۆیشتبوون ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی گیتی مردبوو. لەیلا نەیدەزانی چووبوون بۆ کوێ. گوێی لە مقۆمقۆی ئەوەبوو کە چوون بۆ مەشهەد لە ئێران. دوای ئەوەی خەڵکەکە دەڕۆیشتن ماڵەکانیان بۆ یەک دوو ڕۆژ بەبەتاڵی دەمایەوە، پاشان یان سەربازی میلیشیا یان نامۆیەک دەستی دەگرت بەسەریدا و دەهاتە ناوی.

هەموویان ڕۆیشتن. تاریقیش دەڕوا.

بەلەیلای دەوت "دایکم ژنە گەنجەکەی جاران نەماوە، هەموو کات زۆر دەترسم لەیلا، سەیرم کە."

"دەبوو پێت بوتمایە."

"تکایە سەیرم کە."

هاوارێک لە لەیلاوە هات، دواتر ناڵە و شیوەن. کە لەیلا دەگریا تاریق بەپەنجەکانی فرمێسکەکانی بۆ دەسڕی، بەڵام لەیلا دەستی لادەبرد. شتێکی

شـیـتانه و بێ ئاگـا بوو، بەڵام لە تاریق زۆر تووڕە بوو بـۆ دەسـتـبـەرداربـوونی لێی. تاریق ئەو کـەسـە بوو کـە بەشـێک بوو لـە لەیلا، لـەناو هـەمـوو یادگـارییـەکـدا سێبەرەکەی لە تەنیشتییەوە بوو. چۆن دەتوانیت بەجێم بهێڵیت؟ زللەیەکی لێ دا، دووبارە لێی دایەوە و قـژی ڕاکێشـا، ئینجـا تاریق مـەچەکی گرت، شـتێکی دەوت لەیـلا تێ نـە دەگـەیشت، زۆر بـەنەرمـی و ژیرانە پێی دەوت بـەڵام هـەر چۆنێک بێت گەیشتن بەوەی برۆیان لە ئاستی یەکدا بوو بەرامـبەر یەک، لەیلا هـەستی بەگەرمیی هـەناسـەکەی دەکرد لەسـەر لێوەکانی دووبارە. پاشـان کتوپڕ تاریق پاڵی دایەوە و لەیلاش بەهەمان شێوە.

دوای ئـەوە هـەرچییـەک ڕووی دا، لە ڕۆژانـی داهاتوودا لەیلا بەشـپـرزەیی هـەموویانی بەیادگاری سپارد. وەک هونەردۆستێک مۆزەخانەی دەست نەکەوێت. هـەر شـتێک لە توانایدا بووایـە هـەڵی دەگرت، نیگایەک، چرپـەیەک، نرکـەیەک، بۆ ڕزگارکردن لە فەوتان، بۆ مانەوە. بەڵام کات یەکێکە لەو جۆش و خرۆشیانەی لەیلا نەیدەتوانی لە کۆتاییدا، بـەهیچ جۆرێک بیپارێزێت بەڵام هێشـتا ئەمـانەی هـەبوو: ئەو یەکـەم ئـازارە بەهێزەی لە خـوارەوە هـەیبـوو. لاربوونەوەی تیشکی خـۆرەکە بۆ سـەر فـەرشـەکـە. بـەرکـەوتنی پێ سـاردەکـەی لەلایانـەوە دانرابوو کـە بەپـەلە و شپرزەیی لێ کرابووەوە. دەستەکانی بەئەنیشکەکانیەوە بوون، نیشانە شێوە عودیە سـەر بەرەوخـوارە پەمـەییـیەکـەی ژێر ئێسـقـانی ملی بریقـەی سـووری دەدایەوە. دەموچاوی لە نزیکەوە بەسەر دەموچاویەوە. لوولییەکەی قژی دەجووڵایەوە خۆیان دەدا لە لێوی و چەناگەی. ئەو ترسـەی دواتر دەیدۆزنەوە، باوەڕنەکردن بەئازایی و زاتی خۆیان. خـۆشـییـە نامـۆ و وەسـفنەکراوەکەی لـەگـەڵ ئازارەکەدا تێـهـەڵکێش بووبوو، ڕوانینەکـەی، دە هـەزار ڕوانین لەسـەر تاریق: دڵەڕاوکێ، ناسکی، پاسـاو، تەریقبوونەوە، بەڵام لەهەمووی زیاتر برسێتی.

دوای ئەوە بەسـەرلێـشـێـواوی. قـۆپـچـەی کـراسـەکـان بەپەلە داخـران، پشـتـێن بەسترایەوە، قژەکان بەپەنجە شانە کران. دانیشـتن، لە تەنیشت یەکەوە دانیشتن، بۆنی یەکیان دەکرد، دەموچاوەکان پەمـەیی بوون، هـەردووکیـان گێژ، هـەردووکیـان قسەیان بۆ نەدەکرا لەبەر ئەو تاوانەی کە ڕووی دابوو.

لەیلا سێ قـەترە خوێنی بینی لەسـەر فەرشەکە، خوێنی خۆی، هێنایە بەرچاوی خـۆی دایک و بـاوکی دواتر لەسـەر ئەم قـەنەفـەیە دانیـشـن و بێ ئاگا لەو گـوناهـەی

لەیلا کردوویەتی. وە ئابڕووچوونەکە ڕووی دابوو، لەگەڵ گوناهەکەی. وە لە سەرەوە چرکەچرکی سەعاتەکە دەنگێکی نەگونجاو و بەرزی هەبوو بۆ گوێی لەیلا. وەک چەکوشی دادوەرێک بەقایمی بکوترێ و بکوترێتەوە و تاوانباری بکا.

ئینجا تاریق وتی "وەرە لەگەڵم."

بۆ ساتێک، لەیلا باوەڕی بەوە هێنا کە ئەوە دەتوانرێت بکرێت. ئەو، تاریق، دایک و باوکی، بەیەکەوە بن. جانتاکانیان کۆ بکەنەوە و بچنە ناو پاسێک، وە هەموو ئەم توندوتیژییە بەجێ بهێڵن. بڕۆن و پیرۆزیی یان کێشە بدۆزنەوە، هەر کامێکیان هات بەیەکەوە ڕووبەرووی دەبنەوە. دابڕانە خوێن ساردەکەی چاوەڕێی دەکردن، تەنیاییە کوژەرەکە، دەکرا ڕوو نەدەن.

لەوانەیە بتوانێت بڕوا. دەتوانرێ بەیەکەوە بن. دوا نیوەڕۆی تری لەم شێوەیەیان دەبێت.

"دەمەوێت هاوسەرکاری بکەین لەیلا."

بۆ یەکەم جار کەهاتبوونە سەر زەوییەکە چاوی بەرز کردەوە بۆ سەر چاوی تاریق، بەدەموچاویدا دەگەڕا بەڵام ئەمجارە گاڵتە و قۆشمەبازیی تێدا نەبوو، ڕوانینێکی هەست بەتاوانکردن، سەرڕاستی، پەیمانێکی پوختی تێدا بوو.

" تاریق... "

"با هاوسەرکاریت لەگەڵ بکەم، لەیلا، ئەمڕۆ. دەتوانین ئەمڕۆ ببین بەهاوسەری یەکتر."

دەستی کرد بەقسەکردن لەبارەی چوون بۆ مزگەوت، دۆزینەوەی مەلایەک، جووتێک شاهید، مارەبڕینێکی خێرا.

بەڵام لەیلا بیری لە دایە دەکردەوە، سەرسەخت و کەللەڕەق بەقەد موجاهیدەکان. هەواکەی دەوری بەورە ڕووخان و ڕق و کینە پەنگی خواردبووەوە، بیری لە بابە دەکردەوە ئەو کەسەی ماوەیەکی دوور و درێژە خۆی داوە بەدەستەوە، ئەو کەسەی بەغەمباری و کەساسی بەرامبەر دایە وەستاوە.

هەندێ جار... وا هەست دەکەم تۆ هەموو ئەوەی کە هەمە، لەیلا.

ئەمە بەکەش و بارەکانی ژیانی بوون، ڕاستییەکی بەڵگەنەویست و ڕانەکردوو بوو.

"داوای تۆ لە کاکە حەکیم دەکەم. ئەو ڕێزی خۆیمان پێ دەبەخشێت، لەیلا، دەزانم."

تاریق ڕاستی دەکرد. بابە ڕازی دەبێت. بەڵام وێرانی دەکات. تاریق هێشتا قسەی دەکرد، دەنگی لەسەرخۆ دەبووەوە و بەرز دەبووەوە، تکای دەکرد، بەڵگەی دەهێنایەوە، دەموچاوی پڕ ئومێد پاشان هەست بزوێن بوو.

لەیلا وتی "ناتوانم."

"وا مەڵێ، خۆشم دەوێیت."

"بمبوورە."

"خۆشم دەوێیت."

لەیلا ماوەی چەندە چاوەڕێی کردبوو ئەم وشانەی گوێ لێ بێت؟ چەند جار خەونی پێوە بینیبوون بەوتراوی؟ لە کۆتاییدا وتران. واتاکانی تێکیان دەشکاند.

"باوکمە، ناتوانم بێم، هەموو ئەوەی لە ژیاندا ماوێتی منم. دڵی ئەویش بەرگە ناگرێ."

تاریق ئەمەی دەزانی، دەیزانی ناتوانێت ئەرکەکانی ژیانی وا بەئاسانی ڕابماڵێت، بەو شێوەیەی خۆی دەتوانێت، بەڵام بەردەوام بوو، پاڕانەوەکانی ئەو و بەرپەرچدانەوەکانی لەیلا، داخوازییەکانی ئەو و پاساوەکانی لەیلا، فرمێسکەکانی هەردووکیان.

لە کۆتاییدا لەیلا بەهاندانەکانی وای لێ کرد بڕوا.

لەناو دەرگەکەدا پێی وت بەڵێن بدە بەبێ ماڵئاواییکردن بڕۆیت، دەرگەکەی بەسەردا داخست. لەیلا پاڵی دا بەدەرگەکەوە، دەلەرزی بەهۆی بۆکز پێداکێشانەکانی تاریق لە دەرگەکە لەودیوەوە، دەستێکی بەتوندی لەسەر سکی و ئەوی تریش لەسەر دەمی. لە کاتێکدا تاریق لەودیوەوە قسەی دەکرد و بەڵێنی دەدا بێتەوە، بێتەوە بۆ لای لەیلا. لەیلا لە پشتی دەرگەکەوە مابووەوە لە کاتی هەوڵەکانی تاریق و دواتریش کە دەستی هەڵگرتبوو، پاشان گوێی بۆ تەپە لاسەنگەکانی پێی گرت هەتا کاڵ بوونەوە، هەتاوەکو هەموو شتێک بێدەنگ بوو، لەیلا مایەوە لەگەڵ ئەو تەقینەوانەی لە گردەکانەوە شەقەیان لێ هەڵدەستان، دڵی لەناو سینەیدا، لەناو چاویدا، لەناو ئێسقانەکانیدا تەپەی دەهات.

گەرمترین ڕۆژی ساڵ بوو. شاخەکان بەگەرمییەکی چڕ قەتیس مابوون، شارەکەیان وەک دووکەڵ خەفە کردبوو. چەند ڕۆژێک بوو کارەبا بڕابوو، لەناو هەموو کابولدا پانکە کارەباییەکان بەبێ کار بەسەر پێوە وەستابوون، ئەمە بووبووە نوکتە.

لەیلا هێشتا لەسەر قەنەفەی ژووری دانیشتنەکە بوو، لە بلوزەکەیەوە ئارەقی دەردەدا، هەموو هەناسەدانەوەیەکی لێواری لووتی دەکزاندەوە. ئاگای لە دایک و باوکی بوو لە ژوورەکەی دایەدا قسەیان دەکرد. دوو شەو پێشتر، وە دووبارە دوێنێ شەو، خەبەری بووبووەوە گوێی لە دەنگیان بووبوو لە خوارەوە. ئێستا هەموو ڕۆژێک قسەیان دەکرد، لە کاتی فیشەکەکەوە، لە کاتی دروستبوونی چاڵە تازەکەی ناو ڕێچکەکەوە.

لە دەرەوە دەنگی تۆپێکی لە دوور، دواتر لە نزیکترەوە دەنگی زنجیرەیەک تەقەی تفەنگ بەدوای یەکدا.

لە ناوەوەی لەیلاشدا شەڕێک بەرپا بووبوو: لەلایەکەوە تاوان، هاوشانیکردنی ئابڕووچوون، لەلاکەی تر ئەو گوناهەی لەگەڵ تاریق کردبوویان کفر نەبوو، شتێکی سروشتی، باش، جوان، بگرە خۆنەویست بوو، بەو زانیارییە هان درابوون کە لەوانەیە هەرگیز یەکتر نەبیننەوە.

لەیلا لەسەر قەنەفەکە ڕووی کرد بەودیودا و هەوڵی بیرهاتنەوەی شتێکی دا: لە ساتێکدا، کاتێک لەسەر زەوییەکە بوون، تاریق ناوچەوانی بۆ سەر ناوچەوانی لەیلا نزیک کردبووەوە، پاشان بەهەناسەبڕکێوە شتێکی وتبوو، ئازارت دەدەم؟ یان ئازارت دەدا؟

لەیلا نەیدەتوانی بڕیار بدات کامیانی وتبوو.

ئازارت دەدەم؟

ئازارت دەدات؟

تەنیا دوو هەفتە بوو ڕۆیشتبوو، کات هەستکردنی بۆ ئەم یادگارە تیژانە دەمراند، تازە ئەمانە بووبوون بەڕووداێک و تێدەپەڕین، لەیلا لە دەروونیدا تەواو بێزاربوو. چی وتبوو؟ بێ ڕادە گرینگ بوو، لە پڕ دۆزییەوە.

لەیلا چاوی داخست، بیر و هۆشی خستە کار.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بەهێواشی ماندووی دەستی ئەم ڕاهێنانە بوو. هەتا دەهات هێنانەوە بیر و سڕینەوە و هۆشکردنەوە بەبەردا پاش ماوەیەکی دووری مردنیان ماندووتری دەکرد و لە پەل و پۆی دەخست. لە ڕاستیدا ڕۆژێک دێت، ساڵانێک دواتر، لەیلا چیی تر بۆ نەبوونی تاریق شیوەن ناکات. یان هێندە بەکۆڵنەدانەوە بیری ناکات، ڕۆژێک دێت شێوە ڕوونەکەی دەموچاوی دەست دەکات بەخزان لە یادگارییە توندگیرەکانی لەیلاوە، کاتێک گوێی لە دەنگی دایکێک دەبێت لەسەر شەقامەکانەوە منداڵەکەی بانگ دەکات و دەڵێت تاریق، بیر و هۆشی لەیلا نافڕێنێ. بەم شێوەیەی ئێستا بیری ناکات کە ئازاری نەبوونی تاریق هاوڕێیەکی بەردەوامیەتی، وەک تارمایی ئازاری پەل بڕینەوەیەک.

کاتێک لەیلا بوو بەکچێکی گەورە، کاتێک کراس ئوتوو دەکات، پاڵ بەمنداڵەکانییەوە دەنێت لەسەر جۆلانە، جگە لە جارجارێک یان شتێکی بێبایەخی وەک گەرمیی فەرشێک لە ڕۆژێکی گەرمدا لەژێر قاچیدا، ئەو دوا نیوەڕۆیەی بیر نایەتەوە. لەو کاتە کەمەدا هەموو چێژ و ناسۆرەکانی ئەو دوا نیوەڕۆیەی بیر دێتەوە، هەڵەشەیی و سەرسوڕهێنەرییەکەی، تەپۆییەکەیان، ئازاری نواندنەکە، خۆشییەکەی، دڵتەنگییەکەی، گەرمی دوو جەستە لێک ئاڵاوەکەیان.

نقومی دەکات و هەناسەی لێ دەدزێ.

بەڵام کاتێک تێ دەپەڕێ. ئەو ساتە تێ دەپەڕێت. بەبێ نرخی بەجێی دەهێڵێ و هەست بەهیچ ناکات جگە لە بێ ئارامییەکی لێڵ. بڕیاری ئەوەی دا، تاریق وتبووی ئازارت دەدەم؟ بەڵێ، وای وتبوو. لەیلا دڵخۆش بوو بەبیرهاتنەوەی.

پاشان بابە لە داڵانەکەدا، لە سەرەوەی قادرمەکانەوە بانگی دەکرد، پێی دەوت بەخێرایی بێتە سەرەوە.

دەنگی بەخۆشییەکی شاراوە دەلەرییەوە و وتی"ڕازی بوو! دەڕۆین، لەیلا،

هەرسێکمان بەیەکەوە. کابول بەجێ دەهێڵین."

لە ژوورەکەی دایەدا هەرسێکیان لەسەر چەرپاکە دانیشتبوون. لە دەرەوە مووشەکەکان لەناو ئاسماندا گیزەیان دەهات، کاتێک هێزەکانی حیکمەتیار و مەسعوود شەڕیان دەکرد و شەڕیان دەکرد. لەیلا دەیزانی کەسێک لەناو شارەکەدا، کەسێکی تر مردبوو، کەڵەکێک لە دووکەڵی ڕەش لەسەر هەندێک لەو بینا ڕووخاوانەوە وەستابوو کە لە وێرانبوونیاندا بووبوون بەپارچەیەک تەپوتۆز و خۆڵ. لە بەیانییەکەیدا چەندان جەستە لەو ناوەدا دەبینران، هەندێکیان کۆ دەکرێنەوە و هەندێکیان نەء. دواتر ئەو سەگانەی کابول کە ئارەزوویان لە تامکردنی گۆشتی مرۆڤ بوو دەیکەن بەجەژن.

هەموو کات بەهەمان شێوە بوو، لەیلا زۆری پەلە بوو ڕابکات بەناو شەقامەکاندا، زۆر بەکەمی دڵخۆشیی پێ ڕادەگیرا. زۆری تێ دەچوو بەدڵخۆشییەوە دابنیشێت و نەگری و هاوار نەکات. بابە وتی یەکەم جار دەچن بۆ پاکستان بۆ داواکردنی ڤیزا. پاکستان، ئەو شوێنەی تاریقی لێ بوو! تاریق تەنیا حەڤدە ڕۆژ بوو ڕۆیشتبوو، لەیلا بەخۆشی و شادییەوە دەیژمارد، ئەگەر دایە تەنیا حەڤدە ڕۆژ پێشتر بڕیاری بدایە دەیانتوانی بەیەکەوە بڕۆن، ئێستا لەگەڵ تاریق دەبوو! بەڵام ئەوە تێپەڕیبوو. دەچوون بۆ پیشاوەر، ئەو و دایە و بابە، لەوێ تاریق و دایک و باوکی دەدۆزنەوە، بەدڵنیاییەوە دەیاندۆزنەوە. بەیەکەوە کاری ڤیزا و سەفەرەکەیان جێبەجێ دەکەن، پاشان، کێ دەیزانی؟ ئەمەریکا یان ئەوروپایە، لەوانەیە. وەک بابە دەیوت شوێنێکی نزیکی دەریا....

دایە نیوەڕاکشاو بوو، نیوەپاڵی دابووەوە بەتەختەی چەرپاکەوە، چاوەکانی ئاوسا بوون و دەستی لەناو قژیدا بوو.

سێ ڕۆژ پێشتر، لەیلا چووبوو بۆ دەرەوە بۆ هەڵمژینی هەوایەکی پاک، لەلای ڕێچکەکەی پێشەوە دەبێت کاتێک گوێی لە ناڵەیەکی بەرز دەبێت و فیشەکێک لە ئاسمانەوە دێت لەلای گوێی ڕاستییەوە، وردە پارچە بەرەوڕووی چاوی دەپەڕێت. لە دوای مەرگی گیتی، هەزاران گوللە و مووشەک بەسەر کابولدا باریبوون، تەنیا ئەو گوللەیە ئەو چاڵەی لە حەوشەکەیاندا دروست کرد. کەمتر لە سێ پەنجە لە نزیک سەری لەیلاوە بوو، دایەی ڕاچڵەکاند. وای لێ کرد هەست بکات یەک شەڕ دوو

کوڕی لێ سەندووە، ئەم یەکە تازەیەش دەتوانێت کچەکەی لێ بسەنێت.

لە دیوارەکانی ژوورەکەوە ئەحمەد و نوور بەدەموچاوی دامـوکاوەوە زەردەخەنەیان دەکرد، لەیلا سەیری چاوەکانی دایەی دەکرد کە بەرز و نزمیان دەکرد، بەتاوانەوە لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی تر، لەوە دەچوو بەدوای ڕازیبوونیاندا بگەڕێت، یان بەدوای پیرۆزیاندا یان داوای بەخشینیان لێ بکات.

بابە وتی "هیچ شتێک لێرە بۆ ئێمە نەماوە، کوڕەکانمان چوون، بەڵام هێشتا لەیلامان ماوە، هێشتا یەکترمان هەیە، فەریبا. دەتوانین ژیانێکی نوێ دروست بکەین."

بابە ڕۆیشتە لای چەرپاکەوە و داهاتەوە دەستی دایە بگرێت، دایە هێشتی، لە دەموچاویدا نیگایەکی وریایی و واز لێهێنان هەبوو. دەستی یەکتریان گرت بەڕۆشنی، پاشان بەبێدەنگی لەنجەولاریان بوو باوەشیان کرد بەیەکدا. دایە دەموچاوی لەناو ملی بابەدا ناشت، کراسەکەی پڕ بەمشتی گرت.

ئەو شەوە بۆ چەند سەعات ئاسوودەیی خەوی لەیلای زڕاند. لەناو جێگەدا ڕاکشا و سەیری تیشکە ئاسۆییەکانی دەکرد، لە ڕەنگی بریقەداری پرتەقاڵی و زەردباودا، لە ساتێکدا سەرەڕای بووژاندنەوە و دڵخۆشی لە ژوورەوە و ناڵەی تۆپ لە دەرەوە، لەیلا خەوی لێ کەوت.

خەونێکی بینی.

لە کەناری دەریاکە لەسەر لێفەیەک دانیشتبوون. ڕۆژێکی فێنک و هەوروهاڵاوی بوو، بەڵام تەنیشتی بە تاریق گەرم بوو لەژێر ئەو بەتانییەی تا شانیان پێ داپۆشیبوو. لەودیو پەرژینێکی نزم و سپییەوە لەژێر ڕیزێک درەختی دارخورمای شەکاوەدا، لەیلا ئۆتۆمۆبێلی دەبینی ڕاگیرابوون. بایەکە ئاوی لە چاوی دەهێنا و پێڵاوەکانی لەناو لمەکەدا دەناشت. ئاڵۆسکاویی گیای مردووی لە تەپۆلکەیەکەوە بۆ ئەوی تر فڕێ دەدا. سەیری دەریاوانی ناو بەلەمەکانیان دەکرد لە دوورەوە سەوڵیان لێ دەدا. لە دەوریان نەورەسەکان لە بایەکەدا دەیانقیراند و باڵەفڕەیان دەهات. بایەکە پرژێکی تر لمی پرژاند بەناو چاڵە بەتاڵ و ڕوو لەبایەکاندا. پاشان دەنگێک دێت وەک سروود خوێندن، لەیلا شتێک بەتاریق دەڵێت کە چەند ساڵ لەوەوپێش بابە لەبارەی گۆرانییەوە فێری کردبوو.

تاریق دەست دەهێنێت بەبرۆکانیدا و دەنکە لمیان تێدا دەردەهێنێ. ڕووناکیی ئەڵقەکەی پەنجەی تاریق دەیدا لە چاوی لەیلا. لەگەڵ ئەڵقەکەی لەیلا لەیەک دەچن، ئاڵتوونە و نەخشێکی پێچاوپێچی لەسەرە. لەیلا پێی دەڵێت ڕاستە، دەنگی لێکخشانی دەنکەکانە. گوێ بگرە. تاریق گوێ دەگرێت. ڕادەمێنێ. چاوەڕێ دەکات. دووبارە گوێی لێیان دەبێتەوە. دەنگی ناڵە و لوورە دێت، کاتێک بایەکە هێواشە و کاتێک قایم دەبێت نووزەنووزی بەرزی کۆرسێکی موزیکایە.

بابە دەیوت تەنیا ئەو شتانە دەبەین لەگەڵ خۆمان کە زۆر پێویستن. ئەوی تر دەفرۆشین.

"ئەوەندە بەشمان دەکات لە پیشاوەر هەتا کارێک دەدۆزمەوە."

لە دوو ڕۆژی داهاتوودا ئەو کەلوپەلانەیان کۆ دەکردەوە کە بەتەمابوون بیفرۆشن.

کردیانن بەکەڵەکێکی گەورە.

لە ژوورەکەیدا، لەیلا هەموو بلوز و پێڵاو و کتێب و یارییە کۆنەکانی جیا کردەوە. کە سەیری ژێر چەرپاکەی کرد، مانگایەکی زەردی شووشەی دۆزییەوە کە حەزینا بەیادگاری پێی دابوو. لە پشووی هاوینی پۆلی پێنجەمدا.

زنجیر و مەدالیایەکی تۆپی پێ کە لە گیتییەوە پێی درابوو، کەرەکێوییەکی تەختە بەچوار تایەوە، گەردووناسێکی گڵین کە ڕۆژێک لەگەڵ تاریق لەناو ئاوەڕۆکەدا دۆزیبوویانەوە، لەیلا شەش ساڵ و ئەو هەشت ساڵ بووبوو، دەمەقاڵێیەکی بچووکیان بووبوو لەسەر ئەوەی کامیان لە پێشدا دۆزیبوویانەوە.

دایەش شتومەکەکانی خۆی کۆ کردبووەوە. گومانبارییەک لە هەستان و دانیشتنیدا هەبوو، نیگایەکی سست و دوور لە چاوەکانیدا بوون. قاپوقاچاخە باشەکانی نایە لاوە، دەستەسڕەکانی، هەموو خشڵەکانی، کە لە ئاهەنگەکەیەوە هەڵی گرتبوون، لەگەڵ زۆربەی جلە کۆنەکانی.

لەیلا وتی "ئەمە نافرۆشیت، وایە؟" عەزیی بووکێنییەکەی دایەی بەرز کردەوە. بەفراوانی بەسەر کۆشیدا کرایەوە. دەستی لە قەیتان و قردێلەکەی دەوری ملەکەی دەدا، ڕیزە مرواریيە بەدەست درووەکەی سەر قۆڵەکانی.

دایە شانی هەڵتەکاند و لێی وەرگرت. بەڕەفتارێکی وشک و ڕەقەوە هەڵی دایە

سەر جلەکانی. بۆ لەیلا وەک ڕاکێشانی لەزگەیەک بوو لە خولخولۆکەکەی.

ئەو کەسەی قورسترین ئەرکی لەسەر شان بوو بابە بوو.

لەیلا بینی لەناو کتێبەکانیدا وەستا بوو، بێ تاقەتی لەسەر دەموچاوی بوو لە کاتێکدا لەناو کتێبەکانیدا دەگەڕا، بلوزێکی دەستی دووی لەبەردا بوو کە وێنەی پردە سوورەکەی سانفرانسیسکۆی تێدا بوو. تەمێکی خەست لە ئاوە سەرتاپا سپییەکەوە بەرز دەبووەوە چواردەوری بینای گردەکەی دابوو.

وتی "ئەو دەربڕینە کۆنەت بیستووە، تۆ لە دوورگەیەکی چۆڵدایت بۆت هەیە پێنج کتێب ببەیت، کامانە دەبەیت؟ من هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم ئەمەم لێ ڕووبدات."

"دەبێت دەستەیەک لە کتێبی نوێت بۆ دروست بکەین، بابە."

بەخەمێکەوە زەردەخەنە گرتی "مم، خۆشم باوەڕ ناکەم منم کابول بەجێ دەهێڵم. لێرە چووم بۆ قوتابخانە، یەکەم کارم لێرە دەست کەوت، لەم شارەدا بووم بەباوک. شتێکی زۆر نامۆیە کە بیر لەوە دەکەمەوە زوو لەژێر ئاسمانی شارێکی تردا دەخەوم."

"بۆ منیش نامۆیە."

"هەموو ڕۆژەکە ئەم گۆرانییەی بۆ کابول نووسرابوو لەناو دڵمدا هەڵبەز و دابەزی دەکرد. سایب تەبریزی لە سەدەی حەڤدەمدا نووسیبوویەوە، وابزانم. هەموو هۆنراوەکەم دەزانی بەڵام ئێستا تەنیا دوو دێرم لە بیرە:

مرۆڤ نەیدەتوانی مانگە درەوشاوەکانی ناو ئاسمانەکەی بژمێرێت

یان ئەو هەزار خۆرە پرشنگدارەی لە پشت دیوارەکانیەوە خۆیان شاردبووەوە."

لەیلا سەری بەرز کردەوە، بینی بابە دەگریا. قۆڵی لە کەمەری ئاڵاند، " ئاه، بابە. دەگەڕێینەوە. کاتێک ئەم شەڕە کۆتاییی هات، دەگەڕێینەوە بۆ کابول بەپشتیوانیی خوا. دەیبینیت."

لە سێیەم بەیانیدا، لەیلا دەستی کرد بەگواستنەوەی شتومەکە کەڵەکەبووەکان بۆ حەوشەکە و لەلای دەرگەی حەوشەوە داینان، دواتر تاکسییەکی بۆ دەگرن و دەیبەن بۆ دووکانی بارمتە و شتومەکی ناوماڵ.

لەیلا بەردەوام بوو لە هات و چوون، لە نێوان ژوورەوە و حەوشەکەدا، دەرۆیشت

و دەگەڕایەوە. کۆمەڵە جل و قاپوقاچاغ و سندوق لە دوای سندووقی کتێبەکانی بابەی دەگواستەوە. لە نیوەڕۆدا زۆر هیلاک بووبوو کاتێک کەڵەکی شتومەکەکان هەتا ناوقەدی بەرز بووەوە. بەڵام لەگەڵ هەر کاروانێکدا دەیزانی نزیکتر دەبووەوە لە بینینی تاریق، وە لەگەڵ هەر کاروانێکیدا قاچەکانی چوست و چالاکتر و قۆڵەکانی کۆڵنەدەرتر دەبوون.

" پێویستیمان بەتاکسییەکی گەورە دەبێت."

لەیلا سەری بەرز کردەوە، دایە بوو لە ژوورەکەیەوە لە سەرەوە بانگی دەکرد. پاڵی دابووەوە بەپەنجەرەکەوە و ئەنیشکەکانی لەسەر لێواری پەنجەرەکە دانابوو، خۆرەکە ڕووناک و گەرم دابووی لە قژە ڕەساسییەکەی و لەناو دەموچاوە لاوازەکەیدا تیشکی دەدایەوە. دایە هەمان ئەو عەزییە شینە مەیلە و زیوییەی لەبەردا بوو کە لە ڕۆژی ئاهەنگەکەدا چوار مانگ پێشتر لەبەری کردبوو. عەزییەکی گەنجانە بوو بۆ ژنێکی گەنج دەبوو، بۆ ساتێک، دایە وەک ژنێکی پیر سەیری لەیلای دەکرد، ژنێکی پیر بەدوو قۆڵی باریک و دوو لاجانگی نوقمبوو لەگەڵ دوو چاوی هێواش کە بەئەڵقەی تاریکی ماندوویەتی دەورە درابوون. وە هەمووی بەیەکەوە دروستکراوێکی جیاواز بوو لەو ژنە دەموچاو خڕ و پەمەییەی بەکەیف و خۆشییەوە لە وێنەکانی ئاهەنگەکەیدا بریقەی دەدایەوە.

لەیلا وتی "دوو تاکسیی گەورە."

باوکەشی لە ژووری دانیشتنەکە دەبینی کتێبی دەخستە سەر یەک.

دایە وتی "کە لەوە تەواو بوویت وەرە سەرەوە، بۆ نانی نیوەڕۆ دادەنیشین. هێلکەی کولاو و لۆبیای دوێنێ ماوەتەوە."

لەیلا وتی "خۆشترین خواردنە لام."

کتوپڕ بیری لە خەونەکەی دەکردەوە. ئەو و تاریق لەسەر لێفەیەک، ئۆقیانووسەکە، بایەکە، گردۆلکە لمەکان.

ئێستا بیری لەوە دەکردەوە دەنگی گۆرانیی لمەکان چۆن بوون.

لەیلا وەستا. مارمێلکەیەکی ڕەساسیی بینی لە درزێکەوە لە زەوییەکەوە دەهاتە دەرەوە. سەری بۆ لایەکەوە دەجووڵاند، چاوی ترووکاند. خۆی کرد بەژێر بەردێکدا.

لەیلا دووبارە کەناری ئاوەکەی بەبیری خۆی هێنایەوە. بەڵام ئێستا گۆرانی لە

چواردەوری بوو. زیاتر دەبوو. بەرزتر و بەرزتر دەبوو تا ئەو ساتە بڵندتر و بڵندتر دەبوو. گوێیەکانی پڕ دەکرد و هەموو شتەکانی تری دەمراند. مراوییەکان ئەکتەری بێدەنگی پەڕ بەبەرداکراو بوون، بەبێدەنگی دەنووکیان دەکردەوە و دایان دەخستەوە، شەپۆلەکان بەپرژە و کەف وردوخاش دەبوون بەڵام بەبێ هاوارکردن. لەکان بەردەوام گۆرانییان دەوت. ئێستا دەزریکێنن. دەنگێک وەک... زڕە لێهاتن؟

زڕە لێهاتن نا. نا. فیکەلێدان.

لەیلا کتێبەکانی لەبەر پێیدا فڕێ دا. سەیری ئاسمانەکەی دەکرد و چاوەکانی بەیەک دەستی داپۆشی.

پاشان هاوارێکی یەکجار گەورە.

لە دوایەوە، تیشکێکی سپی.

زەوییەکە لەژێر پێیەکانیدابەملا و لادا لەتری دەدا.

شتێکی گەرم و بەهێز لە دواوە خۆی پێدا کێشا. لەیلای لەناو ناعلەکانیەوە کردە دەرەوە. بەرزی کردەوە. ئێستا دەفڕی، لەناو هەوادا دەخولایەوە و جێگۆڕکێی دەکرد. ئاسمانی دەبینی، پاشان زەوی، پاشان ئاسمان، پاشان زەوی. پارچەیەک داری سووتاو بەلایدا هات، هەزاران پارچە وردە شووشە بەهەمان شێوە، بۆ لەیلا لەوە دەچوو بتوانێت هەموو شتەکان بەفڕیوی لە دەوری ببینێت، ئەمدیو و ئەودیو بکەن، خۆرەکە لە هەر یەکێکیانی دەدا و پەلکەزێڕینەی قەشەنگ و ڕەنگینیان دروست دەکرد.

پاشان لەیلا کێشرا بەدیوارەکەدا، زرمەی لە زەوییەکە هەستاند. لەسەر دەموچاوی و قۆڵەکانی تاوە بارانی پیسی و خۆڵ و شووشە باریبوو، دواین شت کە ئاگای لێ بوو بینی شتێک لە تەنیشتییەوە زرمەی لە زەوییەکە هەستاند. پارچەیەکی خوێناوی بوو، لەسەری، لووتکەی بورجێکی سوور تەمێکی خەستی بەسەرەوە بوو.

شێوە لە دەوری دێن و دەچن. شەوقێکی سپی لە بنمیچەکەوە تیشکی دەدایەوە. دەموچاوی ژنێک دەردەکەوێ، لەسەر دەموچاوی لەیلا لەنگەر دەگرێ.

لەیلا کاڵ دەبێتەوە بۆ ناو تاریکییەکە.

دەموچاوێکی تر. ئەمجارە هی پیاوێک بەڕوخسارێکی فراوان و داکەوتووەوە،

لێوەکانی دەجووڵاند بەڵام دەنگیان لێوە نەدەهات. تەنیا شتێک لەیلا گوێی لێیە زەنگ لێدانە.

پیاوێک دەستی بادەدات، لێوەکانی دووبارە دەجووڵێنێتەوە.

بەئازارە. هەناسەدان بەئازارە. هەموو شوێنێکی لەشی بەئازارە.

یەک پەرداخ ئاو. یەک دەنک حەب.

گەڕانەوە بۆ تاریکییەکە.

دووبارە ژنەکە، دەموچاوێکی درێژ، دوو چاوی لێک نزیک شتێک دەڵێت. لەیلا گوێی لە هیچ نییە جگە لە زەنگەکە، بەڵام وشەکان دەبینێت، وەک دۆشاوێکی خەست لە دەمی ژنەکەوە دەڕژێنە دەرەوە.

سنگی ئازاری دێت. قۆڵ و قاچەکانی ئازاریان دێت.

لە دەوروبەری شێوەکان دەجووڵێنەوە.

تاریق لە کوێیە؟

بۆچی لێرە نییە؟

تاریکی. کۆمەڵێک ئەستێرە.

ئەو و بابە، لەسەر شوێنێکی بەرز هەڵنیشتوون، بابە پەنجە بۆ کێڵگەیەکی جۆ ڕادەکێشێت. دینەمۆیەک دەست بەکارکردن دەکات.

ژنە دەموچاو درێژەکە بەسەریەوە وەستاوە و سەیری دەکات.

هەناسەدان بەئازارە.

ئۆکۆردۆنێک لە شوێنێکەوە دەژەنرێت.

بەسوپاسەوە، دیسان حەبە پەمەییەکە. پاشان هێواشبوونەوەیەکی قووڵ. هێواشبوونەوەیەکی قووڵ دەکەوێت بەسەر هەموو شتەکاندا.

# بەشی سێیەم

## ٢٧

## مریەم

" دەزانیت من کێم؟"

کچەکە چاوی باڵەفڕەی دەکرد.

" دەزانیت چی ڕووی داوە؟"

دەمی کچەکە هەڵدەلەرزی. چاوی داخست. شتێکی قووت دا. دەستی ڕوومەتی چەپی خوراند. شتێکی وت.

مریەم هاتە نزیکییەوە.

کچەکە هەناسەی دا " ئەم گوێیەم. گوێم لێی نییە،"

بۆ هەفتەی یەکەم، کچەکە بەزۆری دەخەوت. بەیارمەتیی ئەو حەبە پەمەییانەی ڕەشید لە نەخۆشخانە بۆی کڕیبوو. لە خەودا وڕێنەی دەکرد، هەندێ جار قسەکانی واتایان نەبوو، دەگریا، ناوی کەسانێکی دەهێنا مریەم نەیدەناسین. هەندێ جار زۆر بەکوڵ دەگریا، دەورووژا و بەتانییەکەی پاڵ پێوە دەنا، پاشان مریەم دەبوو بیگرێت. هەندێ جار هێڵنجی دەدا و هێڵنجی دەدا، دەڕشایەوە و هەموو ئەو شتانەی مریەم پێی دابوو دەیهێنانەوە.

ئەو کاتانەی نەدەورووژا، کچەکە جووتێک چاوی مڕومۆنی ژێر بەتانییەک بوو، وەڵامی بچووکی پرسیارەکانی مریەم و ڕەشیدی دەدایەوە. هەندێک ڕۆژ وەک منداڵی لێ دەهات، کاتێک مریەم یان ڕەشید هەوڵیان دەدا خواردنی بدەنێ، سەری بەملا و لادا دەجووڵاند، خۆی ڕەق دەکرد کاتێک مریەم بەکەوچکێکەوە دەهات بۆ لای. بەڵام لەیلا لە کۆتاییدا بەئاسانی سەری بۆ سەرکونکردنە کۆڵنەدەرانەکەیان دادەنەواند. ماوەیەکی دوور و درێژی گریان بەدوای بەدەستەوەدانەکەی لەیلادا دەهات.

ڕەشید بەمریەمی دەوت مەرهەمی ئەنتیبایۆتیک بدات لە برِاوییەکانی دەموچاوی و ملی کچەکە لەگەڵ هەڵدڕاوییە دروو‌راوەکانی سەرشانی، لەگەڵ باسک و لاقی. مریەم بەباندج هەموویانی بۆ دەپێچا. قژی کچەکەی لەسەر دەموچاوی لادەبرد کاتێک دەبوو هێڵنج بدات.

لە ڕەشیدی پرسی "ماوەی چەند دەمێنێتەوە؟."

"هەتا باشتر دەبێت. سەیری بکە. توانای نییە بڕوات داماوە."

ڕەشید بوو کچەکەی دۆزیبووەوە و لەژێر ماڵە ڕووخاوەکەدا هێنابوویە دەرەوە.

بەکچەکەی وت" بەختت هەبوو من لە ماڵەوە بووم." لەسەر کورسییەک لە تەنیشت چەرپاکەی مریەمەوە دانیشتبوو، ئەو شوێنەی کچەکەی لێ ڕاکشابوو. "مەبەستم ئەوەیە تۆ خۆشبەختی بەدەستی خۆم هێنامیتە دەرەوە. پارچەیەک ئاسنی ئەوەندە..." بەپەنجە گەورەی و پەنجەی دۆشاومژەی قەبارەکەی پێ وتن و بەبۆچوونی مریەم دووهێندە لە قەبارە ڕاستییەکی خۆی گەورەتر بوو " هێندە گەورە، لەناو شانت چەقی بوو، وام هەست دەکرد دەبێت پلایس بەکار بهێنم بۆ دەرهێنانی. بەڵام ئێستا تۆ باشیت. هێندەی پێ ناچێت تۆ چاک دەبیتەوە."

ڕەشید کۆمەڵێک لە کتێبەکانی حەکیمیشی ڕزگار کردبوو.

" زۆربەیان بووبوون بەخۆڵەمێش. باقییەکەی تالان کرابوو، بەداخەوە."

یارمەتیی مریەمی دابوو ئەو یەکەم هەفتەیە چاودێریی کچەکە بکات. ڕۆژێک لە کارەوە هاتەوە بۆ ماڵەوە بەسەرین و بەتانییەکی تازەوە. ڕۆژێکی تر، قوتوویەک حەب.

وتی "ڤیتامینە."

ڕەشید بوو هەواڵی ئەوەی دا بەلەیلا خانووەکەی ماڵی تاریق دەستی بەسەردا گیراوە.

وتی "کراوەتە دیاری لە یەکێک لە فەرماندەکانی سەییافەوە بۆ سیان لە پیاوەکانی. دیارییە. ها!"

سێ پیاوەکە لە ڕاستیدا سێ کوڕی پێست هەتاوی دەموچاو گەنج بوون. مریەم دەیبینین کە بەلایاندا دەڕۆیشت، هەردەم بەجلی سەربازییەوە دەیبینین لە بەردەمی دەرگەی حەوشەی ماڵی تاریقدا هەڵدەتroووشکان و یاریی کۆنکەنیان

دەکرد و جگەرەیان دەکێشا، کڵاشینکۆفەکانیان بەدیوارەکەدا هەڵدەپەسارد، ماسولکەدارەکە ئەو یەکەی زۆر لە خۆی ڕازی بوو بەڕەفتاری بەرچاو و لاقرتییەوە سەرکردایەتیی دەکردن. گەنجترینە کە بێدەنگترینیان بوو، وە زۆر بەگومان بوو لە پێخۆشبوونی سەربەستی و بێ سزاییی ئەوانی تر. کە مریەم بەلایاندا دەڕۆیشت زەردەخەنەی بۆ دەکرد و سەری بۆ دەلەقاند لە جیاتیی سڵاوکردن. وە هەندێک لە لووتبەرزییەکەی دەشاردرایەوە، وە مریەم هەستی بەکەمێک درەوشانەوەی بێ فیزی و سەرکزی وە ڕەوشتجوانی دەکرد.

پاشان بەیانییەک مووشەکەکان دایان بەخانووەکەدا. دواتر دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لەلایەن هەزارەکانی وەحدەتەوە ئاگریان تێ بەردراوە. تا ماوەیەک دواتریش گەڕەکەکە پارچە پارچەی کوڕەکانیان دەدۆزییەوە.

ڕەشید وتی " هەر بەسەریاندا دەهات."

مریەم بیری کەوتەوە کچەکە بەختێکی زۆر باشی هەبووە، بەکۆمەڵێک برینی لاوەکییەوە دەرباز بوو، لە کاتێکدا مووشەکەکان ماڵەکەیان کردبوو بەخۆڵ و کاولیان کردبوو. هەروەها کچەکە بەهێواشی بەرەو باشتربوون دەڕۆیشت. دەستی کرد بەخواردنی زیاتر، دەستی کرد بەداهێنانی قژی خۆی، خۆی خۆی دەشۆرد، دەستی کرد بەخواردنی ژەمەکان لە خوارەوە لەگەڵ مریەم و ڕەشید.

بەڵام دواتر، هەندێک یادگاریی دەهاتنەوە بیری، نەویستراو. وە هەروەها بێدەنگییەکی بێ نەزاکەت ڕووی دەکردە دەوروبەری. وازهێنان و داڕمان. ڕەنگ زەرد هەڵگەڕان. مۆتەکە و هێرشی کتوپڕی خەفەت، هێڵنجدان.

وە هەندێک جار پەشیمانی.

ڕۆژێک وتی "من نابێت لێرە بمێنمەوە."

مریەم چەرچەفەکانی دەگۆڕی. کچەکە لە زەوییەکەوە سەیری دەکرد، ئەژنۆ شین و ڕووشاوەکانی نوشتاندبووەوە بۆ لای سنگی.

" باوکم ویستی سندووقەکان بباتە دەرەوە. کتێبەکان. وتی بۆ تۆ زۆر قورسن. بەڵام نەمدەهێشت، زۆر بەپەرۆش بووم. دەبووایە من لە ناوەوەی ماڵەکەدا بوومایە کاتێک ئەوە ڕووی دا."

مریەم کێشای بەچەرچەفە پاکەکەدا و لەسەر چەرپاکە ڕای خست. سەیری

کچەکەی دەکرد، سەیری قژە لوولە کاڵەکەی دەکرد، ملە باریکەکەی و چاوە سەوزەکانی، ڕوومەتە ئێسقان بەرزەکانی و لێوە پەمەییەکەی. مریەم بیری کەوتەوە لەسەر شەقامەکە کاتێک منداڵ بوو دەیبینی بەدوای دایکیدا دەڕۆیشت بۆ تەندوورەکە، یان بەسەر شانی براکەیەوە، بچووکەکەیان، ئەوەی نیشانەیەک لەسەر گوێی هەبوو. یاریی هەڵماتێنیان دەکرد لەگەڵ کوڕی دارتاشەکەدا.

کچەکە سەیری مریەمی دەکرد وەک ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بکات کەمێک ژیری و ئاقڵی یان قسەیەکی خۆشی پێ بڵێت، بەڵام مریەم دەبوو چ ژیرییەکی پێببەخشێت؟ چ خۆشییەک؟ مریەم ئەو ڕۆژەی بیرە کە نانایان ناشت و چەند نائاسوودەیی بوو بۆ مریەم کاتێک مەلا فەیزوڵا قورئانی بۆ دەخوێند، بەپیرۆزیی خۆی بەو هێزەی لە دەستەکانیدایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت، ژیان و مەرگی دروست کردووە بۆ ئەوەی تاقییت بکاتەوە. یان کە باسی تاوانباربوونی مریەمی دەکرد. دەیوت ئەم بیرکردنەوانە باش نین، مریەم گیان دەتروخێنن. خەتای تۆ نەبوو. خەتای تۆ نەبوو.

دەیتوانی چی بەم کچە بڵێت بۆ ئەوەی خەمەکانی بڕەوێنێتەوە؟

بەڵام وەک ڕووی دا لە کۆتاییدا مریەم پێویستی نەکرد هیچ بڵێت، چونکە دەموچاوی کچەکە گۆڕا و کەوتبووە سەر چوار پەل و دەیوت نەخۆش دەکەومەوە.

" بوەستە! چاوەڕێ بکە. با تەشتێک بهێنم. لەسەر زەوییەکەنا، ئێستا پاکم کردەوە... ئۆ. ئۆ. خوایە!"

پاشان ڕۆژێک، نزیکی مانگێک دوای ئەو تەقینەوەیەی کە دایک و باوکی کچەکەی کوشتبوو، پیاوێک هات لە دەرگەی دا. مریەم دەرگەکەی کردەوە. مەبەستەکەی ڕوون کردەوە.

مریەم وتی "پیاوێک هاتووە تۆ ببینێت."

کچەکە سەری لەسەر سەرینەکە بەرز کردەوە.

" دەڵێت ناوی عەبدول شەریفە."

" من هیچ عەبدول شەریفێک ناناسم."

" بەڵام، بۆ تۆ دەپرسێت. پێویست دەکات بێیتە خوارەوە و قسەی لەگەڵدا بکەیت."

## ٢٨

## لەیلا

لەیلا بەرامبەر عەبدول شەریف دانیشت، کە پیاوێکی لاوازی سەر بچووک و لووت باریک کە هەمان پەڵە و نیشانەکانی سەر ڕوومەتی لەسەر بوو، قژی کورت و قاوەیی بەسەر کەللەی سەریەوە وەک دەرزی وەستابوون.

وتی " دەبێت بمبەخشیت خوشکەکەم." ملوانەی کراسەکەی ڕێک دەکرد و دەستی دەهێنا بە برۆیدا،" هێشتا چاک نەبوومەتەوە، بەداخەوە، پێنج ڕۆژی ترم ماوە ئەوانە چی پێ دەڵێن : ئەو حەبانە تەواو بکەم."

لەیلا خۆی لەسەر کورسییەکە ڕێک کرد بۆ ئەوەی گوێی ڕاستی، گوێ باشەکەی، نزیک بێتەوە لێی، " تۆ هاوڕێی دایک و باوکم بوویت؟"

عەبدول شەریف بەخێرایی وتی " نا، نا، بمبەخشە." پەنجەیەکی بەرز کردەوە و قومێکی گەورەی لەو ئاوە خواردەوە کە مریەم لە بەردەمیدا دایدابوو، لێوەکانی سڕی و دووبارە برۆکانی. " وا باشترە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەم، لەو باوەڕەدام. من بازرگانم دووکانی جلوبەرگم هەیە بەزۆری هی پیاوان. کڵاو، قات، بۆینباخ. دوو دووکانم لێرە لە کابول هەیە لە تەیمانی و شاری نوێ، بەڵام تازە ئەوانەم فرۆشتووە وە دوو دانەم لە پاکستان هەیە، لە پیشاوەر. بارخانەکەشم لەوێیە، لەبەر ئەوە زۆر گەشت دەکەم دێم و دەچم لە ئێستادا، سەرەڕای ئەوەی کارێکی سەرەڕۆییە."

سەری بەهێلاکییەوە لەقاند.

" من ئەم ماوەیە لە پیشاوەر بووم بۆ ئیش و کار، شتم دەکڕی و بەسەر لیستی بارەکاندا دەچوومەوە و لەو بابەتانە، هەروەها بۆ سەردانی خێزانەکەم. سێ کچمان هەیە، سوپاس بۆ خوا، دوای ئەوەی موجاهیدەکان دەستیان کرد بەپەلاماردانی قوڕگی یەکتر، گواستمانەوە بۆ پیشاوەر، وە نامەوێت ناویان بخەمە

لیستی شەهیدەکانەوە، ڕاستت دەوێت نایکەم. منیش زوو بەشدارییان دەبم."

بەهەرحاڵ دەبوو ڕۆژی چوارشەم بگەڕامایاتەوە بۆ کابول، بەڵام بەخت و شانس وای کرد بە نەخۆشییەوە بێمەوە ئێرە، بێزارت ناکەم، خوشکەکەم، هێندە بەسە بڵێم کاتێک ڕۆیشتم بۆ کاروبارە تایبەتییەکانم، بەشێوەیەکی سادە وەک ئەوە وابوو بەسەر پارچە شکاوەکانی شووشەیەکی شکاودا بڕۆم. من ئەوە بۆ حیکمەتیار خۆی ناخوازم. خێزانەکەم، نادیە گیان، خوا بیپارێزێ، زۆری لێ کردم بچم بۆ دوکتۆر وام دەزانی بەئەسپرین و ئاوخواردنەوەیەکی زۆر باش دەبم. نادیە گیان سوور بوو منیش دەموت نا، دەهاتین و دەچووین، بیستووتە کە دەڵێت : پیاوی کەللەڕەق شۆفێرێکی کەللەڕەقی پێویستە، ئەمجارە بەداخەوە پیاوەکە بردییەوە، ئەویش منم."

ئاوەکەی تری خواردەوە و پەرداخەکەی بۆ مریەم ڕاگرت." ئەگەر زەحمەت نییە."

مریەم پەرداخەکەی وەرگرت و چوو پڕی بکاتەوە.

"هەرچەندە پێویست بەوتن ناکات دەبوو گوێم لێ بگرتایە. هەردەم ئەو هۆشیارترە، ئەو کاتەی گەیشتمە نەخۆشخانە، تایەکی بەهێزم لێ هاتبوو، هەموو گیانم دەلەرزی، نەمدەتوانی هەستمە سەرپێ. دوکتۆرەکە وتی خوێنەکەم ژەهراوی بووە، دەیوت گەر نەهاتیتایە ژنەکەت بۆ دوو سێ ڕۆژی تر دەبوو بە بێوەژن."

" لە شوێنێکی تایبەت دایاننام، لای خەڵکە زۆر نەخۆشەکان جێگەیان بۆ گرتم، ئای سوپاس." پەرداخەکەی لە مریەم وەرگرت و لە چاکەتەکەی حەبێکی گەورەی سپیی دەرهێنا " قەبارەی ئەم شتانە."

لەیلا سەیری دەکرد کە حەبەکەی قووت دا. هەستی دەکرد هەناسەدانەکەی خێراتر دەبوو. قاچەکانی زۆر قورستر دەبوون وەک ئەوەی کێشێکی زۆریان بەقاچییەوە بەستبێتەوە، بەخۆی دەوت هێشتا کابرا تەواو نەبووە، چونکە جارێ هیچی پێ نەگوتووە، لە چرکەیەکی تردا قسە دەکات. پێویستییەکی بەپەلەی بەوە دەبێت هەستێت و بڕوات، ڕۆیشتن لەوەی قسەکانی کابرا شتێک بوون لەیلا نەیدەویست گوێی لێیان بێت.

عەبدول شەریف پەرداخەکەی لەسەر مێزەکە دانا.

" لەوێ چاوم بەهاوڕێکەت کەوت، محەمەد تاریق وەلیزای."

دڵی لەیلا خێراتر بوو. تاریق لە نەخۆشخانە؟ بەشێکی تایبەت؟ بۆ خەڵکە زۆر نەخۆشەکان؟

تفێکی وشکی قووت دا. لەسەر کورسییەکەی جووڵا. دەبوو هەستکردن لە خۆیدا بمرێنێ، ئەگەر نەیمراندایە سەری لێ دەشێوا، بیرکردنەوەکانی لە نەخۆشخانە و بەشی تایبەتییەوە دەگۆڕی بۆ ئەوەی تاریق بەناوی سیانی بانگ نەکراوە لەو زستانەوە کە بەیەکەوە کۆرسە ئینگلیزییەکەیان دەخوێند، مامۆستاکە بەم شێوەیە بانگی دەکرد و زۆر کاری دەکردە لەیلا و بەلاقرتی و خۆتێهەڵقورتاندنەوە، کاتێک لەیلا گوێی لە ناوی تاریق دەبوو بەم شێوەیە دەوترا.

"ئەوەی لە تاریق ڕووی دا من لە پەرستیارەکانم بیست." عەبدول شەریف دەستی پێکردەوە، بەمستەکۆڵە دەیکێشا بەسنگیدا لەوە دەچوو بیەوێت ڕێگە بۆ حەبەکە بکاتەوە بچێتە خوارەوە. " لەگەڵ هەموو ئەو کاتەی لە پیشاوەر بەسەرم بردووە زمانی ئوردووەکەم زۆر باش بووە، بەهەرحاڵ، ئەوەی پێم گەیشت ئەوە بوو هاوڕێکەت لەگەڵ کۆمەڵێک ڕاکردووی تردا لەناو لۆرییەکدا بوون، بیست و سێ کەس بوون، هەموویان بەرەو پیشاوەر ڕۆیشتوون. لە نزیکی سنوور تووشی ئاگرباران بوون. مووشەکێک لە لۆرییەکەی داوە، لەوانەیە وێڵ بووبێت، کەس لەم خەڵکە تێ ناگات کەس نازانێت. تەنیا شەش کەس ماونەتەوە وە هەموویان لە هەمان بەش دانراون. لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا سیانیان مردن. دوو خوشک ژیان و دەرچوون، هاوڕێکەت کاک وەلیزای دوایین کەس بوو. ئەو کاتەی من گەیشتم ئەو سێ هەفتە بوو لەوێ بوو."

ئەو زیندوو بوو. بەڵام چەند بەخراپی ئازاریان دابوو؟ لەیلا بەپەلەپڕووسکێ کەوتە بیرکردنەوە، چەند خراپ؟ هێندە خراپ کە ناچار لە بەشێکی تایبەت دایبنێن. لەیلا ئاگای لەوە بوو دەستی کردبوو بەعارەق کردنەوە و بەهۆیەوە دەموچاوی گەرم بووبوو. هەوڵی دا بیر لە شتێکی تر بکاتەوە، شتێکی خۆش، وەک گەشتەکەی کردیان بۆ بامیان بۆ بینینی بووداکان لەگەڵ تاریق و بابە. بەڵام لە جیاتیی ئەوە وێنەیەکی دایک و باوکی تاریق خۆی هێنایە پێش: دایکی تاریق لەناو لۆرییەکدا سەرەو خوار بەستراوەتەوە و دەقیژێنێ و بانگی تاریق دەکات لەناو دووکەڵەکەدا، سنگ و قۆڵەکانی لەناو ئاگردان، کڵاوەکەی بەسەر کەللەی سەریدا

دەتویێتەوە....

لەیلا دەبوو زنجیرەیەک هەناسەی خێرا بدا.

" لەسەر قەرەوێڵەکەی تەنیشت منەوە بوو. دیوارمان لە نێواندا نەبوو، تەنیا پەردەیەک هەبوو لەبەر ئەوە بەباشی دەمبینی."

عەبدول شەریف لە پڕ دەستی کرد بەیاریکردن بەئەڵقەکەی پەنجەی. ئێستا هێواشتر قسەی دەکرد.

"هاوڕێکەت بەخراپی – زۆر بەخراپی–، تێ دەگەیت. بۆری کانۆلا لە هەموو لەشیەوە هاتبوونە دەرەوە. لە سەرەتادا..." قوڕگی پاک کردەوە. "لە سەرەتادا، وام زانی لە پەلامارەکەدا هەردوو قاچی لە دەست داوە، بەڵام پەرستیارێک وتی نەء، تەنیا هی ڕاستی، ئەوەی چەپی وەک برینی کۆن ناودەبرێ. برینی هەناویی ناوەوەیشی گرتبووەوە، سێ جار نەشتەرکارییان بۆ کردبوو، هەندێک بەشی ڕیخۆڵەیان دەرهێنابوو، ئیتر بیرم نایەت چیی تر بوو. وە هەروەها سووتابوو. زۆر بەخراپی. لەو بارەیەوە تەنیا هەر ئەوە دەڵێم. دڵنیام خۆت لە خۆتدا مۆتەکە و خەوی ترسناکی شەوانەت هەیە، خوشکەکەم، شتێکی نابەجێیە من بۆی زیاد بکەم."

تاریق ئێستا بێ قاچ بوو، ئەو قەدی مرۆڤێک بوو بەدوو لاقی بڕاوەوە. بێ قاچ. لەیلا خەریک بوو دەکەوتە سەر زەوییەکە، بەهەوڵێکی هێواش و بێ ئومێدەوە چەکەرەی بیرکردنەوەکانی لە مێشکی خۆی دەردەهێنا و دەیکردنە دەرەوەی ژوورەکە، دەرەوەی پەنجەرەکە، دوور لەم پیاوە، بۆ سەرشەقامەکە لە دەرەوە، پاشان بەسەر شارەکەدا، لەگەڵ خانووە سەقف تەختەکان و بازاڕەکان، بۆ سەر ئەو ڕێگە پێچاوپێچانەی بووبوون بەکۆشکی لمین.

" زۆربەی کات دەرمانی پێ دەدرا. بۆ ئازارەکەی، تێ دەگەیت. بەڵام ئەو ساتانەی دەرمانەکە کاریگەری کەم دەبووەوە تاریق ڕوونتر دەبوو. لەناو ئازاردا بوو بەڵام مێشکی ڕوون بوو. لە جێگەکەمەوە قسەم لەگەڵ دەکرد، پێم وتبوو من کێم و خەڵکی کوێم، زۆری پێ خۆش بوو، وابزانم، لەبەرئەوەی هاونیشتمانێکی خۆی لە تەنیشتییەوە بوو."

"من زۆربەی قسەکانم دەکرد، بۆ ئەو سەخت بوو قسە بکات. دەنگی زۆر

نووســـابوو، لەبەر ئەوە وابزانم زۆر نارەحــەت بوو لێــوی بجــووڵێنێت. لەبارەی کچەکانمەوە پێم وت، هەروەها لەبارەی ماڵەکەمان لە پیشاوەر لەگەڵ ئەو هەیوانەی لەگـەڵ ژنبـراکـەمـدا لە دواوە دروسـتی دەکـەین. پێم وت دووکـانەکـانی کـابولم فرۆشتووە و دەچمەوە ئیش و کاری فەرمانگەکە تەواو دەکەم. زۆر نا، بەڵام کاری تێ کرد."

"هەندێک جـار ئەویش قسـەی دەکرد. نیـوەی کـاتەکـان نەمدەزانـی چی دەڵێت، بەڵام، مـانایەکی دەدا بەدەسـتەوە. باسـی ئەوەی دەکرد لە کوێ ژیاوە، باسـی مـامی دەکـرد لە غـزنی، هـەروەها چێـشت لێنانی دایکی و دارتاشـیــیــەکـەی باوکی، ئۆکۆردیۆن ژەنینەکەی خۆی."

"بـەڵام بەزۆری بـاسـی تـۆی دەکــرد، خـــوشکەکـــەم. دەیـوت تۆ... بـاسـی دوایـن یادگارییەکانی دەکرد. وابزانم وایە، بەڵێ. هەستم کردبوو تۆی زۆر بۆ گرینگ بوو، هێندەی دەتوانرا بەئاسـانی هەسـتی پێ بکرێت. بەڵام دەیوت زۆر دڵخـۆشـە بەوەی تۆ لەوێ نیت. دەیوت نایەوێت تۆ بەو شێوەیە ببینیت."

قـاچەکـانی لەیلا دیسـان قـورس بوونەوە و لەسـەر زەوییـەکە جێگیـر بوون، لەوە دەچوو هەموو خوێنی جەسـتەی لە پڕ پاڵی پێوە نرابێت بۆ خوارەوە. بەڵام خـەیاڵی زۆر دوور بوو، سـەربەست و خێرا، بەپەلە وەک مووشەکێکی خێرا، لەودیو کابولەوە، بەسـەر گردە کـەندەڵان و قـاوەییـیـەکان و بیـابانەکـاندا، بەسـەر شـیـو و دۆڵی پڕ بەردەڵانی سوور و نوک تیژ، بەسەر شاخ و کێوی بەبەفر داپۆشراودا....

"کاتێک پێم وت دەچمەوە بۆ کابول داوای لێ کردم تۆ بدۆزمەوە. پێت بڵـێم کە بیری لە تۆ دەکردەوە، بیری دەکردیت. منیش بەڵێنم دا بیکەم. تـا دەهـات شیرینتر دەبوو لەلام، دەزانیت؟ کوڕێکی ڕەوشتبەرز بوو، دیار بوو."

عەبدول شەریف بەدەستەسڕەکەی بڕۆکانی سڕی.

"شەوێک بەخـەبەر هاتم." بەردەوام دەستی بـەئەڵقەکەیەوە بـوو "وابزانم شـەو بوو، لەو شـوێنانەدا زۆر سـەختـە هەست بەکات بکەیت. هیچ پەنجـەرەیەکی تێدا نییـە. خـۆر هەڵهـاتن و خـۆر ئاوابوون هیچ هـەسـتی پێ نەدەکـرا. بـەڵام خـەبەرم بووەوە پشێوییـەک دەوری قـەرەوێڵـەکەی تەنیـشـتمی دابوو. دەبێت تێ بگەیت کە زۆریان دەرمـان دابـوو بەمن، هەرگاف دەخـزامـە ناوەوە و دەرەوەی ئەو هـەسـتـەی کـە لێک

جـیاکـردنەوەی ڕاسـتی و خـەون زۆر سـەخت بوو تێیـدا، هەمـوو ئەوەی لە بیرمـە ئەوەیە پزیشکەکان لـە دەوری قـەرەوێڵـەکە کـۆ بووبوونەوە، داوای ئەمـە و ئەوەیان دەکرد، زەنگەکان لێیان دەدا و شرینقە و دەرزی لەو ناوەدا کەوتبوون."

"لە بەیانیدا قـەرەوێڵـەکـە بەتاڵ بوو. لە پەرسـتیـارێکم پرسـی. وتی قـارەمـانانە خەباتی کرد."

لەیلا کەمێک ئاگای لەوە بوو سەری بۆ پیاوەکە دەلەقاند. زانی، بێگومـان زانی، ئەو کاتەی بەرامبـەر پیاوەکە دانیشـتبوو زانی بۆچی پیاوەکە لێرەیە، چ هەواڵێکی هێناوە.

"لە سـەرەتادا، دەزانیت، لە سـەرەتـادا من نەمدەزانی تۆ هێشتا مـاویت. " پیاوەکە دەیوت "وام دەزانی کاریگەری دەرمـانە سڕکەرەکەیە. هەتا هیـوای ئەوەم دەخواست کـە نەمـابیت. هـەردەم لە هەڵگرتنی هەواڵێکی خـراپ ترسـاوم، بەڵام پەیمـانم پێ دابوو. بەڵام وتم تاریق ئاسـوودە دەکەم، لەبەرئەوە یەک دوو ڕۆژ لەمـەوپێش هاتم بۆ ئێرە، بۆ تۆ پرسـیـارم کرد، قسـەم لەگەڵ هەندێک دراوسـێ کرد، دەسـتیـان بۆ ئەم خانووە ڕادەکێشا، هەروەهـا پێیان وتم چی ڕووی داوە لە دایک و باوکت، کە ئەوەم بیـست پـشـتم تێ کـردن و ڕۆیشـتم، نەمـدەویست پێت بڵـێم. بڕیـارم دا کـە ئەمـە شتێکی سەختە بۆ تۆ، بۆ هـەر کەسێک."

عـەبدول شـەریف داهاتەوە بۆ لای مـێزەکەوە و دەسـتی گـرت بەئـەژنۆیەوە" بەڵام گەڕامـەوە لەبەرئەوەی، لـە کۆتاییدا، لەو باوەڕەدام ئەو دەیویست هـەر تۆ بیـزانیت. داوای لێبووردن دەکەم. خۆزگە... "

لەیـلا لەوە زیاتـر گـوێی نەدەگـرت. ئەو ڕۆژەی بیـر کـەوتەوە کـە پیـاوەکـە لە پەنجشێرەوە هات بۆ گەیاندنی هەواڵی مەرگی ئەحمەد و نوور. بابەی بیر کەوتەوە، سپی هەڵگەڕاو کـەوتە سـەر قـەنەفەکە، دایەش کاتێک هەواڵەکەی بیـست دەسـتی فڕی بۆ سـەردەمی. لەیلا ئەو ڕۆژە سـەیری دایەی کردبوو کاتێک وێران و ڕووخـاو بووبوو، وە ئەمـە لـەیلای ترسـاندبوو، بەڵام خـۆی هـەسـتی بەهیچ خـەمـێکی ڕاسـتی نەکردبوو، لە ترسناکیی غـەمـەکەی دایە تێ نەگەشـتـبوو. ئێـسـتـا، نامـۆیەکی تر هەواڵی مـەرگێکی تر دەهێنێت ئێـسـتا ئەو ئەو کـەسـە بوو کە لەسـەر کورسییـەکە دانیشـتبوو. ئەمـە سـزاکەی بوو، پـاشـان، ئازاردانی بوو بۆ ئەوەی خـۆی لە ئازار

چەشتنەکەی دایە تێ نەگەیاندبوو؟

لەیلا دایەی بیر کەوتبووەوە کە چۆن کەوتبووە سەر زەوییەکە، چۆن قیژاندبووی و قژی خۆی ڕنیبووەوە. بەڵام هەتا نەیدەتوانی بیر لەوەش بکاتەوە، بەئەستەم دەجووڵا بەئەستەم ماسولکەیەکی دەجووڵا.

لە جیاتیی ئەوە لەسەر کورسییەکە دانیشت، دەستەکانی شل و بێ هێز، لەسەر کۆشی، چاوی بڕیبووە هیچ شتێک، وازی لە دەروونی هێنابوو بفڕێت. هەتا شوێنێکی دۆزیبووەوە، شوێنە باش و سەلامەتەکەی، ئەو شوێنەی کێڵگە جۆکان سەوز بوون، ئەو شوێنەی کە ئاوەکەی ڕوون و بەخوڕ دەڕۆیشت، تۆوی قۆزاخەکان بەهەزاران لەناو هەواکەدا سەمایان دەکرد، بابە کتێبێکی دەخوێندەوە، تاریق سەرخەوی دەشکاند و دەستەکانی لەسەریەک خستبووە سەر سنگی، ئەو شوێنەی دەیتوانی پێیەکانی لە ئاوەکە هەڵبکێشێت و خەونی جوان ببینێت لەژێر چاودێرییە شاهانەکەی خوا بەردینە دێرینە ڕەنگ خۆڕ گرتووەکاندا.

## ٢٩

## مریەم

"داوای لێبووردن دەکەم." ڕەشید بەکچەکەی دەوت و قاپە شۆرباکەی لە مریەم وەردەگرت بەبێ ئەوەی سەیری بکات. "دەزانم ئێوە دوو... هاوڕێی... زۆر نزیکی یەکتر بوون. هەردووکتان. هەموو کات بەیەکەوە بوون لە منداڵییەوە. ئەوەی ڕووی داوە شتێکی زۆر غەمناکە. چەندان گەنجی ئەفغانی بەم شێوەیە دەمرن."

بەدەستی بێ ئارامی نیشان دەدا، هێشتا سەیری کچەکەی دەکرد، مریەم دەسرێکی دایە دەست.

بۆ چەندان ساڵ، مریەم سەیری دەکرد کاتێک نانی دەخوارد، ماسولکەی لاجانگەکانی دەجووڵانەوە، بەدەستێک تۆپەڵە برنجی توند دەکردەوە، بەپشتی ئەوی تریان چەوری و دەنکە برنجەکانی گۆشەی دەمی دەسڕی. بۆ چەندان ساڵ، بەبێ سەر هەڵبڕین نانی خواردبوو، بەبێ قسەکردن، بێدەنگییەکەی پڕ بوو لە نارەزایی. لەگەڵ ئەوانەدا هەندێک دادگەییکردن دەهاتن و دەچوون، پاشان تەنیا بەمرقەیەکی تاوانبارکردن دەوەستا، یان بەدەنگێکی ناپەسند، یان بەفرمانێکی یەک وشەیی بۆ داواکردنی نان یان ئاوی زیاتر.

ئێستا بەکەوچک نانی دەخوارد. دەسڕی بەکار دەهێنا، کە داوای ئاوی دەکرد دەیوت بێ زەحمەت، بەچوست و چالاکی و بەردەوامییەوە قسەی دەکرد.

"ئەگەر لە من دەپرسیت، ئەمەریکاییەکان بەهەڵە حیکمەتیاریان چەکدار کرد. "سی، ئای، ئەی" لە ساڵی هەشتاکاندا چەکیان پێدا بۆ شەڕکردن لەگەڵ سۆڤیەتەکان. سۆڤیەتەکان ڕۆیشتوون، بەڵام هێشتا چەک ماوە، ڕووی دەکەنە خەڵکە بێ تاوانەکان وەک دایک و باوکی تۆ، وە ئەمە ناو دەنێن جیهاد. چ گاڵتەجاڕییەک! جیهاد چ پێوەندییەکی بەکوشتنی ژنان و منداڵانەوە هەیە. باشتر بوو سی ئای ئەی فەرماندە مەسعوودی چەکدار بکردایە کاتی خۆی."

مـریەم برۆکـانی بـەرز کـردەوە، فـەرمـانـدە مـەسـعـوود؟ لـە مـێـشـکـیـدا گـوێی لە هاوارکردنی ڕەشید بوو دژی مەسعوود، لەبەرئەوەی کەسێکی ناپاک و کۆمۆنیست بوو. بەڵام ئەگەر پێشتر بووایە دەیوت مەسعوود تاجیکە، بێگومان وەک لەیلا.

"ئێـسـتـا هـاوڕێیـەکی بەجێیـە. ئەفـغـانییـەکی بەڕێزە. پیـاوێک کە لە بنچـینەوە باوەڕی بەچارەسەرێکی ئاشتییانە هەبووە."

ڕەشید شانێکی هەڵتەکاند و ئاهێکی هەڵکێشا

"هیچ خـەتایەک ناخـەنـەملی ئەمەریکا، بیرت نەچێت. چەند گرینگە بۆیان کاتێک پەشـــتـــوون و هـەزارە و تـاجــیـک و ئـۆزبـیـکـەکـــان یـەکـــتـــر دەکـــوژن؟ چـەند لە ئەمـەریکاییـەکان ئەمانە لە یەکتر جیا دەکاتەوە؟ چاوەڕێی یارمەتییـان لێ مەکە، من دەڵێم. ئێستا سۆڤیـەتەکان کەوتوون ئێـمـە هیچ کەڵکێکمان نییـە بۆیان. ئێمـە گەیشـتین بەمـەبەسـتـەکـەی خـۆمـان. بۆ ئەوان، ئـەفـغـانسـتـان زێرابێکی گـەورەیە. زمانەکەم ببەخشە بەڵام ڕاستە. تۆ دەڵێیت چی لەیلا گیان؟"

کچەکە شتێکی نازیرەکانەی وت لەبەر خۆیەوە و لەناو جامەکەدا پاڵی بەپارچە گۆشتێکی خڕەوە نا.

ڕەشید بـەبیر و هۆشـەوە سـەری لەقاند وەک ئەوەی هۆشیارترین قسـەی گوێ لێ بووبێت. مریەم ناچار بۆ دوور ڕوانی.

" دەزانیت، باوکت، خوا بیبەخشێت، من و باوکت گفتوگۆی لەم جۆرەمان دەبوو، ئەمـە پێش ئەوەی تۆ لە دایک ببیت بێگومـان. بەردەوام باسی سیاسـەت و لەبارەی کتێبـەوە قسـەمان دەکرد. وا نەبوو مریەم؟ تۆ لە بیرتە." مریەم خـۆی سـەرقـاڵ کرد بەئاوخواردنەوەوە.

" بەهـەرحاڵ، هیوادارم بێزارت نەکەم بەم هـەموو قسـەیەی لەبارەی سیاسـەت."

دواتر، مـریـەم لە چێشـتـخـانەکە بوو قـاپەکانی دەخسـتـە ناو کـەفـاوەوە، گرێی برینێکی گەورە لەسەر سکی هاتبوو.

هێندە لەبارەی قسـەکردنەکانیـەوە نـەبوو، درۆ زلەکـان، هـەڵبـەسـتنی هـاوسـۆزی، یان هـەتا ئـەو ڕاسـتـییـەی کـە تەنانەت یەک دەسـتی بۆ مـریـەم بەرز نەکـردووەتەوە لەوەتەی کچەکەی لەژێر ئەو خشتانەوە هێناوەتە دەرەوە.

خـۆبەدەسـتــەوەدانە پڕ لە سـیـناریۆکـەی بـوو، وەک شـانۆیەک، هـەوڵدانێک لە

بەشـەکـەی خۆیدا هـەسـت جـووڵاندنە پڕ لە تـەڵەکەبازییـەکـەی، بۆ کـار تێکردن، بۆ دڵفڕاندن.

پاشـان لە پڕ مـریەم زانی گومـانبـردنەکانی ڕاست بوون. بەترسـەوە تێ گەیشت پێداکێشانێکی کوێرانە بوو بەلایەکی سەریدا کە خۆی شایەتیی دەکرد، هیچی لە دڵداریکردن کەمتر نەبوو.

لە کۆتاییدا بەناچاری و دەمارگیرییەوە چووە ژوورەکەی ڕەشید.

ڕەشید جگەرەیەکی داگیرساند و وتی " بۆچی نا؟"

یەکـســەر دوای ئەوە مــریەم زانی کــە دۆڕاوە. مــریەم نیــوە چاوەڕوان و نیــوە هیـواخـواز بوو کـە ڕەشـیـد حـاشـا لـە شـتـەکـان بکات، سـەرسـوڕهێنەرییـەکی هەڵبەستراو، یان هەتا شەرمـەزاری لەوەی کە مریەم باسی دەکرد. ئینجا لەوانە بوو دەست بەرزکـردنەوەکەشی بـەمریەمـیش ببـەخـشێ. لەوانە بوو مـریەم سـەرکـەوتوو بووبێت لە شـەرمـەزارکـردنی ڕەشـیـددا، بەڵام ئازایەتییـەکـەی مـریەمی دزی، دان پێدانانە هێواشەکەی ڕەشید، تۆنی دەنگە ڕوون و ئاشکراکەی.

ڕەشید وتـی " دانیشـە." لەسـەر جێگەکەی ڕاکشـابوو پاڵی دابوو بەدیوارەکەوە، قـاچە ئەسـتـوور و درێژەکـانی لە چەرچەفـەکـەوە ئالاندبوو "دانیـشـە پێش ئەوەی ببوورێیتەوە و تەوقی سەرت بکرێتەوە."

مریەم هـەسـتی بەکەوتنی خۆی کرد بۆ سـەر کورسییەکەی تەنیشتی چەرپاکەی ڕەشید.

ڕەشید وتی "ئەو تەپڵەکی جگەرەیەم بدەرێ، دەتوانیت؟"

بەگوێڕایەڵییەوە مریەم کردی.

تەمـەنی ڕەشـید ئێسـتـا شـەسـت بەرەو ژوور دەبـوو، بەڵام مـریەم و لە ڕاسـتـیـدا ڕەشـیدیش خۆی ئەم تەمـەنە ڕێکەیان نەدەزانی، قژی سـپی بووبوو بەڵام لە هـەمـوو کات پڕتر و زبرتر بوو، پێڵوی چاوەکانی داکەوتبوون لەگەڵ پێستی ملی کە چرچ و ئەسـتـوور بووبوو، ڕوومـەتی زیاتر داکـەوتـبـوونە خـوارەوە، لە بەیانیـیـاندا کـەمـێک دەچەمـایەوە بەڵام هێشـتـا شـانی بەهێز و تۆکمـە بوون. پەیکەرێکی قـەوی و دەسـتـە بەهێزەکانی، ورگە ئاوساوەکەی کە لە پێش هەر بەشێکی تری لەشییـەوە دەهاتە ناو ژوورەکەوە.

لە سەروو هەموویەوە، مریەم دەیزانی کە ڕەشید زۆر زیاتر لە مریەم ساڵەکانی ژیانی بەفیڕۆ داوە.

ڕەشید وتی "پێویست دەکات ئەم دۆخە ڕاست بکەینەوە." تەپڵەکەکەی لەسەر ورگی ڕێک دەکردەوە، لێوی بەژاکاوییەکی پڕ گاڵتەوە دەگەست، خەڵکی قسە دەکەن، بێ ڕێزیی پێوە دیارە ئافرەتێکی شوونەکردووی گەنج لێرە دەژی، بۆ ناوبانگی من خراپە، لەگەڵ هی ئەو، وە لەوانەیە هی تۆش."

مریەم وتی "هەژدە ساڵ، داوای یەک شتم لێ نەکردوویت، تەنانەت یەک شت. ئێستا داوا دەکەم."

ڕەشید دووکەڵی هەڵدەمژی و بەهێواشی دەیکردەوە دەرەوە" ناتوانێت ئاوا بمێنێتەوە، ئەگەر ئەوە داواکارییەکەتە. ناتوانم بەردەوام بم لە خواردن پێدانی و جل گۆڕینی و شوێن بۆ دابینکردنی بۆ خەوتن. من خاچی سوور نیم، مریەم."

"بەڵام ئەمە؟"

"چییە؟ چی؟ وا دەزانیت زۆر گەنجە؟ چواردە ساڵە. منداڵ نییە. تۆ چواردە بوویت، بیرتە؟ دایکم چواردە ساڵ بوو کە منی بوو، سێزدە بوو کە شووی کرد."

مریەم وتی "من... من ئەمەم ناوێت." بە بەسووک سەیرکردن و بێ دەسەڵاتی سڕ بوو.

"ئەمە بڕیاری تۆ نییە، هی من و ئەوە."

"من زۆر بەتەمەنم."

"ئەو زۆر گەنج و تۆ زۆر بەتەمەنیت، ئەمە بێ مانایە."

مریەم وتی " من بەتەمەنم، زۆر بەتەمەنم بۆ ئەوەی تۆ ئەم شتانەم بەرامبەر بکەیت."

مریەم سەری لێ شێوابوو، کراسەکەی توند گرتبوو بەمستی و دەستی دەلەرزی. "بۆ تۆ، دوای ئەم هەموو ساڵە ئاوام لێ دەکەیت."

"خۆت مەنوێنە، شتێکی باوە و دەیزانیت، هاوڕێم هەیە دووان و سیان و چوار ژنیان هەیە، باوکی خۆت سیانی هەبوو. لە تەنیشتییەوە، ئەمەی من ئێستا دەیکەم زۆربەی پیاوان زۆر دەمێکە کردوویانە. دەزانیت کە ئەمە ڕاستە."

"من ڕێگەی نادەم."

ڕەشید بەخەمبارییەوە زەردەخەنەیەکی گرت.

ڕەشید وتی "لێرەدا ڕێگەیەکی تر هەیە." بەرەپێیەکی بەپاژنە قڵیشاوەکەی تری دەخوراند" دەتوانێت بڕوات، من ڕێگەی لێ ناگرم، بەڵام گومانم هەیە بتوانێت دوور بڕوات بەبێ خواردن، بێ ئاو، ڕوپێیەک لە گیرفانیدا نییە، فیشەک و مووشەک بەهەموو لایەکدا دەفڕن. چاوەڕێ دەکەیت چەند ڕۆژ بەرگە بگرێت تا دەیفڕێنن، دەستدرێژی دەکەنە سەر، یان فڕێ دەدرێتە ناو هەمان چاڵی سەرەڕێگە بەقوڕگ هەڵدراوی؟ یان هەرسێکی بەیەکەوە؟ "

ڕەشید کۆکی و سەرینەکەی دواوەی ڕێک دەکردەوە.

"ئەو ڕێگەیانەی دەرەوە نەبەخشراون، مریەم باوەڕم پێ بکە. چەتە و سەگی پۆلیس لە هەموو کوچەیەک هەن. من حەز بەو ڕێگەیانەی بەردەمی ئەو کچە ناکەم، بەهیچ جۆرێک، بەڵام تۆ بڵێ بەهەر موعجیزەیەک بێت دەگاتە پیشاوەر، پاشان چی؟ تۆ ئاگات لێیە ئەو کەمپانە چۆنن؟"

لە دوای دووکەڵێکی ستونییەوە لە مریەمی دەڕوانی.

"خەڵک لەژێر پارچەی بچووکی مقەبادا دەژین، سیل، سکچوون، برسێتی، تاوان، ئەمە لە پێش زستاندا، پاشان وەرزێکی بەستووە، هەوکردنی سییەکان، خەڵک دەبن بەچلوورە، ئەو کەمپانە دەبن بەگۆڕستانێکی بەستوو."

ڕەشید جووڵەیەکی خێرا و پڕ گاڵتەبازی بەدەستی کرد و وتی" بێگومان دەتوانێت لە یەکێک لە قەحبەخانەکانی پیشاوەر گەرمی ببێتەوە. لەوێ ئیش و کار بەرناکەوێت، وام بیستووە. جوانییەکی وەک ئەو بۆ ئەوە کراوە بەختێکی بچووک بهێنێ، لەو باوەڕەدایت؟"

تەپڵەکەکەی خستەوە سەر مێزەکە و قاچی بەرز کردەوە بۆ لایەکی چەرپاکە.

وتی "سەیر کە." ئێستا دەنگی پڕ بوو لە ڕازیکردن و دڵنەوایی. بەتوانای کەسێکی براوەوە "دەزانم تۆ ئەمە بەباشی وەرناگریت، لە ڕاستیدا خەتات ناگرم بەڵام ئەمە باشترینە، دەیبینیت. بەم شێوەیە بیری لێ بکەوە، مریەم. لە دەوری ماڵەکەدا یارمەتیی تۆ دەدەم وەپەناگەیەکیشە بۆ ئەو. ماڵێک و مێردێک ئەم زەمانە کات ئەوەیە کە لە ئێستادا هەیە، ئافرەتێک پێویستی بەمێردە، دیقەتت نەداوە

هەموو بێوەژنەکان لەسەر شەقامەکان دەنوون؟ بۆ شانسێکی وەها خۆیان دەکوژن. لە ڕاستیدا، ئەمە... من دەڵێم ئەمە بێ هیچ پێچ و پەنایەک خێر و چاکەیە بۆ من."

ڕەشید زەردەخەنە گرتی.

"بەو شێوەیەی دەیبینم، من شایانی مەدالیایەکم."

دواتر، لە تاریکییەکەدا، مریەم بەکچەکەی وت.

بۆ ماوەیەکی زۆر کچەکە هیچی نەوت.

مریەم وتی "لەدەوری سبەینێ بەیانیدا، وەڵامێکی دەوێت."

کچەکە وتی "دەتوانێت ئێستا وەڵامەکەی هەبێت، وە بەڵێیە."

## ٣٠

## لەیلا

ڕۆژی دواتر، لە جێگەی نوستندا مایەوە. لەژێر بەتانییەکەدا بوو کە بەیانی ڕەشید سەری کرد بەژوورەکەدا و وتی دەچم بۆ سەرتاشخانە. لەیلا هێشتا لە جێگەدا بوو کاتێک ڕەشید دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ هاتەوە ماڵەوە، قژبڕینە تازەکەی، قاتە بەکارهاتووە تازەکەی، شین لەگەڵ خەتی سپی تێیدا پێشانی دا، لەگەڵ ئەو ئەڵقەیەی بۆی کڕیبوو.

ڕەشید لەسەر چەرپاکە لە تەنیشت لەیلاوە دانیشت، درامایەکی مەزنی کردنەوەی قردێلەکەی پێشان دا، کردنەوەی سندووقەکە، دەرهێنانی ئەڵقەکەی ناوی بەنەرمی. ئەوەی ئاشکرای کرد کە ئەڵقەکەی مریەمی گۆڕیوەتەوە و بۆ زیادەکەی پارەی داوە.

" گرینگ نییە بەلایەوە باوەڕم پێ بکە. هەر دیقەتیشی نادات."

لەیلا چووە کۆتاییە دوورەکەی چەرپاکەوە. گوێی لە مریەم بوو لە خوارەوە لە کسەکسی ئوتووەکەی.

ڕەشید وتی " هەرگیز لە دەستی نەکردبوو."

لەیلا بەبێ هێزییەوە وتی" نامەوێت، بەو شێوەیە نا. دەبێت هەڵی گریتەوە."

نیگایەکی بێ ئارامی لە دەموچاوی ڕەشیدەوە تیشکی دایەوە و نەما." هەڵی بگرمەوە؟"

زەردەخەنەیەکی گرت" دەبوو پارەی زیادی بخەمە سەر، زۆر زیاتر لە ڕاستیدا. ئەمە ئەڵقەیەکی باشترە عەیار بیست و دووە دەستی لێ بدە چەند قورسە؟ دەی دەستی لێ بدە، نە؟ " سندووقەکەی داخست" ئەی گوڵ چۆنە بەلاتەوە؟ زۆر جوانە، تۆ حەزت لە گوڵە؟ چ جۆرێک لە هەمووی زیاتر؟ چاوەپشیلە؟ گوڵاڵەسوورە؟ لەیلاق؟ گوڵ نا؟ زۆر چاکە! من تێ ناگەم تەنیا وام دەزانی... ئێستا بەرگدروویەک دەناسم

له دێمەزەنگ بیرم لەوە دەکردەوە سبەینێ بتبەین بۆ ئەوێ پێوانەت بگرێت بۆ جلێکی ڕێکوپێک."

لەیلا سەری ڕاوەشاند.

ڕەشید برۆکانی بەرز کردەوە.

لەیلا دەستی پێ کرد" باشە با وابێت... "

دەستێکی خستە سەر ملی، لەیلا دەسەڵاتی نەبوو ڕادەچڵەکی و دەسڵەمییەوە. دەست لێدانەکەی وەک لەبەرکردنی بلوزێکی خوریی زبر و تەڕ بوو بەبێ ژێرکراس.

"بەڵێ؟"

"باشە هەر کاتێک تەواو بوو،"

دەمی ڕەشید کرایەوە، بەبزەیەکی ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاو کرایەوە، وتی "بەدڵمە."

پێش سەردانەکەی عەبدول شەریف لەیلا بڕیاری دابوو بڕوات بۆ ئەفغانستان. هەتا دوای ئەوەی عەبدول شەریف بەو هەواڵەوە هات لەیلا وا بیری دەکردەوە ئێستا بڕۆیشتایە، بڕۆیشتایە بۆ شوێنێکی دوور لێرە، خۆی لەم شارە دابڕاندایە، ئەو شارەی هەموو شەقامەکانی تەڵە و داو بوون، هەموو کوچەکانی دیوێکی تێدا شاردرابووەوە کە وەک قومقومەی ناو بووکەشووشەیەک پیایدا هەڵدەبەزییەوە. لەبەر ئەوە زۆر ڕێی تێ دەچوو ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر.

بەڵام کتوپڕ، ڕۆیشتن، یەکێک نەمابوو لە ڕێگەکانی بەردەمی. بەتایبەت لەگەڵ ئەم هێڵنجدانەی ڕۆژانەیدا، ئەم پرییەی سینەیدا.

لەگەڵ ئاگابوون لەوەی لە ناوەڕاستی ئەم هەموو پشێوییەدا، چەرخ و سووڕێکی ژیانی لە کیس چووە.

لەیلا خۆی هێنایە پێش چاوی خۆی لە کەمپێکی ڕاکردووەکاندا، کێڵگەیەک لەلاشەی مردوو لەگەڵ هەزاران پەڕە و تەبەقەی لاستیکی بەیەکەوە بەستراو بۆ چارەسەرکردنێکی کاتی، ئەمسەر ئەوسەرەکانیان لەناو با سارد و چرەکەدا شەقەیان دەهات. لەژێر یەکێک لەم چادرە کاتییانەدا منداڵەکەی دەبینی، منداڵەکەی تاریق، لاجانەکانی پووکاوە، دەموچاوی شل و بێ هێز پێستی قلێشاو، ڕەساسییەکی مەیلەو شین. بیری لە لەشە بچووکەکەی دەکردەوە لەلای خەڵکە

نامـۆکان بیـشـوات، لە پۆشـاکێکی ڕەنگ تۆخی بپـێـچـێت و نزمی بکاتەوە بۆ ناو چاڵێکی هەڵکەندراو لە بەشـێکی کـێـڵگەیـەکی ڕامـاڵدراودا. لـەژێر ڕوانینـە پڕ بێ ئومێدییەکانی سیسرکەکانەوە.

چۆن بتوانێت بڕوات ئێستا؟

لەیلا بـەمـۆنی بەسـەر لیـسـتی کـەسـەکـانی ژیانیـدا چووەوە، ئـەحـمـەد و نوور مردوون. حەزینا، ڕۆیشتووە. گیتی، مرد. دایە، مرد. بابە، مرد. ئێستا تاریق...

بەڵام بەموعـجیزەوە، شتێک لە ژیانەکەی پێشوویەوە ماوەتەوە. دوا پێوەندیی بەو کـەسـەوە پێش ئەوەی بـەتەواوەتی تەنیـا ببێ، بـەشـێکی تاریق هێـشـتـا لـەناویدا زیندووە، چەکـەرەکـردنی قـۆڵی بچـووک و گـەورەبـوونی دەسـتی نیـمـچـە ڕوون و بچـووک. چۆن دەتـوانێ ئەو تەنیـا بـەشـەی تـاریق کـە مـاویەتی، ئەو بـەشـەی ژیانە کۆنەکەی بخاتە مەترسییەوە؟

لەیلا بـەخێـرایی بڕیاری خـۆی دا. شـەش هـەفـتـە تێ پـەڕی لە دوای ئەو کـاتەی لەگەڵ تاریقدا بووە. لەوە زیاتر بڕوات ڕەشید گومان دروست دەکات.

دەیزانـی ئەوەی دەیکرد بـێ ڕێزییـە. بێ ڕێزی، ناپـاکی، شـەرمـەزارییـە. وە زۆر بەئاشـکرا و سـەرنجـڕاکێـشـییـەوە ناڕەوا بوو بـۆ مـریەم. بەڵام سـەرەڕای ئەوەی منداڵەکـەی ناوی لە دەنکە توویەک گـەورەتـر نەبوو، ئـەو قـوربـانیـیـانەی دایکێک دەیدات لـەیلا بینیـبـووی. ڕاسـتی و ڕەوشـتـبـەرزی تەنیـا یەکـەم شت نـەبوون. دەستێکی خستە سەر سکی و چاوەکانی داخست.

لەیلا کـەمێک بۆنەی شـووکردنە بێدەنگەکەی دێتـەوە بیـر، خـەتە سـپـییـەکـانی قـاتەکەی ڕەشـیـد، بـۆنە تیـژەکەی سـپـراکەی قژی، پێـسـتـە شـۆڕبووەکـەی سـەروو قوڕگییەوە، توێژە زبری پەنجە بەدووکەڵ داپۆشراوەکانی کاتێک ئەڵقەکەی دەکردە پەنجـەی. قـەڵەمـەکـە، ئیش نـاکـات، گـەڕانەکـە بەدوای قـەڵەمـێکی تازەدا، ڕێککەوتننامەکە، ئیمزاکردنەکە دەستە دڵنیاکانی ڕەشید و دەستە هەڵلەرزیوەکانی لەیلا، دوعاکان، تێبینیکردنی ئاوێنەکە، ڕەشید برۆکانی ڕێک کردبوو.

لەلایەکی ژوورەکـەوە، مریەم سـەیری دەکرد. بەناڕەزاییـیـەکەی، هـەواکـە پەنگی خواردبووەوە.

لەیلا توانای ئەوەی نەدەهاتە بەرچاوی بگەیەنێتە ڕوانینی ژنە بەتەمەنترەکە.

ئەو شــەوە کـاتێک لەژێر چەرچە فـەســاردەکانی ڕەشــیـددا ڕاکـشـابوو، ســەیری ڕەشیدی دەکرد کـاتێک پەردەکانی دادەدایەوە. هەموو گیانی دەلەرزی هێشتا پێش ئەوەی ڕەشـید دەست ببات بۆ قۆپچەی کراسەکەی، یان بەنە خـوێنی پانتۆڵەکەی ڕابکێـشـێت. ڕەشــیــد ورووژابوو. بەگــەمــژەیی بـەبێ دەست لێــبــەردان دەســتی بەقۆپچەکانی کراسـەکەیەوە بوو وە پاشـان پشـتوێنەکەی. سنگە شل و شۆڕەکەی کـەوتبـووە بەرچاوی لەیلا، ناوکـە دەرتۆقـیـوەکـەی و دەمـارە شـینە بچـووکـەکـەی ناوەڕاستی، ڕیشووە پڕەکانی مووە سپییەکانی سـەر سنگی و شانی و قۆڵی، لەیلا هەستی دەکرد چاوەکانی بەسەریدا گاگۆڵکێیان دەکرد.

ڕەشید وتی" خوا یارمەتیم بدات، وا بزانم خۆشم دەوێیت."

بەدەم ددان کرۆژتنەوە لەیلا داوای کرد گڵۆپەکان بکوژێنێتەوە.

دواتر کـە دڵنیـا بوو لەوەی ڕەشـید خـەوی لێ کـەوتووە، لەیلا بەبێدەنگی خـۆی گـەیاندە ژێر چەرچەفـەکـە بۆ چەقـۆیەک کـە خـۆی زووتر لەوێدا شـاردبوویەوە، بەچەقۆکە نەرمـاییی پـەنجـەی دۆشـاومژەی بڕی و پاشـان بەتانییـەکەی دا بەسـەر دەسـتیدا و ڕێگەی دا پـەنجـەی خـوێنی لێ بێت بەسـەر چەرچـەفـەکەدا، بەسـەر ئەو شوێنەی بەیەکەوە لێی ڕاکشابوون.

## ٣١

## مریەم

بەڕۆژ، کچەکە لە جیکەی سپرینگی چەرپایەک زیاتر هیچی تر نەبوو، یان دەنگی تەپەی پێی قاتی سەرەوە. ئاوی بەردەدایەوە لە توالێتەکە، یان تەقەی بەرکەوتنی کەوچکە چایەک بەپەرداخێکدا لە ژووری نووستنەکەی سەرەوە. جاروبار چاو بەیەککەوتن هەبوو: پەڵەی ناو عەزییەکە لە کەمەریدا ئاوساو، لە نیگای مریەمدا، بەشپرزەیی و پەلەپرووزێ ڕاکردن بەسەر قادرمەکاندا، قۆڵ لەسەر سنگ گرێدراو، پاکێشانی پاژنەی نەعلەکانی بەبنی پێیدا.

بەڵام بەرامبەر بەیەک هاتنیان و یەکبینینەکەیان بەخواستی خۆیان نەبوو. مریەم لەسەر قادرمەکان بەلای کچەکەدا دەڕۆیشت، بەناو داڵانە باریکەکەدا، لە چێشتخانەکەدا، یان لای ئەو دەرگەیەی دەکەوتە نێوان حەوشەکە و ژوورەکان. کاتێک بەم شێوەیە یەکیان دەبینی، دەمارگیری و گرژی خۆی دەکرد بەناو هەواکەی نێوانیاندا. کچەکە عەزییەکەی کۆ دەکردەوە و یەک دوو وشەی خەجاڵەتی دەکردە دەرەوە، وە کاتێک بەخێرایی دەڕۆیشت بەلایدا، مریەم بەرێککەوت نیگایەکی لابەلای تێ دەگرت و تێبینیی سووربوونەوەیەکی بەدی دەکرد. هەندێ جار بۆنی ڕەشیدی لێ دەکرد، بۆنی ئارەقەکەی لەسەر پێستی لەیلا دەکرد، بۆنی تووتنەکەی، حەزکردنەکەی. سێکس، بەسوپاسەوە، بووبووە بەندێکی داخراوی ژیانی خۆی. بۆ ماوەیەکی زۆر بوو وا بوو. وە ئێستا، هەتا بیرکردنەوە لەو کۆبوونەوە سەختانەی ڕاکشان لەژێر ڕەشیدا مریەمی لە هەناوەوە دەڕشاندەوە.

بەڵام، لە شەودا، ئەم سەما سازدراوە دوولایەنەی خۆلادان لە یەکتر لە نێوان مریەم و کچەکەدا نەدەگونجا، ڕەشید دەیوت ئێمە یەک خێزانین، وە لەسەر ئەوە سوور بوو، دەیوت خێزان دەبێت بەیەکەوە نان بخوا.

ڕەشید وتی "ئەمە چییە؟" پەنجەی بەپارچە گۆشتێکەوە بوو لە ئێسقانەکەی

دەکردەوە، کەوچک و چەتاڵ هەفتەیەک دوای مارەکردنی کچەکە، فڕێدرانە لاوە."
من جــووتێک پەیکەرم مــارە کــردووە؟ دەی مــریـەم، شــتــێکی پێ بڵێ، کــوا ڕەفتارەکانت؟"

ڕەشید مۆخی ناو ئێسقانێکی هەڵدەمژی و بەکچەکەی وت" بەڵام خەتای مەگرە بێدەنگە. لە ڕاستیدا شتێکی باشە لەبەرئەوەی، وەڵڵا ئەگەر کەسێک هێندەی قــســەی پێ نەبێت بیکات، لەوانەیە لە هــەمــان کــاتدا لــە قــســەشــدا ڕەزیل و بەرچاوتەنگ بێت. ئێمە خەڵکی شارین، من و تۆ، بەڵام ئەو لادێییە. کچی لادێیە. هەتا کچی لادێش نییە. نا. لەناو کوخێکدا گەورە بووە لە قوڕ دروست کراوە لە دەرەوەی لادێیەکە. باوکی بردوویەتییە ئەوێ. پێت وتووە؟ مریەم پێت وتووە کە زۆڵیت؟ باشە، کەواتە، مریەم زۆڵە. بەڵام بەبێ چۆنیەتی نییە مەبەستم ئەوەیە بەهەمــوو شێوەیەک، خۆت دەیبینی لەیلا گیان. بەڵام چەسپیو و نەگۆڕە لە کارکردندا و ئیشکەرێکی باشە، بەبێ خۆدەرخستن و خۆفشکردنەوە. بەجۆرێکی تر دەیڵێم: ئەگەر سەیارە بووایە ڤۆلگا دەبوو."

مریەم ئێستا ژنێکی تەمەن سی و سێ ساڵ بوو، بەڵام ئەو وشەیە، زۆڵ، هێشتا بۆگەنی دەهات. هێشتا کە گوێی لێ دەبوو هەستی دەکرد قالۆنچەیەک یان دەردێکی کوشندەیە. نانای بیر دەکەوتەوە مەچەکی ڕادەکێشا و پێی دەوت: تۆ زۆڵێکی بچووکی گێلیت، پاداشتی ئەم هەموو نارەحەتییەی کە من لە ژیانمدا بەرگەم گرتووە. میراتییەکی پیرۆز کە تا ئێستا بۆم مابووەوە شکاندت، زۆڵی بچووکی گێل.

ڕەشید بەکچەکەی وت " تۆ، تۆ لەلاکەی ترەوە دەبیت بەبێنز، مارسیدسێکی تازە و کەشخە. واه واه. بەڵام. بەڵام. " پەنجەیەکی چەوری بەرز کردەوە، مرۆڤ دەبێت بەدڵنیاییەوە... چاودێری... مارسیدس بکات، لەبەر ڕێزگرتن لە جوانییەکەی و کارامەییەکەی. ئاه، لەوانەیە ئێستا وا بیر بکەنەوە من شێتم کە ئەم قسانە لەبارەی ئۆتۆمۆبێلەوە دەکەم، من ناڵێم ئێوە ئۆتۆمۆبێلن. من تەنیا مەبەستێکم هەبوو."

بۆ ئەوەی کە دواتر ڕووی دەدا، ڕەشید ئەو تۆپەڵە برنجەی دروستی کردبوو، لەناو دەورییەکەدا داینایەوە. دەستەکانی بەشلی بەردابووەوە بەسەر ژەمەکەدا، لە

کاتێکدا بەدەموچاوێکی لەسەرخۆ و پڕ فیکرەوە سەیری خوارەوەی دەکرد.

"مرۆڤ نابێت کەمتر لە شەهیدەکان باسی مردووەکان بکات، مەبەستم هیچ بێ ڕێزییەک نییە کاتێک ئەمە دەڵێم، دەمەوێت بزانیت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەلام دەمێنیتەوە، ئەو شێوەیەی دایک و باوکت، خوا بیانبەخشێت و شوێنیان بەهەشت بێت، ئەو شێوە دڵنەرمی و بەبەزەییەیان لەگەڵ تۆدا بەکاریان دەهێنا. داوای لێبووردن دەکەم."

ئەو ڕوانینە سارد و پڕ ڕقەی کە کچەکە دای بەڕەشید خۆی لە مریەم نەشاردەوە، بەڵام ڕەشید سەیری بەردەمی خۆی دەکرد و دیقەتی کچەکەی نەدا.

" گرینگ نییە، مەسەلەکە ئەوەیە ئێستا من مێردی تۆم، وە لەسەرمە نەک تەنیا پاسەوانیی شەرەفی تۆ بکەم بگرە هی هەموومان بکەم. بەڵێ، حەیا و نامووسمان. ئەوە بارێکە بەسەر شانی پیاوەوە، ڕێگەم بدە ئاگام لەوە بێت، تکایە. لەبەر تۆ، تۆ شازادەی، وە ئەم ماڵە کۆشکی تۆیە. هەر شتێک ویستت بکرێت، بەمریەم بڵێ وە ئەو دەیکات بۆت. وانییە مریەم؟ وە ئەگەر حەزت لە شتێک کرد من بۆت دەهێنمەوە. بەڵێ، من لەو جۆرە مێردانەم.

ئەوەی داوای دەکەم لە حەقی ئەمەدا، شتێکی سادەیە. داوا دەکەم واز لە جێهێشتنی ئەم ماڵە بهێنیت بەبێ من. هەر ئەوەندە. سادەیە، نا؟ ئەگەر من لێرە نەبووم و شتێکی بەپەلەت پێویست بوو، مەبەستم لە ڕاستیدا زۆر پێویست بوو، دەتوانیت چاوەڕێی من بکەیت، دەتوانیت مریەم بنێریت و ئەو دەچێتە دەرەوە بۆت دەهێنێت. هەستت بەجیاوازییەک کردووە، بەدڵنیاییەوە. مرۆڤ بەیەک ڕەفتار ڤۆڵگاش و مارسیدسیش لێ ناخورێت، ئەگەر وابێت شێتییە، وانییە؟ ئاه، هەروەها داوای ئەوە دەکەم ئەگەر بەیەکەوە چووینە دەرەوە بورقە لەبەر بکەیت. بێگومان بۆ پارێزگاریکردن لە خۆتە، باشترین شتە، چەندان پیاوی بەرەڵا لەم شارەدا هەن، بەنیازی نامەردانەوە تامەزرۆی بێشەرەفکردنی هەتا ژنی مێردداریشن. کەواتە. هەر ئەوەندە."

ڕەشید کۆکی. "دەبێت بڵێم بەچاوم و گوێم کاتێک من لێرە نیم." نیگایەکی ڕقاویی هاویشتە مریەم بەقەد ڕەقی نووکی پێڵاو و کێشانی بەلاجانگدا، ڕەق بوو. "ئەوە نەبێت من متمانە نەکەم، تەواو بەپێچەوانەوە، بەڕاستی لە بەرچاوی من تۆ

زۆر له تەمەنەکەی خۆت زیرەکتریت، بەڵام هێشتا ژنێکی گەنجیت، لەیلا گیان، وه ئافرەتی گەنج ڕێگەی بەدبەختی دێتە بەردەم، دەتوانێت بەگۆبەندا بشکێتەوه، بەهەرحاڵ، مریەم وەک ئەوانه ناژمێردرێ، وه ئەگەر هەڵەیەک دروستبوو..."

بەردەوام و بەردەوام قسەی دەکرد. مریەم دانیشتبوو، سەیری کچەکەی دەکرد له گۆشەی دەرەوەی چاوییەوه له کاتێکدا فەرمان و دادگەییەکانی ڕەشید بەسەریاندا دەباری وەک مووشەکەکان بەسەر کابولدا.

ڕۆژێک، مریەم له ژووری دانیشتنەکەدا کراسەکانی ڕەشیدی قەد دەکرد که له تەنافی حەوشەکەی کردبووەوه. نەیدەزانی کچەکە بۆ ماوەی چەنده لەوێدا ڕاوەستاوه، بەڵام کاتێک کراسێکی هەڵگرت و ڕووی کرد بەمدیودا، بینی لەناو دەرگەکەدا وەستاوه، دەستەکانی له دەوری پەرداخێکی پڕ له چادا بوون.

کچەکە وتی " مەبەستم نەبوو ڕاتچڵەکێنم، بمبوورە."

مریەم تەنیا سەیری کرد.

تیشکی خۆرەکە کەوته سەر دەموچاوی کچەکە، سەر چاوه گەورە سەوزەکانی، لەگەڵ ناوچاوانه سافەکەی، سەر ئێسقانه بەرزەکانی ڕوومەتی لەگەڵ برۆ ئەستوورەکانی که هیچ له برۆی مریەم نەدەچوون، باریک و بێ شێوه.

قژه زەردەکەی ئەم بەیانییه دانەهێنرابوو، له ناوەڕاستدا لادرا بوو.

مریەم بینی کچەکە چۆن بەتوندی کوپەکەی گرتبوو، شانەکانی لێک توند کردبوو، بەشێوەیەک ترساوی و دوودڵیی پێوه دیار بوو. مریەم هێنایه بەرچاوی خۆی لەسەر چەرپاکه لەگەڵ ڕەشیددا.

کچەکە بەهاودەمییەوه وتی "گەڵاکان بەرەو گۆڕان دەچن. بینیوتن؟ پایز خۆشترین وەرزه بۆ من. حەزم له بۆنەکەیەتی، کاتێک خەڵکی گەڵا له حەوشەکانیاندا دەسووتێنن. دایکم، خۆشترین کات بۆ ئەو بەهار بوو. دایکمت دەناسی؟"

" له ڕاستیدا نەء."

کچەکە دەستێکی گرت بەپشتی گوێیەوه "ببوورە؟"

مریەم دەنگی بەرز کردەوه "وتم نەء. دایکتم نەدەناسی."

"ئۆه."

"شتێکت دەوێ؟"

"مریەم گیان، دەمەوێت... لەبارەی ئەو شتانەی ڕەشید شەوەکەی تر وتی..."

مریەم پچڕاندی "لە نیازمدا بوو لەبارەیەوە قسەت لەگەڵ بکەم."

کچەکە بەجۆش و پەرۆشەوە وتی" بەڵێ، تکایە،" پاشان هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە نا، سەرشان سووکی و ئاسوودەیی پێوە دیار بوو.

لە دەرەوە، گوێ لەیەک گرتن بەدەنگێکی خۆش دەیخوێند. کەسێک پاڵی بەعارەبانەیەکەوە دەنا. مریەم گوێی لە شەقەشەقی ئەنجامەکانی دەبوو، هەڵبەز و دابەز و زرینگەزرینگی تایە ئاسنینەکانی دەهات. دەنگی گوللە و بۆمب دەهاتن کە زۆر لە دوور نەبوون، تاکە فیشەکێک سیانی تری بەدوادا دەهات، پاشان هیچ.

مریەم وتی" من نابم بەخزمەتکاری تۆ. نابم."

کچەکە سڵەمییەوە" نا، بێگومان نەء! "

"دەکرێت تۆ ببیت بەشازادەی کۆشکەکە و منیش لادێییەک، بەڵام خواست و فەرمایشتت لێ وەرناگرم، تۆ دەتوانیت سکاڵای خۆت لای ڕەشید دەرببڕیت و ئەویش قورگی من هەڵبدڕێت، بەڵام نایکەم. گوێت لێمە؟ من نابم بەخزمەتکاری تۆ."

"نا! من بەوە ڕازی نابم..."

"وە ئەگەر لەو باوەڕەدایت و دەتوانیت ڕواڵەتت بەکار بهێنیت بۆ کردنە دەرەوەی من، هەڵەیت. من یەکەم جار هاتووم، فرێ نادرێمە دەرەوە. ناهێڵم تەرەم بکەیت."

کچەکە بەبێ هێزییەوە وتی" ئەوەی من دەمەوێت ئەوە نییە،"

"وەکو دەیبینم ئێستا برینەکانت سارێژ بوون. لەبەر ئەوە دەتوانیت دەست بکەیت بەبەشداریکردن لە ئیشکردن لەمماڵەدا..."

کچەکە بەخێرایی سەری دەلەقاند. هەندێک لە چاکەی ڕژا. بەڵام ئاگای لێ نەبوو. "بەڵێ ئەوە هۆیەکی ترە کە بۆی هاتمە خوارەوە، بۆ سوپاسکردن کە چاودێریت کردبووم..."

مریەم خێرا قسەکەی پێ بڕی و "نەمدەکرد، نانم نەدەدایتێ، نەمدەشۆردی، وە

هەولّی چارەسەرکردنم نەدەدایت ئەگەر بمزانیایە هەڵدەگەڕێیتەوە و مێردەکەم لێ دەدزیت."

"دزینی..."

"من هێشتا خواردن دروست دەکەم و قاپەکان دەشۆم. تۆ جل دەشۆیت و ماڵ گسک دەدەیت. ئەوەی مایەوە ڕۆژانە بەنۆرە ئەنجامی دەدەین. وە شتێکی تر، من هیچ سوود لە هاوڕێیەتیی تۆ نابینم. نامەوێ. ئەوەی دەمەوێ تەنیاییە. تۆ وازم لێ بهێنە، من چاکەت دەدەمەوە. بەم شێوەیە پێکەوە دەمێنینەوە. ئەوە یاساکانن."

کاتێک لە قسەکردن تەواو بوو دڵی لە سنگیدا دەکوترا و دەمی هەڵقرچابوو لە وشکیدا. مریەم هەرگیز بەم ڕەفتارە قسەی نەکردبوو، هەرگیز بەم بەهێزییە خواست و ئارەزووەکانی دەرنەبڕیبوو لەبەر ئەوە دەبوو جۆش پێدەر بێت، بەڵام چاوەکانی کچەکە پڕ بوون لە فرمێسک و ڕوخساری پڕ بوو لە مەلوولی، ئەو دڵ هێوربوونەوەیەی مریەم لەم تووڕەبوون و هەڵچوونەوە دەستی کەوت، لاوازی و ماتی پێوە دیار بوو، بەهەر شێوەیەک بێت نائاسایی و قەدەغە بوو.

کراسەکانی بۆ کچەکە ڕاگرت.

"بیانخەرە ناو دۆڵابەکەوە نەک کانتۆرەکە. پێی خۆشە سپییەکان لە چەکمەجەکەی سەرەوەدا بن، ئەوی مایەوە لە ناوەڕاستدا لەگەڵ گۆرەوییەکان."

کچەکە کوپەکەی لەسەر زەوییەکە دانا و دەستی ڕاکێشا بۆ کراسەکان، بەردەستی ڕووی لە سەرەوە بەکەفتەکاری وتی " داوای لێبووردن دەکەم بۆ هەموو ئەمانە."

مریەم وتی "هەر دەبێت، دەبێت داوای لێبووردن بکەیت."

## ٣٢
### لەیلا

لەیلا بیری کۆبوونەوەیەکی کەوتەوە جارێک، ساڵانێک پێشتر لە ماڵەکەدا لە یەکێک لە ڕۆژە خۆشەکانی دایەدا، ژنەکان لە باخەکەدا دانیشتبوون لە بەلەمێک تووی سپییان خواردبوو کە وەجمە لە درەختەکەی حەوشەی خۆیانی کردبووەوە، تووە خڕپنەکان پەمەیی و سپی بووبوون، وە هەندێکیان هەمان مۆری تۆخی ڕەنگی دەمارە وردەکانی لووتی وەجمە بوون.

وەجمە وتبووی " بیستتان کوڕەکەی چۆن مردووە؟" بەچست و چالاکییەوە مستێکی پڕ تووی پاڵ پێوە دەنا بۆ ناو دەمی.

نیلا، دایکی گیتی وتبووی" نقوم بووە، وانییە؟ لە دەریاچەی قەرقە، ئەوێ نەبوو؟"

"بەڵام زانیوتە ڕەشید..."

وەجمە پەنجەیەکی بەرز دەکردەوە و هێمایەکی سەر لەقاندن و جوین و پاڵ پێوەنانیان بۆ چاوەڕێکردنی تا قووتی بدات، نیشان دان "زانیوتە، ڕەشید پێشتر شەرابی دەخواردەوە، ئەو ڕۆژە بەسەرخۆشی دەگریا؟ ڕاستە. بەسەرخۆشی دەگریا، من وام بیست. ئەو کاتە بەیانی بوو. لای نیوەڕۆ، بەسەر کورسییەکەیدا بورابووەوە، تۆپێکت لە تەنیشتییەوە بتەقاندایە برژانگی نەدەجووڵاند."

لەیلا بیری بوو وەجمە چۆن دەمی داپۆشیبوو قڕقێنەی دابووەوە و زمانی بەناو یەک دوو ددانە ماوەکەیدا دەگەڕاند.

"خۆت دەتوانیت باقییەکەی بهێنیتە بەرچاوت. کوڕەکە چووەتە ناو ئاوەکەوە بەبێ ئەوەی ئاگای لێی بووبێت. خەڵک ڕای کردووە بۆ یارمەتی، نیوەی هەوڵیان داوە کوڕەکە خەبەر بکەنەوە، نیوەکەی تر باوکی. یەکێک گوژمی داوە بۆ کوڕەکەی پاشان... لە دەمەوە بۆ دەم گێڕدراوەتەوە، دواتر بێ کەڵک بووبوو. بۆ هەموویان دەرکەوتبوو کە کوڕەکە نەماوە."

لەیلا وەجمەی بیر بوو کە پەنجەیەکی بەرز کردبووەوە و دەنگی لە خواپەرستی و دڵسۆزیدا هەڵلەرزیبوو" لەبەرئەوەیە قورئانی پیرۆز شەرابی حەرام کردووە، لەبەرئەوەی هەردەم بێهۆشبوونی بەدوادا دێت و دەبێت سزای گوناهەکە سەرخۆشەکە بیچێژێت. کەواتە هەر وا دەبێت."

ئەم چیرۆکە بوو لەناو سەری لەیلادا دەسووڕایەوە دوای ئەوەی هەواڵی منداڵەکەی دابوو بەڕەشید. ئەویش بەپەلە بازی دابووە سەر پایسکیلەکەی و لێی خوڕیبوو بۆ مزگەوت و بۆ کوڕ پاڕابووەوە.

ئەو شەوە، بەدرێژاییی ژەمی ئێوارە لەیلا سەیری مریەمی کردبوو، کاتێک تۆپەڵە گۆشتی لەناو قاپەکەیدا هێنابوو بردبوو. لەیلا لەوێ بوو کە ڕەشید هەواڵەکەی بۆ مریەم قوت کردبووەوە، بەدەنگێکی بەرز و پڕ خۆنواندنەوە... لەیلا هەرگیز شایەتیی ستەمکاری و بێ بەزەییییەکی هێندە بەجۆش و خرۆشی نەکردبوو. برژانگەکانی مریەم کەوتنە باڵەفڕە کەهەواڵەکەی بیست. سووربوونەوەیەک بەدەموچاویدا بڵاو بووەوە و دانیشت پیشی خواردەوە و وێران و چۆڵ و هۆڵ دیار بوو.

دواتر، ڕەشید چووبووە سەرەوە بۆ گوێگرتن لە ڕادیۆکەی، لەیلاش یارمەتیی مریەمی دەدا سفرەکە کۆ بکاتەوە.

مریەم وتی "نازانم ئێستا تۆ چیت، ئەگەر پێشتر مارسیدس بوبیت." دەنکە برنج و پارچە نانی کۆ دەکردەوە.

لەیلا تاکتیکێکی دڵڕوونکەرەوەی تاقی کردەوە "قیتار، یان لەوانەیە فڕۆکەیەکی زەبەلاح."

مریەم دەسبەجێ هەستایە سەرپێ "هیوادارم وا بیر نەکەیتەوە ئەمە بیانوویەکە بۆ نەکردنی ئیش و کاری ناو ماڵ."

لەیلا دەمی کردەوە، باشتر بیری لێ دەکردەوە. ئەوەی بەبیری خۆی هێنایەوە کە مریەم تاکە لایەنی بێ تاوانە لەم خۆڕێکخستنەدا. مریەم و منداڵەکە.

دواتر، لە جێگەدا لەیلا دایە پرمەی گریان.

چی ڕووی دابوو؟ ڕەشید دەیویست بزانیت، چەناگەی لەیلای بەرز کردەوە. نەخۆش بوو؟ منداڵەکەبوو، منداڵەکە شتێکی بوو؟ نا؟

مریەم بەدڕەفتاری لەگەڵ کردووە؟

"خۆیەتی، وانییە؟"

"نەء."

"وەڵڵا وەبیللا، دەچمە خوارەوە دەرسێکی دادەدەم، خۆی بەچی دەزانێت، ئەو زۆڵە، ڕەفتارت..."

"نا!"

تازە هەستا بوو، دەبوو لەیلا بەقۆڵی بیگرێت، ڕایبکێشێتە دواوە. "مەکە! نا! زۆر بەڕێز بوو لەگەڵمدا. پێویستیم بەخولەکێکە هەر ئەوەندە. باش دەبمەوە."

لە تەنیشتییەوە دانیشت، بەهێواشی دەستی دەهێنا بەملیدا و لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد. بەرەبەرە دەستی خزایە خوارەوە بۆ پشتی، پاشان دووبارە بۆ سەرەوە. پاڵی دایەوە، ددانە قەرەباڵغەکانی دەرخست.

"با بزانین، کەواتە،" لە خۆشیدا مرخەی دەهات "بزانم ناتوانم من باشترت بکەمەوە."

یەکەم، ئەو درەختانەی کە نەبڕابوونەوە بۆ سووتاندن، پەڵەپەڵە گەڵا زەرد و سوورباوەکانیان هەڵوەراند. پاشان، بایەکان دەهاتن، سارد و شێدار بەتوندوتیژی بەناو شارەکەدا وژەیان دەهات. باقیی گەڵا بەربووەوەکانیان هەڵدەوەراند و درەختەکانیان، وەک خەوێکی ڕووت، ڕووبەڕووی گردە قاوەیی هەڵگەڕاوەکان بەجێ دەهێشت. یەکەم بەفربارینی وەرزەکە هێواش و کەم بوو، کلووەکان زووتر لە کەوتنە خوارەوەیان دەتوانەوە. ڕێگەکان دەیانبەست، پاشان بەفر لەسەر سەقفەکان کۆ دەبووەوە، بەفری بەستوو هەتا نیوەی پەنجەرەکان کەڵەکە دەبوو. لەگەڵ بەفردا کۆلارەکان دەهاتن، وەختێک فەرمانڕەوای ئاسمانی کابول و پەرژین شکێنەرە بێ زاتەکان لە ناوچەکەدا بەمووشەکی کلکدار و فرۆکەی شەڕی خۆیان بەیان دەکرد.

ڕەشید بەردەوام هەواڵی شەڕی دەهێنایەوە، وە لەیلا سەری دەسوڕما لەو هەموو دڵسۆزییەی ڕەشید دەیویست پێی بدات. سەییاف لەگەڵ هەزارەکان شەڕیان دەکرد، ڕەشید دەیوت، هەزارەکان لەگەڵ مەسعوود شەڕیان دەکرد.

"وە ئەویش، بێگومان لەگەڵ حیکمەتیار شەڕ دەکات، کە لەلایەن

پاکستانییەکانەوە پشتگیری دەکرا. دوژمنی مەرگداری یەکن ئەو دووانە، مەسعوود و حیکمەتیار. سەییاف لایەنگری مەسعوودە وە حیکمەتیار پشتگیریی هەزارەکان دەکات، لە ئێستادا."

لەبارەی فەرمانده‌رە پێشبینینەکراوەکەی ئۆزبێک "دۆستوم"، ڕەشید دەیوت کەس نازانێت لە کوێیە. دۆستوم شان بەشانی موجاهیدەکان شەڕی رووسەکانی کردووە لە سالانی هەشتاکاندا، بەلام هەڵهاتبوو چووبووە پاڵ سەردەستەی ڕژێمە کۆمۆنیستییەکەی نەجیبولا دوای ئەوەی سۆڤیەتەکان ڕۆیشتن. هەتا لەلایەن نەجیبولا خۆیەوە مەدالیایەکی پێ بەخشرابوو، پێش دووبارە چوونەوە پاڵ دوژمن و چوونەوە پاڵ موجاهیدەکان. لەو ماوەیەدا، ڕەشید دەیوت، دۆستوم پشتگیریی مەسعوودی دەکرد.

لە کابولدا، بەتایبەت لە ڕۆئاوای کابولدا ئاگر دەباری لەگەڵ کەڵکەڵەی دووکەڵی ڕەش بووبووە چادر بەسەر بینا بەبەفر داپۆشراوەکانەوە. باڵوێزخانەکان داخران. قوتابخانەکان رووخان. لەناو ژووری چاوەڕوانی نەخۆشخانەکاندا، نەخۆشەکان بەنەگیرسانەوەی خوێن دەمردن. ڕەشید دەیوت، لە ژووری نەشتەرکاریدا پەل دەبرڕرایەوە بەبێ بەنج.

ڕەشید دەیوت "بەلام خەمت نەبێت تۆ لەگەڵ من پارێزراویت، گوڵەکەم، هەر کەس هەوڵی ئازاردانی تۆ بدات، جەرگی دەردێنم و دەرخواردی خۆی دەدەم."

ئەو زستانە لەیلا رووی لە هەر لا دەکرد دیوارەکان سەرەڕێگەکەیان لێ گرتبوو. بەتاسەوە بیری لە ئاسمانە فراوانەکەی منداڵیی دەکردەوە، ئەو ڕۆژانەی لەگەڵ بابە دەچوون بۆ پێشبرکێی ئەسپسواری و لەگەڵ دایە دەچوون بۆ شت کڕین، ڕۆژانی ڕاکردن بەناو شەقامەکاندا و زەمکردنی کوڕەکان لەگەڵ گیتی و حەزینادا. ڕۆژانی دانیشتن لەگەڵ تاریق لەسەر وێنجە و سێپەرەکان لەسەر کەناری رووبارەکە، وە گۆڕینەوەی مەتەڵ و نقوڵی ترش و شیرین، سەیرکردنی خۆر هەتا ئاوا دەبوو.

بەلام بیرکردنەوەکە لە تاریق زۆر نهێنگر و ناپاک بوو چونکە پێش ئەوەی ڕێگەی لێ بگرێ و بیوەستێنێ، تاریقی دەبینی لەسەر قەرەوێڵەیەک ڕاکشاوە و کانۆلا جەستە سووتاوەکەیان لە هەموو لایەکەوە سمیوە، وەک ئەو ڕقە توورەیەی بەردەوام

قوڕگی دەسووتاند، ئەو خەفەتە قووڵە ئیفلیجکەرەی لەو ڕۆژانەدا لە سنگی لەیلاوە بەرز دەبووەوە. قاچەکانی دەبوون بەئاو، دەبوو خۆی بەشتێک ڕابگرێ.

لەیلا ئەو زستانەی ساڵی ١٩٩٢ی بەگسکدان لە ماڵەکە تێ پەڕاند، دیوارە ڕەنگ پرتەقاڵییەکەی ژوورە هاوبەشەکەی لەگەڵ ڕەشید دەکڕاند، جلی لە دەرەوە لەناو تەشتێکی گەورەدا دەشۆرد. هەندێ جار هەستی دەکرد بەسەر جەستەی خۆیەوە لەنگەر دەگرێت، خۆی دەبینی بەسەر لێواری تەشتەکەدا هەڵترووشکاوە، قۆڵەکانی تا ئانیشکی هەڵکردووە، دوو دەستە پەمەییەکەی لەناو سابووناودا لە ئازاردا دەتلانەوە، بۆ شووشتنی یەکێک لە کراسەکانی ڕەشید. پاشان هەستی بەونبوون دەکرد، لەو ناوەدا دەسووڕایەوە وەک نەمردن و بەجێمانی مەلەوانێک لەناو کەشتییەکی وەرگەڕاودا بەبێ هەبوونی وشکانی لە سۆمایدا جگە لە کیلۆمەتر و کیلۆمەتر لە ئاو.

ئەو کاتانەی زۆر لەوە ساردتر دەبوو بچێتە دەرەوە، لەیلا لەناو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، پیاسەی دەکرد. نینۆکی دەهێنا بەدیوارەکەدا لەناو داڵانەکەدا، پاشان بەسەر هەنگاوەکانیدا دەگەڕایەوە، هەتا بەرەو ڕووی مریەم دەڕۆیشت. ئەویش نیگایەکی پڕ خۆشیی پێ دەبەخشی و دەستی دەکردەوە بەقنچککردن و قاشکردنی بیبەر و لێکردنەوەی چەوری لە گۆشت. بێدەنگییەکی بەئازار ژوورەکەی پڕ دەکرد، لەیلا ڕکەبەرایەتییە بێ وشەکەی هەست پێ دەکرد، وەکو شەپۆلی گەرمی لە جادەی قیر، لە مریەم بەرز دەبووەوە، دەگەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، لەسەر چەرپاکە دادەنیشت، سەیری هاتنە خوارەوەی بەفری دەکرد.

ڕۆژێک ڕەشید بردی بۆ دووکانی پێڵاوەکەی.

کاتێک بەیەکەوە لە دەرەوە دەبوون، لە تەنیشتی لەیلاوە دەڕۆیشت، مەچەکی توند دەگرت. بۆ لەیلا، لە دەرەوە بوون لەسەر شەقامەکان بووبووە وەرزشێک بۆ تەکینەوە لە برینەکان. چاوەکانی هێشتا خەریکی ڕێککەوتن بوون لەسەر وێنە سنوردارەکەی لە بورقەکەیەوە دەیبینی، پێیەکانی هێشتا ڕەتلیان دەدا بەسەر دامێنەکەیدا، بەترسێکی هەمیشەییەوە لە چورتمدان و کەوتن، لە شکانی پێیەک، لە هەنگاونان بەسەر زێرابەکاندا. هێشتا، هەندێک ئاسوودەیی دەدۆزییەوە لەو شاردنەوەیەی بورقەکە دەستەبەری دەکرد. بەم شێوەیە ناناسرێتەوە، ئەگەر

ڕابکات بۆ لای یەکێک لە ناسراوە کۆنەکانی پێویستی نەدەکرد سەرسامییەکەی ناو چاویان بخوێنێتەوە، یان بەزەیی و دڵخۆشییەکەیان، لەوەی چەند دوور و قووڵ کەوتووە، لەوەی چەندێک بڵندخوازییەکەی تێک شکاوە و بەیەکدا کەوتووە.

دووکانەکەی ڕەشید گەورەتر و سەقفەکەی ڕووناکتر بوو لەوەی لەیلا بیری لێ دەکردەوە. بردییە پشتەوە و لە دوای قەرەباڵغیی مێزەکەیەوە داینیشاند. لەسەر مێزەکەی بنە پێڵاو و پارچەی چەرمی کۆن بەسەریەکدا درابوون. چەکوشەکانی پێشان دا، بۆی ڕوون کردەوە چۆن مەکینەی سمارتەکە ئیشی دەکرد، بەدەنگێکی بەرز و سەربەرزەوە.

دەستی لە سکی دەدا لەسەر کراسەکەیەوە نا، بگرە لەژێرییەوە، سەری پەنجەکانی سارد و زبر وەک پێستەیەکی زبر و ڕەق بەسەر پێستە ئاوساوەکەیدا. لەیلا دەستی تاریقی بیر دەکەوتەوە، ساف بەڵام بەهێز، دەمارە چالاک و پڕەکانی پشتیان، کە هەردەم بۆ لەیلا جوانییەکی پیاوانە بوو.

ڕەشید وتی "زۆر خێرا دەئاوسێت، کوڕێکی گەورەی لێ دەردەچێت. ئا کوڕەکەم دەبێت بەپاڵەوان! وەک باوکی."

لەیلا کراسەکەی دادایەوە گیانی پڕ بووبوو لە ترس کە بەم شێوەیە قسەی دەکرد.

"شتەکان چۆن دەڕۆن لەگەڵ مریەم؟"

لەیلا وتی کە باشن.

"چاکە. چاکە."

بەڕەشیدی نەوت کە یەکەم شەڕی ڕاستەقینەیان بووە.

یەک دوو ڕۆژ پێشتر ڕووی دابوو. لەیلا چووبوو بۆ چێشتخانەکە، مریەمی بینیبوو چەکمەجەی کردبووەوە و ڕایتەکاندبوو دایخستبووەوە. مریەم وتبووی بۆ کەوگیرە دارەکە گەڕاوە کە برنجی پێ تێکەڵ هەڵدەدا.

مریەم سووڕابووەوە و ڕووی کردبووە لەیلا و وتبووی "لە کوێ داتناوە؟"

لەیلا وتبووی " من؟ من هەڵم نەگرتووە. من بەئاستەم دێمە ئێرە."

"دیقەتم داوە."

"ئەوە تاوانبارکردنە؟ تۆ دەتویست بەم شێوەیە بێت، بیرتە. تۆ وتت ژەمەکان

ئامادە دەکەم. بەڵام ئەگەر دەتەوێت بیگۆڕیتەوە..."

"کەواتە دەڵێیت دوو قاچی بچووکی لێ ڕوا و خۆی چووە دەرەوە. تیپ، تیپ، تیپ، تیپ. کەواتە وا بووە، وانییە؟"

لەیلا وتی "من دەڵێم..." هەوڵی دەدا کۆنترۆڵ لەدەست نەدات، هەموو کات هەوڵی دەدا بەرگەی گاڵتە پێکردن و پەنجەڕاکێشانەکانی مریەم بگرێت. بەڵام بەرەپێیەکانی ئاوسا بوون، سەری دەئێشا، دڵەکزێکەی زۆر بەهێزتر بوو. "من دەڵێم لەوانەیە خۆت لە شوێنێکی تر داتنابێت."

مریەم چەکمەجەیەکی ڕاکێشا" لە شوێنێکی تر؟" چەقۆ و کەوگیرەکانی ناوی هاڕەیان هات، "چەندێکە لێرەیت، یەک دوو مانگ؟ من نۆزدە ساڵە لەم ماڵەدا دەژیم کچی باش. لەو کاتەی تۆ دایبییەکانت پیس دەکەیت من کەوگیرەکەم لەم چەکمەجەیەدا دادەنێم."

لەیلا وتی " هێشتا، " ددانی جیڕ کردەوەو تووڕەو پڕ بوو "بۆی هەیە لە شوێنێکی تر داتنابێت و لە بیرت چووبێت."

"وە بۆی هەیە تۆ لە شوێنێکدا شاردبێتەوە بۆ ئەوەی منی پێ تووڕە بکەیت."

لەیلا وتی" تۆ ژنێکی بەدبەخت و هەناسەساردیت."

مریەم سڵەمییەوە، پاشان هۆشی هاتەوە بەر و لێوی لێک توند کرد "وە تۆ قەحبەیت. قەحبە و درزیت. درزێکی قەحبە، ئەوە تۆیت!"

پاشان هاوارکردن. مەنجەڵ بەرز کرانەوە بەڵام هەڵنەدران. جنێویان بەیەک دان. جنێوێک دەموچاوی لەیلای سوور کردەوە. لەو کاتەوە قسەیان نەکردووەتەوە. لەیلا هێشتا سەرسامە بەوەی کە چۆن هێندە بەئاسانی سەری لێ شێوا، بەڵام، ڕاستییەکە ئەوە بوو کە هێشتا بەشێکی لەیلا حەزی بەوە دەکرد. حەزی بەوە کرد کە بەو جۆرە بەسەر مریەمدا قیژاندبووی، نەفرەتی لێ کردبوو، نیشانەیەکی داگرتبووەوە و هەموو تووڕەییە پیشخواردبووەکەی و خەفەتەکەی تێ گرتبوو.

لەیلا بیری دەکردەوە، وەک تیژبینییەک، کە مریەمیش بەهەمان شێوە نەبووبێت.

دواتر، ڕای کردبووە سەرەوە و خۆی هەڵدابووە سەر چەرپاکەی ڕەشید. لە خوارەوە، مریەم هێشتا هاواری دەکرد" قوڕ بەسەرت! قوڕ بەسەرت!" لەیلا لەسەر چەرپاکە ڕاکشابوو بەناو سەرینەکەدا دەینوزاند. لە پڕ بەهەستێکی قووڵ و هێز

لێبڕەوە بۆ یەکەم جار لە دوای ئەو ڕۆژە خەمناکانە و دوای پەلاماردانەکە بیری دایکی و باوکی دەکرد. لەوێ ڕاکشا، مستی پڕ کردبوو لە چەرچەفی سەر چەرپاکە، هەتا لە پڕ هەناسەی گیرا. هەستا، دەستی ڕاپسکاند بۆ سکی.

منداڵەکە بۆ یەکەم جار شەقێکی هەڵدا.

## ٣٣
## مریەم

بەیانییەکی زووی بەهاری داهاتوو ساڵی ١٩٩٣ مریەم لەلای پەنجەرەی ژووری دانیشتنەکەوە وەستا و سەیری ڕەشیدی دەکرد لەگەڵ کچەکە دەچووە دەرەوەی ماڵەکە. کچەکە پەڕپوت و لەتراوی، لە ناوقەددا نوشتابووەوە، قۆڵێکی بەپارێزگارییەوە بەرزاییە گرژەکەی سکی داپۆشیبوو، شێوەکەی لەسەر بورقەکەیەوە دیار بوو. ڕەشید بێ ئارام و زیاد لە پێویست سەرنجدەر بوو، ئەنیشکی گرتبوو، بۆ ئەوبەری حەوشەکە وەک پۆلیسی ترافیک دەستی ڕادەوەشاند و ڕەوانەی دەکرد. جووڵەیەکی، لێرەدا بۆستەی، نیشان دا، بەخێرایی چوو بۆ پێشەوە و دەستی بۆ کچەکە جووڵاند کە ئەویش بێت. بە پێیەک دەرگەکەی بەکراوەیی ڕاگرت، کاتێک گەیشتە لای، دەستی گرت و یارمەتیی دا بەلای دەرگەکەدا بڕوات، مریەم گوێی لە وشە بێدەنگەکانی ڕەشید دەبوو "چاوت لەبەر پێت بێت، ئێستا، گوڵەکەم."

ئێوارەی داهاتوو زوو هاتنەوە.

مریەم ڕەشیدی بینی یەکەم جار هاتە حەوشەکە. زوو دەرگەکەی بەڕەڵا کرد کەمێکی مابوو بیدات بەدەموچاوی کچەکەدا. حەوشەکەی بە یەک دوو هەنگاوی خێرا بڕی. مریەم سێبەرێکی لەسەر دەموچاوی دۆزییەوە، تاریکییەک خەتێکی هێنابوو بەژێر ڕووناکییە سوورباوەکەی خۆر ئاوابووندا. لە ماڵەوە، چاکەتەکەی داکەند، فڕێی دایە سەر قەنەفەکە. بەلای مریەمدا تێ پەڕی، بەدەنگێکی وشک و ڕەق وتی " برسیمە. نانی ئێوارە ئامادە بکە. "

دەرگەی پێشەوەی ماڵەکە کرایەوە. لە داڵانەکەوە، مریەم کچەکەی بینی، پریاسکەی مەلۆتکەیەک لە پێچی قۆڵی چەپیدا بوو. پێیەکی لە دەرەوە بوو، ئەوی تر لە ژوورەوە، ڕووی لە دەرگەکە بوو بۆ ڕێگەگرتن لە داخرانەوەی بەیەکدا. پشتی

نوشتابووەوە و نرکەی دەهات، دەیویست دەستی بگاتە ئەو زەرفەی شتەکانی تێدا بوو داینابوو بۆ ئەوەی دەرگەکە بکاتەوە. دەموچاوی بەکۆشش و هەوڵدان گرژ و مۆن بووبوو. سەری هەڵبڕی و مریەمی بینی.

مریەم ڕووی کرد بەودیودا و چوو بۆ چێشتخانەکە نان بۆ ڕەشید ئامادە بکات.

ڕەشید چاوی هەڵگلۆفی و وتی " وەک ئەوە وایە کەسێک دەرنەفیزێک دابکوتێت بەناو گوێمدا." لەناو دەرگەکەی مریەمدا وەستابوو، چاوی ئاوسا بوو، تەنیا جزداشەیەکی لەبەردا بوو بەگرێیەکی شل بەسترابوو. قژە سپییەکەی پەرش و بڵاو، سەیری هەر لایەکی دەکرد دەیوت "ئەم گریانە. بەرگەی ناگرم."

لە خوارەوە، کچەکە دارەدارەی بەمنداڵەکەی دەکرد و دەیویست گۆرانیی بۆ بڵێت.

ڕەشید دەیوت "دوو مانگ دەبێت شەو خەوێکی شیاوم نەبووە، ژوورەکە بۆنی زێرابی لێ دێت. جلی پیساوی لە هەموو شوێنێکدا کەوتووە، شەوەکەی تر پێم نا بەیەکێکیاندا."

مریەم لە دەروونی خۆیدا بەخۆشییەکی چەوتەوە بزەی دەهات.

ڕەشیدە لەسەر شانییەوە هاواری دەکرد "بیبە دەرەوە! ناتوانیت بیبەیتە دەرەوە؟"

گۆرانی وتنەکە بەکورتی ڕاگیرا " تووشی نەخۆشیی سنگ دەبێت!"

" هاوینە!"

" چی؟"

ڕەشید ددانی لێک جیڕ کردەوە و سەری بەرز کردەوە" وتم، دەرەوە گەرمە!"

" نایبەمە دەرەوە!"

گۆرانی وتنەکە دەستی پێ کردەوە" هەندێ جار، سوێند دەخۆم، هەندێ جار دەمەوێت ئەو شتە بخەمە سندووقێکەوە و وازی لێ بێنم تا لەناو ڕووبارەکەی کابولدا نقوم دەبێت وەک بەچکە جوولەکە."

مریەم هەرگیز گوێی لە ڕەشید نەبووبوو کچەکە بەو ناوە بانگ بکات کە لێی نرابوو، ئەزیزە، ناوە خۆشەکەی. هەموو کات منداڵەکە بوو. یان وەختێک کە زۆر

ڕقی هەڵدەستا ئەو شتە.

هەندێک شەو، مریەم گوێی لە دەمەقرەیان دەبوو. لەسەر نووکی پێ دەچوو بۆ لای دەرگەکەیان، گوێی لە گلەییی ڕەشید لەبارەی منداڵەکەوە دەگرت، هەرگاڤ منداڵەکە، گریانە بەردەوامەکە، بۆنەکانی، ئەو یارییانەی پاڵیان بەڕەشیدەوە نابوو بگوێزێتەوە، منداڵەکە تێبینی و گوێڕایەڵییەکانی لە ڕەشید گرتبووەوە بەداواکارییە بەردەوامەکەی بۆ خواردن پێدانی، ڕشانەوەی، جل گۆڕینی، دارەدارە، باوەش. کچەکە لە هەقی جگەرەکێشانەکەی و نەهێشتنی خەوتنی منداڵەکە لەگەڵیان بەڕەشیددا هەڵشاخی.

دەمەقرەی تریش هەبوون کە بەدەنگی نزم بەرپا دەکران.

" دوکتۆرەکە وتی شەش هەفتە."

" هێشتا نەء، ڕەشید، نا، وازی لێ بێنە. تکایە، وا مەکە. "

" دوو مانگە."

" شش، منداڵەکەت خەبەر کردەوە." پاشان بەڕەقترەوە وتی "ئێستا دڵت ئاوی خواردەوە؟"

مریەم خشایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.

ڕەشید ئێستا دەیوت "ناتوانیت هیچ بکەیت؟ شتێک هەر هەیە تۆ بتوانیت بیکەیت."

مریەم وتی "من چی لەبارەی منداڵانەوە دەزانم؟"

" ڕەشید دەتوانیت مەمکەشیرەکەی بۆ بهێنی لە خوارەوە؟ دیسان ئەمە ناخوات. دەبێت شیری قوتووی بۆ بەکار بهێنم."

قیژەی منداڵەکە هەڵدەهات و نزم دەبووەوە.

ڕەشید چاوی داخست. "ئەو شتە سەردەستەی شەڕە. حیکمەتیار. من پێت دەڵێم، لەیلا گوڵبودین حیکمەتیاری بووە."

مریەم سەیری دەکرد کاتێک ڕۆژەکانی لەیلا گرفتارتر دەبوون بەخواردن پێدان، ڕاژەندن، هەڵپەڕاندن، دارەدارە پێکردن. هەتا وەختێک کە منداڵەکە سەرخەوی دەشکاند، جلی تەواوی لێ بوو لەیلا لەو کاتەدا بیانشوات، نینۆک ڕێککردن

بەسمارتە. بەدلە و بیجامەکانی دەشۆرد و هەڵی دەخستن بۆ وشکبوونەوە. ئەم جلانە، وەک شتەکانی تری منداڵەکە، بووبوونە هۆی هەوڵدان و کۆششەکانی لەیلا.

ڕەشید وتی "چییانە؟"

"جلی کوڕانەن. بۆ ئەو منداڵە."

"لەو باوەڕەدایت هەست بەجیاوازییەکەی بکات؟ پارەیەکی باشم پێداون. وە شتێکی تر، ئەو ڕەنگە لای من گرینگ نییە. ئەوە ئاگەدارکردنەوەیەک بوو."

هەموو هەفتەیەک، بەبێ فەشەلهێنان، کچەکە پارچە مسێکی ڕەشی لەسەر مقەڵییەک گەرم دەکرد، تۆوی هەندێک گوڵی تێ دەکرد و دەیبرژاند، دووکەڵەکەی بەرەو منداڵەکە بەهەوادا دەدا بۆ ئەوەی لە کاری بەد بەدوور بێت.

مریەم بەلایەوە زۆر ماندووێتی بوو سەیری خۆشی و شادیی دەربڕینی کچەکە بکات، وە دەبوو بەرگەی بگرێت، ئەگەر تەنیا بەرێژەیەکی کەمی پەسندکردن بووایە. سەری دەسوڕما کە گەشانەوەی چاوی کچەکەی بەڕێز و خۆشەویستی دەبینی، هەتا بەیانییان کە دەموچاوی داگیرا بوو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو لە ئەنجامی ئەو گێڕانەی دارەدارەی بەمنداڵەکەی کردبوو. کچەکە قاقای پێکەنینی دەهات کە منداڵەکە باوژەی دەکرد. بچووکترین گۆڕانکاری لە منداڵەکەدا دڵخۆشی دەکرد، وە هەر شتێکی دەکرد جوانی و سەرنجڕاکێشیی نیشان دەدا.

" سەیر کە! دەست دەبات بۆ شەقشەقەکە. چەند زیرەکە."

ڕەشید دەیوت" تەلەفۆن بۆ ڕۆژنامەکان دەکەم."

هەموو شەوێک، ڕوونکردنەوە و خۆپێشاندانی هەبوو. کاتێک کچەکە پێی لەسەر شایەتیکردنی ڕەشید دادەگرت، ڕەشید چەناگەی بۆ سەرەوە هەڵدەگەڕاندەوە و ڕوانینێکی پڕ لە ئارامی و دوور و درێژ لە دەمارە شینەکەی سەری لووتی دەڕوانی.

"سەیر کە. چۆن پێ دەکەنێت کە پەنجەم دەدەم بەیەکدا. ئەوەتا. دەیبینی؟ بینیت؟"

ڕەشید دەیمرخاند و دەچووەوە بۆ لای قاپەکەی. مریەم بیری دەکردەوە چۆن تەنیا ئامادەبوونی کچەکە زاڵ بووبوو بەسەریدا. هەر شتێکی دەوت دڵخۆشی دەکرد، سەرنجی ڕادەکێشا، وای لێ دەکرد سەری لە قاپەکەی بەرز کاتەوە و بەڕەزامەندییەوە سەر بلەقێنێت.

شتە نامۆکە ئەوە بوو، کەوتنی کچەکە لە جوانی و لەختولاری دەبوو مریەمی ئاسوودە بکردایە، دەستی ڕووسپێتیی پێ ببەخشێ. بەڵام نەیکرد. نەیدەکرد. بۆ سەرسامکردنی مریەم، مریەم خۆی دۆزییەوە لەناو دڵ سووتان و بەزەیی هاتنەوە بەکچەکەدا.

هەروەها لە کاتی نانی ئێوارەدا بوو کاتێک کچەکە لێشاوێکی بەردەوام لە دوودڵیی پەرش و بڵاو کردەوە، لە سەروو هەموویەوە کارەساتێک بوو لەگەڵ هەر کۆکەیەک گومانێکی بۆ دروست دەبوو. پاشان نەخۆشیی سکچوون، تارماییەکەی لەگەڵ هەموو پیساییەکدا زیادی دەکرد. هەموو گەرمەژنەیەک یان مێکوتە یان سورێژەی پێوە بوو.

شەوێک ڕەشید وتی " وا باشە زۆر نزیک نەکەویتەوە."

"مەبەستت چییە؟"

"ئەو شەوە گوێم لە ڕادیۆ دەگرت، دەنگی ئەمەریکا، گوێم لە ئامارێکی سەیر بوو دەیوت یەک لە چوار منداڵی ئەفغانستان پێش تەمەنی پێنجساڵی دەمرن. وای دەوت. ئێستا، ئەوان... چی؟ چی؟ دەچیت بۆ کوێ؟ بگەڕێوە ئێرە. هەر ئێستا!"

ئەو شەوە مریەم لەسەر جێگەکە ڕاکشابوو کاتێک دەمەقاڵە دەستی پێ کرد. شەوێکی گەرمی هاوین بوو ناسرابوو بەمانگی سەرەتان لە کابول. مریەم پەنجەرەکەی کردبووەوە، پاشان دایخست کاتێک هیچ هەوا نەدەهات و گەرمییەکە زیادی دەکرد. تەنیا مێشولە دەهاتنە ژوور، هەستی بەگەرمییەکە دەکرد لە زەوییەکەی دەرەوە بەرز دەبووەوە، بەناو پارچە تەختە قاوەییە ئەستوورە تەڵەزمایییەکانی ئاودەستی حەوشەکەدا، بەسەر دیوارەکەدا دەهاتن بۆ ناو ژوورەکەی.

هەموو کات شەڕەکە دوای یەک دوو خولەک دەستی پێ دەکرد، بەڵام دوای نیو سەعات نەک تەنیا هەر بەردەوام بوو بگرە تا دەهات بەرزتر دەبووەوە. مریەم ئێستا گوێی لە دەنگی ڕەشید بوو هاواری دەکرد. دەنگی کچەکە، لەژێر دەنگی ئەودا، تیژ و کاتی بوو. منداڵەکە زوو دەیدایە قوڵپەی گریان.

پاشان مریەم گوێی لە دەرگەکەیان بوو بەتوندوتیژییەوە کرایەوە. بۆ بەیانی، مریەم جێگە خڕ و چاڵەکەی کێلونی دەرگەکەی لەناو دیواری داڵانەکەدا

دەبینییەوە. ڕەشید شۆرت و فانیلەیەکی سپیی لەبەردا بوو، ژێر باڵەکانی بەئارەق زەرد بووبوون، جووتێک نەعلی ئیسفنجی لە پێدا بوو. قایشێکی بەدەستەوە بوو، ئەو چەرمە قاوەیییەی بۆ مارەکردنی کچەکە کڕیبووی، سەرە کونکوناوییەکەی لە دەوری دەستی دەپێچا.

ددانی جیڕ دەکردەوە و دەینەڕاند و بەرەو ڕووی دەچوو "هەموو ئەمانە ئیشی تۆن، دەزانم. مریەم لە جێگەکەی هاتە دەرەوە و دەستی کرد بەهەنگاونان بۆ دواوە. قۆڵەکانی لە خۆیانەوە بەرەو سەرسنگی دەڕۆیشتن، ئەو شوێنەی یەکەم جار هێرشی دەکردە سەر.

بەزمانگیرییەوە وتی" باسی چی دەکەی؟"

" بەرپەرچدانەوەکانی، تۆ فێری دەکەی بیکا."

لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵەکاندا، مریەم فێر بوو خۆی سەخت ڕابگرێت لەگەڵ بەسووک سەیرکردن و پێدا هەڵشاخینەکانی، گاڵتە پێکردن و سەرزەنشتەکانی ڕەشیددا. بەڵام هێزی بەسەر ئەم ترسەدا نەدەشکا. دوای هەموو ئەم ساڵانە، هێشتا گیانی لە ترسدا هەڵدەلەرزی کاتێک ڕەشیدی بەم شێوەیە دەبینی. قەشمەریی پێ دەکرد و خۆی توند دەکردەوە، قایشەکەی لە دەوری دەستی دەپێچا، جیڕەی چەرمەکە، برووسکەی ناو چاوە خوێن تێزاوەکانی. ترسی ئەو بزنە بوو لە هێلانەی پڵنگەکەدا کاتێک پڵنگەکە بەچنگەکانییەوە سەر بەرز دەکاتەوە و دەمرێنێ.

ئێستا کچەکە لەناو ژوورەکەدا بوو، چاوی زەق و دەموچاوی شێوا بوو.

ڕەشید زللەیەکی لە مریەم دا و وتی " دەبوو بمزانیایە تۆ بەدڕەفتاری دەکەیت." قایشەکەی ڕاوەشاند، بەڕانی خۆی تاقی دەکردەوە، ئاوزونگەکەی بەدەنگێکی بەرز زرنگایەوە.

کچەکە وتی" بەسە! ڕەشید، ناتوانیت ئەمە بکەیت."

" بگەڕێوە بۆ ژوورەکە."

مریەم دووبارە هەنگاوی نایەوە بۆ دواوە.

" نا! شتی وا مەکە! "

" ئێستا!"

ڕەشـیـد دووبارە قـایشـەکەی هـاویشت وە ئەم جـارە هات بۆ مـریەم. ئەمـجـارە هێرشی هێنایە سەر مریەم.

پاشـان ڕووداوێکی زۆر سـەرسوڕهێنـەر ڕووی دا: کچەکە گوژمی دا بـۆ ڕەشید، بەهەردوو دەســتـی قــۆڵی گــرت و هـەوڵی دەدا ڕایبکێــشــێــتــە دواوە، بەڵام لەخـۆهـەڵواسین بەڕەشـیـددا زیاتری بـۆ نەکـرا، بەڵام لە هـێـواشکردنـەوەیدا بەرەو مریەم سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

ڕەشید هاواری کرد" واز بێنە!"

" تۆ بردتـەوە. تۆ بردتەوە. وا مـەکـە. تکایە، ڕەشـیـد، لێـدان نا! تکایـە شـتـی وا مەکە."

بەم شێوەیە لە هەوڵداندا بوون، کچەکە هەڵواسرابوو بەڕەشیددا، تکای دەکرد، ڕەشـیـد هەوڵی دەدا لە خـۆی بکاتـەوە، چاوی لەسـەر مـریەم بـوو، کە زۆر لەوە وڕ و کاستر بوو بتوانێ هیچ بکا.

لە کـۆتـاییـدا، مـریەم ئەوەی زانی کـە لێـدان نەمـاوە، بۆ ئـەو شـەوە نەمـاوە. مـەبەستـەکـەی خۆی بەجێ گەیاندووە. یەک دوو خـولەک زیاتر بەم شـێوەیە مـایەوە، قـۆڵی بۆ سـەرەوە، سنگی قـورس و بەرز و نزمـیی دەکـرد، توێژێکی تەواوی ئارەق برۆکانی داپۆشیبوو. بەهێواشی، قۆڵی نزم کردەوە، قـاچی کـچـەکـە دای لە زەوی بەڵام هێـشـتـا بـەری نەدەدا، وەک ئەوەی مـتـمـانەی پێ نەکـات. شـانی ڕاتەکـاند بۆ ئەوەی لە گرتنەکەی لەیلا دەربازی بکا.

وتی" ئاگـەدارتان دەکـەمـەوە،" قـایشــەکـەی ڕاوەشـانـد "هـەردووکـتــان ئاگـەدار دەکەمەوە. خۆم کەر ناکەم، خۆم ناکەم بەکەسێکی دەبەنگ لەناو ماڵەکەی خۆمدا."

یەک دواین چاوی کـوژەری لـە مـریەم زەق کـردەوە، لەناو ڕێگەکـەیدا بۆ دەرەوە پاڵێکی لە دواوە بەکچەکەوە نا.

کــاتێک گــوێی لە دەنگی داخــرانی دەرگــەکــەیان بـوو، مــریەم هـەڵگـەڕایەوە بەچەرپاکەیدا، سەری لەژێر سـەرینەکەیدا ناشت، چاوەڕێی هەڵلـەرزینەکەی گیانی دەکرد بوەستێ.

سێ جار ئەو شـەوە مریەم بەخەبەر هات. یەکـەم جار، ڕمەی مووشـەکێک بوو لە

خۆرئاوا، له ئاراستەی"کەرتی-چار"ەوە هات. دووەم جار، منداڵەکە بوو لە خوارەوە دەگریا، ششی کچکە، تەقەی کەوچکێک بەقوتووی شیرەکەدا. دواجار تینوویّتی، لە جێگەکەی ڕایکێشایە دەرەوە.

لە خـوارەوە، ژووری دانیشـتنەکـە تاریک بوو، هـێڵـێکی ڕووناکی مـانگەکـەی لە پەنجەرەکەوە تێدا مـابوو. مریەم گوێی لە گیزەی مێشوولەیەک بوو لە شـوێنێکەوە، شـێـوەی چوارچێـوەی زۆپا ئاسنەکـەی دەبینی لە سـووچەکـەدا، لوولەکـەی دەرپۆقیبووە سەرەوە و سووچێکی تیژ و ڕێکی لەژێر سەقفەکەدا دروست کردبوو.

لە سـەرەڕێگەکەیدا بۆ چێشـتخانەکە، مـریەم هێندەی نەمـابوو قـاچی لە شـتێک بگیـرێت. تارمـاییـیـەک لای پێیـەکـانیـەوە بـوو. کـاتێک چاوەکـانی ڕۆشن بوونەوە، کچەکەو منداڵەکەی دۆزییەوە لەسەر زەوییەکە، لەسەر لێفەیەک ڕاکشابوون.

کـچـەکە لـەسـەر لا خـەوتبـوو، پرخـەی دەهـات. مـریـەم چرا نەوتیـیـەکەی لـەسـەر مـێزەکـە داگـیـرسـانـد و دایگرتە خـوارەوە. لە ڕووناکـیـیـەکـەدا، یەکـەم سـەرنجی ڕاسـتـەقـینـەی منداڵەکـەی دا، کـاکـۆڵێک قـژی ڕەش، برژانگی پڕ، چاوی کـاڵ، ڕوومەتی پەمەیی، وە لێوی لە ڕەنگی هەنارێکی گەییو دەچوو.

مـــریەم وا هـاتە بـەرچاوی منداڵەکـــەش لێی ورد دەبووەوە. لەســـەر پشـــتی ڕاکشابوو، ئەملا و لای سـەری گیرابوو، بەڕوانینێکی تیژ سـەیری مریەمی دەکرد لەگەڵ تێکەڵێک لە کەیف و خۆشی، سەرلێشێوان و گومان. مریەم دوودڵی ئەوە بوو دەموچاوی بیترسێنێ، بەڵام منداڵەکە بەدڵخۆشییەوە قیژەیەکی کرد، مـریەم زانی کە دادگەییکردنێکی پەسند لەبەر خاتری ئەو دروست بووە و درێژ کراوەتەوە.

مریەم چرپاندی " شش، دایکە نیوە کەرەکەت خەبەر دەکەیتەوە."

منداڵەکـە دەسـتـەکـانی تود نوقـاند. بەرز دەبوونەوە و دەکـەوتنە خـوارەوە، ڕێگەیەکی بەدیهـاتوو و گـرژیان بـۆ دەمی دۆزییـەوە. لـە دەوری دەمــە پڕەکـەی بەدەستی خـۆی منداڵەکە بزەیەکی بۆ مـریەم کرد، بڵـقی بچکۆلەی لیک بـریقـەیان دەدایەوە.

" سـەیری خـۆت بکە، چەند دیمەنێکی دڵ پەسـتکەریت، وەک کـوڕێکی بـێ مـانا جلت پۆشـیوە. لەم گەرمییەدا وا پێچراویتەوە. گومانی تێدا نییە بۆچی تا ئێستا بەخەبەریت."

مریەم بەتانییەکەی لە منداڵەکە کردەوە، زۆر خەمی ئەوەی بوو دووەم بەتانیی لەژێردا بدۆزێتەوە، قرتەیەکی بەزمانی کرد، ئەوەی ژێریشی دەرهێنا. منداڵەکە بەبارسووکییەوە لەژێر لێوییەوە پێ کەنی. وەک باڵندەیەکی بچووک باڵەفڕەی بەقۆڵی دەکرد.

" باشترە، وانییە؟"

هەرکە مریەم هاتە دواوە، منداڵەکە پەنجەتووتەی گرت، پەنجە بچووکەکان خۆیان لە دەوری لوول کرد. زۆر گەرم و نەرم بوون، لەناو دەمیدا شێیان هێنابووەوە.

منداڵەکە وتی" هممهماه"

" باشە، بەس، بەریدە."

منداڵەکە دەستی پێوە گرتبوو، دیسان پەلەقاژەی دەکرد.

مریەم پەنجەی ڕاکێشا، منداڵەکە زەردەخەنەیەکی کرد و زنجیرەیەک دەنگی لێوە هات، پەنجەکان چوونەوە ناو دەمی.

" بۆ چ شتێک هێندە دڵخۆشیت؟ ها؟ زەردەخەنە بەچی دەتگرێ؟ هێندە زیرەک نیت وەک دایکت دەڵێت. بێ مێشکێک باوکت و دەبەنگێک دایکتە. زۆر زەردەخەنە نەیدەگرتیت ئەگەر بتزانیایە. نا زەردەخەنەت نەدەکرد. ئێستا بخەوە، دەی. "

مریەم هەستایە سەرپێ و یەک دوو هەنگاو ڕۆیشت پێش ئەوەی منداڵەکە دەست بکات بەئێ، ئێ، ئێ، مریەم زانی ئەوە نیشانەی تاوە گریانێکی بەکوڵە. بەسەر هەنگاوەکانیدا گەڕایەوە.

" چییە؟ چیت لە من دەوێت؟"

منداڵەکە پێ کەنی.

مریەم ئاهێکی هەڵکێشا. دانیشت و وازی لە پەنجەی هێنا بیگرێت، سەری دەکرد کاتێک منداڵەکە دەیجوکاند، کاتێک قاچە خڕەکانی بەرز کردبووەوە و لە هەوادا شەقی هەڵدەدا. مریەم لەوێ دانیشت و بۆی دەڕوانی هەتا منداڵەکە لە جووڵە وەستا و دەستی بەپرخەیەکی نەرم کرد.

لە دەرەوە، کەنارییەکان بەدڵخۆشی دەیانخوێند، وە جار ناجارێک، کاتێک مەلە

دەنگ خۆشەکان هەڵدەفڕین، مریەم شەوقی مانگەکەی لە نێوان هەورەکانەوە لە باڵیاندا دەبینی. بەڵام هێشتا قوڕگی لە تینوویەتیدا دەکزایەوە و پێیەکانی سڕ بووبوون، زۆر پێش ئەوەی بەنیانی پەنجەی بهێنێتە ئەملاوە و هەستێتە سەرپێ.

## ٣٤

## لەیلا

لە هەموو خۆشییەکانی سەر زەویدا، خۆشترینیان ڕاکشان بوو لە تەنیشت ئەزیزەوە، دەموچاوی هێندە نزیک بێت بتوانێ فراوانبوون و گرژبوونەوەی بیلبیلەی چاوی ببینێ. لەیلا خۆشیی لە پەنجەهێنان بەپێستە نەرم و سافەکەی ئەزیزەدا دەهات، بەسەر جومگە چاڵەکاندا، قەڵەوییە نەرمەکەی ئەنیشکەکانی، هەندێ جار ئەزیزەی لەسەر سنگی پاڵ دەخست و لەبارەی تاریقەوە بەتەوقەسەرە نەرمەکەیدا دەیچرپاند، ئەو باوکەی هەردەم نامۆ دەبێت بەئەزیزە، ئەزیزە هەرگیز دەموچاوی نابینێ. لەیلا لەبارەی زیرەکییەکەی بۆ مەتەڵ هەڵهێنان پێ دەوت، فێڵبازی و بەدکارییەکەی، پێکەنینە ئاسانەکەی.

"جوانترین برژانگی هەبوو، پڕ وەک هی تۆ. چەناگەیەکی جوان، لووتێکی بچووک، لەگەڵ ناوچەوانێکی قۆقز. ئاه، باوکت زۆر قۆز بوو، ئەزیزە. زۆر بێ عەیب بوو، بێ عەیب وەک تۆ."

بەڵام ئاگەداری ئەوە بوو هەرگیز ناوی نەهێنێت.

هەندێ جار ڕەشیدی دەبینی سەیری ئەزیزەی دەکرد بەشێوەیەکی زۆر تایبەت. شەوەکەی تر، لە هۆڵی دانیشتنەکە دانیشتبوو، مێخەکەیەکی لە پێی دەکردەوە زۆر بەسادەیی وتی " کەواتە، نێوانتان چۆن بوو؟"

لەیلا بەسەرسامییەوە سەیری کرد، وەک ئەوەی تێ نەگات.

" لەیل و مەجنوون. تۆ و شەلەکە. چیتان هەبوو بەیەکەوە؟"

لەیلا وریای ئەوە بوو تۆنی دەنگی بەجۆرێکی تر نەگۆڕێت وتی" هاوڕێم بوو." خۆی بەشیر گرتنەوەوە خەریک کرد. "تۆ ئەوە دەزانیت."

ڕەشید بەرپەرچی دایەوە" من نازانم چی دەزانم." پارچە تاشراوەکانی لەسەر قەراغی پەنجەرەکە دانا و چووەوە سەر چەرپاکە. سپرینگەکان بەجیرەیەکی بەرز

نارەزاییـیـان دەربڕی. قـاچی کـردەوە و نـاوگـەڵی خـوراند." وەک دوو... هاوڕێ، هەرگیز شتی نابەجێتان کردووە؟"

" نابەجێ؟"

ڕەشـید بەدڵخۆشـییـەوە زەردەخـەنەیەکی کرد، بەڵام لەیلا هەسـتی کرد سـەیری دەکات، سارد و تیژ " بابزانم، تا ئێسـتا مـاچی داویتێ؟ یان دەسـتی خسـتبێتە شوێنێکەوە کە سـەر بەوێ نەبێت؟"

لەیلا سڵـەمییـەوە، خۆزگەی بۆ تووڕەبوونێک دەخـواست. لە قـورگیـدا هەسـتی بەکوتەکوتی دڵی دەکرد" وەکو برا وابوو بۆ من."

" کەواتە هاوڕێ بوو یان برا؟"

" هەردووکیان، ئەو... "

" کامیان؟"

" وەکو هەردووکی وابوو."

" بەڵام خوشک و برا دروستکراوی شتی سەیر و نائاسـایین، بەڵێ. هەندێک جار برایەک دەهێڵێ خوشکەکەی هەموو گیانی ببینێ. وە خوشکەکەشی..."

لەیلا وتی" تۆ شێتم دەکەیت."

" کەواتە هیچ نەبووە."

" نامەوێت لەوە زیاتر لەسەری بڕۆم."

ڕەشـید سـەری لار کردەوە، لێوی لێک توند کرد، سـەری لەقـاند. "خـەڵک زەمیـان دەکردن، دەزانیت. لە بیرمە. هەموو شـتێکیان لەبارەی هەردووکتانەوە دەوت. بەڵام تۆ دەڵێیت هیچ نەبووە."

لەیلا خێسـەیەکی لێ کرد.

چاوی لەســــەر چاوی لەیلا بۆ مــــاوەیەکی دوور و درێژ و پڕ لـە ئێش و ئازار ڕاگرت، بەنەترووکـاوی، وای لە لەیلا کرد، پەنجـەکانی لە دەوری قـوتووە شـیـرەکە هێـزیـان نەمــێنـێ، تەنیـا تـوانای ئەوەی هـەبوو بکەوێتـە خــۆی بۆ ئـەوەی زمــانی نەگیرێت و هەرەس نەهێنێ.

مـوچڕکەی پێدا دەهات لەوەی ڕەشـید چی دەکات ئەگـەر بۆی دەربکەوێ دزی لێ

کـردووە. هەمـوو هـەفـتـەیەک، لـە دوای لەدایکبـوونی ئەزیزەوە لە کـاتی خـەوتنی ڕەشـیددا، یان لەناو توالێتـەکەدا جـزدانەکـەی کردووەتەوە و پـارەیەکی کـاغـەزی دەرهێناوە. هـەندێک هەفـتـە، ئەگـەر کـیـفـەکـە سـووک بووایە، پێنجی ئەفـغـانیی هەڵدەگرت، یان هـەر هیچی هەڵنەدەگرت، لە ترسی ئەوەی ئەگەر پێی بزانێ. کاتێک کـیسـەکـەی قـورس بووایە دەیی یان بیـسـتـیـیـەکی هەڵدەگـرت، هەتا جـارێک دوو بیـسـتـیی هەڵگرتبـوو. پارەکەی لـەگـیـرفـانێکدا دەشـاردەوە کە بـەبەرگی ناوەوەی قەمسەڵەکەیەوە دووریبووی.

بیـری دەکـردەوە ڕەشـیـد چی دەکـات ئەگـەر بزانـێ، لەیلا پلانی دانـاوە بەهاری داهاتوو ڕابکا، ئەوپـەڕی ئەگـەر بگاتە هـاوینی داهاتوو. لەیلا هیـوای دەخـواست هـەزاری ئەفـغـانی یان زیاتری شـاراوەی هـەبێت، نیـوەی بەکرێی پاس دەڕوات، لە کابولەوە بـۆ پیشـاوەر. ئەڵقـەکـەی دەفرۆشـێ کـە کـاتەکە نزیک بـووەوە، لەگـەڵ ئەو خشـڵانەی تر کە ڕەشید پێی دابوو سـاڵی پێشـتـر، ئەو سـاڵەی هێشتـا شـازادەی کۆشکەکە بوو.

لە کـۆتاییـدا پەنجـەی دەدا بەسـکیـدا و وتی " بەهـەرحـاڵ، من خـەتابار نیم. من مێردم، ئەمە ئەو شتانەیە کە مێرد بیری لێ دەکاتەوە. بەڵام خۆشبەخت بوو کە بەو شێوەیە مرد، لەبەر ئەوە ئەگەر لێرە بووایە و دەستم بیگەیشتایە..."

لە نێوان ددانەکانیەوە هەوای هەڵمژی و سەری ڕاوەشاند.

لەیلا وتی" چی ڕوو دەدات ئەگەر بەپیسی باسی مردووەکان نەکەیت؟"

" وابزانم هـەندێک کەس بەتەواوی نامرن."

دوو ڕۆژ دواتر، لەیلا بەیانی خـــەبـەری بووەوە و کـــەڵەکـــێک لە جلی منداڵی دۆزییـەوە بەڕێکوپێکی قـەد کـرابوون لـە دەرەوەی دەرگـەی ژوورەکـەیدا. عـەزیەکی چنراو و ماسییەکی پەمەیی بچووک لە ملوانەکەیدا چنرابوو، عەزیەکی شینی گوڵ گوڵی خوری لەگەڵ گۆرەوی و دەستکێش لە هـەمـان ڕەنگ، بیجامەی زەردی نوکتە نوکـتـەی ڕەنگ گـێزەری تێـدا بوو، پانتـۆڵی سـەوزی لۆکە بەدەرلنگی چرچ و پەڕە پەڕەکراوەوە.

ڕەشـید بەتەوسـەوە لەسـەر نانخـواردن وتی " وتیـوتییـەک هـەیە" مـڵـچـەی دەهات، هیچ تێبینییـەکی ئەو بیجامـانەی ئەزیزەی نەدەکرد کـە لەیلا لەبەری کـردبوون" ئەو

دۆست و مەلاکەی دەگۆڕێت و دەچێتە پاڵ حیکمەتیار. پاشان مەسعوود دەستی پڕ دەبێتەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەو دووانەدا. وە نابێت هەزارەکانمان لە بیر بچێت." نەختێکی لەو باینجانە هەڵگرت کە مریەم ئەو هاوینە سوێری کردبوو." با هیوا بخوازین تەنیا ئەوە بێت، وتیوتی بێت. لەبەرئەوەی ئەگەر ئەوە ڕوو بدات، ئەم شەڕە" دەستێکی چەوری ڕاوەشاند "وەک سەیرانێکی هەینی دەبێت لە پاغمان."

دواتر، خۆیدا بەسەریدا و بەدەستوبردێکی بێ ورتە خۆی ڕەحەت کرد، هەموو جلەکانی لەبەردا بوو، تەنیا دەرپێکەی تا سەر ئەژنۆی هاتبوو. کە ڕاوەشاندنە شپرزەکە کۆتاییی هات، تلی دایە لاوە و لە چەند خولەکێکدا خەوی لێ کەوت.

لەیلا لە جێگەکەی خزایە دەرەوە، مریەمی لە چێشتخانەکە دییەوە هەڵترووشکابوو، جووتێک ماسیی چاک دەکرد. مەنجەڵێک برنج لە تەنیشتییەوە خوسا بوو، چێشتخانەکە بۆنی زیرە و دووکەڵ و پیازی پیشاو و ماسیی لێ دەهات.

لەیلا لە سووچێکدا دانیشت و ئەژنۆی بەدامێنی کراسەکەی داپۆشی.

وتی " سوپاس."

مریەم هیچ دیقەتێکی نەدا. لە پاککردنی یەکەم ماسی تەواو بوو دووەم دانەی هەڵگرت. بەچەقۆیەکی مشاری پەڕەکانی بڕی، پاشان ماسییەکەی هەڵگەڕاندەوە و ژێر سکەکەی ڕووی لە مریەم بوو، بەشارەزاییی لە کلکەکەیەوە بۆ سەرەکەی. لەیلا سەیری دەکرد پەنجەی خستە ناو دەمی ماسییەکەوە، ڕێک لەژێر چەناگەی دا، پاڵی پێوە نا، بەیەک پێداکێشانی سەرەوخوار ڕیشوەکان و هەناوەکەی دەرهێنا.

" جلەکان زۆر جوانن."

مریەم لەبەر خۆیەوە وتی " خۆم پێویستیم پێیان نەبوو." ماسییەکەی لەسەر پەڕەی ڕۆژنامەیەک دانا لە شلە ڕەساسییە لینجەکەی هەڵکێشا و سەرەکەی لێ کردەوە. " یان بۆ کچەکەت یان بۆ مێرووەکان"

" لە کوێ فێر بوویت بەم شێوەیە ماسی پاک بکەیت."

" کە کچێکی بچووک بووم لە نزیک ڕووبارێکەوە دەژیام، خۆم ماسیم بۆ خۆم دەگرت."

" هەرگیز ڕاوەماسیم نەکردووە."

" زۆر شتی تێدا نییە، بەزۆری چاوەڕێکردنە. "

لەیلا سەیری براویی ماسییەکەی دەکرد کە لێیەوە هەناوی دەرهاتبوو "خۆت جلەکانت چنیوە؟"

مریەم سەری لەقاند.

"کەی؟"

مریەم لە تەشتێک ئاودا هەندێک بەشی ماسییەکەی بەئاو دادا، " ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار سکم پڕ بوو، یان وابزانم دووەم جار، هەژدە، نۆزدە ساڵ لەمەوپێش. لەمێژە، هەر چۆنێک بێت. وەک وتم، هەرگیز بەکارم نەهێناون."

" تۆ بەرگدروویەکی زۆر باشیت، لەوانەیە بتوانیت فێرم بکەیت."

مریەم پارچە بەئاو دادراوەکانی ماسییەکەی کردە ناو قاپێکی پاکەوە. دڵۆپە ئاو لە پەنجەی دەتکا، سەری بەرز کردەوە و سەیری لەیلای کرد وەک ئەوەی یەکەم جار بێت.

" شەوەکەی تر کە ڕەشید... هیچ کەسێک هەرگیز لەسەری نەکردوومەتەوە."

لەیلا لە ڕوومەتە شۆڕەکانی مریەم ورد دەبووەوە، خەتی چاوی بەتوێژی لەسەریەکی هیلاکی هەڵچنرابوون، ئەو خەتە قووڵانەی دەوری دەمیان دابوو، ئەو شتانەی بینی وەک ئەوەی ئەویش بۆ یەکەم جار سەیری ئەو کەسە بکات. وە بۆ یەکەم جار، دەموچاوی دژەکار نەبوو کە لەیلا دەیبینێ، بەڵام ڕووی بارێکی نارەوا و دەموچاوی سکاڵاکردنێکی بێدەنگ بوو، کۆڵێک خەم و خەفەتی دەسەوسان، چارەنووسێکی بوارپێدراو و نەفەوتاو بوو. ئەگەر ئەو بمێنێتەوە، ئەمە دەبێت بەدەموچاوی ئەویش، لەیلا بیری دەکردەوە، بیست ساڵ لە دوای ئێستاوە؟

لەیلا وتی "نەمدەتوانی ڕێگەی بدەم، لەناو ماڵ و خێزانێکدا گەورە نەبووم کە خەڵک شتی وای کردبێت."

" ئەمە ماڵ و خێزانی تۆیە ئێستا. پێویستە پێی ڕابێیت."

" لەگەڵ ئەوەدا نەء. ڕانایەم."

" پەلاماری تۆیش دەدات، دەزانیت" دەستەکانی بەپەڕۆیەک سڕی و وشکی کردنەوە " بەزووترین کات. تۆ کچت پێ بەخشیوە. جا خۆت دەیبینی، گوناهەکەی

تۆ کەمتر شایانی بەخشینە لەوەی من."

لەیلا هەستایە سەرپێ " دەزانم دەرەوە ساردە، بەڵام دەڵێیت چی، هەردووکمان وەک دوو گوناهبار لە حەوشەکە پیاڵەیەک چا بخۆینەوە؟"

مریەم سەرسام دیار بوو " ناتوانم، هێشتا دەبێت لۆبیا بشۆمەوە و بیجنم."

" بەیانی لە کردنی ئەوانەدا یارمەتیت دەدەم."

" وە دەبێت ئێرە پاک بکەمەوە."

" بەیەکەوە دەیکەین. ئەگەر هەڵە نەبم هەندێک حەڵوا ماوە زۆر خۆشە لەگەڵ چا."

مریەم پەڕۆکەی خستە سەر کەوانتەرەکە. لەیلا دڵەڕاوکێی دەبینی کاتێک مریەمی بینی قۆڵەکانی دادایەوە، لەچکەکەی ڕێک دەکرد، قژێکی لوولی پاڵ پێوە دەنا بۆ دواوە.

" چینییەکان دەڵێن ئەگەر بۆ سێ ڕۆژ لە نانخواردن داببڕێیت باشترە لەوەی بۆ یەک ڕۆژ لە چا."

مریەم نیوە بزەیەکی کرد" قسەیەکی ڕاستە."

" وایە."

" بەڵام من ناتوانم زۆر بمێنمەوە."

" یەک پیاڵە."

لەسەر کورسییەکی تەل لە دەرەوە دانیشتن حەڵوایان خوارد بەپەنجەکانیان لەناو هەمان قاپدا. دووەم پیاڵەیان خواردەوە، وە کاتێک لەیلا بەمریەمی وت سێیەم پیاڵەت دەوێت مریەم وتی دەمەوێت. لەگەڵ شەقە لێهەڵسانی فیشەک لە گردەکەوە، سەیری هەورەکانیان دەکرد بەسەر مانگەکەدا دەڕۆیشتن و دواین گوڵە ئەستێرەکانی وەرزەکە نەخشەی هێڵێکی ڕووناکی ڕەنگ زەردیان لەناو تاریکییەکەدا دروست دەکرد. وە کاتێک ئەزیزە بەگریانەوە خەبەری بووەوە ڕەشید هاواری کرد بۆ لەیلا بێتە سەرەوە و دەمی داخات، ڕوانینێک لە نێوان لەیلا و مریەمدا هات و چوو ڕوانینێکی نائاگەدار و زیرەکانە. وە لەناو ئەم گۆڕینەوە خێرا و بێدەنگەدا لەگەڵ مریەم، لەیلا زانی کە چیی تر دوژمنی یەک نین.

## ٣٥

## مریەم

لە دوای ئەم شــەوەوە، مــریەم و لەیلا ئەرکی ڕۆژانەیان بەیەکــەوە ئەنجــام دەدا. لە چێشتخانەکە دادەنیشتن و هەویریان لوول دەکرد و پیازی تەڕیان دەجنی، سیریان ورد دەکــرد، جــارجــار پارچەی خــەیاریان دەدایەدەست عــەزیزە. ئەویش کــەوچکی دەکێشــا بــەمــلا و لادا لە نزیکیانەوە بەگــێزەرێک یاریی دەکرد. لە حــەوشــەکــەدا، ئەزیزە لەناو جۆلانەیەکی شــووڵدا ڕادەکشــا، جلەکــانی پەڕەپەڕە بووبوون بــەســەر یەکدا، ملپێچێکی گەرمــوگوڕی زستــانە لە دەوری ملی بوو. مــریەم و لەیلا چاویان لەســەری بوو کــاتێک جلیــان دەشــۆرد، پەنجــەی مــریەم بەر پــەنجــەی لەیلا دەکــەوت کاتێک کراس و پانتۆڵ و دایبییان هەڵدەگلۆفی.

مریەم بەهێواشــی بەم هاودەمیکردنە کاتی و پڕ خۆشییە ڕادەهات، پەرۆشــی ئەو سێ پیاڵە چایە بوو لەگەڵ لەیلا لە حەوشــەکە خواردبوویانەوە، کە ئێستــا بووبووە نەریتــێکی شــەوانەیان. لە بەیانیــیــاندا، مــریەم خــۆی لەناو تــامــەزرۆبوون بــەدەنگی شــەقــەی نەعلەکــانی لەیــلادا دەدۆزییــەوە کــاتێک دەهاتە خــوارەوە بۆ نانی بــەیانی، بەزرنگەی پێکەنینە تیژەکەی ئەزیــزە، بەدیمەنی هــەشت ددانەبچــووکــەکــەی، بەبۆنە شیــراوییەکــەی پێستــی. ئەگەر لەیلا و ئەزیزە بخــەوتنایە، مریەم لە چاوەڕوانــیدا بێ ئارام دەبوو. ئــەو قــاپانەی دەشــۆرد کــە پێــویســتــیــان بەشــۆردن نــەبوو. گــۆشــە و ســەرینەکانی ژووری دانیــشتنەکــەی تێک دەدا و ڕێکی دەکردنەوە. لێواری پەنجــەرە پاکــەکــانی دەســڕییــەوە. خــۆی خــەریک دەکــرد هــەتا ئــەو کــاتەی لەیلا دەهــاتــە ناو چێشتخانەکەوە و ئەزیزە بەلا کەلەکەیەوە بوو.

کــاتێک بەیانیــیــان ئەزیزە یەکــەم جــار مــریەمــی دەبینی، چاوەکــانی تەواو گــەش دەبوونــەوە و دەســتــی دەکــرد بەنووزە نــووزکــردن و خــۆگــرژکــردنەوە لە بــاوەشــی دایکیدا. قۆڵەکانی پاڵ پێوە دەنا بۆ لای مریەم داوای دەکرد باوەش بکرێت، دەستە

بچووکەکانی بەپەلە دەکرانەوە و دادەخرانەوە، نیگایەکی پڕ خۆشویستن و بێ ئارامی لە دەموچاویدا بوو.

"چ دیمەنێک دروست دەکەیت،" لەیلا دەیوت، بەرەڵای دەکرد بەمریەمدا هەڵبگەڕێت" چ دیمەنێک! هێواش بەرەوە، پوورە مریەم ناچێت بۆ هیچ شوێنێک، ئەوەتا، پوورت. دەی، بڕۆ."

هەرکە دەگەیشتە ئامێزی مریەم، پەنجە گەورەکەی دەچووە دەمیەوە، دەموچاوی لەناو ملی مریەمدا دەناشت.

مریەم بەقنجی هەڵی دەپەڕاند، زەردەخەنەیەکی نیوە سەر لێتێکچوون و نیوە سوپاسگوزار لەسەر لێوەکانی بوون. مریەم پێشتر هەرگیز بەم جۆرە نەویستراوە. هەرگیز خۆشەویستی وەها بەبێ مەرج و بێ فێڵ و تەڵەکە بۆ دەرنەبڕراوە.

ئەزیزە مریەمی دەگریاند.

" بۆچی دڵە بچکۆلەکەی خۆتت بەپیرێژنێکی ناشیرینی وەک منەوە بەستووەتەوە" مریەم لەبەر خۆیەوە بەناو قژی ئەزیزەدا دەیوت " ها؟ من هیچ کەسێک نیم، نابینیت؟ لادێیەک. چیم هەیە پێت ببەخشم؟"

بەڵام ئەزیزە تەنیا لەبەر خۆیەوە شتی دەوت و دەموچاوی بەئاسوودەیی و قایل بوونەوە زیاتر دەکرد بەملیدا. کاتێک ئەمەی کرد، مریەم ئاگای لە خۆی نەدەما. چاوەکانی پڕ دەبوون لە فرمێسک. دڵی دەستی دەکرد بەفڕین. وە سەرسام بوو چۆن دوای هەموو ئەم ساڵانەی زۆر وتن و چەنەبازیکردنی هەلەق و مەلەق دواجار لەم دروستکراوە بچکۆلەیەدا یەکەم پێوەندیی ڕاستەقینەی دۆزیوەتەوە لە ژیانە پڕ لە پێوەندییە هەڵە و پڕ لە شکستەکەیدا.

سەرەتای ساڵی دواتر، کانوونی دووەمی ١٩٩٤ دۆستیوم لاکەی خۆی گۆڕی. پشتگیری گوڵبودین حیکمەتیاری کرد، وە لە نزیک "بالەهیسار"دا جێگیر بوو، دیواری ئەو قەڵا کۆنەی بەسەر شارەکەدا دەیڕوانی لە چیاکانی "کۆهی شیر دەوازە"وە. بەیەکەوە، هێزەکانی مەسعوود و ڕەببانییان لە وەزارەتی بەرگری و کۆشکی سەرکردایەتیدا ئاگرباران دەکرد. بەلای هەردوولای ڕووبارەکەی کابولەوە، تۆپ و بۆمب و هاوەنیان دەگرتە یەکتر. شەقامەکان بەلاشە، شووشە، پارچە کانزای گرمۆڵەبوو درابوون بەسەریەکدا. کوشتار و تاڵانکردن و دەستدرێژیکردن

کە بۆ بەچەترسێنکردنی خەڵکی مەدەنی و میلیشیاکان بەکار دەهات، تا دەهات زیادیان دەکرد. مریەم دەیبیست ژنان خۆیان دەکوشت لە ترسی ئەوەی دەستدرێژییان نەکرێتە سەر، وە پیاوان بەناوی شەرەفەوە خۆیان و کچیان و ژنیان دەکوشت ئەگەر لەلایەن میلیشیاکانەوە دەستدرێژییان بکرایەتە سەر.

ئەزیزە بەدەنگی تۆپەکان قیژاندی. بۆ خافڵاندنی، مریەم چنگێک دەنکە برنجی لەسەر زەوییەکە بۆ ڕیز کرد، لە شێوەی خانوویەک، کەڵەشێر یان ئەستێرەدا، دواتر دەیهێشت ئەزیزە تێکیان بداتەوە. فیلی بۆ ئەزیزە دروست دەکرد بەو شێوەیەی جەلیل فێری کردبوو، بەیەکجار بەبێ هەڵگرتنی قەڵەمەکە.

ڕەشید دەیوت خەڵکی مەدەنی ڕۆژانە دەکوژران، بەدەرزەن. نەخۆشخانەکان و ئەو دووکانانەی داوودەرمانی تێدا بوو پاک کرابوونەوە. ئەو ئوتۆمۆبێلانەی خواردەمەنییان تێدا دەهات لە هاتنە ناوەوەیدا بۆ ناو شارەکە دەستیان بەسەردا دەگیرا، دەیوت، هێرش دەکرایە سەری و تەقەی لێ دەکرا. مریەم بیری دەکردەوە، لەوەی ئەگەر لە هەرەتیش بەم شێوەیە شەڕ بێت، وە ئەگەر وابێت مەلا فەیزوڵا توانای چۆن بێت و چۆن بەرگەی بگرێت؟ ئەگەر هێشتا مابێت لە ژیاندا، وە بیبی گیان بەهەمان شێوە، لەگەڵ هەموو کوڕەکانی، بووکەکانی و کوڕەزاکانی. هەروەها، بێگومان، جەلیل. خۆی شاردووەتەوە؟ مریەم بیری دەکردەوە، وەک مریەم خۆی شاردووەتەوە، یان ژن و منداڵەکانی بردوون و لەوێ هەڵهاتوون؟ هیوای دەخواست جەلیل لە شوێنێکی سەلامەتدا بێت، هەتا دەسەڵاتی بەسەردا بشکێ و لەم هەموو کوشتارە بەدوور بێت.

بۆ هەفتەیەک، شەڕەکە هەتا پاڵی بەڕەشیدەوە نا لە ماڵەوە بمێنێتەوە. دەرگەی سەر حەوشەکەی داخست، تەڵە و داوی نایەوە، دەرگەی پێشەوەی داخست و قەنەفەکەی خستە بەر. بەناو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، جگەرەی دەکێشا، سەری لە پەنجەرەکە دەبردە دەرەوە، چەکەکەی پاک دەکردەوە، دەیئاخنی و دەیئاخنییەوە دیسان. دووجار، تەقەی بەناو شەقامەکەدا دەکرد دەیوت یەکێکی بینیوە هەوڵی داوە بەدیوارەکەدا هەڵبگەڕێت.

دەیوت " زۆر لە کوڕە گەنجەکان دەکەن بۆ بەشداریکردن، موجاهیدەکان بەڕۆژی نیوەڕۆ چاونەترس و لەئامادەسازیدان. کوڕان لە شەقامەکانەوەڕا دەکێشن. کاتێک

سەربازی هێزە میللییەکان ئەم کورانە دەگرنە دەست سزایان دەدەن، بیستم لە کارەبایان دەدەن، وام بیست، چاویان بەپلایس دەفلیقێننەوە. زۆریان لێ دەکەن ماڵەکانیان پێشان بدەن. پاشان دەچنە ژوورەوە باوکیان دەکوژن و دەستدرێژی دەکەنە سەر دایک و خوشکەکانیان."

دەمانچەکەی بەسەر سەریەوە ڕادەوەشاند "با ببینین، هەوڵ بدەن بێن بۆ ماڵی من، بیلبیلەی چاویان دەفلیقێنمەوە! سەریان لە لاشەیان جیا دەکەمەوە! دەزانن ئێوە هەردووکتان چەند خۆشبەختن؟ پیاوێکتان هەیە لە شەیتان خۆشی ناترسێت."

سەری داخست و سەیری ئەزیزەی دەکرد لەسەر قاچی بەناشیرینی و توندوتیژییەوە" لاچۆ لەسەر پێم!" بەدەمانچەکەی کشەیەکی لێ کرد" وازم لێ بێ نەو دوام مەکەوە! وە دەتوانیت دەستەکانت لە جووڵەجووڵ بوەستێنیت. باوەشت ناکەم. لاچۆ بڕۆ ئەولاوە پێش ئەوەی پێت پێدا بنرێت."

ئەزیزە سڵی کردەوە. گاگۆڵکێی کردەوە بۆ لای مریەم، هەست بریندارکراو و سەرلێشێواو دیار بوو. لە باوەشی مریەمدا، پەنجە گەورەی دەستی بەخۆشی و شادییەوە دەمژی و بەگرژی و ماتییەوە سەیری ڕەشیدی دەکرد. ناو بەناو، سەری بەرز دەکردەوە، مریەم بڕوای وابوو، بەنیگایەکی پڕ لە دڵدانەوەوە و ویستنەوە بۆی دەڕوانی.

بەڵام کە دەهاتە سەر باوکایەتی، مریەم هیچ دڵدانەوەیەکی باوکانەی نەبوو پێی بدات.

مریەم ئاسوودە بوو کاتێک شەڕەکە دووبارە دامرکایەوە، بەزۆری لەبەرئەوەی لەوە زیاتر لەگەڵ ڕەشید بەند نەکرێن بەخۆی و دەروونە تاریک و تاڵەکەیەوە لەناو ماڵ و خێزانەکەیدا. وە زۆر بەخراپی ترساندبووی کە ئەو دەمانچەیەی لە نزیک ئەزیزەوە جووڵاندبووەوە.

ڕۆژێکی زستانە، لەیلا داوای کرد قژی مریەم بڕازێنێتەوە.

کاتێک پرچەکانی دەهۆنییەوە، دەموچاوی لەیلا لەناو بیر و هۆش و لێوردبوونەوەدا گرژ بووبوو. ئەزیزە بەکوشکەڵەیی لەسەر ئەرزەکە خەوی لێ کەوتبوو. بووکەڵەیەک کە مریەم پێشتر بۆی چنیبوو لەژێر قۆڵیدا چرچ و لۆچ

بووبوو، مریەم ناوەکەی پڕ کردبوو لە لۆبیای وشک و عەزیەکی سەوزی بۆ کردبوو، ملوانکەیەکی بەمووررووی ناو بۆش بۆ هۆنیبووەوە.

پاشان ئەزیزە لە خەوەکەیدا گازی لێ بووەوە، لەیلا دەستی کرد بەپێکەنین. وە مریەم بەشداریی کرد. بەم جۆرە پێکەنین، لە وێنەدانەوەکەیاندا لە ئاوێنەکەدا، چاویان ئاوی دەکرد. ساتەکە زۆر سروشتی بوو، زۆر سادە و ئاسان، بەجۆرێک مریەم دەستی کرد بەگێڕانەوەی جەلیل و نانا و جنۆکەکان بۆ لەیلا. لەیلا دەستی خستە سەر شانەکانی مریەم و بێدەنگ وەستا چاوی سەیری دەموچاوی مریەمی دەکرد لە ئاوێنەکەدا. وشەکان هاتنە دەرەوە، وەک ڕۆیشتنی بەخوڕی خوێن بەناو شادەمارێکی خوێنبەردا. مریەم لەبارەی بیبی گیان بەلەیلای وت، مەلا فەیزوڵا، گەشتە ڕیسواکەر و ڕوشێنەرەکەی بۆ ماڵی ڕەشید، خۆکوشتنەکەی نانا. باسی ژنەکانی جەلیلی دەکرد، مارەبڕینە بەپەلەکەی لەگەڵ ڕەشید، گەشتەکەی بۆ کابول، سکپڕبوونەکانی، سووڕە بێ کۆتاییەکەی پڕبوون لە هیوا و بێ ئومێدی، پەلاماردانەکانی ڕەشید.

دواتر، لەیلا لای قاچی کورسییەکەی مریەمەوە دانیشت. بەخەیاڵێکی ڕۆیشتووەوە، پارچەیەک تۆپەڵە پەت و مووی بەقژی ئەزیزەوە بەربووبووەوە لێ کردەوە. بێدەنگییەک بەدوایدا هات.

لەیلا وتی " شتێکم هەیە پێت بڵێم."

مریەم ئەو شەوە نەخەوت. لەناو جێگەدا دانیشت، سەیری بەفری دەکرد بەبێدەنگی دەباری.

چەند وەرزێک هاتبوون و ڕۆیشتبوون، چەند سەرکردەیەک لە کابول دەسەڵاتیان گرتبووە دەست و تیرۆر کرابوون. دەسەڵاتی پاشایەتی بەزێنرابوو. شەڕە کۆنەکان کۆتاییان هاتبوو، تازەکان بەرپا کرابوون. بەڵام مریەم زۆر کەم تێبینی کردبوو، بە ئەستەم گرینگیی پێ دابوو ئەم ساڵانەی لە سووچێکی دووری دەروونیدا بەسەر بردبوو. کێڵگەیەکی وشک و نەزۆک، لە دەرەوە لەودیو خۆزگە و سکاڵا و شیوەنەوە، لەودیو خەون و خەیاڵپلاوییەوە. لەو شوێنەدا داهاتوو گرینگ نەبوو. ڕابردوو تەنیا ئەم پەندەی گرتبووە خۆی: ئەو خۆشەویستییە هەڵەیەکی تێکشکاو بوو، لەگەڵ هیوایەکی هەڵە و ناپاک هەر کاتێک ئەو جووتە گوڵە ژەهراوییە دەستیان

بەپشکوتن دەکرد لەناو زەویی ئەو کێڵگە هەڵقرچاوەدا، مریەم لە ڕەگەوە هەڵی دەکێشان. لە ڕەگەوە دەری دەهێنان و شوێنەکەیانی چاڵ دەکرد بۆ ئەوەی نەڕوێنەوە.

بەڵام هەر چۆنێک بێت لەیلا و، ئەزیزە کە وەک خۆی زۆڵ بوو، وایان لێ هات بووبوون بەدرێژکراوەی ئەو. وە ئێستا ، بەبێ ئەوان، ئەو ژیانەی لەمێژە مریەم بەرهەڵستی کردبوو بۆی بەرهەڵست ناکرێ.

ئەم بەهارە دەڕۆین، من و ئەزیزە. لەگەڵمان وەرە، مریەم.

ساڵەکان هیچ میهرەبان نەبوون لەگەڵی. بەڵام بەڵکو، وا بیری دەکردەوە، هێشتا ساڵانی میهرەبان لە بەردەمیدان، ژیانێکی نوێ ژیانێک بتوانێت ئەو پیرۆزییانەی تێدا بدۆزێتەوە کە نانا وتبووی زۆڵێکی وەک تۆ هەرگیز نایبینێ. دوو گوڵی چاوەڕواننەکراو لە ژیانیدا پشکووتن، هەروەها، کاتێک مریەم سەیری هاتنە خوارەوەی بەفرەکەی دەکرد، مەلا فەیزوڵای دەهێنایە پێش چاوی خۆی مووروی تەزبیحەکەی دەجووڵێنێت، پاڵی داوەتەوە بەهێواشی بەدەنگە نەرم و لەرزۆکەکەی دەچرپێنێت، ئەوە خوایە کە ڕواندوونی مریەم گیان وە فەرمانی ئەوە کە دەبێت چاودێرییان بکەیت. فەرمانی ئەوە، کچەکەم.

## ٣٦

## لەیلا

لەگەڵ ڕووناکیی ڕۆژەکە بەبەردەوامی تاریکییەکەی لە ئاسماندا کاڵ دەکردەوە ئەو بەهارە بەیانییەی ساڵی ١٩٩٤، لەیلا لەوە دڵنیا بوو کە ڕەشید دەیزانی. هەر ساتێک بێت ئێستا لە جێگەکەی ڕای دەکێشیت و لێی دەپرسێت بەبێ ئەقڵی دەزانێت کاتێک وا دەزانێت هەستی پێ ناکات. بەڵام بانگی بەیانیی دا، پاشان خۆرەکەی بەیانی بەنزمی کەوتە سەر سەقفەکان و کەڵەشێرەکان خوێندیان و هیچ شتێکی ناهەمیشەیی ڕووی نەدا.

ئێستا گوێی لە ڕەشید بوو لە حەمامەکەدا، گوێزانەکەی دەکێشا بەلێواری دەستشۆرەکەدا. پاشان لە خوارەوە، هات و چوون، چا لێنان. کلیلەکان زرەیان هات. ئێستا ڕەشید چووە ئەوبەری حەوشەکە، پایسکیلەکەی پاڵ پێوە دەنا.

لەیلا لە درزێکی پەردەی ژووری دانیشتنەکەوە سەری دەرهێنا سەیری کرد پایدەری لێ دەدا. پیاوێکی گەورە و پایسکیلێکی بچووک، خۆرەکەی بەیانی لەناو دەسکی پایسکیلەکەدا دەبریسکایەوە.

" لەیلا؟"

مریەم لەناو دەرگەکەدا بوو. لەیلا هەستی بەوە کرد کە ئەویش خەوی لێ نەکەوتووە. بیری دەکردەوە ئەگەر مریەمیش بەدرێژاییی شەو لەلایەن شاگەشکە و هێرشی دەم وشکبوونەوە و بێ ئارامییەوە گەمارۆ درابێت.

لەیلا وتی "لە نیو سەعاتدا دەڕۆین."

لەناو کورسیی دواوەی تاکسییەکەدا قسەیان نەکرد. ئەزیزە لەسەر باوەشی مریەم دانیشتبوو، چنگی کردبوو بەبووکەکەیدا، بەدوو چاوی فراوان و پەشۆکاوەوە سەیری شارەکەی دەکرد کە بەخێرایی بەلایاندا تێ دەپەڕی.

ئەزیزە گریا" ئۆ نا!" پەنجەی بۆ کۆمەڵێک کچی بچووک ڕاکێشا پەتپەتێنیان

دەکرد" مەیەم! ئۆنا." هەر شوێنێک سەیری دەکرد، لەیلا ڕەشیدی دەبینی. دەیبینی لە سەرتاشخانەیەکەوە کە پەنجەرەکانیان ڕەنگی دووکەڵی خەڵووزی گرتبوو، لە کەپری بچووکەوە کە پۆریان دەفرۆشت، لە دووکانی لێژ و پێش کراوەوە کە پڕکرابوو لە تایەی کۆن لە ئەرزەکەوە بۆ سەقفەکە هەڵچنرابوون.

خۆی لەناو کورسییەکەیدا نقوم کرد.

لە تەنیشتییەوە، مریەم لەبەر خۆیەوە دوعای دەخوێند. لەیلا حەزی دەکرد دەموچاوی ببینێ بەڵام بورقەی پۆشیبوو، هەردووکیان بورقەیان پۆشیبوو، وە تەنیا شتێک دەیبینی بریقەی چاوەکانی بوو لە شەبەکەکەوە.

لە ماوەی چەند هەفتەدا ئەمە یەکەم جاری هاتنە دەرەوەی لەیلا بوو لە ماڵەکە، بێجگە لەو ڕۆژەی چووبوو بۆ دووکانی بارمتەکە و لەسەر کەوانتەرێکی شووشە پاڵی نابوو بەئەڵقەکەیەوە، گەڕابووەوە هەموو گیانی کەوتبووە جۆش و خرۆش کاتێک زانیبووی گەڕانەوە نەماوە و دواییەتی.

ئێستا لە هەموو دەوروبەرییەوە، لەیلا گوێی لە زنجیرەی ئەو شەڕانە بوو کە لە ماڵەکەوە دەهاتن. ئەو ماڵە وێرانانەی بەبێ سەقف لە خشت و بەردی گرنج گرنج مابوونەوە، بینا کونکراوەکان بەعەمووده کەوتووەکان، دووکەڵاوی، قاوغی سووتاوی ئۆتۆمۆبێلە تێک هەڵوەشاو و هەندێ جار بەسەریەکدا کەوتوو، دەرگەکانیان بەگوللە کون کرابوون، شووشەی هاڕراو لە هەموو شوێنێکدا بوو، ڕێوڕەسمی پرسەیەکی دەبینی بەرەو مزگەوتێک دەچوو، ژنێکی ڕەشپۆشی بینی لە دواوە قژی خۆی دەڕنییەوە. بەلای گۆڕستانێکدا ڕۆیشتن پڕ لە کێلی قەبر و ئاڵای شەهید لە باکەدا دەشەکانەوە. لەیلا خۆی درێژ کرد بۆ جانتا گەورەکە، پەنجەی پێچا لە نەرمایی قۆڵی کچەکەی.

لە وێستگەی پاسی "لاهۆر گەیت" نزیکی پۆڵ مەحموودخان لە ڕۆژهەڵاتی کابول. ڕیزێک پاس داگیرسابوون لەلای شۆستەکەوە وەستابوون. پیاوان بەسەر و پێچەکانیانەوە سەرقاڵی قایمکردنی پریاسکە و سندووق بوون بەسەر سەقفی پاسەکانەوە، جانتا گەورە پارێزراوەکان بەگوریس لە خوارەوە قایم دەکران. لە ناوەوەی وێستگەکەدا، پیاوان لە ڕیزێکی دوور و درێژدا بۆ تکت کڕین سەرەیان گرتبوو، ژنە بورقەپۆشەکان بەکۆمەڵ وەستابوون و قسەیان دەکرد، کەلوپەلەکانیان

لەلای قـاچیـانـەوە هـەڵچنیـبـوو. سـاواکـان هـەڵدەپەڕێنران، منداڵان لـەسـەر دوورکەوتنەوەیان تەریق دەکرانەوە و دەشکێنران.

میلیشیاکانی موجاهیدەکان پاسەوانیی وێستگە و شەقامەکەیان دەکرد، فەرمانیان دەدا لێرە و لەوێ. بەپووت و کڵاو و جلی سەربازیی خۆڵاویی سەوزەوە. هەموویان کڵاشینکۆفیان هەڵگرتبوو.

لەیلا هەستی دەکرد سەیر دەکرێ. ڕووبەڕوو سەیری کەسی نەدەکرد، بەڵام وای هەست دەکرد هەموو کەس لەو شوێنەدا بزانێت کە بەناپەسندییەوە سەیری ئەو کارەیان دەکرا کە لەگەڵ مریەم دەیانکرد.

لەیلا پرسی " تۆ کەس دەبینیت؟"

مریەم ئەزیزەی لە باوەشی بەرز کردەوە و وتی "چاو دەگێڕم."

لەیلا زانیبووی، ئەمە دەبێتە یەکەم بەشی پڕ لە کێشە، دۆزینەوەی پیاوێکی شیاو بۆ هەستان و دانیشتن لەگەڵیاندا وەک یەک خێزان. ئەو سەربەستی و دەرفەتانەی ژنان بەسەریان دەبرد لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧ بۆ ١٩٩٢ ئێستا بووبووە ڕابردوو. لەیلا هێشتا لە بیری بوو بابی لەبارەی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکانەوە وتبووی کاتێکی باشە بۆ بەئافرەتبوون لە ئەفغانستاندا، لەیلا. لە گرتنەوەی دەسەڵاتی موجاهیدەکانەوە لە نیسانی ساڵی ١٩٩٢ەوە ناوی ئەفغانستان گۆڕدرابوو بۆ نەتەوەی ئیسلامیی ئەفغانستان. دادگەی بەرزی فەرمانە میرییەکانی ڕەببانی ئێستا پڕ بووبوو لە مەلای توندڕەو کە خۆیان لە سەردەمی کۆمۆنیستەکان ڕزگار کردبوو کە دەسەڵاتیان بەئافرەت دەدا لە جیاتیی پەیڕەوکردنی یاساکانی شەریعەت و ئەو یاسا ئاینییە بەزەبروزەنگانەی فەرمان بەسەر ئافرەتدا دەدات خۆی داپۆشێت و ڕۆیشتنە دەرەوەیان لێ قەدەغە کرابوو بەبێ نێرینەیەک لە کەسوکاری لەگەڵیاندا و زیناکەرانیان بە بەردبارانکردن سزا دەدا. هەتا ئەگەر پەیڕەوکردنی ئەم یاسایانە تاکوتەرا و کەم کەم بوونایە. لەیلا بەمریەمی وتبوو زیاتر بەسەرماندا دەیسەپێنن، ئەگەر زۆر سەرقاڵی کوشتنی یەکتر نەبن.

دووەم بەشی کێشاوی ئەم گەشتە ئەوەیە کاتێک بەڕاستی دەگەنە پاکستان. خۆی لە خۆیدا دوو ملیۆن ئەفغانیی ڕاکردووی تری دراوە بەسەردا، پاکستان

سنووری ئەفغانستانی داخستبوو لە کانوونی دووەمی ئەو ساڵەدا، لەیلا بیستبووی تەنیا ئەو کەسانەی ڤیزایان پێیە وەردەگیرێن. بەڵام سنوورەکە ڕێچکەی بچووکی تێدا بوو هەردەم وا بووە، لەیلا دەیزانی ئەو هەزاران ئەفغانییەی دەپەڕنەوە بۆ پاکستان یان بەبەرتیل یان بەسەلماندنی مەبەستی مرۆڤپەرستی... وە هەرگاڤ قاچاخچییەکان بەکار دەهێنران و کاریان پێ دەکرا. لەیلا بەمریەمی دەوت ڕێگەیەک دەدۆزینەوە کە گەیشتینە ئەوێ.

مریەم چەناگەی جووڵاند و وتی " ئەو چۆنە بەلاتەوە؟"

" زۆر لە متمانەپێکراو ناچێت"

" ئەی ئەو؟"

" زۆر پیرە، وە لەگەڵ دوو پیاوی تردا دەڕوات."

دوا جار، لەیلا کابرای دۆزییەوە لە دەرەوە لەسەر کورسیی باخەکە دانیشتبوو، لەگەڵ ژنێکی داپۆشراو لە تەنیشتییەوە و کوڕێکی بچووک بەکڵاوێکی تەسکەوە، کەمێک نزیکی تەمەنی ئەزیزە، لەسەر ئەژنۆی هەڵبەز و دابەزی دەکرد. باڵای بەرز و باریکەلە بوو، ڕیشێکی درێژ، کراسێکی ملوانە کراوە لەگەڵ چاکەتێکی سادەی ڕەساسی کەچەند قۆپچەیەکی کەوتبوو، لەبەردا بوو.

بەمریەمی وت" لێرەدا بۆستە." ڕۆیشتە ئەولاوە، دووبارە گوێی لە مریەم بوو دەپاڕایەوە.

کاتێک لەیلا گەیشتە پیاوە گەنجەکە، پیاوەکە سەری بەرز کردەوە، بەری خۆرەکەی بەدەستێک لە چاوی گرت" ببوورە برا، ئێوە دەچن بۆ پیشاوەر؟"

بەتیلەیەکی چاو سەیرێکی کرد و وتی" بەڵێ."

" دەڵێم ئەگەر بتوانیت یارمەتیمان بدەیت، دەتوانیت کارێکمان بۆ بکەیت؟" کوڕەکەی دا بەژنەکەی ئەو و لەیلا چوونە ئەولاوە.

" چییە خوشکەکەم؟"

چاوە نەرمەکانی و دەموچاوە میهرەبانەکەی لەیلایان هان دا.

ئەو چیرۆکەی پێ وت کە خۆی و مریەم لەسەری ڕێک کەوتبوون. وتی ئەو بێوەژنە، ئەو و دایکی و کچەکەی هیچ کەسێکیان لە کابول نەماوە، دەچن بۆ

پیشاوەر بۆ مانەوە لەگەڵ خاڵیدا.

پیاوە گەنجەکە وتی "دەتەوێت لەگەڵ خێزانی من بیت؟"

" ئەگەر زەحمەت نییە بۆ ئێوە. بەڵام تۆ لە برایەکی زۆر چاک دەچیت... "

" دوودڵ مەبە خوشکم، تێ دەگەم. هیچ کێشە نییە. با بچم تکتەکانتان بۆ بکرم."

" سوپاس، برا ئەمە هەڵوێستێکی جوانە، خوا لە بیری ناکات."

زەرفێکی لە گیرفانەکەی لەژێر بورقەکەوە دەرهێنا و دای بەپیاوەکە. لەناویدا هەزار و سەدی ئەفغانیی تێدا بوو. نزیکەی نیوەی ئەو پارەیە لە ساڵانی ڕابردوودا شاردبوویەوە لەگەڵ فرۆشتنی ئەڵقەکەی. پیاوەکە زەرفەنامەکەی خستە ناو گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە.

" لێرەدا چاوەڕێ بکە. "

لەیلا سەیری کرد کە چووە ناو وێستگەکەوە دوای نیو سەعات گەڕایەوە.

وتی " باشترین شت ئەوەیە من تکتەکانتان بۆ هەڵبگرم. پاسەکە سەعاتێکی تر دەڕوات، سەعات یازدە هەمووومان بەیەکەوە سەردەکەوین. من ناوم" وەکیل"ە ئەگەر پرسییان، لەوەش ناچێت بپرسن. پێیان دەڵێم تۆ ئامۆزامیت."

لەیلا ناوی خۆیانی پێ وت، ئەویش وتی لە بیری دەبێت.

وتی "لەم نزیکانە بمێننەوە."

لەسەر کورسییەکە لە نزیک وەکیل و خێزانەکەیەوە دانیشتن. بەیانییەکی خۆرهەتاوی گەرم بوو، ئاسمان بە یەک دوو پارچە هەوری تەنک پەڵە پەڵە بووبوو بەسەر گردەکانەوە. مریەم دەستی کرد بەخواردن پێدانی ئەزیزە بە یەک دوو پارچە پسکیت کە بیری بووبوو لەگەڵ خۆیدا بیهێنێ. دانەیەکی دا بە لەیلا.

" دەڕشێمەوە،" لەیلا پێ کەنی" زۆر دڵم خۆشە."

" منیش."

" سوپاس، مریەم."

" بۆچی؟"

" بۆ ئەمە. بۆ هاتنت لەگەڵمان، باوەڕ ناکەم بمتوانیایە بەتەنیا بیکەم."

" پێویست ناکات."

" سەلامەت دەبین، وانییە مریەم، دەچین بۆ کوێ؟ "

دەستی مریەم ڕۆیشت بەسەر کورسییەکەدا و لەسەر دەستی لەیلا دایخست" قورئان دەڵێت خوا لە ڕۆهەلات و ڕۆئاوایە، لەبەر ئەوە ڕوو لە هەر کوێ بکەین نیازی خوای لێیە."

ئەزیزە گریا "بۆڤ!" پەنجەی بۆ پاسێک ڕادەکێشا "مەییەم، بۆڤ! "

مریەم وتی " دەیبینم ئەزیزە گیان. وایە، بۆڤ. تۆزێکی تر هەمووما‌ن سواری بۆڤ دەبین. ئاه، لەو شتانەی کە دەیانبینیت."

لەیلا بزەی کرد. سەیری دارتاشێکی دەکرد لە دووکانەکەیدا لەوبەر شەقامەکەوە تەختەی دەبڕییەوە، وردە دار بەملا و لایدا دەفڕین. سەیری ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی دەکرد کە بەخێرایی بەلایاندا دەردەچوون وە هەموویان بەخڵتە و دووکەڵ و پیسی داپۆشرابوون. سەیری ئەو پاسانەی دەکرد بەتەنیشت شۆستەکانەوە مرەیان دەهات. تاوسەکان، شێرەکان و خۆرە هەڵهاتووەکان، شمشێرە بریقەدارە نەخشێنراوەکانی تەنیشتەکانیان.

لەناو گەرمیی خۆرەکەی بەیانیدا لەیلا هەستی بەگێژی و چاونەترسی دەکرد. یەکێکی تر لەو تروسکەی شاگەشکانەی بۆ هات، وە کاتێک یەکێک لەو سەگە زەردە بچووکانە بەلایدا دەڕۆیشت لەیلا خۆی دەخست بەپێشدا و دەستی دەهێنا بەپشتیاندا.

یەک دوو خولەک پێش یازدە پیاوێک بەبڵندگۆیەکەوە هات و بانگی نەفەرەکانی دەکرد بۆ پیشاوەر دەست بکەن بەسواربوون. دەرگەی پاسەکان کارەبایی بوو نفسکەیەکی تیژیان لێوە دەهات لە کاتی کرانەوەیاندا و کۆمەڵێک گەشتیار بەپەلە بەرەو ڕووی پاسەکە ڕۆیشتن بەپەلەپروزێ بەلای یەکدا تێ دەپەڕین بۆ خۆکردن بەناو پاسەکەدا.

وەکیل هەرکە کوڕەکەی هەڵگرت سەرێکی بۆ لەیلا جووڵاند.

لەیلا وتی " دەڕۆین."

وەکیل لە پێشیانەوە ڕۆیشت. هەرکە گەیشتنە پاسەکە لەیلا لە پەنجەرەکەوە دەمـوچاوی دەبینی لووت و بەرەدەست دەنران بەشووشەکەدا. لە دەوروبەریان

هاواری خواحافیزی دەکرا.

لەناو دەرگەی پاسەکەدا سەربازێکی گەنجی میلیشیا سەیری تکتەکانی دەکرد.

ئەزیزە گریا "بۆڤ!"

وەکیل تکتەکانی دایە دەست سەربازەکە ئەویش لە نیوەدا لەتی کرد و دایەوە دەستی. وەکیل ڕێگەی خێزانەی خۆی دا یەکەم جار سەربکەوێت. لەیلا نیگایەکی چاو کرد لە نێوان وەکیل و سەربازەکەدا هات و چوو. وەکیل یەکەم هەنگاوی خستەسەر پاسەکە، داهاتەوە و شتێکی بەگوێی سەربازەکەدا چرپاند. سەربازەکە سەری لەقاند.

لە پڕ دڵی لەیلا کەوتە خوارەوە.

سەربازەکە وتی" ئەو دووانەتان لەگەڵ منداڵەکە وەرنە لاوە. "

لەیلا وا پێشانی دا گوێی لێی نییە. ڕۆیشت بەپلەکاندا سەربکەوێت، بەڵام شانی گرت و بەڕەقی ڕای کێشایە دەرەوەی ڕیزەکە. بەمریەمی وت "ئەو دووانەتان، خێراکە ڕیزەکە درەنگ دەخەیت!"

لەیلا لەژێر دوو لێوی سڕەوە وتی" کێشەکە چییە برا؟ تکتمان پێیە، ئامۆزاکەم نەیداتێ؟"

پەنجەی خستە سەر دەمی و ششیەکی کرد، بەدەنگێکی نزم قسەی لەگەڵ چاودێرێکی تردا کرد. چاودێریی دووەم، قەڵبەیەک بەلای ڕوومەتی ڕاستییەوە بوو، سەری لەقاند.

ئەم بە لەیلای وت "دوام کەوە."

لەیلا گریا و ئاگای لەوە بوو کە دەمی هەڵدەلەرزی "دەبێت سواری ئەم پاسە ببین، تکتمان هەیە. بۆچی وا دەکەن؟"

"سواری ئەم پاسە نابیت. تۆش دەبێت ئەوەت بیر بێت. دوام دەکەویت یان دەتەوێت کچەکەت بتبینێت ڕادەکێشرێیت."

کاتێک بەرەو لای لۆرییەک ڕۆیشتن، لەیلا لەسەر شانییەوە ئاوڕی دایەوە و کوڕەکەی وەکیلی بینی لە دوای پاسەکەدا. کوڕەکەش ئەوی بینی و بەدڵخۆشییەوە سەلامی دەکرد.

له وێستگەی پۆلیسەکە لە چوارڕییانی "تۆراباسخان" بەجیا دایان نیشاندن، لەدوو کۆتاییی ڕاڕەوێکی قەرەباڵغدا، لە نێوانیاندا مێزێک هەبوو، لەودیویەوە پیاوێک یەک لەسەر یەک جگەرەی دەکێشا و ناو بەناو قرتەقرتی بەپێنووسەکە دەکرد. بەم شێوەیە سێ سەعات تێ پەڕین. ئەزیزە ئەم دەست و دەستی لە لەیلاوە بۆ مریەم پێ دەکرا. یاریی بەپارچەیەک فایلی مقەبا دەکرد کە پیاوی سەر مێزەکە پێی دابوو. پسکیتەکانی تەواو کرد. دواجار لە باوەشی مریەمدا خەوی لێ کەوت.

لە دەوری سەعاتی سێدا لەیلا برا بۆ ژوورێکی چاوپێکەوتن. مریەم لە داڵانەکەدا لەگەڵ ئەزیزەدا چاوەڕێی دەکرد. ئەو پیاوەی لەلای مێزەکەوە دانیشتبوو لە ژووری چاوپێکەوتنەکە لە تەمەنی سییەکاندا بوو، جلی مەدەنیی لەبەردا بوو، قایشێکی ڕەش، بۆینباخ، جووتێک پاپووچی ڕەش. ڕیشێکی تەواو ڕێککراوی هەبوو، قژی کورت، برۆکانی لێکیان دابوو. لە لەیلا ڕاما، هەڵبەز و دابەزی بەپێنووسەکەی دەکرد بەسەرە لاسیکەکەی لەسەر مێزەکە.

دەستی پێ کرد" زانیمان. " قوڕگی پاک کردەوەو بەڕێزەوە بەدەستی دەمی داپۆشی" ئەمڕۆ هەتا ئێستا درۆیەکت کردووە خۆشکم. پیاوە گەنجەکەی وێستگەکە ئامۆزات نەبوو. خۆی هێندەی بەئێمە وتووە. پرسیارەکە ئەوەیە تۆ ئەمڕۆ درۆی زیاترمان پێ دەڵێیت. خودی خۆم لە دژی ئەوە ئامۆژگاریت دەکەم."

لەیلا وتی " دەمانویست بچین لەگەڵ خاڵم بمێنینەوە. ئەوە ڕاستییەکەیە."

پۆلیسەکە سەری لەقاند" ئەو ئافرەتەی لە داڵانەکە دانیشتووە دایکتە؟"

" بەڵێ"

" ئەو لەهجەی هەرەتی هەیە، تۆ نیتە."

" ئەو لە هەرەت گەورە بووە، من لێرە لە کابول لەدایک بووم."

" بێگومان. وە تۆ بێوەژنیت؟ تۆ بێوەژنی. سەرەخۆشیم بۆتان. ئەم خاڵەت لە کوێ دەژی؟"

" لە پیشاوەر."

" بەڵێ ئەوەت وت." نووکی پێنووسەکەی لەسەر پەڕەیەکی پاک هاوسەنگ ڕادەگرت" بەڵام لە پیشاوەر لە کوێ؟ چ گەڕەکێک؟ تکایە. ناوی شەقامەکە، ژمارەی گەڕەکەکە."

لەیلا هەوڵی دا پاڵ بنێت بە بڵقی ئەو ئازار چەشتنەی دەهاتە سەر سنگی، ناوی ئەو تاقە شەقامەی پێ وت کە لە پیشاوەردا دەیزانی، جارێک گوێی لێ بووبوو باس کرابوو، لەو ئاهەنگەی دایە سازی کردبوو کە موجاهیدەکان یەکەم جار هاتن بۆ کابول" شەقامی جەمرود."

" ئا، بەڵێ. هەمان شەقامی ئوتێل مرواری لەوانەیە خاڵت باسی کردبێت"

لەیلا ئەم دەرفەتەی بەهەل زانی و وتی وایە "بەڵێ ئەو هەمان شەقامە."

" بەڵام ئوتێلەکە لەسەر شەقامی خەیبەرە."

لەیلا گوێی لە ئەزیزە بوو لەناو داڵانەکەدا دەگریا "کچەکەم تۆقیوە، دەتوانم بیهێنم براکەم؟"

" ئەفسەرم پێ باشترە، کەمێکی تر دەچیتەوە لای کچەکەت. ژمارە تەلەفۆنی ئەم خاڵەتت هەیە؟"

" هەمە، هەمبوو..." هەتا بەبوونی بورقەکەش لە نێوانیاندا لەیلا زەبری لەسەر کەم نەدەبووەوە بەهۆی چاوە کاریگەرییەکانیەوە." زۆر پەستم وا دیارە بیرم چووە." ئەفسەرەکە لە لووتییەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا. داوای ناوی خاڵی کرد، ناوی ژنەکەی. چەند منداڵی هەیە؟ ناویان چییە؟ لە کوێ کار دەکات؟ تەمەنی چەندە؟ ئەم پرسیارانە لەیلایان سەرکوێر کرد.

پێنووسەکەی دانا و پەنجەکانی تێکهەڵکێش کرد، خۆیدا بەسەر مێزەکەدا بەهەمان شێوەی دایک و باوک کە دەیانەوێت شتێک بگوێزنەوە بۆ منداڵێکی سێ ساڵان. " باش دەزانیت، کە تاوانە بۆ ژنێک ڕابکات، ئێمە زۆر دەبینین. ژنان بەتەنیا سەفەر دەکەن، ڕای دەگەیەنن مێردەکانیان مردووە. هەندێ جار ڕاست دەکەن. بەڵام زۆربەی جار نەء. دەتوانرێت بەند بکرێیت بۆ ڕاکردن، وا دەبینم تۆ لەوە تێ دەگەیت، وانییە؟"

" ڕێگەمان بدە برۆین ئەفسەری بەڕێز... " ناوەکەی بەسەر چمکێکی یەخەیەوە خوێندەوە" ئەفسەر ڕەحمان، ڕەوشتی چاکی مانای ناوەکەت و پێشاندانی سۆز، چیت لێ ڕوو دەدات ڕێگە بدەیت تەنیا دوو ژن برۆن؟ چ زیانێک لە بەرەڵاکردنی ئێمەدایە؟ ئێمە تاوانبار نین. "

" ناتوانم."

" لێت دەپاڕێمەوە."

" مەسەلەکە یاسایە خوشکم، مەسەلەی یاسا "ئەفسەر ڕەحمان تۆنێکی پڕ لە خەفەت و خۆپەرستی فڕێدایە ناو دەنگییەوە "ئەوە ئەرکی سەرشانی منە، ئاسایش ڕابگرم."

سەرەڕای بارە پەشۆکاو و سەر لێ تێکچووەکەی لەیلا، هێندەی نەمابوو پێ بکەنێت. واقی وڕمابوو لەوەی ئەو وشەیەی بەکار هێنا. لەناو ئەو هەموو ڕووداوانەی دەستەی موجاهیدەکان ئەنجامیان دابوو، کوشتارەکان، تالانکردنەکان، سزادان، لەسێدارەدانەکان، تەقینەوەکان، گرتنەیەکی دەیان هەزار مووشەکی گڕگرتوو، بێ دەسەڵاتیی ئەو هەموو خەڵکەی لەناو ئاگربارانەکانیاندا دەمردن. ئاسایش. بەڵام گازی لە زمانی خۆی گرت.

لە جیاتیی ئەوە بەهێواشی وتی " ئەگەر بماننێریتەوە، بەدەم باس ناکرێت چیمان لێ دەکات."

چاوەکانی لە جووڵە خست و وتی " ئەوەی پیاوێک لەماڵەوە دەیکات کاروباری خۆیەتی."

" ئەی یاسا چییە لەم کاتەدا؟ ئەفسەر ڕەحمان" چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسکی ڕق " تۆ لەوێ دەبیت بۆ پاراستنی ئاسایش؟"

" لە مەسەلەی پۆلیسدا، دەست ناخەینە کاروباری تایبەتی خێزانییەوە، خوشکم."

" بێگومان نایکەن، کاتێک لە قازانجی پیاو بێت. ئەی ئەمە مەسەلەی تایبەتیی خێزانی نییە؟ وەکو خۆت دەڵێیت؟ وانییە؟"

پاڵی دایەوە بۆ دواوە و هەستایە سەرپێ، چاکەتەکەی ڕێک کرد" باوەڕ دەکەم ئەم چاوپێکەوتنە تەواو بوو. دەبێت بڵێم، خوشکم، بەڵگەیەکی زۆر کەم و بێ هێزت پێ بوو. زۆر بێ هێز لە ڕاستیدا. ئێستا ئەگەر بتوانیت لە دەرەوە چاوەڕێ بکەیت، یەک دوو قسەش لەگەڵ ئەو ژنە، هەر چییەکتە، دەکەم."

لەیلا دەستی کرد بەناڕەزایی دەربرین، پاشان هاوارکردن، دەبوو بانگی دوو پیاو بکات بیهێننە دەرەوەی ژوورەکە.

چاوپێکەوتنەکەی مریەم تەنیا یەک دوو خولەکی خایاند، کە هاتە دەرەوە هەموو

گیانی دەلەرزی.

وتی " زۆر زۆری پرسیار کرد، داوای لێبووردن دەکەم لەیلا گیان. من وەک تۆ زیرەک نیم. زۆر زۆری پرسیار کرد. وەڵامەکانم نەدەزانی، بمبوورە."

لەیلا بەبێ هێزییەوە وتی " خەتای تۆ نییە، مریەم. هی منە. خەتای منە. هەموو شتێک خەتای منە. "

دوای سەعات شەش بوو کاتێک سەیارەی پۆلیسەکە هاتە بەردەم ماڵەکە. لەیلا و مریەم دەبوو لە دواوەی سەیارەکەدا چاوەڕێ بکەن، لەلایەن سەربازێکی موجاهیدەوە لە کورسیی پێشەوە چاودێرییان دەکرا. شۆفێرەکە بوو هاتە دەرەوەی سەیارەکە، لە دەرگەکەی دا، قسەی لەگەڵ ڕەشید کرد. ئەو بوو دەستی جووڵاند و بانگی کردن.

پیاوەکەی پێشەوە وتی " بەخێر بێنەوە بۆ ماڵەوە." جگەرەیەکی داگیرساند.

ڕەشید بەمریەمی وت" تۆ لێرەدا چاوەڕێ بکە."

مریەم بەخێرایی لەسەر قەنەفەکە دانیشت.

" ئەو دووانەتان بۆ سەرەوە."

ڕەشید ئەنیشکی لەیلای گرت و ڕایکێشا بۆ لای قادرمەکانەوە. هێشتا پێڵاوی کاری لە پێدا بوو. هێشتا نەیگۆڕیبوو بۆ نەعلەکانی. سەعاتەکەی دانابوو، هەتا هێشتا چاکەتەکەی دانەکەندبوو. لەیلا ڕەشیدی هێنایە بەرچاوی خۆی وەک ئەوەی یەک سەعاتی هەبێت یان لەوانەیە چەند خولەکێک، پێش ئەوەی ئەوان بگەنە ماڵەوە، پەلەکردنی لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر و دەرگەکێشان بەیەکدا. زۆر تووڕە و بەگومان لەژێر هەناسەیەوە جنێو دەدات.

لە سەرەوەی قادرمەکانەوە لەیلا ڕووی تێ کرد.

وتی" ئەو نەیدەویست بیکات، من پێم کرد. نەیدەویست بڕوات..."

لەیلا بۆکزەکەی نەبینی کە هات. ساتێک قسەی دەکرد و دواتر لەسەر چوارپەلی کەوتبوو، چاوی زەق، دەموچاوی سوورهەڵگەڕاو، هەوڵی دەدا هەناسەیەک ڕابکێشێ. وەک ئەوە بوو ئۆتۆمۆبێلێک بەئەوپەڕی خێرایی لێی بدات، لە شوێنێکی ناسکی لە نێوان خوارووی ئێسقانی سنگی و ناوکی. هەستی کرد ئەزیزەی خستبوو، بەوەدا کە ئەزیزە دەیقیژاند. دووبارە هەوڵی دا هەناسە بداتەوە بەڵام

تەنیا دەیتوانی دەنگێکی گڕ و خنکاویی لێوە بێت. تنۆک تنۆک ئاو لە دەمی دەتکا.

پاشان بەقژی ڕاکێشرا. ئەزیزەی بینی بەرز کرابووەوە، نەعلەکانی بینی داکەندران قاچە بچووکەکانی شەقیان هەڵدەدا. قژ لە سەری لەیلا هەڵکەنرابوو، چاوەکانی بەئازار پڕ بووبوون لە فرمێسک، بینی ڕەشید بەشەق دەرگەی ژوورەکەی مریەمی کردەوە ئەزیزەی هەڵدایە سەر چەرپاکە. قژی لەیلای بەر دا هەستی کرد نووکی پێڵاوەکەی بەر سمتی چەپی کەوت، کاتێک ڕەشید دەرگەکەی دا بەیەکدا بەئازارەوە دەیناڵاند. کلیلەکە لە کێلونەکەدا سووڕا.

ئەزیزە هێشتا دەیقیژاند. لەیلا بەکوشمەلەیی لەسەر زەوییەکە ڕاکشا، هەناسەبڕکێی بوو. هێزی لە خۆی کرد بۆ سەر دەستەکانی، هەڵگەڕا بۆ ئەو جێیەی ئەزیزەی لەسەر ڕاکشابوو. دەستی بۆ کچەکەی ڕاکێشا.

لە خوارەوە لێدان دەستی پێ کرد. بۆ لەیلا، ئەو دەنگەی گوێی لێ بوو یەکێک بوو لە ڕیتمە بەردەوام و ئاشناکان کە زوو زوو دووبارە دەبووەوە. نەفرەت و جنێوی تێدا نەبوو، نە قیژە نە پاڕانەوە نە قروسکەی سەرسوڕهێنەر، تەنیا کاروباری ڕۆیشتنی لەسەر پەیڕەوێکی لێدان و لێدران. زرمەکە زرمەی پێداکێشانێکی دووبارە بووە و بەردەوام بەپارچە گۆشتێکدا، شتێک، کەسێک لە دیوارەکەیدا بەزرمەیەک، جل دڕێنرا. جار ناجارێک، لەیلا گوێی لە ڕاکردنی هەنگاوی پێ دەبوو، پێشبڕکێیەکی بێ وتە، کەلوپەل سەرەوخوار دەکران شووشە دەشکێنران، پاشان جارێکی تر پێداکێشان.

لەیلا ئەزیزەی بەقۆڵی هەڵگرت. گەرمییەک لە پێشەوەی عەزیەکەیدا بڵاو بووەوە کاتێک ئەزیزە هێشتی میزەڵدانی بکرێتەوە.

لە خوارەوە بۆ دواجار ڕاکردن و پێشبڕکێیەکە وەستا، پاشان، کاتێک گوێی لە دەنگی دەرگەکە بوو جیڕەی کرانەوەی هات و داخرایەوە، ئەزیزەی لەسەر ئەرزەکە دانا و لە پەنجەرەکەوە سەری کێشایە دەرەوە، بینی ڕەشید لە حەوشەکەدا مریەم بەپشتی ملی ڕادەکێشێ. مریەم پێی پەتی بوو، لە ناوقەددا نوشتابووەوە. خوێن بەدەستی ڕەشیدەوە بوو، خوێن بەدەموچاوی مریەمەوە بوو، بەقژییەوە بەپشت و ملییەوە، کراسەکەی لە پێشەوە دادڕابووە خوارەوە.

لەیلا بەسەر شووشەکەدا گریا "بمبوورە مریەم."

سـەيری ڕەشـيـدی دەكـرد پاڵی دەنا بەمـريەمـەوە بۆ حـەسـارەكـە، خـۆی چووە ژوورەوە، بەچەكوشێک و چەند پارچە تەختەيەكی ئەسـتوورەوە هاتـە دەرەوە دەرگە دوو تاكـيـيـەكـەی داخـست. كليلێكی لە گـيـرفـانی دەرهـێنا، قفـڵـەكـەی داخـست. دەرگـەكـانی تاقی كـردەوە پاشـان بەدەوری حـەسـارەكـەدا سـووڕايەوە، پـەيژەيەكی هێنا.

يەک دوو خـــولەک دواتـر، دەمـــوچاوی لەســـەر پەنجـــەرەكـــەی لەيـلا بوو، چـەند بزمـارێک بەسـووچێكی دەمـيـيـەوە بوون، قژی ژاكابوو، پەڵـەيەكی خـوێنيش بەسـەر برۆيەوە بوو. بەبينينی ڕەشـيـد ئەزيزە هـەڵدەلەرزی و دەمـوچاوی لەناو بـاخـەڵی لەيلادا ناشت.

دەستی كرد بەداكوتانی چەند پارچە تەختەيەک بەسەر پەنجەرەكەدا.

تاريكـيـيـەكە تـەواوەتی بوو، سـەرتاپا و بەردەوام بوو، بێ ئـەوەی شـەو بێت پێک هـاتبـوو. ڕەشـيـد درزەكـانـی نێوان تەخـتـەكـانی پڕ كـردبووەوە، شـتـێكی گـەورە و نەجـووڵاوی لـە بەردەم دەرگـەكـەدا دانابـوو بۆ ئەوەی ڕووناكـيـی لەژێرەوە نـەيەت. شتێک خنرابووە ناو كێلونی دەرگەكەوە.

بۆ لەيلا ڕێی تێ نەدەچوو سـاتی تێپەڕبوونی كـات بەچاوی هەست پێ بكا، لەبەر ئەوە گوێ سـاغەكەی بەكار دەهێنا. بانگ و قوقـەی كەڵەشێر بەيانييـان دەسـەلماند. دەنگی بەيەكدادانی قاپەكان لە خوارەوە لە چێشـتخـانەكەدا، داگيرسـانـی ڕاديۆكە مانای ئێوارەيان دەبەخشی.

يەكەم ڕۆژ، پەلەقاژەيان دەكرد و بۆ يەكتر دەگەڕان لە تاريكييەكەدا، لەيلا چاوی لە ئەزيزە نەدەبوو كە دەگريا، كاتێک دەستی دەكرد بەگاگۆڵكێ.

ئەزيزە نوزاندی، " ئايشی، ئايشی"

" كەمێكی تر." لەيلا كچەكەی ماچ كرد، نيازی بوو ناوچەوانی بێت بەڵام ماچەكە بەر تەوقی سـەری كـەوت." تۆزێكی تر شـير دەخـۆينەوە. تەنيـا ئارام بگرە. كـچـێكی بچووكی بەئارام بە بۆ دايە، منيش هەندێک ئەيشيت بۆ دەهێنم."

لەيلا يەک دوو گۆرانيی بۆ وت.

بۆ دووەم جـار مـەلا بانگی دا، ڕەشـيـد هـيـچ ئاو و خـواردنێكی نەداونـەتێ. ئەو ڕۆژە، گـەرمـيـيـەكی خـەست و هـەناسـە لێبـڕ كـەوت بەسـەريـاندا، ژوورەكـە بووبووە

مەنجەڵی بوخار. لەیلا زمانێکی وشکی هێنا بەلێویدا، خەیاڵی لای بیرەکە بوو لە بەردەم ژوورەکەیدا، ئاوەکەی سارد و پاک. ئەزیزە بەردەوام دەگریا، لەیلا بەئاگاوە تێبینیی دەکرد کە دەموچاوی بۆ دەسڕی دەستی یەکسەر وشک دەبووەوە. جلەکانی لەبەری ئەزیزە داکەند هەوڵی دا شتێک بدۆزێتەوە باوەشێنی ئەزیزەی پێ بکا، بەردەوام فووی لێ دەکرد هەتا سەری فێنک بووەوە. کەمێک دواتر، ئەزیزە لە گاگۆڵکێکردن بەو ناوەدا کەوت، بەردەوام خەوی لێ دەکەوت و خەبەری دەبووەوە.

یەک دوو جار ئەو ڕۆژە لەیلا مستەکۆڵەی کێشا بەدیوارەکەدا، هێزی خۆی لە هاوارکردن بۆ یارمەتی خەرج کرد، بەو هیوایەی دراوسێیەک گوێی لێی بێت، بەڵام کەس نەهات. هەڵچوونەکەی تەنیا ئەزیزەی دەترساند و دووبارە دەستی کردەوە بەگریان بەدەنگێکی بێ هێزەوە، لەیلا خلیسکایە سەر زەوییەکە بیری بەتاوانبارییەوە لە مریەم دەکردەوە، لێی دراوە و خوێنی لێ هاتووە لەناو ئەم گەرمییەدا لە حەسارەکە بەند کراوە.

بەهەر شێوەیەک بێت لەیلا خەوی لێ کەوت، جەستەی لە گەرمییەکەدا دەبرژا. خەونی بینی کە ئەو و ئەزیزە ڕایان کرد بۆ لای تاریق، تاریق لەسەر شەقامێکی قەرەباڵغ و لەوبەریانەوە بوو، لەژێر چەتری دووکانی بەرگدرووییەکدا، لەسەر تەپڵەکێک دانیشتبوو لە سندووقێک هەنجیری تاقی دەکردەوە، لەیلا وتی ئەوە باوکتە ئەو پیاوە لەویا، دەیبینی؟ ئەوە بابەی ڕاستەقینەی تۆیە. ناوی تاریقی بانگ کرد بەڵام دەنگی لەناو دەنگەدەنگی شەقامەکەدا نقووم بوو، تاریق گوێی لێ نەبوو.

لە دەنگی مووشەکەکان خەبەری بووەوە لەسەر سەریەوە گیڤەیان دەهات، لە شوێنێکدا، لەو ئاسمانەی نەیدەبینی هاڕەیەکی گەورەی ڕێزێک فیشەکی ڕەشاشی گوێ لێ بوو. لەیلا چاوی داخست. دیسان خەبەری بووەوە بەدەنگی پێی ڕەشید لەناو داڵانەکەدا، خۆی ڕاکێشا بۆ دەرگەکە و خێرا خێرا پیای دەکێشا،

" تەنیا یەک پەرداخ، ڕەشید، بۆ من نا بۆ ئەوی بکە. دەتەوێت بەسەر دەستەوە خەڵتانی خوێن ببێت؟"

ڕەشید تێ پەڕی.

لەیلا دەستی کرد بەپاڕانەوە. داوای بەخشینی دەکرد. بەڵێنی دا. ڕەشیدی بەنەفرەت کرد.

دەرگـەکەی ڕەشـیـد داخـرا. ڕادیۆکەی داگـیـرسـا. بۆ سـێـیـەم جـار بانگ درا. دووباره گەرما بەتینەکە. ئەزیزە زیاتر سـست و بێ هێز دەبوو، لە گریان وەستا، لە جووڵە وەستا، هـەمووی بەیەکەوە.

لەیلا گوێی خـسته سـەر دەمی ئەزیزە هـەموو جارەکـان ترسی ئەوەی لێ دەنیشت کـە گـوێـی لە ورشـە نەرمـەکـەی هـەناسـەی نەبێت. هـەتا بەکـارێکی سـادەی وەک بەرزکـردنەوەی سـەری خـۆی سـەیری بـەمـلا و لادا دەکـەوت. خـەوی لێ کـەوت. ئەو خەونانەی دەبینی کە بیری نەدەکەوتنەوە، کاتێک خەبەری بووەوە دەستی لە ئەزیزە دا هـەسـتی بەقـڵـیـشـە وشک هـەڵگەڕاوەکـانی لێوی دەکـرد، بێ هۆشـیـی خـۆی لە دەوری ملی پێچـابوو، دووباره ڕاکشـایەوە. لەیلا ئێـسـتـا لەوە دڵنیـابوو کـە لێرەدا دەمـرن، بەڵام ئـەو تەنیـا شـتـەی کـە لێی دەترسـا ئەوە بوو ئەزیزە بەرگـەی نـەگـرێت چونکە زۆر منداڵ و ناسک بـوو. ئەزیزە دەیـتـوانی بەرگـەی چەندە زیـاتر بگرێت؟ ئەزیزە لەم گـەرمـییـەدا دەمـرێت، وە لەیلاش دەبێت لە تەنیشت جـەسـتـە بچـووک و ڕەقـەکـەیـەوە ڕابکشـێت و چاوەڕێی مـەرگـی خـۆی بکا. دیسـان خـەوی لێ کـەوتەوە. خەبەری بووەوە. خەوی لێ کەوتەوە. هێـڵی نێوان خەون و بەخەبەریی تەڵخ و نادیار بوو.

ئەوەی دووباره خەبەری کردەوە کەڵەشێر یان بانگ نەبوو، دەنگی شتێکی قورس بوو ڕادەکێشرا گوێی لە تەقـەتەقێک بوو. لە پڕ لافاوی ڕووناکی ژوورەکـەی پڕ کـرد. چاوەکـانی لەنـاو نارەزاییـدا دەیانزریکاند. لەیلا سـەری بەرز کـردەوە، ڕاچڵـەکی، چاوی هـەڵگڵـۆفـی. لە درزی نێوان پەنجەکانییەوە تارمـاییـیـەکی گـەورەی لەکاویی بینی وەسـتـابوو. تارماییـیەکە جـووڵا، ئێستـا شێوەیەکی دامـوکاوە لە تەنیـشـتـییـەوە هـاتە بەرچاوی، دەنگێک هـاتە بەر گوێی.

" هـەوڵی ئەمـە بدەوە دووباره من دەتدۆزمـەوە، سـوێند دەخـۆم کـە دەتدۆزمـەوە. وە کە دۆزیمیتەوە هیچ دادگەییەک لەم وڵاتە وێرانەدا نییە دادگەییم بکا لەسـەر ئەوەی کـە دەیکەم. لە مـریەم یەکەم جـار پاشـان لە ئەو، دواجـار لە تۆ. دەبێت بیـبـینیت. دەبێت چاوت لێی بێت."

پاشـــان لەگـــەڵ ئـەوەدا ژوورەکـــەی جـێ هـێـــشـت. بـەڵام ڕۆیـشــتـنـەکــەی لـە پـێـش شــەقــهــەڵدان لە لاکــەلـەکــەی لەیلا نـەبوو. ئـیــتــر لـەوە دوا لەیـلا بۆ چەنـد ڕۆژێک بەخوێنەوە میزی دەکرد.

## ٣٧

## مریەم

سێپتێمبەری ١٩٩٦

دوو ساڵ و نیو دواتر مریەم لە ٢٧ی سێپتێمبەردا بەدەنگی هاوار و فیکەلێدان خەبەری بووەوە، لەگەڵ موزیک و دەمەرقاچاندا. ڕای کرد بۆ ژووری دانیشتنەکە، لەیلای لەلای پەنجەرەکە بینییەوە، ئەزیزە هەڵگەڕا بۆ سەر شانی. لەیلا ئاوڕی دایەوە و زەردەخەنەی کرد.

وتی" تاڵیبان لێرەن."

مریەم دوو ساڵ پێشتر بۆ یەکەم جار ناوی تاڵیبانی بیستبوو لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٤، کاتێک ڕەشید هەواڵی ئەوەی هێنابووەوە تاڵیبان شەڕخوازەکانی قەندەهاریان دەرکرد و خۆیان شارەکەیان گرتووەتە دەست. ئەوان هێزی شۆڕشی پارتیزانی بوون، دەیوت، لە پیاوە گەنجە پەشتوونەکان پێک هاتبوون کە پیاوەکانیان کۆچیان کردبوو بۆ پاکستان لە کاتی شەڕی دژ بەسۆڤیەتەکاندا. زۆربەیان پێک هێنرابوون وە هەندێکیان لەدایک بووبوون لە کەمپی ڕاکردووەکاندا لەسەر سنووری پاکستان. وە لە مەدرەسە پاکستانییەکاندا لەژێر یاسای شەریعە لەلایەن مەلاکانەوە فێر کرابوون. سەرکردەکەیان کەسێکی نادیاری نەخوێندەواری یەک چاو بوو ناوی مەلا عومەر بوو، ڕەشید بەدڵخۆشییەوە دەیوت بەخۆی دەڵێت ئەمیرولمولئمینین.

ڕەشید وتی " ڕاستە ئەو کوڕانە هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکیان نییە." قسەی نە بۆ مریەم و نە بۆ لەیلا نەدەکرد. لە هەڵهاتنە سەرنەگرتووەکەی پێش دوو ساڵ و نیوەوە مریەم دەیزانی هەردووکیان یەکێکن و هەمان بوونەوەرن بۆ ڕەشید، بەیەکسانی کلۆڵ و هەناسەسارد بەیەکسانی شایانی دڵپیسییەکەی ڕەشید بوون، بەسووک سەیرکردن و بێ بایەخییەکەی. کاتێک قسەی دەکرد، مریەم وای هەست

دەکرد گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا دەکا یان لەگەڵ ئامادەبوویەکی نادیار لەناو ژوورەکەدا بەپێچەوانەی ئەو و لەیلاوە شایستەی بۆچوونەکانی ڕەشید بێت. ڕەشید وتی " لەوانەیە ڕابردوویان نەبێت" جگەرەی دەکێشا و سەیری سەقفەکەی دەکرد " لەوانەیە هیچ لەبارەی مێژووی ژیان یان ئەم وڵاتە نەزانن. بەڵێ، بەراورد بەوان مریەم وەک پرۆفیسۆری زانکۆیە. ها! زۆر ڕاستە. بەڵام سەیری دەوروبەری خۆت بکە. چی دەبینیت؟ بەرتیل، فەرماندەی لووتبەرزیی موجاهید کە سەرتاپایان تفەنگە، دەوڵەمەندیی هیرۆیین. جیهاد بەسەریەکدا ڕادەگەیەنن و هەموو خەڵکی نێوانیان دەکوژن. هیچ نەبێت تاڵیبان بێگەردن و بەرتیل وەرناگرن. هیچ نەبێت هەموویان موسڵمان و پیاو چاکن. وەڵڵا هەرکە هاتن ئەم شوێنە پاک دەکەنەوە و ئاسایش و یاسا دەهێنن، خەڵک لە چوونە دەرەوەیدا بۆ شیر بەر گوللە نادرێ. مووشەک نامێنێ! بیری لێ بکەوە."

ئێستا بۆ دوو ساڵ دەچێت تاڵیبان ڕێگەیان بەرەو کابول گرتووە. شارەکان لە موجاهیدەکان دەستێنن و لە هەر شوێنێک نیشتەجێ دەبن کۆتایی بەشەڕی دەستە دەستە دێنن. فەرماندەی هەزارەکان عەبدول عەلی مەزارییان دەستگیر کردووە و پاشان لەسێدارەیان داوە. بۆ چەند مانگێک لە دامێنی باشووری کابول نیشتەجێ بووبوون، شارەکەیان ئاگرباران کردبوو. لەگەڵ ئەحمەد شا مەسعوود فیشەکیان گرتبووە یەک. پێشتر لە سێپتێمبەری ١٩٩٦ هەردوو شاری جەلالئاباد و سارۆبییان گرت.

تاڵیبان شتێکیان هەبوو موجاهیدەکان نەیانبوو. ڕەشید دەیوت. ئەوان یەکگرتوو بوون.

ڕەشید دەیوت " با بێن من بەپەڕەی گوڵ گوڵبارانیان دەکەم."

ئەو ڕۆژە هەر چواریان ڕۆیشتنە دەرەوە. ڕەشید لە پاسێکەوە دەیبردن بۆ ئەوی تر بۆ پێشوازی لە جیهانە نوێیەکەیان و سەرکردە نوێیەکەیان. لەناو هەموو گەڕەکێکی بەسەر یەکدا دراودا، مریەم خەڵکی دەبینی گیانیان دەکرا بەبەردا و بەخۆڵ و خاشاکەکانەوە دەهاتنە ناو شەقامەکان. ژنێکی پیری بینی چنگە برنجی فڕێ دەدا بۆ پیادەکان، بەدەموچاوی داکەوتوو و بێ ددان و زەردەخەنەی بەسەر لێویەوە. دوو پیاو لە تەنیشت ئاسەواری بینایەکی وێرانکراوەوە باوەشیان کرد

بەیەکدا، لەناو ئاسمانەکەی سەر سەریاندا گیزە و تەقەی دەمارقاجان دەهات تەقێنران لەلایەن چەند کوڕێکەوە. لە سەربانەکانەوە بەکاسێت سروودی نیشتمانی لێ دەدرا، ملەملەیان دەکرد لەگەڵ هۆڕنی سەیارەکاندا.

ئەزیزە وتی " سەیرکە مریەم!" پەنجەی بۆ کۆمەڵێک کوڕ ڕادەکێشا بەشەقامی مەیوەندا ڕایان دەکردە خوارەوە. دەستیان لەناو هەوادا دەجووڵاند و قوتووی ژەنگاویی بەپەتەوەکراویان ڕادەکێشا. هاواری ئەوەیان دەکرد مەسعوود و ڕەببانی ڕۆیشتوونەتە دەرەوە لە کابول.

لە هەموو شوێنێک هاوارکردن هەبوو: ئەڵڵاهو ئەکبەر! مریەم لە شەقامی مەیوەند چەرچەفێکی سپیی بینی بەپەنجەرەیەکەوە هەڵواسرابوو. لە سەری، کەسێک دوو وشەی لەسەر نووسیبوو بەپیتی گەورە بژی تاڵیبان!

کاتێک بەسەر شەقامەکەدا دەڕۆیشتن مریەم نیشانە و هێمای زیاتری دەبینی بەبۆیە نووسرابوو بەسەر پەنجەرەوە، بەدەرگەوە داکوترابوو بەسەر سەیارەوە دەشەکانەوە کە هەمان مەبەستیان هەبوو.

ئەو ڕۆژە دواتر مریەم بۆ یەکەم جار خۆی لەناو سەردەمی تاڵیباندا بینییەوە، لە گۆشەی پەشتونستان، لەگەڵ ڕەشید و لەیلا و ئەزیزە. کۆمەڵێک خەڵک لەوێدا کۆ بووبوونەوە. مریەم خەڵکی دەبینی ملیان بەرز کردبووەوە، خەڵک جەنجاڵییان دروست کردبوو لە دەوری فوارەیەکی شین لە ناوەڕاستی گۆشەکەدا. خەڵک لەسەر جێگە وشکەکانیان هەڵنیشتبوون دەیانویست دیمەنی کۆتاییی گۆشەکە ببینن، لە نزیکی ڕێستۆرانتە کۆنەکەی خەیبەر.

ڕەشید قەبارەی بەکار هێنا بۆ لادان و تێپەڕبوون لە تەماشاکەرەکان، بردنی بۆ ئەو شوێنەی کەسێک بەبڵندگۆیەک قسەی دەکرد.

کاتێک ئەزیزە بینی زریکاندی و دەموچاوی لەناو بورقەکەی مریەمدا ناشت.

دەنگی بڵندگۆکە سەر بەپیاوێکی گەنج و باریکەلەی ڕیشن بوو، جزداشەیەک و دەرپێیەکی سپیی پۆشیبوو، لەسەر پارچە تەختەیەکی وەک تەپڵەک دانیشتبوو، بەدەستە بەتاڵەکەی مووشەک تەقێنەرێکی هەڵگرتبوو. لە تەنیشتییەوە، دوو پیاوی خوێناوی بەگوریسەوە بەربووبوونەوە کە بەکۆڵەکەی ترافیکێکەوە بەسترابوونەوە. جلەکانیان ونجڕونجڕ کرابوو، دەموچاوە ئاوساوەکەیان شین و مۆر بووبوونەوە.

مریەم وتی " دەمناسی ئەوی لای چەپ."

ژنێکی گەنج لە بەردەم مریەمەوە ئاوڕی دایەوە و وتی " ئەوە نەجیبولایە. پیاوەکەی تر برایەتی. مریەم دەموچاوە خڕ و سمێلاوییەکەی نەجیبولای بیر هاتەوە، کە بەتەختەی ئاگەداری و جامخانەی دووکانەکانەوە بریقەی دەدایەوە لە سالانی سۆڤیەتەکاندا.

دواتر مریەم ئەوە دەبیستێ کە تالیبان نەجیبولای لە پەناگەکەی خۆی لە بارەگەی یو ئێن لە نزیک بینای دارولئەمان ڕاکێشاوەتە دەرەوە. بۆ چەند سەعاتێک سزایان داوە، پاشان قاچیان بەستووەتەوە بەلۆرییەکەوە جەستە بێ گیانەکەیان بەسەر شەقامەکەدا ڕاکێشاوە.

تالیبە گەنجەکە لە بلندگۆکەوە هاواری دەکرد" چەندان موسلمانی کوشتووە! " بەزمانی فارسی و لەهجەی پەشتوو قسەی دەکرد پاشان گۆڕی بۆ پەشتوون. بەجوولاندی تفەنگەکەی ڕووەو خەلکەکە وشەکانی خالبەند دەکرد." تاوانەکانی لای هەموو کەس ناسراوە. کۆمونیست و کافر بوو. ئەمە ئەو کارەیە کە ئێمە دژی بێ باوەڕان ئەنجامی دەدەین، ئەو کەسانەی تاوان دژی ئیسلام ئەنجام دەکەن."

ڕەشید بەتەوسەوە پێ کەنی.

لە بالەکانی مریەمدا، ئەزیزە دەستی کرد بەگریان.

ڕۆژی دواتر، کابول پڕ بوو لە لۆری لە خەیرخانە، لە شاری نوێ لە کەرتی پەروان، لە وەزیر ئەکبەرخان و تەیمانی لۆریی تۆیۆتای سوور لەناو شارەکەدا تێکهەلکێش کرابوون. پیاوە ڕیشدارە جزداشە لەبەرەکان لەسەر جێگەکانیان دانیشتن. لە هەر لۆرییەکەوە، بلندگۆیەک چەند بانگەوازێکی بلاو دەکردەوە. یەکەم جار بەفارسی، پاشان بەپەشتوو. هەمان پەیام لە بلندگۆی مزگەوتەکانەوە، وە لە ڕادیۆوەکە ئێستا ناوی دەنگی شەریعە بوو دەخوێنرانەوە. هەروەها پەیامەکە لەسەر بلاوکراوەکان نووسرابوو لەسەر شەقامەکان بلاو دەکرانەوە. مریەم دانەیەکی لە حەوشەکە دۆزییەوە.

نیشتمانەکەمان ناسراوە بەمیرنشینی ئیسلامیی ئەفغانستان. ئەمانە ئەو یاسایانەن کە ئێمە دەیانسەپێنین و ئێوەش جێبەجێیان دەکەن:

هەموو هاوولاتییەک دەبێت پێنج جار لە ڕۆژێکدا نوێژ بکا. ئەگەر لە کاتی نوێژدا

بێت و بەکردنی کارێکی ترەوە بگیرێن، لێتان دەدرێ.

هەمــوو پیــاوەکــان دەبێت ڕیشــیــان بـهـێـڵـنـەوە. پێـوانـەی درێژییــەکـەی لـەژێر چەناگەیەوە دەبێت لانی کەم پێوانەی مستێکی داخراو بێت. ئەگەر ئەمە پەیڕەو نەکەن لێتان دەدرێ.

هەمــوو کـوڕان جـزداشــە لەبەر دەکـەن. کـوڕان لە پـۆلی یەکـەمـەوە هەتا پۆلی شەشەم جزداشەی ڕەش لەبەر دەکەن. گەورەترەکان هـی سپی لەبەر دەکەن. هەموو کوڕێک جلی ئیسلامی لەبەر دەکا. ملوانەی کراس دادەخرێ.

گۆرانی وتن قەدەغەیە.

سەماکردن قەدەغەیە.

یاریی کۆنکان، شەترەنج، قومار، وە کۆللارە هەڵدان قەدەغەیە.

کتێب نووسین، فیلم سەیرکردن، وێنەکێشان قەدەغەیە.

ئەگەر تووتی ڕابگرن لێتان دەدرێ. باڵندەکانیش دەکوژرێن.

ئەگـەر دزی بکـەن دەسـتـیـان لە مـەچـەکـتـانـدا دەبڕێتـەوە. ئـەگـەر دووبارە دزی بکەنەوە قاچێکتان دەبڕێتەوە.

ئەگەر موسڵمان نین لەو شوێنانەی لەلایەن موسڵمانانەوە دەبینرێن خواپەرستی مەکەن. ئەگەر خـواپەرستـی بکەن لێتـان دەدرێ و بەنـد دەکرێن. ئەگەر بەهەوڵدان بەوەرگێڕانی موسڵمانێکەوە بۆ سەر دینەکەی خۆتان بگیرێن، لەسێدارە دەدرێن.

ئاگەدار بن ژنان:

هەمــوو کـات لـەناو مــاڵـەکـانـتــان دەمـێـننـەوە، بەجێ نـیــیـە بـۆ ژنان بـەســەر شەقامەکاندا وێڵ بن. ئەگەر چوونە دەرەوە دەبێت لەلایەن مەحرەمێکەوە چاودێری بکرێن. ئەگەر بەتەنیا لەسەر شەقامەکان ببینرێن، لێتان دەدرێ و دەنێردرێنەوە بۆ ماڵەوە.

لە هیچ بارێکدا و بەهیچ جۆرێک دەمـوچاوتان دەرناخـەن. کـاتێک چوونە دەرەوە بەبورقەکەتان دایدەپۆشن. ئەگەر نەیکەن، بەتوندوتیژی لێتان دەدرێ.

ماکیاج قەدەغەیە.

خشڵ قەدەغەیە.

جلی دڵفڕێن لەبەر ناکەن.

هەتا قسەتان لەگەڵ نەکرێ قسە ناکەن.

سەیری چاوی پیاوان ناکەن.

لەناو خەڵکدا پێ ناکەنن. ئەگەر پێ بکەنن لێتان دەدرێ.

نینۆکتان بۆیە ناکەن. ئەگەر بیکەن، پەنجەیەکتان لە دەست دەدەن.

قوتابخانە قەدەغەیە بۆ کچان. هەموو قوتابخانەیەکی کچان بەزووترین کات دادەخرێ.

کارکردن لە دەرەوە بۆ ژنان قەدەغەیە.

ئەگەر بەتاوانی زیناوە بگیرێن بەردباران دەکرێن تا دەمرن.

گوێ بگرن. بەباشی گوێ بگرن. ڕەچاوی بکەن. ئەڵلاهو ئەکبەر.

ڕەشید ڕادیۆکەی کوژاندەوە. لەسەر ئەرزی ژووری دانیشتنەکە دانیشتبوون نانیان دەخوارد، هەفتەیەک کەمتر دوای بینینی لاشەی نەجیبوڵا بەهەڵواسراوی.

لەیلا وتی" ناتوانن نیوەی دانیشتوان لەماڵەوە دانیشێنن و هیچ نەکەن."

ڕەشید وتی" بۆ نا؟" بۆ تەنیا یەکجار مریەم لەگەڵ بۆچوونەکەی ڕەشیددا بوو. هەمان شتی لەگەڵ لەیلا و مریەمدا کردووە، لە ئەنجامدا هەمان شتی نەکردووە؟ بەدڵنیاییەوە لەیلا بینیبووی "ئێرە لادێ نییە ئێرە کابولە. ژنان لێرە پیشەی یاسا و دەرمانسازییان دەکرد. فەرمانگەی دەوڵەتیان بەڕێوە دەبرد....

ڕەشید بەلاقرتییەوە بزە گرتی" وەک کچێکی لەخۆبایی پیاوێکی خوێنەری هۆنراوە لە زانکۆدا قسە دەکەیت، چەند شارییت؟! چەند تاجیکیت؟!. لەو باوەڕە دای ئەمە بیروباوەڕێکی نوێی توندڕۆیە تاڵیبان دەیهێنێت؟ قەت لە دەرەوەی خانە پیرۆزە بچووکەکەی خۆتدا لە کابول ژیاویت. گوڵەکەم؟ هەرگیز بەلاتەوە گرینگ بووە سەردانی ئەفغانستانە ڕاستەقینەکە بکەیت؟ باشوور، ڕۆئاوا، لەگەڵ سنوورە خێڵەکییەکەی پاکستان؟ نەء؟ من سەردانم کردوون. وە دەتوانم پێت بڵێم چەندان شـــوێن هەن لەم وڵاتەدا هەردەم بەم جـــۆرە ژیاون، یان زۆر نزیک بوون، تۆ ئەوە نازانیت."

لەیلا وتی" من باوەڕهێنان بەوە ڕەت دەکەمەوە، بەڕاستییان نییە."

ڕەشید وتی" ئەوەی تالیبان لە نەجیبوڵای کرد بۆ من ڕاستی بوو. بەلای تۆشەوە وا نابێت؟"

" ئەو کۆمۆنیست بوو! ئەو سەرکردەی پۆلیسی نهێنی بوو."

ڕەشید پێ کەنی.

مریەم گوێی لە وەڵامەکە بوو لەناو ئەم پێکەنینەدا: کە لە چاوی تالیباندا کۆمۆنیست بوون و سەرکردایەتیکردنی "کەی، ئێچ، ئەی، دی" پڕ لە مەترسی وای لە نەجیبوڵا کرد جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ ئافرەتدا هەبێت و کەمێک بێ نرختر و سووکتر بێت لە ئافرەت.

## ٣٨

## لەیلا

لەیلا سەربەرز بوو بەوەی کە تاڵیبان دەسەڵاتیان گرتە دەست، بابە لەوێ نەبوو چاوی لێیان بێت. ئەگەر وەها بووایە گۆج و ئیفلیجی دەکرد.

پیاوان قوڵینگیان گرتە دەست و لە مۆزەخانە دێرینەکەی کابول ورووژان و پەیکەرەکانی پێش ئیسلامیان شکاند، ئەو مۆزەخانەیە لەوانە بوو کە لەلایەن موجاهیدەکانەوە تالآن نەکرابوون. زانکۆکە داخرا و قوتابییەکانی نێردران بۆ ماڵەوە. وێنەی سەر دیوارەکان درێنران، بەچەقۆ پەرت پەرت کران. شاشەی تەلەڤزیۆنەکان بەرشەق دران. کتێبەکان بێجگە لە قورئان بەکۆمەڵ سووتێنران. ئەو دووکانانەی دەیانفرۆشتن داخران. شیعرەکانی خەلیلی، پاجواک، ئەنساری، حاجی دەهقان، ئەشرەقی، بەیتاب، حافز، جامی، نیزامی، ڕوومی، خەیام، بەیدل و زیاتر بەدووکەڵ بوون.

لەیلا دەیبیست پیاوان لە شەقامەکانەوە ڕادەکێشرێن بۆ خەتابارکردنیان لەسەر نوێژ چوون، دەکران بەناو مزگەوتەکاندا. ئەوەی دەزانی کە ڕێستۆرانتی مارکۆ پۆلۆ نزیک شەقامی مریشک بووبووە ناوەندێکی لێپرسینەوە. هەندێ جار زریکە لە پشت پەنجەرە ڕەشکراوەکانیەوە دەهات. هەموو شوێنێک، پاسەوانە ڕیشنەکان لەسەر شەقامەکاندا بەتوێتای سوورەوە دەهاتن و دەچوون. لەسەر قوللەی چاودێریکردن و چاوگێران وە دەموچاوە تاشراوەکان بۆ خوێناویکردنیان.

سینەماکانیشیان داخست. سینەما پارک، ئاریانا، ئاریوب، ژووری پرۆجێکتەرەکانیان بەوردی دەپشکنی و شریتی فیلمەکانیان دەسووتاند. لەیلا هەموو ئەو کاتانەی بیر دەکەوتەوە کە لەگەڵ تاریق لەو سینەمایانە دانیشتبوون و سەیری فیلمی هیندییان کردبوو. هەموو ئەو چیرۆکە دڵدارییە پڕ جۆش و بەجۆشانە بەتراجیدیا چارەنووسێک لەیەک جودا دەبوونەوە. یەکێک لەسەر

زەوییەکی دوور وێڵ و بێ ئامانج دەبوو، ئەوی تر بەزۆر مارە دەکرا، گریان، گۆرانی وتنی ناو کێڵگەی گوڵە قەیفە و هەردەم بەهارەکان، تامەزرۆییی یەکگرتنەوە. لەیلا بیری دەکردەوە تاریق چۆن پێ دەکەنی کاتێک ئەو بۆ ئەو فیلمانە دەگریا.

ڕۆژێک مریەم پێی وت" دەبێت چییان لە سینەماکەی باوکم کردبێت، ئەگەر هێشتا لەوێ مابێت یان ئەگەر هێشتا خاوەنی بێت."

خەرابات. گەڕەکی دێرینی جوولەکەکانی کابول، بێدەنگ کرابوو. موزیکارەکان لێیان درابوو وە بەند کرابوون، ئامێرەکانیان شێلرابوون. تاڵیبان چووبوونە سەر گۆڕی گۆرانیبێژە دەنخۆشەکەی تاریق حەزی لێی بوو، ئەحمەد زاهیر و فیشەکیان پێوە نابوو.

لەیلا بەمریەمی وت" نزیکەی بیست ساڵە مردووە، یەکجار مردن بەس نییە؟"

ڕەشید هێندە بەتاڵیبان بێزار نەدەبوو. هەموو ئەوەی ئەو دەبوو بیکات درێژکردنەوەی ڕیشێک بوو کە کردی، وە سەردانی مزگەوت بکا، هەروەها ئەویشی کرد. ڕەشید بەبەخشندەییەوە تەماشای تاڵیبانی دەکرد بەچوونە ژێر باری بەزەیی و میهرەبانییەوە. وەک ئەوەی کەسێک تەماشای نارێکوپێکیی ڕەفتاری ئامۆزایەکی گومڕا بکا پێشبینیی کاری ئەنتیکە و شەرمەندەیی لێ بکرێ.

هەموو شەوانی چوارشەمەیەک، ڕەشید گوێی لە دەنگی شەریعە دەگرت کاتێک تاڵیبان ناوی ئەو کەسانەیان دەخوێندەوە کە خراونەتە ناو لیستەوە بۆ سزادان. پاشان، هەموو هەفتەیەک دەچوو بۆ یانەی غازی پیپسییەکی دەکڕی و سەیری نواندنەکەی دەکرد. لە جێگەدا زۆری لە لەیلا دەکرد گوێ بۆ باسکردنەکەی بگرێ بەجۆرێکی ئاسایی و دڵخۆش ئەو دەستانەی کە بینیبووی لێ کرابوونەوە، بەستنەوەکە بەگوریس، هەڵواسینەکە، لە ملدانەکەی دەگێڕایەوە.

شەوێک وتی" ئەمڕۆ پیاوێکم بینی قوڕگی کوژەری براکەی هەڵدڕی،" خەرمانەیەک دووکەڵی کردە دەرەوە.

لەیلا وتی " ئەوانە دڕندەن."

ڕەشید وتی " لەو باوەڕەدایت؟ بەچی بەراوردیان دەکەی؟ سوفییەتەکان یەک ملیۆن خەڵکیان کوشت. دەزانیت موجاهیدەکان لەم چوار ساڵەی ڕابردوودا تەنیا لە کابول چەند کەسیان کوشت؟ پەنجا هەزار، پەنجا هەزار! ئەگەر بەراوردی

بکەیت لەگەڵ دەستبڕینەوەی یەک دوو دزدا، زۆر بێ مانایە. چاو بۆ یەک چاو. ددان بۆ یەک ددان. لە قورئاندایە. پاشان ئەمەم پێ بڵێ: ئەگەر کەسێک ئەزیزە بکوژێ، بەدوای دەرفەتێکدا ناگەڕێیت بۆ تۆڵەسەندنەوەی؟"

لەیلا ڕوانینێکی قێزەونی تێ گرت.

ڕەشید وتی" من مەبەستەکەمت بۆ ڕوون دەکەمەوە."

" تۆش هەر وەک ئەوانیت."

" چاوی ڕەنگێکی سەیری هەیە تۆش دەزانیت؟ نە هی تۆیە و نە هی من."

ڕەشید تلی دا بۆ سەر ڕووی لەیلا، بەهێواشی بەنینۆکە گرنج گرنجەکەی ڕانی لەیلای ڕووشاند.

وتی " با ڕوونی بکەمەوە، ئەگەر خەیاڵێک بمبات، من ناڵێم بەڵام دەشێت، دەکرێ، مافی خۆم دەبێت ئەزیزە ببەخشم. ئەوە چۆنە بەلاتەوە؟ یان من ڕۆژێک بچم بۆ تالیبان، دەڕۆم و دەڵێم گومانم لە تۆ هەیە هێندەی بەسە، باوەڕ دەکەیت بەوتەی کێ بڕوا دەکەن؟ لەو باوەڕەدایت چیت لێ دەکەن؟"

لەیلا ڕانی لە دەست ڕەشید ڕاکێشا.

ڕەشید وتی " ئەوە نەبێت بیکەم، شتی وا ناکەم، نا لەوانەیە نەیکەم. تۆ دەمناسیت."

لەیلا وتی " تۆ نامەردیت."

ڕەشید وتی " ئەوە وشەیەکی گەورەیە هەموو کات ڕقم لەوەت بووە، هەتا ئەو کاتەی بچووک بوویت، کە لەگەڵ ئەو شەلەدا ڕاتان دەکرد بەم ناوەدا وات دەزانی زۆر زرنگیت بەکتێب و شیعرەکانتەوە، ئێستا ئەو زرنگییانە چین بۆ تۆ؟ چی تۆی لە شەقامەکان گرتووەتەوە؟ زیرەکییەکەت یان من؟ من نامەردم؟ نیوەی ژنانی ئەم شارە خۆیان دەکوژن بۆ مێردێکی وەک من، کوشتاریی بۆ دەکەن."

گەڕایەوە دواوە و دووکەڵی جگەرەکەی بەرەو سەقفەکە کردە دەرەوە.

" حەزت لە وشەی گەورەیە؟ ئێستا دانەیەکت دەدەمێ: دیتنی هەموو ڕووەکان، من بۆیە لێرەم کە دڵنیا بم تۆ دیتنی هەموو ڕووەکان ون ناکەی."

ئەوەی ئەو شەوە هەتا بەیانی گەدەی لەیلای ئەمدیو و ئەودیو دەکرد هەموو ئەو

وشـه و وتانه بوون کـه لە زاری ڕەشـیـدەوە دەهـاتـنـه دەرەوە. یەکە بەیەکـەیان ڕاست بوون.

بەڵام، له بـەیانیـدا وه چەند بەیـانیـیـەکی تریش دوای ئەوە دڵ تێکهـەڵاتنـەکـەی بەردەوام بوو پاشان خراپتر بوو؛ بوو بەشتێکی ئاشنا و سەرسوڕهێنەر.

لەیلا پێچکەیەکی ئاسنی بەدەستەوە بوو بەپلایسێک له پـایسکیلێکی فڕێدراوی کـردبووەوە. لـه هـەمـان ئەو کـوچـەیە دۆزیبـوویەوە کـە تاریقی لێ مـاچ کـردبوو چەند ساڵێک لەمـەوبەر. بۆ ماوەیەکی زۆر، لەیلا لەسـەر ئەرزەکە ڕاکشـا، هـەوای لە بـەینی ددانەکانیەوە هەڵدەمژی و قاچەکانی بڵاو کردبوونەوە.

ئەو سـاتەی بۆ یـەکـەم جـار هـەسـتی بەبوونی کـرد ئـەزیزەی زۆر خـۆش دەویست. هیچ کـامـێک لەم جـۆرە گـومـانانە نەبوون، لەگـەڵ ئەم نادڵنیـاییـیـەدا. چەند شـتێکی سـامناک بوو! لەیلا بیـری لێ دەکردەوە ئێسـتا بـۆ دایکێک لەوەبترسێت کە توانای ئەوەی نەبێت خۆشـەویستی بۆ منداڵەکەی خۆی کۆ بکاتەوە، چەند ناسروشتی بوو. وە هێشتا دەبوو بیر بکاتەوە کە لەسەر ئەرزەکە ڕاکشابوو، دەستە ئارەقاوییەکانی لەنگەریان گرت بۆ هـەڵگرتنی پێچکەکە ئـەگەر لە ڕاستـیدا هـەرگیز بتـوانێ منداڵی ڕەشیدی بەقەد منداڵی تاریق خۆش بووێت.

له کۆتاییدا، لەیلا نەیدەتوانی.

ترس نەبوو لە خـەڵتانی خوێنبوونی تا مردن کە وای لێ کـرد پێچکەکە فڕێ بدا، یان هـەتا بـۆچوونی ئەوەی کـە ڕەفـتـارەکە شـایانی نەفـرەت لێکردنە، کـە گـومـانی هـەبوو وابێت. لەیلا پێـچـکەکـەی خـست لەبەرئەوەی بـەرگـەی ئەوەی نەدەگـرت کـە مـوجاهـیـدەکـان چییـان کـردووە: کـە هـەندێ جـار لە شـەڕدا ژیانی بێ گـوناهـەکـان کۆتاییـیان پێ دەهـات. شـەڕەکـەی لەیلا دژی ڕەشـید بوو. منداڵەکە بێ خـەتا بوو. وە تا ئێستا کـەم کوشتار نەکراوە. لەیلا کوشتنی تەواوی بێ تاوانەکانیانی بینیوە کە لەلایەن دوژمنەکانیانەوە ئاگرباران کراون.

## ٣٩

## مریەم

سێپتێمبەری ١٩٩٧

پاسەوانەکە نەڕاندی" ئەم نەخۆشخانەیە چیی تر چارەسەری ئافرەتان ناکا." لە سەرەوەی قادرمەکان وەستابوو، بەساردییەوە سەیری خوارەوەی دەکرد بەسەر قەرەباڵغییەکەدا. کە خەڵکەکە لە بەردەم نەخۆشخانەی مەلالای دروستیان کردبوو.

لوورەیەکی بەرز لە قەرەباڵغییەکە بەرز بووەوە. ژنێک لە دوای مریەمەوە قیژاندی " بەڵام ئێرە نەخۆشخانەی ژنانە." ناڵەی ڕەزامەندیی بەدوادا هات.

مریەم ئەزیزەی لە قۆڵێکی جووڵاند بۆ قۆڵەکەی تری، بەقۆڵە بەتاڵەکەی یارمەتیی لەیلای دەدا. کەئەویش دەینالاند، لە تاوا قۆڵێکی ئالاندبووە ملی ڕەشید. تاڵیبەکە وتی" ئێستا وانییە."

پیاوێکی کەڵەگەت هاواری کرد" ژنەکەم منداڵی دەبێت! خۆت ڕێگە دەدەیت ئەم ژنە لێرە لەسەر ئەم شەقامە منداڵی ببێت، برا؟"

مریەم ئاگەدارییەکەی جەنیوەری ئەو ساڵەی گوێ لێ بووبوو، کە ژنان و پیاوان نەخۆشخانەیان بۆ جیا دەکرێتەوە. وە هەموو کەلوپەلێکی مێینە لە نەخۆشخانەی کابولەوە دەردەکرێت و دەنێردرێ بۆ سەنتەرێکی یارمەتی. هیچ کەس باوەڕی نەکردبوو وە تاڵیبان هەتا ئێستا کاریان بەیاساکە نەکردووە.

پیاوێکی تر هاواری کرد" ئەی نەخۆشخانەی عەلی ئاباد؟"

پاسەوانەکە سەری ڕاوەشاند" ئەی وەزیر ئەکبەر خان؟"

وتی " تەنیا بۆ پیاوانە."

" دەبێت ئێمە لەم کاتەدا چی بکەین؟"

پاسەوانەکە وتی" بچۆ بۆ ڕابیعەبەڵخی."

ژنێکی گەنج چووەپێشەوە و وتی کە ئەو پێشتر لەوێ بووە. ئاوی پاکیان نییە، وتی، نە ئۆکسجین، نە داوودەرمان، نە کارەبایان نییە." هیچ شتێکی لێ نییە."

پاسەوانەکە وتی" ئەوە ئەو شوێنەیە کە ئێوە بۆی دەچن."

هاوار و نالەی زیاتر بەرز بووەوە، یەک دوو جنێو، کەسێک بەردێکی هاویشت.

تالیبەکە کلاشینکۆفەکەی بەرز کردەوە و ریزێک فیشەکی بەهەوادا تەقاند. تالیبێکی تر لە دواوە خەنجەرێکی ڕاوەشاند.

قەلەبالغییەکە خێرا پەرتەوازە بوو.

ژووری چاوەڕوانیکردنەکە لە ڕابیعەبەلخی پڕ بوو لە ژنی بورقەپۆش و منداڵەکانیان. هەواکە بۆگەنی ئارەق و لەشی نەشۆراوی لێ دەهات، بۆنی پێ، میز، دووکەڵی جگەرە، دەرمانی پاکەرەوەی لێ دەهات. لەژێر پانکە هەواییە پەڕپووتەکەدا منداڵان ڕاوی یەکیان دەنا قونەقونیان بەسەر قاچی باوکە خەوالووەکانیان دەکرد.

مریەم یارمەتیی لەیلای دا لەلای دیوارێکەوە دابنیشێت. لەوێوە پەڵە پەڵەی لێکراوەی پلاستەرەکە شێوەی نەخشەی وڵاتە بێگانەکانی هەبوو. لەیلا بۆ پێشەوە و دواوە خۆی ڕادەژەند. هەردوو دەستی نابوو بەسکییەوە.

" دەتبەم بتبینم، لەیلا گیان. بەڵێن بێت."

ڕەشید وتی " خێرا کەن. "

لە پێشی پەنجەرەی ناونووسینەکەوە پۆلێک ژنی لێ بوو شانیان دەدا بەیەکدا و پاڵیان دەنا بەیەکەوە. هەندێکیان هێشتا منداڵەکانیان هەلگرتبوو، هەندێک لە خەڵکەکە جیا بوونەوە و هێرشیان کردە سەر دەرگە دوو تاکییەکەی ژووری چارەسەرکردن. چاودێرێکی چەکداری تالیب سەرەڕێگەکەی لێ گرتن، ناردنییەوە دواوە.

مریەم بەزەحمەت خۆی کرد بەژووردا. پێیەکانی لە زەوی توند کردبوو پاڵی بەئەنیشک و دەفەی شانی خەڵکەوە دەنا. کەسێک ئەنیشکێکی کرد بەپەراسویدا، ئەویش ئەنیشکێکی وەشاندەوە. دەستێک پرێکی تووڕەی کرد بەدەموچاویدا ئەویش پیای کێشایەوە. بۆ ئەوەی خۆی بەرەو پێش پاڵ بنێ مریەم چرنوکی لە ملی خەڵک گیر دەکرد، لەگەڵ قۆڵ و ئەنیشک و قژیان. وە کاتێک ژنێک لە نزیکەوە

نارەزاییی دەردەبڕی، مریەم نارەزاییی دەردەبڕییەوە.

مریەم ئێستا ئەو قوربانییەی بینیبوو کە دایکێک دەیدا. ڕەوشت جوانی تەنیا شت بوو. بەدڵتەنگییەوە بیری لە نانا دەکردەوە، لەو قوربانییانەی ئەویش دابووی. نانا، کە ڕێی تێ دەچوو مریەم ببەخشێت یان هەڵی بداتە چاڵێکەوە و ڕابکا. لە جیاتیی ئەوە، بەرگەگرتنی حەیاچوونی زۆڵێک چوارچێوەی ژیانی دروست کرد لە دەوری کاروبارە بێ سوپاسگوزارییەکەی گەورەکردنی مریەم و خۆش ویستنی بەشێوەیەکی تایبەتی خۆی. پاشان لە کۆتاییدا، مریەم بەسەر ئەودا جەلیلی هەڵبژارد. لەبەرئەوەی شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی بێ ئابڕووی بەرپا کردبوو، مریەم خۆزگەی دەخواست کچێکی باشتر بووایە بۆ نانا. خۆزگەی دەخواست پێشتر لەوەی کە ئێستا لەبارەی دایکایەتی دەیزانێت تێ بگەیشتایە.

خۆی لە بەردەم پەرستیارێکیدا بینییەوە، بورقەیەکی ڕەساسیی پیسی بالاپۆشی لەبەردا بوو. پەرستیارەکە لەگەڵ ژنێکی گەنجدا قسەی دەکرد، کلاوی بورقەکەی پەڵەپەڵەی خوێنی ڕەنگ مردووی هەڵمژیبوو.

مریەم بانگی کرد" ئاوی کچەکەم تەقیوە و منداڵەکە نایەتە دەرەوە."

ژنە گەنجە خوێناوییەکە هاواری کرد " من قسەی لەگەڵدا دەکەم، چاوەڕێی بکە تا نۆبەت دێت!"

کۆمەڵە خەڵکەکە لارەلاریان بوو بەو ناوەدا وەک گیا درێژەکانی دەوری کوخەکە کاتێک شەماڵەکە بەسەر کێڵگەکەدا دەپەڕییەوە. ژنێک لە دوای مریەمەوە هاواری کرد کە کچەکەی لە درەخت کەوتووەتە خوارەوە و ئەنیشکی شکاوە. ژنێکی تر هاواری دەکرد دەیوت لەگەڵ پیساییدا خوێن دادەنێ.

پەرستیارەکە پرسی" تای هەیە؟" ساتێکی پێ چوو بۆ ئەوەی مریەم لەوە دڵنیا بێت کە قسەی لەگەڵ دەکرێ.

مریەم وتی" نا."

" خوێن؟"

" نا."

" لە کوێیە؟"

بەسەر سەرە داپۆشراوەکاندا مریەم دەستی بۆ لەیلا ڕاکێشا لەو شوێنەی لە تەنیشت ڕەشیدەوە دانیشتبوو.

پەرستیارەکە وتی" دێین بۆ لای."

مریەم گریا" ماوەی چەند؟" کەسێک شانی ڕاکێشا و هێنایەوە دواوە.

پەرستیارەکە وتی" نازانم." وتی تەنیا دوو پزیشکیان هەیە و لەو کاتەدا هەردووکیان نەشتەرکارییان دەکرد.

مریەم وتی" ئازاری زۆرە."

ژنە سەر خوێناوییەکە گریا و وتی " منیش! چاوەڕێ بکە تا نۆبەت دێت!"

مریەم ڕاکێشرابووە دواوە. ئێستا بەبەربەستی شان و پشت و سەری خەڵک دیمەنی پەرستیارەکە نەمابوو. بۆنی قرقێنەی شیراویی منداڵێکی کرد.

پەرستیارەکە هاواری کرد" بیبە بۆ پیاسە و چاوەڕێ بکە."

دەرەوە تاریک بوو کاتێک بۆ دواجار پەرستیارێک بانگی کردنە ژوورەوە. ژووری منداڵبوونەکە هەشت قەرەوێڵەی لێ بوو، لەسەریان ژنان دەیانناڵاند و بەئازارەوە تەپوتلیان دەدا، لەلایەن پەرستیاری باڵاپۆشەوە چاودێری دەکران. دووان لە ژنەکان لە ساتی منداڵبووندا بوون، پەردە لە نێوان قەرەوێڵەکاندا نەبوو. لەیلا لە کۆتاییەکەی ئەوسەرەوە قەرەوێڵەیەکی پێ درا، لەژێر پەنجەرەیەکدا کە یەکێک بەبۆیەی ڕەش بۆیاخی کردبوو. لە نزیکییەوە دەستشۆرێک هەبوو، درزبردوو و شکهەڵهاتوو، پەتێک بەسەریەوە، جووتێک دەستکێشی پەڵەپەڵەی نەشتەرکارییان پێدا هەڵواسیبوو. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا مریەم مێزێکی ئەلەمنیۆمی بینی. بەتانییەکی ڕەنگ خەڵووزی لەسەر بوو قاتی خوارەوەی بەتاڵ بوو.

یەکێک لە ژنەکان بینی مریەم سەیر دەکا.

بەهیلاکی وتی" یەکە زیندووەکان دەخەنە سەرەوە."

پزیشکەکەی بورقە شینە تۆخەکەی لەبەردا بوو، ژنێکی بەپەلەی بچووک بوو، جووڵە جووڵەکەی لە جووڵەی باڵندە دەچوو، هەر شتێکی دەوت زۆر بێ ئارامی و زۆر پەلەییی پێوە دیاربوو.

وتی" یەکەم منداڵ." بەم جۆرە وتی، زیاتر وەک ڕستەیەکی خەبەری نەک

پرسیارکردن.

مریەم وتی" دووەم."

لەیلا دەستی کرد بەگریان و خۆی خستە سەرلا و پەنجەکانی لەناو پەنجەکانی مریەمدا داخران.

" هیچ کێشەیەکت هەبوو لەگەڵ منداڵی یەکەمدا."

" نەء."

" تۆ دایکی ئەویت؟"

مریەم وتی" بەڵێ."

پزیشکەکە نیوەی خوارەوەی بورقەکەی لەیلای هەڵدایەوە، ئامێرێکی کانزای شێوە قوچەکی دەرهێنا، بوورقەکەی لەیلای بەرز کردەوە و لا قورسەکەی خستە سەر سکی و کۆتاییە بچووکەکەشی بۆ لای گوێی خۆی، بۆ نزیکەی خولەکێک گوێی گرت، یەک دوو شوێنی گۆڕی دووبارە گوێی گرتەوە دووبارە شوێنەکەی گۆڕییەوە.

" دەبێت ئێستا هەست بەکۆرپەکە بکەم، خوشکم."

یەکێک لەو دەستکێشانەی لە دەست کرد کە بەتەنافی لای سنگەکەوە هەڵواسرابوو، بەدەستێک پاڵی بەسکی لەیلاوە دەنا و ئەوی تری خزاندە ناوەوە، لەیلا نوزاندی. کە پزیشکەکە تەواو بوو دەستکێشەکەی دایەوە بەپەرستیارەکە، ئەویش بەئاویدا دا و هەڵی واسییەوە بەتەنافەکەوە.

" کچەکەت پێویستی بەقەیسەرییە، دەزانیت ئەوە چییە؟ دەبێت منداڵانی بکەینەوە و منداڵەکە بهێنینە دەرەوە، لەبەر ئەوە لە شوێنێکی بنەوەدایە."

مریەم وتی" تێ ناگەم."

پزیشکەکە وتی منداڵەکە لە جێگەیەکی تایبەتدایە خۆی نایەتە دەرەوە. "وە کاتێکی زۆر تێ پەڕیوە، دەبێت ئێستا بچین بۆ ژووری نەشتەرکاری."

لەیلا سەرلەقاندنێکی مۆنی نیشان دا و سەری کەوتە سەر لایەک.

پزیشکەکە وتی" شتێک هەیە دەبێت پێت بڵێم." لە مریەم نزیک بووەوە و لار بووەوە بەتۆنێکی نزمتر و نهێنییەوە قسەی دەکرد. ئێستا لە دەنگیدا نیشانەیەکی

تەریقبوونەوەی تێدا بوو.

لەیلا نرکاندی" دەڵێت چی؟ منداڵەکە شتێکی هەیە؟"

مریەم وتی" بەڵام چۆن بەرگەی بگرێ؟"

پزیشکەکە گوێی لە نەفرەتییەک بووبوو لەم پرسیارەدا، گۆڕانەکەی تۆنی دەنگی بەهێرش بۆ بردن هەڵسەنگاند.

وتی" وا دەزانیت من دەمەوێ بەم جۆرە بێت؟ دەتەوێ چی بکەم؟ ئەوەی من پێویستم پێیەتی نامدەنێ، وێنەی تیشکیم نییە، نە هێزی ڕاکێشەر، نە ئۆکسجین، بگرە دژەبەکتریایەکی سادە چییە نیمانە. کاتێک "ئێن. جی. ئۆ"کان پارە دەبەخشن تاڵیبان دەیگرنەوە بۆ خۆیان، یان ئاراستەی ئەو شوێنانەی دەکەن کە حەز و خواستەکانی پیاوان دەهێننە دی."

مریەم پرسی" بەڵام دوکتۆر شتێکی ترتان نییە بیدەیتێ؟"

لەیلا نرکاندی "چی ڕووی داوە؟"

" تۆ دەتوانیت داوودەرمانەکان خۆت بیکڕیت بەڵام..."

مریەم وتی" ناوەکەی بنووسە، لەگەڵ تۆ نووسیت، من دەیهێنم."

لەژێر بوورقەکەوە، پزیشکەکە بەڕەقی سەری ڕاوەشاند وتی" کاتی هیچمان نەماوە. هیچ کام لەم دەرمانخانە نزیکانە نییانە. دەبێت لە ڕێگە هەتا لە شوێنێکەوە دەگەیتە شوێنێکی تر شەڕ بکەیت، لەوانەیە لەگەڵ ڕێتێچوونێکی کەم لەوپەڕی شار بیدۆزیتەوە. ئێستا سەعات نزیکەی هەشت و نیوە لەوانەیە دەستگیر بکرێیت بۆ شکاندنی پەیرەوی یاسا، بگرە ئەگەر دەرمانەکە بدۆزیتەوە لەوانەیە توانای کڕینیت نەبێت، یان خۆت لەناو شەڕێکی بەسەردا سەپاودا دەبینیتەوە. کات نەماوە. ئەم بەبەیە دەبێت ئێستا بێتە دەرەوە."

لەیلا وتی" پێم بڵێ چی ڕووی داوە!" هێزی خستە بەر خۆی و لەسەر ئەنیشکی وەستا.

پزیشکەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا، بەلەیلای وت دەرمانی بەنجمان نییە.

" بەڵام ئەگەر دوا بکەوین کۆرپەکەت لە دەست دەدەیت."

لەیلا وتی" کەواتە هەڵم بدڕە بمکەوە." کەوتەوە سەر قەرەوێڵەکە و هەردوو

ئەژنۆی کشاند بۆ سەرەوە" هەڵم بدرە بمکەوە، پاشان کۆرپەکەمم بدەرێ."

لەناو ژووره کۆنه بۆگەنەکەی نەشتەرکاریدا لەیلا لەسەر قەرەوێڵەیەک ڕاکشا کاتێک پزیشکەکە لەناو دەستشۆرێکدا دەستی دەکرِاند. لەیلا هەڵدەلەرزی. هەناسەی لە نێوان ددانەکانیەوە هەڵدەکێشا کاتێک پەرستیارەکە هەموو جارێک بەپەڕۆیەکی تەڕی بەشلەیەکی زەردی مەیلەو قاوەییی دەهێنا بەسکیدا. پەرستیارێکی تر لەناو دەرگەکەدا وەستابوو بەردەوام جیرەی لە دەرگەکە هەڵدەستاند بۆ کردنەوەی و سەیرکردنێکی دەرەوە.

پزیشکەکە بورقەکەی دانابوو، وە مریەم بینی قژێکی کلاویی ڕەساسی و دوو چاوی پێڵوو قورسی هەیە، لەگەڵ جووتێک کیسی هیلاکی بەدوو گۆشەکەی دەمیەوە.

پزیشکەکە ڕوونی کردەوە" دەیانەوێ بەبورقەوە نەشتەرکاریی بکەین." سەری بۆ لای پەرستیارەکەی لای دەرگەکەوە دەجوولاند" بەردەوام سەیر دەکا کاتێک دەیانبینێ دێن، من خۆم دادەپۆشم."

ئەمەی بەتۆنێکی چالاک و ناجیاواز وت. مریەم لەوە تێ گەیشت ئەمە ژنێکە ڕابردووی پڕە لە تووڕەیی، ژنێک بوو لەو باوەڕەدا بوو لەوە تێ گەیشتووە کە ئەو هێشتا خۆشبەختە کە کارکردنەکەی ماوەتەوە، کە هەموو کات شتێک دەدۆزنەوە بۆ فەوتاندنی.

دوو پەتی کانزایی لای هەردوو شانی لەیلاوە بوون. لەگەڵ تەنافێکی جل، ئەو پەرستیارەی سکی لەیلای پاک دەکردەوە چەرچەفێکی پێوە کرد، پەردەیەکی لە نێوان پزیشکەکە و لەیلادا پێک هێنا.

مریەم جێی خۆی لەلای تەوقی سەری لەیلاوە کردەوە و دەموچاوی نزم کردەوە تا ڕوومەتیان بەریەک کەوت. هەستی بەهارەهاڕی ددانی لەیلا دەکرد، دەستیان بەیەکەوە قفڵ بوون.

لە پەردەکەوە، مریەم سێبەری پزیشکەکەی بینی جووڵا بۆ لای سەری لەیلاوە، پەرستیارەکە بۆ لای ڕاستی. لێوەکانی لەیلا هەتا دواوە کشابوون. گلۆپی تف لەسەر ڕووی ددانە لێک جیرکراوەکانی دروست دەبوون و دەتەقین. دەنگێکی خێرا و زیکنی لێوە هات.

پزیشکەکە وتی" خۆڕاگر بە، خوشکە بچووکەکە."

بەسەر لەیلادا چەمایەوە.

چاوەکانی لەیلا زەق کرانەوە. پاشان دەمی کرایەوە. بەم جۆرە مایەوە، وەستا، وەستا، هەڵدەلەرزی، دەمارەکانی ناو ملی کشان، ئارەق لە دەموچاوی دەتکا، پەنجەکانی پەنجەی مریەمیان وردوخاش دەکرد.

لەیلا هەرگاڤ کەنزێکی بەنرخ بوو بۆ مریەم لە دوای تێپەڕاندنی ئەو کاتە دوور و درێژەی پێش قیژاندنی.

٤٠

لەیلا

پایزی ١٩٩٩

بیرکردنەوەی مریەم بوو هەڵکەندنی چاڵەکە. بەیانییەک دەستی بۆ پەڵەیەک ڕاکێشا لەلای حەسارەکەوە و وتی" دەتوانین لێرەدا هەڵی بکەنین، ئێرە جێگەیەکی باشە."

بەسەرە پاچێک لە زەوییەکەیان دەدا، خۆڵ و پیسییەکەیان دەکردە لایەکەوە. پلانی چاڵێکی گەورەیان دانەیەکی قووڵیان دانەنابوو، لەبەر ئەوە کاری هەڵکەندنەکە نەدەبوو هێندەی بوێت کە ویستی. ئەو وشکەساڵییەی ساڵی ١٩٩٨ دەستی پێ کرد، ئێستا لە ساڵی دووەمیدا بوو، هەموو شوێنێکی کاول و وێران کردبوو. زستانی ڕابردوو بەئەستەم بەفر باریبوو، بەهاری ڕابردوو هەر باران نەباریبوو، لە سەرتاپای وڵاتەکەدا جووتیارەکان کێڵگە هەڵقرچاوەکانیان بەجێ دەهێشت، مۆڵکەکانیان دەفرۆشت، لادێ و لادێیان دەکرد بۆ ئاو دەگەڕان. دەیانگواستەوە بۆ پاکستان یان ئێران. لە کابول نیشتەجێ دەبوون. بەڵام لەناو شارەکەشدا ئاستی باراناو نزم بوو، بیرە بۆشەکان وشک هەڵگەڕابوون و خەتی بیرە قووڵەکان زۆر دوور و درێژ بوون. لەیلا و مریەم چەند سەعاتیان بەسەر دەبرد لە نۆبەدا دەوەستان. ڕووبارەکەی کابول بەبێ لافاوە ساڵانەکەی بەهار وشک و برنگ بووبووەوە ئێستا تەوالێتی گشتیی هەبوو، هیچی تێدا نەبوو جگە لە پاشەڕۆی مرۆڤ و دار و بەرد و خۆڵ.

بەردەوام بوون لە پاچ وەشاندن و پێداکێشان بەڵام ئەرزە بەخۆر سووتاوەکە وەک بەرد ڕەق بووبوو، خۆڵەکە سەرسەخت و گوشراو و سڕ بوو.

مریەم ئێستا چل ساڵ تەمەنی بوو، قژی لە سەروو دەموچاوییەوە هەڵدرابووەوە و یەک دوو خەتی ڕەساسیی تێدا بوو، کیسی هیلاکی بەژێر چاوەکانییەوە شۆڕ

بووبـوونەوە، ڕەنگ قـاوەیی و شـێـوە کـەوانـەیـی. دوو ددانی پێـشـەوەی نەمـابوو، یەکێکیـان هـاتبووەوە دەرەوە، ئەوی تریان ڕەشید پیایدا کێشـابوو کە بەڕێککەوت زاڵمای خستبوو. پێستی زبر و تۆخ بووبوو بەو کاتانەی کە لە حەوشـەکەدا لەژێر خـۆرە ڕەنگ زەردەکـەدا بەسـەریـان دەبرد. دادەنیـشتن سـەیری ڕاکـردنـی زاڵمایان دەکرد بەدوای ئەزیزەدا.

کە تەواو بوو، کە چاڵەکە هەڵکەندرا، لەسـەری وەسـتـان و سـەیری خـوارەوەیان کرد.

مریەم وتی" لەوانەیە بەسی بێت."

زاڵمای ئێستا دوو ساڵ بوو. کوڕێکی بچووکی خرپن بوو بەقژێکی لوولەوە. دوو چاوی بچـووکی مـەیلەو قـاوەیی هەبوو، وە لە هـەمـوو کـەشـوهـەوایەکدا ڕەنگێکی سوور بەسـەر ڕوومەتەکانیەوە بوو وەک هی ڕەشـید. خـەتی قژی لەسـەر ناوچەوانی وەک هی بـاوکی بوو پڕ و شـێـوەی نیـوە مـانگی هەبوو و نزم بووبووەوە بۆ سـەر برۆی.

کە لەیلا بەتەنیا دەبوو لەگەڵی، زاڵمای کوڕێکی شیرین، ئاقڵ و پڕ لە یاری بوو. حـەزی بەهەڵگەڕان بەسـەر شـانی لەیلادا دەکـرد. لە حـەوشـەکـە لەگـەڵ ئـەزیزە چاوشارکێی دەکرد. هەندێ جار، لە ساتە ئارامترەکانیدا، حەزی دەکرد لەسـەر باوەشی لەیلا دابنیشێ و لەیلا گۆرانیی بۆ بڵێت. خۆشترین گۆرانی بەلایەوە" مەلا محـەمـەد گیان بوو." جۆلانەی بەقاچە بچووکە گۆشتنەکانی دەکرد کاتێک لەیلا گۆرانیی بەناو قژیدا دەچڕی و وە کاتێک دەگەیشتە کۆرسەکە ئەویش بەشداریی دەکرد، هەر وشەیەکی بەدەنگە نووساوەکەی بتوانیایە بڵێت دەیخوێند.

لەیلا خۆشیی لەو ماچە شێدارانە دەهات کە زاڵمای لەناو ڕوومەتیدا دەیچاندن، حـەزی لە ئەنیـشکە چاڵەکـانی و پەنجـە تۆکـمـەکـانی قـاچی بوو، حـەزی دەکـرد ختووکەی بدا، بەگۆشـەسـەرین تونێلی بۆ دروست بکا و ئەویش بەناویدا گاگۆڵکێ بکا، سـەیری بکا لە باوەشـیدا خـەوی لێبکەوێت، ئەویش هەردەم بەدەستێک چنگی بکات بەگوێیدا. لەیلا دڵی تێکەڵ دەهات کاتێک بیری لەو دوا نیوەڕۆیە دەکردەوە کە لەسـەر زەوییـەکە ڕاکشـابوو پێچکەی پایسکیلەکە لە نێوان لاقەکانیدا بوو. چەند نزیک بووبووەوە، ئێـستـا باوەڕپێنـەکراو بـوو بۆ خـۆی کـەتوانی بیـر لەو بـۆچوونە

بکاتەوە. کـورەکـەی دڵخـۆشکەر بـوو بۆی، لەیلا ئاسـوودە بوو کـاتێک ئەوەی بۆ دەرکـەوت ترسـەکـانی بەبێ بنچـینە و بنـاغـە زیادیان کـردووە، زالمای هـەتا سـەر ئێسقان خۆش دەوێت، هەر بەهەمان شێوەی ئەزیزە.

بەڵام زالمای باوکی دەپەرست، هەروەها، لەبەرئەوەی ئەمەی دەکرد کاتێک باوکی لە دەوروبەری دەبوو زۆر بەدەور و خـولیـدا دەهـات، زالمای تەواو دەگـۆڕا، خـێـرا بەچەنەبازییەکی پڕ لە بەربەرەکانێوە یان بەمۆنییەکی ڕووقایمەوە دەهات و دەچوو. لە ئامادەبوونی باوکیدا، زۆر بەئاسانی دڵی دەرەنجا. ڕق و کینەی زۆری لە دڵیدا هەڵدەگرت، لە بەدکاری و کـاری ناپەسند بەردەوام بوو سـەرەڕای سـەرزەنشت و پێدا هەڵشاخینەکانی لەیلا، کە هەرگیز کاتێک ڕەشید لەوێ دەبوو نەیدەکرد.

هەموو ڕەفتارێکی بەدڵی ڕەشید بوو. دەیوت" هێمایەکی زیرەکییە." بەهەمان هەڵەشـەیی و سـەرکـەشـیی زالمایەوە دەیوت، لە کـاتی قـووتدانی خـواردن، پیسـاییکردن، هەڵمـاتێن، کـاتێک شـقـارتەی دادەگیـرسـاند، کـاتێک جگەرەکـەی ڕەشیدی دەجو.

کاتێک زالمای لەدایک بوو، ڕەشید هێنابووی بۆ سەر ئەو چەرپایەی لەگەڵ لەیلا لەسەری دەخەوتن. لانکەیەکی تازەی بۆ کڕیبوو کە لەملا و لاکانیدا وێنەی پەیکەری شێری تێدا بوو. جلوبەرگی نوێ و شـەقشـەقـە و مـەمکـەمژە و دایبـیی تازەی بۆ کڕیبوو سەرەڕای ئەوەی توانای کڕینی ئەو شتانەیان نەبوو، وە کەلوپەلە کۆنەکانی ئەزیزە هێشتا بۆ بەکارهێنانی دەشیا. ڕۆژێک بە مۆبایلێکی پیلەوە هاتەوە ماڵەوە و بەسـەر لانکەکەی زالمایدا هەڵی واسی، هەنگی بچووکی ڕەش و زەرد کە بەسـەر گوڵی گوڵەبەڕۆژەوە نیشـتبـوونەوە کـاتێک دەگوشـران گرمۆڵە دەبوون و گیـزەیان دەهات. مۆسیقایەکی لێ دەدا لە کاتی داگیرسانیدا.

لەیلا وتی" خۆ تۆ وتت کار کەم بووەتەوە."

ڕەشید بەگوێ پێنەدانەوە پێی وت" هاوڕێم هەیە کە دەتوانم لێیان وەربگرم."

" چۆن پارەکەیان دەدەیتەوە؟"

" شتەکان هەموو کات دەسووڕێن، ئەوانیش هەردەم وا دەکەن. سەیر کە، زالمای حەزی لێیەتی، وانییە؟"

زۆربەی ڕۆژەکان، لەیلا لە کوڕەکەی دادەبڕا. ڕەشـید دەیبـرد بۆ دووکـانەکەی،

وازی لێ دەهێنا بەژێر مێزە قەرەباڵغەکەیدا گاگۆڵکێ بکات. یاری بەپاژنە پێڵاوی لاستیک و پارچە چەرمی کۆن بکا. ڕەشید مەکینەی سمارتەکەی دادەگیرساند و چاوێکیشی لەسەر ئەو دەبوو. ئەگەر زاڵمای ڕەفەیەکی پێڵاوی بخستایە، ڕەشید بەهێمنی بەسەریدا دەهات لەسەرخۆ و بە بزەوە. ئەگەر دووبارەی بکردایەتەوە، ڕەشید چەکوشەکەی دادەنا و لەسەر مێزەکەی دایدەنیشاند، بەنەرمی قسەی لەگەڵ دەکرد.

ئارامییەکەی لەگەڵ زاڵمایدا بیرێکی قووڵ و هەرگیز وشک نەهاتوو بوو.

لە ئێوارەدا بەیەکەوە دەهاتنەوە بۆ ماڵەوە، سەری زاڵمای بەسەر شانەکانی ڕەشیدەوە هەڵبەز و دابەزی دەکرد. هەردووکیان بۆنی سیکۆتین و چەرمیان لێ دەهات. زەردەخەنەیان بۆ یەک دەکرد بەشێوەی دوو کەس هاوبەشی یەک نهێنی بن، بەشەرمەوە، وەک ئەوەی هەردووکیان لەناو ئەو دووکانە لێڵەدا، بەدرێژاییی ڕۆژ دابنیشن و هیچ پێڵاو دروست نەکەن تەنیا نەخشەی ئامۆژگاری و نهێنی بۆ یەک باس بکەن. زاڵمای حەزی دەکرد لە تەنیشت باوکییەوە دابنیشێت لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا، لەو شوێنەی گەمەی تایبەتییان لێ دەکرد، لە کاتێکدا مریەم و لەیلا و ئەزیزە دەورییەکانیان لەسەر سفرەکە ڕێک دەکرد. بەسەرە پەلەپیتکەیان لە سنگی یەکتر دەدا، پێ دەکەنین، پارچە نانی بچووکیان دەگرتە یەکتر، بەشێوەیەک قسەکانیان دەچرپاند کە ئەوانی تر تێ نەگەن. ئەگەر لەیلا قسەی لەگەڵ بکردنایە، ڕەشید بەنابەدڵەوە سەری بۆ ئەو ناوبرە چاوەڕواننەکراوە بەرز دەکردەوە. ئەگەر بیوتایە دەیەوێت زاڵمای باوەش بکا، یان خراپتر، ئەگەر زاڵمای خۆی بۆ درێژ بکردایە، ڕەشید خێسەی لە لەیلا دەکرد.

لەیلا دەگەڕایەوە بۆ دواوە و هەستی بەبۆگەنی دەکرد.

پاشان شەوێک، یەک دوو هەفتە دوای ئەوەی زاڵمای بوو بە دوو ساڵ ڕەشید بەتەلەڤزیۆنێک و " ڤی. سی. ئاڕ"ێکەوە هاتەوە بۆ ماڵەوە. ڕۆژەکە ڕۆژێکی گەرم بوو، بەڵام ئێوارەکەی فێنکتر بوو بەرەبەرە دەبوو بەشەوێکی بێ ئەستێرەی سارد.

لەسەر مێزی ژووری دانیشتنەکە داینا. وتی لە بازاڕی ڕەش کڕیومە.

لەیلا پرسی" قەرزێکی تر؟"

ڕەشید وتی" ماگنا ڤۆکس" ە.

ئەزیزە هات بۆ ژوورەکە. کاتێک تەلەڤزیۆنەکەی بینی، ڕای کرد بۆی.

مریەم وتی" وریابە ئەزیزە گیان. دەستی لێ مەدە."

قژی ئەزیزە بەقەدەر قژی لەیلا کاڵ بوو. لەیلا چالاّییی ڕوومەتەکانی خۆی لە ڕوومەتەکانی ئەزیزەدا دەبینی. ئەزیزە بووبووە کچێکی بچووکی مات و لەسەرخۆ، بۆ لەیلا، هەڵسوکەوتی لەودیو کەسێکی شەش ساڵانەوە بوو. لەیلا سەرسام دەبوو بە ڕەفتاری، قسەکردن و پێکەنینەکانی، ڕێکوپێکی و بەرز و نزمیی دەنگی لە قسەکردندا، وەستانە پڕ لە هەست و وتە پڕ لە ئاوازەکانی، زۆر کامڵ و نامۆ بوون بەو جەستە پێنەگەیشتووەی کە ئەو دەنگەی تێدا جێگە بووبووەوە. ئەزیزە بوو کە بەدڵێکی خۆش و فراوانەوە هەموو ڕۆژێک وەک ئەرکی سەرشانی خۆی زالمای خەبەر دەکردەوە و دەیگۆڕی، نانی بەیانیی بۆ ئامادە دەکرد، قژی بۆ دادەهێنا. ئەزیزە بوو کە زالمای دەخەواند، یاریی لەگەڵ دەکرد، بە لەسەرخۆیی و ژیرییەوە برا دڵ ناسکەکەی ئاشت دەکردەوە. لە دەوروبەری زالمای ئەزیزە بەتووڕەیی و سەرسوڕمانەوە سەری ڕادەوەشاند.

ئەزیزە پەنجەی نا بەدوگمەی داگیرساندنی تەلەڤزیۆنەکەدا. ڕەشید خێسەیەکی لێ کرد و مەچەکی گرت و ڕای کێشایە دواوە، بەبێ پێشاندانی هیچ نەرمونیانییەک.

ڕەشید وتی" ئەمە تەلەڤزیۆنی زالمایە." ئەزیزە چوو بۆ لای مریەم و بەباوەشیدا هەڵگەڕا. ئێستا ئەو دووانە جیانەکراوە بوون. لەم ماوەیەدا، بەڕەزامەندیی لەیلا مریەم دەستی کردبوو بەفێرکردنی بەندەکانی قورئان و یارمەتیدانی ئەزیزە بۆ فێربوونیان. ئەزیزەش لەبەری کردبوون، سورەتەکانی "ئیخلاس، فاتیحا،" وە دەیزانی چۆن دوو ڕکاتە نوێژەکەی بەیانی بکا.

مریەم بەلەیلای وت ئەوەهەموو ئەوەیە کە دەبێت پێی ببەخشم، ئەم زانیارییە، ئەم نوێژانە. ئەوانە تاکە سامانی ڕاستەقینەی منن هەتا ئێستا هەمن.

زالمای ئێستا هات بۆ ژوورەکە. کاتێک ڕەشید بەئومێدەوارییەوە سەیری دەکرد بەو شێوەیەی کە خەڵک چاوەڕوانی ساحیرێک دەکەن لەسەر شەقامەکان، زالمای وایەری تەلەڤزیۆنەکەی ڕاکێشا، پەنجەی نا بەدوگمەکاندا، وەدەستی نا بەشاشەکەیدا کاتێک بەرزی دەکردەوە جێگەی دەستەکانی لەسەر شووشەکە کاڵ

دەبوونەوە. ڕەشـید بەفیـزەوە زەردەخـەنە دەیگرت و سـەیری دەکرد کـاتێک زالمای بەردەوام دەستی دەنا بەشاشەکەدا و بەرزی دەکردەوە دووبارە و دووبارە.

تاڵیبان تەلەڤزیۆنیان قەدەغەکردبوو. شریتی ڤیدیۆ لەناو شوێنە گشتییەکاندا بە بەرچاوی خـەڵکەوە وردوخـاش کرابوون، ناوەکانیـان دەرهێنرابوون و پەرژینیـان لێ دروست کرابوون. سـەتەلایتەکان بەستوونی کارەباوە هەڵواسرابوون. بەڵام ڕەشـید دەیوت تەنیا لەبەرئەوەی قەدەغە کراون مانای ئەوە نییە نەتوانیت بیاندۆزیتەوە. ڕەشـید وتی" سـبەینێ بەدوای هەندێک ڤـیدیۆی کارتۆنیدا دەگـەڕێم، زۆر سـەخت نابێت، دەتوانیت لە بازاڕی ڕەشدا هەموو شتێک بکڕیت.

لەیلا وتی " کـەواتە بیـرێکی تازەمـان بۆ بکـرە." ئەمـە وای کـرد لەیلا ڕوانینێکی بەسووک تەماشاکردن لەلایەن ڕەشیدەوە وەربگرێت.

دواتر، دوای خـواردنی ژەمێکی تری ئێوارەی برنجی سـادە، دیسـان چا دەسـتی لێ هـەڵگیرابـوو بەهـۆی وشکەسـاڵییـەوە، دوای ئەوەی ڕەشـید جگەرەیەکی کێشـا، لەبارەی بڕیارەکەیەوە بەلەیلای وت.

لەیلا وتی" نەء."

ڕەشید وتی پرسیارم لێ نەکردیت.

لەیلا وتی" گرینگ نییە پرسیارم لێ دەکەی یان نا."

ڕەشید وتی " گرینگ دەبێت ئەگەر هەموو چیرۆکەکە بزانیت."

ڕەشـیـد وتـی زیاتر لەوەی کـە باسـی کـردووە قـەرزی لـە هاوڕێکانی کـردووە. لەبەرئـەوەی پارەی دووکـانـەکـە بەشـی بەڕێوەبردنی ژیانی پێنـج کـەسـی نـەدەکـرد. "پێشتر پێم نەوتی بۆ ئەوەی دوودڵت نەکەم."

" لەگەڵ ئەوەشدا، سەرسام دەبیت ئەگەر بزانیت چەند پارە پەیدا دەکەن."

لەیلا دووبارە وتی نەء. لە ژووری دانیشـتنەکە دانیشـتبوون. مـریەم و منداڵەکان لە چێشـتخانەکە بوون. لەیلا گوێی لە هـاڕەهاڕی قاپەکان بـوو لەگەڵ پێکەنینە بەرز و ناســازەکــەی زالمای، ئەزیزە شــتــێک بـەمــریـەم دەڵێت بەدەنگە جــێگیــر و ژیرانەکەیەوە.

ڕەشید وتی "کـەسی تریشی لێ دەبێت وەک ئـەو، بگرە منداڵتر، هەموو خـەڵک لە

کابول هەمان شت دەکەن."

لەیلا پێی وت گرینگ نییە بەلامەوە خەڵکی تر چی بەمنداڵەکانیان دەکەن.

ڕەشید بەبێ ئارامیترەوە وتی "چاوێکی نزیکم لەسەری دەبێت، جێگەیەکی سەلامەتە مزگەوتێکە لەوبەر شەقامەکەوە."

لەیلا هاواری کرد" ڕێگەت پێ نادەم کچەکەم بکەیت بەسواڵکەری سەرشەقامەکان!"

هاوارەکە دەنگی شەقەیەکی بەرزی لێوە هات، لەپی دەست و پەنجە ئەستوورەکەی لەسەر گۆشتی ڕوومەتی لەیلا بوو. سەری لەیلا سووڕابوو بەودیودا، دەنگەدەنگی چێشتخانەکەی بێدەنگ کردبوو. بۆ ساتێک سەرتاپای ماڵەکە بێدەنگ بوو. پاشان جموجۆڵێکی کۆمەڵێک پێی بەپەلە لەناو داڵانەکەدا دەستی پێ کرد پێش ئەوەی مریەم و منداڵەکان بگەنە ژووری دانیشتنەکە، چاویان جێگۆڕکێی دەکرد لە لەیلاوە بۆ ڕەشید وە دووبارە.

پاشان لەیلا بۆکزێکی لە ڕەشید دا.

یەکەم جار بوو کێشابووی بەکەسێکدا، بێجگە لەو بۆکزە پڕ لە گەمانەی لەگەڵ تاریقدا دەیانگۆڕییەوە. بەڵام ئەوان مستی کراوە بوون زیاتر تەخت بوون نەک بۆکز، بەئاگاداری و هاوڕێیەتییەوە، بەئاسوودە دەربڕینی سەرلێشێواوی کە هەردوو وورووژێنەر و سەرلێشێوێنەر بوو. نیشانەی لەو ماسولکەیەی تاریق دەگرتەوە کە بەدەنگێکی لێزانەوە پێی دەوت ماسولکەی پیاوانە.

لەیلا سەیری چەماوەیی مستە داخراوەکەی دەکرد بەناو هەوادا وەشاندی، هەستی بەچرچ و لۆچی پێستە زبرەکەی ڕەشید کرد لەژێر جومگەی پەنجەکانیەوە. دەنگێکی وەک خستنە خوارەوەی فەردەیەک برنج بۆ سەر زەوییەکەی لێوە هات. لەیلا زۆر بەقایمی لێی دا. کاریگەرییەکەی وای لێ کرد لە ڕاستیدا دوو هەنگاو لەتر بداتە دواوە.

لە لاکەی تری ژوورەکەوە، هەناسەبڕکێیەک، قروسکەیەک، قیژەیەک هات. لەیلا نەیزانی کێ چ دەنگێکی لێوە هات. لەو ساتەدا هێندە واقی وڕمابوو کە تێبینیی ئەوانە نەکات. چاوەڕێی دەروونی دەکرد ئەوە بقۆزێتەوە کە دەستی ئەنجامی دابوو. کاتێک کردی، لەو باوەڕەدا بوو زەردەخەنە گرتبێتی، لەوانە بوو بەلاقرتەییەوە پێ

کەنیبێت بۆیە ڕەشید بەهێواشی چووبووە دەرەوەی ژوورەکە.

وا دیاربوو بۆ لەیلا کۆی دژواری و تەنگانەکانی ژیانی خۆی و ئەزیزە و مریەم بەرەو نەمان چووە، بەهەڵمبوون وەک جێ دەستەکانی زالمای لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکە. زۆر بەکەڵک دیار بوو، سەرەڕای ئەو بەرگەگرتنانەی بەرگەیان گرتبوو. ئەم تاکە ساتە ڕازاوە و شاهانەیە، ئەم هەڵوێستی ڕووبەڕووبوونەوەیە کە کۆتاییی بەهەموو ئازار چەشتن و ڕیسواکردن و بەکەم سەیرکردنەکانیانی هێنابوو.

لەیلا دیقەتی نەدا کە ڕەشید گەڕاوەتەوە بۆ ژوورەکە هەتا ئەو کاتەی دەستی بەدەوری ملیەوە بوو، هەتا ئەو کاتەی بەرز کرایەوە بۆ سەر پێکانی و کێشرا بەدیوارەکەدا.

لە نزیکەوە، دەموچاوە ناشیرینەکەی زۆر زل دیار بوو. لەیلا دیقەتی دا لەگەڵ بەسالاچوونی تەمەنیدا چەند ئاوساوە، چەند دەماری ترازاوی تر کە ڕێچکەی بچووکیان نەخشاندبوو لەسەر لووتی. ڕەشید هیچی نەوت، لە ڕاستیدا چی دەوترا، چی شایانی وتن بوو کاتێک لوولەی تفەنگەکەی خستبووە ناو دەمی ژنەکەیەوە.

هێرشی لە ناکاوی لەشکرێک بووە هۆی چاڵ هەڵکەندنەکەیان لە حەوشەکەدا. هەندێک جار هێرشەکە مانگانە بوو، هەندێک جار هەفتانە. لەو ماوەیەدا ڕۆژانە بوو، بەزۆری دەستیان بەسەر شتومەکدا دەگرت شەقەیان لە پشتی ئەم و زرمەیان لە پشتەسەری ئەو هەڵدەستاند. بەڵام هەندێ جار لێدانی وەک دارکاری و فەلاقەکردنی بەری پێ لەناو خەڵکدا هەبوو.

مریەم ئێستا وتی" بەهێواشی." ئەژنۆکانی لەسەر لێوارەکەی بوو. تەلەڤزیۆنەکەیان شۆڕ کردەوە بۆ ناو چاڵەکە بەگرتنی هەریەک لە سوچەکانی سەرچەفێکی پلاستیک کە لە دەوری پێچرا بوو.

مریەم وتی " وەها لەوانەیە باش بێت."

خۆڵەکەیان تەخت کرد کاتێک تەواو بوون دووبارە چاڵەکەیان پڕ کردەوە. هەندێکیان بەو ناوەدا بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی سەرنجراکێش نەبێت.

مریەم وتی" ئەوەتا." دەستەکانی بەکراسەکەی سڕی.

کاتێک سەلامەت بوو، لەسەر ئەوە ڕازی بوون هەرکە تاڵیبان هێرشەکانیان کەم کردەوە لە مانگێک یان دوو یان شەش مانگدا، یان لەوانەیە زیاتر، تەلەڤزیۆنەکە هەڵدەکەننەوە بۆ سەرەوە.

لە خەونەکانی لەیلادا، خۆی و مریەم لە دەرەوەن و لە دوای حەسارەکەوە چاڵ هەڵدەکەننەوە دووبارە. بەڵام ئەمجارە، ئەزیزەیە کە نزمی دەکەنەوە بۆ ناو زەوییەکە. هەناسەکەی ئەزیزە چەرچەفە لاستیکەکەی لێیان پێچاوە هەڵماوی دەکا. لەیلا چاوە بێ ورەکانی دەبینێت، سپێتیی بەرە دەسەکانی کاتێک دەیکێشێت بە ڕووی چەرچەفەکەدا. ئەزیزە دەپاڕێتەوە. لەیلا ناتوانێت قیژەکانی ببیستێ. لەیلا هاوار دەکا تەنیا بۆ ماوەیەکە، تەنیا بۆ ماوەیەکە. هێرشی لەشکرەکانە، نازانیت خۆشەویستم؟ کاتێک هێرشەکان کۆتاییان هات دایە و پوورە مریەم دەرت دەهێننەوە. بەڵێن بێت، خۆشەویستەکەم. پاشان یاری دەکەین. ئەو یارییە دەکەین کە خۆت دەتەوێ. خاکەنازەکە پڕ دەکا. لەیلا بەئاگا هاتەوە، هەناسەی لێ بڕابوو، لەگەڵ تامێکی خاک و خۆڵ لەناو دەمیدا، کاتێک یەکەم تۆپەڵە گڵی زبری داندار دەیدا بەپلاستیکەکەدا.

## ٤١

## مریەم

لە هاوینی ٢٠٠٠دا وشکەساڵییەکە گەیشت بەسێیەم و خراپترین ساڵی.

لە "هیلماند، زابوڵ، قەندەهار" لادێکان بووبوونە ڕانە مەڕی کۆچکردووی ناوچەکان، هەردەم دەهاتن و دەچوون، بۆ ئاو و لەوەڕگەی سەوز دەگەڕان بۆ مەڕومالاَتەکانیان. کاتێک هیچیان نەدەدۆزییەوە، کاتێک مەڕ و بزن و مانگاکانیان دەمردن، دەهاتن بۆ کابول. گردی" کارە- ئاریانە"یان دەگرتەوە، لەناو گەڕەکە هەژارە کاتییەکاندا دەژیان، لەناو کوختەدا کۆ دەبوونەوە، پازدە یان بیست کەس لە یەک کاتدا.

هەروەها ئەو وەرزە وەرزی هاوینی تایتانیک بوو، ئەو هاوینەی مریەم و ئەزیزە دوو چەقاوەسووی سەرلێشێواو بوون و پرمە و پێکەنینیان دەهات، ئەزیزە سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێت ئەو جاک بێت.

" بێدەنگ بە ئەزیزە گیان."

" جاک! ناوەکەم بڵێ، پوورە مریەم، بیڵێ. جاک!"

" باوکت تووڕە دەبێت ئەگەر خەبەری بکەیتەوە."

" جاک! وە تۆش ڕۆزیت."

لە کۆتاییدا دەچووە سەر پشتی مریەم و مریەم خۆی دەدا بەدەستەوە کە ڕازی بێت ئەو ڕۆزە. مریەم کۆڵی دەدا و دەیوت" باشە تۆ ببە بە جاک، بەگەنجی بمرە. منیش هەتا تەمەنێکی پیری پێگەیشتوو دەژیم."

ئەزیزە وتی" بەڵێ، بەلاَم من پاڵەوان دەمرم، لە کاتێکدا تۆ، ڕۆز، هەموو ژیانت بەتامەزرۆبوونی منەوە بەسەر دەبەیت." پاشان هەردوو لاقی دەخستە ئەملا و لای سنگی مریەمەوە، ڕای دەگەیاند" ئێستا دەبێت ماچ بکەین!" مریەم سەری لەمدیو بۆ ئەودیو ڕادەتەکاند، ئەزیزەش دڵشاد بەهەڵوێستە ئابڕووبەرەکەی خۆی، لەژێر

دوو لێوی لۆچەوە چەنەبازیی دەکرد.

هەندێ جار زالمای لۆژلۆژ دەڕۆیشت و سەیری ئەم گەمەیەی دەکرد. ئەو ببێت بەکێ، دەیپرسی.

ئەزیزە دەیگوت" تۆ دەتوانیت ببی بەشاخە سەهۆڵینەکە."

ئەو هاوینە تای تایتانیک لە کابول هاتبوو. خەڵک کۆپی ڕێگە پێنەدراوی فیلمی تایتانیکیان بەقاچاخ لە پاکستانەوە دەهێنا، هەندێ جار لەناو دەرپێ کورتەکانیاندا دەیانشاردەوە. دوای زەنگی بەشەوکردن لەلایەن تاڵیبانەوە، خەڵک دەرگەکانیان دادەخست، گڵۆپەکانیان دەکوژاندەوە، دەنگەکانیان کز دەکرد، فرمێسکیان بۆ جاک و رۆز و هەموو گەشتیارەکانی سەر کەشتییە نقوومبووەکە دەڕشت. ئەگەر کارەبا هەبووایە، مریەم و لەیلا و منداڵەکانیش سەیریان دەکرد. دەرزەنێک جار یان زیاتر، تەلەڤزیۆنەکەیان لە پشت حەسارەکەوە شاردەوە. شەو درەنگ، بەگڵۆپی کوژاوەوە لەگەڵ لێفەی گیراو بەپەنجەرەکاندا.

لە ڕووبارەکەی کابول، فرۆشیارەکان دەیانگواستەوە بۆ کەنارە وشکهەڵهاتووەکەی ڕووبارەکە. زوو، ڕێی تێ دەچوو بتوانیت لە چاڵی و چۆڵییە هەڵتۆقیوەکانی ڕووبارەکەدا فەرشی تایتانیک، جلی تایتانیک، بۆنبڕی تایتانیک، دەرمانی ددان شتنی تایتانیک، عەتری تایتانیک، کێکی تایتانیک، بگرە بورقەی تایتانیک بکڕیت. سواڵکەرێکی ناسراوی کۆڵنەدەر خۆی ناو نابوو " سواڵکەری تایتانیک".

" شاری تایتانیک" لەدایک بوو.

دەیانوت، گۆرانییەکەی.

نا، دەریاکە، خۆشگوزەرانییەکەی، کەشتییەکە.

سێکسەکە، دەیانچرپاند.

ئەزیزە بەشەرمنییەوە دەیوت. لیۆ. هەموو کەس باسی لیۆ دەکا.

لەیلا بەمریەمی گوت" هەموو کەس جاکی دەوێت. ئەوە ڕاستییەکەیە. هەموو جاکیان دەوێت بێت ڕزگاریان کات لەو کارەساتە. بەڵام جاک نییە. جاک ناگەڕێتەوە. جاک مردووە."

پاشان، ئەو هاوینە درەنگ، بازرگانێکی کوتاڵفرۆش خەوی لێ کەوتبوو لە بیری چووبوو جگەرەکەی بکوژێنێتەوە. خۆی لە ئاگرەکە دەرباز بووبوو، بەڵام دووکانەکەی نەء. ئاگرەکە دووکانی کوتاڵفرۆشەکەی تەنیشتیشی گرتبووەوە، لەگەڵ دووکانێکی جلی کۆنە، دووکانێکی کەلوپەلی ناوماڵ و دووکانی شیرینییەک.

دواتر بەڕەشیدیان وت ئەگەر بایەکە بەرەو ڕۆهەڵات بڕۆیشتایە لە باتیی بەرەو ڕۆئاوا، دووکانەکەی ئەویش کە لەسەر سووچەکە بوو پێوە دەبوو.

هەموو شتێکیان فرۆشت.

لە شتەکانی مریەمەوە دەستیان پێکرد، پاشان ئەوانەی لەیلا. جلەکانی منداڵی ئەزیزە، ئەو یەک دوو یارییەی لەیلا زۆری لە ڕەشید کردبوو بۆی بکڕێ. ئەزیزە بەنیگایەکی ملکەچەوە سەیری کردارەکەی دەکرد. کاتژمێرە دەستییەکەی ڕەشیدیش فرۆشرا، ڕادیۆ کۆنە ترانسستەرەکەی، جووتە بۆینباخەکەی، پێڵاوەکانی، لەگەڵ ئەڵقەکەی پەنجەی. قەنەفەکە، مێزەکە، فەرشەکە، وە کورسییەکانیش ڕۆیشتن. زالمای دەستی کرد بەبیانوو گرتن کاتێک ڕەشید تەلەڤزیۆنەکەی فرۆشت.

دوای ئاگرەکە، ڕەشید نزیکەی هەموو ڕۆژێک لە ماڵەوە بوو. زللەی لە ئەزیزە دەدا. مریەمی بەرشەق دەدا. شتی فڕێ دەدا. لەیلای تاوانبار دەکرد بەو بۆنەی لێی دەهات، بەو جلانەی لەبەری دەکرد، بەو شێوەیەی قژی دادەهێنا، دەمودانە زەردەکەی.

دەیوت" چیت لێ قەوماوە؟ من پەرییەکم کرد بەهاوسەرم، کەچی ئێستا جادووگەرێک بووە بەتووشمەوە. تۆش دەبیت بەمریەم."

لە کەبابخانەکەی تەنیشت سەر سووچەکەی حاجی یاقوبیش دەرکرابوو، لەبەرئەوەی لەگەڵ کڕیارێک چووبوون بەگژ یەکدا. کڕیارەکە ناڕەزاییی ئەوەی دەربڕیبوو ڕەشید بەبێ ئەدەبییەوە نانەکەی بۆ فڕێ دابووە سەر مێزەکە. وشەی ناشیرینی تێ کەوتبوو ڕەشید بەکابرای وتبوو ئۆزبیکی دەموچاو مەیموون. میلی دەمانچە هێنرابووەوە، لە ئەنجامیدا شیشی کەباب وەشێنرابوو. لە گێڕانەوەکەی ڕەشیددا ڕەشید شیشەکەی ڕاگرتووە. مریەم گومانی لێی هەبوو.

لە ڕیستۆرانەکەی تەیمانی دەرکرا لەبەرئەوەی کڕیارەکان ناڕەزاییی ئەوەیان

دەربڕیبوو کە زۆر لە نۆبەدا دەوەستن. ڕەشید دەیوت چێشت لێنەرەکە هێواش و تەپۆیە.

لەیلا وتی"لەوانەیە لە دواوە سەرخەوت شکاندبێت."

مریەم وتی"مەیورووژێنە، لەیلا گیان."

ڕەشید وتی "ئاگەدارتان دەکەمەوە ژنەکان."

لەیلا وتی "یان ئەوەیان جگەرەت کێشاوە."

" سوێند دەخۆم بەخوا."

" ناتوانیت خۆت لەو شێوەیەوە بگۆڕیت کە هەیت."

پاشان پەلاماری لەیلای دا و سنگی و سەری و سکی بەر مستەکۆڵە دا، قژی ڕاکێشا و کێشای بەدیوارەکەدا. ئەزیزە هەڵدەلەرزی و کراسەکەی ڕادەکێشا، زالمای دەیقیژان و هەوڵی دەدا باوکی لە دایکی بکاتەوە. ڕەشید پاڵی بەمنداڵەکانەوە نا بەولاوە، پاڵی نا بەلەیلاوە بۆ سەر زەوییەکە، دەستی کرد بەشەق تێهەڵدانی. مریەم خۆی دا بەسەر لەیلادا. ڕەشید لە شەق هەڵدان بەردەوام بوو، شەقی لە مریەم هەڵدەدا ئێستا، تف لە دەمییەوە دەپەڕی چاوی بەنیازی کوشتارێک دەبریسکایەوە، شەقی هەڵدا هەتا توانای نەما.

بەهەناسەبڕکێوە وتی" سوێند دەخۆم وام لێ دەکەیت بتکوژم لەیلا." ئینجا بەورووژمێک چووە دەرەوەی ماڵەکە.

کاتێک پارە هەواو بوو، برسێتی دەستی کرد بەدروستکردنی پەردەیەک بەسەر ژیانیاندا. جێی سەرسامی بوو بۆ مریەم برسێتی چۆن بەخێرایی بوو بەسەرەکیترین چەمکی بوونییەتیان.

برنج، کولاو و سپیی سادە، بەبێ شلە یان گۆشت، بووبووە ژەمێکی دانسقە و خۆش. لەگەڵ زیادکردن و ئاگەداریکردنی ژەمەکاندا هەندێک ژەم دەپەڕێنران. هەندێک جار ڕەشید ماسیی وردی ناو قوتووی دەهێنایەوە لەگەڵ نانی وشک کە تامی ئاردەداری دەدا. هەندێ جار عەلاگەیەکی دزراوی سێو، سەرەڕای ڕێ تێچوونی دەست برینەوەی. لە دووکانە بەقاڵەکاندا، بەوریایی ماکەرۆنی و قیمەی لە قوتوونراوی دەخستە گیرفانییەوە، کە دەیانکرد بەپێنج بەشەوە، زالمای بەشی شێری دەبرد بۆ خۆی. شێلمی کاڵیان دەخوارد بەخوێوە. گەڵای سیسی کاهو،

مۆزی گەنیویان بۆ ژەمی ئێوارە دەخوارد.

مەرگ لە برسێتیدا لەپڕ بووبوو بەڕێگەیەکی ڕوونی تر لە بەردەمی خەڵکیدا. هەندێک چاوەڕوانیکردنی مەرگیان هەڵنەدەبژارد. مریەم بیستبووی بێوەژنێکی دراوسێیان هەندێک نانی وشکی ورد کردبوو ژەهری تێکەڵ کردبوو، دەرخواردی هەر حەوت منداڵەکەی دابوو گەورەترین بەشی بۆ خۆی هەڵگرتبوو.

پەراسووەکانی ئەزیزە دەستیان کرد بەهاتن بۆ سەر ڕووی پێستەکەی، وە قەڵەویی سەر ڕوومەتەکانی بەرەو نەمان چوون. پێستی تەنک بووبوو ڕەنگی وەک چایەکی ڕوونی لێ هات. کاتێک مریەم باوەشی دەگرت، هەستی بەئێسقانی کەلەکەی دەکرد لە پێستە جیرەکەیەوە هەڵدەتۆقی. زاڵمای لەناو ماڵەکەدا ڕادەکشا چاوەکانی سست و نیوەداخراو. یان لەسەر باوەشی باوکی شل و شێواو وەک پارچەیەک پەڕۆ. کاتێک هێز و تینی کۆ دەکردەوە، دەگریا هەتا خەوی لێ دەکەوت. بەڵام خەوتنەکەی ناوبەناو و پچڕپچڕ بوو. مریەم هەر کاتێک هەڵدەستا، چاوی ڕێشکەوپێشکەی دەکرد و سەری گێژی دەخوارد، گوێی هەموو کات دەزرنگایەوە. شتێکی بیر کەوتەوە کە مەلا فەیزوڵا کاتێک ڕەمەزان دەستی پێ دەکرد لەبارەی برسێتییەوە دەیوت مرۆڤی مار پێوەدراویش دەتوانێ خەوی لێ بکەوێ، بەڵام مرۆڤی برسی نەء.

لەیلا وتی " منداڵەکان دەمرن لە بەرچاوی خۆمدا."

مریەم وتی " نامرن، ناهێڵم. شتەکان باشتر دەبن، لەیلا گیان. من دەزانم چی دەکەم."

ڕۆژێکی گەرمی وشکهەڵهاتوو، مریەم بورقەکەی لەبەر کرد و لەگەڵ ڕەشید چوون بۆ ئینتەر کۆنتنێنتاڵ ئۆتێل. پارەی پاس نرخێکی گران و نەشیاوی هەبوو، مریەم زۆر ماندوو بوو کاتێک گەیشتنە سەر گردە بەرزەکە. بەلێژاییەکەدا هەڵگەڕان، زوو زوو پێچێکی گێژخواردن لێی دەدا، بۆ دووەم جار وای لێ دەکرد بوەستێت، چاوەڕێی بکا تێپەڕێ.

لەناو دەرگەی ئۆتێلەکەدا، ڕەشید سڵاوی لە یەکێک لە دەرگەوانەکان کرد و دەستی کردە ملی، قاتێکی جەرگی و کڵاوێکی لاری پۆشیبوو. هەندێک قسەی هاوڕێیانەیان گۆڕییەوە، ڕەشید بەدەستی هەندێک قسەی لەگەڵ کابرای ناو

دەرگاکەدا کرد، دەستێکی بۆ مریەم ڕاکێشا، پاشان هەردووکیان زۆر بەکورتی سەیرێکی مریەمیان کرد. مریەم دەیزانیت شتێک بەلێلی لە کابراکەدا ئاشنایە.

کاتێک دەرگەوانەکە چووە ژوورەوە، مریەم و ڕەشید چاوەڕێیان کرد. لەم پێشەدا مریەم دیمەنی زانکۆی زانستیی لە بەرچاو بوو، هەروەها، لەودیو ئەوەوە، ناوچە کۆنەکەی خەیرخانە و ڕێگە بۆ مەزار هەبوو. لە باشوور، چاوی لە کارگەی نانەکە بوو، سایلۆ، لەمێژ بوو چۆڵ کرابوو، پێشە زەردە تەڵخەکەی یەکپارچە لە ئەنجامی ئەو هەموو بۆمببارانکردنەی بەرگەی گرتبوو یەکپارچە درز و چاڵی قووڵ بوو. دوورتر لە باشوور، هەڵکەندراوی و وێرانییەکەی پالاسی دارولمانی بەدی دەکرد، کە چەند ساڵێک پێشتر ڕەشید بردبووی بۆ ئەوێ بۆ سەیرانێک. بیرەوەریی ئەو ڕۆژە یادگارییەک بوو لە ڕابردوویدا کە چیی تر لەوە نەدەچوو هی مریەم بێت.

مریەم دیقەتی ئەو شتانەی دەدا، ئەو شوێنە تایبەتانە. دەترسا لەوەی دان بەخۆداگرتنی لە دەست بدا ئەگەر ڕێگە بەدەروونی بدا بیر بکاتەوە.

هەموو یەک دوو خولەکێک جێب و تاکسی بەگردەکەدا هەڵدەگەڕان بۆ ناو دەرگەی ئۆتێلەکە. دەرگەوانەکە بەپەلە دەچوو بۆ پێشوازیکردنی میوانەکان، کە هەموویان پیاو بوون، چەکدار، ڕیشن، جلی سپی، هەموویان بەهەمان بڕوا بەخۆبوونەوە هەنگاویان دەنایە دەرەوە، ڕوخسارێکی ناهەمیشەییی ترسناک. مریەم گوێی لە کەمێک لە گفتوگۆکانیان بوو، کاتێک لە دەرگەی ئۆتێلەکەوە دیار نەدەمان. گوێی لە پەشتوو و فارسی دەبوو، لەگەڵ ئوردوو و عەرەبی.

ڕەشید بەدەنگێکی نزم وتی" دەسەلاتدارە ڕاستەقینەکانمان ببینە، ئیسلامیستی پاکستانی و عەرەب. تالیبان دەستکەلای دەستی خەڵکن، ئەوان یاریزانی گەورەن و ئەفغانستانیش گۆڕستانیانە."

ڕەشید وتی گوێی لە مقۆمقۆی ئەوە بووە کە تالیبان ڕێگە بەم خەڵکە دەدەن لەناو هەموو شوێنێکی وڵاتدا چادرگای نهێنی دابمەزرێنن، کە تێیدا پیاوانی گەنج فێر دەکرێن چۆن خۆیان بتەقێننەوە و جیهاد بکەن دژی شەڕکەران.

مریەم وتی" بۆچی هێندە زۆری پێ چوو؟"

ڕەشید تفێکی کردەوە، شەقی لە خۆڵەکە هەڵدا بۆ سەری.

یەک سەعات دواتر، لە ژوورەوە بوون، مریەم و ڕەشید بەدوای دەرگەوانەکەدا.

پاژنە پێیان قرتەی دەهات کاتێک بەسەر ئەرزە کاشییەکەی هۆڵە فێنکەکەدا دەچوونە ژوورەوە. مریەم دوو پیاوی بینی لەسەر کورسیی چەرم دانیشتبوون، دوو تفەنگ و تەپڵەکێکی چا لە نێوانیاندا هەبوو، چای خەستیان دەخواردەوە و لە قاپێک چەرەسی خوێکراویان دەخوارد. بیری لە ئەزیزە دەکردەوە کەزۆری حەز لە چەرەس بوو، پاشان نیگاکەی پچراند بۆ شوێنێکی تر. دەرگەوانەکە بردنی بۆ دەرەوە بۆ بالەکۆنەکە. لە گیرفانیەوە تەلەفۆنێکی ڕەشی بێ وایەری دەرهێنا لەگەڵ پارچەیەک کاغەز کە ژمارەیەکی خواروخێچی لەسەر نووسرابوو. بەڕەشیدی وت ئەوە تەلەفۆنی سەرپەرشتیارەکەیەتی.

وتی" تەنیا پێنج خولەک دەرفەتم هەیە. زیاتر نا."

ڕەشید وتی" سوپاس، ئەمەم بیر ناچێت."

دەرگەوانەکە سەری لەقاند و ڕۆیشتە ئەولاوە. ڕەشید ژمارەکەی لێ دا تەلەفۆنەکەی دا بەمریەم.

کاتێک مریەم گوێی بۆ زەنگ لێدانە کرکراوییەکە دەگرت، مێشکی کەوتەبیرکردنەوە. کەوتە بیرکردنەوە لە دواجار کە جەلیلی بینیبوو، سێزدە ساڵ پێشتر لە بەهاری ساڵی ١٩٨٧دا. لەسەر شەقامەکە لە دەرەوەی ماڵەکەی مریەم وەستاوە بەسەر گۆجانەکەیەوە لە تەنیشت بێنزێکی شینەوە بەژمارەی هەرەتەوە و کە خەتێکی سپیی سەقفەکەی کردبوو بەدوو بەشەوە، سندووقەکەی و پێشەکەی. لەوێدا بۆ چەند سەعاتێک وەستاوە و چاوەڕێی مریەمی کردووە، جار ناجارێک ناوەکەی بانگ کردووە، هەروەک چۆن جارێک مریەم لە دەرەوەی ماڵەکەی جەلیلەوە بانگی جەلیلی کردبوو. مریەم یەکجار بۆ ماوەیەکی کەم پەردەکەی لادابوو لە ڕوانینێکدا جەلیلی بینیوە، تەنیا یەک ڕوانین، بەڵام هێندەی بەس بووە ببینێت قژی فشەڵ و سپی بووە پشتی چەماوە و چاویلکەی لە چاودا بووە، وەک هەردەم بۆینباخێکی سوور دەسرە سێگۆشەییە هەمیشەییەکەی بەسەر گیرفانەکەی سەر سنگیەوە. لە هەمووی کاریگەرتر، لاوازتر بووە، زۆر لاوازتر لەوەی مریەم لە بیری بوو، چاکەتی قاتە قاوەییە تۆخەکەی بەسەر شانەکانیەوە شۆڕ بووبوونەوە و پانتۆڵەکەی بەسەر پێیەکانیدا هاتبوونە خوارەوە.

جەلیلیش ئەوی بینیبوو، تەنیا بۆ یەک سات چاویان بەچاوی یەکتری کەوتبوو

بەکورتی لە بەشێکی پەردەکانەوە، وەک چۆن چەند ساڵێک زووتر چاویان بەچاوی یەک کەوت لە بەشێکی جووتێک پەردەی ترەوە. بەڵام دواتر مریەم بە دەستوبرد پەردەکەی دادابووەوە، لەسەر چەرپاکەی دانیشتبوو چاوەڕێی کردبوو بڕوات.

ئێستا بیری لەو نامەیە دەکردەوە کە جەلیل لەناو دەرگەکەیدا بەجێی هێشت. بۆ چەند ڕۆژێک هەڵی گرتبوو لەژێر سەرینەکەیدا، جار ناجارێک هەڵی گرتبوو لەناو دەستیدا ئەمدیو و دیوی کردبوو، لە کۆتاییدا بەنەکراوەیی دڕاندبووی.

وە ئێستا هاتووەتە ئێرە، دوای هەموو ئەم ساڵانە تەلەفۆنی بۆ دەکا. مریەم ئێستا پەشیمان بوو لەو نەفامی و لووتبەرزییە گەنجانەیەی. ئێستا خۆزگەی دەخواست کە ڕێگەی پێ بدایە، چ زیانێکی دەبوو ئەگەر ڕێگەی بدایە بهاتایەتە ژوورەوە، لەگەڵی دابنیشێ، ڕێگەی پێ بدا ئەوە بڵێت کە هاتووە بۆ وتنی؟ ئەو باوکی بوو، باوکێکی باش نەبووبوو، ئەوە ڕاستی بوو. بەڵام تاوانەکانی چەند ئاسایی دەردەکەون ئێستا، چەند شایانی بیرچوونەوەن، کاتێک بەراورد دەکرێن لەگەڵ ڕق و بەدخوازییەکانی ڕەشیددا، یان لەگەڵ ئەو بەڵا و توندوتیژییانەی مریەم بینیبووی پیاوان بەسەر یەکی دەهێنن.

خۆزگەی دەخواست نامەکەی نەدڕاندایە. دەنگی قووڵی پیاوێک لە گوێیدا قسەی کرد و پێی ڕاگەیاند کە لەگەڵ فەرمانگەی سەرۆکی شارەوانی لە هەرەت قسە دەکا.

مریەم قوڕگی پاک کردەوە" سڵاو، برا، بۆ کەسێک دەگەڕێم لە هەرەت دەژی، یان پێشتر لە هەرەت ژیاوە، چەند ساڵێک لەمەوبەر. ناوی جەلیل خانە. لە "شاری ناو" دەژیا و خاوەنی سینەماکەیە. هیچ زانیارییەکت هەیە لەبارەی شوێن و پەناگەی ژیانی."

پەستبوونەکە لەناو دەنگی پیاوەکەدا دەبیسترا،" لەبەر ئەمەیە تەلەفۆن دەکەیت بۆ فەرمانگەی سەرۆکی شارەوانی؟"

مریەم وتی نەیزانیوە تەلەفۆن بۆ کێی تر بکا " بمبوورە، برا، دەزانم کاروباری گرینگت هەیە سەروکاریی بکەی بەڵام پرسیارێکی ژیان و مردنە کە تەلەفۆنی بۆ دەکەم."

" نایناسم، سینەماکە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە داخراوە."

" لەوانەیە لەوێ کەسێکی لێ بێت بیناسێ، کەسێکی..."

" کەسی لێ نییە."

مریەم چاوی داخست" تکات لێ دەکەم براکەم مەسەلەکە منداڵی تێدایە منداڵی بچووک."

ئاهێکی قووڵ.

" لەوانەیە کەسێک لەوێ..."

" باخەوانێکی لێیە، وابزانم هەموو تەمەنی لێرە ژیاوە."

" بەڵێ، لێی بپرسە تکایە."

" سبەینێ تەلەفۆن بکەوە."

مریەم وتی ناتوانم " ئەم تەلەفۆنەم تەنیا بۆ پێنج خولەک پێیە." لە کۆتاییەکەی تردا دەنگێک هات، مریەم وای دەزانی دایخستووەتەوە بەڵام گوێی لە تەپەی پێی بوو، لە دەنگەدەنگ، لە هۆڕینی ئۆتۆمۆبیلێکی دوور، لەگەڵ هەندێک مڕەی میکانیکی وە پرتەی پەنجەپیانان، دەنگی پانکەیەکی کارەبایی. تەلەفۆنەکەی گۆڕی بۆ گوێیەکەی تری، چاوەکانی داخست.

جەلیلی هێنایە بەرچاوی خۆی پێ دەکەنێ و دەست دەبا بۆ گیرفانی.

ئاه، بێگومان، باشە. ئەوەتا، بەبێ دیاریی تر...

پڵپڵەی شێوە گەڵا، سکەی بچووکی شێوەی مانگ و ئەستێرەی تێدا درووست کرابوو پێیدا شۆڕ بووبووەوە.

تاقی بکەوە، مریەم گیان، چۆنە بەلاتەوە؟

بەلای منەوە دەڵێی شازادەیت

یەک دوو خولەک تێپەڕی. پاشان تەپەی پێی، جیڕەیەک، کرتەیەک." دەیناسێت."

" دەیناسێت؟"

" وا دەڵێت."

مریەم وتی" لە کوێیە؟ ئەم پیاوە دەزانێت جەلیل خان لە کوێیە؟"

وەستانێکی تێ کەوت. " دەڵێت چەند ساڵێک لەمەوبەر لە ١٩٨٧دا مردووە."

ناوسکی مریەم کەوتە خوارەوە. تێبینیی ئەو ڕێتێچوونەی کردبوو، بێگومان. ئێستا جەلیل لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا دەبوو، بەڵام...

١٩٨٧ .

ئەو کاتە دەمرد. لەو ڕێگە دوورەی هەرەتەوە هاتووە بۆ ماڵئاوایی.

مریەم ڕۆیشت بەرەو لێواری بالکۆنەکە. لەوێوە، مەلەوانگە بەناوبانگەکەی جارانی ئوتێلەکەی بینی، بەتاڵ و پیسوپۆخڵ، کاشییەکانی ڕزیبوون و بەفیشەک شکێنرابوون. هەروەها یانەیەکی داڕووخاوی تێنسی لێ بوو، تۆڕە شل و شێواوەکەی لە ناوەڕاستدا فڕێ درابوو وەک کاژی فڕێدراوی مارێک.

دەنگەکە لە کۆتاییەکەی ترەوە وتی" دەبێت ئێستا بڕۆم."

مریەم بەبێدەنگی بەسەر تەلەفۆنەکەدا دەگریا وتی" بمبوورە ئەگەر بێزارم کردبێتی."

جەلیلی بینی سەلامی بۆ دەکا، کاتێک لە ڕووبارەکە دەپەڕییەوە لەم بەرد بۆ ئەو بەرد هەڵدەبەزێتەوە، گیرفانەکانی بەدیاری ئاوساون. هەموو جارێک هەناسەی بۆ ڕاگرتبوو، کە خوا کاتی زیاتری پێ ببەخشێت لەگەڵ جەلیلدا. مریەم وتی" سوپاس." بەڵام پیاوەکە دایخستبووەوە.

ڕەشید سەیری دەکرد. مریەم سەری ڕاوەشاند.

ڕەشید تەلەفۆنەکەی لە دەست ڕاپسکاند و وتی" بێ سوودە، وەک کچ، وەک باوک."

لە ڕێگەکەیاندا بۆ دەرەوەی هۆڵەکە ڕەشید بەخێرایی ڕۆیشت بۆ لای تەپڵەکی چایەکە کە ئێستا بەجێ هێڵرابوو، چەرەسە ماوەکەی خستە ناو گیرفانییەوە. بردییەوە بۆ ماڵەوە و دای بەزاڵمای.

## ٤٢

## لەیلا

لەناو زەرفێکی کاغەزدا، ئەزیزە ئەم شتانەی پێچایەوە: کراسە گوڵ گوڵەکەی لەگەڵ تاکە جووتە گۆرەوییەکەی، جووتە دەستکێشە خورییە ڕێکنەکەوتووەکەی، بەتانییەکی کۆنی پرتەقاڵی کە وێنەی ئەستێرە و مووشەکی تێدا بوو، کوپە لاستیکە ڕووشاوەکەی، موزێک، دەستەزارەکەی.

بەیانییەکی فێنک بوو لە نیسانی ساڵی ۲۰۰۱دا کەمێک پێش بیست و سێیەمین یادی لەدایکبوونی لەیلا. ئاسمانەکە نیمچە ڕوون و ڕەساسی بوو، تەوژمێکی تەڕ و لینج، بایەکی سارد دەرگەکەی پێشەوەی ڕادەوەشاند.

ئەمە یەک دوو ڕۆژ دوای ئەوە بوو کە لەیلا بیستبووی ئەحمەد شا مەسعوود چووبوو بۆ فرەنسا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ پەرلەمانی ئەوروپا. مەسعوود ئێستا لە باکور بوو، سەرکردایەتیی هاوپەیمانانی باکوری دەکرد، ئەو تەنیا گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەی هێشتا دژی تاڵیبان شەڕی دەکرد. لە ئەوروپا، مەسعوود ڕۆئاوای ئاگەدار کردبووەوە چادرگەی تیرۆریستان ئەفغانستانیان گرتووەتەوە، داوای لە ئەمەریکا کرد یارمەتیی بدا دژی تاڵیبان.

وتبووی" ئەگەر جۆرج بوش یارمەتیمان نەدا، ئەم تیرۆریستانە بەزووترین کات ئەمەریکا و ئەوروپا وێران دەکەن."

مانگێک پێش ئەوە لەیلا ئەوەی بیستبوو کە تاڵیبان (T.N.T)یان خستبووە ناو کەلەبەرەکانی پەیکەرە گەورەکەی بوداوە لە بامیان و تەقاندبوویانەوە. پێیان دەوتن هێمای بتپەرستی و گوناهباری. بەچواردەوری جیهاندا لە ئەمەریکاوە بۆ چین نارەزاییی توندوتیژ دەردەبڕدرا. دەوڵەتەکان، مێژوناسەکان، ئاسوارناسەکان لە سەرتاپای جیهانەوە نامەیان نووسی لە تاڵیبان پاڕانەوە کە دوو مەزنترین پەیکەرە مێژوویی و هونەرییەکەی ئەفغانستان نەڕووخێنن. بەڵام تاڵیبان دەستیان کردبوو

بەتەقاندنەوەی بۆمبەکانیان لەناو دوو پەیکەرە تەمەن دوو هەزار ساڵەکەی بودادا. لەگەڵ هەر تەقینەوەیەکدا هاواریان کردبوو ئەڵلاهو ئەکبەر، هەرکە پەیکەرەکە دەستێک یان قاچێکی لێ بووبووەوە وە بووبوو بەپارچە پارچەی هەورێکی تەپوتۆز، لە خۆشیدا هاواریان کردبوو. لەیلا بیری بوو کە لەسەر سەری بودا گەورەکە ڕۆژێک لەگەڵ بابە و تاریق وەستاوە. لە ساڵی ١٩٨٧دا، شەماڵێک پاڵی دەنا بەدەموچاوە ڕوو لە خۆرەکەیانەوە، سەیری هەڵۆیەکیان دەکرد کە لە بازنەیەکدا بەسەر دۆڵە پاڵکەوتووەکەی شارەکەدا دەسووڕایەوە. بەڵام کاتێک هەواڵی دواییهاتنی پەیکەرەکانی بیست، لەیلا سڕ و کاس بوو بەئەستەم گرینگی پێدانی پێوە دیار بوو. چۆن پەیکەری لەلا گرینگ بێت کاتێک خۆی پارچە پارچەی هەوری تەپوتۆز بووە؟

هەتا ڕەشید پێی وت کاتی ڕۆیشتنە، لەیلا لەسەر ئەرزی ژووری دانیشتنەکە دانیشتبوو لە گۆکەوتوو دەموچاوی بێ جووڵە وەک بەرد، قژی بەدەوری دەموچاویدا هاتبووە خوارەوە بەلوولی. هەرچەند هەناسەی هەڵبکێشایە و بدایەتەوە، بۆ لەیلا بەجۆرێک بوو سییەکانی هەوای تەواو هەڵنەمژن.

لەسەر ڕێگەکەیان بۆ کەرتی سێ زالمای لە باوەشی ڕەشیددا بەرز و نزم دەبووەوە، ئەزیزەش دەستی مریەمی گرتبوو لە تەنیشتییەوە بەخێرایی دەڕۆیشت. بایەکە پاڵی بەو ملپێچەچڵکنەوە دەنا کە لەژێر چەناگەی ئەزیزەوە بەسترابوو، وە شەپۆلی بەدامێنی کراسەکەی دەدا ئەزیزە ئێستا گرژ و مۆنتر بوو. لەوە دەچوو بزانێت لەگەڵ یەکە بەیەکەی هەنگاوەکانیدا، خەڵەتێنراوە. لەیلا هێز و توانای ئەوەی نەبوو ئەو ڕاستییە بەئەزیزە بڵێت، ئەوەی پێ وتبوو کە دەچێت بۆ قوتابخانەیەک، قوتابخانەیەکی تایبەت کە قوتابییەکان لەوێ دەخۆن و دەخەون و دوای وانە ناگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. ئەزیزە بەردەوام بەهەمان پرسیار لەیلای ماندوو کردبوو، چەند ڕۆژێک بوو دەیپرسی قوتابییەکان لە ژووری جیا دەخەون؟ لەوێ هاوڕێی دەبێت؟ ئاخۆ لەیلا لەوە دڵنیایە کە مامۆستاکان ڕێکوپێکن.

وە زیاتر لە یەکجار بۆ ماوەی چەند دەمێنێتەوە.

دوو کۆڵان پێشتر وەستان.

ڕەشید وتی" من و زالمای لێرە چاوەڕێ دەکەین. ئا، پێش ئەوەی بیرم بچێت..."

پاکەتێک بنێشتی لە گیرفانی دەرهێنا، دیارییەکی مردوو، بۆ ئەزیزەی ڕاگرت. بەڕوخسارێکی بەفیز و جوامێرانەوە. ئەزیزە وەری گرت و لەبەر خۆیەوە بۆڵەیەکی هات و وتی سوپاس. لەیلا بەبەڕێز پێشاندانەکەی ئەزیزەسەرسام بوو، توانا فراوانەکەی ئەزیزە بۆ بەخشین، چاوەکانی پڕبوون لەفرمێسک. دڵی گوشرا و لە خەفەتدا بێ هۆش دەبوو، کاتێک بیری دەکردەوە ئەو دوا نیوەڕۆیە ئەزیزە لە تەنیشتییەوە ناخەوێت، هەست بەکێشە سووکەکەی قۆڵی ناکا لەسەر سنگی، بەچەماوەکەی سەری کە پاڵ بەپەراسووەکانیەوە دەنێت، بەهەناسەکەی کە ملی گەرم دەکا، بەپاژنە پێیەکانی کە پاڵ بەسکییەوە دەنێت.

کاتێک ئەزیزە دوور خرایەوە، زالمای دەستی بەشیوەن کرد، دەگریا، زیزە! زیزە! لە باوەشی باوکیدا دەگریا و پەلەقاژەی دەکرد، بانگی خوشکەکەی دەکرد هەتا ئاراستەی سەرنجەکەی گۆڕا بەهۆی ئێسکی کەللەسەرێک لەوبەری شەقامەکەوە.

دوو کۆڵانەکەی تریان بەتەنیا تێ پەڕاند، مەریەم و لەیلا و ئەزیزە. هەرکە گەیشتنە بیناکە لەیلا ڕووکەشە پارچە پارچە تەڵەزماوییەکەی بینی، سەقفە داتەپیوەکەی، پارچە تەختەی گەورە بەچوارچێوە بێ شووشەکاندا گیرابوون.

لەلای دەرگەکە وەستان، لەیلا ئەوەی کە زووتر بەئەزیزەی وتبوو دووبارە کردەوە.

" ئەگەر لەبارەی باوکتەوە لێیان پرسیت دەڵێیت چی؟"

ئەزیزە ناودەمی پڕبوو لە دڵەڕاوکێی" موجاهیدەکان کوشتیان."

" وا باشە، ئەزیزە، تێ دەگەیت؟"

ئەزیزە وتی" لەبەرئەوەی ئێرە قوتابخانەیەکی تایبەتە." ئێستا، لەوێ بوون و ڕاستەقینە بوو، هەموو گیانی دەلەرزی. لێوی ژێرەوەی هەڵدەلەرزی و چاوەکانی لە ترسدا پەنگیان خواردبووەوە، لەیلا چاوی لێ بوو چەند بەقورسی تێ دەکۆشا بەتوانایی و ئازایی بنوێنێ، ئەزیزە بەدەنگێکی لاواز و بێ هەناسەوە وتی" ئەگەر ڕاستییەکەیان پێ بڵێین وەرم ناگرن. قوتابخانەیەکی تایبەتە. دەمەوێت بڕۆمەوە بۆماڵەوە."

لەیلا توانای دایە بەرخۆی و وتی "هەموو کات سەردانت دەکەم، بەڵێن بێت."

مەریەم وتی" منیش، دێم دەتبینم ئەزیزە گیان. ئینجا بەیەکەوە یاری دەکەین، هەروەک هەموو کات ئەمە تەنیا بۆ ماوەیەکە تا باوکت کارێک دەدۆزێتەوە."

لەیلا پەشۆکا و وتی" لێرە خواردنیان هەیە." زۆر ئاسوودە بوو بەبورقەکە، دڵخۆش بوو کە ئەزیزە نەیدەبینی لەناویدا لەیلا چۆن تێک دەشکێت. " لێرە برسیت نابێت، نان و برنج و ئاویان هەیە، بگرە لەوانەیە میوەشیان هەبێت."

"بەڵام تۆ لێرە نابیت. وە پوورە مریەم لەگەڵ من نابێت."

لەیلا وتی " من دێم و دەتبینم، هەموو کات. سەیرم کە ئەزیزە. من دێم و دەتبینم. من دایکتم. ئەگەر کوژراوم دێم و دەتبینم."

سەرپەرشتیاری هەتیوخانەکە پیاوێکی پشت کووڕی سەر باریک بوو، دەموچاوێکی خەتخەتی هەبوو، سەری کەمێک ڕووتابووەوە و ڕیشێکی درێژی هەبوو، شێوەی چاوی لە دەنکە فاسۆلیا دەچوو. ناوی زەمەن بوو. کڵاوێکی تەسکی لە سەردا بوو، شاشەی لای چەپی چاویلکەکەی شکابوو.

کاتێک بردنی بۆ فەرمانگەکەی، لەناوی لەیلا و مریەمی پرسی، داوای ناوی ئەزیزەشی کرد. بەناو داڵانێکی ڕووناکدا ڕۆیشتن کە منداڵانی پێپەتی لەملا و لەولاوە سەیریان دەکرد. هەندێکیان قژیان ژاکاو و هەندێکیان قژیان تاشراو بوون. بلوزی قۆڵ هەڵوەشاو و جینسی شڕی سەر ئەژنۆ شیبووەوەیان لەبەردا بوو، لەگەڵ چاکەتی پیس و پەڵەپەڵاوی. لەیلا بۆنی سابوون و بۆدرەی دەکرد. بۆنی ئامۆنیا و میزی دەکرد. ئاستی دڵەڕاوکێ لە ئەزیزەدا بەرز بووبووەوە و دەستی کردبوو بەنوزەنوز.

لەیلا نیگایەکی گرتە حەوشەکە، کێڵگەیەکی گژوگیا و خۆڕسک، جۆلانەیەکی شەق و شڕ و تایەی کۆن تۆپێکی باسکەی فشکراوە. ئەو ژوورانەی بەلایدا تێ دەپەڕین ڕووت بوون، هیچیان تێدا ڕانەخرابوون. پەنجەرەکان بەپارچە پلاستیک داپۆشرابوون. کوڕێک لە یەکێک لە پەنجەرەکانەوە دەرچوو ئەنیشکی لەیلای گرت هەوڵی دەدا بەقۆڵیدا هەڵبگەڕێت. فەرمانبەرێک کەپەنگاوی تەڕاییەکی وەک میزی پاک دەکردەوە، فلچەکەی دانا و کوڕەکەی لە قۆڵی لەیلا تەکاند.

زەمەن لەگەڵ هەتیوەکاندا لە بەڕێوەبەرێکی نەرمونیان دەچوو، کاتێک بەلایاندا تێ دەپەڕی دەستی دەهێنا بەسەری هەندێکیاندا و یەک دوو وشەی گەرم و دڵسۆزانەی پێ دەوتن، دەستی دەهێنا بەقژیاندا بەبێ هیچ بەسووک سەیرکردن و بێز لێکردنەوەیەک. منداڵەکان ئاسوودە بوون بەدەست لێدانەکەی هەمووی لەناو

ئاواتەخوازی و ڕەزامەندیدا سەیریان دەکرد.

فەرمانگەکەی نیشاندان، ژوورێک لەگەڵ تەنیا سێ کورسیی تەل، لەگەڵ مێزێکی شێواو و نارێک کە چەند دەستەیەک لاپەڕەی بەسەردا بڵاو کرابووەوە.

زەمەن بەمریەمی وت " تۆ خەڵکی هەرەتیت، بەزاراوەکەتدا دیارە."

پاڵی دا بەکورسییەکەیەوە پەنجەکانی لەسەر سکی تێک هەڵکێشا، وتی ژنبرایەکی هەیە وەختی خۆی لەوێ ژیاوە. بگرە لەناو ئەو هەموو هێما و نیشانانەدا، لەیلا جوولانەوەیەکی ڕەنجبەرانەی تێدا دەبینی. بەهێواشی زەردەخەنەی دەکرد و لەیلا شتێکی پەستکەر و بێزارکەری تێدا دەبینی، بێ هیوایی و دۆڕان بووبوونە ڕووکەشێک بەسەر ڕواڵەتێکی پڕ لە گاڵتەوگەپ و قۆشمەچێتییەوە.

زەمەن وتی" شووشەچی بوو، ئەو ئەم پەیکەرە جوانە سەوزانەی دروست کردووە، ئەگەر بەرزیان بکەیتەوە بۆ تیشکی خۆرەکە ناوەکەیان دەدرەوشێتەوە وەک ئەوەی پڕ کرابن لە پارچە خشڵی بچووک. گەڕاویتەوە؟"

مریەم وتی نەگەڕاوەتەوە.

" من خۆم خەڵکی قەندەهارم، تا ئێستا چوویت بۆ قەندەهار خوشکم؟ نەء؟ زۆر قەشەنگە. چ باخ و باخاتێک! ئەی ترێکەی! ئاه لەو ترێیە. دڵ و دەروونڕفێنە. "

یەک دوو منداڵ لەلای دەرگەکە کۆ بووبوونەوە سەرەتاتکێیان دەکرد، زەمەن بەنیانی کشەی لێ کردنە ئەولاوە بەپەشتوو.

" بێگومان هەرەتیشم خۆش دەوێت، شاری هونەرمەند و نووسەرەکان، سۆفی و دەروێشەکان. ئەو نوکتە کۆنە دەزانیت؟ ناتوانیت قاچت ڕابکێشیت و لە دواوە بەر شاعیرێک نەکەوێ. "

لە تەنیشت لەیلاوە، ئەزیزە بەمرخەیەک نارەزاییی دەربڕی.

زەمەن هەناسەیەکی سەرزارەکی هەڵکێشا" ئاه، ئەوەتا هێنامیتە پێکەنین، خوشکە بچکۆلەکەم. هەردەم ئەوە بەشە قورسەکەیە، خەمم بوو بۆ ماوەیەکی کەم. وام دەزانی دەبێت وەک مریشک بقرتێنم یان وەک گوێدرێژ بزەڕێنم. بەڵام پێویستی نەکرد. زۆر خۆشەویستیت."

بانگی فـەرمـانبـەرێکی کـرد ئاگـای لە ئەزیـزە بێت بۆ یەک دوو خـولـەک، ئەزیزە هەڵبەزییەوە بۆ قۆڵی مریەم و خۆی پێدا هەڵواسی.

لەیلا وتی" تەنیـا قسـە دەکەین، خۆشـەویسـتم. من لێرە دەبم. باشـە؟ لێرە لەناو ئەم ژوورەدا."

مریەم وتی" بۆچی بۆ ساتێک نەچینە دەرەوە ئەزیزە گیان؟ دایکت دەیەوێت قسـە لەگەڵ کاکە زەمەن بکا لێرە تەنیا بۆ خولەکێک. ئێستا، وەرە. "

کـە بەتـەنیـا بوو زەمـەن داوای مـێـژووی لـەدایکبـوونی ئەزیزەی کـرد، مـێـژووی نەخۆشییەکانی، هەستیاری و خوورووەکانی. لەبارەی باوکی ئەزیزەوە پرسیاری کرد. لەیلا تووشی نامۆیی بووبوو لە کردنی درۆیەک کـە لە ڕاسـتیـدا ڕاست بوو. زەمەن گوێی گرت، دەربڕینەکانی نە هێمای باوەڕ پێکردن و نە گومانباری نیشان نەدەدا. دەیوت هەتیوخانەکە بەڕێز و شانازییەوە بەڕێوە دەبەم. ئەگەر خوشکێک بڵێت مێردەکەم مردووە و ناتوانم منداڵەکانم پەروەردە بکەم، پرسیاری لەبارەوە ناکەم.

لەیلا دەستی کرد بەگریان.

زەمەن پێنووسەکەی دانا.

لەیلا دەنگی بەرز کردەوە" من شەرمەزارم." بەری دەستی نا بەدەمییەوە.

" سەیرم کە خوشکەکەم."

" چ جۆرە دایکێک منداڵەکەی خۆی بەجێ دەهێڵێت؟"

" سەیرم کە."

لەیلا تێڕوانینەکەی بەرز کردەوە.

" خـەتای تۆ نییە، گوێت لێمـە؟ تۆ نا. ئەو وەحشـییـانەن کە تاوانبـارن. ئابڕووی منیش دەبەن وەک پەشتوونێک، ناوی خەڵکەکەمیان عەیبدار کردووە. وە تۆ تەنیا نیت خـوشکەکـەم دایکانی وەک تـۆ هەمـوو کـات دێنە ئێـرە، هەمـوو کـات. ئەو دایکانەی دێنە ئێـرە ئەوانەن کـە ناتوانن نان بدەن بەمنداڵەکـانیـان. لـەبەرئەوەی تاڵیبـان ناهێـڵن بچنە دەرەوە و ژیانیان ببـەن بەڕێوە. لەبەر ئەوە خـۆت تاوانبـار مەکە. کەس لێرە تۆ بەتاوانبار نازانێت، تێ دەگەم."

لەیلا بەچمکێکی بورقەکەی چاوەکانی سڕی.

زەمەن ئاهێکی هەڵکێشا و دەستێکی ڕاکێشا" لەبارەی ئەم شوێنەوە، دەبینیت لەناو بارودۆخێکی یەکجار خراپدایە. ئێمە هەردەم بێ ئازووقە و هەموو کات بێ بەرنامە و بەسەریەکدا دراوین، سەرلێشێواو و نائامادەین. یارمەتییەکی کەم یان هەر هیچ لە تاڵیبان وەرناگرین. بەڵام بەڕێوەی دەبەین وەک تۆ ئەوە دەکەین کە دەبێت بیکەین. خوا خۆی گەورە و میهرەبانە، خوا دەستەبەری دەکا، وە کاتێک ئەو دەستەبەری دەکا من وای دەبینم دەبێت ئەزیزە خواردن و جلوبەرگی پێ ببەخشرێت. من بەڵێنی هێندەت پێ دەدەم."

لەیلا سەری لەقاند.

" باشە؟"

بەهاودەمییەوە زەردەخەنەیەکی کرد" بەڵام مەگری خوشکم مەهێڵە بتبینێ کە دەگریت."

لەیلا دیسان چاوەکانی سڕی، بەقورسی وتی " خوا بەختەوەرت بکا، خوا بەختەوەرت بکا. براکەم"

بەڵام کاتێک ساتیماڵئاواییکردن هات، دیمەنەکە بێ زیاد و کەم بەو شێوەیە بوو کە لەیلا لێی دەترسا. ئەزیزە ورەی لەبەر بڕا.

لە ڕێگە بۆ ماڵەوە، پاڵی دابووەوە بەمریەمەوە لەیلا گوێی لە گریانە پڕ قیژەکەی ئەزیزە دەبوو، دەستە ئەستوورە پێست مردووەکانی زەمەنی دەبینی لە دەوری قۆڵی ئەزیزە داخرا بوون، دەیبینی پاڵیان پێوە دەنا، لە سەرەتاوە بەنەرمونیانی پاشان دڵڕەقانەتر، پاشان بەهێزەوە بۆ لێکردنەوەی لە لەیلا. ئەزیزەی دەبینی پەلەقاژەی دەکرد، لە باوەشی زەمەندا، کاتێک لە سووچەکە پێچی دەکردەوە. گوێی لە ئەزیزە بوو دەگریا وەک ئەوەی لە رووی زەمین دابڕابێت. پاشان لەیلا خۆی دەبینی بەناو دالانەکەدا ڕای دەکرد سەر بەرەوخوار، ناڵەیەک بەرز دەبووەوە بۆ ناو قوڕگی.

لە ماڵەوە بەمریەمی وت" بیری دەکەم."چاوەکانی بەبێ هێزی بەلای شانی مریەمدا تێ پەڕین بەحەوشەکەدا، دیوارەکان، شاخەکان قاوەیی وەک تفی جگەرەکێشێک." بۆنی خەو لێکەوتنەکەی دەکەم. تۆش؟ بۆنی دەکەی؟"

مریەم وتی " ئاه، لەیلا گیان وا مەکە. باش نییە، ئەمە چ باشییەکە؟"

لە سەرەتادا ڕەشید گاڵتەی بەلەیلا دەکرد و هاودەمی لەیلا و مریەم و زالمای دەکرد بۆ هەتیوخانەکە. بەڵام دڵنیای لەوە دەکردەوە لە کاتی ڕۆیشتنیاندا لەیلا چاوێکی لە نیگا خەفەت پێدەرەکەی بێت، گوێی لەو قسە هیچ و پووچانەی بێت کە لەبارەی ئەو نارەحەتییەوە بێت دەیکرد، کە لەیلا تووشی کردبوو، چەند قاچ و پشتی دەئێشان بەوەی بە پێ چووبوو بۆ هەتیوخانەکە و هاتبووەوە، لەوە دڵنیای دەکردەوە کە چەند بەخراپی پشووی لێ تێکدراوە.

ڕەشید وتی "من کابرایەکی گەنج نەماوم. دەزانم گرینگ نییە بەلاتەوە. دەتکردم بەناخی زەویدا ئەگەر ڕێگەت هەبووایە. بەڵام نیتە، لەیلا. ڕێگەت نییە."

دوو کۆڵان لە هەتیوخانەکەوە ڕێگەکەیان جیا کردەوە، وە هیچ کات زیاتر لە پازدە خولەکی نەدەدانێ و دەیوت" یەک خولەک درەنگ بکەون دەست دەکەم بەڕۆیشتن. بەڕاستمە."

لەیلا دەبوو هەراسانی بکا بۆ ئەوەی کاتە بۆ تەرخانکراوەکەی یەک یان دوو خولەک بۆ درێژتر بکاتەوە لەگەڵ ئەزیزە. لەیلا و مریەم کە پەست و نائاسوودە بوون بەهۆی دیارنەمانی ئەزیزە، بەڵام وەک هەموو کات مریەم دەبوو ڕاژەندنی مەراق خواردنەکەی بەتەنیا بەتایبەتی و بەبێدەنگی هەڵبژێرێ بە هەمان شێوە بۆ زالمای پرسیاری بۆ خوشکەکەی دەکرد هەموو ڕۆژێک، بەهانە و ورکی دەگرت کە هەندێ جار دەتوانەوە بۆ ناو دەستپێکردنی گریانێکی پڕ بێ ئارامی.

هەندێ جار لە ڕێگەکەدا بۆ هەتیوخانەکە ڕەشید دەوەستا و گلەیی ئەوەی دەکرد قاچی دەئێشێ. پاشان رووی دەکرد بەودیودا و دەستی دەکرد بەڕۆیشتن بۆ ماڵەوە، بەهەنگاوی قیت و قنج بەبێ شەلەشەلکردنێکی کەم، یان قرتەی لە زمانی دەهێنا و دەیوت" سییەکانمە، لەیلا هەناسەم لێ بڕا، لەوانەیە سبەینێ باشتر ببم، یان ڕۆژی دواتر. بابزانم." هەرگیز خۆی ماندوو نەدەکرد تاکە هەناسەیەکی نووساو هەڵمژێ. زۆرجار، کە پشتی تێ دەکرد و بەڕێکوپێکی بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشت جگەرەیەکی دادەگیرساند. لەیلا دەبوو دوای بکەوێ بۆ ماڵەوە، بێ سوود، بەڕق و کینەیەکی یەکجار زۆرەوە گیانی هەڵدەلەرزی.

پاشان ڕۆژێک بەلەیلای وت چیی تر نایبات بۆ ئەوێ " زۆر ماندووی ئەو هاتوچۆیەم بەسەر شەقامەکاندا، ڕۆژ تا ئێوارە بۆ کار دەگەڕێم. "

لەیلا وتی" خۆم بەتەنیا دەڕۆم. ناتوانیت ڕێگەم لێ بگریت، ڕەشید. گوێت لێمە؟ دەتوانیت لێم بدەیت هەرچەنێک بتەوێت، بەڵام من بەردەوام دەبم لە ڕۆیشتنم بۆ ئەوێ."

" ئەوە بکە کە پێت خۆشە. بەڵام لە تاڵیبان تێ ناپەڕێیت. نەڵێیت پێت نەوتم."

مریەم وتی" من دێم لەگەڵت. "

لەیلا ڕێگەی نەدەدا." لە ماڵەوە لەگەڵ زالمای بمێنەوە، ئەگەر ڕێگەیان پێ گرتم، نامەوێ زالمای بیبینێ."

لە پڕ ژیانی لەیلا دەستی کرد بەوەرچەرخان لە دەوری دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ بینینی ئەزیزە. نیوەی کات، نەیدەتوانی بگاتە هەتیوخانەکە، پەڕینەوەی لە شەقامەکە، لەلایەن تاڵیبانەوە دەبینرا، بەپرسیار مێشکیان کون دەکرد ناوت چییە؟ بۆ کوێ دەچیت؟ بۆچی بەتەنیایت؟ مەحرەمەکەت لە کوێیە؟ پێش ئەوەی بنێردرێتەوە ماڵەوە ئەگەر وەختی هەبووایە، سەرزەنشتێک دەکرا یان شەقێکی تێ هەڵدەدرا و پاڵێکی پێوە دەنرا لە دواوە. کاتەکانی تر، تووشی دەبوو بەکۆمەڵە تاڵیبانێکی جۆراوجۆری بێ مێشکەوە، پێداکێشانی لقە درەختێک، قامچییەک، زللەیەک، یان هەندێک جار بۆکزی دەخوارد.

ڕۆژێک تاڵیبێکی گەنج تەلێکی هەستیاری ڕادیۆی لە لەیلا سرەواند. کاتێک تەواو بوو زرمەیەکی توندی لێ هەستاند و وتی بتبینمەوە ئەمجارە، لێت دەدەم هەتا شیرەکەی دایکت لە ئێسکەکانتەوە دێنە دەرەوە.

ئەوجارە، لەیلا چووەوە بۆ ماڵەوە. لەسەر سنگی ڕاکشا، هەستی دەکرد ئاژەڵێکی گەمژە و بۆگەنە، فسەی دەهات، کاتێک مریەم جل و پارچە پەڕۆی تەڕی لەسەر پشت و ڕانە خوێن تێزاوەکانی ڕێک دەکرد. بەڵام بەزۆری لەیلا هەرەسی نەدەهێنا. وای پێشان دەدا کە دەچێتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام ڕێگەیەکی جیاوازی لە خوارووی شەقامەکەدا دەگرت، هەندێک جار کە دەگیرا پرسیاری لێ دەکرا و دەشکێنرا. دوو، سێ، بگرە چوار جار لە تاکە ڕۆژێکدا. پاشان قامچییەکان دادەهێنرانەوە و تەلی ڕادیۆکان هەواکەیان قاش دەکرد. پاشان خۆی کێش دەکرد بەرەو ماڵەوە، خوێناوی و بەبێ گەیاندنی مەبەستەکەی کە بینینی ئەزیزە بوو. لەیلا دەستی کرد بەلەبەرکردنی جلی زیاتر، بگرە لە ڕۆژە گەرمەکاندا، دوو یان سێ

بلوزی لەژێر بورقەکەیەوە لەبەر دەکرد بۆ بەرگەگرتنی پێداکێشانەکان.

بەڵام بۆ لەیلا خەڵاتکردن بوو، ئەگەر تووشی تاڵیبان نەهاتایە. پاشان دەیتوانی چەندی کات بویت بەسەری ببا لەگەڵ ئەزیزە، چەندان سەعات، لەناو گۆڕەپانی بیناکەدا دانیشتن، لە نزیک جۆلانەکەوە، لەناو منداڵەکانی تر و دایکە سەردانکەرەکانی تردا، باسی ئەوەیان دەکرد ئەو هەفتەیە ئەزیزە چی فێر بووە.

ئەزیزە وتی کاکە زەمەن ئاگەداری کردوونەتەوە کە هەر ڕۆژە شتێکیان فێر دەکا. زۆربەی ڕۆژەکان خوێندنەوە و نووسین، هەندێک جار جوگرافیا، هەندێک لە مێژوو یان زانست، هەندێک وانە لەبارەی ڕووەک و گیانلەبەرەوە.

ئەزیزە وتی" بەڵام دەبێت پەردەکان دابەینەوە، بۆ ئەوەی تاڵیبان نەمانبینن. " کاکە زەمەن شیشی چنین و تۆپە خوریی ئامادەی هەبوو لەبەر بەدواداگەڕانی تاڵیبان" کتێبەکان دەخەینە لاوە و وا پیشان دەدەین جل دەچنین."

ڕۆژێک لە کاتی سەردانی ئەزیزەدا، لەیلا ژنێکی تەمەن نیمچە پیری بینی، بورقەکەی هەڵدرابووەوە بۆ دواوە، لەگەڵ سێ کوڕ و کچێکدا هاتبوون. لەیلا دەموچاوە باریکەکەی ناسییەوە، لەوە زیاتر دەم و لێوە نقوم بوو و قژە ڕەساسییەکەی. ڕەفتەکەی و تەنوورە ڕەشەکەی بیر کەوتەوە، دەنگە نووساوەکەی، قژ بەستنەکەی بەتوندی بەتەوقە ڕەشەکەی بۆ ئەوەی وردە مووە ڕەشەکانی پشتی ملی دەرکەون. لەیلا بیری کەوتەوە کاتێک ئەم ژنە خۆداپۆشینی لە قوتابییە مێینەکانی قەدەغە دەکرد، دەیوت ژنان و پیاوان یەکسانن، هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی ژنان خۆیان داپۆشن، ئەگەر پیاوان خۆیان دانەپۆشن.

لە ساتێکدا پوورە بۆیاخچی سەری هەڵبڕی و چاوێکی خستە سەر چاوی لەیلا، لەیلا وەستانی نەبینی، هیچ تیشکێکی ناسینەوەی لەناو چاوی مامۆستا پیرەکەیدا بەدی نەکرد.

ئەزیزە وتی" قرنجاوی هەیە بەسەر ڕووی دەرەوەی زەوییەوە، پێیان دەوترێت قڵشی زەوی."

عەسرێکی گەرم بوو، هەفتەیەکی حوزەیرانی ٢٠٠١ بوو. لە بەشی دواوەی حەوشەی هەتیوخانەکە دانیشتبوون هەر چواریان، لەیلا، زاڵمای، مریەم لەگەڵ ئەزیزە، ڕەشید ئەمجارە دڵی نەرم بووبوو وەک چۆن هەندێ جار ڕووی دەدا،

هاودەمی کردبوون. لە خواری شەقامەکەوە لەلای وێستگەی پاسەکەوە چاوەڕێی دەکردن.

منداڵانی پێپەتی لە نزیکیان ڕاکەڕاکەیان دەکرد، تۆپی پێیەکی فشەوەبوو شەقی تێ هەڵدەدرا لەمسەر بۆ ئەوسەر، بەدوایدا بەلەش داهێزراوی و سستییەوە ڕادەکرا.

ئەزیزە دەیوت" وە دیوەکەی تری قڵشەکە ئەو چینە بەردینانەن کە توێژی ڕووی زەوی پێک دەهێنن."

کەسێک قژەکەی سەر دەموچاوی ئەزیزەی لادا بۆ دواوە نەخشاندی و لەسەر تەوقی سەری بۆی بەست. بەو کەسەی لە پشت کچەکەیەوە دانیشتبوو لەیلا ئیرەییی دەبرد، بۆ هەڵگەڕانەوەی ئەملا و لای قژی بەسەریەکدا وتبووی ڕێک بوەستێت.

ئەزیزە بەکردنەوەی دەستی و بەرزکردنەوەیی و خشاندنی لەپی دەست ڕوونی دەکردەوە، زالمای دیقەتی ئەمەی دەدا بەمەیل پێهاتنێکی بەتینەوە.

" پێیان دەوترێت تەبەقی کەکتۆنیک."

لەیلا وتی" تەکتۆنیک؟" قسەکردن ئازاری دەدا. هێشتا چەناگەی دەئێشا، پشتی و ملی ئازاریان تێدا بوو، لێوی ئاوسا بوو، زمانی زوو زوو دەچووە ئەو بۆشاییەوە کە جێی پێداکێشانی یەک دوو ڕۆژی پشووتری ڕەشید بوو. پێش ئەوەی دایە و بابە بمرن ژیانی لەیلا سەرەوخوار بوو، هەرگیز نەدەهاتە سەر ئەو باوەڕەی مرۆڤێک هێندە بەرگەی لێدان و پێداکێشان بگرێت، بەم دڵڕەقییەوە، بەم بەردەوامییەوە، وە هێشتا لە ئیشکردن بەردەوام بێت.

" وایە. پاشان کاتێک بەتەنیشت یەکەوە دەخلیسکێن، یەکدەگرن و بەخێرایی تێ دەپەڕن، دەبینیت دایە؟ پاشان وزە دەردەدەن، کە بەرەو ڕووی زەوی گەشت دەکەن وای لێ دەکەن بلەرزێت."

مریەم وتی" زۆر زیرەکیت، زۆر زیرەکتر لە پوورە دەبەنگەکەت."

دەموچاوی ئەزیزە درەوشایەوە و فراوانتر بوو" تۆ دەبەنگ نیت پوورە مریەم. وە کاکە زەمەن هەندێ جار دەڵێت ئاڵوگۆڕکردنی بەردەکان قووڵ قووڵ لەژێرەوە زۆر بەهێز و ترسناکە، وە هەموو ئەوەی ئێمە هەستی پێ دەکەین لەرەیەکی کەمە. تەنیا

لەرەیەکی کەم."

ســەردانەکــەی پێش ئـەمـە، گــەردەکــانی ئۆکـســجین بوون لەنـاو بەرگــەهـەوادا ڕووناکییە شینەکەی تیشکی خۆر پەرش و بڵاو دەکەنەوە. ئەگەر زەوی بەرگەهـەوای نەبووایە، ئەزیزە بەکەمێک هەناسەگیرییەوە وتبووی، ئاسمان بـەهیچ جۆرێک شین نەدەبوو تەنیا پارچە دەریایەکی ڕەش دەبوو، وە خۆریش ئەسـتـێرەیەکی گـەورەی گەش لەناو ئەو دەریایەدا.

زالمای وتی " ئەزیزە ئەمجارە لەگەڵمان دێتەوە بۆ ماڵەوە؟"

لەیلا وتی" بەم زووانە، خۆشەویستم. بەم زووانە."

لەیلا سەیری زالمای دەکرد، دەڕۆیشت بۆ دوور، ڕۆیشـتنەکەی وەک ڕۆیشتنەکەی باوکی خۆی چەماندبووەوە بەپێشدا و پەنجەکانی قاچی دەچوونە ناوەوە، ڕۆیشت بەرەو جۆلانەکە، پاڵی بەجێگەیەکی بەتاڵەوە دەنا، لە کۆتاییدا لەسەر کۆنکرێتێک دانیشت و گژوگیای خۆڕسکی لە چاڵێک هەڵدەکەند.

ئاو لـە گـەڵاکـانەوە بەهـەڵم دەبێت دایـە زانیـوتە؟ وەک چۆن لـە جلی تەڕی ســەر تەنـافـێکەوە دەبێت بەهـەڵم. پاشــان ئەوە دەبێـتــە هۆی هـاتنی ئاو بۆ ســەرەوە بۆ درەخـتـەکان. لە زەوییەکەوە، پاشـان بەناو ڕەگەکەدا، پاشـان بەدرێژایی قەدەکەی، بەناو لقەکاندا، ئینجا بۆ ناو گەڵاکان، پێی دەوترێت ئاودەردان.

زیاتر لە جارێک لەیلا بیری کردبووەوە ئەگەر تاڵیبان بەوانەوتنەوە نهێنییـەکانی بزانن چی لە کاکە زەمەن دەکەن.

لە مـــاوەی ســـەردانەکـــانـدا، ئەزیزە ڕێگەی بێـــدەنگیی زۆری نەدەدا. هـەمـــوو بۆشـاییـیـەکانی بەوشـەی بـڵاو و شـاش پڕ دەکردەوە و بە دەنگێکی بەرز دەیوتن. لە باسـەکانیدا زۆر دوور دەکەوتەوە، بەبەرفراوانی دەستەکانی دەجووڵاند و ئاماژەی پێ دەکـردن، بەشـێـوەیـەک تووشی دڵەڕاوکێ دەبوو کـە بە هیچ جـۆرێک لـە ئەزیزە نەدەچوو. پێکەنـینێکی تازەی هەبوو، لە ڕاسـتـیدا هێندەی خـاڵـبەندی و وەسـتـان و مەبەست، پێکەنینی تێدا نەبوو. لەیلا گوێی لێ دەگرت و دەیویست دڵنیا ببێتەوە.

هـەروەها گـۆڕانکاریی تریش هـەبوون. لەیلا تێبـینیی ئەو پیسـیـیـەی دەکـرد کە لەژێر نینۆکـەکـانی ئەزیزەدا بوون، ئەزیزەش دیقـەتی ڕوانینەکـانی دایکی دەدا، دەسـتـەکانی لەژێر ڕانەکانیدا نقووم دەکردن. هەر کاتێک منداڵێک لە چواردەوریان

دەگریا، چڵم بەلووتیدا دەهاتە خوارەوە، یان ئەگەر منداڵێک بەقنی ڕووتی بەلایاندا بڕۆیشتایە، قژی بەچڵک گرمۆڵە بووبووایە، پێڵووی چاوەکانی ئەزیزە باڵەفڕەیان دەکرد و زۆر بەپەلە بوو بۆ ڕوونکردنەوەیان. وەک خانەخوێیەک وابوو لە بەردەم میوانەکانیدا تەریق ببێتەوە لەبەر پیسی و ڕەش و ڕووتی ماڵەکەی، لەبەر ناڕێکوپێکیی منداڵەکانی.

پرسیارکردنی چۆن بەرگەیان دەگرێ بەوەڵامی پڕ جۆش و خرۆش و ناڕوون وەڵام دەدرانەوە.

باشن، پووریێ. منیش باشم.

منداڵەکان گاڵتەت پێ دەکەن؟

نایکەن، دایە. هەموویان ڕێکوپێکن.

خەو و خواردنت باشە؟

دەخۆم، دەشخەوم، بەڵێ. گۆشتی بەرخمان هەبوو دوێنێ شەو. یان هەفتەی ڕابردوو بوو.

کاتێک ئەزیزە بەم جۆرە قسەی دەکرد لەیلا زیاتر بەشێکی بچووکی مریەمی تێدا دەبینی.

ئەزیزە زمانی دەیگرت، مریەم یەکەم جار تێبینیی کرد، زۆر کەم بوو بەڵام هەستی پێ دەکرا، بەتایبەتی لە کاتی وتنی ئەو وشانەی بەپیتی " ت" دەست پێ دەکەن. لەیلا لەو بارەیەوە لە زەمەنی پرسی. ناوچەوانی گرژ کرد و بەمۆنییەوە وتی " وام زانی هەموو کات وا بووە."

ئەو دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینییە لەگەڵ ئەزیزە هەتیوخانەکەیان بەجێ هێشت، بردیان ڕەشید ببینێت کە لە دەرەوە لە وێستگەی پاسەکە چاوەڕێی دەکردن. کاتێک زالمای باوکی بینی بەجۆشە وەدەستی کرد بەزیکەزیککردن لە باوەشی لەیلادا. چۆنی و چاکییەکەی ڕەشید لەگەڵ ئەزیزەدا ڕەق و چەسپیو بوو، دوژمنانە و ڕقاوی نەبوو.

ڕەشید وتی " دەبێت خێرا بکەین، دوو سەعاتم ماوە دەبێت بچم بۆ کار." ئەمە یەکەم هەفتەی بوو وەک دەرگەوانێک لە ئوتێل ئینتەر کۆنتینێنتاڵ کاری دەکرد، لە بەیانییەوە بۆ سەعات هەشت، شەش ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، دەرگەی ئۆتۆمۆبێلی

دەکـردەوە، جـانتـای گـەورەی هەڵدەگـرت، هەندێک جـار پەڵە و ڕژاوییـەکـانی دەسـڕییـەوە. لە کـۆتاییی ڕۆژەکـەدا، چێشت لێنەری چێـشتـخـانەکـە ڕێگەی دەدا هەندێک لە پاشـماوە خـۆراکـەکان بێنێتـەوە بۆ مـاڵەوە، بەمـەرجـێک نهێنییـەکەی بپـاراسـتـایە. پارچە گـۆشـتی سـاردی سـوورەوەکـراو لە ڕۆندا، باڵە مـریشکی سـوورەوەکراو کە پێستـەکـەی وشک و ڕەق بووبووەوە، مـاکەرۆنی ناو پڕ لە قیمـە و جیرِ بووبوو لەگەڵ برێکی زۆر برنج. ڕەشید بەڵێنی ئەوەی بەلەیلا دابوو هـەر کاتێک پارەی پەیدا کرد ئەزیزە دەتوانێت بێتەوە بۆ ماڵەوە.

ڕەشید جلە ڕەسـمییەکانی لەبەردا بوو، قاتێکی پۆڵستـەری جـەرگی، کراسـێکی سپی، بۆینباخـێک، کڵاوێکی لار بەسـەر قژە سـپییـەکەیدا. لەم جلە ڕەسـمییانەدا، ڕەشـید دەگـۆڕا. لاواز دەردەکـەوت و بەئاسـانی کـاری تێ دەکـرا، بەسـتـەزمـان و سەرلێشێواو، بێ دەسەڵات. وەک کەسێک بەرگەی ئەو سووکایەتییانەی گرتبێت کە ژیان تووشی کردووە. کەسێکی هـەردوو کڵۆڵ و پیاوچاک لەناو دەستەمۆییدا.

پاسـەکـە بۆ شـاری تایتـانیک لێی خـوڕی. بە پێ ڕۆیشـتن بۆ کـەنار ڕووبارەکـە هەردوولای ڕووبارەکـەیان تێ پەڕاند و لێی دوور نەدەکـەوتنەوە. لە نزیک پردەکـە، کاتێک هەنگاوەکانیان نزم دەکردەوە، پیاوێکی پێپـەتی بەئامێرێکی بەرزکـەرەوەی خانووسازییەوە بەربووبووەوە، گوێیەکانی بڕابوونەوە، ملی بەکۆتاییی گوریسێکەوە نوشـتـابووەوە. لـە ڕووبارەکـەدا، چوونـە ناو کـۆمـەڵێک کـڕیارەوە کـە لـەو ناوەدا دەسـووڕانەوە. پارەفـرۆشـەکـان و کـرێکارە ڕواڵەت پڕ لـە بێـزارییـەکـان، جگەرەفرۆشـەکان، ژنە داپۆشراوەکان کە ڕەچەتـەی دژە بەکتریایان پاڵ پێوە دەنا ڕووەو خـەڵکەکە و داوای پارەیان دەکرد. تاڵیبـە قـامچی وەشـێنەکـان چاودێریی شـاری تایتـانیکیـان دەکـرد بـۆ پێکەنینی نـابەجـێی و دەمـوچاوی دانـەپۆشـراو دەگەڕان.

لە دووکـانێکی یاریی منداڵان فـرۆشتن، لە نێـوان دووکـانێکی جلوبەرگ و دووکانێکی گوڵی نایلۆندا، زالمای تۆپێکی باسکەی لاسیکی هـەڵگرت کە پێنج لای شین و زەردی تێدا بوو.

ڕەشید بەئەزیزەی وت " شتێک هەڵگرە."

ئەزیزە خۆی لادا و شـەرم و تەریقبوونەوە دەموچاوی داپۆشی.

" خێراکه دەبێت لە یەک سەعاتی تردا لەسەر کار بم."

ئەزیزە چوو بۆ لای مەکینەیەکەوە کە بنێشتی تۆپی تێدا بوو، بەباقی پارەکە دەیتوانی نوقڵێکی پێ هەڵبگرێ، پارەکە لە دەرگە بچووکەکەی خوارەوە تەقەی هات و هاتە دەرەوە.

بزۆکانی ڕەشید بەجارێک بەرز بوونەوە کاتێک فرۆشیارەکە نرخەکەی پێ گوتن. سوورێکی مشتومڕ دوا بەدوای هات، کە لە کۆتاییەکەیدا بەڕوویەکی شەڕانییەوە ڕەشید بەئەزیزەی وت، وەک ئەوەی ئەزیزە مشتومڕەکەی دروست کردبێت، " وەرە ئەملاوە، پارەی هەردووکیانم پێ نییە."

لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەیان، ڕووە گەشاوەکەی ئەزیزە بەرەو کزی و نەمان دەچوو، لەگەڵ زیاتر نزیکبوونەوەیان لە هەتیوخانەکە. دەستەکان لە باڵەفڕە وەستان. دەموچاوی قورستر دەبوو. هەموو جارێک ئەمە ڕووی دەدا. ئێستا نۆرەی لەیلا بوو لەگەڵ مریەم دەست بکەن بەبەزم و گاڵتەی خۆیان بەدڵەڕاوکێوە، بۆ پڕکردنەوەی خەمباری و دڵتەنگییە بێدەنگەکە، بەگاڵتەوگەپی بێ هەناسە و بێ هیوایی.

دواتر، دوای ئەوەی ڕەشید بردنی بۆ هەتیوخانەکە و سواری پاسێک بوو بۆ کارەکەی، لەیلا لە ئەزیزەی دەڕوانی کە دەستی ماڵئاوایی ڕادەوەشاند و دەستێکی بەدیواری حەوشەی دواوەی هەتیوخانەکەدا دەهێنا. بیری لە زمانگیرییەکەی ئەزیزە دەکردەوەلەوەی ئەزیزە زووتر دەربارەی قڵشەکانی زەوییەوە وتبووی، پێداکێشانە بەهێزە قووڵەکان، چۆن هەندێ جار هەموو ئەوەی ئێمە دەیبینین تەنیا لەرەیەکی کەمە.

زالمای هاواری کرد " بڕۆ ئەولاوە، هێی! "

مریەم وتی" شش، ئەوە هاوار لە کێ دەکەیت؟"

دەستی ڕاکێشا" ئەوە، ئەو پیاوە."

لەیلا دوای پەنجەکەی کەوت. پیاوێک لە دەرگەی پێشەوەی ماڵەکە بوو، پاڵی دابووەوە. ڕووی کرد بەودیودا کە بینی ئەوان دەپەڕینەوە. قۆڵەکانی لێک کردنەوە. بەشەلەشەل یەک دوو هەنگاو بەرەو ڕوویان هات.

لەیلا وەستا.

دەنگێکی خنکێنەر هاتە سەرەوە بۆ ناو قورگی. ئەژنۆکانی هێزیان لێ بڕا. لەیلا لە پڕ پێویستی بەوە بوو پەل بۆ قۆڵی مریەم بکوتێ، بۆ شانی بۆ مەچەکی، شتێک، هەر شتێک خۆی پێ بگرێتەوە. بەڵام نەیکرد. نەیتوانی. نەیتوانی یەک ماسولکەش بجووڵێنێت. نەیتوانی هەناسە بدا تەنانەت چاو بترووکێنێ، لە ترسی ئەوەی جگە لە سەراب هیچی تر نەبێت کە لە بەردەمیدا بریقە دەداتەوە لە دوورییەکەی نێوانیاندا، خەیاڵێکی ناسک و قرچۆک کە بەسووکترین جووڵە هەڵدێت و بزر دەبێت. لەیلا بەقیتوقنجی وەستا و سەیری تاریقی دەکرد. هەتا سینەی هاواری کرد و داوای هەناسەی لێ دەکرد و چاوەکانی سووتانەوە و ترووکان. بەهەر جۆرێک بێت، سەیر ئاسا، دوای ئەوەی هەناسەیەکی هەڵکێشا، چاوی نوقاند و کردییەوە، هێشتا لەوێدا وەستابوو. تاریق هێشتا لەوێدا وەستابوو.

لەیلا ڕێگەی بەخۆی دا هەنگاوێک بەرەو تاریق بڕوا. پاشان یەکێکی تر. وە یەکێکی تر. دواتر لەیلا ڕای دەکرد.

## ٤٣

## مریەم

لە سەرەوە لە ژوورەکەی مریەم. زالمای کەوتبووە یاری و سەما و یاریی بەتۆپە لاستیکە باسکەکەی دەکرد بۆ ماوەیەک، لەسەر زەوییەکە و بەدیوارەکاندا. مریەم پێی دەوت بەسە، بەڵام دەیزانی ئەو دەسەڵاتی ئەوەی نییە زۆری لێ بکا. لەبەر ئەوە بەردەوام بوو لە هەڵبەز و دابەزکردنی تۆپەکەی. بەڕووبەڕووبوونەوەوە چاوی لەسەر چاوی مریەم ڕادەگرت. بۆ ماوەیەک، پاڵیان بەئوتۆمۆبێلە منداڵانەکەیەوە دەنا ئۆتۆمۆبێلێکی فریاکەوتن بوو بەدوو گڵۆپی سووری تۆخەوە بەملا و لایەوە، لە نێوانیاندا دەهات و دەچوو لەمبەر بۆ ئەوبەری ژوورەکە.

زووتر، کاتێک لەناو دەرگەکەدا تاریقیان بینیبوو، زالمای چنگی کردبوو بەتۆپەکەیدا و لە سنگی توندی کردبوو وە پەنجەیەکی کردبووە دەمیەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو ئەوەی تەرک کردبوو جگەلەوکاتانەی دوودڵ بوو هەستی بەمەترسی دەکرد. بەگومانەوە سەیری تاریقی کردبوو.

ئێستا وتی" ئەو پیاوە کێیە؟ حەزم لێی نییە. "

مریەم ویستی ڕوونی بکاتەوە و شتێک لەبارەی گەورەبوونی لەیلا و تاریق بەیەکەوە کاتێک منداڵ بوون بڵێت، بەڵام زالمای پێی بڕی و وتی پاڵ بەئۆتۆمۆبێلەکەوە بنێ، ڕووەکەی پێشەوەی ڕووی لە زالمای بوو کاتێک مریەم پاڵی پێوە دەنا. زالمای وتی تۆپە باسکەکەشم دەوێت.

وتی " لە کوێیە؟ ئەو تۆپە لە کوێیە کە بابە گیان بۆی کڕیوم؟ لە کوێیە؟ دەمەوێ! دەمەوێ!" دەنگی لەگەڵ هەر وشەیەکدا بەرزتر دەبووەوە و تیژ و ناسازتر دەبوو.

مریەم وتی" من لێرەدا بووم هیچم نەکردووە." زالمای گریا " نا، ون بوو، دەزانم. دەزانم ون بوو! لە کوێیە؟ لە کوێیە؟"

تۆپەکەی لەناو کەنتۆرەکەدا دەرهێنایەوە کە پێشتر خل بووبووەوە بۆ ناوی وتی "

ئەوەتا." بەڵام زالمای زیاتر بەدەنگی بەرز دەگریا و دەستی دەدا بەیەکدا و دەیوت ئەوە ئەو تۆپە نییە، لەوانە بوو لەبەرئەوەی تۆپەکەی ون بووبوو، وە ئەمە دانەیەکی کۆن بوو، تۆپە تازەکەی بۆ کوێ چووبوو؟ بۆکوێ؟ لەکوێیە، لە کوێیە، لە کوێیە؟

زریکاندی هەتا لەیلا هاتە سەرەوە باوەشی بکا، جۆلانەی پێ بکا، پەنجە بەقژە پڕەکەیدا بهێنێ، ڕوومەتە شێدارەکانی وشک بکاتەوە، زمانی لەناو گوێیدا بجووڵێنێ.

مریەم لە دەرەوەی ژوورەکە چاوەڕێی دەکرد. لە سەرەوەی قادرمەکانەوە تەنیا قاچە درێژەکانی تاریقی دەبینی، یەکە ڕاستەقینەکە و یەکە دەستکردەکەش. پانتۆڵێکی خاکیی لەبەردا بوو، قاچی لەسەر ئەرزە ڕووتەکەی ژووری دانیشتنەکە ڕاکێشابوو. ئەو کاتە بوو بۆی دەرکەوت بۆچی دەرگەوانەکەی کۆنتێنێنتاڵ ئاشنا بوو بەمریەم ئەو ڕۆژەی لەگەڵ ڕەشید چووبوو تەلەفۆن بۆ جەلیل بکا. کڵاوێک و چاویلکەیەکی پۆشیبوو بۆیە زووتر ئەمەی بۆ دەرنەکەوت. بەڵام مریەم ئێستا بیری کەوتەوە لە نۆ ساڵ لەمێژەوە، بیری هاتەوە کە لە خوارەوە دانیشتبوو برۆکانی بەدەستەسڕێک دەسڕین و داوای ئاوی دەکرد. ئێستا هەموو شێوازی پرسیارەکان لەناو دەروونیدا باڵایان دەکرد: حەب و دەرمانەکانیش بەشێک بوون لەم پلان و تەڵەکەبازییە؟ کامیان درۆکەیان داڕشتبوو؟ کامیان ڕوونکردنەوە هاندەرانە و وورووژێنەکەیان دەستەبەر کردبوو؟ ڕەشید چەندی پارە دابوو بەعەبدول شەریف، ئەگەر ئەوە ناوە ڕاستەقینەکەی بووبێ، بێتو لەیلا بەچیرۆکی مەرگی تاریق وێران بکا؟

## ٤٤

## لەیلا

تاریق وتی یەکێک لەو پیاوانەی کە هاوبەشی خانەکەی دەکرد ئامۆزایەکی هەبووە کە دارکاری کراوە لەسەر وێنەکێشانی سوورەقوڵنگ. ئارەزوویەکی بێ سنووری هەبووە بۆ وێنەکێشان.

تاریق وتی " هەموو دەفتەری نیگارەکان، چەندان دەرزەن بۆیەی ڕۆن، وێڵبوون لەناو دەریاچەکاندا، خووسان لەناو زۆنگاوەکاندا، بەرەو زەردەپەڕ فڕین، بەداخەوە."

لەیلا وتی" سوورەقوڵنگ؟" سەیری تاریقی دەکرد کە پاڵی دابوو بەدیوارەکەوە و قاچە ڕاستییەکەی لە ئەژنۆیدا نوشتابووەوە. ئارەزووی دەکرد وەک پێشتر دەستی لێ بداتەوە کاتێک لای دەرگەکەی پێشەوە ڕای کردبوو بەرەو ڕووی. لەیلای تەریق دەکردەوە بیرکردنەوەی لەو کاتەی چۆن باڵەکانی لە دەوری ملی تاریق پێچا و بەسەر سنگیدا دەستی کرد بەگریان. چۆن ناوەکەی لەسەر یەک وتبووەوە بەدەنگێکی بەپەلە و قورس. زۆر بەپەرۆشەوە ڕەفتاری کردبوو و بیری دەکردەوە، زۆر بەتووڕەیی؟ لەوانەیە. بەڵام توانای چاککردنی نەبووبوو. وە ئێستا تامەزرۆی دەست لێدانێکی تری بوو، بۆ ئەوەی بۆ خۆی بسەلمێنێ کە بەڕاستی ئەو لەوێیە، کە ئەو خەون نییە، خێو نییە.

وتی" لە ڕاستیدا، سوورەقوڵنگ. "

کاتێک تاڵیبان وێنەکانیان دۆزیبووەوە، تاریق دەیوت بەلاقە درێژ و ڕووتی باڵندەکان پەست و تووڕە بووبوون. دوای ئەوەی قاچی پیاوەکەیان بەیەکەوە بەستبووەوە و جەستە خوێناوییەکەیان دارکاری کردبوو، دوو ڕێگەیان خستبووە بەردەم: یان وێنەکان بشکێنێ یان باڵندەکان شیاو و بەحەیا بکا. لەبەر ئەوە پیاوەکە فڵچەکەی هەڵگرتبوو پانتۆڵی بەسەر لاقی هەموو باڵندەکاندا کێشابوو.

تاریق وتی" پاشان چی لێ دروست بوو. سوورەقوڵنگی ئیسلامی."

پێکەنین هاتە سەرەوە بۆ ناو قورگی لەیلا بەڵام پاڵی پێوە نایەوە بۆ خوارەوە. تەریق دەبووەوە لە ددانەزەردەکانی، لە ددانە شکاوەکەی، لە ڕووە سیس و هەڵقرچاوەکەی، لە لێوە ئاوساوەکەی. خۆزگەی دەخواست دەرفەتێکی هەبووایە دەموچاوی بشوات، لانی کەم زوڵفی شانە بکا.

تاریق وتی" بەڵام دواجار ئامۆزاکە پێکەنینی هاتبوو."

" ئەو پانتۆڵانەی بە بۆیەی ئاوی ڕەنگ کردبوو. کاتێک تالیبان ڕۆیشتبوون دەستبەجێ شتبوونی." زەردەخەنەی بۆ لەیلا دەکرد لەیلا دیقەتی دا کە تاریق ددانێکی شکاویی هەیە، تاریق سەری داخست و لە دەستەکانی دەڕوانی." لە ڕاستیدا."

کڵاوێکی لە سەردا بوو، جووتێک پۆستاڵ، بلوزێکی ڕەشی خوری خرابووە ناو پانتۆڵە خاکییەکەیەوە. نیوە زەردەخەنەی دەکرد، بەهێواشی سەری دەلەقاند. لەیلا بیری نەبوو پێشتر ئەم وشەیەی وتبێت، لە ڕاستیدا، هەروەها ئەم جووڵە پڕ لە بیری قووڵ و پڕ لە خەم دەربڕینە، پەنجەکانی چادرێکیان لەسەر کۆشیی دروست دەکرد، سەرلەقاندنەکە، شتێکی نوێ بوو. وشەیەکی کامڵانە، جووڵەیەکی کامڵانە، بۆچی دەبێت هێندە سەرسوڕهێنەر بێت؟ ئێستا ئەو کەسێکی کامڵە، تاریق، پیاوێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵ لەگەڵ جووڵەیەکی هێواش و هیلاکییەک لە زەردەخەنەکەیدا. باڵابەرز، ڕیشن، لاوازتر لەوەی کە لە خەونەکانی لەیلادا بوو بەڵام بەدوو دەستی بەهێزەوە، دەستی پیاوێکی ئیشکەر، بەئەشکەنجە و دەماری پڕەوە دەموچاوی هێشتا ڕەقەڵە و قۆز بوو بەڵام بەبێ ئەو ڕەنگە کاڵەی کە پێشتر هەیبوو، برۆی شێوەیەکی جیاوازی هەبوو، لەوە دەچوو کەشوهەوای زۆری بینیبێ بەتیشکی خۆر سووتابێت، وەک ملی، وەک برۆی گەشتیارێک لەکۆتاییی گەشتە دوور و درێژ و ماندووکەرەکەیدا. پاڵی نابوو بەکڵاوەکەیەوە بۆ دواوەی سەری، لەیلا دەیبینی قژی دەستی بەڕووتانەوە کردووە زەردیی چاوەکانی بێ ڕەنگتر بووبوون لەوەی لەیلا بیری بوو، تەڵختر یان تەنیا ڕووناکیی ناو ژوورەکە بوو.

لەیلا بیری لە دایکی تاریق کردەوە، ڕەفتارە لەسەرخۆکانی، پێکەنینە زیرەکانەکەی، قژە کڵاوییە مۆرە تەڵخەکەی. هەروەها باوکی، ڕوانینەکەم و

کزەکانی، گاڵتەوگە پەکۆمیدییەکەی. زووتر، لەناو دەرگەکەدا، بەدەنگێکی پڕ لە هەنسکەوە و زمانگیری بەدەم وشەکانی خۆیەوە بەتاریقی وت کە وای دەزانی ئەو دایک و باوکی چییان لێ بەسەر هاتووە، ئەویش سەری ڕاوەشاندبوو. لەبەر ئەوە ئێستا هەواڵی دایک و باوکی پرسین. بەڵام لەیلا پەشیمان بوو لە پرسیارەکەی کاتێک تاریق سەری داخست و بەسەرشێتی و سەرلێشواوییەوە وتی " مردوون"

" داوای لێبووردن دەکەم."

" بەڵێ، منیش بەهەمان شێوە. هانێ،" زەرفێکی کاغەزی لە گیرفانی دەرهێنا و بۆ لەیلای ڕاگرت " ڕێز و ستایش لە ئالیۆناوە."

" ئالیۆنا. ناوێکی ناسکە." لەیلا هەوڵی دا دوای ئەوە بەبێ شڵەژان بڵێت " "خێزانەکەت؟"

تاریق بەچاوەڕوانییەوە زەردەخەنەیەکی کرد وەک ئەوەی چاوەڕێی لەیلا بێت یادگارییەک بیر بهێنێتەوە وتی " بزنەکەم. "

پاشان لەیلا بیری کەوتەوە" فیلمە سۆڤیەتەکە. ئەلیۆنا کچی کابتنەکە بوو ئەو کچەی کە لەگەڵ یەکەم داواکاریدا خۆشەویستیی کرد. ئەو ڕۆژە بوو کە ئەو و تاریق و حەزینا سەیری دەبابە و جێبەکانی سۆڤیەتیان کردبوو کاتێک کابولیان بەجێ دەهێشت. ئەو ڕۆژە تاریق شەپقە پەڕە ڕووسیاییە سەیروسەمەرەکەی لە سەر کردبوو.

تاریق دەیوت " دەبوو بیبەستمەوە و قایمی بکەم بەزەوییەکەوە. وە پەرژینێکی بۆ بکەم لەبەر گورگەکان. ئەو کەنار گردانەی من لێی دەژیم ناوچەیەکی دارستانی لێ نزیکە بەدووریی سێسەد مەتر، زۆربەی درەختی سنەوبەرە. زیاتر بەدارستانەکانەوە دەگیرسێنەوە، گورگەکان لەوێن، بەڵام بزنێکی خوێناوی ئەو بزنەی کە حەز دەکا بڕوا بلەوەڕێ دەتوانێ ڕایان بکێشێتە دەرەوە لەبەر ئەوە بەپەرژینەکە قایمی دەکەم."

لەیلا لێی پرسی کەناری کام گردانە.

وتی "پیر پەنجال. پاکستان، ئەو شوێنەی منی لێ دەژیم ناوی مووریییە، پەناگەیەکی هاوینەیە سەعاتێک لە ئیسلام ئابادەوە، گرداوی و سەوزە لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، لەبەر ئەوە لە هاویناندا فێنکە وە شوێنێکی زۆر باشە بۆ

گەشتیاران."

بەریتانیاییەکان دروستیان کرد وەک وێستگەیەکی نزیک لەسەر بازگەکانیانەوە لە پەناگەکانی راواڵ و پندی، دەیوت، بۆ ڤیکتۆریاکانیان بۆ ئەوەی لە گەرما بیانپارێزن. هێشتا یەک دوو شوێنی کۆنی سەردەمی داگیرکاریی لێ ماوە، تاریق دەیوت، چایخانەیەکی دەگمەنی کاتی، بەنگەڵەیەکی سەقف ئاسن کە پێشی دەوترا کوختە، وە شتی تری لەو جۆرە. شارۆکەکە خۆی بچووک و دڵگیر بوو شەقامە سەرەکییەکەی پێی دەوترێت ناوبازاڕ کە فەرمانگەی پۆست، یەک دوو بازاڕ، یەک دوو ڕێستۆرانت، ئەو دووکانانەی زیادەیان لە گەشتیاران دەسەند بۆ گوڵدان و شووشەی ڕەنگکراو و فەرش و قاڵیی بەدەست چنراو، لێی بوو. وەک کاروانسەرایەک هەفتەیەک بەرەو لایەک دەڕۆیشت و هەفتەیەکی تر بەرەو لا پێچەوانەکەی، کاروانی ڕێبوارەکان.

" خەڵکە خۆماڵییەکان دەیانوت لە ئیرلەنداش هەندێک ڕێگە لەو جۆرەن، من نەمدەزانی. بەهەرحاڵ، شتێکی جوانە. ژیانێکی زۆر سادەیە بەڵام من حەزم لێیەتی، حەز دەکەم لەوێ بژیم."

" لەگەڵ بزنەکەت. لەگەڵ ئالیۆنا."

لەیلا کەمتر لە چوونە ناو نهێنیی لایەکی تایبەتی گفتوگۆکەوە مەبەستی شۆخی بوو، بۆ نموونە کێی تر لەوێ دەژیا و خەمی بزنەکانی دەخوارد گورگ نەیانخوات. بەڵام تاریق تەنیا سەری لەقاند.

تاریق وتی" زۆر داوای لێبووردن دەکەم بۆ دایک و باوکت."

" بیستت؟"

تاریق وتی" پێشتر قسەم لەگەڵ هەندێک دراوسێکان کرد." کەمێک وەستا و لەیلا کەوتە بیرکردنەوە لەوەی دراوسێکان چیی تریان پێ گوتووە." کەس ناناسمەوە لە ڕۆژە کۆنەکانەوە."

" هەموویان ڕۆیشتوون. ئەوانەی کە تۆ دەتناسین هیچیان بەجێ نەماون."

" کابول ناناسمەوە."

لەیلا وتی" منیش هەروەها، وە من ئێرەم بەجێ نەهێشتووە."

دوای نانی ئێوارە ئەو شەوە درەنگتر، دوای ئەوەی تاریق ڕۆیشتبوو، زاڵمای

وتی" دایە هاوڕێیەکی تازەی هەیە، پیاوێکە."

ڕەشید سەری بەرز کردەوە، " هەیەتی؟ ئێستا؟!"

تاریق لە لەیلای پرسی" دەتوانم جگەرە بکێشم؟"

لەناو نەسرباخادا بۆ ماوەیەک مابوونەوە لە کەمپینی ڕاکردووەکاندا لە نزیک پیشاوەر، تاریق دەیوت، خۆڵی جگەرەی دەوەراندە ناو تەپڵەکەکەوە، شەست هەزار ئەفغانی لەوێ دەژیان کاتێک ئەو و دایک و باوکی گەیشتبوونە ئەوێ.

تاریق وتی" هێندەی هەندێک لە کەمپەکانی تر خراپ نەبوو، وەک، خوا نەکات، جالۆزای، جۆرێک بوو لە کەمپی مەشقکردن. لەوێدا ڕۆئاواییەکان بۆ جیهانیان دەسەلماند و ئەوەیان دەردەخست کە تەنیا چەکدار نانێرن بۆ ئەفغانستان."

بەڵام ئەوە لە سەردەمی شەڕی سۆڤیەتدا بوو، تاریق دەیوت، ڕۆژانی جیهاد لەگەڵ بەرژەوەندیی سەرتاسەری و بودجەی بەخشندەیی و سەردان لەلایەن مارگریت ساتەرەوە دەهاتن.

" خۆت باقییەکەی دەزانیت، لەیلا، دوای شەڕەکە سۆڤیەتەکان بوون بەچەند بەشێکەوە، وە ڕۆئاوا بەرەو پێش ڕۆیشت. هیچ شتێکی لێ نەبوو بۆ قایم مانەوەیان لە ئەفغانستان وە پارەکە وشکی کرد. ئێستا نەسرباخ یەکپارچە چادر و تەپوتۆز و زێرابی کراوەیە. کاتێک ئێمە گەیشتینە ئەوێ چەرچەفێک و چەند پارچە ئاسنێکیان داینێ وتیان بۆ خۆتان جادرێک هەڵدەن."

تاریق دەیوت ئەوەی لە هەمووی زیاتر لەبارەی نەسرباخەوە، ئەو شوێنەی بۆ ساڵێک تێیدا مایەوە، بیریەتی ڕەنگی قاوەیی بوو." چادری قاوەیی، خەڵکی قاوەیی، سەگی قاوەیی، شۆربای قاوەیی"

درەختێکی بێ گەڵای لێ بوو کە هەموو ڕۆژێک پێیدا هەڵدەگەڕا، قاچەکانی دەخستە ئەمدیو دیوی لقێکەوە و سەیری خەڵکەکەی دەکرد لەبەر خۆرەکەدا خۆیان هەڵدەخست، شێوە خەفەتبار و پەستەکانیان لەناو دیمەنێکی ساکاردا. سەیری کوڕی بچووک و لەڕولاوازی دەکرد مەتارەئاویان هەڵدەگرت، پاشەڕۆی سەگیان کۆ دەکردەوە بۆ کردنەوەی ئاگر، یاری و شێوەی جیاجیایان بەچەقۆیەکی کول لە دار دەتاشی، فەردە ئاردیان بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشا کە هیچ کەس لەبەر بێ پێزییەکەی نەیدەتوانی بیکا بەنان. لە چواردەوری ئۆردووگا ڕاکردووەکان

جادرەکان بایەکە ئەمدیو دیوی دەکرد، پەرێز و پاشماوەی دەغڵودانەکانی بەملا و لادا فڕێ دەدا، کۆلارەکانی لەسەر سەقفە قوڕینەی کوخەکانەوە بەرز دەکردەوە.

" ژمارەیەکی زۆری منداڵ مردن. زەحیری، سیل، برسییەتی، بەزۆری زەحیری، "سکچوون" ئەو سکچوونە نەعلەتییە بوو. خوایە لەیلا چەند منداڵم بینی نێژران. هیچ شتێک لەوە خراپتر نابێت بۆ مرۆڤێک بیبینێ."

قاچی خستە سەر قاچی. بێدەنگی دووبارە لە نێوانیاندا دەستی پێ کردەوە بۆ ماوەیەک.

وتی" باوکم ئەو زستانە نەژیا. لە خەودا مرد، باوەڕ ناکەم هیچ ئازارێکی هەبووبێ."

هەر ئەو زستانە، تاریق وتی، دایکی تووشی نەخۆشیی هەوکردنی سییەکان بوو خەریک بووە بمرێ، دەمرد ئەگەر ئەو پزیشکەی کەمپەکە نەبووایە کە گالیسکەیەکی چواردەورگیراوی دانابوو وەک کلینیکێکی گەڕۆک لە ناوچەکەدا، بەدرێژاییی شەو بەخەبەر دەبوو، بەردەوام تای لێ دەهات، دەکۆکی و بەڵغەمێکی ڕەنگ ژەنگی دەهێنایەوە. ڕیزەکان زۆر دوور و درێژ بوون بۆ بینینی پزیشکەکە، تاریق دەیوت، خەڵک لەسەرەدا هەڵدەلەرزین، دەگریان، دەکۆکین، هەندێک پیساییەکەیان بەقاچوقولیاندا دەهاتە خوارەوە، هەندێ زۆر لەوە هیلاکتر و برسیتر و نەخۆشتر بوون کە بتوانن وشەیەک بڵێن.

" بەڵام پیاوێکی زۆر باش بوو پزیشکەکە. دایکمی چارەسەر کرد، هەندێک حەبی دایە، ئەو زستانە ژیانی پاراست."

هەمان ئەو زستانە تاریق تەنگی بەمنداڵێک هەڵچنیبوو.

بەرێکی وتی" دوازدە یان سێزدە ساڵ دەبوو، پارچەیەک شووشەم هەڵگرت بۆ سەر قوڕگی و بەتانییەکەم لێ سەند. دواتر دام بەدایکم."

سوێندی خواردبوو پەیمانی بەخۆی دابوو کە دوای نەخۆشییەکەی دایکی زستانێکی تر لەوێدا بەسەر نەبەن. کاری کردبوو پاراستبووی و گواستبوویەوە بۆ شوقەیەک لە پیشاوەر کە گەرمی و ئاوی پاکی تێدا بووبوو. کاتێک بەهار هات بەدوای کاردا گەڕابوون. لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، گەلابەیەک هاتبوو بۆ ئۆردووگاکە لە بەیانیی زووەوە یەک دوو دەرزەن کوڕی کۆ کردبووەوە بردبوونی بۆ

کێڵگەیەک بۆ گواستنەوەی بەرد یان درەخت یان چنینەوەی سێو پاشان گۆڕینەوەیان بۆ هەندێک پارە، هەندێ جار بەتانییەک، جووتێک پێڵاو. بەڵام هەرگیز ئەویان نەویستبوو، تاریق دەیوت.

" کە سەیرێکی قاچیان دەکردم ئیتر نەیاندەویستم."

کاری تریش هەبوون. چاڵ بۆ هەڵکەندن، کوخ بۆ دروستکردن، ئاو بۆ هەڵگرتن، پیسایی و خڵتەڕاماڵین لە ئاودەستخانەکانەوە. پیاوە گەنجەکان لەسەر ئەم کارانە بەشەڕ دەهاتن، بەڵام تاریق هەرگیز دەرفەتی ئەمەی بەخۆی نەدەدا.

پاشان ڕۆژێک دووکاندارێکی بینی، ئەو پایزەی ساڵی ١٩٩٣.

" وتی پارەت دەدەمێ بۆ بردنی چاکەتێکی چەرم بۆ لاهور، زۆر نا بەڵام مەبلەغێک، بەشی مانگێک یان دوو مانگ کرێ خانووی دەکرد."

دووکاندارەکە تیکتێکی پاسی دابوویە، تاریق دەیوت، وە ناونیشانی شەقامەکە لە نزیک وێستگەی پاسی لاهۆرەوە بوو، کە دەبوو چاکەتەکە بدات بەهاوڕێیەکی دووکانداری.

تاریق وتی "خۆم دەمزانی. بێگومان دەمزانی. وتی ئەگەر گیرایت تۆ خۆت بەتەنیایت و من ناناسیت. دەبوو ئەوەم لە بیر بێت ئەو دەیزانی دایکم لە کوێ دەژیا، بەڵام پارەکە زۆر لەوە چاکتر بوو دەستبەرداری بم، وە دووبارە زستان دەهاتەوە."

لەیلا پرسی " ئەی تا کوێ گەیشتیت؟"

تاریق بەدەنگێکی خەجاڵەت و شەرمنەوە پێ کەنی و وتی" زۆر دوور نا. تەنانەت نەگەیشتمە پاسەکە. بەڵام لەو باوەڕەدا بووم بەرگریم لێ کرابوو، مەبەستم ئەوەیە پارێزراو بووم. دەتوت، ژمێریارێکی لێ بوو پیاوێک قەڵەمێک بەپشتگوێیەوە بوو، چاوی لەسەر ئەم شتانەیە و شتەکان تۆمار دەکا سەری دادەخا و دەڵێت، بەڵێ بەڵێ دەتوانێت ئەمەی هەبێت، ڕێگەی پێ دەدەین بڕوا، هەندێک لە پارەکەی داوە."

لەناو دروراوییەکاندا بوو، حەشیشەکە، هەمووی بەسەر شەقامەکەدا ڕژا کاتێک پۆلیسەکە چەقۆیەکی کرد بەناو چاکەتەکەدا.

کاتێک ئەمەی وت تاریق دووبارە پێ کەنییەوە، پێکەنینێکی بەرز و شلۆق وە لەیلا بیری کەوتەوە چۆن بەم شێوەیە پێ دەکەنی کاتێک منداڵ بوون بۆ داپۆشینی تەریقبوونەوەکەی، بۆ کەمکردنەوەی ئەو شتانەی عەیبە و حەیاچوون بووبوون و

ئەنجامی دابوون.

زالمای وتی" قاچێکی شەلە."

" ئەوەیە کە من باوەڕ دەکەم ئەو بێت؟"

مریەم وتی " تەنیا سەردانێکی کرد."

ڕەشید پەنجەیەکی بەرز کردەوە و نەڕاندی " تۆ دەمت داخە." ڕووی کردە لەیلا " کەواتە تۆ چی دەزانیت؟ لەیل و مەجنوون یەکیان گرتووەتەوە؟ وەک جاری جاران." دەموچاوی وەک بەرد ڕەق بوو" کەواتە ڕێگەت پێ داوە بێتە دەرەوە. بۆ ئێرە. بۆ ناوماڵەکەی من. ڕێگەت پێ داوە بێتە ژوورەوە. ئەو لێرە بووە لەگەڵ کوڕەکەم."

لەیلا ددانەکانی لێک توند کردن و وتی" تۆ منت لە خشتە برد. درۆت لەگەڵ کردم. ئەو پیاوەت بەرامبەر من دانا... دەتزانی دەرۆم ئەگەر بمزانیایە ئەو لە ژیاندایە."

ڕەشید نەڕاندی" وە تۆ درۆت لەگەڵ من نەکردووە؟ لەو باوەڕەدایت زۆڵەکەتم بۆ دەرنەکەوتووە؟ بەبێ ئەقڵم دەزانیت تۆی قەحبە؟"

هەتا تاریق زیاتر قسەی بکردایە لەیلا زیاتر لەو ساتە دەترسا کە دەوەستێ ئەو بێدەنگییەی دوا بەدوای دێت، ئەو هێمایەی کە ئیتر نۆرەی ئەوە چۆن و کەی و بۆچییەکان دەستەبەر بکا، ئەو شتانەی کە تاریق پێیانی زانیبوو پێوستە باسیان بکا، هەستی بەبێهۆشییەکی قێزەون دەکرد هەر کاتێک تاریق دەوەستا. خۆی لە چاوی لادەدا. سەری دادەخست و سەیری دەستەکانی تاریقی دەکرد لەگەڵ مووە ڕەشە پڕەکەی بەپشتەکەیاندا بڵاو بووبوونەوە لەو ساڵانەی نێوانیاندا. تاریق زۆر باسی ساڵانی ناو بەنزینخانەی نەدەکرد. ئەوەی دەپاراست کە زمانی ئوردوو لەوێ فێر بووە. کاتێک لەیلا پرسی بەڕاوەشاندنێکی بێ ئارامیی سەری وەڵامی دایەوە. لەم جووڵەیەدا، لەیلا دەرگە و پەنجەرەی ژەنگاوی، گیانی نەشۆراو، پیاوی توندوتیژ، داڵانی قەرەباڵغ، سەقفی گەنیو بەعەمباری کەڕووی دەخوێندەوە. کە جێگەی ڕیسواکردن و بایەخشکان و لارسەنگی بووە.

تاریق وتی دایکم هەوڵی داوە سەردانم بکا دوای دەستگیرکردنم وتی "سێ جار هات بەڵام هەرگیز نەمتوانی بیبینم."

تاریق نامەیەکی بۆ نووسیبوو، پاش ئەوە چەند نامەیەکی تر، سەرەڕای ئەوەی

گومانی هەبوو بەدەستی بگا.

" وە بۆ تۆشم نووسی."

" بەڕاستی؟"

" ئاه، بەپەڕتووک هاوڕێکەت ڕوومی بەخێلیی بەبەرهەمەکەت دەبرد." پاشان دووبارە پێ کەنی، ئەمجارە بەدەنگێکی بەرز و پێکەنیناوی، دەتوت هەردوو سەرسامن بەئازایەتییەکەی و تەریق بووەوە بەکارەکەی لێی ڕوودا وە.

زالمای لەسەرەوە دەستی کرد بەهاوار هاوار.

ڕەشید وتی "هەروەک جاری جاران. هەردووکتان. دڵنیام هێشتووتە دەموچاوت ببینێ."

زالمای وتی" هێشتی. " پاشان بەلەیلای گوت" هێشتت، دایە. بینیمیت."

کاتێک لەیلا هاتە خوارەوە تاریق وتی" کوڕەکەت زۆر منی بەدڵ نییە."

لەیلا وتی " بمبوورە، وا نییە. خۆی هەر... گوێی پێ مەدە."

پاشان بەخێرایی بابەتەکەی گۆڕی لەبەرئەوەی وای لە لەیلا کرد هەست بەدڕۆوەستان و تاوانباری بکا کە بەو شێوەیە لەبارەی زالمایەوە هەست بکا، کە منداڵێکی بچووک بوو باوکی خۆش دەویست، کە بەرپەرچە لەبن نەهاتووەکەی بۆ ئەم کەسە نامۆیە ڕاستی و ڕوون بوو.

وە بۆ تۆشم نووسی

بەپەڕتووک

بەپەڕتووک

" ماوەی چەندێکە لە مووریت؟"

" کەمتر لە ساڵێک."

بووبووە هاوڕێی پیاوێکی بەتەمەن لە گرتیگە. پیاوێک ناوی سەلیم بوو، پاکستانییەک، پێشتر یاریزانی گۆڕەپانی سەهۆڵین "هۆکی" بوو کە بۆ چەندان ساڵ بەردەوام بەند و ئازاد دەکرا. وە ماوەی ١٠ ساڵی بردبووە سەر لەسەر چەقۆدانی لە پۆلیسێکی نهێنی. هەموو گرتیگەیەک پیاوێکی وەک سەلیمی هەبوو، تاریق وتی، هەرگاڤ کەسێک هەبوو کە زۆر بلیمەت و ناودار بوو لەسەر ڕێبازێک

کاری دەکرد و شتی دەدۆزییەوە. کەسێک کە لەناو هەواکەی دەوروبەریدا ترسناکی و نەفرەت گیزەیان دەهات، سەلیم بوو کە گومان و دوودڵییەکانی تاریقی دەنارده دەرەوە لەبارەی دایکییەوە، سەلیم دانیشتبوو پێی وتبوو، بەدەنگێکی باوکانە و نەرمەوە کە دایکی لەسەرخۆ دانەپۆشین مردووە.

تاریق حەوت ساڵی لە گرتیگە پاکستانییەکەدا بەسەربرد. وتی" بەئاسانی هاتمە دەرەوە، بەختم هەبوو. ئەو دادوەرەی کە لەسەر کەیسەکەی من دانیشتبوو وا ڕێک کەوت، برایەکی هەموو ژنێکی ئەفغانی شووی پێ کردبوو. وابزانم پیاوەتیی نیشان دا. نازانم. "

کاتێک دادگەییەکەی تاریق کۆتایی هات، زوو لە زستانی ٢٠٠٠دا، سەلیم ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی براکەی پێ دابوو کە ناوی سەعید بوو.

تاریق وتی" سەعید لە مووریی ئوتێلێکی بچووکی هەیە، بیست ژوور و دیوەخانێک، شوێنێکی گشتی بۆ خواردن و ئاهەنگگێڕانی گەشتیارەکانی هەبوو. وتی پێی بڵێ کە من ناردوومی."

تاریق حەزی لە مووریی کردبوو لەو کاتەوەی لە پاسەکە دابەزیبوو: نۆبەرە بەفر لەسەر نیشتووەکان، هەوا وشک و ساردەکە، کوخە شکاوە تەختەکان، دووکەڵە لوولبووەکەی لوولەی زۆپاکان.

ئەمە شوێنەکە بوو، تاریق بیری کردەوە، لە دەرگەی ماڵی سەعید بدا، شوێنێک نەک تەنیا جیهانی ئەو بێ فەڕی و دڵتەنگییەی کە تاریق بینیبووی بۆی گوازرابووەوە، بگرە بووبووە هۆکاری سەرسەختی و کارقورسی نەتەوەیەک، خەفەتبار و باوەڕپێنەکراو بوو.

" بەخۆمم وت، ئەمە شوێنێکە کە پیاوێک دەبێ بتوانێ بەرگەی بگرێ."

تاریق وەک فەراشێک و خزمەتکارێک کاری پێ دەکرا، وە سەرکەوتوو بوو، وتی لە ماوەی یەک مانگی تاقیکردنەوەدا بەو نیوە معاشەوە کە سەعید پێی دەدا. کاتێک تاریق قسەی دەکرد لەیلا سەعیدی دەبینی، لە بەرچاویدا جووتێک چاوی باریک و دەموچاوێکی گەشی هەبوو، لە پەنجەرەی پرسگەکەوە وەستاوە و سەیری تاریق دەکا دار ورد دەکا و بەفری ناو ڕێگەکە ڕادەماڵێ. دەبینێ بەسەر لاقەکانی تاریقدا دەچەمایەوە و دیقەتی دەدا کاتێک تاریق لەژێر سنگەکەدا ڕادەکشا و

بۆرییەکی شکاوی چاک دەکرد، دەیهێنایە بەرچاوی خۆی سەیری ناو مەکینەکەی دەکرد و بۆ پارەی ونبوو دەگەڕا.

کوخەکەی تاریق لە تەنیشت بەنگەڵەی چێشت لێنەرەکە دابوو، وتی، چێشت لێنەرەکە بێوەژنێکی سەلاری بەتەمەن بوو ناوی ئەدیبە بوو. هەردوو کوخەکە لە ئوتێلەکە جیا بوون، لە بیناکە جیا کرابوونەوە بەڕیزێک درەختی بایام، کورسیی پارکێک لەگەڵ فوارەیەکی بەردینی سێوە هەرەم لە هاویناندا بەدرێژایی ڕۆژ خورەی ئاوی دەهات. لەیلا تاریقی دەهێنایە بەرچاوی خۆی لەناو کوخەکەیدا لەسەر جێگەی نووستنەکەی دانیشتووە و تەماشای جیهانە گەلاّیاوییەکەی دەرەوەی پەنجەرەکەی دەکا.

لە کۆتاییی ماوەکەدا، سەعید پارەکەی تاریقی بەرز کردەوە بۆ مەبلەغی تەواوەتی، پێی وت نانی نیوەڕۆی بەخۆڕاییە، چاکەتێکی خوریی دایە، قاچێکی نوێی بۆ بەکردن دا، تاریق دەیوت لە بەردەم بەخشندەییی ئەو پیاوەدا دڵم پڕ دەبوو لە گریان.

لەگەڵ یەکەم مانگی مەعاشی تەواوەتیدا تاریق چووبوو بۆ ناو شارۆکەکە و ئالیۆنای کڕیبوو.

تاریق زەردەخەنەی دەکرد و وتی" سەرتاپای مووەکەی سپییە. هەندێک لە بەیانییەکان، ئەو بەیانییانەی بەدرێژاییی شەوەکەی بەفر باریوە، کە لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکەیت هەموو ئەو بەشەی ئەلیۆنات کە دەبینی تەنیا دوو چاو و یەک لۆزە."

لەیلا سەری لەقاند. بێدەنگییەکی تر بەدوایدا هات. لەسەرەوە، زالمای دووبارە دەستی کردبووەوە بەهەڵبەز و دابەزپێکردنی تۆپەکەی بەدیوارەکەدا.

لەیلا وتی" وام زانی مردوویت."

" دەزانم، پێت وتم."

دەنگی لەیلا شکا. دەبوو قورگی پاک بکاتەوە و خۆی کۆ بکاتەوە. " ئەو پیاوەی هاتوو هەواڵەکەی هێنا زۆر بەڕاستی بوو... باوەڕم پێ کرد، تاریق. خۆزگە باوەڕم پێ نەکردایە، بەڵام کردم. پاشان دوای ئەوە زۆر هەستم بەتەنیایی و ترس دەکرد. ئەگینا، ڕازی نەدەبووم شوو بەڕەشید بکەم. ڕازی نەدەبووم..."

تاریق خـۆی له چاوەکـانـی لەیلا لادابوو بەنـەرمـی وتـی" پێـویست بەوە نـاکـا بەم شـێـوەیـە قـسـە بکەی." هـیچ گلەیـی و شـەرمـەزارییـەکـی شـاردراوە نەبوو، هـیچ تاوانبارکردنێک له شێوازی ئەم قسەکردنەیدا، نیشاندانی گوناهبارکردنی.

" بەڵام پێـویست دەکـا. چونکە هۆکـارێکی گەورەتر هـەبوو کە دەبوو شـووی پێ بکەم. شتێک هەیە تۆ نایزانیت، تاریق. کەسێک دەبێت پێتبڵێم."

ڕەشید لەزالمای پرسی" تۆش دانیشتیت قسەی لەگەڵ بکەی؟"

زالمای هـیـچی نەوت. لەیلا گـومـان و نادڵنیـاییی دەبینی له چاوەکانیـدا، دەتوت ئێستا ئەوەی بۆ دەرکەوتووە و هەستی پێ کردووە کە ئەوەی ئاشکرای کردووە زۆر لەوە گەورەتر کەوتەوە کە بیری لێ دەکردەوە.

" له تۆم پرسی کوڕە."

زالمای تفـی قـووت دا. ڕوانینـەکـەی له جـێگـۆڕکـێـدا بوو." من لـە سـەرەوە بووم، لەگەڵ مریەم یاریم دەکرد."

" ئەی دایکت؟"

زالمای بەنیگایەکی پڕ لـە خـەجاڵەتیـیـەوە سـەیری لەیلای کـرد، لەسـەر لێـواری فرمێسک ڕشتن وەستابوو.

لەیلا وتی" قەیناکە، زالمای قەیناکە، ڕاستییەکەی پێ بڵێ."

زالمای بـەدەنگێکی لاواز کـە بـەئەسـتـەم بـەرزتر بوو له چرپە وتی" ئەو... ئەو له خوارەوە بوو، قسەی لەگەڵ ئەو پیاوە دەکرد."

ڕەشید وتی" تێ گەیشتم، کارێکی هەرەوەزییە."

لەگەڵ ڕۆیشتندا تاریق وتی " دەمەوێ ببیینم، دەمەوێ پێی بگەم."

لەیلا وتی" ڕێکی دەخەم."

تاریق زەردەخـەنـەی دەگـرت" ئەزیزە. ئەزیزە." تـامـی وشـەکـەی دەکـرد." ئەزیزە. چەند ناوێکی قەشەنگە."

هـەر کـاتێک ڕەشـیـد ناوی کـچـەکـەی دەبرد، دەنگی بانگکردنەکـەی نـاسـاز و هـەرچی و پەرچی دەردەچوو.

" ئەویش بەهەمان شێوە. خۆت دەیبینیت."

" دەقیقەکان دەژمێرم."

نزیکەی ١٠ ساڵ تێپەڕی بوو دوای ئەوەی بۆ دواجار یەکیان بینیبوو، دەروونی لەیلا، بەهەموو ئەو کاتانەی یەکیان بینیبوو لەناو کوچەکەدا کە بەنهێنی یەکیان ماچ دەکرد، بریسکەی دەدایەوە. بیری دەکردەوە دەبێت ئێستا ئەو چۆن بێت لای تاریق. هێشتا لەلای جوان بوو؟ یان پووکاوە و لاواز وەک ژنێکی ترساو بەدرۆودەلەسە؟ نزیکەی ١٠ ساڵە. بەڵام، بۆ ساتێک، ڕاوەستان لەوێ لەگەڵ تاریق لەناو ڕووناکیی خۆرەکەدا وەک ئەوە وابوو ئەو ساڵانە هەرگیز ڕوویان نەدابێت. مەرگی دایک و باوکی، شووکردنی بەڕەشید، لێدانەکان، برسییەتی، تەنانەت منداڵەکانی، هەمووی لە خەونێک دەچوون، وەک پێچە بەدەورەیەکی سەیر و نەگونجاو. وچانێکی تەواو و پەتی لە نێوان ئەو دوانیوەڕۆیەی بەیەکەوە بوون و ئەم ساتەدا.

پاشان دەموچاوی تاریق گۆڕا، پەست و مۆن بوو. لەیلا لەم دەربڕینەی تێ دەگەیشت، هەمان ئەو نیگایە بوو کە لەسەر دەموچاوی دروست بوو ئەو ڕۆژە هەمووی ئەو ساڵانەی پێشتر کاتێک کە هەردووکیان منداڵ بوون، کاتێک قاچەکەی کردەوە و ڕۆیشت بەدوای خادمدا. ئێستا دەستێکی ڕاکێشا و دەستێکی دا لە گۆشەیەکی دەمی لەیلا.

بەساردوسڕی وتی "ئەمەی لەگەڵ کردوویت؟"

لە دەست لێدانەکەیدا، لەیلا بیری شێتگیریی ئەو عەسرەی کەوتەوە کە ئەزیزەیان پیتاند. هەناسەکەی لەسەر ملی، ماسولکەی ڕانەکانی گرژ دەبوون، سنگی پاڵی دەنا بەسنگییەوە، دەستیان تێکهەڵکێشراو بوون.

تاریق چرپاندی "خۆزگە لەگەڵ خۆم بمبردیتایە."

لەیلا دەبوو نیگاکەی بەرز بکاتەوە، هەوڵ بدا نەگری.

"دەزانم ئێستا تۆ ژنێکی شووکردوویت و دایکیت. منیش ئەوەتام، دوای هەموو ئەو ساڵانە، دوای هەموو ئەوەی ڕووی داوە، لەناو دەرگەکەدا دەرکەوتووم لەوانەیە شیاو نەبێت، بەڵام لە ڕێگەیەکی زۆر دوورەوە هاتووم تۆ ببینم، وە... ئاه لەیلا، خۆزگە هەرگیز بەجێم نەدەهێشتیت."

لەیلا بەهەناسەیەکی توندەوە" نا. "

"دەبوو هەوڵی زیاترم بدایە. دەبوو بمهێنایتایە هەر کاتێک دەرفەتێکم هەبووایە. دواتر، هەموو شتەکان جیاواز دەبوون."

"بەم جۆرە قسە مەکە، تکایە، ئازارم دەدا."

سەری لەقاندن و دەستی کرد بەنانی هەنگاوێک بەرەو لەیلا، پاشان خۆی ڕاگرت. "نامەوێت گریمانی هیچ شتێک بکەم. مەبەستم ئەوە نییە ژیانت لێ سەرەوخوار بکەم، لە ئەنجامدا لە ناوەڕاستی بۆشاییەکدا بیت. ئەگەر دەتەوێ برۆم، ئەگەر دەتەوێ بگەڕێمەوە بۆ پاکستان، یەک وشە بڵێ، لەیلا. بەڕاستیمە. بیڵێ وە من دەڕۆم. ئیتر هەرگیز نابمە کێشە بۆت. ئیتر من..."

لەیلا بەتوندی وتی" نا!" وە مەبەستی بوو بەم جۆرە بیڵێت. ئەوەی بینی کە دەستی ڕاکێشا بۆ قۆڵی تاریق وە بەتوندی گرتبووی، دەستی لابرد" نا، مەڕۆ تاریق، تکایە بمێنەوە."

تاریق سەری لەقاند.

"لە بەیانییەوە تا سەعات هەشت کار دەکات، سبەینێ دوانیوەڕۆ وەرەوە. دەتبەم بۆ لای ئەزیزە"

"من لێی ناترسم، ئەوە بزانە."

"دەزانم، سبەینێ عەسر وەرەوە."

"ئەی دواتر؟"

"دواتر، نازانم... دەبێت بیر بکەمەوە، زۆر..."

تاریق وتی" دەزانم ئەمە... تێ دەگەم، بمبوورە. داوای لێبووردن دەکەم بۆ هەموو ئەم شتانە."

"داوای لێبووردن مەکە. بەڵێنت دا بگەڕێیتەوە، گەڕایتەوە."

چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو " خۆشحاڵ بووم کە بینیمیت، لەیلا."

لەیلا تەماشای دەکرد کە دوور دەکەوتەوە، لە شوێنی خۆیدا هەڵدەلەرزی. بیری دەکردەوە، بەپەڕتووک، وە تەزوویەکی تر بەناویدا تێ پەڕی، تەوژمی شتێکی خەمبار و خەفەتاوی، بەڵام لە هەمان کاتدا شتێکی پڕ تامەزرۆیی و بێباکی و پڕ لە هیوا.

## ٤٥

## مریەم

زالمای گووتی "من لەسەرەوە بووم لەگەڵ مریەم یاریم دەکرد."

"ئەی دایکت؟"

زالمای بەنیگایەکی پڕ لە خەجاڵەتییەوە سەیری لەیلای کرد، لەسەر لێواری فرمێسک ڕشتن وەستابوو.

لەیلا وتی" قەیناکە، زالمای قەیناکە، ڕاستییەکەی پێبڵێ."

زالمای بەدەنگێکی لاواز کە بەئەستەم بەرزتر بوو لە چرپە وتی "ئەو... ئەو لە خوارەوە بوو، قسەی لەگەڵ ئەو پیاوە دەکرد."

ڕەشید وتی "تێ گەیشتم، کارێکی هەرەوەزییە."

مریەم سەیری دەموچاوی دەکرد شل و خاو بووبووەوە. سەیری لوولییەکانی ناو برۆی دەکرد ڕوونتر دەبوونەوە، گومان و بەدگومانی لە چاوەکانیدا دەدرەوشانەوە. هەستایە سەرپێ و ڕێک وەستا، بۆ یەک دوو ساتی کورت، وا دەردەکەوت تەواو لە بیرکردنەوەدا بێت، وەک کاپتنی کەشتییەک لە کاتی ئاگەدارکردنەوەی لە یاخیبوونی کەشتییەوانێک بەوردی بیر لە جووڵەیەکی داهاتووی کەشتییەکەی بکاتەوە.

سەری بەرز کردەوە.

مریەم دەستی پێ کرد شتێک بڵێت، بەڵام دەستێکی بەرز کردەوە و بەبێ سەیرکردنی وتی "تازە پێویست ناکا مریەم."

بەساردی بەزالمای وت "تۆ دەڕۆیت بۆ سەرەوە، کوڕە."

لە دەموچاوی زالمایدا، مریەم هۆشداریيەکی بینی. بەدڵەڕاوکێوە سەیری هەرسێکیانی دەکرد. ئێستا هەستی کرد کە گەمەی بەدگۆییيەکەی کارێکی

توندیرییەکی گەورانەیە، بۆ ناو ژوورەکە. نیگایەکی مەلوول و پەشیمانیی گرتە مریەم، پاشان دایکی.

بەدەنگێکی بەرەنگاربوونەوە رەشید وتی "ئێستا"

زەلمای بەئەنیشک هەڵگرت. بەسەرکزی هێشتی بەسەر قادرمەکاندا ببرێتە سەرەوە. زالمای.

مریەم و لەیلا ڕەق و وشک وەستابوون، چاویان لەسەر زەوییەکە بوو وەک ئەوەی ڕوانین لە یەکتر بڕواپێکردن بدا بەو شێوازەی ڕەشید شتەکانی پێ دەبینی. لە کاتێکدا ئەو دەرگەی بۆ خەڵکانێک دەکردەوە و جانتاکانیانی هەڵدەگرت، یەک ڕوانینان تێ نەدەگرتن ئابڕووچوونێک لە ماڵەکەیدا پێشان بدا کە کوڕە خۆشەویستەکەی تێدایە، هەتا ئێستا. هیچ کامیان یەک وتەیان نەگوت، گوێیان لە تەپەی پێی ناو داڵانەکەی سەرەوە دەگرت، یەکێک قورس و کارەساتاوی، ئەوی تر تەپەی ئاژەڵێکی بچووک و بەنازونوز. گوێیان بۆ وشە بێدەنگەکان دەگرت، پاڕانەوەیەکی پڕ لە هاوار، بەرپەرچدانەوەیەکی ڕەق تێ دەپەڕی. دەرگەیەک داخرا، سووڕانەوەی کێلونێک لە کاتی قفڵکردنیدا. پاشان ڕیزێک تەپەی پێ دەگەڕایەوە ئەمجارە بەبێ ئارامیی تر.

مریەم پێیەکانی دەبینی دەدرا بەسەر قادرمەکاندا کاتێک دەهاتە خوارەوە، بینی کلیلەکەی خستە گیرفانییەوە، کۆتاییە سمراوەکەی قایشەکەی بەتوندی لە دەوری دەستی پێچرابوو. ئەزونگە مسەکەی بەدوایدا ڕادەکێشرا، بەسەر قادرمەکاندا هەڵبەز و دابەزی دەکرد.

چوو دەستی بگرێ بەڵام پاڵێکی پێوە نا و بەلایدا گوژمەی کرد. بەبێ وتنی وشەیەک قایشەکەی بۆ لەیلا داهێنایەوە، هێندە بەخێرایی دەستی هەڵهێنا کە لەیلا کاتی نەما بۆ ئەوەی خۆی لێ لابدا، یان هیچ نەبێت قۆڵێک بۆ خۆپاراستن بەرز بکاتەوە، لەیلا دەستی دا لە لاجانگی و سەیری خوێنەکەی کرد و سەیری ڕەشیدی کرد، بەسەرسامییەوە. یەک دوو ساتی کەمی پێ چوو، ئەم ڕوانینی باوەڕ پێنەهێنانە، پێش ئەوەی لەلایەن شتێکی ڕقاوییەوە جێگۆڕکێی پێ بکرێ.

ڕەشید دووبارە قایشەکەی وەشاندەوە.

ئەمجارە لەیلا خۆی بەمەچەکی پاراست و قایشەکەی گرت لە دەستی دەرچوو،

وە ڕەشـیـد دووبارە قـایشـەکـەی هاویشـتـەوە، لەیلا بەکـورتی گـرتی پێش ئەوەی ڕەشید ڕای تەکێنـێت و پیای بکێشـێ. پاشان لەیلا بەناو ژوورەکەدا تەپوتلی دەدا، مـریەمـیش دەیزریکاند و بەجـارێک قسـەی دەکردە دەرەوە و لە ڕەشـید دەپارایەوە کـاتێک بەدوای لەیلاوە بوو، کـاتێک ڕێگەکـەی لێ گرت و قـایشـەکـەی شـەقـەی لێ هەسـتـاند، لە یەک سـاتدا، لەیلا هـێزی ئەوەی دایە بەر خـۆی مـسـتـەکۆڵەیەک لە ڕەشید بسرەوێنێ، کە وای لێ کرد جنێو بدا و بێ ئامانتر هەڵپە بکا. لەیلای گرت هەڵی دا و کێشـای بەدیوارەکەدا بەقـایشـەکە دووبارە و دووبارە پیـای دەمـاڵییـەوە، ئاوزونگەکـەی شـەقـەی لـە سنگی و شـانی و قـۆڵە بـەرزبووەوەکـەی و پەنجـەکـانی هەڵدەستاند و لەگەڵ هـەر پێداکێشانێکدا خوێن دەپڕژا.

مریەم لە ژماردنی پێداکێشانەکان و ژماردنی ئەو وشانەی کە لە پاڕاندنەوەی لە ڕەشیددا دەری دەبڕی سـەری لێ شێوا، ژمارەی ئەو جارانەی بەدەوری ئاڵۆسکاوی و بێ سـەروبنی مـسـتی و قـایشـەکـە و ددانی، پێش ئـەوەی پەنجـەکـانی ببـینێ بەچڕنووک دەمـوچاوی ڕەشـید بریندار دەکەن، نینۆکی تەڵزمـاوی لەناو چەناگە و ڕوومـەتیدا چەقـیـون و قژی ڕادەکێشـن و ناوچەوانی دەڕووشـێنن. مـاوەی چەندێک پێش ئەوەی پێی بزانێت، لەگـەڵ هەردوو سـەرسـوڕمـان و چێژدا، کـە پەنجـەکـانی ئەون.

وازی لە لەیلا هێنا و ڕووی کـردە ئەو. لە سـەرەتادا سـەیری دەکـرد بێ ئەوەی ببـبـینێ، پاشـان چاوەکـانی کـز بـوون بەخـاترەوە مـریەمی ئاگـەدار دەکـردەوە ڕوانینەکەی نێـوانیـان ئاڵوگۆڕی دەکرد لە حەپەسـانەوە بـۆ سـەرسـامی پاشـان بۆ ناڕەزایی و هەتا بێ ئومێدی، لەنگەری دەگرت بۆ ساتێک.

مـریەم یەکەم جاری بیر کەوتەوە کە چاوی ڕەشـیدی بینیبوو، لەژێر تارایەکدا، لەناو ئـاوێنەیەکدا، لە کـاتێکدا جـەلیل سـەیری دەکـرد چۆن نیگاکـانیـان بەسـەر شـووشـەکـەدا خلیـسکابوون و بەیەک گـەیشـتـبـوون، هـی ئەو جـیـاواز، هـی ئەم دەستەمۆ، ملکەچ، شەرمەندە.

شەرمەندە.

مـریەم ئێسـتا لەناو هەمـان ئەو چاوانەدا خۆی بینی کە تا ئێسـتا چ بێ ئەقڵێک بووە.

خێزانێکی ناپاک بووە؟ لە خۆی پرسی. خێزانێکی بێباک؟ خێزانێکی بێ شەرەف؟ شەرمەزارکەر؟ هەرچی و پەرچی؟ چ شتێکی بەزەرەر و زیانی کردووە بەرامبەر ئەم پیاوە بۆ ڕێگەدان بەبەدخوازی و ناحەزییەکانی، بەسووکایەتی پێکردنەکانی، ئەو حەزەی کە هەیبوو بۆ چەوساندنەوەی؟ چاودێریی نەکردبوو کاتێک نەخۆش بووبوو؟ خواردنی نەداوەتێ، بەخۆی و بەهاوڕێکانی؟ماڵەکەی وەک ئەرکی سەرشانی بۆ پاک نەکردووەتەوە؟

لاوێتیی خۆی نەدابوو بە ئەم پیاوە؟

هەرگیز بۆ تەنیا جارێک شایانی ئەم دڵڕەقی و بێبەزەییە بووە؟ قایشەکە شڵقەیەکی کرد کاتێک ڕەشید خستییە عەرزەکە و هات بۆی. هەندێک کار، ئەو تەپەیە وتی، دەکرا بەدەستی ڕووتی بکرایە.

بەڵام کاتێک خۆی دا بەسەر مریەمدا، مریەم بینی لەیلا لە دواوە شتێکی لە ئەرزەکە هەڵگرت. سەیری دەستەکانی لەیلای دەکرد بەرز دەبوونەوە، وەستان و پاشان نووشتانەوە بۆ خوارەوە بۆ ڕێکی دەموچاوی ڕەشید. شووشە ورد و خاش بوو پارچەکانی دابارین بۆ سەر زەوییەکە. خوێن بەدەست و مەچەکی لەیلاوە بوو، خوێن لە درزەکراوەکەی ڕوومەتی ڕەشیدەوە دەهاتە دەرەوە بەملیدا دەهاتە خوارەوە بۆ سەر کراسەکەی. ڕووی کرد بەودیودا و چاوی گڕاوی و ددانی لێک جیڕکراو.

هەردووکیان کەوتنە سەر زەوییەکە، لەیلا و ڕەشید، یەکیان دادەپڵۆسی. دواجار ڕەشید کەوتە سەرەوە، دەستەکانی لە دەوری ملی لەیلادا بوون.

مریەم بەڕەشیددا هەڵگەڕا. دەیکێشا بەسنگیدا و زۆر تێ دەکۆشا پەنجەکانی لە دەوری ملی لەیلا بکاتەوە بەڵام بێ سوود بوو، گازی لێ دەگرتن، بەڵام لە دەوری بۆڕی هەناسە لەیلا بەتوندی بەیەکەوە بەسترابوون، مریەم ئەوەی دەبینی کە ڕەشید مەبەستیەتی بەردەوام بێت.

مەبەستی بوو بیخنکینێ، هیچ شتێک نەبوو هیچ کامیان بتوانن بیکەن.

مریەم هاتە دواوە و ژوورەکەی بەجێ هێشت. ئاگای لە تەپەکە بوو لە قاتی سەرەوە دەهات، ئاگای لەوە بوو بەردەستی بچووک دەکێشرا بەدەرگە قفڵکراوەکەدا. ڕای کرد بۆ ناو داڵانەکە، هێرشی برد بۆ دەرگەکەی پێشەوە و ڕای

کرد بۆ ئەوبەری حەوشەکە.

لەناو حەسارەکەدا مریەم خاکەنازەکەی هەڵگرت. ڕەشید ئاگای لە گەڕانەوەکەی نەبوو بۆ ناو ژوورەکە. هێشتا بەسەر لەیلاوە بوو چاوی زەق و خوێناوی، دەستەکانی پێچرابوون لە دەوری ملی. ئێستا دەموچاوی لەیلا شین دەبووەوە و چاوەکانی دەخولانەوە. مریەم بینی کە چیی تر بێ دەسەڵات و نارەحەت نییە. دەیکوژێ، بیری کردەوە. زۆر بەڕاستییەتی. مریەم نەیدەتوانی، نەیدەکرد، ڕێگەی ڕوودانی بدا. لە ماوەی بیست و حەوت ساڵی هاوسەریدا زۆری لە مریەم گرتەوە. ئێستا تەماشای ناکات لە بەردەمیدا ژیانی لەیلاش کۆتا پێ بینێ.

مریەم پێیەکانی جێگیر کرد و چنگەکانی لە دەوری دەسکی خاکەنازەکە توند کرد. بەرزی کردەوە. ناوی ڕەشیدی هێنا. ویستی بیبینێ.

"ڕەشید."

سەری بەرز کردەوە.

مریەم وەشاندی.

کێشای بەسەر و لاجانگیدا. پێداکێشانەکە لە لەیلای کردەوە.

ڕەشید بەبەرەدەستی دەستی دا لەسەری. سەیری خوێنەکەی دەکرد بەسەر پەنجەکانیەوە پاشان سەیری مریەمی کرد. مریەم هەستی دەکرد دەموچاوی خاو دەبووەوە. هێنایە بەرچاوی کە شتێک لە نێوانیاندا تێ دەپەڕی، شتێک وەک چۆن لە ڕاستیدا هەندێک بیر و تێگەیشتنی کێشابێت بەناو سەریدا. لەوانە بێت ڕەشیدیش شتێک لە دەموچاویدا ببینێ، مریەم وای بیر دەکردەوە، شتێک کە وای لێ کردبێت خۆی لابدا. لەوانە بێت هەندێک ڕەگ و ڕیشەی هەموو ئەو ئینکارییەی بینیبێ، هەموو ئەو قوربانییە، هەموو ئەو ماندووبوونە بێ کەم و زیادەی بەسەریدا هاتووە لە ژیانیدا لەگەڵی لەو هەموو ساڵانەدا، ژیان لەگەڵ بەسووک سەیرکردن و توندوتیژییەکانیدا، خەتا لێ دۆزینەوە و دڵڕەقییەکانی. ئەوە ڕێز بوو لە چاوەکانیدا دەیبینی؟ پەشیمانی؟

بەڵام پاشان لێوی سەرەوەی لوول کرد بۆ سەرەوە بۆ گاڵتە پێکردنێکی قیناوی، وە مریەم بێ سوودی و هەتا بێباکی و تەواونەکردنی ئەمەی دەزانی، ئەگەر ڕێگەی بدا ئێستا بڕوا، ماوەی چەندێک پێش ئەوەی کلیلەکە لە گیرفانی دەربهێنێ و

بچێت بۆ دەمانچەکەی لە سەرەوە لەو ژوورەی زالمای تێدا بەند کردووە، مریەم لەوە دڵنیا بووبوو کە قایل دەبێت بەکوشتنی تەنیا مریەم خۆی کە دەرفەتێکی کەم هەبوو بۆ مانەوەی لەیلا و نەکوشتنی؟ لەوانە بوو خاکەنازەکە دابنێ. بەڵام لە چاوەکانی ڕەشیددا، مریەم کوشتنی هەردووکیانی دەبینی.

لەبەر ئەوە خاکەنازەکەی بەرز کردەوە، هەتا توانی بەرزی کردەوە نوشتاندییەوە هەتا کێشای بەنەرماییی پشتیملیدا. خولاندییەوە بۆ ئەوەی لا تیژەکەی ئاسۆیی بوەستێت، پاشان، کە خولاندییەوە و دڵنیا بوو لەوەی ئەوە یەکەم جار بوو خۆی بڕیار لەسەر ژیانی خۆی بدا.

هەروەها، لەگەڵ ئەوەدا، مریەم خاکەنازەکەی نزم کردەوە، ئەمجارە هەرچییەکی هەبوو لە ژیانیدا بەخشی.

## ٤٦

## لەیلا

لەیلا ئاگـای لەو دەمـوچاوە بـوو بەسـەریەوە، هـەمـوو ددان و تووتن و چاوە پڕ لە کارەساتەکانی. بەلێلی ئاگای لێ بوو، هەروەها لە مریەمیش، شێوەیەک لەودیو دەمـوچاوەکـەوە، لە دەسـتـەکـانـی کـە دەهـاتنە خـوارەوە لە سـەرووی هـەمـوویانەوە سـەقـفـەکـە بوو، سـەقـفـەکـە بـوو کـە لـەیلا لێی ڕامـابوو، هێمـای تۆخی خـاڵ و پەڵەی پێدا بڵاو بووبـووەوە وەک مـەرەکـەب لەسـەر عـەزیەک، درزە تۆخـەکـەی ناو گـەچەکـە پێکەنینێکی بەهێـز یان بزەیەک بـوو، کـەوتبـووە سـەر ئەوەی لە چ کـۆتاییـیـەکی ژوورەکەوە سەیرت دەکرد. لەیلا بیری لە هەموو ئەو کاتانە دەکردەوە کە پارچەیەک پەڕۆی دەبەست بەکلکی گسکێکەوە و هێلانە جاڵجاڵۆکەکانی بەسەقفەکەوە پاک دەکردەوە. ئەو سێ جارەی ئەو و مریەم تۆزێک بۆیەی سپییان لێ دابوو. درزەکە چیی تر زەردەخـەنەیەک نەبوو ئێستا، بەڵام تەماشایەکی پڕ لە بەدگومانی و گاڵتە پێکردن بوو. وەدوور دەکەوتەوە، سەقفەکە دەچووەوە یەک، هەڵدەگەڕایەوە و بەرز دەبووەوە لە لەیلاوە بەرەو ئەودیو تاریکییەکی تەمومژاوی، دەچووەوە یەک و بەقەد قەبارەی پولێکی پۆستی دەما لە چاوەکانی لەیلادا، سپی و گەش، هەموو شتەکانی دەوروبەری کـوژاندەوە و سـڕانەوە بەتاریکیـیـەکی تێکشکاو. لە تاریکیـیـەکـەدا دەموچاوی ڕەشید وەک پەڵەیەکی سەر خۆر وابوو.

ڕیزی بچـووکی وردە ڕووناکی لە بەرچاویدا وەک ئەستێرەی زیو دەپرژاند بەمـلا و لادا، شێوەی ئەندازەییی سەیروسەمەرە لەناو ڕووناکییەکەدا، شێوەی کرم، شتی شێـوە هێلکەیی، لـە سـەرەوە بۆ خـوارەوە دەجـووڵان و بەناو یەکدا دەتـوانەوە، تێک دەشکـان و شـێـوەی تایبـەتی شـتی تریان وەردەگـرت. پاشـان کـاڵ دەبوونەوە و هـەرەسیان بۆ ناو ڕەشێتی دەبرد.

دەنگەکان کپ دەکران بۆ دوور.

له پشتی پێڵوی چاوەکانیەوە دەموچاوی منداڵەکانی دادەگیرساند و کز دەبوونەوە. ئەزیزە وریا و بارقورس، بەئاگا و نهێنگر. زالمای، سەری بەرز دەکاتەوە و سەیری باوکی دەکا بەپەرۆشییەکی هەڵلەرزیوەوە.

بەم جۆرە کۆتایی دێت، پاشان لەیلا بەبیری داهات چ کۆتاییەکی قێزەون.

بەڵام دواتر تاریکییەکە دەستی کرد بەبەرزبوونەوە، هەستی کرد سەقفەکە بەهێواشی دەگەڕایەوە، دەکشایەوە، وە ئێستا لەیلا دەیتوانی دووبارە هەست بەدرزەکە بکا، لەگەڵ هەمان زەردەخەنەی تەڵخ و نامۆ.

ڕادەوەشێنرا لەلایەن کەسێکەوە. تۆ باشیت؟ وەڵامم بدەوە، تۆ باشیت؟ دەموچاوی مریەم خەت و ڕووشاویی تێدا هەڵکەنرابوو، بەدڵەڕاوکێ قورس بووبوو بەسەر لەیلاوە وەستابوو.

لەیلا هەوڵی هەناسەیەکی دا. ناو قورگی دەسووتاندەوە. هەوڵی هەناسەیەکی تری دا. ئەمجارە زیاتر دەکزایەوە، نەک تەنیا قورگی بگرە سنگیشی. ئینجا دەکۆکی و خیزەخیزی دەهات. هەناسەی توند دەبوو. بەڵام هەناسەی دەدا گوێ ساغەکەی دەزرنگایەوە.

یەکەم شت کە بینی کاتێک هەستا، ڕەشید بوو. لەسەر پشتی ڕاکشابوو، ڕامابوو لە هیچ بەدەربڕینێکی نەترووکاو و دەم داچەقاوەوە کەمێک کەفی پەمەیی باو لە دەمییەوە دڵۆپەی کردبوو بۆ سەر ڕوومەتی. پێشەوەی پانتۆڵەکەی تەڕ بوو. لەیلا ناوچەوانی بینی.

پاشان خاکەنازەکەی بینی.

ناڵەیەکی لێوە هات، بەترسناکی، بەئەستەم دەنگی دەردەهات و وتی "ئاخ، ئاخ مریەم."

لەیلا وردە وردە دەڕۆیشت نرکەی دەهات و دەستی دەکێشا بەیەکدا کاتێک مریەم لە نزیک ڕەشیدەوە دانیشتبوو، دەستی لە کۆشی خۆی نابوو، خاو، مریەم بۆ ماوەیەکی زۆر هیچی نەوت.

دەمی لەیلا وشک بوو زمانی لاڵ دەبوو لە قسەکردندا، مچوڕکەی پێدا دەهات و هەوڵی دەدا سەیری ڕەشید نەکا، سەیری دەلاقەکەی دەمی، چاوە کراوەکانی، ئەو خوێنەی خەست دەبووەوە لە نێوان ئێسقانی چەڵەمەیدا.

لە دەرەوە، ڕووناکییەکە کاڵ دەبووەوە و سێبەرەکان قووڵ دەبوونەوە، لەناو ئەم ڕووناکییەدا ڕووی مریەم لاواز و داچۆڕاو دیار بوو، بەڵام وا دەرنەدەکەوت خرۆشاو و ترساو بێت، تەنیا داڵغاوی و لە بیرکردنەوەدا بوو. هێندە لەسەرخۆ بوو کاتێک مێشێک بەسەر چەناگەیەوە نیشتەوە ئاگای لێ نەبوو. تەنیا لەوێدا دانیشتبوو لێوی شۆڕ کردبووەوە وەک چۆن کاتێک خەیاڵ و بیرکردنەوە داگیریان دەکرد.

لە کۆتاییدا، وتی" دانیشە، لەیلا گیان."

لەیلا بە گوێڕایەڵییەوە کردی.

"دەبێت لای ببەین. زاڵمای ناتوانێ ببینێ."

مریەم کلیلی ژووری نووستنەکەی دەرهێنا لە گیرفانی ڕەشید پێش ئەوەی لە چەرچەفێکیبەوە بپێچن. لەیلا قاچەکانی هەڵگرت، پشتی ئەژنۆکانی، مریەم ژێر باڵەکانی گرت. هەوڵیان دا بەرزی بکەنەوە، بەڵام زۆر قورس بوو، لە کۆتاییدا ڕایان کێشا. کاتێک بەناو دەرگەکەی پێشەوەدا دەیانبرد بەرەو حەوشەکە، قاچی ڕەشید لە چوارچێوەی دەرگەکە گیرا، قاچی بۆ لاوە نووشتایەوە. دەبوو بڕۆنە دواوە و دووبارە ڕای کێشنەوە، پاشان شتێک لە سەرەوە تەپەی هات و قاچی لەیلا پەکی کەوت، لەیلا ڕەشیدی دانا. لە پڕ کەوتە سەر ئەرزەکە، دەگریا و هەموو گیانی دەلەرزی، مریەم دەبوو بەسەریەوە ڕابوەستێت، هەردوو دەستی لەسەر لاکەلەکەی پێی بلێت ورە بداتەوە بەر خۆی و تازە ئەوەی ڕوویداوە، ڕووی داوە.

دوای ساتێک لەیلا هەستا و دەموچاوی سڕی، ڕەشیدیان بەبێ ڕووداوی زیاتر گەیاندە حەوشەکە. بردیان بۆ ناو حەسارەکە لە پشت مێزێکی دارتاشییەوە بەجێیان هێشت، کە مشارەکەی و هەندێک بزمار و ئەسکەنەیەک و چەکوشێک لەگەڵ پارچە تەختەیەکی لوولەیی کە ڕەشید ویستبووی بیتاشێ و شتێکی بۆ زاڵمای لی دروست بکا، لەسەر بوو، بەڵام هەرگیز نەهاتبوو بەلایدا.

پاشان گەڕانەوە بۆ ژوورەوە. مریەم دەستی شۆرد، هێنای بەناو قژیدا، هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشا و دایەوە دەرەوە" بابێم بەلای برینەکانی تۆوە، لەتوپەتیت لەیلا گیان."

مریەم وتی کە پێویستی بەشەوێکە بۆ بیرکردنەوە لە شتەکان. بۆ ئەوەی

بیرەکانی یەکالا بکا و پلانێک پێک بهێنێ.

وتی "ڕێگەیەک هەیە دەبێت بیدۆزمەوە."

لەیلا بەدەنگێکی شکاو و نووساوەوە وتی "دەبێت بڕۆین! ناتوانین لێرە بمێنینەوە." لە پڕ بیری لەو دەنگە کردەوە کە خاکەنازەکە دروستی کرد کاتێک درا بەسەری ڕەشیددا، جەستەی لە پڕدا چوو بەرەو پێشەوە. ڕق و تووڕەیی هاتنە ناو سنگییەوە.

مریەم بەئارامی چاوەڕێی کرد تاکو لەیلا باشتر بووەوە، پاشان لەیلای پاڵ خست، پێی وت خەمت نەبێت هەموو شتێک باش دەبێت. وتی دەبێت بڕۆین، ئەو، لەیلا و منداڵەکان، هەروەها تاریق. ئەم ماڵە بەجێ دەهێڵن لەگەڵ ئەم شارە دڵمردووەدا. ئەم وڵاتە نائومێدە هەموو بەیەکەوە بەجێ دەهێڵن، مریەم وتی، دەستی دەهێنا بەقژی لەیلادا، وە دەچن بۆ شوێنێکی سەلامەت و جیاکراوە کە هیچ کەس نەیاندۆزێتەوە، شوێنێک کە دەست لە ڕابوردویان هەڵبگرن و پەناگەی تێدا بدۆزنەوە.

وتی "شوێنێک درەختی لێ بێت، بەڵێ، دنیایەک درەخت."

لەناو خانوویەکی بچووک لە قەراخی شارۆکەیەکدا دەژین کە هەرگیز نەبیسترابێت، مریەم دەیوت یان لەناو لادێیەکی جیاکراوەدا کە ڕێگەیەکی باریک و خۆڵاویی هەبێت و ئەملا و لای بەهەموو جۆرە ڕووەکێک تەنرابێت. لەوانەیە لەوێ ڕێگەیەک هەبێت بۆ بەردەوامبوون، ڕێچکەیەک کە پشڕەوی کێڵگەیەک لە گیا بێت کە منداڵەکان بتوانن یاریی تێدا بکەن، یان ڕێگەیەکی چەورپێژکراو کە بچێتە سەر دەریایەکی ڕووت و شین کە ماسی مەلەی تێدا بکەن و زەل و قامیش بکەون بەسەر ڕووەکەیدا. مەڕ و مریشک بەخێو دەکەن، بەیەکەوە نان دروست دەکەن و منداڵەکان فێری خوێندنەوە دەکەن. ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان دروست دەکەن، ژیانێکی بێدەنگ و دوورەدەست، لەوێ کێش و قورساییی هەموو ئەوانەی بەرگەیان گرتووە لێیان هەڵدێت وە شایەنی هەموو دڵخۆشی و گوزەرانێکی سادە دەبن کە دەیدۆزنەوە.

لەیلا بەئاسوودەگەیێنییەوە دەیبۆڵاند. نێوەندێک دەبێت پڕ لە سەختی، بەڵام بەجۆرێکی دڵخۆشکەر، ئەو سەختییانەی بەهۆیەوە دەبێتە خاوەنی شانازی،

خاوەنبوون، بەها، وەک کەسێک بەمیراتی لە خێزانەکەیەوە بۆی مابێتەوە. دەنگە نەرمە دایکانەکەی مریەم بەردەوام بوو دەیبرد بۆ پلە بڵندەکانی ئارامی. ڕێگەیەک هەیە، مریەم دەیوت، بەیانی مریەم پێی دەڵێت چی پێویستی بەکردنە و ئەنجامی دەدەن، لەوانەیە سبەینێ ئەم کاتە لە ڕێگەکەیان بن بۆ ئەم ژیانە نوێیە. ژیانێکی دەوڵەمەند بە ڕێتێچوون و خۆشی و سەختی، لەیلا خۆشحاڵ دەبوو کە مریەم بەرپرسە، بیری لەمە دەکردەوە بۆ هەردووکیان، لە کاتێکدا دەروونی خۆی لە خۆیدا هیلاک و تێکەڵ و بەسەریەکدا دراوە.

مریەم هەستایە سەرپێ "دەبێت ئێستا بچیت بەلای کوڕەکەتەوە." لەسەر ڕووی مریەم پڕ هێرشترین دەربڕین هەبوو کەلەیلا تا ئێستا لەسەر دەموچاوی مرۆڤێک بینیبێتی.

لەیلا لەناو تاریکییەکەدا زالمای دۆزییەوە، لەناو چەرچەفەکەدا لەلاکەی ڕەشیدەوە خۆی کوشمەلە کردبوو، لەیلا خۆی خزاندە ژێر چەرچەفەکەوە لە تەنیشتییەوە و بەتانییەکەی دا بەسەر خۆیاندا.

"خەوتوویت؟ "

بەبێ ڕوو تێکردنی وتی" هێشتا ناتوانم بخەوم، بابە گیان دوعای گورگانەشەوێکانی لەگەڵ نەخوێندووم."

"من بتوانم لەگەڵت بخوێنم ئەمشەو؟"

"تۆ ناتوانیت وەک ئەو بیانخوێنیت."

شانە بچووکەکانی گوشی و ماچێکی پشتی ملی کرد "دەتوانم هەوڵ بدەم."

"بابە گیان لە کوێیە؟"

"بابە گیان ڕۆیشتووە." لەیلا دووبارە قوڕگی قەپات دەبووەوە.

بەو شێوەیە بوو، دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار کە قسەی کرد قسەکەی درۆ بوو، چەند جاری تر ئەم درۆیە دەبێت بکرێتەوە؟ لەیلا بەمەراقەوە بیری لێ دەکردەوە. دەبێت چەند جاری تر زالمای هەڵبخەڵەتێنرێ. زالمای دەهێنایە بەرچاوی خۆی کە بەکەیف و گەشکەوە بەرەو ڕووی ڕەشید ڕای دەکرد کاتێک دەهاتەوە ماڵەوە، وە ڕەشید ئەنیشکی دەگرت و بەو ناوەدا دەیخولاندەوە هەتا قاچەکانی زالمای بۆ دەرەوە ڕێک دەبوونەوە، هەردووکیان دەستیان دەکرد بەپێکەنین کاتێک زالمای وەک

سەرخۆش بەو ناوەدا دەستی دەکرد بەلارەلار. بیری لە گەمە نارێک و پڕ لە دەنگەدەنگەکانیانی دەکردەوە، لەگەڵ پێکەنینە پڕ جۆش و ڕوانینە پڕ نهێنییەکانیان.

پەردەیەکی شەرم و خەفەت بۆ کوڕەکەی کەوت بەسەر لەیلادا.

"چوو بۆ کوێ؟"

"نازانم خۆشەویستم."

"کەی دەگەڕێتەوە؟ بابە گیان دیاری لەگەڵ خۆی دەهێنێ کاتێک گەڕایەوە؟"

لەگەڵ زالمای دوعاکانیان خوێند. بیست و یەک بیسمیلاهی ڕەحمانی ڕەحیم یەک جار بۆ هەرسێ جومگەکەی حەوت پەنجە. لەیلا تەماشای دەکرد زالمای دەستی کۆ کردووەتەوە لەسەر دەموچاوی و فووی لێ دەکا. پاشان پشتی هەردوو دەستی خستە سەر ناوچەوانی، جووڵەیەکی بۆ بڵاوکردنەوەی فووەکەی بەدەستەکانی کرد و چرپاندی گورگانەشەوێ، بڕۆ نەیەیت بۆ زالمای ئەو کاری بەتۆ نییە. گورگانەشەوێ بڕۆ.

پاشان بۆ تەواوکردنی سێ جار وتیان ئەڵڵاهو ئەکبەر. دواتر ئەو شەوە زۆر درەنگتر لەیلا بەدەنگێکی خەفەکراو سەری سوڕ دەما: بابە گیان ڕۆیشت لەبەر من لەبەرئەوەی کە وتم لەبارەی تۆ و پیاوەکەی خوارەوە؟

لەیلا خۆی لێ نزیک کردەوە بۆ دڵنیاکردنەوەی بۆ ئەوەی بڵێت هیچ پێوەندییەکی بەتۆوە نەبوو زالمای نا، هیچ شتێک خەتای تۆ نییە. بەڵام خەوی لێ کەوتبوو سنگە بچووکەکەی هەڵدەهات و نقووم دەبووەوە.

کاتێک لەیلا چوو بۆ ناو جێگە، دەروونی بەتاریکی هەڵبەسترابوون، بێ توانا بوو لە بیرکردنەوەیەکی ڕۆشن و ڕەوان. بەڵام کاتێک خەبەری بووەوە لە بانگی بەیانی، بەشێکی زۆری ئەو لێڵییە ڕۆیشتبوو.

هەستا و بۆ ماوەیەک سەیری زالمای کرد بەخەوتوویی نەرمایی دەستی لەژێر چەناگەیدا بوو. لەیلا مەریەمی هێنایە بەرچاوی لە نیوەی شەودا هاتووە بۆ ژوورەکەیان و کاتێک ئەو و زالمای خەوتوون، سەیری کردوون و لە مێشکی خۆیدا پلانی داڕشتووە.

لەیلا لە جێگە هاتە دەرەوە. هێزی زۆری دەویست بۆ ئەوەی هەستێتە سەرپێ.

هەموو گیانی ئازاری دەهات، ملی، شانەکانی، پشتی، قۆڵی، ڕانی شوخت و چاڵی و برین بوون بەئاوزونگەی قایشەکەی ڕەشید. دەسڵەمییەوە و بەبێدەنگی ژوورەکەی بەجێ دەهێشت.

ژوورەکەی مریەم، ڕووناکییەکە سێبەرێکی تاریکتر بوو لە ڕەساسی، ئەو جۆرە ڕووناکییەی هەمیشە لەیلا پشتی پێ دەبەست لە کاتی قووقەی کەڵەشێر و خزانی ئاونگ لەسەر چڵی گیاکان. مریەم لە سووچێکدا دانیشتبوو، لەسەر بەرماڵێک کە ڕووی لە پەنجەرەکە بوو. بەهێواشی لەیلا خۆی نزم کردەوە بۆ ئەرزەکە، بەرامبەری دانیشت.

مریەم وتی "وا باشە ئەم بەیانییە بڕۆیت و سەردانی ئەزیزە بکەیت."

"دەزانم مەبەستتە چی بکەیت."

"بە پێ مەڕۆ. بەپاس بچۆ، تا لە ناویاندا تێکەڵ ببیت. تاکسی زۆر گوماناوییە، بەدڵنیاییەوە بەتەنیا بتبینن دەتوەستێنن."

"بەڵێنی چیت دا دوێنێ شەو...؟"

لەیلا نەیتوانی تەواوی بکا. درەختەکان، دەریاچەکە، لادێ بێ ناوەکە. بڕوایەکی هەڵە، لەیلا دەیبینی. درۆیەکی قەشەنگ کە دەبوو بیهێنێتەوە سەرخۆ، وەک خوێندنی کوکوختییەک بۆ منداڵێکی دڵتەنگ.

مریەم وتی "مەبەستم بوو، مەبەستم بوو بۆ تۆ لەیلا گیان."

لەیلا ناڵاندی "هیچم ناوێ بەبێ تۆ."

مریەم بەبێ هێزی زەردەخەنەیەکی کرد.

"دەمەوێ بەو جۆرە بێت کە تۆ وتت، مریەم، هەموومان بەیەکەوە بڕۆین، تۆ، من، منداڵەکان. تاریق جێگەیەکی هەیە لە پاکستان. دەتوانین لەوێ بۆ ماوەیەک خۆمان بشارینەوە، چاوەڕێی شتەکان بکەین کەمێک هێواش ببنەوە..."

مریەم بەئارامییەوە، وەک دایکێک بەمنداڵێکی بەنرخ بەلام بەهەڵەدا چوو بڵێت وتی. "ئەوە ڕێی تێ ناچێت."

یەکە بەیەکەی وشەکان لەیلایان دەخنکاند و چاویان پڕ دەکرد لە فرمێسک "ئاگامان لە یەکتر دەبێت، وەکو خۆت وتت. نا. من ئاگام لێت دەبێت هەتا دنیا

دەگۆڕێ."

"ئاه، لەیلا گیان."

لەیلا وەک شێت بەردەوام بوو لە قسەی تێکەڵاو و وشەکان زمانیان لاڵ دەکرد. سەوداکاری دەکرد و بەڵێنی دەدا، هەموو پاککردنەوەکان ئەو دەیکات لەگەڵ هەموو چێشت لێنانەکان، دەیوت "تۆ پێویست ناکا هەرگیز جارێکی تر هیچ بکەیت. تۆ پشوو بدە، بخەوە باخێک بچێنە. هەرچییەک کە دەتەوێ پێم بڵێ من ئامادەی دەکەم بۆت. ئەمە مەکە مریەم. بەجێم مەهێڵە. دڵی ئەزیزە مەشکێنە."

مریەم وتی" لەسەر دزینی نانێک دەستێک لە مەچەکدا دەبڕدرێتەوە. لەو باوەڕەدایت چی دەکەن کاتێک مێردێکی مردوو دەدۆزنەوە لەگەڵ دوو ژنی زیندوودا؟"

لەیلا هەناسەی دا "کەس نازانێ، کەس نامانددۆزێتەوە."

دەنگی مریەم نزم بوو، بەئاگەدارییەوە، بەشێوەیەک بەڵێنەکانی لەیلا شتێکی نایاب و سەرسوڕهێنەر دەردەکەوتن، لە هەمان کاتدا بێ مانا و بەدەنگێکی زۆر بەرز.

"مریەم، تکایە..."

"کە دۆزیانینەوە تۆش بەقەد من تاوانبار دادەنێن. تاریقیش. نامەوێ ئێوە بەوجۆرە لە دڵەڕاوکێ و ڕاکەڕاکەدا بژین وەک کەسانی ڕاکردوو قاچاخ چی بەسەر منداڵەکانتدا دێت کە گیرایت؟"

چاوەکانی لەیلا لێواولێو بوون و دەکزانەوە.

"کێ ئاگای لێیان دەبێت ئەو کاتە؟ تاڵیبان؟ وەک دایکێک بیر بکەوە لەیلا گیان وەک دایکێک."

"ناتوانم"

"دەبێت بتوانیت."

لەیلا نرکاندی "ئەمە گونجاو نییە."

"بەڵام گونجاوە. وەرە ئێرە. وەرە لێرەدا ڕاکشێ."

لەیلا بەگاگۆڵکێ چوو بۆ لای و دووبارە سەری خستە سەر ڕانی مریەم. هەموو

ئەو دوانیـوەڕوانـەی بیـر هاتەوەکـە بەیەکـەوە بەسـەریان بردبوو، قـژی یەکـیـان دەهۆنیـیـەوە، مـریەم بەهێـواشی گـوێی دەگرت بـۆ بیروبۆچوونە ڕێککەوتەکـانی و چیرۆکە هەرەمـەکییـەکانی، بەهەسـتێکی سوپاسگوزارییـەوە. لەگـەڵ دەربڕینی کەسێک بەحەزێکی پڕ لە مافی تایبەتی پێدانەوە کە تا دەهات پەرەی دەسەند.

مـریەم وتی "گونجـاوە. من مێـردەکەمـانم کوشـتـووە. کوڕەکـەتم دابڕاندووە لە باوکی، دروست نییـە ڕابکەم. ناتوانم، هەتا ئەگەر هەرگیز نەمانگرن، من ئیتر..." لێوەکانی هەڵدەلەرزین "من هەرگیز ئەو خەمەی کوڕەکەت کۆتای پێ ناهێنم. چۆن سەیری بکەم؟ چۆن هەرگیز جارێکی تر توانای ئەوە بدەمە بەرخۆم سەیری بکەم؟ لەیلا گیان."

مریەم تاڵێکی قژی لەیلای گرت و دەیخولاندەوە، لوولییەکەی ڕێک دەکردەوە.

"بۆ من، لێرەدا کۆتایی دێت. هیچ شـتێکیتـر نییـە بمەوێت. هەمـوو ئەوەی من خۆزگەم پێ دەخواست ئەو کچە بچووکە بوو وە تۆ پێت بدام. تۆ و منداڵەکانت زۆر دڵخۆشتان کردووم. قەیناکە، لەیلا گیان قەیناکە. خەم مەخۆ."

لەیلا نەیدەتـوانی وەڵامێکی شیـاوی هیچ لەو قسـانە بداتەوە کـە مریەم دەیکرد، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەپچڕپچڕ لە شێوەی منداڵێکدا لە باسێکەوە بۆ باسێکی تر بازی دەدا، لەبارەی درەختـی میـوە و ئەو ڕووەک و مریشکانـەی چاوەڕێ بوون پێ بگەیەنرێن. بەردەوام بوو لەبارەی خـانووی بچـووک لەناو شـارۆکەیەکی بێ ناودا، پیاسەکردن بۆ دەریاچە پڕ لە ماسییـەکان، لە کۆتاییدا کە وشەکان وشک هاتن، فرمێسکەکان بەپێچەوانەوە. هەموو ئەوەی لەیلا دەیتوانی بیکا خۆبەدەستەوەدان و مەراقخـواردن بوو وەک منداڵێک سەری لێ شێوابێت لەلایەن لۆجیکی گەورەیەکەوە کە بەرپەرچی نادرێتەوە، تەنیا توانی خۆی ڕاکێشێتە سەرەوە و دەموچاوی بۆ یەک تەنیا جاری دواین جار لەناو گەرمییە پڕ سۆزەکەی باوەشی مریەمدا بنێژێ.

ئەو بەیانییـە دواتر، مریەم پاکەتێک نان و هەنجیری وشکی بۆ زاڵمای پێچایەوە. بۆ ئەزیزەش هەندێک هەنجیری پێچایەوە لەگەڵ یەک دوو پسکیتی شێوە گیاندار، هەمووی خستە ناو زەرفێکی کاغەزەوە و دای بەلەیلا.

مریەم وتی " ئەزیزەم بۆ ماچ بکە، پێی بڵێ نووری چاوەکانمە و سوڵتانەکەی ناو دڵمە. دەتوانیت ئەوەم بۆ بکەیت؟"

لەیلا سەری لەقاند و لێوەکانی لێک توند بووبوون.

"بەپاس برۆ وەک وتم، وە سەرت داخە."

"کەی دەتبینم مریەم؟ دەمەوێ بتبینم پێش ئەوەی شایەتییەکە بدەم. من پێیان دەڵێم چۆن ڕووی دا. ئەوە ڕوون دەکەمەوە کە خەتای تۆ نەبووە. تۆ تەنیا دەبوو بتکردایە. تێ دەگەن، مریەم تێ دەگەن."

مریەم نیگایەکی نەرمی دا بەلەیلا.

بەتاسەوە سەری داخست بۆ بینینی زالمای. بلوزێکی سوور و پانتۆڵێکی خاکی، جووتێک بووتی بەکارهاتووی لە پێدا بوو کە ڕەشید لە ماندای بۆی کڕیبوو. تۆپە باسکە تازەکەی بەهەردوو دەستی گرتبوو مریەم ماچێکی لە ڕوومەتیدا چاند.

مریەم وتی "کوڕێکی باش و بەهێز بە، بەجوانی لەگەڵ دایکت ڕەفتار بکە." مریەم هەردوو دەستی گرت بەدەموچاوی خۆیەوە. زالمای چووە دواوە بەڵام مریەم نەیهێشت" زۆر داوای لێبووردن دەکەم زالمای گیان باوەڕم پێ بکە زۆر زۆر دڵ و دەروون پڕ لە خەمم بۆ ئەو هەموو بێ تاقەتی و خەفەتەی هەتە."

لەیلا دەستی زالمای گرت کە بەیەکەوە بەڕێگەکەدا ڕۆیشتنە خوارەوە. پێش ئەوەی لە سووچەکە پێچ بکەنەوە لەیلا ئاوڕی دایەوە و مریەمی لەناو دەرگەکەدا بینی، سەرپۆشێکی سپیی بەسەرەوە بوو، بلوزێکی شینی تۆخ لە پێشەوە قۆپچەکانی داخرا بوون و پانتۆڵێکی کەتانی سپیی لە بەردا بوو. چەندان تیشکی خۆر بەسەر دەموچاوی و شانیدا دەهاتن و دەچوون. مریەم بەڕووخۆشییەوە دەستی بەرز کردەوە.

لە سووچەکە پێچیان کردەوە و ئیتر لەیلا هەرگیز مریەمی نەبینییەوە.

مریەم

دوای ئەم هەموو ساڵانە، لەوە دەچوو گەڕابێتەوە بۆ کوخەکە.

گرتیگەی وەلایاتی ژنان بینایەکی وشک و دێز و چوارگۆشە بوو لە شاری نوێ، نزیک شەقامی مریشک. لە ناوەڕاستی جێگەیەکی ئاڵۆز و تێکەڵاودا بوو کە جێگەی بەندکراوە نێرینەکان بوو. دەرگەیەکی قفڵکراو مریەم و ژنەکانی تری لە پیاوەکانی تر جیا دەکردەوە. مریەم چوار بەشی کار پێکراوی ژمارد. ژووری نیوە دروستکراو بوون بەدیواری بەرگ لێ بووەوەی پیس و پەنجەرەی بچووک کە بەسەر حەوشەی دادگەکەدا دەیڕوانی. پەنجەرەکان ڕووت بوون سەرەڕای ئەوەی دەرگەی سەر خانەکان قفڵ نەکرابوون ژنەکان ئازاد بوون بێن و بچن بۆ حەوشەکە چونکە پێیان خۆش بوو. پەنجەرەکان شووشەیان پێوە نەبوو. هەروەها پەردەش، مانای ئەوە بوو چاودێرە تاڵیبەکان کە لە دەرەوە دەهاتن و دەچوون تەواو چاویان لە ناوەوە دەبوو. هەندێک لە ژنەکان گلەییی ئەوەیان دەکرد کە چاودێرەکان لە دەرەوەی پەنجەرەکە جگەرە دەکێشن و بەنیازی پیس و ناپەسندەوە سەر دەهێننە ژوورەوە بەچاوە پڕ لە ئاگرەکانیان و زەردەخەنە شێوە گورگانەکەیان، گاڵتە و نوکتەی بێ ئابڕوو لەبارەی ئەوانەوە بۆ یەکتر دەکرد. لەبەر ئەمە، زۆربەی ژنەکان بەدرێژاییی ڕۆژ بورقەیان لەبەر دەکرد تەنیا دوای خۆر ئاوابوون لایاندەبرد دوای ئەوەی دەرگە و پەنجەرە قفڵ دەکران و چاودێرەکانیان دەچوون بۆ وێستگەی پشووەکانیان.

لە شەودا ئەو خانەیەی مریەم لەگەڵ پێنج ژن و چوار منداڵی تردا هاوبەشی دەکرد، تاریک بوو. لەو شەوانەدا کە کارەبا هەبوو، نەغمەیان بەرز دەکردەوە، کە کچێکی بچووکی سنگ تەخت بوو بەقژێکی وشک و ڕەشەوە، بۆ سەقفەکە لەوێ وایەرێکی لێ بوو ڕاکێشرابووە دەرەوە نەغمە وایەرەیەکەی لە بنی گڵۆپێکی

زەردەوە دەپێچا و ژوورەکەیان ڕووناک دەکردەوە. توالێتەکان بەقەد کەنتۆڕێک دەبوون، ئەرزە چیمەنتۆکە درزی بردبوو، لە زەوییەکەدا کونێکی لاکێشەیی بچووکی تێدا بوو لەژێرەوە کۆمەڵێک پیسایی تێدا بوو کە مێش و مەگەز لە دەرەوە و ناوەوەیدا گیزەگیزیان بوو.

لە ناوەڕاستی گرتیگەکەدا، حەوشەیەکی سەرکراوەی لاکێشەیی هەبوو لە ناوەڕاستی ئەوەدا بیرێک هەبوو لە دەوری بیرەکە ئاوەڕۆ نەبوو، حەوشەکە زۆرجار دەبووە زەلکاوێکی بۆگەن و ئاوی بیرەکەش بۆگەنی دەکرد. تەنافی جلەکان پڕ کرابوونەوە بەگۆرەوی و دایپی بەدەست شۆراو. وە لەناو حەوشەکەدا بەریەک دەکەوتن لە کاتی ڕەشەبادا. هەر لەم حەوشەیەدا بەندکراوەکان سەردانکەرانیان دەبینی و ئەو برنجەی خێزانەکانیان بۆیان دەهێنان لێیان دەنا. گرتیگەکە خواردنی نەدەدا. هەروەها مەیدانی گەمەی منداڵانیش بوو، حەوشەکە. مریەم ئەوەی دەزانی کە زۆر لەو منداڵانە لە وەلایات لەدایک بوون، هەرگیز جیهانەکەی ئەودیو دیوارەکانیان نەبینیوە. مریەم سەیری دەکردن بەدوای یەکدا ڕایان دەکرد سەیری پێیە پەتییەکانیانی دەکرد کە لە قوڕەکاندا هەڵکشابوون، بەدرێژاییی ڕۆژ ڕایان دەکرد و یاریی پڕ لە جموجۆڵیان دەکرد، بێ ئاگا لە بۆندڕی ئەو پیسایی و میزەی هەموو وەلایات و جەستەی خۆیانی داگیر کردبوو، بێ خەیاڵ لەو چاودێرە تاڵیبانەی لەوێدا تەماشایان دەکردن هەتا ئەو کاتەی یەکێکیان شەقەی لێ هەڵدەستاندن.

مریەم میوانی نەبوو. ئەوە تەنیا و یەکەم شت بوو کە لە تاڵیبە ڕەسمییەکانی ئێرەی پرسیبوو. میوان نییە.

هیچ کام لە ژنەکان لە ژوورەکەی مریەمدا لەسەر توندوتیژی بەند نەکرابوو. هەموویان لەسەر هەمان تاوانی باوی ڕاکردن لە ماڵەوە لێرە بوون. وەک ئەنجامێک مریەم هەندێک بەدناویی بۆ دروست بوو لەناویاندا، بوو بەکەسێکی دیار. ژنەکان چاویان دەبڕییە مریەم بەدەربڕینێکی پڕ ڕێز و سام لێ نیشتنەوە بەتانییەکانی خۆیان پێشکێش دەکرد. ململانێی هاوبەشیکردنی خواردنەکەیان لەگەڵ مریەمدا لەناودا دروست بووبوو.

بەپەرۆشترینیان نەغمە بوو، هەردەم ئەنیشکی مریەمی دەگرت و دوای دەکەوت

بۆ هەر شوێنێک برۆیشتایە. نەغمە لەو جۆرە کەسانە بوو کە زۆر خۆشحاڵ دەبوو بەبڵاوکردنەوەی چیرۆکی بەدبەختیی خۆی یان هی کەسانی تر. وتی باوکی بەڵێنی داوە بیدات بەبەرگدروویەک کە سی ساڵ لە خۆی گەورەترە.

نەغمە لەبارەی بەرگدرووەکە دەیوت "بۆنی گووی لێ دێت، ددانەکانی لە پەنجەکانی کەمترن."

هەوڵی دابوو بچێ بۆ گاردێز دوای پیاوێکی گەنج بکەوێ کە خۆشی ویستووە، کوڕی مەلایەکی ناوچەکە بووە. کاتێک کە گیراون و گەڕێنراونەتەوە زۆر نزیک بوون لە چوونە دەرەوەیان لە سنووری کابول، پێش ئەوەی کوڕی مەلاکە دارکاری بکرێ و تۆبە بکا وتبووی نەغمە بەنوشتە و ڕوخسارە مێینەکەی هەڵی فریواندووە. وتبووی نوشتەی لێ کردووم، بەڵێنی داوە خۆی پاک بکاتەوە بەخوێندنەوەی قورئان. کوڕی مەلاکە ئازاد کرابوو، سزاکەی نەغمەیش سێ ساڵ زیندانیکردن بوو.

بگرە لێرە و مانەوەی لە زینداندا باشتر بوو، باوکی سوێندی خواردووە ئەو ڕۆژەی کە دێتە دەرەوە چەقۆیەک بکا بەقوڕگیدا.

بەگوێگرتن لە نەغمە، مریەم بیری ئەو تروسکاییە تەڵخەی ئەستێرە ساردەکان و ئەو هەورە ڕیشاڵ ڕیشاڵە پەمەییانەی کە بەخێرایی بەسەر کێوەکانی سەفیدکودا دەڕۆیشتن لە بەیانییەکی لەمێژەدا کەوتەوە، کاتێک نانا وتی وەک چۆن دەرزیی قیبلەنما هەموو کاتێک ڕووی لە باکورە، پەنجەڕاکێشانی پیاو بۆ تۆمەتبارکردنی ئافرەت هەموو کات ئامادەیە، هەمیشە. ئەمە لە بیر نەکەیت مریەم.

دادگەییەکەی مریەم هەفتەی پێشوو جێبەجێ کرابوو. هیچ ئەنجومەنێکی یاسایی لێ نەبووبوو، لێکۆڵینەوە و قسە لەسەر کردن نەبووبوو، داوای شایەتییان نەکردبوو بۆ دەستکەوتنی بەڵگەی زیاتر، هیچ پێداچوونەوەیەکی تێدا نەبووبوو. مریەم خۆی ئەوەی ڕەت کردووەتەوە شایەتی هەبێت. هەمووی پازدە خولەکی خایاند.

دادوەرەکەی ناوەڕاست، تاڵیبێکی ناسک و لاواز بوو، سەرۆکی دادگەکە بوو. بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕووتەڵە و پووکاوە بوو، پێستێکی زەرد و ڕیشێکی لوولی زەردی هەبوو. چاویلکەیەکی زەرەبینی لە چاودا بوو بەشێوەیەک چاوەکانی

گەورە كردبوو بەڕوونی دەردەكەوت سپێنەكەی چاوی چەند زەردە. ملی زۆر لەوە باریكتر بوو كە بتوانێ سەر و پێچە ئاڵۆزاوەكەی سەری هەڵبگرێ.

بەدەنگێكی ماندووەوە پرسی "تۆ پێ لەمە دەنێیت، خوشكم؟"

مریەم وتی "بەڵێ."

پیاوەكە سەری لەقاند. یان لەوە دەچوو وا نەبێت. ئاسان نەبوو دڵنیا بیت، لەرزینێكی ئاشكرا لە دەستەكانی و سەریدا هەبوون لەرزۆكییەكەی مەلا فەیزوڵای بیری مریەم دەهێنایەوە. كاتێك قومی لە چاكەی دەدا، نەدەگەیشتە كوپەكەی دەستی بۆ پیاوە چوارشانەكەی لای چەپی ڕادەكێشا، ئەویش بە ڕێزەوە دەیهێنا بۆ دەمی. دواتر، تاڵیبەكە بەنەرمی چاوەكانی داخست، جووڵەیەكی بێدەنگ و پڕ سوپاسگوزاری كرد.

مریەم جۆرێك لە دڵدانەوەی لە ڕوخساری دادوەرەكەدا بینی. كاتێك قسەی دەكرد نیشانەی فێڵبازی و پاداشتدانەوەی پێوە دیاربوو. زەردەخەنەیەكی هێواشی هەبوو. بەڕق لێبوونەوەوە سەیری مریەمی نەدەكرد. بەتاوانباركردنەوە قسەی بۆ نەدەكرد بەڵام بەتۆنێكی نەرم و پڕ لە لێبووردەییەوە.

تاڵیبە دەموچاو باریكەكە بەدادوەرەكەی لای ڕاستی وت، ئەو یەكە نا كەچاكەی دەدایە، وتی" تەواو لەو قسەیە تێ دەگەیت كە دەیڵێیت؟" ئەم لە هەرسێكیان گەنجتر بوو. بەخێرایی و لووتبەرزی و باوەڕ بەخۆبوونەوە قسەی دەكرد، لەوە بێزار بوو كە مریەم نەیدەتوانی بەپەشتوو قسە بكا، بەشەڕەنگێزی هێرشی كردە سەر مریەم وەك پیاوێكی شەڕانی دەسەڵاتی خۆی بەدڵ بێت و وا بزانێت مافی بنچینەییی ئەو بوو كە فەرمان بدا.

مریەم وتی "تێ دەگەم."

تاڵیبەكە وتی "بیر دەكەمەوە كە خوا ئێمەی بەجیاوازی دروست كردووە، ئێوەی ژنان و ئێمەی پیاوان، مێشكی ئێمە جیایە لە هی ئێوە، ئێوە توانای ئەوەتان نییە وەك ئێمە بیر بكەنەوە. پزیشكە ڕۆئاواییەكان بەڵگەی ئەوەیان هەیە و سەلماندوویانە لەبەرئەوەیە تەنیا داوای یەك نێرینە دەكەین بۆ شایەتیدان، بەڵام دوو مێینە."

مریەم وتی" پێ لەوە دەنێم كە كردوومە، براكەم. بەڵام ئەگەر نەمكردایە ئەو

دەیکوشت، دەیخنکاند"

"کەواتە تۆ وا دەڵێیت. بەڵام هێشتا ژنان سوێند بۆ هەموو شتێک دەخۆن لە هەموو کاتێکدا."

"ئەوەڕاستییەکەیە."

"شایەتت هەیە؟ جگە لە هەوێکەت؟"

مریەم وتی "نیمە."

دەستەکانی کردەوە و بەگاڵتەپێکردنەوە پێ کەنی "ئاها.. کەواتە."

تاڵیبە نەخۆشەکە بەوریاییەوە سەری لەقاند بۆ پیاوە چوارشانەکە کە قومێکی تر لەو چایەی کە بۆی هاتبوو بداتێ، دەمی بەپشتی دەستە لەرزیوەکەی سڕی "هیچ ناترسم ئەم ژیانە بەجێ بێڵم کە کوڕە تاقانەکەم پێنج ساڵ پێش ئێستا بەجێی هێشت، ئەم ژیانە کە سوورە لەسەر ئەوەی خەفەت لە دوای خەفەت تووشمان بکا هەتا زۆر دوای ئەوەش کە توانای بەرگەگرتنمان نامێنێ. نا، لەو باوەڕەدام وا باشە کاتێک نۆرەم هات بەسەربەرزییەوە بەجێی بهێڵم.

ئەوەی کە دەمترسێنێ ئەوەیە ئەو ڕۆژەی خوا لە بەردەم خۆیدا دام دەنێت و لێم دەپرسێ بۆچی ئەوەت نەکرد کە من فەرمانم پێت دابوو، مەلا؟ بۆچی گوێڕایەڵی یاساکانی منت نەکرد؟ چۆن بۆی روون بکەمەوە خوشکم؟ چۆن لە ئەنجامنەدانی فەرمانەکانیدا بەرگری لە خۆم بکەم؟ تەنیا دەتوانم، هەموومان تەنیا دەتوانین، لەو کاتەی کە پێمان دراوە بەردەوام شان بەشانی ئەو یاسایانە بین کە خوای گەورە بۆی ناردووین. هەتا ڕوونتر کۆتاییەکەی خۆم ببینم، خوشکم، لە ڕۆژی لێپرسینەوەی خۆم نزیکتر دەبمەوە، زیاتر دێمە سەر ئەو بڕیارەی کە ئێستا وشەکانی جێبەجێ بکەم."

لەسەر کورسییەکەی جووڵا و سڵەمییەوە.

دەستی پێ کرد بەڕوانینێکی پڕ بەزەیی پێدا هاتنەوە و مۆنییەوە وتی "باوەڕت پێ دەکەم کاتێک دەڵێیت مێردەکەت بیر و هۆشێکی خراپ و گرژی هەبووە، بەڵام ناتوانم یارمەتیت بدەم و تەنیا دڵگرانم بەو کارە توندوتیژەی ئەنجامت داوە، خوشکم، زۆر ورووژاو و نارەحەتم بەو کارەی کە کردووتە، زۆر دڵگرانم کە کوڕە بچووکەکەی لە سەرەوە گریاوە بۆی لە کاتێکدا تۆ ئەمەت کردووە.

من ماندووم و دەمەوێ دڵنەرم بم دەمەوێ بتبەخشم. بەڵام کاتێک خوا دادگەییم دەکا و دەڵێت بەڵام بۆ تۆ نەهاتووە ببەخشیت مەلا، من چی بڵێم؟"

هاودەمەکانی سەریان لەقاند و بەسەرسامییەوە سەیریان کرد.

"شتێک پێم دەڵێت تۆ ژنێکی بەدکار نیت، بەڵام ئەوەی ئەنجامت داوە بەدکارییە وە دەبێت سزاکەی بچێژی، شەریعەت لەم باسەدا لێڵ و نادیار نییە، دەڵێت دەبێت بتنێرم بۆ ئەو شوێنەی کە خۆم زوو دێم بۆی. تێ دەگەیت خوشکم؟"

مریەم سەری داخست و سەیری دەستەکانی دەکرد، وتی "من ئەو کارەم ئەنجام داوە."

"بەهیوای ئەوەی خوا بتبەخشێت."

پێش ئەوەی بیبەنە دەرەوە مریەم وەرەقەیەکی پێ درا لەژێر نووسین و ڕستەکانی مەلاوە ئیمزای بکا. کاتێک هەرسێکیان تەماشایان دەکرد مریەم ناوی خۆی نووسی، میمەکە ڕایەکە یایەکە بزوێنەکە میمەکە، بیری جاری پێشتری کەوتەوە کە ناوی لەسەر وەرەقەیەکی تر نووسیبوو، بیست و حەوت ساڵ پێشتر لەسەر مێزەکەی جەلیل، لەژێر ڕوانینی پڕ چاودێریی مەلایەکی تردا.

مریەم دە ڕۆژی لە زینداندا بەسەر برد. لەلای پەنجەرەی خانەکەوە دانیشت تەماشای ژیانی زیندانەکەی دەکرد لە حەوشەکەدا. کاتێک بای هاوین هەڵی کردبوو، سەیری پارچەی کاغەز و شتی تری دەکرد بۆ یەک ڕەوت بەشێوەیەکی پێچاوپێچ و شێتگیر بایەکە دەیبردن و بەم شێوەیە فڕێی دەدان بەبەرزی لە سەروو دیواری گرتیگەوە سەیری بایەکەی دەکرد لەناو تەپوتۆزەکەدا بەیاخیبوونەوە تێکەڵاو دەبوو و ڕای دەتەکاند و دەبوو بەپێچێکی توندوتیژ لەناو حەوشەی زیندانەکەدا. هەموو خەڵکەکە: چاودێرەکان، زیندانەکان، منداڵەکان، مریەم لە ناکاو دەموچاویان لەناو پێچی ئەنیشکیاندا دەشاردەوە، بەڵام تەپوتۆزەکە ڕێگەی لێ نەدەگیرا جێگەی خۆی لەناو کونە گوێ و کونی لووت و ناو چاو و نێوان پێستە قەدکراوەکەی ملیاندا دەکردەوە. تەنیا لە خۆر ئاوابووندا بایەکە هێواش دەبووەوە، پاشان ئەگەر شەماڵێکی شەوانە هەڵی بکردایە زۆر بەترسنۆکییەوە هەڵی دەکرد دەتگوت سزا دەچێژێ بۆ پاککردنەوەی ناهەقی و کردەوە ناپەسندەکەی هاوکارە ڕۆژانەکەی.

له دواین ڕۆژی مریەم له وەلایات، نەغمه لالەنگییەکی دا بەمریەم. خستییه ناو دەستی مریەمەوه و بەدەوریدا پەنجەکانی داخست. پاشان دایه پرمەی گریان وتی "تۆ باشترین هاوڕێ بوویت که تا ئێستا هەمبووه."

مریەم باقیی ڕۆژەکەی لەلای پەنجەرە ڕووتەکەوە بەسەر برد تەماشای زیندانەکانی دەکرد. کەسێک چێشتی لێ دەنا، پاشان تەوژمی دووکەڵێکی بۆن زێرابی لەگەڵ هەوایەکی گەرم له پەنجەرەکەوە هاتنه ژوورەوه. مریەم منداڵەکانی دەبینی گەمەی چاوبەستنەوەیان دەکرد، دوو کچی بچووک ئاوازێکیان دەخوێند مریەم ئەمەی له منداڵی خۆیەوە بیر کەوتەوە، جەلیلی بیر کەوتەوه گۆرانیی بۆ دەوت کاتێک لەسەر بەردێک دادەنیشتن و ڕاوەماسییان لەناو جۆگەلەکەدا دەکرد:

چۆلەکه بچکۆلەکه
یاری لەگەڵ ئاو دەکا
تەشته ئاوێکی بینی
لەسەر ڕێی جۆگەلەکه
لەسەر لێواری هەڵنیشت
بەهێمنی دانەنیشت
قاچی لێی هەڵخلیسکا
بەختی هەبوو نەخنکا
ئیتر کردی بەمەله
دڵی مریەم خۆش دەکا.....

مریەم ئەو دوا شەوە خەونی لێکترازاوی دەبینی. خەونی بەو بەردانەوه دەبینی کە بەمنداڵی یاریی پێ کردبوون، یازده بەرد بەئاسۆیی ڕیزی کردبوون. جەلیل، دووباره گەنج، هەموو زەردەخەنەکانی سەرکەوتن و چەناگەیەکی چاڵ و پەڵەپەڵەی ئارەق و چاکەتێک بەسەر شانیدا درابوو دواجار هات بۆ بردنی کچەکەی بەئۆتۆمۆبێل بۆ پیاسه لەناو ئەم بیوک ڕۆودماستەرە ڕەشەدا. مەلا فەیزوڵا مورووی تەزبیحەکەی دەسووڕێنێ لەگەڵیدا بەدرێژاییی جۆگەکه پیاسه دەکا، سێبەرەکەیان لەناو ئاوەکەدا خشکەی دەهات لەسەر قەراخی گژوگیا کێوییەکان و بەسەر گوڵە سەوسەنه کێوی و ئەرخەوانه شینەکاندا دەپرژان که لەم خەونەدا بۆنی مێخەکیان

لێ دەهات. خەوی بەناناوە دەبینی لەناو دەرگەی کوخەکەدا، دەنگی کپ و دوور، بانگی دەکرد بۆ نانی ئێوارە، لە کاتێکدا مریەم یاریی دەکرد لەناو گیایەکی فێنک و ئاڵۆزاودا. کە قالۆنچەکان هەڵپە و ڕاکەڕاکە و کوللەکان هەڵبەز و دابەزیان بوو لەناو هەموو شێوەکانی سەوزاییدا. جیکەجیکی عارەبانە ئاسنەکە بەرز دەبووەوە لە ڕێچکە تەپوتۆزاوییەکەوە. زەنگی ملی مانگاکان زرینگەیان دەهات، مەڕەکان باعەباعیان بوو لەسەر گردەکە.

لە ڕێگەکەیدا بۆ یاریگەی غازی، مریەم لە دوای لۆرییەکدا هەڵبەز و دابەزی دەکرد کاتێک لەسەر چاڵەکان دەخلیسکا و بەسەر بەردەکاندا دەڕۆیشت. هەڵبەز و دابەزەکە ئازاری ئێسقانی حەوزی دەدا. تاڵیبێکی گەنجی چەکدار بەرامبەری دانیشتبوو تەماشای دەکرد.

مریەم بیری دەکردەوە کە ئەوە ئەو کەسە بێت، ئەم پیاوە گەنجە ڕووخۆشە بەجووتێک چاوی قووڵ و ڕۆشنەوە و دەموچاوێکی کەمێک خالاوی لەگەڵ نینۆنێکی ڕەشی پەنجە گەورەکەی دەستی کە دەیکێشا بەلایەکی لۆرییەکەدا. وتی " برسیتە دایە؟"

مریەم سەری ڕاوەشاند.

"پسکیتێکم پێیە دەتوانیت بیخۆیت ئەگەر برسیتە. کێشەیەک نییە بۆ من"

"نا. سوپاس براکەم."

سەری لەقاند و بەویستی دەستپێکردنەوە سەیری مریەمی کرد و وتی "دەترسیت دایە؟"

تۆپەڵێک قورگی گرت بەدەنگێکی لەرزیوەوە مریەم ڕاستییەکەی پێ وت "بەڵێ، زۆر دەترسم."

ووتی "وێنەیەکی باوکمم پێیە، من ئەوم بیر نایەت. دووکانی پایسکیلی هەبووە هێندە دەزانم بەڵام بیرم نییە چۆن دەجوولایەوە یان پێ دەکەنی یان جۆری دەنگی." بۆ دوور ڕووانی پاشان سەیری مریەمی کردەوە" دایکم دەیوت قارەمانترین پیاو بووە کە ئەو ناسیویەتی، وەک شێر بووە دەیوو، بەڵام پێی وتم ئەو بەیانییەی کۆمۆنیستەکان بردوویانە، وەک منداڵ گریاوە. لەبەر ئەوە من پێت دەڵێم ئەوە ئاساییە ئەگەر بترسیت. شتێکی ئابڕووبەر نییە، دایە."

بۆ یەکەم جار ئەو ڕۆژە مریەم کەمێک گریا.

هەزاران چاوی لەسەر جێگیر بوون لەناو شوێنی دانیشتنە قەرەباڵغەکەی یاریگەکەدا. ملەکان بەرز دەکرانەوە بۆ زیاتر و باشتر بینینی دیمەنەکە. زمانەکان قرتەیان دەهات. دەنگێک بەناو یاریگەکەدا شەپۆلی دا کاتێک مریەم یارمەتیی درا لە لۆرییەکە بێتە خوارەوە. مریەم سەر ڕاوەشاندنەکانی دەهێنایە بەرچاوی خۆی، لە کاتی بانگەوازکردنی تاوانبارکردنەکەیدا. بەڵام سەری بەرز نەکردەوە بزانێ سەریان بەنارەزاییەوە یان بەدڵنەرمییەوە بەشەرمەزارکردن یان بەبەزەیی پێدا هاتنەوەوە بەرز دەکەنەوە. مریەم بەرامبەر هەموویان چاوی داخست.

زووتر ئەو بەیانییە ترسا بوو لەوەی ئابڕووی خۆی ببات بەوەی دەست بکا بەپاڕانەوە و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی گریان و نووزەنووز. لەوە ترسا بوو کە لەوانەیە بقیژێنێت یان بڕشێتەوە یان خۆی تەڕ بکا کە لە دوایین ساتەکانیدا لەلایەن شەرمەزارییەکی جەستەییەوە خیانەتی لێ بکرێ. بەڵام کاتێک لە لۆرییەکە هاتە خوارەوە قاچەکانی مریەم نەدەنووشتانەوە قۆڵەکانی نەدەجوولانەوە. وە کاتێک هەستی بەخۆی کرد بەملا و لادا دەکەوت بیری لە زالمای دەکردەوە، ئەو کەسەی مریەم خۆشەویستەکەی ژیانی لی سەندووە ڕۆژانی لەمەودوای ژیانی بەخەفەتی دیارنەبوونی باوکی دادەپۆشرێ. پاشان لە پڕ هەنگاوە گەورەکانی مریەم جێگیر بوون و توانی بەبێ نارەزایی دەربڕین بڕوا.

پیاوێکی چەکدار پێی گەیشت و پێی وت بڕوات بۆ ناو گۆڵی خوارەوەی یاریگەکە. مریەم بەپێشبینیکردنەوە هەستی دەکرد قەرەباڵغییەکە چڕتر دەبووەوە. سەری هەڵنەبڕی، چاوی لەسەر زەوییەکە جێگیر کردبوو لەسەر سێبەرەکەی، لەسەر سێبەری کوژەرەکەی کە بەدوای سێبەرەکەی خۆیدا دەهات.

هەرچەندە ساتی قەشەنگیش لە ژیانیدا هەبووە، مریەم زانی کە ژیان لە زۆربەی بەشەکاندا دڵڕەق بووە لەگەڵی. بەڵام کاتێک دوایین بیست هەنگاوی دەنا نەیدەتوانی هیچ لەبارەیەوە بکا، بەڵام خۆزگەی بۆ زیاتر دەخواست. خۆزگەی دەخواست بیتوانیایە لەیلا ببینێتەوە، خۆزگەی دەخواست گوێی لە شەقەی پێکەنینەکەی بێتەوە، لەگەڵی دابنیشێتەوە بۆ یەک جاری تر قۆرییەک چای تر و حەڵوای ماوە لەژێر ئاسمانێکی ڕوون بەشەوقی ئەستێرەدا بخۆنەوە. داخی ئەوەی

دەخوارد کە ئەزیزە بەگەورەیی نابینێ، ئەو ژنە جوانە نابینێت کە ڕۆژێک لە ئەزیزە دروست دەبێت، فریا ناکەوێ دەستی بۆ لە خەنە بگرێ و نوقڵ و شیرینی لە ئاهەنگی شووکردنەکەیدا ببەخشێتەوە. هەرگیز یاریی لەگەڵ منداڵەکانی ناکا. زۆر حەزی لەوە بوو پیر ببێ و یاری لەگەڵ منداڵەکانی ئەزیزە بکا.

لە نزیک گۆڵەکەوە، پیاوەکەی دوایەوە داوای لێ کرد بوەستێ. مریەم وەستا. لە شاشەیی و کونکونی بورقەکەوە سێبەری قۆڵەکانی بینی کە سێبەری کلاشینکۆفەکەیان بەرز دەکردەوە.

مریەم لەو دوا ساتانەدا خۆزگەی بۆ شتی زۆرتر دەخواست. هێشتا کە چاوی داخست، چیی تر پەشیمان نەبوو، بەڵکو هەستکردن بوو بەو بێدەنگییە هەڵهاتووەی کە بەسەر سەریدا دەشۆڕایەوە. بیری لە هاتنە ناو ژیانی خۆی دەکردەوە، منداڵە زۆڵەکەی لادێیەکی نزم، شتێکی ڕێک کەوت، ڕێککەوتێکی بەدکار و پڕ لە پەشیمانی. مرۆڕێک. ئێستاش جیهانی وەک ژنێکی خۆشویستراو و پڕ لە موحیبەت بەجێ دەهێشت، وەک هاوڕێیەک بەجێی دەهێشت. هاودەمێک. چاودێرێک. دایکێک. وەک کەسێکی گرینگ و بەدەسەڵات. نا. زۆر خراپ نەبوو، مریەم بیری دەکردەوە، کە بەم شێوەیە بمرێ. زۆر خراپ نەبوو. ئەمە کۆتاییەکی ڕەوایە بۆ ژیانێک کە سەرەتایەکی ناڕەوای هەبوو.

دواین بیرەوەرییەکانی مریەم لەو ساتەدا یەک دوو وشە بوون لە قورئانەوە، کە لەژێر هەناسەیەوە خوێندنی.

خوا بەهەشت و زەویی دروست کردووە بەڕاستەقینەیی. شەوی دروست کردووە ڕۆژ دابپۆشێ، وە ڕۆژی دروست کردووە بەشەوی بگەیەنێتەوە، خوا خۆر و مانگی دروست کردووە سوودی لێ ببینرێ. هەریەکەیان بۆ ماوەیەکی تەرخانکراو کار دەکا. وە ئێستا بەدڵنیاییەوە ئەو بەهێزە. ئەو بەخشندە مەزنەکەیە.

تاڵیبەکە وتی "سەرت دانەوێنە"

ئای خوایە! بمبەخشە و من سوپاسگوزارم، بەوەی کە هەر خۆت مەزنترینی بەخشندەکانی.

"لێرە سەرت دانەوێنە خوشکم، سەیری خوارەوە بکە."

یەک دواین جار، مریەم ئەوەی پێی وترا ئەنجامی دا.

# بەشی چوارەم

ئێستا تاریق سەرئێشەی لەگەڵە.

هەندێک شەو، لەیلا خەبەری دەبێتەوە لەسەر لێواری چراکە دەیدۆزێتەوە، خۆی ڕادەژێنێ و فانیلەکەی بەرز کردووەتەوە بۆ سەر دەموچاوی. دەڵێت، سەرئێشەکەی لە نەسرباخ دەستی پێ کردووە لە گرتیگەدا بەرەو خراپتر چووە. هەندێ جار وای لێ دێت بڕشێتەوە و چاوێکی زۆر بەکەمی ببینێ. دەڵێت هەست دەکا وەک چەقۆی قەسابێک کون دەکاتە ئەملا و لای سەری و بەهێواشی بەناو مێشکیدا دەڕوا و بەهێواشی لەلاکەی ترەوە دێتەوە دەرەوە.

"کاتێک دەست پێ دەکا هەتا هەست بەتامی کانزاکە دەکەم."

هەندێ جار لەیلا پەڕۆیەک تەڕ دەکا و لەسەر ناوچەوانی ڕای دەخات، ئەوە هەندێ جار باشتری دەکا. ئەو حەبە خڕەسپییانەی پزیشکەکەی سەیادیش پێی دابوو، یارمەتیدەر بوون. بەڵام هەندێک شەو تاریق سەری ڕادەگرێ و دەناڵێنێ چاوەکانی خوێنتێزاو و ئاو بەلووتیدا دێتە خوارەوە. کاتێک زۆر بەتوندی دەیگرێت لەیلا لەگەڵی دادەنیشێت پشتی ملی بۆ دەشێلێ و دەست دەخاتە دەستییەوە، کانزای ئەڵقەکەی پەنجەی تاریق ساردوسڕە لەناو دەستی لەیلادا.

ئەو ڕۆژەی گەیشتبوونە مووری لەیلای مارەکردبوو. سەیاد ئاسوودەییی پێوە دیار بوو کاتێک تاریق وتبووی مارەی دەکا. پێویستی بەوە نەدەکرد ئەو نێوەندە ناسکەی ژیانی ژن و پیاوێکی مارەنەکراو بەیەکەوە لەناو ئەو شوێنەدا بۆ باس بکا. سەیاد بەو شێوەیە نییە کە لەیلا بیری لێ کردبووەوە، دەموچاوێکی سوور و گەش و دوو چاوی شێوە فاسۆڵیایی و سمێڵێکی ماش و برنجی هەبوو کە ئەملا و لاکەی لوول کردبوون بۆ سەرەوە، تۆپەڵێک قژی درێژی ڕەساسیی شانە کرابوو بۆ دواوە. پیاوێکی قسە نەرم و بەهەڵوێستە بەلێدوانی بیرلێکراوە و هەڵسوکەوتی ڕێکوپێکەوە.

سەیاد بوو کە بانگی هاوڕێیەکی و مەلایەکی کرد بۆ مارەبڕینەکە لەو ڕۆژەدا. سەیاد بوو کە تاریقی بردە ئەولاوە و بڕێک پارەی پێ دا و تاریق وەری نەدەگرت.

بەڵام سەیاد سوور بوو لەسەری. تاریق چووبوو بۆ بازاڕەکە و بەدوو ئەڵقەی سادە و باریکەوە هاتەوە. ئەو شەوە دواتر مارە کران دوای ئەوەی منداڵەکان خەوتبوون.

لەناو ئاوێنەکەدا لەژێر تارا سەوزەکەوە کە مەلا دابووی بەسەر دەستیاندا، چاوی لەیلا گەیشت بەچاوی تاریق. فرمێسکی تێدا ڕژا زەردەخەنەی ڕۆژی ئاهەنگ تێیدا بزەی نەدەکرد، چرپە و بەڵێنی خۆشەویستییەکی دوور و درێژی تێدا نەوترا. بەبێدەنگی لەیلا سەیری وێنەدانەوەکانیانی دەکرد، سەیری دەموچاویانی دەکرد کە لە ساڵەکانیان زووتر چووبوونە تەمەنەوە، ئەو کیس و خەت و داکەوتنانەی کە ئێستا لەسەر دەموچاوە باریکەلە و گەنجەکانیان بووبوون بەهێما. تاریق دەمی کردەوە و دەستی پێ کرد شتێک بڵێت، بەڵام، هەرکەویستی، کەسێک تاراکەی ڕاکێشا، ئەوەی تاریق دەیویست بیڵێت لەیلا لە کیسی چوو.

ئەو شەوە وەک ژن و مێرد لەناو جێگەدا خەوتن، کاتێک منداڵەکان لە خواریانەوە لەناو کیسەخەودا دەیانپرخاند. لەیلا ئەو کاتانەی بیر کەوتەوە کاتێک منداڵ بوون هەواکەی نێوانیان بەوشە قەرەباڵغ دەبوو بەسەرشێتییەکەیان و دەربڕین و قسەکردنە خێراکانیان. قسەبڕینیان بەیەکتر، ڕاکێشانی ملوانەی یەکتر بۆ زیاتر دڵنیاکردنەوە لە مەبەستێک، خێرا ئامادەبوونی پێکەنین و بەپەرۆشی بۆ دڵخۆش بوون. لەو ڕۆژانەی منداڵییەوە تا ئێستا زۆر شت ڕوویان داوە، زۆر شت پێویست بوو بوترێن. بەڵام گەورەیی ئەو یەکەم شەوە هەموو وشەکانی لە لەیلا دزیبوو. ئەو شەوە، لە تەنیشت تاریقەوە بوون پیرۆزییەکی گەورە و تەواو بوو. پیرۆزییەکی تەواو بوو کە لەوە دڵنیا دەبوو ئەو لەوێیە، بۆ هەستکردن بەگەرمییەکەی لە تەنیشتییەوە، بۆ ڕاکشان لەگەڵی، سەریان بەریەک کەوت، دەستی ڕاستی تاریق لەگەڵ دەستی چەپی لەیلادا تێک هەڵکێشران.

لە ناوەڕاستی شەوەکەدا، کاتێک لەیلا بەتینوویەتی خەبەری بووەوە، بینی هێشتا دەستیان پێکەوە گرێ دراوە، بەتاسەی دەستی منداڵێکەوە پەنجەکانی لە پەتی کۆلارەیەک گیر بکا.

لەیلا حەزی لە بەیانییە فێنک و تەماوییەکانی موورییە، کازیوە دڵفرێنەکەی تاریکییە شەوقدارەکەی شەوان، سەوزی دارسنەوبەرەکان و نەرمی و قاوەیی ئەو سمۆرانەی لەسەرەوە بۆ خوارەوەی قەدە جێگیربووەکەیان دەردەچوون، ڕەهێڵەی لە پڕی کڕیارەکان بۆ ناو بازاڕەکە. حەزی لە بازاڕە پڕ لە یادگارەکان بوو، ئوتێلە

جیاجیاکان کەماڵی گەشتیارەکان بوون، سەرەڕای ئەوەی خەڵکە ناوەخۆکان سکاڵایان دەکرد بیناسازیی بەردەوام و بەرفراوانکردنی بووەتە هۆی خواردن و سووتاندنی جوانییە سروشتییەکەی مووری. لەیلا بەلایەوە سەیرە کە خەڵک پێیان باشە بکروزێنەوە بەبیناکردنی بیناکان. لە کابول بۆنە و ئاهەنگی بۆ دەگێڕن.

حەزی لەوەیە کە توالێتیان هەیە و ئاودەستخانەی دەرەوە نا، توالێتی ڕاستییان هەیە بەتوالێت و دوش و دەستشۆر کە بەلوعەیەکی دوو لای پێوە بوو بەلایەکی مەچەکی دەیکردنەوە و یەکێکیان ئاوی سارد و ئەوی تریان ئاوی گەرمی لێ دەهات. حەزی لە خەبەربوونەوەی بەیانیانییەتی بەدەنگی بارەباری ئالیۆنا و دەنگی چێشت لێنەرە شەڕانی و بێ زیانەکەی بلیمەتانە لە چێشتخانەکەیدا کار دەکا.

هەندێک جار، کاتێک لەیلا سەیری تاریق دەکا بەخەوتوویی، کاتێک منداڵەکان تەپ وتل دەدەن و بەدەم خەوەوە قسە دەکەن، گریێیەکی گەورەی سوپاسگوزاری لەناو قوڕگیدا توند دەبێت، ئاو لە چاوی دێنێ.

لە بەیانیاندا، لەیلا ژوور بۆ ژوور دوای تاریق دەکەوێ. کلیلەکان بەئەڵقەیەکەوە هەڵواسراون بەناوقەدی تاریقەوە زرنگەیان دێت لەگەڵ بتڵێک دەرمانی پەنجەرە پاککردنەوە بەقایشەکەیەوە هەڵواسراوە و بەجینسەکەیەوە قایم کراوە. لەیلا سەتڵێکی پڕ لە پارچە پەڕۆ و شاڵ و دەرمانی پاککردنەوە و فڵچەیەکی توالێت شوشتن و پەمپێک بۆ پاککردنەوەی ناو کەنتۆرەکان و چەکمەجەکان دەهێنێ. ئەزیزەش بەدوایاندا دەڕوا و فڵچەیەکی ماڵسڕینەوەی بەدەستێکییەوە بوو، بووکەناوپڕ لەلۆبیاکەی مریەم بۆی درووست کردبوو بەدەستەکەی تریەوە بوو. زالمایش بەمرومۆنی و گومانەوە هەردەم یەک دوو هەنگاو دوورتر بەدوایاندا دەڕوا.

لەیلا گسک دەدا و چەرپاکان ڕێک دەکا، تەپوتۆزەکان دەسڕێ. تاریق دەستشۆر و بانیۆ و ناو توالێتەکە پاک دەکاتەوە، موشەمما ڕاخراوەکەی سەر ئەرزەکە دەسڕێتەوە، ڕەفەکان پڕ دەکاتەوە بەخاولیی پاک و قوتووی بچووکی شامپۆ و پاکەتێک سابوونی بۆن بادەم. ئەزیزە ڕای گەیاندبوو کە ئەو پەمپەکە لە پەنجەرەکان دەدا و دەیانسڕێتەوە، بووکەکەش هەردەم لەو شوێنەوە نزیکە کە کاری لێ دەکا.

لەیلا یەک دوو ڕۆژ دوای مارەکردنەکەیان لەبارەی تاریقەوە و بەئەزیزەی وت.

زۆر سەیرە، لەیلا وا بیر دەکاتەوە، هەتا ورووژێنەرە ئەو شتەی لە نێوان تاریق و

ئەزیزەدا هەیە. لە ئێستاوە ئەزیزە ڕستەکانی بۆ تەواو دەکا وە ئەویش هی ئەو. پێش ئەوەی داوای شتێک بکا ئەزیزە دەیداتە دەستی. زەردەخەنەی تایبەت لە نێوانیاندا دێت و دەچێت لەسەر مێزی نانی ئێوارە وەک ئەوە بەهیچ جۆرێک نامۆ نەبن و وە دوو هاودەمی یەکگرتووەوەی یەک بن دوای جودابوونەوەیەکی دوور و درێژ.

ئەزیزە بەبیرکردنەوەوە سەری داخست بۆ سەر دەستەکانی کاتێک لەیلا پێی وت، دوای وەستانێکی زۆر وتی "خۆشم دەوێت."

"ئەویش خۆشی دەوێیت."

"وای وت؟"

"پێویست ناکا بیلێ، ئەزیزە."

"باقییەکەیم پێ بلێ، دایە. پێم بلێ بۆ ئەوەی بزانم."

وە لەیلا پێی وت.

"باوکت کەسێکی باشە، باشترین پیاوە کە من بیناسم."

ئەزیزە وتی"ئەی ئەگەر بەجێمان بهێڵێ."

"هەرگیز ناڕوات. سەیرم کە ئەزیزە. باوکت هەرگیز ئازارت نادات. وە هەرگیز بەجێت ناهێڵێت."

ئاسوودەیی و گەشانەوەکەی دەموچاوی ئەزیزە دڵی لەیلای دەشکاند.

تاریق ئەسپێکی ڕاژەنینی بۆ زالمای کڕیبوو و گالیسکەیەکی بۆ دروست کرد. لە زیندانییەکی گرتیگەکەوە فێر بووبوو ئاژەڵ بەکاغەز دروست بکا، لەبەر ئەوە چەندان پارچە کاغەزی لەت دەکرد و قەدی دەکردن و دەینوشتاندنەوە و شێوەی شێر و کەنغەری لێ دروست دەکردن بۆ زالمای، ئەسپ و باڵندەی پەڕ گەورەی بۆ دروست دەکرد. بەڵام زالمای ئەم وەرگێڕانانەی لە مێشکی دەردەکرد و بەڕق و بێ نەزاکەتییەوە گوێی پێ نەدەدان.

هاواری دەکرد" تۆ گوێدرێژیت! یارییەکانتم ناوێت!"

لەیلا بەهەناسەبڕکێوە دەیوت "زالمای!"

تاریق دەیوت "قەیناکە لەیلا، قەیناکە. لێی گەڕێ."

"تۆ بابە گیانی من نیت! بابە گیانە ڕاستییەکەم ڕۆیشتووە بۆ گەشت، کە هاتەوە لێت دەدا! تۆش ناتوانی ڕابکەیت چونکە ئەو دوو قاچی هەیە تۆ تەنیا یەکێکت هەیە!"

بەشەو، لەیلا زالمای دەنێت بەسنگییەوە و گورگانەشەوێکەی لەگەڵ دەخوێنێت کاتێک پرسیار دەکا، دووبارە لەیلا درۆکەی پێ دەڵێتەوە، پێی دەڵێت بابە گیانی ڕۆیشتووە بۆ دوور و ئەو نازانێت کەی دەگەڕێتەوە. لەیلا ڕقی لەم کارە دەبووەوە، ڕقی لە خۆی دەبووەوە بۆ درۆکردنی لەگەڵ منداڵێکی ئاوادا.

لەیلا ئەوە دەزانێت ئەم درۆ بێ ئابڕووییە دەبێت بوترێت و بوترێتەوە. دەبێت وا بێت لەبەرئەوەی زالمای پرسیار دەکات، هاتنە خوارەوەی لە دیلانێیەک، خەبەربوونەوەی لە خەوێکی عەسران، دواتر، کاتێک تەمەنی هێندەی لێ بێت بتوانێت پێڵاوەکانی خۆی داخا و خۆی بڕوا بۆ قوتابخانە، درۆکە دەبێت دووبارە بکرێتەوە.

لە حاڵەتێکدا لەیلا دەزانێت پرسیارەکە وشک دەکا. بەهێواشی، زالمای دەوەستێت لە بیرکردنەوە و دوودڵی کە بۆچی باوکی بەجێی هێشتووە. باوکی لەناو ڕێگەکان و نزیک گڵۆپی ترافیکەکان نابینێ، بەشێوەیەکی پیاوێکی کوور بەشەقامەکەدا خلبێتەوە بۆ خوارەوە یان لەگەڵ پیاوانی تر چایی بخواتەوە لە چایخانەکاندا. ڕۆژێک بەڕێککەوت دەیدۆزنەوە لە پیاسەکردن بەتەنیشت ڕووبارێکی پێچاوپێچدا، یان لە ڕامانی لە کێڵگەیەکی بێ ڕێگەی بەفر، کە دیارنەبوونی باوکی چیی تر برینێکی کاڵ و کراوە نییە، ئیتر هەمووی بەیەکەوە دەبێت بەشتێکی تر، شتێکی نەرمتر و بێ ئازار وەک زانیارییەک فێری بووە. شتێک ڕێزی لێ بگیرێت پێی سەرسام ببێت.

لەیلا لێرە لە مووری دڵی خۆشە بەڵام دڵخۆشییەکی ئاسان نییە. دڵخۆشییەکی خۆڕایی نییە.

لە ڕۆژانی پشوویدا، تاریق لەیلا و منداڵەکان دەبات بۆ بازاڕ، لە ڕێگە دووکانی تر خشڵ و بابەتی جوانکاری دەبینن کە لە تەنیشتیانەوە کڵێسایەکی ئینگلتەری لێیە کە لە سەدەی نۆزدەمدا دروست کراوە. تاریق داوودەرمانی مریشک و کەبابیان لەعارەبانەکان بۆ دەکڕێت. لەناو خەڵکی ناوچەکە و ئەوروپاییەکانیدا پیاسە دەکەن. گەشتیارەکان کە بەمۆبایل و کامێراوە هاتوچۆ دەکەن.

پەنجابیسەکان دەهاتن بۆ ئەوەی لە گەرمای دەشتەکانیان هەڵبێن.

زۆرجار سواری پاسێک دەبوون هەتا کەشمیر، لەوێوە تاریق دۆڵی ڕووباری جێهەلوومی پێشان دەدان، قەدپاڵی بەسنەوبەر داپۆشراو لەگەڵ گردە تەڕ و چڕوپڕەکان، کە دەیوت هێشتا لەوێ دەتوانرێت مەیموون ببینرێ لە لقی درەختێکەوە باز دەدەن بۆ ئەوی تر. دەچن بۆ ناتیاگاڵییە ڕەنگ زەردە سووربباوەکە، دەوری سی کیلۆمەتر لە موورییەوە دوور بوو، لەوێ تاریق دەستی لەیلا دەگرێت کاتێک بە پێ بەناو ڕێگە پڕ لە درەختەکەی کە دەچێت بەرەو ماکی پارێزگارەکەدا دەڕۆن. لای گۆڕستانە کۆنە بەریتانییەکەوە دەوەستن، یان تاکسییەک دەگرن بۆ سەر لووتکەی شاخەکە بۆ سەیرکردنی دۆڵە سەوز و بەتەم داپۆشراوەکەی خوارەوە.

هەندێک جار لەم چوونە دەرەوانەدا، کاتێک بەلای پەنجەرەی دووکانێکدا دەڕۆیشتن، لەیلا وێنەدانەوەکەیانی تێدا دەبینی. ژن، مێرد، کچ، کوڕ. بۆ نامەکان، لەیلا دەزانێت وەک سادەترین خێزان دێنە بەرچاو بەتاڵ لە نهێنی و درۆ و پەشیمانی.

ئەزیزە خەونی ناخۆش دەبینێ و بەدەم هەڵلەرزینەوە خەبەری دەبێتەوە. لەیلا دەبێت لەسەر کیسەخەوەکەی لە تەنیشتییەوە بخەوێ، بەسەر دەستەکانی ڕوومەتەکانی وشک بکاتەوە و هێواشی بکاتەوە و بیخەوێنێ.

لەیلاش خەونی خۆی دەبینێ. لەناویاندا، هەموو کات لەناو ماڵەکەی کابولدایە بەناو دالانەکەدا دەڕوا بەسەر قادرمەکاندا سەردەکەوێ. بەتەنیایە، بەڵام لەپشت دەرگەکانەوە گوێی لە ڕیتمی گیزەی ئوئویەک دەبێت، چەرچەفی چەرپا دەتەکێنرێ و دوایی قەد دەکرێ. هەندێ جار گوێی لە دەنگی نزمی ژنێک دەبێت گۆرانیی هەرەتی دەڵێت. بەڵام کاتێک دەچێتە ژوورەوە، ژوورەکە بەتاڵە کەسی لێ نییە.

خەونەکان لەیلا بەهەڵلەرزیوی بەجێ دەهێڵێ. کە خەبەری دەبێتەوە لێیان، بەئارەق گیانی داپۆشراوە، چاوەکانی بەفرمێسک دەکزێنەوە. ڕووخان و وێرانی دەکەن هەموو جارێک. ڕووخان و وێران بوونە.

یەکشەممووییەکی ئەو سێپتێمبەرە، لەیلا زاڵمای دەخەوێنێ کە سەرمای بووە و نەخۆش کەوتووە، کاتێک تاریق لە پڕ خۆی دەکا بەژووردا.

بەکەمێک هەناسەبڕکێوە وتی "بیستووتە؟ کوشتیان. ئەحمەد شا مەسعوود مرد."

"چی؟"

لەناو دەرگەکەوە تاریق ئەوەی دەزانێ بەلەیلای دەڵێ.

"دەڵێن لەگەڵ یەک دوو ڕۆژنامەنووسدا چاوپێکەوتنی کردووە کاتێک وتوویانە بەلجیکین و بەڕەچەڵەک مەراکیشین. لەگەڵ قسەکردندا بۆمبێکی شاراوە لەناو کامێرا ڤیدیۆکەدا دەتەقێتەوە، ئەحمەد شا مەسعوود و یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکان دەکوژرێ. تەقە لەوەی تر دەکەن کاتێک هەوڵی ڕاکردن دەدا. ئێستا دەڵێن ڕۆژنامەنووسەکان پیاوی ئەلقاعیدە بوون."

لەیلا بیری وێنەکەی ئەحمەد شا مەسعوودی کەوتەوە کە دایە لە ژووری نووستنەکەی خۆی هەڵی واسیبوو. مەسعوود داهاتبووەوە، بڕۆکانی ڕێک، دەموچاوی چرچ و لۆچی تێ کەوتبوو بەبیر و هۆش خستنە کارەوە دەتوت بە ڕێزەوە گوێی بۆ کەسێک گرتووە. لەیلا بیری کەوتەوە کە دایە وتبووی مەسعوود چەند دوعاخوێنێکی باش بووە لەسەر گۆڕی کوڕەکانی، ئەوەی بەهەموو کەس وتبوو. هەتا دوای ئەوەی شەڕ لەنێوان دەستەکانی ئەو و ئەوانی تردا کۆتاییی پێ هات، دایە خەتابارکردنی مەسعوودی ڕەت کردبووەوە. پیاوێکی باشە، دایە دەیوت ئاشتیی دەوێت و دەیەوێت ئەفغانستان دروست بکاتەوە، بەڵام ناهێڵن. ناهێڵن. بۆ دایە، تەنانەت لە کۆتاییەکەشدا و دوای ئەوەی هەموو شتەکان بەکارەسات و هەڵە بەڕێوە چوون و کابول بەوێرانبوون کۆتاییی هات، مەسعوود هێشتا شێرەکەی پەنجشیر بوو.

لەیلا هێندە بەخشندە نییە. کۆتاییە توندوتیژەکەی مەسعوود خۆشیی بۆ ناهێنێ، بەڵام زۆرباش لە بیریەتی گەڕەکەکان لەژێر چاودێریی ئەودا کاول و وێران کران. لاشەکان لەژێر وردە بەرد و خۆڵەکانەوە ڕادەکێشرانە دەرەوە، دەست و قاچی منداڵەکان لەسەر سەربانەکان دەدۆزرانەوە، یان لەسەر لقە بەرزەکانی هەندێک درەخت، دوای پرسەکانیان. زۆر باش بیری نیگاکەی سەر دەموچاوی دایەی هەیە. پێش ئەوەی مووشەکەکە خۆی بکات بەماڵەکەدا، هێندەش هەوڵی دابوو لەشە بێ سەرەکەی بابە لەو نزیکانەدا و وێنەی ئەو پردەی لەناو بلوزەکەیدا بوو کە بەتەمێکی خەست و خوێن داپۆشرابوو لە بیر بکا.

تاریق دەڵێت "پرسەی بۆ دادەنێن، لەوە دڵنیام لەوانەیە لە ڕەواڵپیندی بێت. زۆر گەورە دەبێت."

زالمای، کە خەریک بوو خەوی لێ دەکەوت، هەستا و بەدەستە نوقاوەکانی چاوی هەڵدەگلۆفی.

دوو ڕۆژ دواتر، ژوورێک پاک دەکەنەوە دوای ئەوەی گوێیان لە هەراوهوریا دەبێتەوە. تاریق فلچەکە دادەنێت و پەلەدەکات، لەیلا دوای دەکەوێ.

دەنگەکە لە ڕاڕەوی ئوتێلەکەوە دێت. لەلای ڕاستی مێزی پرسگەکەوە ناوچەیەکی حەوانەوەی لێیە لەگەڵ چەند کورسییەک و دوو قەنەفە کە بەرگێکی بێجییان تێ گیراوە. لە سووچەکەدا، ڕووبەڕووی قەنەفەکان، تەلەڤزیۆنێکە، سەیاد و دەرگەوانەکە و ژمارەیەک لە میوانەکان لە بەردەمیدا کۆ بوونەتەوە.

لەیلا و تاریق بەدەم کارکردنەوە هاتنە ژوورەوە.

تەلەڤزیۆنەکە کرابوو بەکەناڵی بی بی سی. لەسەر شاشەکە بینایەک و بورجێک هەبوون دووکەڵی ڕەش لە قاتەکانی سەرەوەیان دەهاتە دەرەوە. تاریق شتێکی بەسەیاد وت سەیادیش لە ناوەڕاستی وەڵامدانەوەدایە کاتێک فڕۆکەیەک لە گۆشەی تەلەڤزیۆنەکەوە دەردەکەوێ و خۆی دەکا بەناو بورجەکەی تەنیشتیدا دەیتەقێنێتەوە و دەیکات بەتۆپەڵێک ئاگر کە لە هەموو ئەو تۆپەڵە ئاگرانە گەورەتر بوون تا ئێستا لەیلا بینیویەتی. هاوارێکی بەکۆمەڵ لەناو ڕێگەی ئوتێلەکەوە بەرز دەبێتەوە.

لە کەمتر لە دوو سەعاتدا هەردوو بیناکە تێک شکانە خوارەوە.

هەموو تەلەڤزیۆنەکان باسی ئەفغانستان و تاڵیبان و ئوسامە بنلادنیان دەکرد.

تاریق دەپرسێ "بیستت تاڵیبان چییان وتووە لەبارەی بنلادنەوە؟"

ئەزیزە بەرامبەری لەسەر چەرپاکە دانیشتووە و لە تەختەکە ڕادەما، تاریق یاریی شەترەنجی فێر کردبوو. ڕاماوە و دەکێشێت بەلێویدا لاسایی ئەو جووڵەیەی باوکی دەکاتەوە کە دەیکات کاتێک دەیەوێ بڕیار لەسەر جووڵەیەکی یارییەکە بدا.

نەخۆشییەکەی زالمای کەمێک باشترە، خەوی لێ کەوتووە و لەیلا مەڵهەم دەدا لە سەری.

وتی "بیستم."

تاڵیبان وتوویانە دەست لە بنلادن شل ناکەین لەبەرئەوەی میوانە و پەناگەی لە ئەفغانستان دۆزیوەتەوە، ئەمە دژی نەریت و خووڕەوشتی پەشتوونەکانە لە میوانێک هەڵبێن. تاریق لەبەرخۆیەوە پێ دەکەنی وە لەیلا گوێی لە پێکەنینەکەیەتی کە زۆر پەست و یاخییە لەم شێوە تێکدان و خووڕەوشتە پڕ چەواشەکارییە و ناساندنی خەڵکەکە بەو ڕێگە چەوتە.

یەک دوو ڕۆژ دوای پەلامارەکە، لەیلا و تاریق دووبارە لە ڕێڕەوی ئوتێلەکەدان. لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکە جۆرج بوش قسە دەکات. ئاڵایەکی گەورەی ئەمەریکایی لە دوایەوە. لە حاڵەتێکدا دەنگی بەرز و نزمیی تێ دەکەوێ و شەپۆلی دەدا، لەیلا وا دەزانێت خەریکە دەست بکا بەگریان.

سەید کە بەئینگلیزی قسە دەکات بۆی ڕوون کردنەوە کە بوش بانگەوازی شەڕی ڕاگەیاند.

تاریق وتی"لەگەڵ کێ؟"

"لەگەڵ ولاتەکەی تۆدا لە سەرەتاوە."

***

تاریق وتی "لەوانەیە شتێکی خراپ نەبێت."

تەواو بوون لە تێکئالان و عەشقبازیی ئەو شەوە.

تاریق سەری لەسەر سنگیەتی و دەست دەهێنێ بەسکیدا. پێشتر یەک دوو جار هەوڵیان دا، بەڵام نارەحەتیی تێ دەکەوت. تاریق سەرتاپای بەلێبووردنخوازی پڕ

بووبوو لەیلاش دڵنیاکردنەوە. ئەو کوخەی لەگەڵ منداڵەکان هاوبەشیان دەکرد بچووک بوو. منداڵەکان لەناو کیسەخەودا لە خواریانەوە دەخەون. لەبەر ئەوە شتی شاراوە زۆر کەمن. زۆربەی جار، لەیلا و تاریق بەبێدەنگی تێکەڵ دەبن، بەسۆزێکی دەستبەسەر داگیراو و خەفە کراوەوە، لەژێر بەتانییەکانەوە جلی تەواویان لەبەردایە لەبەر ئاگەداری پێشەکییان و پێبڕینیان لەلایەن منداڵەکانەوە. بۆ هەتاهەتایە ئاگەداری ڕوونەدانی باری ناخۆش و خشەی چەرچەف و تەقەی سپرینگی چەرپاکە بوون. بەڵام بۆ لەیلا، لەگەڵ تاریق بووندا ئەوەی دەهێنا کە بەرگەی ئەم دڵەڕاوکێیانە بگرێت. کاتێک لێک دەئاڵێن لەیلا هەست بەجێگیربوون و پارێزگاری دەکا، ژیانیان بەیەکەوە خۆشی و شادییە و دڵەڕاوکێکانی ون دەبن و دادەمرکێنەوە، ترسەکان لێک جودا دەبنەوە و وێڵ دەبن.

ئێستا دەڵێت "مەبەستت چییە؟"

"ئەوەی لە وڵاتەکەماندا ڕوو دەدات لەوانەیە لە کۆتاییدا شتێکی خراپ نەبێت."

لە وڵاتەکەی خۆیان، بۆمبەکان دووبارە دەکەونە خوارەوە، ئەمجارە بۆمبی ئەمەریکایین. لەیلا سەیری وێنەی شەڕەکەی کردبوو هەموو ڕۆژێک لە تەلەڤزیۆن کاتێک گسکی چەرچەفەکانی دەگۆڕی و گسکی دەدا. جارێکی تر ئەمەریکاییەکان شەڕوانەکانیان چەکدار کردبووەوە، ناوی هاوپەیمانەکانی باکوریان کردبووەوە لیستەوە بۆ کردنە دەرەوەی تاڵیبان و دۆزینەوەی بنلادن.

بەڵام لەیلا پەست و تووڕە دەکات و دەیورووژێنێ ئەوەی تاریق دەیڵێ. پاڵ بەسەرییەوە دەنێت بۆ دوور لە سنگی.

"زۆر خراپ نەبێت؟ مردنی خەڵک؟ ژن، منداڵ خەڵکی پیر؟ ماڵەکان دووبارە کاول دەکرێنەوە؟ زۆر خراپ نییە؟"

"شش، منداڵەکان خەبەر دەکەیتەوە."

لەیلا بەتووندی وەڵامی دایەوە "چۆن دەتوانیت وا بڵێیت تاریق؟"

"نا." ئەنیشکی دانا و سەری دانەواند و سەیری لەیلای دەکرد "تۆ هەڵە تێ گەیشتیت. ئەوەی من مەبەستم بوو..."

لەیلا دەڵێت "تۆ نایزانیت." ئاگای لەوەیە کە دەنگی بەرز دەبێتەوە، لەوەش کە وەکو ژن و مێرد یەکەم شەڕیانە. "تۆ ڕۆیشتیت کاتێک موجاهیدەکان دەستیان کرد

بەشەڕ، لە بیرتە؟ ئەو کەسەی لە دوابیدا مایەوە منم. من. من شەڕ دەناسم. دایکم و باوکم بەشەڕ لە دەستدان دایکم و باوکم، تاریق. وە ئێستا ئەوە ببیستم کەسێک بڵێت شەڕ زۆر خراپ نییە."

تاریق دەموچاوی خستە ناو هەردوو دەستییەوە "بمبوورە لەیلا، داوای لێبووردن دەکەم. تۆ ڕاست دەکەیت. بمبوورە. بمبەخشە. ئەوەی مەبەستم بوو ئەوە بوو لەوانەیە لە کۆتاییەکەی تری ئەم شەڕەدا هیوایەک هەبێت، بۆ یەکەم جار لە ماوەیەکی دوور و درێژدا."

لەیلا سەرسام بوو لەوەی چۆن بەم شێوەیە هێرشی کردە سەر تاریق و وتی نامەوێ چیی تر باسی ئەمە بکەم. لەیلا دەزانێت نەگونجاو و بێ مانایە، ئەوەی کە بەتاریقی وت. ئەی شەڕ دایک و باوکی ئەویشی نەکوشتووە؟ کوڵ و کەفی ناوەوەی دامرکابووەوە. تاریق بەردەوام بەنیانی قسەی دەکرد، وە کاتێک چووە پێشەوە لەیلا ڕێگەی دا. وە کاتێک دەستی ماچ دەکا و پاشان برۆی لەیلا ڕێگەی دەدات. لەیلا دەزانێت تاریق لەوانەیە ڕاست بکات، دەزانێ بۆچوونەکانی چ نیازێکیان تێدا بوو لەوانەیە ئەمە پێویست بێت، لەوانەیە هیوایەک هەبێت کاتێک بۆمبەکانی بوش لە کەوتنە خوارەوە دەوەستن. بەڵام ناتوانێت خۆی بهێنێتە ژێر باری وتنی، ناتوانێت کاتێک ئەوەی لە دایە و بابە ڕووی دا لە کەسێکی تر ڕوو بداتەوە لە ئەفغانستان، وە یان کاتێک کچێک یان کوڕێکی بێ تاوان لە ئەفغانستان لەلایەن مووشەکێکەوە هەتیو دەبن لەیلا ناتوانێت بێتە ژێر باری وتنیەوە. ئاسان نییە دڵخۆش ببێت لە دووڕوویی دەچێت، لە بەدخوویی.

ئەو شەوە، زاڵمای بەدەم کۆکەوە خەبەری بووەوە. پێش ئەوەی لەیلا بتوانێت بجوڵێت، تاریق قاچەکانی لەسەر لێواری چەرپاکەوە دەجووڵێنێ. لاقە دەستکردەکەی دەجووڵێنێ و دەڕوات بەرەو زاڵمای، بەرزی دەکاتەوە بۆ باوەشی. لە جێگەکەیەوە، لەیلا سەیری شێوەی تاریق دەکا دێت و دەڕوا لە تاریکییەکەدا، چێوەی سەری زاڵمای دەبینێ بەسەر شانەکانیەوە، گرێی بەیەکگەیشتنی دەستەکانی لە ملی تاریقدا، قاچە بچووکەکانی بەکەمەری تاریقەوە دەجووڵێنەوە. کاتێک تاریق دەگەڕێتەوە بۆ جێگەکەی هیچیان قسە ناکەن. لەیلا خۆی دەگەیەنێتە تاریق و دەست لە دەموچاوی دەدا. ڕوومەتەکانی تاریق تەڕن.

ژیان لە مووری بۆ لەیلا یەکێکە لە ئاسوودەییە کشوماتەکان. کارکردنە کەقورس و بێزارکەر نییە، وە لە ڕۆژانی پشوویاندا ئەو و تاریق منداڵەکان دەبەن بۆ سواری چەرخ و فەلەک لە گردی پاتریاتا یان بۆ گۆشەی پیندی، کە لەوێوە لە ڕۆژێکی ڕووندا دەتوانیت هەتا ئیسلام ئاباد و ناوچەرگەی ڕەواڵپیندی ببینی. لەوێ، بەتانییەکیان لەسەر گیاکە ڕادەخست و لەفەی گۆشت و خەیاریان دەخوارد و جەنجرێلی ساردیان دەخواردەوە.

ژیانێکی خۆشە، لەیلا بەخۆی دەڵێت، ژیانێک کە سوپاسگوزار بیت بۆی. لە ڕاستیدا، ئەو جۆرە ژیانە تایبەتەیە کە لە ڕۆژەکانیدا لەگەڵ ڕەشید خەونی پێوەدەبینی. هەموو ڕۆژێک لەیلا ئەمە بەبیری خۆی دەهێنێتەوە پاشان شەوێکی گەرم لە تەمووزی ۲۰۰۷دا، لەگەڵ تاریق لە جێگەدا ڕاکشاون و بەدەنگێکی شاراوەوە باسی گۆڕانکارییەکانی ئەفغانستان دەکەن. گۆڕانکاریی زۆر ڕوویان داوە. هێزە یەکگرتووەکانی تاڵیبانیان لە هەموو شارەکان کردووەتە دەرەوە. پاڵیان پێوە ناون بۆ سەر سنووری پاکستان و شاخەکانی باشوور و ڕۆهەڵاتی ئەفغانستان. ئای ئێس ئەی ئێف هێزێکی ئینتەرناتسیۆنالی ئاشتیخواز، نێردراوە بۆ ئەفغانستان. وڵاتەکە ئێستا سەرکردەیەکی کاتیی هەیە، حەمید کارزای.

لەیلا بڕیار دەدا کە ئێستا کاتی ئەوەیە بەتاریق بڵێت.

ساڵێک بەر لە ئێستا بەسەربەرزییەوە قۆڵێکی خۆی دەدا بەوەی لە کابول بێتە دەرەوە. بەڵام ئێستا لە یەک دوو مانگی پێشوودا خۆی لەناو بیرکردنی شاری منداڵیدا دۆزیوەتەوە. بیری خرۆشان و جموجۆڵی بازاڕی شۆر دەکا، باخەکانی بابوور، هاواری ئەو ئاوفرۆشانەی ئاوەکانیان لەناو پێستی بزندا هەڵگرتبوو، بیری سەوداکەرانی جلوبەرگ لە شەقامی مریشک لەگەڵ شووتیفرۆشانی کەرتی پەروان دەکا.

بەڵام بیرکردنەوەکەی لەیلا لە کابول لەو ڕۆژانەدا دەردی دوورولاتی و یادکردنی نیشتمان نەبوو. هەراسان و بێزار بوو لە بێ پشوویی. دەبینێت قوتابخانە لە کابول کراونەتەوە و ڕێگەکان تەخت کراونەتەوە، ژنان دەگەڕێنەوە بۆ کار وە ژیانی لێرە خۆشە وەک دەیبینێت. هەست بەسەربەرزی دەکا بۆی. بەڵام ژیانێکی ناتەواو دیار بوو بەلایەوە. بێ ئەنجام، وە هێشتا خراپتر و بەفیرۆدەر. لەم ماوەیەدا دەستی کردبوو بەگوێ لێبوونی دەنگی بابە لە مێشکیدا. دەتوانیت ببیت بەهەر شتێک خۆت دەتەوێ، لەیلا، ئەمە لەبارەی تۆوە دڵنیام. وە ئەوەش دەزانم کاتێک ئەم شەڕە کۆتایی هات، ئەفغانستان پێویستی پێت دەبێت.

لەیلا گوێی لە دەنگی دایەش دەبێت بیرییەتی کە وەڵامی دایە دەداتەوە لەبارەی ڕۆیشتنیان لە ئەفغانستان. دەمەوێ خەونی کوڕەکانم ببینم کە دێنە دی. دەمەوێت لێرە بم کاتێک ڕوو دەدا، کاتێک ئەفغانستان ئازاد دەبێت و بۆ ئەوەی کوڕەکانیش ببینن. لە چاوی منەوە دەیبینن. بەشێکی لەیلا ئێستا دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ کابول بۆ دایە و بابە، بۆ ئەوان کە بتوانن لە چاوی ئەوەوە شتەکان ببینن.

پاشان، گەورەترینی ئەو خولیایەی ناچاری دەکا بگەڕێتەوە مریەمە. مریەم بۆ ئەمە مرد؟ خۆی کرد بەقوربانی بۆ ئەوەی ئەو، لەیلا، ببێت بەکارەکەر لەماڵێکی بێگانەدا؟ لەوانەیە گرینگ نەبووبێت بۆ مریەم لەیلا چی دەکا. گرینگ ئەوە بووە ئەو و منداڵەکانی سەلامەت و دڵخۆشن. کتوپڕ، زۆر گرینگە.

دەڵێت" دەمەوێت بگەڕێمەوە." تاریق لەسەر چەرپاکە هەڵدەسێ و لە لەیلا دەڕوانێ.

لەیلا دووبارە بەجوانییەکەی تاریق دڵی دادەخورپێ و هەستی دەجووڵێتەوە، کەوانە ڕێک و ڕاستەکەی ناوچەوانی، ماسولکە تەشیلەییەکانی قۆڵی چاوە هەڵهاتوو بەئاگاکانی. ساڵێک تێ پەڕی وە هێشتا ئەو کاتانە هەیە و لە ساتی لەم جۆرەدا لەیلا ناتوانێت باوەڕ بکا کە دووبارە یەکیان دۆزیوەتەوە کە ئەو لە ڕاستیدا لێرەیە لەگەڵ لەیلا و کە تاریق مێردیەتی.

تاریق دەپرسێ "گەڕانەوە؟ بۆ کابول؟ "

"تەنیا ئەگەر تۆ بتەوێ."

"لێرە دڵت خۆش نییە؟ دڵخۆش دیاریت. منداڵەکانیش."

لەیلا هەستا، تاریق لەسەر چەرپاکە دەجووڵێت و جێگەی دەکاتەوە.

لەیلا وتی "من دڵم خۆشە، بێگومان دڵم خۆشە... بۆ کوێ دەڕۆین لێرەوە، تاریق؟ ماوەی چەندە دەمێنینەوە؟ ئێرە وڵاتی ئێمە نییە. کابول ئەوێیە، لەوێ زۆر شتی لێیە، زۆربەی شتی باشن. دەمەوێت بەشێک بم لێیان. دەمەوێت شتێک بکەم دەمەوێ هاوبەشی بکەم، تێ دەگەیت؟"

تاریق بەهێواشی سەری دەلەقێنێت "کەواتە دەتەوێت بگەڕێیتەوە، دڵنیایت؟"

"بەڵێ دڵنیام و دەمەوێت. بەڵام لەوە زیاترە. وا هەست دەکەم دەبێت بگەڕێمەوە. لێرە مانەوە چیی تر کارێکی ڕاست نییە."

تاریق سەیری دەستەکانی دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ دەموچاوی لەیلا.

"بەڵام تەنیا: تەنیا ئەگەر تۆیش بتەوێت."

تاریق زەردەخەنە دەیگرێ. هێڵەکانی برۆی ڕوون دەردەکەوتن و بۆ ساتێکی کەم دووبارە تاریقە کۆنەکە بوو، ئەو تاریقەی سەرئێشەی نەدەگرت، کا جارێک وتبووی لە سیبیریا چڵم دەبێت بە سەهۆڵ پێش ئەوەی بگاتە سەرزەوی. لەوانەیە بیرکردنەوەکانی لەیلا بن، بەڵام لەو باوەڕەدایە کە ڕوانینی زیاتری لەو جۆرەی تاریقە کۆنەکە دێن بۆ ناو ئەم ڕۆژانە.

تاریق دەڵێت" من؟ دوات دەکەوم بۆ کۆتاییی دنیا."

لەیلا تاریق ڕادەکێشێ بۆ نزیک خۆی و ماچی لێوی دەکا. لەو باوەڕەدایە کە هەرگیز خۆشەویستیی خۆی بۆ تاریق لە خۆشەویستی ئەم ساتەی زیاتر نەبووە. دەڵێت" سوپاس." ناوچەوانی لەسەر ناوچەوانی دەحەوێنێتەوە.

"بابڕۆینەوە بۆماڵەوە."

"بەڵام یەکەم جار دەمەوێ بچم بۆ هەرەت."

"هەرەت؟"

لەیلا ڕوونی دەکاتەوە.

***

منداڵەکان پێویستیان بەوەیە دڵنیا بکرێنەوە هەریەکەیان بە ڕێگەی خۆی. لەیلا دەبێت لەگەڵ ئەزیزەیەکی خرۆشاودا دابنیشێ کە هێشتا خەوی ناخۆش دەبینێ،

کە داخورپابوو بەدەنگی ڕیزێک تەقە بۆ ئاسمان لەناو ئاهەنگێکدا هەفتەکەی پێشتر. لەیلا دەبێت بۆ ئەزیزەی ڕوون بکاتەوە کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ کابول تاڵیبان لەوێ نابن، لەبەر ئەوە شەڕ نابێت و ناگەڕێتەوە بۆ هەتیوخانەکە." هەموو بەیەکەوە دەژین، باوکت، من، زالمای، لەگەڵ تۆ ئەزیزە. هەرگیز و هیچ کات لە من جیا نابیتەوە، بەڵێنت پێ دەدەم." زەردەخەنە بۆ کچەکەی دەکا. "تاکو ئەو ڕۆژەی خۆت دەتەوێ. ئەویش کە پیاوێکی گەنجت خۆش دەوێت و دەتەوێت شووی پێ بکەیت."

ئەو ڕۆژەی مووری بەجێ دەهێلن، زالمای دڵشکست و خەمبارە. قۆڵەکانی لە دەوری ملی ئالیۆنا پێچاوە و لێی ناکاتەوە.

ئەزیزە دەڵێت "دایە ناتوانم لێی بکەمەوە."

لەیلا دووبارە ڕوونی دەکاتەوە "زالمای ناتوانین بزن ببەینە ناو پاسەکەوە."

هەتا ئەو کاتەی تاریق لە تەنیشتییەوە دادەچەمێتەوە و بەڵێن بەزالمای دەدا لە کابول بزنێکی ڕێک وەک ئالیۆنای بۆ دەکڕێ، زالمای وازی لە بزنەکە نەهێنا.

لەگەڵ سەیدیشدا ماڵئاواییەکی پڕ لە فرمێسکیان کرد، بۆ بەخت باشی لەناو دەرگەکەدا قورئانێکی بۆ تاریق و لەیلا و منداڵەکان گرتبوو کە سێ جار ماچی بکەن، بەرزی کردەوە هەتا بەژێریدا بڕۆن. یارمەتیی تاریقی دا دوو جانتا گەورەکە بەرز بکەنەوە بۆ ناو ئۆتۆمۆبێلەکەی. سەید بوو کە بردنی بۆ وێستگەکە، لەسەر شۆستەکە وەستا و ماڵئاوایی لێ کردن کاتێک پاسەکە کەوتە کار.

کاتێک پاڵی دایەوە بەپەنجەرەی پاسەکەوە سەیری سەیدی دەکرد دەگەڕایەوە، لەیلا گوێی لە گومان دەبێت دەچرپێنێ بەگوێیدا. خۆیان بێ ئەقڵ کردووە؟ بیر دەکاتەوە، ئەم سەلامەتییەی مووری بەجێ دەهێڵن؟ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە باوک و دایک و براکانی لەناو چوون؟ ئەو شوێنەی کە تەنیا پەناگەی دووکەڵی بۆمبەکانە؟

دواتر، لە پێچاوپێچییە تاریکەکانی بیرەوەرییەکانییەوە دوو دێری شیعر بەرز بوونەوە، گۆرانیی ماڵئاواییکردنەکەی بابە :

مرۆڤ نەیدەتوانی مانگە درەوشاوەکانی ناو ئاسمانەکەی بژمێرێ

یان ئەو هەزار خۆرە پرشنگدارەی لە پشت دیوارەکانیەوە خۆیان شاردبووەوە.

لەیلا لەسەر کورسییەکەی پاڵ دەداتەوە. تەڕییەکەی ناو چاوەکانی دەترووکێنێ.

کابول چاوەڕێ دەکات. پێوستی هەیە. ئەم گەشتەی ماڵەوە شتێکی ڕاستە بۆ کردن. بەڵام یەکەم جار یەک ماڵئاوایی کۆتاییی هەیە بۆ کردن.

شەڕەکانی ناو ئەفغانستان ئەو ڕێگەیانەی دەچن بۆ سەر هەرەت و قەندەهار و کابولیان وێران کردووە. ئاسانترین ڕێگە بۆ هەرەت ئێستا لە مەشهەدەوەیە لە ئێران. لەیلا و خێزانەکەی تەنیا بۆ شەو لەوێن. شەوەکە لە ئوتێلێک دەبەنە سەر. وە بەیانی دواتر سواری پاسێکی تر دەبن.

مەشهەد شارێکی پڕ جموجووڵ و قەرەباڵغە. لەیلا تەماشا دەکا کاتێک پارک و مزگەوت و ڕێستۆرانتی چلوکەباب بەتەنیشتیدا تێ دەپەڕن. کاتێک پاسەکە دەچێت بۆ نزرگەی ئیمام ڕەزا، هەشتەم ئیمامی شیعە، لەیلا ملی درێژ دەکا بۆ بینینی دیمەنی زیاتری کاشییە بریقەدارەکان، منارەکان، گومەزێکی ئاڵتوونی بەشکۆ و جوان، کە هەموو بەشەکانی بەپاکی و قەشەنگی پارێزراوە. بیر لە بوداکان دەکاتەوە لە وڵاتەکەی خۆیدا. ئێستا گەردی تەپوتۆزن لەناو با هەڵکردووەکەی بامیاندا دێن و دەبرێن.

کاتی گەیشتنی پاسەکە بۆ سەر سنووری ئێران و ئەفغانستان دە سەعات بوو. هەتا بەرەو ئەفغانستان بڕوات زەوییەکە چۆڵ و هۆڵتر و بێ فەڕتر دەبێت. کەمێک پێش ئەوەی لە سنوور بپەڕێتەوە بۆ هەرەت بەلای ئۆردوگایەکی ئەفغانیدا تێ پەڕین. بۆ لەیلا، شوێنێکی پیس و تەڵخ و پڕ لە تەپوتۆزی زەرد و چادری ڕەش و کوخەی بچووک کە لە پۆڵای چرچ و لۆچی خانوو دروست کراون. دەست بۆ کورسییەکەی ئەوبەر دەبات و دەستی تاریق دەگرێ. لە هەرەت زۆربەی شەقامەکان شۆستەیان هەیە بەسنەوبەری بۆنخۆش لاتەنیشتەکانیان ڕازێنراونەتەوە. پارک و کتێبخانەی سەربەخۆی لێیە لەناو بینای تازە دروستکراو و بۆیەکراودا. لەیلا بیستبووی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیی هەرەت، ئیسماعیل خان، هەوڵی دروستکردنەوەی هەرەتی داوە بەدەستکەوت و شتومەکی زۆر کە لەسەر سنووری ئەفغانستان و ئێران کۆی دەکاتەوە، ئەو پارەیەی ئەو پەیدای دەکا کابول دەڵێت ناشەرعییە و بۆی نییە ئەو کارە سەربەخۆیە بکا و دەبێت هەموو فەرمانێکی لەو جۆرە تەنیا سەر بەحکوومەتی ناوەندی بێت. تۆنێکی پڕ لە ڕێزگرتن و مەترسی لە دەنگی ئەو شۆفێری تاکسییەدا هەبوو کە دەیبردن بۆ ئوتێل موافیق کاتێک ناوی

ئیسماعیل خانی دەهێنا.

دوو شەو مانەوەیان لە ئوتێل موافیق نزیکەی لە سەدا پێنجی ئەو پارەیە دەبات کە پێیانە، بەڵام گەشتەکە لە مەشهەدەوە گەلێک دوور و ماندووکەر بوو، وە منداڵەکان زۆر هیلاک بووبوون. کاتێک کارمەندە بەتەمەنەکەی سەر مێزەکە کلیلی ژوورەکە دەهێنێ بەتاریق دەڵێت کە موافیق بۆ ڕۆژنامەنووس و کرێکاری " ئێن جی ئۆ" بەناوبانگە.

بەخۆهەڵکێشانەوە وتی "بنلادن جارێک لێرە خەوت."

ژوورەکە دوو چەرپای هەبوو، لەگەڵ حەمامێک بەئاوی ساردەوە، وێنەیەکی شاعیر خاجە عەبدوڵا ئاسنەری بەدیوارەکەوە بوو لە نێوان دوو چەرپاکەدا. لە پەنجەرەکەوە، لەیلا دیمەنی شەقامە قەرەباڵغەکەی لەژێرەوە دەبینی لەگەڵ پارکێک لەوبەری شەقامەکەوە بەرێچکەی خشتینەوە لە نێوان کۆمەڵی گەورەی گوڵ و پەرژیندا. منداڵەکان کە بەتەلەڤزیۆن ڕاهاتبوون، بێ ئومێدن لەوەی ژوورەکە تەلەڤزیۆنی تێدا نییە، بەڵام هەر زوو خەویان لێ کەوت. هەر زوو لەیلا و تاریقیش کەوتن، لەیلا بەبێدەنگی لە باوەشی تاریقدا خەوت. بێجگە لەوەی لە نیوەشەودا جارێک لە خەونێک خەبەری بووبووەوە کە لەبیری نەمابوو.

بەیانیی داهاتوو، دوای نانی بەیانییەکی چا و نانی تازە و مرەبای بەهێ و هێلکەی کوڵاو تاریق تەکسییەکی بۆ دەدۆزێتەوە.

تاریق دەڵێت "دڵنیایت کە ناتەوێ من بێم لەگەڵت؟" ئەزیزە دەستی گرتووە. زالمای دەستی نەگرتووە بەڵام لە نزیک تاریقەوە وەستاوە شانێکی ناوە بەلاکەلەکەی تاریقەوە.

"دڵنیام."

"خەممە."

لەیلا دەڵێت "کێشەم نابێت، بەڵێن دەدەم. منداڵەکان ببە بۆ مارکێتێ شتێکیان بۆ بکڕە." زالمای دەست دەکا بەگریان کاتێک تاکسییەکە دەست دەکا بەڕۆیشتن. وە کاتێک لەیلا ئاوڕ دەداتەوە دەبینێ کە دەچێت بۆ لای تاریق. بینینی زالمای کاتێک دەست دەکا بەپەسندکردنی تاریق دڵی لەیلا هەردوو ئاسوودە و لەت دەکات. شۆفێرەکە دەڵێت" تۆ خەڵکی هەرەت نیت." قژێکی تۆخی درێژی هەیە تا

سـەرشـانی، نیـشـانەیەک بەشـێکی لە سـمـێـڵی جـیـا کـردووەتەوە لـەلای چەپەوە. وێنەیەک بەپەنجـەرەی پێشەوەیە لەلای خۆیەوە هـی کـچێکی منداڵە بەدوو ڕوومـەتی پەمەیی و قژی لە ناوەڕاستدا لادراوە و کراوە بەدوو پرچ لەملا و لاوە.

لەیلا پێـی دەڵێت "سـاڵی ڕابردوو لە پـاکسـتـان بـووم و دەگـەڕێمـەوە بۆ کـابول بۆ دێمەزەنگ."

لە پەنجـەرەکـەوە دەبـینێت مـسـگـەر دەسکی زەردیان لـەحـیـم کـردووە بۆ دەفـر و دۆلکە، زین دروسـتکەر پێـسـتـەی خۆشنەکراوی ڕەشـەوڵاغـیـان لەبەر خـۆرەکـەدا ڕاخستووە هـەتا وشک بێتەوە.

دەپرسێ "ماوەیەکی زۆرە لێرە دەژیت براکەم؟"

"ئا، هـەمـوو ژیانم. لێرە لـەدایک بووم. هـەمـوو شـتـێکم بینیـوە. تۆ شـۆڕشـەکـەت بیرە؟"

لەیلا دەڵێت لە بیرمە، بەڵام ئەو بەردەوامە.

"لە مارسی ١٩٧٩دا بوو، دەوری دوو مانگ پێش ئەوەی سۆڤیـەتەکان داگیرکاری بکەن، هـەندێک هـەرەتی تووڕەیەک دوو ڕاوێژکاری سـۆڤـیـەتەکانیـان کوشت، لەبەر ئەوە سـۆڤـیـەتەکان دەبابە و تۆپەکـانیـان نارد و دایان بەم شـوێنەدا. بۆ سێ ڕۆژ، ئاگریان لە شـارەکە بەردا. بیناکانیـان ڕووخـاند، یەکێک لە منـارەکانیـان شکاند، هـەزاران خــەڵکیــان کــوشت. هـەزاران. لـەو سێ ڕۆژەدا دوو خــوشکم کــوژران یەکێکیان دوازدە ساڵ بوو." دەکێشێ بەسەر وێنەی سەر پەنجەرەکەدا "ئەوە ئەوە."

لەیلا دەڵێت "ببـوورە." سـەرسـامـە لـەوەی چۆن چیـرۆکی هـەمـوو ئەفـغـانیـیـەک بەمـەرگ و لەدەسـتچـوون و خـەفـەتی بێ سنوور هێـمـا کـراوە. وە هێشـتـا دەبینێ، خەڵک ڕێگـەیەک دەدۆزنەوە بۆ مان و بەردەوامبـوونی ژیان. لەیلا بیر لـە ژیانی خۆی و هـەمـوو ئەوەی بەسـەریدا هـاتووە دەکـاتەوە. وە سـەری سـوڕ دەمـێنێ لەوەی کـە هێشتـا ماوە، لەوەی زیندووە و لەناو ئەم تاکسییەدا دانیشتـووە و گوێ لە چیرۆکی ئەم پیاوە دەگرێ.

گوڵدەمـان لادێیـەکە بەیەک دوو خـانووی جـیـاکـراوە و بەرزکراوە لەناو کۆمـەڵێک کوخی لـە قـوڕ و پووش دروسـتکراودا. لە دەرەوەی کـوخـەکان، لەیلا ژنانـی بەخـۆر سـووتـاو دەبینێ چێـشت لێ دەنێن، دەمـوچاویان ئارەقی کـردووەتەوە بەو هـەڵـمـەی

هەڵدێت لە قابلەمەی گەورە و ڕەشبوو کە لەسەر ئاگر جێگەیان بۆ ڕێک کراوە. هێسترەکان لە ئاخوڕەکانیان دەخۆن. ئەو منداڵانەی بەدوای مریشکەکاندا ڕادەکەن دەست دەکەن بەڕاکردن بەدوای تاکسییەکەدا. لەیلا پیاوان دەبینێت پاڵ بەعارەبانەی دەستییەوە دەنێن کە پڕ کراون لە بەرد، دەوەستن و سەیری تاکسییەکە دەکەن بەلایاندا دەڕوا. شۆفێرەکە پێچێک دەکاتەوە بەلای سەرقەبرانێکدا دەڕۆن کە ڕەنگێکی بەزەرد و کۆن داپۆشراوە و ئارامگەیەکی گەورە لە ناوەڕاستیدایە. شۆفێرەکە پێی دەڵێت سۆفییەکی لادێکە لەوێ نێژراوە.

ئاشێکی با-شی لێیە. لە سێبەری پەڕە لە کارکەوتوو تۆز لێ نیشتووەکاندا سێ کوڕی بچووک هەڵتروشکاون و یاری بەقوڕ دەکەن. شۆفێرەکە دەوەستێت و خۆی دەدا بەسەر پەنجەرەکەدا. بەتەمەنترینی کوڕەکان ئەوە بوو کە وەڵامی دایەوە. دەستی بۆ ماڵێک ڕاکێشا بۆ سەرەوەی ڕێگەکە. شۆفێرەکە سوپاسی کرد و سەیارەکەی گەڕاندەوە بۆ گێر.

سەیارەکە لە دەرەوەی ماڵێکی جیاکراوەی یەک قات ڕادەگرێ. لەیلا سەرەوەی درەختەهەنجیرەکان دەبینێت لە سەروو دیوارەکانەوە هەندێک لە چڵەکان بەلایەکدا پەرش و بڵاو بوونەتەوە.

بەشۆفێرەکە دەڵێت "زۆرم پێ ناچێت."

ئەو پیاوە نیوە تەمەنەی دەرگەکەی کردەوە پیاوێکی کورت و لاواز بوو کە قژێکی مەیلەو قاوەیی و ڕیشێکی ماش و برنجی هەبوو.

سڵاویان لەیەک کرد.

لەیلا دەپرسێت "ئەمە ماڵی مەلا فەیزوڵایە؟"

"بەڵێ. من کوڕی ئەوم، هەمزە. شتێک هەیە بتوانم بۆت بکەم، خوشکم؟"

"هاتووم بۆ ئێرە لەبارەی هاوڕێیەکی کۆنی باوکتەوە، مریەم."

هەمزە چاوی لێ دەترووکێنێ. نیگایەکی حەپەساو بەدەموچاویدا تێ پەڕی" مریەم..."

"کچەکەی جەلیل خان."

دووبارە چاوی دەترووکێنێتەوە. پاشان بەردەستی دەخاتە سەر ڕوومەتی و

دەموچاوی بەزەردەخەنەیەک ڕووناک دەبێتەوە. ددانێکی کەوتوو و ددانێکی خراپی دەردەکەوێ. دەڵێت" ئۆھ! " وشەکە بەجۆرێک ھاتە دەرەوە کە ھەناسەیەک بداتە دەرەوە وەک ئەوەی بڵێت ئۆۆۆۆۆۆھ "ئۆھ! مریەم! تۆ کچی ئەویت؟ ئەی ئەو..." ملی جووڵاند و بەپەرۆشەوە سەیری دواوەی لەیلا دەکا و دەگەڕێ "ئەو لێرەیە؟ زۆر دەمێکە نەمبینیوە! مریەم ھاتووە بۆ ئێرە؟"

"کۆچی دواییی کردووە، بەداخەوە."

زەردەخەنەکەی سەر دەموچاوی ھەمزە کاڵ بووەوە.

بۆ ساتێک، لێرەدا دەوەستن، لەناو دەرگەکەدا ھەمزە لە ئەرزەکە ڕادەمێنێ. گوێدرێژێک لە دوورەوە دەزەڕێنێ. ھەمزە دەڵێ "وەرە ژوورەوە." دەرگەکە بەتەواوی دەکاتەوە "تکایە فەرموو."

لەسەر ئەرزی ژوورێکی تازە و پەرش و بڵاو دادەنیشن. فەرشێکی ھەرەتی ڕاخراوە، لەگەڵ دۆشەکی بەرگ تێ گیراو بۆ دانیشتن، لەگەڵ وێنەیەکی لە چوارچێوە گیراوی مەککە بەدیوارەکەوە. لەلای پەنجەرە کراوەکەوە دادەنیشێ. لە ھەردوو لاوە گورزەی درێژکۆلەی ھەتاو ھاتوونەتە ژوورەوە. لەیلا گوێی لە دەنگی ھەندێک ژن دەبێت لە ژوورەکەی ترەوە دەجووڵێن. کوڕێکی بچووکی پێپەتی سینییەک چای سەوز و قاپێک گەزی فستەقی لە بەردەمیاندا دانا. ھەمزە سەری بۆ لەقاند.

"کوڕەکەم."

کوڕەکەی بەبێدەنگی ڕۆیشت.

ھەمزە بەھیلاکی دەڵێ "کەواتە پێم بڵێ."

لەیلا بەگوێی کرد. ھەموو شتێکی پێ دەڵێت. کاتی لەوە زیاتری پێ دەچێت لەوەی کە بیری لێ کردبووەوە. بەرەو کۆتاییەکەی، ھەوڵ دەدا لەسەرخۆیی ڕابگرێت. ھێشتا یەک ساڵ دواتر قسەکردن لەبارەی مریەمەوە شتێکی ئاسان نییە.

کاتێک تەواو بوو، ھەمزە بۆ ماوەیەکی زۆر ھیچ ناڵێ. بەھێواشی پیاڵە چاکەی لەسەر ژێرپیاڵەکە دەسووڕێنێتەوە بۆ لایەک، پاشان بۆ لاکەی تر.

لە کۆتاییدا دەڵێ "باوکم، خوا بیبەخشێ، زۆری خۆش دەویست. باوکم بوو

بانگی دا بەگوێیدا کاتێک مریەم لەدایک بوو. هەموو هەفتەیەک سەردانی دەکرد، هەرگیز لە بیری نەدەکرد. هەندێ جار منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد ئەو فێرکەری بوو. بەڵام هاوڕێشی بوو. بەڵام پیاوێکی دڵنەرم و چاکەکار بوو. تەواو تێک شکا کاتێک جەلیل خان مریەمی بەخشی."

"داوای لێبووردن دەکەم لەبارەی باوکتەوە. خوا بیبەخشێت."

هەمزە سەری لەقاند و سوپاسگوزار بوو. "ژیا هەتا بوو بەپیاوێکی زۆر پیر. لە جەلیل خان زیاتر ژیا، لەناو سەرقەبرانی لادێکەدا ناشتمان، زۆر دوور نییە لەو شوێنەی دایکی مریەمی لێ نێژراوە. باوکم پیاوێکی زۆر زۆر بەڕێز بوو. بەدڵنیاییەوە بەهەشتییە."

لەیلا پیاڵەکەی بەرز کردەوە.

"دەتوانم داوایەکت لێ بکەم؟"

"بێگومان."

"دەتوانیت ئەو شوێنەم پیشان بدەیت کە مریەمی لێ دەژیا؟ دەتوانیت بمبەیت؟"

شۆفێرەکە ڕازی بوو ماوەیەکی زیاتر چاوەڕێی بکا.

هەمزە و لەیلا لە لادێکە چوونە دەرەوە و بەگردەکەدا چوونە خوارەوە بەو ڕێگەیەدا کە هەرەت و گوڵدەمان بەیەکەوە دەبەستێ. دوای پازدە خولەک یان زیاتر، دەست بۆ بۆشاییەکی باریک ڕادەکێشێ لەناو ئەو گژوگیا درێژەی کە ڕێگەکەی لە هەردوولاوە گرتووە.

دەڵێ "بەم شێوەیە دەگەیتە ئێرە، لەوێ ڕێچکەیەکی لێیە."

ڕێچکەکە زبر و پێچاوپێچ و نادیار بوو لەژێر سەوزاییەکەدا وە زۆر تەنگەبەر بوو. بایەکە پاڵ بەگیا درێژەکەوە دەنێت و دەیدات بەلاقی لەیلادا کاتێک لەگەڵ هەمزە بەسەر گردەکەدا هەڵدەگەڕێن. لەملا و لایانەوە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆری کێوی لەناو بایەکەدا دەهاتن و دەچوون و دیلانێیان دەکرد، هەندێک درێژ بەپەڕەی گوڵی چەماوەوە، ئەوانەی تر نزم و گەڵا پان بوون. لێرە و لەوێ یەک دوو گوڵەبەهارەی نارێک و ئاڵۆزاو لەناو پنتک و دەوەنە نزمەکاندا سەریان دەرهاتبوو. لەیلا گوێی لە جریوەجریوی پەڕەسێلکەکانە بەسەر سەریەوە لەگەڵ چۆقەچۆقکردن و سەرقاڵیی کوللەکان لە داوێنی هەنگاوەکانییەوە. بەرەو

سەرگردەکە ڕۆیشتن نزیکەی دووسەد پێ یان زیاتر. پاشان ئاستەکەی دەگۆڕێ و دەکرێتەوە بۆ پەڵە زەوییەکی نزمتر. دەوەستن و هەناسەیەک وەردەگرن، لەیلا سەرقۆڵی بلوزەکەی بەئەسپایی دەهێنێ بەبرۆکانیدا، بەتوندی دەکێشێ بەکوورەیەک مێشوولەدا کە لە پێش دەموچاویەوە وەستاون. لەیلا لێرەوە زنجیرە چیاکانی ناو ئاسۆکە و یەک دوو درەختی تووکاوی و هەندێک چنار و چەند جۆرێکی دار و دەوەنی تر کە ناوەکانیان نازانێ دەبینێ.

هەمزە کە کەمێک هەناسەی پێ ماوە دەڵێ "لێرە جۆگەیەکی لێ بوو بەڵام لەمێژە وشکی کردووە."

وتی من لێرە چاوەڕێ دەکەم لەو جۆگە وشکە بپەڕێرەوە ئەوبەرەوە و بەرەو چیاکان برۆ.

لەسەر بەردێک لەژێر دار چنارێکدا دادەنیشێ و دەڵێ "من لێرە چاوەڕێت دەکەم، تۆ برۆ."

"من نا..."

"دوودڵ مەبە، بەپشووی خۆت. برۆ، خوشکم."

لەیلا سوپاسی دەکا. لە جۆگەکە دەپەڕێتەوە بەسەر بەردەکاندا هەنگاو دەنێ. قوتووی شکاوی پیپسی و خواردنەوەکانی تر دەبینێ لەناو بەردەکاندا قوتووی ژەنگاوی لەگەڵ قاپێکی ژەنگ هەڵهێناوی مس کە نیوەی لە زەوییەکەدا نێژراوە. ملی ڕێ دەگرێت بەرەو شاخەکان، بەرەو شۆڕەبییەکان کە ئێستا دەبینێ لقە شۆڕ و درێژەکانیان لەگەڵ هەر تەووژمێکی باکەدا دەشنێنەوە. دڵی لەناو سنگیدا دەکوترێ، دەبینێت شۆڕەبییەکان بەو جۆرە ڕیز کراون کە مریەم باسی دەکرد. لە شێوەی بازنەیەکدا لەگەڵ پارچە زەوییەکی پاک کراوە لە ناوەڕاستیدا. لەیلا خێراتر دەڕوا، خەریکە ڕادەکا، ئێستا. لەسەر شانییەوە سەیری دواوە دەکا دەبینێ هەمزە شێوەیەکی بچووکە. سەروپێچەکەی سەری کڵپەیەکی ڕەنگە لەناو درەختەکاندا. بەسەر بەردێکدا باز دەدا و خەریکە بکەوێ، سەرلەنوێ دەست دەکاتەوە بەڕۆیشتن. باقی ڕێگەکە زۆر بەخێرایی دەڕوات دەرلنگی پانتۆڵەکەی هەڵدەکا. ئەو کاتەی دەگاتە شۆڕەبییەکان تووشی هەناسەبڕکێ بووەتەوە.

کوخەکەی مریەم هێشتا لێرەیە.

کاتێک پێی دەگا، لەیلا دەبینێ تاکە شووشە پەنجەرەکە بەتاڵە و دەرگەکەی لێ نەماوە. مریەم باسی کولانەی مریشک و تەندوورێکی بۆ کردبوو، ئاودەستخانەیەکی تەختەش، بەڵام لەیلا هیچ هێمایەکیان نابینێ. لەناو ڕێی چوونە ژوورەوەی ڕێگەکەدا دەوەستێ گوێی لە دەنگی مێش و مەگەزە لە ژوورەوە گیزەیان دێت.

بۆ چوونە ژوورەوە، لەیلا دەبێت لەسەرلا هەنگاو بنێت بەلای هێلانە جاڵجۆڵەکەیەکی گەورەدا. دەبێت یەک دوو سات بدا بەچاوەکانی بۆ ڕۆشنبوونەوە. کاتێک ڕۆشن دەبنەوە دەبینێت ناوەوەی زۆر لەوە بچووکترە کە بیری لێ کردبووەوە. تەنیا نیوەی پارچە تەختەیەکی گەنیو و تەڵەزماوی لە تەختەکە ماوەتەوە. ئەوی تر، لەو باوەڕەدایە، بۆ سووتاندن بەکار هێنراوە. ئێستا زەوییەکە بەگەڵای وشکهەڵاتوو داپۆشراوە لەگەڵ بتڵی شکاو و کاغەزی بنێشت، قارچکی کێوی، کاغەزی سیگاری زەردهەڵاتوو. بەڵام بەزۆری بەگیای خۆڕسک، هەندێک نیوە گەشەکردوو هەندێکیش بەڕووقایمی هەڵبەزیونەتەوە هەتا ناوقەدی دیوارەکە.

لەیلا بیر دەکاتەوە، پازدە ساڵ. پازدە ساڵ لەم شوێنەدا.

لەیلا دادەنیشێ، پاڵی داوە بەدیوارەکەوە و گوێ بۆ بایەکە دەگرێ بەناو شۆڕەبییەکاندا تێ دەپەڕێت. هێلانەی جاڵجاڵۆکەی زیاتر هەن لە سەقفەکەوە لەمبەر بۆ ئەوبەر. کەسێک بۆیەیەکی پەمپی پرژاندووە بەسەر یەکێک لە دیوارەکاندا بەڵام بەشی زۆری لێ بووەتەوە و لەیلا ناتوانێت بیخوێنێتەوە یان بیدۆزێتەوە چی نووسراوە. پاشان بۆی دەردەکەوێ پیتەکان ڕووسین. هێلانەیەکی جیاکراوەی باڵندەیەک لە سووچێکدایە. شەمشەمەکوێرەیەک بەسەرەوخواری خۆی هەڵواسیوە لە سووچێکی تردا لەو شوێنەی دیوارەکە بەسەقفە نزمەکە دەگا.

لەیلا چاوی دادەخات و بۆ ماوەیەک لەوێ دادەنیشێ.

لە پاکستان هەندێ جار بیرهاتنەوە و شێوە تایبەتەکانی دەموچاوی مریەم سەخت بوو. هەندێ کات هەبوون وەک وشەیەک لەسەر نووکی زمان دەموچاوی مریەم خۆی بەدەستەوە نەدەدا. بەڵام ئێستا، لێرە لەم شوێنەدا، ئاسانە مریەم لە پشت پێڵووی چاوەکانییەوە ڕابگرێ: شەوقە نەرمەکەی نیگاکانی، چەناگە درێژەکەی، پێستە زبرەکەی ملی، زەردەخەنە لێو داخراوەکەی. لێرە، لەیلا

دەتوانێت نەرمـاییی ڕوومـەتی لەسـەر کـۆشی مـریەم دابنێ و دەتوانێ هەست بەڕاژەندنی مریەم بۆ دواوە و پێشەوە بکا و دەقەکانی قورئان بڵێتەوە، دەتوانێت هەست بکات کە وشـەکان گیـانی مریـەم دەلەرزێن بگرە لە ئەژنۆوە بۆ گـوێکانی لەیلا خۆی.

پاشـان، لە پڕ گیاکان دەستیـان کرد بەکشـانەوە وەک ئەوەی یەکێک لەژێرەوە ڕایان کێشـێتـەوە خوارەوە. نزمـتر و نزمـتر دەبنەوە هەتا زەویی کوخەکە دواین گـەڵای دڕکـاوی قـووت دەدا. هێـلانە جـاڵجـاڵۆکـەکـان لە خـۆیانەوە خـۆیان هەڵدەوەشـێننەوە، هێـلانەی باڵندەکە خـۆی لێک دەکـاتەوە، چڵ و چێـوەکان یەکـە بەیەکە لێک دەترازان، فڕینە دەرەوەی کوخەکە. سرە رەوەیەکی نەبینراو نووسینە ڕووسیاییەکەی سەر دیوارەکە دەسڕێتەوە.

تەختـەکانی زەوییـەکە گەڕانەوە. لەیلا ئێستـا جووتێک پێخەف دەبینێ، لەگەڵ مـێـزێکی تـەخـتـە، دوو کـورسـی، زۆپایـەکی ئاسن لـە سـووچـەکـەدا، ڕەفـە بەدیوارەکانەوە، لەسـەریان قۆری و تاوە و مەنجەڵی لێیە لەگەڵ کترییەکی ڕەشبوو و پیاڵە و کـەوچکە چا. گوێی لێیـە مـریشکەکان لە دەرەوە دەگارێن. جـۆگەکە لە دوورەوە بڵقەبڵق دەکا.

مریەمێکی گەنج لەسەر مێزەکە دانیشـتووە لەلای چرایەکەوە بووکێک دروست دەکات. لەبەر خۆیەوە شـتێک دەڵێ، دەمـوچاوی ساف و گەنجانەیە، قژی شـۆراو و شانەکراوە و هەمـوو ددانەکانی هەیە. لەیلا سـەیری مریەم دەکا تاڵە دەزووی بەن دەلکێنێ بەسـەری بووکەکەوە. لە یەک دوو ساڵدا، ئەم کچە بچووکە دەبێت بە ژنێک کە فـەرمانی بچـووک دەدا بەسـەر ژیاندا، کە هەرگیز کەس بێزار ناکا، کە هەرگیز وا خـۆی پێشـان نادا کـە ئەو بێت خـەم و خـەفـەتی هەبێت، بێ ئومـێـدی و ئەو خـەونانەی کە بەلاقرتەییـەوە گاڵتـەیان پێ دەکرێ، هـەیە. ژنێک وەک بەردێک دەبێت لەناو ڕووبارێکدا بەبێ گلەیی بەرگە دەگرێت، میهرەبانییەکەی لەکەدار نابێت، بگرە لەلایەن ئەو پشێوییەوە دروست دەبێت کە خۆی پێدا دەماڵێت و دەیشواتەوە. لەیلا شتێک دەبینێ لە پشت چاوی ئەم کچە گەنجەوە، شـتێکی قـووڵ لە ناوەڕاستیدایە کـە نە ڕەشـید و نـە تاڵیـبان توانای ئەوەیان دەبێت بیشـکێنن. شـتـێکی بەهێـز و کۆڵنەدەر وەک قاڵبێکی بەردین. شتێک کە، لە کۆتاییدا، دەبێتـە هۆی وێرانکردنی

خۆی و ڕزگارکردنی لەیلا.

کچە بچووکەکە سەر بەرز دەکاتەوە. بووکەکە دادەنێ. بزەیەک دەکا.

لەیلا گیان؟

چاوەکانی لەیلا تا ئەوپەڕ دەکرێنەوە. هاوار دەکا و گیانی لە پڕ دەجووڵێت بەرەو پێشەوە. شەمشەمەکوێرەکە ڕادەچڵەکێ و لە کۆتاییەکی کوخەکەوە دەچێت بەرەو کۆتاییەکەی تری و باڵە شەکاوەکانی وەک لاپەڕەی کتێبێک دەلەرانەوە پێش ئەوەی لە پەنجەرەکەوە بفڕێتە دەرەوە.

لەیلا هەڵدەستێتە سەرپێ، گەڵا مردووەکانی پشتی پانتۆڵەکەی دەتەکێنێ، لە کوخەکە دەچێتە دەرەوە. لە دەرەوە، ڕووناکییەکە کەمێک گۆڕاوە و بایەک هەڵی کردووە کەرویشکە بەگیاکە و چرتە بەشۆڕەبییەکان دەکا.

پێش ئەوەی زەوییەکە بەجێ بهێڵێت، لەیلا یەک دواین نیگا دەگرێتە کوخەکە، لەو شوێنەی مریەم تێیدا خەوتووە، نانی تێدا خواردووە، خەوی تێدا بینیوە، تێیدا هەناسەی بۆ جەلیل ڕاگرتووە. لەسەر دیوارە داتەپیوەکان شۆڕەبییەکان لەگەڵ هەر جووڵەیەکی باکەدا شێوازێکی چڕوپڕ دروست دەکەن، قەلەڕەشێک لەسەر سەربانە نزمەکە نیشتووەتەوە، دەنووک لە شتێک دەدا، دەقیرێنێ، پاشان دەفڕێ.

"ماڵئاوا، مریەم"

پاشان، لەگەڵ ئەوەدا، بێ ئاگا لەوەی دەگری، لەیلا دەستی کرد بەڕاکردن بەناو گیاکەدا.

هەمزە دەدۆزێتەوە کە هێشتا لەسەر بەردەکە دانیشتووە، کاتێک ئەویش دەیبینێ هەڵدەستێتە سەرپێ، دەڵێ "بابگەڕێینەوە، شتێکم هەیە بتدەمێ."

لەیلا لەناو باخەکەی ناو دەرگەکەی دەرەوەدا چاوەڕێی هەمزە دەکا. ئەو کوڕەی پێشتر چاییەکەی بۆ هێنابوون لەژێر درەختێکی هەنجیردا وەستاوە و مریشکێکی لە باوەشدایە، بەهەست مردووییەوە سەیری لەیلا دەکا. لەیلا چاوی لەسەر دوو دەموچاوە، ژنێکی بەتەمەن لەگەڵ کچێک، هەردووکیان بەحیجابەوە بەخۆبەشەرمن نواندنەوە لە پەنجەرەکەوە لێی ڕامابوون.

دەرگەی ماڵەکە دەکرێتەوە و هەمزە پەلەیەتی. سندووقێکی پێیە.

دەیدات بەلەیلا.

هەمزە دەڵێ "جەلیل خان ئەمەی دا بەباوکم مانگێک زیاتر بەر لەوەی بمرێ. داوای لە باوکم کرد چاودێریی بکا و بیپارێزێ بۆ مریەم. هەتا دێت و داوای دەکا. باوکم بۆ دوو ساڵ هەڵی گرت. پاشان، پێش ئەوەی بمرێ دای بەمن، داوای لێ کردم بیپارێزم بۆ مریەم. بەڵام... تۆ دەزانیت، ئەو هەرگیز نایەت."

لەیلا سەر دادەخات بۆ سەر سندووقە کانزا شێوە هێلکەییەکە. لە سندووقێکی کۆنی چکلێت دەچێت. سەوزێکی زەیتونییە بەنەخش و نیگارێکی زێرینەوە بەدەوری لێواری سەرەکەیدا. کەمێک ژەنگ بەلاکانیەوەیەتی، لەگەڵ دوو قوپاوی بچووک بەقەراخی سەرەکەیەوە. لەیلا هەوڵ دەدا سندووقەکە بکاتەوە بەڵام ئەڵقەکەی قفڵ کراوە.

دەپرسێ "چی تێدایە؟"

هەمزە کلیلێک دەکاتە ناولەپی دەستییەوە "باوکم هەرگیز نەیکردووەتەوە. منیش بەهەمان شێوە. لەو باوەڕەدام ئەوە فەرمانی خوا بوو کە دەبێت تۆ بیکەیتەوە."

لە ئوتێلەکە تاریق و منداڵەکان هێشتا نەهاتوونەتەوە.

لەیلا لەسەر چەرپاکە دادەنیشێ، سندووقەکە لەسەر باوەشیەتی. بەشێک لە لەیلا دەیەوێ بەنەکراوەیی بەجێی بهێڵێ، لێی بگەڕێ جەلیل بەنهێنی بمێنێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا، پەرۆشییەکە زۆر بەبەهێزی زیاد دەکا، کلیلەکە دەکاتە ناو قفڵەکەوە، هەندێک سوڕان و ڕاوەشاندنی دەوێت، بەڵام لەیلا سندووقەکە دەکاتەوە.

لە ناویدا، لەیلا سێ شت دەدۆزێتەوە: نامەیەک، توورەکەیەکی گوش، شریتێکی ڤیدیۆ.

لەیلا شریتەکە دەبات و دەچێتە خوارەوە بۆ مێزی پرسگەکە. لەو پیاوە بەتەمەنەوە کە ڕۆژی پێشتر بەخێرهاتنی کردبوون زانیبووی کە ئوتێلەکە تەنیا یەک "ڤی، سی، ئار"ی تێدایە، لەناو گەورەترین ژووردایە. ژوورەکە لەو ساتەدا بەتاڵە، پیاوەکە ڕازی دەبێت بیبات. مێزەکە بۆ پیاوێکی گەنج بەجێ دەهێڵێ کە قاتێکی لەبەردایە و بەمۆبایل قسە دەکا.

کارمەندە بەتەمەنەکە لەیلا دەبات بۆ قاتی دووەم بۆ دەرگەیەک لە کۆتاییی داڵانەکەدا. دەیکاتەوە و لەیلا دەنێرێتە ژوورەوە. چاوی لەیلا تەلەڤزیۆنەکە لە

ژوورەکەدا دەدۆزێتەوە.

لەیلا تەلەڤزیۆنەکە هەڵدەکات، ڤی سی ئاڕەکە هەڵدەکات. شریتەکەی تێ دەکات و پەنجە دەنێت بە دوگمەکەیدا. شاشەکە بۆ ساتێک بەتاڵە. لەیلا دەست دەکات بەدوودڵی بۆچی جەلیل خۆی خەریک کردووە بەناردنی شریتێکی بەتاکەوە بۆ مریەم. بەڵام دواتر مۆسیقایەک دەست پێ دەکات و وێنە دەست دەکەن بەهاتن بۆ سەر شاشەکەی.

لەیلا ڕادەمێنێ، بەردەوام دەبێت لە سەیرکردن بۆ خولەکێک یان دووان پاشان دەیوەستێنێ، پەنجەی پێ دادەنێت بڕوات پاشان دایدەگیرسێنێتەوە. هەمان فیلمە.

پیاوە پیرەکە بەشێوەیەکی سەیر و پێکەنیناوییەوە سەیری دەکا.

ئەو فیلمەی لەسەر شاشەکە ئیش دەکا واڵت دیزنی پینۆچیۆیە. لەیلا تێی ناگات.

تاریق و منداڵەکان دوای سەعات شەش دەگەڕێنەوە بۆ ئوتێلەکە ئەزیزە ڕادەکا بۆ لای لەیلا و ئەو گوارانەی نیشان دەدا کە تاریق بۆی کڕیوە، زیو و پەپوولەیەکی مینا بەسەر هەریەکەیانەوە. زالمای دۆلفینێکی فووتێکراوی توند گرتووە دەقیرێنێ کاتێک دەست دەنێت بەلووتیدا.

تاریق قۆڵەکانی لە دەوری شانی لەیلا دەپێچێ و دەپرسێ "چۆنیت؟"

لەیلا دەڵێت" باشم، دواتر پێت دەڵێم. "

دەچن بۆ کەبابخانەیەکی نزیک بۆ نانخواردن. شوێنێکی بچووکە، بەچەرچەفی لینجی سەر مێزەکانی و دووکەڵ و ژاوەژاوەوە. بەڵام گۆشتە گوێرەکەکە ناسک و تەڕە و نانەکەش گەرمە. دواتر بۆ ماوەیەک بەپیاسە دەڕۆن بەسەر شەقامەکەدا. تاریق لە دووکانێکی سەرشەقامەکە ئایسکرێمی گوڵاو بۆ منداڵەکان دەکڕێ، لەسەر کورسییەک دادەنیشن و دەیخۆن. شاخەکانی دوایانەوە، وێنەیەکی تاریکیان هەیە لەناو تەپوتۆزێکی سوورهەڵگەڕاودا هەواکە گەرمە و دەوڵەمەندە بەبۆنی سنەوبەر. لەیلا زووتر زەرفە نامەکەی کردبووەوە کاتێک گەڕابووەوە بۆ ژوورەکەی دوای سەیرکردنی شریتەکە. لەناویدا نامەیەک هەبوو، دەستنووس، بەڕەنگی مرەکەبێکی شین لەسەر پەڕەیەکی خەتداری زەرد.

نووسرابوو:

١٣، مایس، ١٩٨٧

ئازیزەکەم مریەم: دوعا دەکەم ئەم نامەیە لەناو تەندروستییەکی باشدا بتدۆزێتەوە.

وەک دەزانیت، مانگێک لەمەوبەر هاتم بۆ کابول قسەت لەگەڵ بکەم. بەڵام نەتویست بمبینی. بێ ئومێد بووم بەڵام نەمتوانی تاوانبارت بکەم. لە شوێنی تۆدا لەوانە بوو منیش هەمان شت بکەم. مافی بینینی جوانی و ناسکییەکەتم لەمێژە لەدەست داوە، وە بۆ ئەمە تەنیا خەتای خۆم دەگرم. بەڵام ئەگەر ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە کەواتە ئەو نامەیەت خوێندووەتەوە کە لەناو دەرگەکەتدا بەجێم هێشت. خوێندووتتەوە و هاتوویت مەلا فەیزوڵات بینیوە وەک چۆن داوام لێ کردوویت تێیدا. سەربەرزم کە هاتیت، مریەم گیان. هەست بەمەزنی دەکەم بەهەبوونی ئەم دەرفەتە بەوەی یەک دوو وشەت پێ بڵێم.

لە کوێوە دەست پێ بکەم؟

لەو کاتەوەی بۆ دواجار قسەمان کرد، باوکت زۆر خەمی تری ناسیوە، مریەم گیان. زڕدایکەکەت، ئەفسوون، کوژرا لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٧٩دا. گوللەیەکی وێڵ خوشکەکەت "نیلوفەر"ی کوشت ئەو هەمان ڕۆژە. هێشتا دەیبینم نیلوفەرە بچکۆلەکەم، سەرمەقولات دەدا و لەسەر سەر دەوەستێ بۆ هەست جووڵاندنی میوانەکان. براکەت، فەرهاد، چوو بۆ جیهاد لە ١٩٨٠دا. سۆڤیەتەکان لە ١٩٨٢دا کوشتیان لە دەرەوەی هیلماند. هەرگیز لاشەکەیم نەبینییەوە. نازانم ئەگەر منداڵی خۆت هەیە، مریەم گیان، بەڵام ئەگەر هەتە دوعای ئەوە دەکەم کە خوا ئاگای لێیان بێت و ئەو خەفەتەت لە کۆڵ بکاتەوە کە تووشی من هات. هێشتا خەویان پێوە دەبینم. هێشتا خەون بەمنداڵە مردووەکانمەوە دەبینم.

خەون بەتۆشەوە دەبینم، مریەم گیان. بیرت دەکەم. بیری دەنگت دەکەم، بیری پێکەنینەکەت و خوێندنەوە بۆ تۆ دەکەم، بیری هەموو ئەو کاتانە دەکەم کە بەیەکەوە ڕاوەماسیمان دەکرد. هەموو ئەو کاتانەت بیرە کە بەیەکەوە ڕاوەماسیمان دەکرد؟ تۆ کچێکی سەلار بوویت، مریەم گیان، هەرگیز ناتوانم بیر لە تۆ بکەمەوە بەبێ هەستکردن بەشەرم و پەشیمانی. پەشیمانی... کاتێک دێتە سەر باسی تۆ، مریەم گیان، ئۆقیانووسم لێی هەیە. لەوە پەشیمانم نەمبینیت ئەوە ڕۆژەی هاتیت بۆ

هەرەت. لەوە پەشیمانم کە دەرگەکەم نەکردەوە و نەمهێنایتە ژوورەوە. لەوە پەشیمانم نەمکردیت بەکچێکی خۆم، کە ڕێگەم دایت بۆ هەموو ئەو ساڵانە لەو شوێنەدا بژیت. وە بۆ چ شتێک؟ ترس لە لەدەستدانی شکۆمەندی؟ لە لەکەدارکردنی بەناوبانگییەکەم؟ ئەو شتانە ئێستا چەند لەلام بچووک و بێ نرخن، دوای ئەو هەموو لەکیسچوونە، ئەو هەموو ڕووداوە ترسناک و ناخۆشانەی لەناو ئەم شەڕدا بینیومن. بەڵام ئێستا، بێگومان، کات بەسەرچووە. ڕەنگە ئەمە تەنیا سزادانە بۆ ئەوانەی دڵڕەق و بێ هەست بوون بۆ ئەوەی تێ بگەن لەوەی تەنیا هیچە، کە ناتوانرێ نەکرێت. وە ئێستا ئەوەی دەتوانم بیکەم ئەوەیە بڵێم زۆر کچێکی سەلار بوویت، مریەم گیان، وە من هەرگیز شایانی تۆ نەبووم. ئێستا ئەوەی دەتوانم بیکەم ئەوەیە داوای بەخشینت لێ بکەم. لەبەر ئەوە بمبەخشە، مریەم گیان. بمبەخشە. بمبەخشە. بمبەخشە.

من ئەو پیاوە ساماندارە نەماوم کە دەتناسیم. کۆمۆنیستەکان بەشێکی زۆری زەوییەکانمیان داگیر کرد، لەگەڵ هەموو دووکانەکانم. بەڵام لەلای خوا نارەزایی دەربڕین مێشک تەسکییە بۆ ئەو هۆکارانەی کە لێی تێ ناگەم. وە هێشتا خوا لەگەڵ زیاتر لە زۆربەی خەڵکدا ئاسوودەی کردووم. لەو کاتەوەی لە کابول گەڕاومەتەوە، هەوڵم داوە ئەوەی لە زەوییەکەم ماوەتەوە بیفرۆشم بەشە میراتییەکەی خۆتم بۆ خستوویتە ناو سندووقەکەوە. دەبینیت زۆر دوورە لە سوودێکی دڵخۆشکەرە، بەڵام شتێکە. هەروەها تێبینیی ئەوە دەکەیت کە فریای ئەوە کەوتم پارەکە بگۆڕمەوە بەدۆلار. وابزانم ئەوە باشترینە. خوا دەیزانێت چی بەسەر پارە گەمارۆدراوەکەی خۆماندا دێت.

هیوادارم وا بیر نەکەیتەوە من دەمەوێ بەخشینەکەت لێ بکڕم. هیوادارم جێی باوەڕپێکردنی تۆ بم بەوەی کە بزانیت بەخشینی تۆ بۆ فرۆشتن نییە. هەرگیز بۆ فرۆشتن نەبووە. من تەنیا ئەوەت دەدەمێ کە بەڕەوا هی خۆتە سەرەڕای درەنگ کەوتنی. من باوکێکی هەستکەر بەپێویستی سەرشانم نەبووم بۆ تۆ لە ژیاندا. بگرە لە مەرگدا بتوانم ببم.

ئاه، مەرگ. بەباسکردنی خەفەتت نادەمێ بەڵام ئێستا مەرگ لەناو دیدەمدایە. پزیشک دەڵێت دڵێکی بێ هێزت هەیە کە هەڵسوکەوتێکی تەواوە بۆ مردن، وابزانم،

بۆ پیاوێکی بێ هێز.

مریەم گیان،

بتوانم، ڕێگە بەخۆم بدەم هیوا بخوازم دوای ئەوەی ئەمە دەخوێنیتەوە لەگەڵم دڵنەرم بیت زیاتر لەوەی کە تا ئێستا من چۆن بووم بەرامبەرت. هیوا بخوازم ئەوە لە دڵی خۆتدا جێ بکەیتەوە بێیت و باوکت ببینیت هیوا بخوازم یەک جاری تر لە دەرگەکەم بدەیت و دەرفەتی ئەوەم بدەیتێ ئەمجارە بیکەمەوە، بەخێرهاتنت بکەم، بتخەمە ئامێزم، کچەکەم، وەک چۆن دەبوو بەدرێژاییی ئەو ساڵانەی لە باوەشم بگرتیتایە. هیوایەکی بێ هێزە بەقەد بێهێزیی دڵم. ئەمە دەزانم. بەڵام من چاوەڕوانتم. گوێ قوڵاغی لە دەرگەدانەکەت دەبم. هیواخواز دەبم.

خوا ژیانێکی دوور و درێژ و خۆشگوزەرانت پێ بدات، کچەکەم. خوا چەندان منداڵی تەندروست و جوانت پێ بدات. ئاواتەخوازم ئەو دڵخۆشی و ئاسوودەیی و پەسندییە بدۆزیتەوە کە من پێم نەدایت. لەنێو دەستە دڵسۆزەکانی خوادا بەجێت دەهێڵم.

باوکە هاوسۆزەکەت،

جەلیل

ئەو شەوە، دوای ئەوەی گەڕانەوە بۆ ئوتێلەکە، دوای ئەوەی منداڵەکان یارییان کرد و چوون بۆ ناو جێگە، لەیلا لەبارەی نامەکەوە بەتاریق دەڵێ. پارەکەی ناو توورەکە گوشەکەی پێشان دەدا. کاتێک لەیلا دەست دەکا بەگریان تاریق دەموچاوی ماچ دەکا و دەیکاتە باوەشی.

٥١

نیسانی ٢٠٠٣

وشکەساڵییەکە کۆتاییی هاتووە. بۆ دواجار ئەم زستانەی ڕابردوو ئەژنۆیەک بەفر باری، وە ئێستا بۆ چەند ڕۆژێکە باران دەبارێت. ڕووبارەکەی کابول جارێکی تر پڕ بووەوە لە ئاو. لافاوە بەهارییەکان شاری تایتانیکیان شۆردووەتەوە.

ئێستا شەقامەکان قوڕاوین، پێڵاو شڵپەیان دێت و ئۆتۆمۆبێلەکان دەچەقن. گوێدرێژەکان بەباری قورسی سێوەوە بەزەحمەت هەنگاویان بۆ دەنرێ، پیسایی بەسمەکانیانەوە پرژە دەکا لەناو چاڵاوی باراناوەکەدا. بەڵام هیچ کەس نارەزایی لەبارەی قوڕەکە دەرنابڕێ. کەس شیوەن بۆ شاری تایتانیک ناکا. خەڵک دەڵێن پێویستمان بەوەیە کابول دووبارە سەوز ببێتەوە.

دوێنێ لەیلا سەیری منداڵەکانی دەکرد کاتێک لەناو ڕەهێڵەی بارانەکەدا یارییان دەکرد لە چاڵێکەوە بۆ چاڵێکی تر لە حەوشەی دواوە لەژێر ئاسمانێکی ڕەنگ قوڕقوشمیدا. لە پەنجەرەی چێشتخانەکەی خانوویەکی بچووکی دوو ژووری نوستنیەوە سەیری دەکرد کە لە دێمەزەنگ بەکرێ گرتوویانە. درەختێکی هەنار لە حەوشەکەدایە لەگەڵ گوڵەباخێکی چڕ لەلایەکی تریەوە. تاریق جۆلانەیەک و خلیسکێنەیەکی بۆ منداڵەکان دروست کردووە لەگەڵ پەرژینێک بەدەوری جێگەی بزنە تازەکەی زالمایدا. لەیلا سەیری بارانەکەی دەکرد بەسەر سەری زالمایدا دەخلیسکا، کە داوای ئەوەی کردبوو سەری بتاشێ وەک تاریق. وە ئێستا تاریق بەرپرسیار بوو لە خوێندنی گورگانەشەوێ. بارانەکە قژە درێژەکەی ئەزیزەی تەخت کردبوو، سەرچڵەکانی بووبوون بەتەرزی خوساو و زالمایان ئاوپرژێن دەکرد کاتێک سەری ڕادەوەشاند.

زالمای نزیکەی شەش ساڵە. ئەزیزە دە ساڵە، هەفتەی ڕابردوو یادی دەیەمین ساڵی لەدایکبوونیان بۆ کردەوە، بردیان بۆ سینەما و پارک ئەو شوێنەی لە

کۆتاییدا فیلمی تایتانیک بەکراوەیی پێشکێشی خەڵکی کابول کرا.

لەیلا نانی نیوەڕۆیان بۆ دەکاتە زەرفی کاغەزەوە و بانگ دەکا وەرن منداڵان، درەنگ دەکەوین.

کات هەشتی بەیانییە. لەیلا سەعات پێنج هەستاوە. وەک هەموو کات ئەزیزە خەبەری کردبووەوە بۆ نوێژی بەیانی. نوێژەکان، لەیلا دەزانێ شێوەی دەست لێ بەرنەدانی ئەزیزە بوو لە مریەم، ڕێگەی ئەزیزە بوو بۆ پاراستنی مریەم لە نزیکەوە پێش ئەوەی کات دەرفەتی ئەوەی هەبووبێت مریەم لە باخی بیرەوەرییەکانی ڕابپسکێنێ، وەک هەڵکەندنی گیایەکی خۆڕسک لە ڕەگەوە. دوای نوێژ، لەیلا گەڕابووەوە بۆ ناو جێگە وە کاتێک تاریق ماڵەوەی بەجێ هێشت، هێشتا خەوتبوو. بەلێڵی بیریەتی ڕوومەتی ماچ کردووە. تاریق لەگەڵ ئێن. جی. ئۆیەکی فرەنساییدا کاری دۆزیبووەوە کە پێوانەی ئەو کەسانەیان دەکرد کە ئەڵغامیان پێدا تەقیوەتەوە یان پەلیان بڕدراوەتەوە بۆ دروستکردنی پەلی دەستکرد بۆیان.

زاڵمای بەدوای ئەزیزەدا ڕادەکا بۆ چێشتخانەکە" هەردووکتان دەفتەرەکانتان پێیە؟ قەڵەمەکانتان؟ کتێبەکانتان؟"

ئەزیزە جانتاکەی پشتی بەرز دەکاتەوە دەڵێ "ئەوەتا لەوێدا." لەیلا دووبارە تێبینی دەکا زمان گیرانەکەی کەمتر دەبێتەوە.

"کەواتە بابڕۆین." لەیلا دەوەستێ منداڵەکان بچنە دەرەوەی ماڵەکە، دەرگەکە قفڵ دەکا. دەچنە دەرەوە بۆ ناو سپێدە فێنکەکە. ئەمڕۆ باران نابارێ. ئاسمانەکە شینەوە لەیلا پەڵە هەور لە ئاسۆدا نابینێ. هەرسێکیان دەستیان گرتووە و دەچن بۆ وێستگەی پاسەکە. شەقامەکان سەرقاڵ بووبوون. ڕێچکەیەکی جێگیری تەکسی و لۆریی یو ئێن و پاس و جێبی " ئای. ئێس. ئەی. ئێف" جموجۆڵیان دروست کردبوو. بازرگانە چاو خەواڵووەکان دەرابەی دووکانەکانیان هەڵدەدەنەوە کە بەدرێژاییی شەو دادرابوونەوە. عارەبانەچی و دەستگێڕەکان لە پشت قەڵای پاکەتی بنێشت و جگەرەوە دانیشتوون. چەند بێوەژنێک لە سووچی شەقامێکدا جێگەی خۆیان گرتبوو داوای وردەیان لە پیادەکان دەکرد.

لەیلا بەلایەوە نامۆیە گەڕاوەتەوە بۆ کابول. شارەکە گۆڕاوە. ئێستا هەموو ڕۆژێک خەڵک دەبینێ نەمام دەچێنن، خانوو بۆیە دەکەن، خشت هەڵدەگرن بۆ

دروسـتکردنـی مـاڵـی نوێ. بیـر و زێراب هـەڵدەکـەنن. لەیلا دەبینـێ لەسـەر لێـواری پەنجـەرەکـان لەناو قـەباغی مـووشـەکی مـوجاهـیدەکـاندا گـوڵیـان ڕواندووە کـە کابولییەکان پێیان دەڵێن گوڵی مووشەک. لەم نزیکانەدا تاریق لەیلا و منداڵەکانی برد بۆ باخی بابوور کە بۆ یەکەم جار لە چەند ساڵدا نوێ کرابووەوە. لەیلا گوێی لە مۆسیقا دەبێت لەسەر سووچی شەقامەکانی کابول ڕەبباب و تەپڵ و داتور و دەهۆڵ، گۆرانییە کۆنەکانی ئەحمەد زاهیر.

لەیلا خـۆزگە دەخوازێ دایە و بابە لە ژیاندا بوونایە ئەم گۆڕانانەیان ببینیـایە بەڵام، وەک نامەکەی جەلیل پەشیمانبوونەوەکانی کابول زۆر درەنگ گەیشتن.

لەیلا و منداڵەکان نزیکن لە شەقامەکە بپەڕنەوە بۆ وێستگەی پاسەکە، کاتێک لە پڕ لاندکـرۆزەرێکی ڕەش بـەلایاندا گـیـڤـە دەکـا بە پەلە بۆ لایەک لار دەبێـتـەوە بەدووریی درێژیی قۆڵێک لە لەیلا دوور. ئاوێکی ڕەنگ چایی بەکراسی منداڵەکاندا دەپرژێنێ.

لەیلا لە پڕ منداڵەکانی ڕادەکێشێتەوە بۆ سەر شۆستەکە دڵی لەناو قورگیدا کوتەکوت دەکا. لاندکرۆزەرەکە خێراییەکەی هێواش دەکاتەوە، دووجار هۆڕین لێ دەدات و پێچێکی تیژ دەکاتەوە. لەیلا لەوێ ڕادەوەستێ هەوڵ دەدات هەناسەیەک وەربگرێ، پەنجەکانی بەتوندی لە مەچەکی منداڵەکانییەوە پێچراون.

لەیلا پەست و تووڕە دەکـا. پەست و تووڕەی دەکـا کـاتێک دەزانێت سـەرلەشکرەکان دەگەڕێنەوە بۆ کابول. کە دەزانێت بکوژانی دایک و باوکی لەناو مـاڵی نایاب و باخی گـەورەدا گـوزەران دەکـەن، بوون بەوەزیری کـاتی و جـێگری وەزیر. بەسەربەستی لەناو جێبی بریقەدار و گوللەبەندا بەناو ئەو شەقامانەدا کە خۆیان وێرانیان کردووە هاتوچۆ دەکەن. پەست و تووڕەی دەکا.

بەڵام لەیلا بڕیاری ئەوەی داوە کەفتەکار نەبێت بەهۆی ڕق و کینەوە، مریەم بەو شێوەیە نەیدەویست. مانای چییە؟ دەیوت بەزەردەخەنەیەکی هەردوو بێ تاوان و زیرەکانەوە. چ باشییەکی تێدایە لەیلا گیان؟ لەبەر ئەوە لەیلا ملی کەچ کردووە بۆ بەردەوامبوون. لەبەر خاتری خۆی و تاریق و منداڵەکان وە هەروەها بۆ مریەم، کە هەتا ئێستا سەردانی لەیلا دەکا لە خەونەکانیدا، کە هەرگیز لە هەناسەیەک یان دووان یان سیان زیاتر نییە، لەژێر بەئاگایی و هۆشدارییەکانییەوە. لەیلا بەردەوام

بووبوو. لەبەرئەوەی لە کۆتاییدا دەزانێ تەنیا دەتوانێ ئەوە بکا، ئەوە لەگەڵ هیواخواستن.

زەمەن لەسەر هێڵی لێدانی ڕاستەوخۆ وەستاوە ئەژنۆکانی نوشتاندووەتەوە و تەپتەپە بەتۆپەکە دەکا. ئامۆژگاریی کۆمەڵێک کوڕ دەکا کە هەمان جلیان لەبەردایە و لە شێوەی نیوە بازنەیەکدا وەستاون. زەمەن لەیلا دەبینێ تۆپەکە دەخاتە ژێر باڵییەوە و سڵاو دەکا، شتێک بەکوڕەکان دەڵێ ئەوانیش دەست بەرز دەکەنەوە و هاوار دەکەن "سڵاو مامۆستا!"

لەیلا سڵاو دەداتەوە.

گۆڕەپانی هەتیوخانەکە ئێستا ڕیزێک نەمامی سەوزی تێدایە لەلای دیوارەکەی ڕۆهەڵاتییەوە. لەیلا پلانی داناوە ڕیزێکی تریش لەلای دیواری باشوور بڕوێنێ هەر کاتێک دیوارەکە دروست کرایەوە. ئێستا جۆلانەیەکی تازەی لێیە لەگەڵ بەشێکی تر بۆ جومناستیک تەرخان کراوە. لەیلا بەناو دەرگە سەبەتەکەدا دەچێتە ژوورەوە.

دەرگەی چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەی هەتیوخانەکەیان بۆیاخ کردووەتەوە. تاریق و زەمەن هەموو دڵۆپەی سەقفەکانیان چاک کردووەتەوە، دیوارەکانیان پینە کردووەتەوە و پەنجەرەکانیان گۆڕیوە، ڕاخەریان بۆ ئەو ژوورانە کڕیوە کە منداڵەکان تێیدا دەخەوتن و یارییان تێدا دەکرد. ئەم زستانەی ڕابردوو، لەیلا یەکدوو چەرپای بۆ ژووری خەوتنی منداڵەکان کڕی لەگەڵ سەرین و بەتانیی خوریی ڕێکوپێک. بۆ زستان زۆپای ئاسنی بۆ ڕاکێشابوون.

ئەنیس، یەکێک لە ڕۆژنامەکانی کابول، مانگێک پێش ئەوەی هەتیوخانەکە بکرێتەوە چیرۆکێکی تێدا بووبوو لەگەڵ وێنەیەکی زەمەن و تاریق و لەیلا و یەکێک لە کارمەندەکان بە ڕیزێک لە دوای منداڵەکانەوە وەستابوون. کاتێک لەیلا نووسراوەکەی بینی، بیری لە هاوڕێکانی منداڵیی خۆی کردەوە گیتی و حەزینا، دەیانوت ئەو کاتەی ئێمە دەبێ بەبیست ساڵ چوار یان پێنج منداڵمان بووە، بەڵام تۆ، لەیلا، زۆر سەربەرزمان دەکەیت دەبیت بەکەسێک. دەزانم ڕۆژێک ڕۆژنامەیەک هەڵدەگرم و وێنەکەت لەسەر پەڕەی پێشەوە دەبینمەوە. وێنەکە نەچووبووە لاپەڕەی پێشەوە وەک حەزینا پێشبینیی کردبوو بەڵام لە یەکێک لە پەڕەکاندا بوو.

لەیلا پێچێک دەکاتەوە و دەچێتە خوارەوە بەهەمان داڵاندا، کە لەوێدا دوو ساڵ

پێشتر، ئەو و مریەم ئەزیزەیان هێنابوو بۆ زەمەن. لەیلا هێشتا بیریەتی چۆن دەبوو پەنجەکانی ئەزیزە لە مەچەکی لەیلا بکرێنەوە، بیریەتی لەو دالآندا ڕای کردبوو بۆ خوارەوە هاواری کردبوو مریەم بانگی کردبوو ئەزیزە بەبێ ورەییەوە قیژاندبووی. ئێستا دیواری دالآنەکە بەوێنەی داینەسۆر و کارتۆن و بووداکانی بامیان وە لەگەڵ وێنەی کێشراو بەدەستی هەتیوەکان داپۆشرابوون. زۆر لە وێنەکان دەببابە بەسەر ئاگردا دەڕۆن پیاوان میلی چەک دەهێننەوە، خێمەی ئۆردووگا، دیمەنی جیهاد.

لەیلا لە سووچەکە پێچ دەکاتەوە و منداڵەکە دابنێت لە دەرەوەی پۆلەکە چاوەڕێ دەکەن، لەلایەن لەچکە و سەری تاشراو و کڵاوی تەسک و دەموچاوی و ڕەنگ بۆر و دێزیانەوە پێشوازیی لێ کرا.

کاتێک منداڵەکان لەیلایان بینی دەستیان کرد بەڕاکردن. چواردەوری لەیلایان گرت جۆش و خرۆشی بەخێرهاتنێکی دەنگ بەرز لە ناویاندا دروست بووبوو لە دەنگی تیژ، لە پێداکێشان بەئەسپایی، ڕاکێشان، پەلکوتان، پاڵنانیان بەیەکەوە بۆ خۆهەڵواسین بەقۆڵی لەیلادا. هەندێک دەستی بچووکی ڕاکێشراو هەن دەپاڕێنەوە بۆ تێبینیکردنیان، هەندێکیان بەلەیلا دەڵێن دایە، لەیلا بۆیان ڕاست ناکاتەوە.

هەندێک کاتی دەوێت ئەم بەیانییە بۆ ئەوەی منداڵەکان هێمن بکاتەوە، بۆ ئەوەی ریزێک کوڕی ڕێکوپێکیان لێ پێک بهێنێ و ڕێگەنیشاندەریان بێت کە بێن بەپۆلێک.

تاریق و زەمەن بوون پۆلەکەیان دروست کرد بەڕووخاندنی دیواری نێوان دوو ژووری لە تەنیشت یەکەوە. زەوییەکە هێشتا درزی تێدایە و هەندێک ڕیزی کاشی تەواو نەکراون. لەو ماوەیەدا بەموشەمما داپۆشراوە بەڵام تاریق بەڵێنی داوە هەندێک کاشیی نوێی لێ دابنێ و ڕاخەری بۆ بهێنێ.

لەلای دەرگەی پۆلەکەوە تەختەیەکی لاکێشەی لێیە کە زەمەن سمارتەی کردبوو بەڕەنگێکی سپیی بریقەدار بۆیەی کردبوو. لەسەری بەفڵچەیەک سێ دێرە شیعری نووسیبوو و وەڵامی ئەو بوو، لەیلا دەزانێ، بۆ ئەو کەسانەی کە گلەییی ئەوە دەکەن پارە بەڵێن دراوەکە بەئەفغانستان نادرێ، کە دروستکردنەوەکە زۆر بەهێواشی دەڕوا، کە بەرتیلخواردن هەیە، کە تالیبان جارێکی تر یەک دەگرنەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە، کە جیهان جارێکی تر ئەفغانستانی بیر دەچێتەوە. دێرەکان لە

شیعرەکانی غەزەلەوە بوون:

یوسف دەگەڕێتەوە بۆ کەنعان، خەمت نەبێت

کوختە چۆڵ و وێرانەکان پڕ دەبنەوە لە گوڵەباخ، خەمت نەبێت

ئەگەر چاوەڕوانی لافاوێکی بەهێزیت، بۆ نغرۆبوونەوەی ژیان

نوح پێشرەوە و سنگی لەبەر هەر زریانێکدا قەڵغانە

لەیلا بەژێر نیشانەکەدا دەڕوا و دەچێتە پۆلەکەوە. منداڵەکان لەسەر کورسییەکانیان دەفتەرەکانیان دەکەنەوە و قسە دەکەن، ئەزیزە قسە لەگەڵ کچێک دەکا لە ڕیزەکەی ئەولاتر. فڕۆکەیەکی کاغەز لە کەوانەیەکی بەرزدا بەناو ژوورەکەدا دەفڕێ، کەسێک هەڵی دەداتەوە.

لەیلا کتێبەکانی خۆی لەسەر مێزەکەی دانا و دەڵێ "کتێبە فارسییەکانتان بکەنەوە منداڵان"

بۆ دەرفەتی هەڵدانەوەی کۆمەڵێک لاپەڕە لەیلا دەچێت بەرەو پەنجەرە بێ پەردەکە. لە شووشەکەوە، کوڕەکان دەبینێ لە گۆڕەپانەکەوە ڕیزیان گرتووە بۆ ئەوەی لێدانە ڕاستەوخۆکانیان تاقی بکەنەوە. لە سەرووییانەوە لەسەر چیاکان خۆرەکەی بەیانی هەڵدێت. تیشکەکەی دەیدا لە لێوارە کانزاکەی ئەڵقەی گۆڵەکە و ئەو زنجیرەی بەستراوە بەتایەی جۆلانەکەوە و فیکەکەی بەملی زەمەنەوە هەڵواسراوە، لەگەڵ چاویلکە تازە بەکارنەهاتووەکەیدا. لەیلا لەپی دەستی دەنێت بەشووشە گەرمەکەوە، چاوەکانی دادەخات. دەوەستێ تیشکی خۆرەکە بیدات لە ڕوومەتەکانی و پێڵووی چاوی لەگەڵ برۆی.

کاتێک یەکەم جار گەڕانەوە بۆ کابول، لەیلا خەمۆک و بێ تاقەتی ئەوە بوو نەیدەزانی تاڵیبان لە کوێ مریەمیان ناشتووە. خۆزگەی دەخواست بتوانێ سەردانی گۆڕەکەی مریەم بکا بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەک لەگەڵی دابنیشێ و گوڵێک یان دووانی بۆ جێ بهێڵێ. بەڵام ئێستا لەیلا دەبینێ ئەوە چیی تر گرینگ نییە. مریەم هەرگیز دوور نییە. ئەو لێرەیە لەناو ئەو دیوارانەی بۆیەیان کردوونەتەوە، لەناو ئەو درەختانەی ڕواندوویانە، لەناو ئەو بەتانییانەی منداڵەکان گەرم دەکاتەوە، لەناو ئەو سەرین و کتێب و قەڵەمانەی ئێستا هی منداڵەکانە. ئەو لەناو پێکەنینی منداڵەکاندایە، ئەو لەناو ئەو دەقانەدایە کە ئەزیزە دەیڵێتەوە، لەگەڵ ئەو نوێژ و

دوعـایانەی لـەبەر خـۆیـەوە دەیانکا. کـاتێک سـوجـدە دەبات ڕووەو ڕۆئـاوا. بەڵام، بەزۆری، مــریەم لـەناو دڵی لەیـلا خــۆیـدایە، لـەوێدا شــەوق دەداتەوە بەشـــەوق و ڕووناکیی یەک هەزار خۆر.

لەیلا بۆی دەردەکەوێ، کەسێک بانگی کردووە، ئاوڕ دەداتەوە، لە خۆیەوە سەری لار دەکاتەوە گوێ ساغەکەی بەرز دەکاتەوە، ئەزیزەیە.

"دایە؟ تۆ باشیت؟"

ژوورەکە بێدەنگ بووبوو، منداڵەکان تەماشایان دەکەن.

لەیلا لـەوەدابوو وەڵام بداتەوە، کـاتێک هەناسـەی لە پڕ دەگـیرێ. دەسـتـەکـانی دەکەونە خوارەوە بەر ئەو جێگەیە دەکەون کە سـاتێک کەمـتر هەستی بەشـەپۆلێک کرد بەهەناویدا تێ پەڕی. چاوەڕێ دەکا، بەڵام هیچ جووڵەیەکی تر نییە.

"دایە؟ "

لەیلا زەردەخەنە دەکا "بەڵێ، خۆشەویستم من باشم، زۆر باشم"

کاتێک دەڕوا بۆ مێزەکەی پێشەوەی پۆلەکە، لەیلا بیر لەو گەمەی ناو دۆزینەوەیە دەکاتەوە کە لە نانی ئێوارەدا شەوی پێشتر کردبوویان و بووە بەنەریتێکی شەوانە لەوەتەی لەیلا هەواڵەکەی داوە بەتاریق و منداڵەکان. دێن و دەچن کەیسێک بۆ ئەو ناوە دروست دەکەن کە هەڵیان بژاردووە. تاریق حەزی لە محەمەدە. زالمای کە لەم نزیکانەدا سەیری فیلمی سوپەرمانی کردبوو، سەری لێ شێوا بوو بۆچی کوڕێکی ئەفغانی ناتوانێ ناوی کلارک بێت. ئەزیزە بە هێزەوە هێرش دەبا بۆ هەڵبژاردنی ئاممان. لەیلاش حەزی لە عومەرە.

بەڵام یارییـەکـە تەنیـا ناوی نێـر دەگـرێتـەوە. لەبەرئـەوەی ئەگـەر کچ بێت لەیلا دەمێکە ناوی ناوە.

کۆتایی

## وتەیەک لەبارەی ئەم کتێبەوە

وەرگێـڕانی ڕۆمـانی (هـەزار خـۆری پرشنگدار) دەگـەڕێتـەوە بۆ ناوەڕۆکـە دژوار و تراجیدیا ئامێزەکەی ئەم کتێبە و ئەو نزیکییەی هـەیەتی لەگەڵ ڕابردوو و ئێستای کولتوور و نەریتە بۆمـاوەکانی گەلی کورددا. لەناو ئێمەدا لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، بەداخـەوە، ئافرەت هـەمـوو کـات قوربانیی ئەو کردارانە بوون کـە بەچەوت لە قـەڵەم دەدرێن، نـاوبەناو لـەلایەن خـۆیان و پیـاوەکـانی ژیانیـانەوە هـەمـوو جـۆرێک لە جۆرەکانی کوشـتنیان تێپەڕاندووە. هـەزار خۆری پرشنگدار بەوپەڕی توندگیرییەوە کـۆشـش دەکـات پێـشـانی خـوێنەری بدات ئافـرەت لە کـۆمـەڵگەیـەکی وەک وڵاتی ئەفغـانسـتـاندا پێویسـتییەکی گەورەی بەهاتنە دەرەوەیە لەو ژیانە پڕ لە کـارەساتە، لە ڕاسـتیدا شـایانی ئەو کـەشە نییـە کـە ئەم ژینگـەیە و پیاوەکان بۆیان دەسـتـەبەر کـردووە، وێنەی ئەوە دەکـێـشـێت ڕێگـەچارەی بەرفـراوان هـەن بـۆ دروسـتکردنی ژیانێکی باشـتر، وە ئەوە دەخـاتە پێش چاوی خـوێنەر کۆمەڵگەیەک هەوارێکی مـات و خـامـۆشـە ئەگـەر ئافـرەتەکانی دڵتـەنگ بن و مـافـەکـانیـان لێ زەوت بـکرێت. ئەم ڕۆمـانە خوێنەر هـان دەدات بـۆ ڕوانین لە داهاتوویەکی گەش و کردنی ئەو کـارانەی کـە ئەنجـام نەدراون لەو جـێگـەیانـەی کە دەبوو ئەنجـام بدرانایە و ئـەو ڕێزە بدرێت بەئافرەت کە دەبووایە و دەبێت پێی بدرێت.

من، وەک وەرگێـڕی ئەم کـتێبـە، لاپـەڕەکـانی سـەرەتای هـەزار خـۆری پرشنگدار هێند بۆن و سـروشـتـی ژیانی مـێـینەی وڵاتەکـەمـیـان بۆ هێنامـە سـەر مـێـزی خـوێندنەوەکـەم و ئەوەندە ئەو ڕەنگی جـوگرافـیـایەیان بۆ وێنە کـردم کە ئافـرەتی وڵاتەکەمی تێدا دەژی، پاشـان لە پەڕەکانی دواتردا هێندە بەکەسـێتی و ڕەفتـاری پیـــاوانی وڵاتـەکـــەم زرمـــەیان لە هەست و خـــەیاڵەکـــانم هـەســـتــانـد و هـێند بەکردارەکانیان مانای بە ئافرەتبوونیان بریندار کرد، لـە کاتێکدا لە لاپەڕەکانی تردا بەجـۆرێک دێرەکان مـانای ئافرەتبـوون و مـافـی ڕەوای ئافـرەتی بۆ هەڵڕشـتم، بڕیار بدەم بەوەرگێڕانی ئەم کتێبە بەشێک بم لەو هـاوار و پاڕانەوانەی دەکرێت بۆ

دابینکردنی ژیانێکی جوان و پڕ خۆشەویستی بۆ ئەو کەسە مەزنەی بەبێ ئەو هیچ کام لە چین و توێژەکانی ژیان دروست نابێت و بەبێ ئەو ژیان بەردەوامیی نابێت، ئەو کەسەش ئافرەتە. پاشان لە نزیکی کۆتاییدا بۆم دەرکەوت و زانیم ئێرە کۆتاییە و دەبێت ماڵئاوایی لە کاراکتەرەکانی نێو ئەم چیرۆکە بکەم، بەڵام ئەوان ئەوەندە لەمێژ بوو ڕەشماڵیان لە دەروونمدا هەڵدابوو نەمتوانی بۆ ساتێکیش دەستبەرداریان بم. کاریگەرییەکانی ئەم ڕۆمانە لەسەر دڵ و دەروونم لە وێستگەیەکدا بەئاگایان هێنامەوە هەموو ڕێگەکانی دەیانبردمەوە بۆ جێبەجێکردنی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە بۆ ئەو کەسانەی کە دەکرێت ڕۆژێک بێت و بڵێن ئافرەت مافی هەبوونی هەموو نرخ و مافێکی مرۆڤانە و پیرۆزی هەیە. هەستم بە گرانیی ئەم کارە کرد، دڵنیا بووم دەبێت وزە و کاتەکانی خۆمی پێ بدەم و دەست لەو ڕووەی ژیان هەڵبگرم کە پشووی تێدا دەدەم بۆ ئەو تێڕامان و توندگیرییەی کتێبێکی لەم جۆرە پێویستیەتی بەدیار وشە و ڕستەکانیەوە، لە تەک دابینکردنی دڵسۆزی بۆ چنینی وشە بە وشەی، بەڵام ئاسوودە بووم بەوەی جارێکی تر لەگەڵ ئەم هاوڕێ خەیاڵیانەمدا بەهەورازێکی سەختدا ڕێگەیەک دەبڕین، بەئومێدی ئەوەی ئەمجارە بتوانم خۆم دەستکاریی مانای چیرۆکەکە بکەم و لێرەوە بتوانم ژیانی ئافرەت بەو جۆرە لێ بکەم دڵی مریەم دەیخوازێت، یاخۆ نانا بۆ ساتێکیش بێت خۆشبەخت بکەم، بەڵام نە نووسەران ڕێگەی ئەوە دەدەن نە ژیانی مرۆڤەکان بەم ڕێگە ئاسانە بەرەو ئاراستەیەکی تر دەبرێت.

دەموچاوی ژنێک کاروباری پیاوەکەیەتی. ئەم ڕستەیە بۆچوونی پیاوێکی کامڵی ئەفغانییە لە کاتێکدا لە سەرەتای هاوسەرکاریدا بورقەیەک بە دیاری بۆ ژنە بەتەمەن منداڵەکەی دەهێنێتەوە و فەرمان دەدات بیپۆشێت بۆ هەموو کات. مریەم ئەو کچەی بە زۆڵی لەدایک دەبێت و دوورەپەرێز لە هەموو منداڵەکانی تری دنیا لە کوخێکدا لە چۆڵەوانییەکی نزیک شاری" هەرهت" لەگەڵ نانای دایکیدا ژیان بەسەردەبات و گەورە دەبێت. دەبێتە ئەو ژنەی کە مەینەتی و تاسەی زۆربەی ژنانی ئەفغانستان لە هەگبەکەیدایە لەم چیرۆکەدا. تراجیدیاکانی ئەم چیرۆکە پێشانمان دەدەن کولتووری کۆنەکان و باڵادەستیی ئاین چ کاریگەرییەکیان لەسەر هەموو ئەو ناسۆرانە هەیە کە ئافرەتان وەک قوربانییەکی هەمیشەیی بەدەستییەوە گیرۆدە بوون. پێمان دەڵێت پیاوان، چۆن تواناکانی خۆیان بەکار دەهێنن لە چەوساندنەوە

و پێشێلکردنی هەموو ئەو مافانەی کە ژنێک وەک مرۆڤ پێویستە هەیبێت لە ژیاندا.

زیاتر لەبارەی ئەم ڕۆمانەوە لە خوێندنەوەیدا دەبینن.

بەپێویستی دەزانم سوپاسی تایبەتی هاوسەری ئازیزم (هێمن ڕەئووف) بکەم چونکە لە داڕشتنی دەقە ئەدەبی و فیکرییەکاندا یارمەتیی دام.

پاشان ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی نووسەر و گرینگییە تایبەتییەکەی ئەم کتێبەم بۆ خوێنەرانی ئازیز ئامادە کردووە:

نووسەری ئەم کتێبە" خالید حوسێنی" خەڵکی وڵاتی ئەفغانستانە، ساڵانێکە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ژیان بەسەردەبات، لە ساڵی ١٩٩٣دا لە زانکۆی کالیفۆرنیا، ساندیاگۆ، بڕوانامەی پزیشکیی بەدەست هێناوە. کتێبی هەزار خۆری پرشنگدار لە ٢٢، مایسی، ٢٠٠٧دا دەرچووە و لە ساڵی ٢٠٠٨دا پرفرۆشترین کتێبی وڵاتی بەریتانیا بوو. ئەو توانی بەم زمانە سادە و ئاسانە ئەم هەموو ئازارە بگێڕێتەوە و زۆربەی ئەو ڕووە نادیارانەی ژیانی ژنانی وڵاتەکەی خۆی بە جیهان بناسێنێت.

سادەیی و وردبینیی نووسەر ئەوەندە بەرجەستەیە، خوێنەران لەگەڵ چەشتنی ئەو هەموو تاڵییەی لەم کتێبەدا هەیە چێژێکی زۆر لە تەکنیک و هۆنینەوەکانی دەبینن. هەست دەکرێت بەو ماندووبوون و پێکەوەژیانەی نووسەر لەگەڵ مەینەتییەکانی مێینەکانی وڵاتەکەیدا، تێی پەڕاندووە لەگەڵ ئەو ستایلە تایبەتەی نووسەر بەکاری هێناوە لە نووسینەوەی کتێبەکەدا.

جێگەی گرینگیدان و دڵخۆشییە کە ئەمڕۆ زمانی کوردی لە ئاستێکی چالاکدایە و ڕۆژ بەڕۆژ خوێنەری کوردی ئاشنا دەکات بە بەرهەمی ناوەخۆیی و جیهانی. ئەم ڕۆمانە لەسەر ئاستی جیهان سەروەرییەکی بێ وێنەی بۆ خاوەنەکەی بەدەست هێنا و ئێستا خوێنەری کوردی پێی ئاشنا دەبێت، لە دوای بڵاوبوونەوەی بوو بەسەرباسی زۆربەی کۆوار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەمەریکا و جیهان. بەشێک لە میدیا بەناوبانگەکانی جیهان بەم شێوەیە باسی لێوە دەکەن.

هەزار خۆری پرشنگدار کاریگەری گەورەی دەردەکەوێت لەسەر ڕۆژنامەی "گاردیان"ی بەریتانیایی، ڕۆژنامەکە لە دێڕێکدا بەنرخیی ناوەڕۆکی کتێبەکە بەم

جۆره وەسف دەکات:

"خالید حوسێنی بە ڕۆشنی ژیانی ژنان دەهێنێتە پێش چاو. ئەفغانییەکان دەگێڕێتەوە بۆ تاکی خۆشەویست و هەستپێکراو."

ڕۆژنامەی (میترۆ)ی کەنەدی بەرزیی ئاستی نووسین و شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەردەبڕێت بە یەک دێر:

"چیرۆکێکە لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ڕات دەپەڕێنێت، ڕۆیشتن بۆ لاپەڕەی داهاتوو ترست لێ دەنیشێنێت."

(دەیلی تەلەگراف)، ڕۆژنامەیەکی بەریتانیاییە، ئەو دڵدارییەی خالید حوسێنی بەشێکی گرینگی چیرۆکەکەی لێ پێک دێنێت، بەم جۆره هەڵدەسەنگێنێت:

"دڵدارییەکی مێژووی، کە تێیدا سەرنجدان لە ژنان بە ناسکی دەمێنێتەوە. بەئەوپەڕی وردبینییەوە نووسراوەتەوە."

ڕۆژنامەی (مەیڵ ئۆن سەندەی) زۆر لە لایەنە بەهێزەکانی ئەم کتێبە بە گرینگ هەڵدەسەنگێنێت:

"هەزار خۆری پرشنگدار هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانێکی سەرکەوتووی تێدایە، لەگەڵ هەموو هێزی چیرۆکێکی پڕ مانا. بەزۆر شێواز و ڕێگە دەخوێنرێتەوە وەک دڵدارییەکی سەرەڕۆ."

گۆواری بەناوبانگی کەنەدی (ئینتەرتەینمێنت وویکلی)، بەجۆرێک کتێبەکە هەڵدەسەنگێنێت، چاوەڕێی ئەوە ناکات ئەو کتێبە بە نەرێ باس بکرێت:

"بەرهەڵستیکردنی، ڕێتێنەچووە."

گۆواری زۆر بەناوبانگی ئەمەریکایی، (پیوپڵ) مانا فەلسەفی و بەتینی چیرۆکەکە وەسف دەکات:

"پێوەندیی تێکەڵکردنی دوو ڕۆحە لە نێوان دوو ژنی بەقوربانیکراودا، کە دڵێکی شکاو دەدات بەم ڕۆمانە."

(ئیمیج) کۆوارێکی ئەمەریکاییی ئەدەبییە، باسی هۆشیاریی نووسەر دەکات لە نووسینەوەدا و مافدان بە کاراکتەرەکان:

"کاریگەر و ڕاستەقینە، ناموسشکێنی و شەڕ دەگێڕێتەوە، بەبێ ڕێگەدان

بەونکردنی کەسێتی و ئابڕووی کاراکتەرەکان."

(نیـویۆرک دەیلی نیـوز) ڕۆژنامـەیەکی بەهـێـزە ئەمـەریکاییـیـە باس لـە ئەرکی کاراکتەرەکان و گرینگییان دەکات:

"چیـرۆکی قـوربانییـەکانە کە پێویسـتـە بۆ ڕاگرتـنی هیـوا و خـۆشی و هێـزی خۆشەویستی بۆ زاڵبوون بەسەر ترسدا. بەڕاستی پرشنگدارە."

(وەن ئاند هۆم)، لقی سـەرەکیی کۆمـەڵێک کۆواری ناوداری ئەمەریکاییە، وەک ئافرەتێک ئەم کتێبەی هەڵسەنگاند.

"چیـرۆکی پەسـتـکردن، بەڵام لە کـۆتاییـدا ورەبـەرزکـردنەوەی بەرگـەگـرتن و خۆشەویستی."

تێبینی:

ئەم بۆچوونانـە لەسـەر بەرگی کتـێبـەکە نووسـراون لەگەڵ یەکـەم بڵاوکردنەوەیدا. ئەو بۆچوون و هەڵسەنگاندنانەی تا ئێستا هەن وە ژمارەیان زیاترن.

وەرگێڕ: چرا نەوزاد